


فەریدە کوهی کەمالی

# ناسیونالیزمی شوانکارەیی

وەرگێڕانی

د. یاسین سەردەشتی

# ناسیونالیزمی شوانکارەیی

## کۆڵینەوەیەکی راڤەکاریی ئابووریی کۆمەڵایەتییانە سەبارەت بە پەرەسەندنی سیاسیی کوردان لەئێران

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:

پرۆفیسۆر.ی. دکتۆر یاسین سەردەشتیی

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە :

- سۆزان هاوسەری ئازیزو خۆشەویستم

- هەردوو کچی خۆشەویستم "ئارین و نارین"

## نێوەرۆك


| | |
|---|---|
| **تێبینی وەرگێڕ** | |
| **پێشەكیی** | |
| ***بەشی یەكەم: كوردو كوردستان*** | |
| **دەروازە** | |
| **كورتە پێشینەیەكی مێژووی نەتەوەیی كورد** | |
| **كوردان لە ئێران** | |
| ***بەشی دووەم: ئابووریی سیاسیی خێڵگەرایی كوردیی*** | |
| **دەروازە** | |
| **خێڵە كوردییەكان لە دەیە بەراییەكانی سەدەی بیستەمدا** | |
| **خێڵەكان بۆ نیشتەجێدەبن؟** | |
| **نیشتەجێبوون** | |
| **كاریگەرییە ئابوورییەكان** | |
| **نیشتەجێبوون لە كوردستانی ئێران** | |
| **گۆڕان** | |
| **جیاوازییەكان و گروپگەلی نوێ** | |
| **بەردەوامیی** | |
| **ئەنجامگیریی** | |
| ***بەشی سێیەم: نەتەوایەتیی یان خێڵگەرایی، راپەڕینەكەی سمكۆ*** | |
| **دەروازە** | |
| **خێڵەكان و دەوڵەت لە ئێراندا** | |
| **پەرەسەندنە خێڵەكییە كوردییەكان تاكو سەدەی بیستەم** | |
| **خێڵەكان و دانیشتووانی ناخێڵەكیی** | |
| **پشكوتنی پان-ئیسلامیزم و نەتەوایەتیی لە هەرێمەكەدا** | |
| **شۆڕشەكەی سمكۆ** | |
| **هاندەرو ئامانجەكانی سمكۆ چیبوون؟** | |
| **كەموكورتیی سمكۆ وەك سەركردەیەكی نەتەوەیی** | |
| **ئەنجامگیریی** | |
| ***بەشی چوارەم: كۆمارە كوردییەكە لە مەهاباد*** | |
| **دەروازە** | |

| | |
|---|---|
| ڕەوشەکەی کوردستانی ئێران لە سەرەتاکانی ١٩٤٠کاندا | |
| پرسی کوردو زلهێزەکان | |
| کۆمارە کوردییەکە : ئەو هۆکارانەی وایانکرد ببێتە جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی | |
| ئامادەکاریی سیاسیی | |
| دەستکەوتەکانی کۆمارەکە | |
| رووخانی کۆمارەکە | |
| چیرۆکی بارزانییەکان | |
| ئە نجامگیریی | |
| ***بەشی پێنجەم: ئابووریی سیاسیی نەتەوایەتیی کوردیی*** | |
| دەروازە | |
| گواستنەوە بۆ کۆمەڵگەی نەتەوایەتیی | |
| نایەکسانیی لەنێو کوردستاندا | |
| نایەکسانیی لەنێوان کوردستان و ئێران | |
| ئە نجامگیریی | |
| ***بەشی شەشەم: کوردستان لەکۆمارەکەی ١٩٤٦وە بۆ شۆڕشەکەی ١٩٧٩ و کۆماری ئیسلامیی ڕەوشی کوردستانی ئێران لەنێوان ١٩٤٦و ١٩٧٩*** | |
| دەروازە | |
| ڕەوشی کوردستانی ئێران لەنێوان ١٩٤٦و ١٩٧٩ | |
| نەتەوایەتیی کوردیی لەسەروبەندی شۆڕشی ١٩٧٩دا | |
| نەتەوایەتیی شوانکارەیی لەئاست کۆمۆنیزمی کوردیی یان حدکا و کۆمەڵە | |
| داواکاریی خودموختاری کوردیی و کۆماری ئیسلامی لەئێران | |
| جەنگی ئێران-عێراق | |
| ڕەوشی حدکا لەکاتی جەنگی ئێران-عێراق دا | |
| ئە نجامگیریی | |
| ئە نجامگیریی گشتیی | |
| پاشەکیی: ڕەوشی کوردان لەئێران و وڵاتانی هاوسێیدا، ٢٠٠٢ | |
| Bibliography | |

| | |
|---|---|
| **پاشکۆی ژمارە( ١ ): سیاسەتی زلهێزەکان لەهەمبەر کۆماری میللیی کوردستان** | |
| **پاشکۆی ژمارە ( ٢ ): بەدواداچوونێکی مێژووی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران** | |
| **پاشکۆی ژمارە ( ٣ ): بیبلیۆگرافیایەك سەبارەت بە هۆشیاربوونەوەی سیاسیی و کەلتووریی و چەکداریی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی لەئێران** | |

## تێبینی وەرگێڕ

خوێنەری ئازیز، ئەم کتێبە کە کۆڵینەوەیەکی بەنرخی کۆمەڵناسیی سیاسییە سەبارەت بە پەرەسەندنی جووڵانەوەی سیاسیی کورد لەئێران لەلایەن خانمە کۆڵەری ئەکادیمیستو پسپۆڕ "فەریدە کوهی کەمالی"وە لەبەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی نیو سکوڵ لەنیۆرك، ئامادەکراوەو لەلایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەکادیمی جیهانیی ئەمەریکیی" Palgrave macmillam " لەساڵی ٢٠٠٣دا بەزمانی ئینگلیزیی و لەژێر ناونیشانی" The Political Development of the Kurds in Iran. Pastoral Nationalism" " بڵاوکراوەتەوە. ڕۆحی ئەم کتێبە بریتیە لە نامەی دکتۆراکەی ئەم خانمە کە لەبنەڕەتدا سەبارەت بە"بنەما ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەئێران"ە.

خوێنەری بەڕێز، ئێمە ئەم کتێبە بەکارێکی ئەکادیمیی و بابەتیی سەرکەوتوو دەزانین، بەتایبەتی قسەکردنی لەتیۆری نوێو خوێندنەوەی کۆمەڵناسیی سیاسییانە بۆ جووڵانەوەی نەتەوەییمان، هەروەها وەرگێڕانیشی بەکارێکی پێویستو گرنگ بۆ دەوڵەمەندنی کردنی کتێبخانەی کوردیی دادەنێین، هەربۆیە ئەم ئەم ئەرکەمان گرتە ئەستۆ کە لەراستیدا کارێکی ئاسان نەبوو. شایەنی باسە لەکاتی وەرگێڕانەکەدا لەهەرکوێ پێویستی بە ڕوونکردنەوە کردبێت، بەجیا لەپەراوێزەکانی نووسەر کە بەژمارەن، ڕوونکردنەمان داوە. هەروەها بۆ بەرچاوڕوونیی و دیدێکی گشتگیرتر، سێ پاشکۆمان بۆ ئەم کارە زێدە کردووە، یەکەمیان دواباسی بەشی حەوتەمە لە دکتۆرا نامەکەی بەڕێز د.بورهان یاسین کە لەزانکۆی "Lund" بەزمانی ئینگلیزیی لەسوید بەناونیشانی" Vision or areality. The Kurds in the Policy of the Great Power 1941-1947 " بڵاوکراوەتەوەو ڕووی نێودەوڵەتیی جووڵانەوەکە پێشاندەدات. پاشکۆی دووەمیش، دیدارێکە بەزمانی فارسیی بەناونیشانی "بررسی تاریخ حزب دموکرات کردستان ایران" کە گۆڤاری "رۆژەڤ" ی خوێندکارانی زانکۆی تاران لەگەڵ نووسەری ئەم دێڕانە سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێو حیزبی دیموکرات ئەنجامیداوە. سێیەم پاشکۆش، بیبلیۆگرافیایەکی مێژووی سیاسیی و کەلتووریی و چەکدارییە سەبارەت بە جووڵانەوەی کورد لەئێرانو بەزمانی ئینگلیزیی لەژێرناونیشانی " Bibliography for: "Political, Cultural, and Military Re-Awakening of the Kurdish Nationalist Movement in Iran" لەلایەن خانمە پرۆفیسۆر گاریت ستانسفیلدەو هاشمی ئەحمەد زادەوە لە زستانی ساڵی ٢٠١٠دا لە گۆڤاری "Middle East Journal," بڵاوکراوەتەوە. دواجار هیوادارم خوێنەرانی کورد سوود لەم بەرهەمە ببینن و ئاسۆی بیرکردنەوەو تێڕوانینەکانیانی پێ فراوان بکەن. لەگەڵ ڕێزدا.


د.یاسین سەردەشتیی

زانکۆی سلێمانی/بەشی مێژوو/

٣١ ژوئیەی ٢٠١٢

## دەروازە

ئەم کتێبە لە پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕانکارییە ستراکتۆرییەکان لە ئابووریی کوردیی و داواکارییە سیاسییەکانی دەکۆڵێتەوە، بەواتای نەتەوایەتیی کوردیی لە ئێران. من مشتومڕم سەبارەت بەوە کردووە کە گواستنەوەی کۆمەڵی خێڵەکیی-کۆچەریی کوردستان بۆ کۆمەڵێکی لادێنشینی کشتوکاڵیی سەرەتای پرۆسەیەکە کە تێیدا کوردان خۆیان وەك کۆمەڵگایەکی خاوەن شوناسی ئیتنیی هەماهەنگ بینیوەتەوە. من گفتوگۆم لەبارەی جووڵانەوەی سیاسیی کوردان لە ئێراندا کردووە بۆ ئەوەی مشتومڕ سەبارەت بەوە بکەم کە قۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندنە ئابوورییەکانی کۆمەڵی کوردیی رۆڵێکی مەزنی لە دیارییکردنی ئەو رێگەیەدا بینیوە کە کوردان بەهۆیەوە داواکارییە سیاسییەکانی خۆیان بۆ سەربەخۆیی دەربڕیوە.

من مێژووی سیاسیی کوردستانم لە ئێران، هەروەها پەرەسەندنە ئابوورییەکەشی، هەر لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاکو ئێستا، بۆ سێ قۆناغ دابەشکردووە. یەکەمیان بەرجەستەی هۆشی خێڵەکیی دەکات کە تێیدا چالاکیی ئابووریی نموونەیی بریتیبێت لە ئاژەڵداریی، پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕ بریتیبوو لە گۆڕینەوە، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانیش لەسەر بنەمای باڵادەستی پەیوەندگیریی رووبەڕووی خێڵەکیی بووە لەنێو کۆمەڵدا. راپەڕینی سمکۆ وەك نموونەیەکی ئەم قۆناغە مشتومڕی لەبارەوەکراوە. قۆناغی دووەم هاوجووتە لەگەڵ ماوەی فەرمانڕەوایەتیی رەزاشاو سیاسەتەکانی لەمەڕ خێڵەکان. ئەمە بریتیە لە ماوەی هۆشی نەتەوەیی لەنێوان رێبەرە کوردییەکان لە ئێراندا، کە لە دامەزراندنی کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد لەساڵی ١٩٤٦دا، خۆی وێنادەکات. قۆناغی سێیەم بە بەرنامەی ریفۆرمە زەویەکەی شا دەستپێدەکات. من بەشداریکردنی کوردان لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران شرۆڤە دەکەم بۆئەوەی پەرەسەندنی زێدەتری جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەدوای رووخانی کۆمارەکە لەساڵی ١٩٤٧دا، روونبکەمەوە، هەروەها من جیاوازیی و لێکچووەنەکانی هەردوو رێکخراوە کوردییە سەرەکییەکەم لەسەروبەندی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩و قۆناغی دواتردا شرۆڤەکردووە.

لە بەشە ئابوورییەکاندا، لەسەر ژمارەیەك لەو فاکتەرە ئابووریی و دیمۆگرافییانە راوەستاوم کە بەشدارییان لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵی خێڵەکیی-کۆچەریی کوردستان کردووە(گۆڕان)، ئەوانەی کە لە هاوبەستەگیی و پەیوەستەگیی نێو کوردستاندا بەشداربوون(بەردەوامیی)، هەروەها ئەو بەڵگانەی نایەکسانیی نێوان کوردستان و ئێران وەك دوا پێشمەرجی پەرەسەندنی هۆشێکی نەتەوەیی یەکگرتوو/شوناسێك لەنێو کورداندا.

خوازیارم سوپاسی ئای بی تۆریس و دێڤید ماکدۆواڵ بکەم کە مۆڵەتیاندام نەخشەکانی کوردستان رەنێو بێنمەوە، ئەوەی کە پێشتر لە "مێژووی هاوچەرخی کوردستان (١٩٩٦)"دا هاتووە.

## پێشەکیی

لە قۆناغی هاوچەرخدا، دەتوانرێت نەتەوایەتیی وەك دیاردەیەكی جیهانیی ببینرێت، پارچەیەكە لە پەرەسەندنی مێژووی نوێمان، بەشێکە لە پرۆسەیەك کە لە ئەوروپای رۆژئاواو ئەمریکادا پشکوت، پرۆسەیەك کە پاشتر لەقۆناغەکانی دواترەوە لەلایەن گروپەکانی دیکەوە کۆپی کراوە. کاتێك مۆدێلەکانی نەتەوایەتیی بۆ کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان گواسترایەوە، فۆرمی جیاوازی نەتەوایەتیی لێ پەیدابوو. لەوانەیە گرنگترین درککردن بۆ ئەو کۆمەڵانەی بەدوای نەتەوایەتیی کەوتن ئەوەبێت کە هاوشێوەی رۆژئاوا بەدوای بیرۆکەی نەتەوە-دەوڵەت کەوتن. مێژووی مرۆڤایەتیی بە قۆناغێکدا دەگوزەرا کە تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەوەبوو کە تاکەکان هەستیان بە پێویستیی ئەوەدەکرد سەر بە نەتەوە-دەوڵەتێك بن بۆئەوەی هەست بە ئارامیی و ئاسایش بکەن و هەروەها لەوە دڵنیابن کە کۆمەڵەکەشیان ئارامیی و رەوایەتیی و رێزو دانپێدانانی بەدەستهێناوە. ئەوانەی هەستیان بە پێویستیی ئەو دانپێدانە دەکرد نموونەگەلێکیان لەوانە لەبەردەم بوو کە ئەو دانپێدانەیان بەدیهێنابوو. ئەو کۆمەڵانەی ئەمێستا دژی دەوڵەتانی وەخت باوەشیان بە نەتەوایەتییدا کردبوو هەستیان بەوەدەکرد کە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە لەژێر هەڕەشەدان، بەوەش داوای دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان دەکرد، نەك تەنیا لەبەرئەوەی گەشەکردن بەدەستبێنن، بەڵکو بۆئەوەش کە لەسەر بنەمایەکی یەکسانیتر مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت.

نزیکەی بەدڵنیاییەوە، نەتەوایەتیی بریتییە لە خۆڕاگرترین و بەهێزترین دیاردەی سیاسیی چاخەکەمان. ئەوەی جەماوەر لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوەو توانایەکی زۆری هاندان و وروژان و جۆشدانی هەست و سۆزی هەیە، هەروەها دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئاکاری ئەوپەڕی خۆنەویستیی و دڵسۆزیی و گیانفیدایی و هاوکات تەنانەت ئەوپەڕی دڕندایەتیی و نامرۆڤانەش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا. هەموو ئەوانەی کاریگەریی نەتەوایەتییان بەسەرەوە بووە زۆرباشی لێتێدەگەن، بەڵام ئەوانەی هەوڵدەدەن لێیتێبگەن بەزەحمەت توانیویانە پێناسەیەکی بابەتییانەی نەتەوایەتیی بکەن. گرانیی لە پێناسەکردنی نەتەوایەتییدا کەمتر بۆ گرفتەکانی دیاریکردنی هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە تاکو ئەوەی پەیوەندیی بە ناساندنی تایبەتمەندییە جیاکەرەوە دیارییکراوەکانی ئەو کۆمەڵانەوە هەیە کە خولیای نەتەوایەتیی لە کەللەیان دەدات. باشترین رێچکە بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە ئەوەیە کە تەماشای هەر یەك لە کەیسەکان بەتەنیا بکرێت. هەرچەندە ئەم رێچکەیە نابێتەهۆی تێگەیشتنێکی گشتیی سەبارەت بە نەتەوایەتیی، لەبەرئەوەی چەندین کەیسی جیاوازو نائاساییمان هەیە. نزیکەی تێکڕای ئەمانە وایکردووە کۆڵەرانی نەتەوایەتیی درك بە گرفتەکانی پێناسەکردن و شرۆڤەکردنی نەتەوە، نەتەوایەتیی، ئینتیمای نەتەوە-نیشتیمانیی بکەن، سیتۆن واستۆن، وێڕای بەهێزیی ئاشکرای ئەم دیاردانە، دەڵێت کە:

بەوەش من گەیشتوومەتە ئەو دەرئەنجامەی کە ناتوانرێت "پێناسەیەکی زانستیی" بۆ نەتەوە دابهێنرێت، بەڵام دیاردەکە هەیەو هەر هەیە. هەموو ئەوەی ئەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە نەتەوە وەختێك دەبێت کاتێك ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵك لە کۆمەڵێکدا واپێشاندەن کە خوازیاری پێکهێنانی نەتەوەیەکن، یان وا هەڵسورێن وەك ئەوەی دانەیەکیان پێکهێنابێت.[1]

وێڕای ئەم جۆرە دەربڕینانەش، هێشتا هەوڵەکان سەبارەت بە بەچەمککردنی نەتەوایەتیی بەردەوامبوون، بۆئەوەی فۆرمەڵەی ڕێسایەك بکەن کە لەگەڵ هەموو شێوازەکانی نەتەوایەتییدا بێتەوە. هەر خودی سیتۆن واستۆن، هەوڵیداوە کە نەتەوایەتییە جۆراوجۆرەکان، بەگوێرەی دوا ئامانجگەلێك کە لەلایەن ئەم نەتەوایەتییانەوە هەڵپەی بۆدەکرێت، لە دوو پلەبەندیی سەرەکییدا کۆبکاتەوە:

دوو لە هەرە ئامانجە بنەڕەتییەکان کە ئەو جۆرە جووڵانەوانە کاری بۆدەکەن بریتیە لە سەربەخۆیی ( دامەزراندنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی کە تێیدا نەتەوە باڵادەست بێت)، لەگەڵ یەکێتی نەتەوەیی ( هەموو ئەو دەستەو گروپانەی کە وادادەنرێن کە سەر بەو نەتەوەیە بن، جا چ خۆیان بیڵێن یان لەلایەن ئەوانەوە بێت کە ئیدیعای قسەکردن بەناوی ئەوانەوە دەکەن، لەچوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتەدا کۆبکرێنەوەو لەقاڵبدرێن).[2]

لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، نەتەوایەتیی بەهۆی تایبەتمەندیی دیاریکراوی ئابووریی جیهانییەوە دیارییدەکرێت. لەحاڵەتی هۆشیارییە هەرە گشتییەکەیدا، تایبەتمەندییگەلێکی دیارییکراوی ئابووریی سیاسیی جیهان شێوەی بنەڕەتیی نەتەوایەتیی وێنادەکات. ئەم گشتگیرییە بۆ قۆناغگەلێکی دیارییکراوی مێژوویی دروستە، بەتایبەت ماوەی نێوان شۆڕشی فەرەنسیی و شۆڕشی پیشەسازیی و قۆناغی ئێستا.

بڵاوبوونەوەی نەتەوایەتیی هێزی دژبەری ورووژاند. ئەو ئامانجی خستنەسەرپێ و لەخۆگرتنی جیهانێکی یەکپارچەو پەیوەندگیر بوو کە لەڕێگەی هێزەکانی بازاڕەوە ڕێکخرابێت. لەمیانەی هەوڵی پەرەپێدانی ئەم جیهانەدا، دابەشبوونی لە سامان و هێزودەسەڵاتدا هێنایەئارا، هەروەها هەرێمەکانی دەوروبەری ناوەندە سەرمایەدارییەکانی خولقاند. ئەم ناڕێکییە زۆرە هانی ئەو دەوروبەرانەی دا کە تەنانەت خولیای پەرەسەندن زێدەتر بکەن. بەڵام ئەمە بۆ هەرێمەکانی دەوروبەر ئەرکێکی زۆر ئاسان نەبوو، چونکە درکیان بەوەکردبوو کە ئامانجەکانیان دەکەوێتە پشت ئەو سەرچاوە ماددییانەی کە هەبوون. ئەم درککردنە بوو کە تایبەتمەندیی گۆشەگیرو نێوخۆیی بۆ نەتەوایەتیی هێناوەتەبوون: ئەو هەوڵانەی بۆ بەکارهێنانی یاخود داهێنانی ئامرازگەلێکن کە ریشەکانی وەك نامۆ و بێگانە نابینرێت. تایبەتمەندییەکی بەو چەشنە گۆشەگیرو نێوخۆییانەیە، وێڕای ئەو بنەما گشتییەی کە لە کۆمەڵگا فرە پەرەسەندووە سەرمایەدارەکان قەرزکراوە. بۆئەوەی تایبەتمەندییە دیارییکراوەکەی خۆی پەرەپێبدات،

---

[1] Hugh Seton-Watson, Nations and States (London, 1982), 5.
[2] Ibid., 3.

هەر نەتەوایەتییەك پێویستی بە ژیانەوەو هێنانەکایەی هۆکارگەلێك لەنێوخۆدا هەیە، دوایش ئەو هۆکارگەلە بە ژینگەکەی دەوروبەری دەبەستێتەوە، هۆکارگەلی وەك تایبەتمەندیی مێژوویی یان زمان یاخود کەلتوورێکی دیارییکراوە، یان تایبەتمەندییەکی ئابووریی دیارییکراو.

هەرچەندە نەتەوایەتیی لەهەر کۆمەڵگایەکی دیارییکراودا شێوەیەکی دیارییکراوی لەخۆی پێشاندا، بەڵام تێکڕای ئەوانەی بەدوی خولیای نەتەوایەتییدا کەوتن لەمێژووی خۆیاندا خاوەنی ڕەگەزی هاوبەشی پەرەسەندنی ئابووریی، سیاسیی، و کۆمەڵایەتیی ناچونیەك بوون.

بەشێوەیەکی زۆر نموونەیی لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا سەرهەڵدەدات کە ململانێ لەگەڵ کێشەی دژواری پەرەسەندێکی ناچونیەکدا دەکات- دواکەوتوویی یان بەکۆلۆنیکردن- کاتێك بژاردەی چینی ناوەنجیی هۆشیار کار بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك دەکات بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگییەکە.[3]

گرنگە درك بەو ڕاستییە بکرێت کە نەتەوایەتیی زیاتر زادەی هۆکارە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگایەکە تاکو هۆکارە دەرەکییەکانی. نەتەوایەتیی بەشێوەیەکی ڕەمەکیی لەمێژووی گەلاندا سەرهەڵنادات، بەڵام لەوکاتەدا کە کۆمەڵگا بەهۆی ناچونیەکیی لە پەرەسەندندا هەست بە بێبەشییەکی نادادپەروەرانە دەکات. لەبەرئەوە کاتی پەرەسەندنی سەرمایەداریی بۆ پەرەسەندنی نەتەوایەتیی فرە بایەخدارەو گرنگە.

هێندەی ئەوەی کە نەتەوایەتیی وەك دیاردەیەکی فرە سۆزەکیی و ڕۆمانتیکی وێنادەکرێت، زیاتر لەوەش تەنانەت ڕاستییەکی ئابووریی قۆناغی هاوچەرخە. زۆربەی نەتەوایەتییەکانی دەورانی ئێستامان پەیوەستن بە پەرەسەندنێکی ناچونیەکی شێوەیەك یان یەکێکی دیکەو ریشەی لە نایەکسانییدایە. کۆمەڵگا فرە پێشکەوتووەکان بەوەش هۆشیاریی گەلانی دیکەیان بە جیاوازیی و هەڵاواردنەکان زێدەترکردو مۆدێلێکیان بۆ هێنانە ئارا تاکو دوایکەون.

کۆڵینەوە سەبارەت بە تیۆرە هاوچەرخەکانی نەتەوایەتیی بەهۆی کاری بێندیکت ئەندەرسۆنەوە چووەپێش، ئەو سەرنجی بۆ ریشەی نەتەوایەتیی و هەندێك لە هۆیەکانی بەئاگاهاتنەوە لەنێو ئەو کۆمەڵە خەڵکانەدا راکێشا کە ئەندامەکانی یەکجار زۆرەو پەرتەوازەن، ئەوەی کە وادەکات فرە ئەستەم بێت تێکڕایان لە یەك کات و یەك شوێندا پێکەوە کۆبکرێنەوە. ئەو کۆمەڵانەی کە ئەندامەکانیان هەرگیز یەکتری نابینن و ناناسن، بەڵام بڕوایەکی پتەویان بە بوونی یەکتر هەیەو بە پەیوەستی هاوبەستەگیی و برایەتیی پێکەوە گرێدراون، لەلایەن ئەندەرسۆنەوە ناوی " imagined communities/ کۆمەڵە وێناکراوەکان"ی لێنراوە. ئەندەرسۆن تیۆرێکی تۆکمەمان لەبارەی نەتەوایەتییەوە پێشکەش ناکات، زیاتر لەوەی سەرنجمان سەبارەت بەو گۆڕان و ئاڵوگۆڕانە چڕدەکاتەوە کە وادەکات بیرکردنەوەی سەبارەت بە نەتەوایەتیی و نەتەوە، گونجاوبێت. هەرچەندە ئەو پێناسەیەکمان سەبارەت بە نەتەوایەتیی بۆ فراهەمدەکات: بەوەی کۆمەڵێکی وێناکراوی سیاسییە- هەروەها خاوەن ڕەسەنایەتییەکی چەسپاو و

[3] Tom Nairn, The Break-up of Britain (London, 1977), 41–2.

سەرروەرییە.[4] چەمکی "imagined/ وێناکراو یان خەیاڵکراو"[*] ئاماژە بە کۆمەڵگایەك دەکات کە تێیدا نەتەوە–دەوڵەت جۆرە نموونەیەکی سەرەکییە، جۆرە نموونەکەی دیکە ئەو کۆمەڵگایانەن کە بڕوایەکی ئاینیی هاوبەشیان هەیە. ئەندەرسۆن لەهەوڵەکەیدا بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی پشکوتنی نەتەوایەتیی، گرنگیی و بایەخێکی مەزن بۆ دەستپێکی "print capitalism/ چاپەمەنیی سەرمایەدارییانە" لە ئەوروپا و رۆڵی"bilingual intellectuals/ رووناکبیرانی جووتزمانزان" لە خولقاندنی هۆشی نەتەوەییدا دادەنێت. ئەو باس لەوەدەکات کە چۆن هەندێك گروپ لە کۆمەلانی خەڵك بەهۆی خوێندنەوەی هاوبەشەوە وابیر لەخۆیان دەکەنەوە کە کۆمەڵگەیەك بن، هەروەها چۆن رووناکبیرانی جووتزمانزان لایەنگیریی لە هەستی هاوبەش و هاوبەستەگیی لەنێو کۆمەڵگەکەدا دەکەن.هەروەها ئەو ئاماژە بە هەندێك پەرەسەندنی مێژوویی دیکە دەدات کە پێدەچێت بۆ شێوەکانی دیکەی هۆشی نەتەوەیی بگەڕێتەوە کە وەك دەردەکەوێت زادەی ئیمپراتۆرییەکان، بەناوەندییکردن و هەروەها ناناوەندییکردنەوە بێت. لەم چەند لاپەڕەیەی دادێت، هەوڵدەدەم بەکورتیی چاوێك بە ئەنجامگیرییەکانی ئەندەرسۆندا بخشێنمەوە و ئەوەش بخەمە بەرچاو کە تاچەند پەیوەندیی بە کۆڵێنەوەکەی ئێمەوە سەبارەت بە نەتەوایەتیی کوردییەوە هەیە.

بنەماکانی نەتەوایەتیی هاوچەرخ بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەیەم دەگەڕێتەوە کاتێك هۆکارگەلێکی بایەخداری مێژوویی یەکیانگرت تاکو پێشینەی پشکوتن و پەرەسەندنی نەتەوایەتیی فەراهەمبکەن. ئەوەی ئەگەری بوونی نەتەوایەتیی لەبارکرد،وەك ئەندەرسۆن ئاماژەی پێدەدات، بریتیە لە بوونی دوو سیستمی کەلتووریی بایەخدار، کە "religious community / کۆمەڵگای ئاینیی" و " dynastic realm

---

[4]Benedict Anderson, Imagined Communities: Reflection on the Origin and Spread of Nationalism (London, 1983), 15.

ئەم کتێبە فرە بایەخدارەی ئەندەرسۆن لەلایەن دەزگای "هینرخ بل" ئۆفیسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لەساڵی ٢٠٠٩ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیی و لە لوبنان لە ٢٦٩ لاپەڕەی قەبارە بچووکدا بڵاکراوەتەوە. شایەنی باسە، د.عەزمی بشارە کێبەکەی بەعەرەبیی پێشکەشکردووە. رێبازی نووسینی ئەم کتێبە کە بۆزیاتر ٣٠ زمانی جیهانیی وەرگێڕاوە، لەوە لیبراڵیترە کە مارکسیی بێت و لەوەش مارکسییترە کە لیبراڵی بێت. نێوەرۆکەکەی بۆشاییەکی گەورەی لە تیۆریزەکردنی نەتەوایەییدا پڕکردۆتەوە، نەتەوایەتیی لای ئەندەرسۆن نە ئیتنۆگەراییەکی نوێبووەوەیە وەك ئەنتۆنی سمس دەڵێت، نە ئایدیۆلۆجییەکی بۆرجوازییە وە مارکسییەکان دەڵێن، نە زادەی کۆمەڵگایەکی پیشەسازیشە وەك ئارنست گێڵنەر دەڵێت، نە ئەو قەیدو بەندە ئاسنینەشی پێشمەرجە کە ستالین بەسەر هەموو نەتەوایەتییەکاندا سەپاندوویەتیی، وەنە داهێنانێکی تێپەڕیشە وەك هۆبسباوم دەڵێت. بەڵکو گروپێکی سیاسیی وێناکراوی خاوەن سنوور(سیاسیی، جیۆگرافیی، زمانیی، کارگێڕیی)و ویستی سیاسییە، جگە لەوەی زادەی هەست و سۆزو خوشەویستیشە، بەشێوەیە زیاتر لە دیاردەکانی خێزان و ئاینەوە نزیکە وەك لەوەی ئایدۆلۆجییەکی سیاسیی یان چینایەتیی بێت. دەگونجێت مرۆڤ نەتوانێت موسوڵمانێکی کۆمۆنیست، یان کۆمۆنیستێکی لیبراڵ، یا لیبراڵێکی کۆمۆنیست بێت، بەڵام دەتوانێت: موسوڵمانێکی نەتەوەیی، کۆمۆنیستێکی نەتەوەیی، یان لیبراڵێکی نەتەوەیی بێت. ئەندەرسۆنیش وەك مارکس جیاوازییەکی گەورە لەنێوان نەتەوایەتیی نەتەوەی سەردەست و نەتەوایەتیی ئیتنۆ بندەستەکان دادنێت.

[*] ویناکیراو خەیاڵکراو نەك خەیاڵیی، چونکە خەیاڵکراو ریشەکەی لەواقیعدا هەیەو تەنیا دەهێنرێتە بەرچاوو لە زەیندا وێنادەکرێت نەك وەك خەیاڵیی کە چ ریشەیەکی واقیعی نەبێت.

/ مەملەکەتە بنەماڵەییەکانە"[5]. ئەم دوو سیستمەی کە بووە ئەگەری هێنانەبەرچاو و پێشینەیەك بۆ ئەوەی کەسێك وابیربکاتەوەو ئەوە لەزەینیدا وێنابکات کە بەشێکە لە کۆمەڵگایەکی گەورەتر. "کۆمەڵگای ئاینیی" لەرێگەی زمانە پیرۆزەکانو دەستنووسەکانەوە وێناکرانو هەروەها " مەملەکەتە بنەماڵەییەکان"یش تەنیا سیستمی سیاسیی بوون کە خەڵك وابیریان دەکردەوە کە بەشێکن لێی.[6]

لەرووی مێژووییەوە، ئەگەری ئەوەی کۆمەڵگەکان وا بیر لەخۆیان بکەنەوە کە نەتەوەیەکن تەنیا وەختێك روودەدات کاتێك سێ تێگەیشتنی کەلتووریی بنەڕەتیی کە برایەتیی، دەسەڵاتو کاتە بگۆڕێن. وەرچەرخانی چەمکە کۆنەکانی ئەم سێ دەستەواژەیە بەهۆی گۆڕانە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانو داهێنانە زانستییەکانو هەروەها فراوانبوونی کۆمیونیکاسیۆنەوە روودەدات، سەرەتا لە ئەوروپای رۆژئاواو دواتریش لە هەر شوێنێکی دیکە، ئەوەی چوارچێوەی تێڕوانینێکی نوێ بۆ مێژوو لێکدانەوەی دێنێتەئارا. دەرکەوتنی تەکنەلۆجیای چاپەمەنیی و سەرمایەداریی پێکەوە، ئەوەی ئەندەرسۆن بە "چاپەمەنیی سەرمایەداریی" ناوی دەبات، کاریگەرترین ئامرازگەلی بۆ کۆمەڵگاکان فەراهەمکرد تاکو خۆیان بەشێوەیەکی جیاواز ببینن‌و جیاوازییەکانی غەیری خۆشیان بزانن.• مەبەستی ئەندەرسۆن لە چاپەمەنی سەرمایەداریی ئەوەیە کە مادده چاپکراوەکان یەکەمین کاڵای بەرهەمهێنراوی گشتییە بۆ قازانجکردن، ئەوەی پێشبینی ئەو وەرچەرخانە دەکات کە دەشێت شۆڕشی پیشەسازیی لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت. چاپەمەنی سەرمایەداریی ماددەیەکی خوێندنەوەی هەرزانو میللیی بۆ جەماوەرێکی بەرفراوان فەراهەمدەکات. ئەوەی ئەو دەرفەتە بۆ گروپگەلێکی کۆمەڵانی خەڵك دەگونجێنێت کە لەرێگەی زمانێکی هاوبەشی چاپکراوەوە وابیر لەخۆیان بکەنەوە کە کۆمەڵگەیەکن. هەروەها وادەکات خەڵك لە سنوورەکانی نێوان خۆیانو خەڵکانی دیکە بەئاگابن. ئەم گۆڕانە کاتێك روودەدات کە سێ هۆکار پێکەوە دەربکەون: دەرکەوتنی زمانە لۆکاڵییە خۆماڵییەکان لەپاڵ زمانی لاتینییدا، گەشەکردنی سەرمایەداریی، هەروەها پەرەسەندنی تەکنەلۆجیای پەیوەندییکردن( وەك چاپەمەنیی). ئەوەی پەیوەندیی بە پەرەسەندنی زمانی نەتەوەیی و نەتەوایەتییەوە هەیە بریتییە لە گەشەکردنی رووناکبیرە خۆماڵییە جووتزمانزانەکان.

---

[5]Ibid., 20.
[6] Ibid.,

• لەپاش یەکەمین جەنگی جیهانیی، ئەوکاتەی لەسلێمانی باس لەهاتنی ماشێنێکی نوێی چاپ دەکرا، ئەو بابەتە بۆتە قسەوباسی رۆژنامەو خوێندەوراەکانو بایەخی چاپەمەنییان زۆر بەجوانی روونکردۆتەوە. لەژمارەی ٨ی رۆژنامەی رۆژی کوردستان ای کانونی دووەمی ١٩٢٣دا لەژێر ناونیشانی "ماکینەی چاپ" هاتووە:" ئیزادەی عەرزو بەیانە میلەتێ مەتبوعاتی نەبێ کە ببێ بە وایستەی ئیسبات زبانو مەوجودیەت میلی ئەو میلەتە لەناو میلەلو ئەقوامی سائیرە بۆئەوە ناشێ پێی بڵێی میلەت. ئەو میلەتە ئەگەر موتەعەدید ماکینەی چاپی هەبوو ئەتوانی لە هەموو نەوعە عیلمو فەنێ تەئلیفاتو یا تەرجەمە بکاتو چاپ بکرێو لائەقەل لەهەفتەیەکدا ٣ دەفعە غەزەتەی پێ دەربکات." هەروەها زێوەری شاعیریش لە ژمارە ١٢ ی هەمان رۆژنامەو لەژێر هەمان ناونیشان، "ماکینەی چاپ" دەڵێت:" ئەم فیکرە تازەیە حەیاتی تازە بە وجودی مەملەکەت دەبەخشێت چونکە رۆحی میلەت مەعاریفەو مەعاریفیش بەواسیتەی مەتبوعاتەوەیە."

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، کۆنترۆڵکردنی کۆلۆنییە بەرفراوانەکان کە لەڕووی جیۆگرافیاوە پەرتەوازەبوون، بۆ ئیمپراتۆرییەکان کارێکی سەخت بوو. کۆلۆنیالیزمی سەرمایەداریی دەستیکرد بە فێرکردنی خەڵکە خۆماڵییەکە لەنێوەندی کۆلۆنییەکان و بەوەش ئینتێلیجێنسیایەکی جووتزمانزانیان لە کۆلۆنییەکاندا هێنایەئارا، ئەوانەی بۆ گاڵتەجاڕی چارەنووس، بوونە قسەکەری نەتەوەییە جیاخوازەکان. ئەم ئینتێلیجێنسیایە لە ناوەندی وڵاتە کۆلۆنیالییەکانەوە (مێترۆپۆڵ) فێری مانای نەتەوە–دەوڵەت بوون و تێگەیشتنی ئایدیۆلۆجیای خۆیان سەبارەت بە نەتەوە–دەوڵەت لە ئەزموونی مێژوویی رۆژئاواوە هەڵهێنجا. ئەوانە زمانی چاپکراویان پێشکەش بە گروپگەلە خۆماڵییەکان کردو هزرو ئایدیاکانیان خستەبەردەم جەماوەری کۆمەڵگە تایبەتەکەی خۆیان. هەرچەندە، بۆ ئەم بژاردە رووناکبیرە تەمومژو ئاڵۆزیی سەبارەت بە بوونە نموونەیەکی شوێنکەوتووی رۆژئاوا لەگۆڕێدابوو. ریشەی ئەم تەمومژە زیاتر لە پەرەسەندنی ناچوونیەك و ئاڵۆزی ئابووریی ئەو کۆمەڵگایانەوە سەرچاوەی گرتبوو کە وابەستەی دەوڵەتە کۆلۆنیاڵەکان بوون. ئامانجی ئەم بژاردە رووناکبیرانە ئەوەبوو کە بگەنە ئاستی ئەو پەرەسەندنە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەو ببنە خاوەنی تێکڕای ئامرازەکانی ئەو پێشکەوتن و مۆدێرنبوونەی کە لە مێترۆپۆڵدا هەبوو. واپێویست بوو لەپێناو کاریگەریی و بایەخی زیاتردا کە ئەو رووناکبیرانە پشت بە هەلومەرجەکانی تایبەتی کۆمەڵگەگانی خۆیان ببەستن و متمانەی پێبکەن و تەنیا سیماگەلێکی تایبەت بە وڵاتانی پەرەسەندوو کۆپیبکەن. هەربۆیە، نەتەوایەتیی دەستیکرد بەوەی بەدوای ئەو سیماو تایبەتمەندییانەدا بگەڕێت کە بتوانێت بەهۆیەوە جەماوەر تەیاربکات و کۆیانبکاتەوە. ئالەم کۆکردنەوەیەدایە کە نەتەوایەتیی بێهاوتایی پێشاندەدات یاخود تەنانەت داشیدەهێنێت. نەتەوایەتیی جەخت لە لێکچوونەکان لەنێو گروپگەلێکی دیارییکراو دەکاتەوە، مەیلی ئەوەدەکات بانگەشە سۆزەکییەکانی پەرەپێبدات. ئەمە سیمایەکی تەمومژاوی نەتەوایەتییە: ئەو لەکاتێکدا پەنا دەباتە بەر بنەما بەڵگەیی و ئارگومێنتیە لۆجیکییەکان و ئامانجی پێشکەوتن و مۆدێرنبوونە، بەڵام کاتێك سۆزەکییتر بێت هێندەش بەهێزتر دەبێت.

من گفتوگۆی خۆم سەبارەت بە پەرەسەندنی قۆناغەکانی جووڵانەوە نەتەوەییەکان بە ئارگومێنتەکەی میرۆسلاڤ هۆرچەوە دەبەستمەوە.[7] ئارگومێنتەکەی هۆرچ جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەگشتیی بۆئەوەی هۆشی نەتەوەیی کۆمەڵگەیەك خۆی لە فۆرمی نەتەوە–دەوڵەتدا بەرجەستەبکات دەبێت بە سێ قۆناغی بونیادیدا تێپەڕێت: (أ) هەوڵە بەراییەکان لەلایەن تاقمێك رووناکبیری وروژێنەر کە هزرو ئایدیا سەبارەت بە زمان، کەلتوور، هەروەها پەیوەندیی مێژووی هاوبەشی ئەو کۆمەڵە پێشکەشبکەن، ئەوەی کە لە گروپگەلە باڵادەستەکان یان نابالادەستەکانی دەوروبەریان جیادەکاتەوە. (ب) سەرهەڵدانی رێبەرایەتییەکی نوێ کە چالاکانە لایەنگریی لە مافە نەتەوەییەکانی ئەو گروپە دەکات و چەندەی

[7] Miroslav Hroch, ‘From National Movement to the Fully Formed Nation,’ New Left Review 198 (March/April 1993), 3–20.

بتوانێت ژمارەیەکی زۆر ئەندام بۆ جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی کۆدەکاتەوە. (ج) ماوەی خەملێنی تەواوی جووڵانەوە نەتەوەییەکە، کاتێك تەنیا بەشدارییەکی بەکۆمەڵ لە جووڵانەوەکەدا نابێت، بەڵکو هەروەها جووڵانەوەکە هێندە پێشدەکەوێت کە دەستەگەل و توێژگەلی جۆراوجۆر بە بەرنامەی جۆراوجۆرەوە لەنێوخودی جووڵانەوەکەدا دەبێت.[8] ئەو، زیاتر جەختیکردەوە کە نموونەی جووڵانەوە نەتەوەییەکان بەڵگەن بۆ بایەخی سیما و تایبەتمەندییە دیارییکراوەکانی جووڵانەوە نەتەوەییەکە. بە چاوپۆشین و لەبەرچاونەگرتنی تێکڕای یان هێندێك لەو تایبەتمەندییانەی وەك: بایەخی رابوونی مێژوویی، رۆڵی زمان وەك پێودانگێکی شوناس، شوێنی شانۆ و مۆزیك و فۆلكلۆر لە جووڵانەوە نەتەوەییەکەدا، رۆڵی پەروەردە و فێرکردن و سیستمی خوێندنگا، بەشداریی و رۆڵی ژن لە جووڵانەوە نەتەوەییەکە، بەشداریی دامەزراوە ئاینییەکان، گرنگیی داواکارییەکان سەبارەت بە مافە مەدەنییەکان، ئەوا تەواوکاریی جووڵانەوەکە نایەتەدی.[9]

هەرچەندە، لەڕووی مێژووییەوە، رابوونی هۆشی نەتەوەیی کە بەدوای رابوونی پەرەسەندنی چاپەمەنیی زمانی نەتەوەییدا هات، کاردانەوەی حکومەتە ئیمپریالیستەکانی وروژاند. هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، مەسەلەی "national print languages/ زمانگەلە نەتەوەییە چاپکراوەکان"،" vernacularization / بەخۆماڵییکردنی زمان " رۆڵێکی سەرەکیی لە پێکهێنانی چاخی نەتەوایەتییدا لە ئەوروپا گێڕاوە. بەخۆماڵییکردنی زمان مانای ئەوەیە کە بڕوا وایە زمانگەلێکی دیارییکراو بۆ کۆمەڵگەگەلێکی دیارییکراو دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەش شایەنی ئەوەن خودموختارییان پێ ببڕێت. کاردانەوەی ئەم نەتەوایەتییە زمانییە میللییە بریتیبوو لە جۆرە نەتەوایەتییەکی تایبەت، کە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا، لەلایەن دەسەڵاتە بنەماڵەییە فەرمانڕەوا ئەوروپییەکانەوە پێشکەشکرا( ئەوانەی هەستیان بە مەترسیی لەسەرخۆیان دەکرد). ئەوەی سیتۆن–واستۆن بە "نەتەوایەتیی فەرمیی" ناوی دەبات.[10] هەروەها ئەندەرسۆن ئاماژە بەهەمان دیاردە دەدات و دەنووسێت:

" نەتەوایەتیی فەرمیی، لە پێکەوەبەستنی بنەماگەلی نەتەوەییە نوێیەکەو ئەوەکەی دەسەڵاتە فەرمانڕەواییە بنەماڵەییە کۆنەکە دێتەئارا، ئەوەی دەتوانرێت لە کۆلۆنییەکانی دەرەوەی ئەوروپا بە "Russification /بەڕوسییکردن" ناوببرێت...ئەم هێزانە سیستمگەلی "بەرووسییکردن"یان هێنایەبەر بەشێکی بۆئەوەی کادری وابەستەی پێویست بۆ دەوڵەت و بیرۆکراتی بەرهەمبێنن...بۆنموونە فراوانبوونی دەوڵەتی کۆلۆنیالی بانگهێشتی "خەڵکە خۆماڵییەکە"ی کرد بۆ خوێندنگاو ئۆفیسەکان، هەروەها سەرمایەداری کۆلۆنیالی، گەر دەربڕینەکە دروست بێت، ئەوانی لە ژووری بەڕێوەبەران

[8] Ibid., 6–7.
[9] Ibid., 18.
[10] . Seton-Watson, Nations and States, 147–8.

بەدەرکرد، ئەوەی مانای ئەوەیە کە تا چ ئاستێکی بێهاوتا نەتەوایەتیی کۆڵۆنیاڵیی تەنیا بوون، ڕووناکبیری جووتزمانزان نەنێردرابوون کە لە بۆرجوای خۆماڵیی بکۆڵنەوە."[11]

نەتەوایەتیی فەرمیی بریتیبوو لە نەتەوایەتیی دەوڵەت و ئەریستۆکراتی فەرمانڕەوا کە بەهۆی شەپۆلی نوێی نەتەوایەتییە لۆکاڵییە خۆماڵییەکانەوە هەستیان بەمەترسیی دەکرد. ئەو نەتەوایەتییەی تێکەڵەیەك بوو لە نەتەوایەتیی گروپە دەسەڵاتدارو میللییەکان. ئەم نەتەوایەتییەی ئیمپراتۆرییەکان لەهەمان کاتدا لەسەر سوونەتپارێزیی و مۆدێرنە پێکەوە بنەمای گرتووە. وەك ئەندەرسۆن دەڵێت، ئەم نەتەوایەتییە فەرمییە کەوتەئەوەی لە کۆڵۆنییەکانیدا باوەش بەو سیاسەتانەدا بکات کە "بەروسییکردن" ناودەبرێت.[12] پەروەردەو فێرکردنی حکومەتیی، پرۆپاگەندەی ڕێکخراوی حکومیی، سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو، هەروەها میلیتاریزم تێکڕایان سیماو تایبەتمەندییەکانی نەتەوایەتیی فەرمیین. "نەتەوایەتیی دەوڵەتیی" یاخود نەتەوایەتیی فەرمیی وەك کاردانەوەیەك لەهەمبەر سەرهەڵدانی نەتەوایەتیی کۆمەڵگەکانی دیکەی نێو ئێمپراتۆرییەکەو هێزە کۆڵۆنیاڵییەکان دەرکەوت. نەتەوایەتیی فەرمیی هەوڵێك بوو بۆ بەناوەندییکردنی دەسەڵاتی ئیتنیکە بچووکەکان و ئەو گروپە سیاسییەی لەناوەندی ئیمپراتۆرییەکاندا بوو. ئەوەی بەرژەوەندیی لە جەختکردنەوەیدا بوو لە بەناوەندییکردنی دەسەڵاتی گروپە باڵادەستەکەی ناوەند کە لەژێر هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی قەوارە مەزنەکەی ئیمپراتۆرییەکەدا بوو. نەتەوایەتیی فەرمیی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەلایەن کەسانی دیکەی بەشەکانی دیکەی جیهانەوە کرانە سەرمەشق و کۆپیکران.

هەرچەندە، وەك ئەندەرسۆن ناوی دەبات، "official nationalism/ نەتەوایەتیی فەرمیی" کاردانەوەیەك بووە لەلایەن گروپەکانی دەسەڵاتەوە...کە ژێر هەڕەشەی فۆرمێکی ریزبەدەر یاخود پەراوێزییدا کەوتبوون،[13] بەڵام بەدیهێنان و بەدواداچوونی سیاسەتەکانی نەتەوایەتیی فەرمییەکە بۆخۆی لە قۆناغی دواتردا شەپۆلێکی نوێی لە نەتەوایەتیی لەلایەن کۆمەڵگەکانەوە هێنایەئارا کە خولیای سەربەخۆییبوونیان لە دەسەڵاتی نەتەوایەتیی فەرمییەکە هەبوو، هەروەها ئەو جووڵانەوانەشیان بەهێزترکرد کە نزیکەی پێشتر لەسەرشانۆکە هەبوون. ئەمە دەتوانرێت لە زۆر لە نموونە نوێیەکانی جووڵانەوە نەتەوەییەکاندا ببینرێت. بۆنموونە، نەتەوایەتیی فەرمیی، یاخود دەوڵەتییبوون لە ئێمپراتۆرییە مردارەوەبووەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نموونەش بۆئەوە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و نەتەوایەتییە فەرمییەکەی ئەتاتورکە وەك کاردانەوەیەك دژ بە هەڵوەشاندنەوەیەکی بەو چەشنە. یاخود سیاسەتەکانی بەناوەندییکردن و نەتەوایەتییە فەرمییەکەی ڕەزاشا لەئێران لەماوەی هەوڵەکانیدا بۆ پێکهێنانی نەتەوە-دەوڵەتی ئێرانی هاوچەرخ، هەروەها

[11] Anderson, Imagined Communities, 127.
[12] Ibid., 86.
[13] Ibid., 102.

تارادەیەکیش هەوڵەکانی فەیسەڵ بۆ بەدیهێنانی هەستێکی نەتەوەیی-نیشتیمانیی لە عێراقدا، کە تێکڕای ئەمانە کاردانەوەی بەراییبوون دژی ئەو رابوونە نەتەوەییەی کۆمەڵگە ئیتنیەکانی دەوروبەریان، ئەوەش بۆ خۆیان بوونە هۆکارێك بۆ زیاتر چالاکبوونی خولیاکانو پەرەگرتنی هۆشی نەتەوەیی لەلای ئەو ئیتنیك و گروپگەلە ئاینییانەی کە بەشێك نەبوون لە چینی فەرمانڕەوای بالادەستی دەوڵەت.

ئەم نموونانە بۆ قۆناغی دواتر دەگەڕێتەوە، واتە سالانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی، ئەوەی کە ئەندەرسۆن ناوی لێناوە " the last wave / دوا شەپۆل"، ئەمەش هاوجووتە لەگەڵ دەرکەوتنی تەمەنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە کۆلۆنییە کۆنەکاندا ( هەرچەندە، پاش رووخاندنی ئیمپراتۆریی شورەویی، شەپۆلێکی نوێی نەتەوایەتییمان لەنێو خەڵکانی ئیمپراتۆرییەکەی پێشوودا بینیو هەروەها لەگەڵ رووخاندنی کۆمۆنیزم وەك سیستمێکی بیروبڕوا، سەرلەنوێ نەتەوایەتیی لەنێو ئەو خەڵکەدا سەریهەڵدایەوە کە لە یۆگۆسلافیای پێشوودا بوون). هەموو ئیمپراتۆرییە مەزنەکانی وەك هابسبێرگ، هۆهێنزۆلێرن، رۆمانۆڤ هەروەها عوسمانیی کۆتاییان پێهاتو زۆربەی ئەو کۆمەڵگە بەکۆلۆنییکراوانەی پێشوو سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا. نموونەکانی دواتری نەتەوایەتییو جووڵانەوە نەتەوەییەکان لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ ئەوانەی بەراییدا هەیە. لێکچوونەکان زۆر ئاشکران لەبوارەکانی رۆڵی روناکبیرانی جووتزمانزان، رۆڵی گرنگی زمانی چاپەمەنیی، هەروەها نەتەوایەتییە نوێیەکە لەسەر بنەمای ئەو سنوورە جیۆگرافییانە دامەزرا کە نزیکەی پێشتر وەك یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی لە رژێمە کۆنەکە ئان ئیمپراتۆرییەکەدا بوونی هەبوو.

لە ولاتانی تازە پێگەیشتوودا، نموونەکانی نەتەوایەتیی دەوڵەتیی تاڕادەیەکی زۆر رێچکەی شێوەکەی ولاتانی گەشەکردوودا گرتبووەبەر، سیماو تایبەتمەندیی هاوبەشی هەردوولایان بریتیبوو لە "officialness/ فەرمییبوون" نەتەوایەتییەکی بەم چەشنە سەرەتاو دواجار لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدا بووە. ئەوەی سیاسەتێکی هۆشیارانەو خۆپارێزانە بووە. لەسەردەمی "تورکە لاوەکان"دا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەدواکەوتنی جۆرە نەتەوایەتییەکی فەرمیی هەبوو کە کاردانەوەیەك بوو بەڕووی لەدەستدانی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەکەو هەروەها هەستکردن بە هەڕەشەی بانگەشە پەرەسەندووە نەتەوەییەکانی کەمینە رەعییەتەکانی ئیمپراتۆرییەکە . کۆمیتەی یەکێتیو پێشکەوتن جەختی لەسەر سیاسەتی بەناوەندییکردن کردو هۆشیارانە بەدوای بەهێزکردنو برەوپێدانی "تورکایەتیی"دا کەوت. ئەشرافەکانی عەرەب لە پۆستە هەرێمییە سەرەکییەکاندا لەلایەن دەسەلاتدارانی تورکەوە شوێنیان گیرایەوە، هەروەها زمانی تورکیی لە خوێندنگاکان، لە سیستمی دادگاکانو کارگێڕییە خۆجییەکاندا سەپێنران. بانگەشەی نەتەوایەتیی جیای کەمینەکان بەتوندیی مامەڵەی لەتەکدا کرا (لەحاڵەتی ئەرمەنییەکانیشدا بەشێوەیەکی فرە ترسناكو وەحشییانە). یان تورکیزمی تورکە لاوەکان بەرجەستەی نەتەوایەتیی گروپێکی فەرمانڕەوای بەهێزو، لەهەمان کاتیشدا خۆرلێئاوابووی دەکرد. بوونی ئەم دەوڵەتییبوونە لەتورکیای ئەتاتورکیشدا بەردەوامبوو.

دیاردەیەکی هاوشێوە لە ئێرانیشدا روویدا لەقۆناغی رەزاشاو هەروەها محەمەدرەزاشای کوڕیدا. لەم جۆرە کەیسانەدا پێ لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن داگیراو هەروەها میلیتاریزمیش سیماو تایبەتمەندیی هەردووکیان بوون. ئەو مۆدێرنیزمەی هەڵای بۆ نرایەوە لەسەر مۆدێلە رۆژئاواییەکە بنەمای گرتبوو. هەوڵگەلێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سێکیولار هەبوون. یاسا مەدەنییەکان لە نیزامی یاسای مەدەنیی ئەوروپییەوە وەرگیران.[14] شێوە جلوبەرگی ئەوروپیی، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بەزۆر، سەپێنراو بووە دژبەری یاسای لەبەرکردنی جلوبەرگی سوونەتیی ئیسلامیی. دەوڵەت دەستی بەسەر خوێندنو پەروەردە، پرۆپاگەندە، هەروەها پارتە سیاسییەکاندا گرت. مێژوو سەرلەنوێ نووسرایەوە، تورکچێتیی و ئێرانچێتیی فرە قسەیان لەبارەوە دەکرا، هەروەها مافە سیاسییەکانی کەمینەکان نکۆڵییان لێدەکرا. لەحاڵەتی کوردان لەتورکیادا تەنانەت کوردبوونیشیان نکۆڵیی لێکرا، ئیدی لێرەبەدواوە ئەوانە بە تورکانی چیا ناودەبران، ئەوە تەنیا رێبەرانی ئێرانو تورکیا نەبوون کە بانگەشەو پراکتیزەی نەتەوایەتیی فەرمییان دەکرد، بەڵکو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، فەیسەڵیش هەمان شتیکرد، بەتایبەت ئەوەی دەرحەق بە کەمینەکان ئەنجامیدا. پرۆژەی نەتەوایەتیی فەیسەڵ کە لەلایەن بەریتانییەکانەوە پشتگیریی کرا، بۆنموونە، شوێنێکی بۆ کورد تێدا نەبوو. هزری پان عەرەبیزم کە لەبەرژەوەندیی کەمینەی عەرەبی سوننەی دەوڵەتە نوپاکەدا بوو هیچ حسابێکی بۆ کورد لەعێراقدا نەکردبوو، نە لەڕووی زمانو نە لەڕووی کەلتووریشەوە.

نموونەیەکی نەتەوایەتیی پەرەسەندووی دژ بە نەتەوایەتیی فەرمیی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە کەیسی نەتەوایەتیی میسریی کە وەك دژبەرێکی نەتەوایەتیی تورکیی تورکەکان چاوی لێدەکرا. لێرەدا، نەتەوایەتییەکی جودا ( جودا لەو نەتەوایەتییە عەرەبییەی دواتر پەرەیسەند ) بەهۆی بوونی رەگەزگەلێکی تایبەتی میسریی هاتەئارا، ئەوەی هەستی ناوازەییو یەکێتییو هاوبەستەگیی میسرییەکانی هاندەدا، بۆ نموونە وەك مەسەلەی مێژووە کۆنەکەیان. من دواتر دێمەوە سەر هێندێك لە نموونەکانی دیکە، لێرەدا هێندە بەسە کە بڵێین "نەتەوایەتیی فەرمیی" کە بۆخۆی کاردانەوەیەکە لەحاست نەتەوایەتییەکانی دیکە، هۆکارەکانی پەرەسەندنی نەتەوایەتیی گروپەکانی دیکەی هانداو بەهێزیکردن.

[14] لەحاڵەتی ئێراندا، دەستووری بەلچیکی مۆدێلێك بوو بۆ دەستووری ئێرانیی لەگەڵ دوو دەستکارییدا بۆئەوەی لەگەل رەوشی وڵاتەکەدا بگونجێت، ئاماژەیەکی زۆر بەئاینو بایەخی ئاین هەیە، هەروەها دەستوورەکە خاڵێکی داناوە کە دان بەئەنجوومەنی هەرێمیدا دەنێت.
Ervand Abrahamian, Iran between Two Revolutions (Princeton, NJ, 1982), 90.

پاش ئەوەی بەکورتی مشتومڕمان سەبارەت بە هێندێك لە ئارگومێنتەکانی ئەندەرسۆن سەبارەت بە بنەماکانی نەتەوایەتیی و دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی وەك شێوەیەکی "کۆمەڵگەی وێناکراو" کرد، با کۆمەڵگەیەکی دیکە لەبەرامبەر "کۆمەڵگەی وێناکراو" ەکەی ئەندەرسۆن پێشانبدەین کە ئەویش "کۆمەڵگەی ڕووبەڕووە". من لێرەدا دەستەواژەکەی "پیتەر لاسلێتس"م بەکارهێناوە. ئەو پێناسەی ئەم چەمکە دەکات بە بەکارهێنانی چوار پێودانگ بۆ ناساندنی[15]: یەکەم، لە کۆمەڵگەی ڕووبەڕوودا هەرکەسەو ئەوی دیکە دەناسێت. دووەم، هەموو گرفتە سەرەکییەکان بە مشتومڕی نێوان ئەندامەکان کە پێکەوە کۆدەبنەوە، چارەسەردەکرێت. سێیەم، کورتی ماوەی نێوان ئەندامەکان پەیوەندیی ئاسان لەنێوانیاندا فەراهەمدەکات. دواجار، تەنیا ناوچەیەکی بچووك دەگرێتەوە، چ لەڕووی مرۆیی و چ لەڕووی جیۆگرافییەوە. لاسلێتس کۆمەڵگایەکی بەو چەشنە لەبەرامبەر "کۆمەڵگەی هەرێمیی" دادەنێت کە دەوڵەتی نەتەوەیی دیارترین نموونەکانێتی. لەوەش زیاتر، دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە پێویست نییە "کۆمەڵگەی ڕووبەڕوو" لە کۆمەڵگەی هەرێمیی دواکەوتووتر بێت، بۆنموونە، شارە دەوڵەتەکانی گریك کۆمەڵگەی ڕووبەڕوو بوون. هەروەها پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە هیچ کۆمەڵگەیەکی ڕووبەڕوو لە گۆشەگیرییەکی تەواودا نییە بێئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەی دەوروبەریدا لەکارلێکدا بێت.

لەدەرەوەی خێزاندا، زۆر کەم کۆمەڵگەیەکی ڕووتی ڕووبەڕوو هەن، لەکاتێکدا تێکڕای کۆمەڵگە هەرێمییەکان لە یەکێك لە قۆناغەکانی بڕیارسازییدا کە کاریگەری بۆ سەرجەم کۆمەڵگەکە هەیە بڕیارەکانی ڕەوانەی "کۆمەڵگەی ڕووبەڕوو" دەکات. هەرچەندە، ئێمە لەم کارەماندا، بەکارهێنانمان بۆ "کۆمەڵگەی ڕووبەڕوو" تایبەتە بە کۆمەڵگا خێڵەکییە فرە دواکەوتووەکان وەك کۆمەڵگەیەکی جیا لەو کۆمەڵگایانەی دیکە کە مرۆ لە ژیانی ڕۆژانەی ئاساییدا دەیانبینێتەوە. خێڵێکی کوردیی وەك کۆلێجی ئۆکسفۆرد نییە، لەوەی یەکەمیاندا ئەندامەکانی لە شوێنی دیکەوە نەهاتوون، کاتێکیش دەڕۆن ناچن بۆ شوێن و جێگای جیاواز. پاساوی ئەوەی کە وەك "کۆمەڵگەی ڕووبەڕوو" مامەڵەی لەتەکدا بکرێت ئەوەیە کە ئەندامەکانی پێکەوە گرێدراون و بەیەکەوە دەژین. هەروەك ئەو پەیوەندییەی لەنێوان وڵاتێکدایە کە سیاسەتگەلێکی پارلەمانتاریی هەیە کاتێك خەڵك نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێت، هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر مۆدێلی کۆمەڵگەی ڕووبەڕوو بنەما دەگرێت، لەکاتێکدا پەیوەندیی نێوان ئەنجومەن و خەڵك بەو چەشنە نییە.

[15]Peter Laslett, 'Face-to-Face Society,' in P. Laslett (ed.), Philosophy, Politics and Society (Oxford: Basil Blackwell, 1967), 157–84.

پێشنیازەکەی لاسلێتس، بەدوای ئەرستۆدا دێت، کە دەبێت کۆمەڵگەیەکی بەم چەشنە وەك مۆدێلی کۆمەڵێکی ئاینیی لێیتێبگەین، ئەوەی دەستپێشخەری هێڵی سەرەکیی ئەو ئارگومێنتەیە لە تێبینیەکانی ئەندەرسۆن سەبارەت بە بنەماکانی نەتەوایەتیی. سیماو تایبەتمەندییە سەرکییەکانی مۆدێلێکی بەم چەشنە بریتیە لە هەستی هاوبەش بە ئەندامێتی کۆمەڵگەکەو هەروەها بەها کەلتوورییەکان لەگەڵ خەڵکە نەبینراوو نەناسراوەکە، هەروەها ناساندنی هاوبەش بەهەمان سەرچاوەی بۆگەڕاوەی پشتپێبەستراو. ئەمەش "کۆمەڵگە وێناکراو"ەکەی ئەندەرسۆن لە "territorial community/ کۆمەڵگە هەرێمیی"ەکەی لاسلێتس نزیکدەکاتەوە.

هەروەها ئەمەش خاڵی دەستپێکی شرۆڤەکارییەکەی ئەندەرسۆنە سەبارەت بە هزرو ئایدیای نەتەوە کە لەلایەن رووناکبیرانەوە لایەنگریی لێدەکرێت. بەداخەوە، کۆمەڵگە رووبەڕووەکان وەك جەمسەرێکی دژبەر بە کۆمەڵگەی وێناکراو لە تێبینییەکانی ئەندەرسۆن سەبارەت بە بنەماکانی نەتەوایەتیی سڕاوەتەوەو پشتگوێخراوە. ئەمەش مایەی ئەفسوسێکی مەزنە لەکاتێکدا پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەی رووبەڕووو نەتەوەیی تەواو بۆ کۆڵینەوەکەی ئێمە لەمەڕ پەرەسەندنی نەتەایەتیی کوردیی لە ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییە کۆچەرییەکەیەوە زۆر بایەخدارە. لەوەش زیاتر، دەوڵەتە نەتەوەییەکان تەنیا کۆمەڵگە وێناکراوەکان نین، بەڵکو کۆمەڵگە ئاینییەکانیش لەم رووەوە فرە گرنگن. هەرچەندە، شوناسی هاوبەشی ئاینی دەشێت هاوژینبێت لەگەڵ هەریەك لە کۆمەڵگەی رووبەڕووو کۆمەڵگەی هەرێمیی دا. پەرەسەندنی شوناسی نەتەوەیی واپێویستدەکات ببێتە هۆی لاوازکردنو لەبەینبردنی شوناسی گشتیی رووبەڕوو یاخود تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی، لەناوچەیەکی هەرێمیی دیارییکراودا ئەگەر جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی کاریگەر سەرهەڵبدات.

کاتێك مرۆ دەگلێتە نێو شرۆڤەکاریی مێژوویی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی هاوچەرخەوە، زۆربەی جار هێزگەلێکی بەهێزی ئامادە دەبینێتەوە کە ریشەیان لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی کشتوکاڵییدا هەیە کە لەمانەوە جووڵانەوەکە پشکوتووە. تێگەیشتن لەم چەشنە ستراکتۆرە بۆ پەرەسەندنی تیۆری نەتەوایەتیی فرە گرنگو بایەخدارە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگە بچووكو پەڕوازە دابڕاوەکاندا زۆر جیاوازە لە کۆمەڵگە وێناکراوەکان. لە ڕاستییدا، تایبەتمەندیی بنەڕەتیی لە وەسفکردنی کۆمەڵگە بچووکەکان ئەوەیە کە ئەوان کۆمەڵگەی رووبەڕوون، زیاتر هەروەك ئەوەی کە خێزانێك بن.

روویەکی گرنگی کۆمەڵگەی رووبەڕوو، کە فرە جێگەی بایەخی کۆڵینەوەکەمانە، ئەوەیە کە تایبەتمەندیە سەرەکییەکانی هاوجووتە لەگەڵ تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی خێڵەکییدا، ئەوەی کە زۆربەی کاروبارەکانی لەڕێگەی کارلێکی رووبەڕووەوە جێیگرتووە. ئەمەش بەتایبەت لەرووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییو سیاسییەکانەوە بۆ ئەمجۆرە کۆمەڵگەیە دروستە، ئەوەی کە لە پرۆسەی رێبەرایەتییو پرۆسەی بڕیارسازییدا بۆ تێکڕای خێڵەکە دەگەڕێتەوە.

هەرچەندە، لەکاتی دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگە رووبەڕوو و وێناکراوەکاندا، دەگونجێت پرسیارێکی پەیوەندییدار ئەوەبێت کە داخۆ دەکرێت بە راپەڕینێکی خێڵەکیی بوترێت نەتەوەیی. ئەگەری بوونی هۆشی نەتەوەیی پێشگریمانەی جۆرە ئاگاهییەك سەبارەت بە بەستینی هاوبەشی کەلتووریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەنێو خەڵکدا دەکات بێ بوونی پەوەندگیرییە رووبەڕووەکان. وەك ئەوەی بڵێیت کە پێویست بە وێناکردنی کۆمەڵگەیەك بکات، گەر بێتو بۆ ئەندامەکانی نەگونجێت کە لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ یەکتری بەشێوەیەکی رووبەڕوو هەڵسوڕێن. ئەمەش بەدەوروی خۆی وادەکات ئەگەری هەڵوەشاندنەوەو لەبەریەکترازانی یەکە خۆژێنەکانی پێش سەرمایەداریی بێتەئارا، پەیوەندیی نزیکتری ئابووریی و سەربەخۆیی سیاسیی، پشتبەستنێکی مەزنتر بە پەیوەندییەکانی بازاڕ بۆ بەرهەمە کستوکاڵیی و ئاژەڵییەکان کە وەك چەشنە بەڵگەیەکی زێدەبەرهەمی کشتوکاڵیی خۆی بەرجەستەدەکات، پەرەسەندنی تۆڕی رێگاوبان کە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی لادێ پێکەوە ببەستێتەوە، بڵاوبوونەوەی بڕێك خوێندەواریی، هەروەها لە قۆناغی دواتردا، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پەیوەندیی. تەنیا پاش ئەوەی ئەم گۆڕانانە روودەدەن، هەڵمەتی روناکبیران بۆ هێنانی ئاگایی سەبارەت بە بوونی کۆمەڵگەی وێناکراو دەشێت کاریگەریی لەسەر خەڵك بکات و لەپێناوی پرسی نەتەوایەتییدا تەیاریانبکات.

کۆمەڵگەی سوونەتیی خێڵەکیی دەتوانن بێئەوەی خولیایەکی ئاشکرای نەتەوەییان وەك ئامانج هەبێت، تەیارکردنی بەرفراوانی سیاسیی و سەربازیی ئەنجامبدەن. زۆرجار ئامانجی تەیارکردنێکی بەم چەشنە بەدەستهێنانی پشکێکی زیاترە لە دەسەڵات بۆ رێبەرایەتییە خێڵەکییەکە. هەرچەندە، ئەمەش لەو لایەنگیرییەی کۆمەڵگەی وێناکراوی نەتەوەیی و بانگەشە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی جیاوازە.

شرۆڤەی مێژوویی جووڵانەوەیەکی وەك نەتەوایەتیی کوردیی دەبێت وەك پەرەسەندنێکی پلەبەپلەی پێکەوەپەیوەست لە کۆمەڵگەیەکی رووبەڕووەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی وێناکراو ئەنجامبدرێت، هەروەها دەشێت ئەم قۆناغانەی پەرەسەندنەکە بناسێنرێت. هەروەها لەگەڵ کەمە بەختێکدا، دەشێت ئەو هۆکارانە ئاشکرابکرێن کە زەمینەی گواستنەوەیان لە قۆناغێکەوە بۆ ئەوی دیکە رەخساندووە. ئاماژەش بە ئامادەگیی شێلگیرانەی هێزەکانی کۆمەڵگەی رووبەڕوو لە جووڵانەوە نەتەوەیەتییەکەدا بکرێت زۆر پاشئەوەی کە ئەو هەلومەرجە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەی وەبەریانهێناوە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. لەراستیدا، زۆرمان هەیە بیڵێین سەبارەت بەو هێزگەلە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییانەی کە هێدی هێدی لاواز بوون، هەروەها سەبارەت بە جێگرتنەوەی ستراکتۆری رووبەڕووی خێڵەکیی کوردستان لە ئێران لەلایەن هێزگەلێکەوە کە زادەی شوناسێکی هاوبەشی نەتەوەیی بوون.

سەبارەت بە نەتەوایەتیی کوردیی، ئەو پرسیارە سەرەکییە دەکرێت ئەوەیە کە چ هۆکارگەلێکی مێژوویی سەریانکرد بەیەکداو زەمینەیان خۆشکرد تاکو کوردان خۆیان وەك نەتەوەیەك ببینن. من دەبێت مشتومڕ لەوبارەیەوە بکەم کە پشکوتنی نەتەوایەتیی کوردیی لەئێران بە لەبەریەکترازانی بونیادە باڵادەستە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکیی و هەروەها گواستنەوەی بۆ کۆمەڵگەیەکی

پشتبەستوو بە ئابووریی بازاڕو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەستپێدەکات. بە وتەیەکی دی و بەبەکارهێنانی دەربڕینەکانی لاسلێتس و بێندیکت ئەندەرسۆن، نەتەوایەتیی کوردیی کاتێك دەرکەوت کە کۆمەڵی خێڵەکیی رووبەڕووی کوردیی گواسترایەوە بۆ کۆمەڵگەیەك کە توانی خۆی وەك نەتەوەیەك "وێنا" بکات. لە بەکارهێنانی ئەم چوارچێوەیەدا بۆ کوردستانی ئێران، شرۆڤەی راپەڕینەکەی سمکۆم لەسەردەمی رەزاشادا کردووە، وەك بەشێك لە دیاردەی کۆمەڵگەی رووبەڕوو، هەروەها کۆماری مەهابادیش کە بەرجەستەی گواستنەوە دەکات لە کۆمەڵگەی رووبەڕووە بۆ کۆمەڵگەی وێناکراو. لەگەڵ ئەو ماوەیە کە لە ریفۆرمی زەوی و شۆڕشی سپییەوە لەساڵی ١٩٦٠کانەوە دەستپێدەکات تاکو ئێستا، کە دەگاتە پێگەیشتنی هۆشی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد و بەرجەستەی بڵندترین خاڵی "کۆمەڵگەی وێناکراو"ە.

## گواستنەوە لە کۆمەڵگەی "رووبەڕوو"ەوە بۆ کۆمەڵگەی "وێناکراو"

لە تێکڕای هەموو ئەوانەی کە پێشتر سەبارەت بە بنەماکانی نەتەوایەتیی و هەروەها جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگەی وێناکراو و رووبەڕوو وتمان، تەنیا هێندێك سیما پەیوەندیی راستەوخۆی بە کۆڵینەوەکەمان سەبارەت بە نەتەوایەتیی کوردییەوە هەیە. هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکردووە، ئەندەرسۆن گرنگییەکی گەورە بۆ رۆڵی زمانی چاپەمەنیی و رۆشنبیرانی جووتزمانزان لە هێنانەئارای سۆزی نەتەوەیی لە ئەورووپا دادەنێت. هەر یەك لەم دوو هۆکارە ئەوەندە زۆر ئامادەو یەکلاکەرەوە نەبوون لە قۆناغە بەراییەکانی پشکوتنی نەتەوایەتیی کوردیی لە ئێران. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئێران، رووناکبیرانێکی زۆر لەنێو خێڵە کوردییەکاندا نییە. بەرنامەکانی فێرکردن و خوێندەواریی بەئەستەم گەیشتبووە ژیانی خێڵەکیی کۆمەڵگەی کوردیی لە ئێران. ئەم لاوازییە پەرەسەندنە خۆی لە شێوەی رێبەرایەتیی شۆڕشەکانی کورد لەو سەردەمەدا دژی حکومەتی ناوەندیی بەرجەستەدەکات. ئەوانەی لەسەر بنەمای دوژمنایەتییەکی بەهێزی سەرۆکخێڵەکان دژی دەسەڵاتداران لەپێناو سەربەخۆیی سیاسیی و سەربازیی و پرستیژ بۆ سەرۆکخێڵ و کۆمەڵگە وابەستەکەی راوەستابوون. تەکنەلۆجیای چاپەمەنیی زۆر دواتر گەیشتە ناوچەکە کاتێك نزیکەی هۆشی نەتەوەیی لەنێو خەڵکەکەدا پەیدابوو.

ئەمە مانای نکوڵییکردن نییە لە رۆڵی زمانی چاپەمەنیی و رووناکبیرانی جووتزمانزان لە پەرەسەندنی نەتەوایەتیی کوردییدا، بەڵکو جەختکردنە لەسەر ئەوەی کە کوردان کۆمەڵگەیەکن و هەروەها وەك کۆمەڵگەیەك هەستیان بەخۆیانکردووە تەنانەت پێشئەوەی پەرە بە بوونی ژمارەیەکی فرە لە رووناکبیرانێکی جووتزمانزان و زمانی چاپەمەنیی کوردیی بدەن. دەشێت کوردان لە ئێران هێشتا نەگەیشتبنە ئەو قۆناغە سیاسییەی بەزمانی نەتەوەیی گوزارشت لە خۆیان بکەن، هەرچەندە، ئەو ئاگاهییەیان لەنێودا بوو کە ئەوان کۆمەڵگەیەك پێکدەهێنن. پرسیاری رەوا لێرەدا بکرێت ئەوەیە، بۆچی

پێویستە کوردان چەمکی کۆمەڵگە پەرەپێبدەن. لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پشت بە هێندێك لە بەڵگەو ئەرگومێنتەکانی ئەندەرسۆن دەبەستم.

بەشێکی وەڵامەکە پشت بەو راسیتییە دەبەستێت، هەروەك ئەندەرسۆن ناوی ناوە، " dministrative units / یەکە کارگێڕییەکان" لە رابردوودا. ئەندەرسۆن، لە لێکدانەوەی هۆکارەکانی پەرەسەندنی بەرایی نەتەوایەتیی لەنێو کۆمەڵگەکانی باشووری ئەمەریکادا، جەخت لەو راستییە دەکاتەوە کە دەوڵەتە نوێیەکانی باشووری ئەمەریکا تێکڕایان لەسەدەی شازدەیەمەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم یەکەی کارگێڕیی بوون. ئەوانە ئەو دەوڵەتانە بوون کە تاکو ماوەیەکی درەنگیش چاپەمەنیی سەرمایەداریی نەگەیشتێ، ئەوەش ئەوەی دەگەیاند کە زمانی چاپەمەنیی وەك گەیەنەرێکی هۆشی نەتەوەیی لە قۆناغە بەراییەکانی پەرەســەندنی نەتەوایــەتیی لــەنێو ئــەم کۆمەڵگایانــەدا وەگەڕنــەخرابوو. هەرچــەندە، یەکەگــەلێکی کارگێڕییبوون ئەو پێشینە عەقڵیی و پراکتیکییەی بۆ ئەم کۆمەڵگایانە فەراهەمکرد تاکو وەك نەتەوە بیر لەخۆیان بکەنەوەو وەك نەتەوە خۆیان ببینن. پێویست ناکات بوترێت، ئەمەش بەهۆی باشتربوون لەبواری پەیوەندییەکانو هەروەها بڵاوبوونەوەی هزری لیبراڵ لەنێو رووناکبیراندا پتەوتربوو. میرنشینە مەزنە کوردییەکان کە بۆ ماوەی چەندین سەدە لەکاردابوون تاکو ئەوەی دوا دانەیان لە سەدەی نۆزدەیەمدا تێکشکێنرا، تەنانەت زیاتر لەوەش بوون کە تەنیا یەکەیەکی کارگێڕیی بن. لەوە گرنگتر، ئەوانە یەکەگەلێکی سیاسیی خۆبەڕێوەبەرو ئابووریی خۆژێن بوون. ئەوەی زۆر بایەخدارە بریتییە لە درککردنی بوونی ئەم میرنشینانە وەك دامەزراوەگەلێکی وێناکراو بۆ کۆمەڵگەی کوردیی کە بەشێوەیەك لەقۆناغەکانی دواتردا ببێتە وێناکردنی کۆمەڵگەکەیان وەك نەتەوەیەك. ئەم میرنشیینانە هەمان رۆڵی ئــەو یەکەگەلــە کارگێڕییانــەیان بینیــوە کــە ئەندەرســۆن ســەبارەت بــە ئەمەریکییــەکان ئامــاژەی بــۆ کردووە.هەرچەندە، شانبەشانی بوونی یەکە خۆبەڕێوەبەرییەکانی میرنشینە کوردییەکان، رەگەزگەلێکی ئەوتۆ هەبوون وا لە کوردان بکەن کە هەست بەوە بکەن کۆمەڵگەیەکی جیاوازن لەوانی دی.

بـوونی زمـانی هاوبـەش رۆڵێکـی گرنگـی بینیـوە لـە هێنانـەئارای هەسـتی هاوبەسـتەگیی لـەنێوان کورداندا، وایکردووە بۆ ئەوان گونجاوبێت وەك کۆمەڵگەیەك بیر لەخۆیان بکەنەوە. کوردیی ئەو زمانەیە کە لەدێر زەمانەوە زمانی ئاخاوتنی کوردان بووە تەنانەت زۆر پێش ئەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێگەیشتنێك لە بیرۆکەی نەتەوە هەبێت. زۆربەی گۆرانیو هۆنراوەو چیرۆكو بەیتو بالۆرە کوردییە فۆلکلۆرییەکان وتراون تائەوەی بەکوردیی نووسرابن. ئەندەرسۆن ئاماژە بۆ گرنگیی زمان دەکات وەك بنەمایەکی بەهێز بۆ یەکێتیی. ئەو نووسیویەتیی :" گرنگترین شت سەبارەت بە زمان ئەو توانایەیەتی لە هێنانەئارای کۆمەڵگە وێناکراوەکانو هەروەها بنیاتنانی هاوبەستەگییەکی تایبەتی کاریگەردا".[16] لەوەش زیاتر، کوردان خۆیان وەك کۆمەڵگەیەك بینی بەهۆی ئەو مامەڵەیەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لەگەڵیاندا کرا، بەتایبەتی لەدوا ساڵەکانی حوکمی رەزاشادا، کاتێك نەتەوایەتیی فەرمیی

[16] Anderson, Imagined Communities, 122.

فارسـیی، لـەپێناو بەناوەندییکردنـدا، ڕێوشـوێنگەلێکی سـەرکوتکارانەی لەحاسـت هەرێمـە خۆجێیـە راپەڕیوەکانی وڵاتەکەی، وەك کوردستان، گرتەبەر.

بەدڵنیاییەوە، ئێمە لێرەدا باس لە گروپێك دەکەین کە وەك کۆمەڵگەیەك درك بەخۆیان دەکەن نەك وەك نەتەوەیـەك . بۆئـەوەی ئـەوەی دواتریـان رووبـدات، پێویـستە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـە جۆراوجۆرەکـان سـەرهەڵبدەن، کە لـە پرسـی کـوردان لـە ئێـران لەرێگـەی دامەزرانـدنی پەیوەندییـەکانی بـازاڕدا هاتـەئارا. هەرچەندە، هەستی کۆمەڵگەبوون زیـاتر بـەهۆی ئـەو راسـتییەوە هانـدەدرا کـە ژیـانی خێڵـەکیی کـوردیی لەرێگـەی سیـستمی ئـاڵوگۆڕی ئابوورییەکەیـەوە کـە پـشتی بـە گۆڕینـەوەی شمـەك دەبەسـت ژیـانی کۆمەڵگەبوونی دەگوزەراند، ئـەوەی خـۆژێنی ئـابووریی بـۆ فەراهـەمکردبوون. ئـەوەش وامـان لێـدەکات مـشتومڕ لەوبارەیـەوە بکـەین کـە چـۆن کۆمەڵگەیـەکی تاڕادەیـەك سـنووردار کـە لەئاسـتێکی بەرتەسـکدا ئـاڵوگۆڕی شمــەك دەکــات و تاڕادەیــەکیش خــاوەنی خــۆژێنی ئــابووریی و خۆبەڕێوەبــەری سیاســییە گواستراپەوە بەرەو ئابووریی بازاڕو هۆشی جیاوازی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی .

بێگومان، کلیلی تێگەیشتنی ئەو هۆکارانەی هێدی هێدی پایەکانی کۆمەڵگای خێڵەکیی رووبەڕوویان لەبەریەکترازان بریتیە لە بڵاوبوونەوەی بازاڕ. ئەوە راستە کە زۆربەی ئاڵوگۆڕەکانی بازاڕ لە کۆمەڵگە کـەم پەرەسـەندووەکاندا بـەگوێرەی بنـەما رووبـەڕووەکان رێکخـراوەو لـە کۆمەڵگـە ئابوورییـە دابڕاوەکـان پێکدێت. هەرچەندە، ئەم چەشنە پەیوەندییە بازرگانییە رووبەڕووە بۆ ئـاڵوگۆڕی بـازاڕ پێویـست نییـە. سـەبارەت بـە تێکـڕای پەیوەندییـە ئاڵوگۆڕەکـان دەتوانێـت خـۆی لـە نرخـی رووت و بـڕی شمەکەکانـدا ببینێتەوە بێ ئاماژەدان بە تاکگەلێکی تایبـەت کـە لـە ئـاڵوگۆڕی کـاڵا و گرێبەستەکانی کـاردا تێوەگلابن. هێزی سەرەکیی لەپشت پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی بازاڕەوە بریتیە لە:

(أ) بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ شوێنی بەرهەمهێنان بۆ خۆژێنی بگرێتەوە.

(ب) جیابوونـەوەی بەرهەمێنـەرە راستەوخۆکان بۆ جووتیـارانی رۆژانـەکارو موڵکدارانێك کـە لەگونـد دانانیشن و هەروەها زەحمەتکێشانی لادێی بێ زەوی.

هــەردوو ئــەم پەرەســەندنانە لــە ئاکــامی دوو گوژمــە گۆڕانکــاریی لــە کوردســتاندا روویانــداوە، گۆڕانکارییەك کە لەئاکامی پەرەسەندنی نێوخۆیی ئابووریی کۆچەرییدا روویداوە، لەگەڵ گۆڕانکارییـەك کـە زادەی جێبـەجێکردنی سیاسـەتەکانی حکومـەتی ناوەنـدیی تـاران بـووە لـە کوردسـتاندا. ئـەم دوو مەسـەلەیە لەیـەکتری جودا نـەبوون. سیاسـەتەکانی حکومـەتی ناوەنـدیی، زۆرجـار پرۆسـەی نێوخـۆیی پەیوەندییـەکانی بـازاڕی لـە ئـابووریی کۆچـەرییدا خێراترکـرد. لـەوەش زیـاتر، لەزۆربـەی کاتـدا، ئـەوە سیاسـەتەکانی حکومـەت بـوو، بەتایبـەت سیاسـەتی بـەزۆر نیـشتەجێکردنی خێڵـە کوردییـەکان، کـە کاریگەریی دیارییکراویان لەسەر پێکهاتنی کوردستانی هاوچەرخ کرد. ئەم راستییە، کە دواتر بـاس لـە گرنگییەکەی دەکـەم، پێـشانیدەدات کـە چ سەرلێشێواوییەکە پەرەسـەندنی کۆمەڵگای کوردیی لـە ئێـران وەك مەسـەلەیەکی سـەربەخۆی خـۆی ببینرێـت، زیـاتر وەك ئـەوەی کـە بەشـێك بێـت لـە ئابوورییـە مەزنترەکەی تێکڕای ئێران.

سیمایەکی سەرەکیی وەرچەرخانی سیاسیی کوردستانی ئێران بریتیە لە وەرچەرخانە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکەی . تایبەتمەندیی سەرەکیی وەرچەرخانە ئابوورییەکەشی بریتیە لە پەرەسەندنی ئابووری بازاڕ لە کوردستاندا. زۆر لە کۆڵەران کاریان لە سەر پەرەسەندنی ئابووریی بازاڕو پەیوەندییەکانی نێوان بازاڕو کۆمەڵگا کردووە. من لێرەدا بەکورتی سەبارەت بەم بابەتە دەڕوانمە دوو کۆڵینەوەی تاڕادەیەك نوێ، کە یەکێکیان تێڕوانینێکی ئەنترۆپۆلۆجیستانەیەو ئەوەکەی دیکەشیان تێڕوانینێکی ئابوورییانەیە. ئارجان ئەپادورەی لەپێشەکیی کتێبە چاپکراوەکەیدا دیدێکی ئەنترۆپۆلۆجیستانەی پێشکەشکردووە.[17] ئەپادورەی، لێرەدا مشتومڕی سەبارەت بەوە کردووە کە سنوورێك نیە بۆ جیاکردنەوەی کاڵاکان لەو شمەکانی کاڵا نین. کاڵاکان بەرجەستەی وەرچەرخان و گۆڕانگەلێك لە ژیانی شتەکاندا دەکەن و ئەوەش بەهۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە روودەدات. ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە زۆرجار بەهۆی داواکاریی لەسەر کەلوپەلەکانی خۆشگوزەرانی رادەوەستێت، بەڵام بەهەر حاڵ، نابەرابەرییەکیی گەورەی زانیاریی لەنێوان بەرهەمهێن و بەکاربەردا هەیە کە تەنیا لەڕێگەی بازرگانەکانەوە دەتوانن بەیەکبگەن. لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا، جیاوازییەکی توند لەنێوان خواستی بازرگانان بۆ فراوانکردنی رۆڵی کاڵاکان و خواستی بژاردەی سیاسیی بۆ سنووردارکردنی ئەم رۆڵە هەیە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەپادورەی وادەبینێت کە گۆڕینەوەی شمەك تەنیا شێوەیەکی "ئابووریی سەرەتایی" نییە، بەڵکو شێوەیەکی ئاڵوگۆڕی زۆر ئازادە لە کۆتوبەندە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و هەروەها شەخسییەکانیش.[18] لەو بڕوایەدام، بە جێبەجێکردنی ئەم دیدو تێگەیشتنەی ئەپادورەی بەسەر پرسی کوردستانی ئێراندا، نموونەیەکی بەم شێوەیەمان بەرچاودەکەوێت کە چالاکیی ئاڵوگۆڕی ئابووریی خێڵە کۆچەرییەکانە لەسەر رێگەی کۆچ و باریان، کاتێك گۆڕینەوە وەك شێوەیەکی ئاڵوگۆڕی کاڵا کە دراو رۆڵێکی گەورەی تێدا نابینێت و پەیوەستێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کەلتووریی کەمی پێوەدیارە. کاریگەری مەزنی گۆڕانی ئابووریی لە پشتگوێخستنی زێدەبوونی ئەو فشارانەدا دەردەکەوێت کە لەسەر بازرگانی و بەکاڵاکردنی بەرهەمدا هەیە. ئەوەی کە بەهەرحاڵ، لە پرسی کۆمەڵگەی کوردیی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا لەرێگەی سیستمە ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکەیەوە نزیکەی ئامادەگیی هەبوو.

دیدێکی ئابوورییانە لەلایەن لوکا ئەندەرلینی و حامد سابوریانەوە لەبەشێکی کارەکەیان سەبارەت بە دراو، گۆڕینەوە، هەروەها قەرزپێدان پێشکەشکراوە.[19] ئەوان بەوریاییەوە مشتومڕیان سەبارەت بەو مەسەلانە کردووەو دەریانخستووە کە لە هەلومەرجێکی دیارییکراودا( کە ئەوەش مەسەلەیەکی

[17] Arjun Appadurai, 'Introduction, Commodities and the Politics of Value,' in A. Appadurai (ed.), The Social Life of Things: Commodities in Cultural Perspective (Cambridge, 1986), 3–63.
[18] Ibid., 9.
[19] Luca Anderlini and Hamid Sabourian, 'Some Notes on the Economics of Barter, Money and Credit,' in Caroline Humphrey and Stephen Hugh-Jones (eds), Barter, Exchange and Value (Cambridge, 1992), 75–106.

حەتمیو خۆلێلانەدراو نییە)، دەگونجێت ئابووری گۆڕینەوە بۆ ئابووریی دراو وەرچەرخێت، و دەشێت ئابووری دراویش بۆ ئابووری قەرزپێدان. ئەوان مشتومڕیان لەو بارەوەکردووە کە لە گواستنەوەی ئابووری گۆڕینەوە بۆ ئابووری دراو، دەتوانرێت تەدارەکە بازرگانییەکان بگۆڕێن کاتێک "شۆکێکی سەرەکیی" لە کۆمەڵگا بدات. بۆنموونە، دەشێت ئەم "major shock/ شۆکە سەرەکییە" بەهۆی دامەزراندنی دەسەلاتێکی ناوەندییەوە بێت کە دوای باجو پیتاکی نوێو کۆنترۆڵێکی نوێی ئابووریی و سیاسیی بکات.[٢٠] لەحالەتی کوردستانی ئێراندا، هۆکارگەلێکی هاوشێوەیە لە پرۆسەی گواستنەوەی ئابووریی کوردییەکە لە گۆڕینەوەو بۆ سیستمی ئالوگۆڕ بە دراو ئاشکرایە. سیاسەتە ناوەندگەراییەکەی رەزاشا، لەوانەش سیاسەتەکانی سەبارەت بە کۆنترۆلکردنی توندی ئەو کۆمەڵگایانەی وەك کۆمەڵگەی کوردی کۆچەریی، تەنیا لەپێناو کۆنترۆلکردنی سیاسییدا نەبوو، بەڵکو بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئاسانتری باجو هەروەها سەربازگیریی بوو بۆ سوپا تازە دامەزراوەکەی. ئەم سیاسەتانە وەك "شۆکێکی سەرەکیی"کاریانکردە سەر ئاراستەی چالاکییە ئابوورییەکان لە کوردستاندا، هاوسەنگیی بازرگانی گۆڕینەوەیان تێکداو سیستمی ئالوگۆڕی بەدراویان هێنایەئارا.

گۆڕینەوە شوێنی بۆ دراو چۆلکردو دراو بووە تەنیا ئامرازێکی ئالوگۆڕ. کاتێك لە چالاکییەکی بازرگانیدا ئامرازێکی گۆڕینەوە بەکاربێت، (ئالوگۆڕی ناڕاستەوخۆ) کەمترە لە ئالوگۆڕی راستەوخۆ بۆ بەشداربووان لە پرۆسە ئابوورییەکەدا. ئەوەش بۆ کۆڵینەوەکەی ئێمە بایەخدارە. بۆ چالاکییەکی ئابووری خێڵەکیی کۆچەریی کە پشت بە ئاژەڵداریی دەبەستێت، ئالوگۆڕکردن بە بەروبوومەکانیەوە لەمپەری تووشهات کاتێك کۆچوباری خێڵەکیی لەنێوان سنوورەکان رێگەی لێگیراو لەچوارچێوەی سنوورێکی دیارییکراودا لەقالبدرا. مەبەستی سەرەکیی کۆچوباری وەرزیی خێڵەکان بریتیبوو لە پاراستنی چەندینەو جۆرینەی مەڕومالاتەکانیان. رێگرتن لە کۆچوبارو سنووردارکردنی هانی نیشتەجێبوونی کۆمەڵە کوردییەکانیداو بووەهۆی پاشەکشەو لاوازبوونی ئاژەڵداریی لە هەرێمەکە.

وتارەکەی ئەندەرلینیو سابوریان مشتومڕی زیاتریان کردووە بەوەی قەرزپێدان دەردەکەوێت کاتێك پێویستبکات تاکەکان ئەمڕۆکە شت بکڕنو بەوە رازیبن کە لەداهاتوودا شت بفرۆشن. تاکەکان پێویستدەکات ئەوە بکەن یان بۆئەوەی ئەمڕۆکە ئامرازی ئالوگۆڕیان دەستکەوێت (بۆ نموونە، وەك باجدان) یاخود ئەوەی بوونەتە خاوەن خواستو حەزێك کە بەرهەمە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەکەیان وەڵامدەری نییە. ئەوەی قەرزەکە درێژبکرێتەوە پشت بە بەهێزکردنی ئەو میکانیزمە دەبەستێت کە بۆ گێڕانەوەی قەرزەکە کاری پێدەکرێت. لە پرسی کوردستانی ئێراندا، مرۆ دەتوانێت بڵێت قەرزپێدان کاتێك پەرەیگرت کە کۆمەڵگە کوردییە کشتوکاڵییە نیشتەجێیەکە دەبوو بەرهەمەکەی خۆی پێش دروێنە بە بازرگانان بفرۆشێت بۆئەوەی ئەوەشتە پێویستانەیان دەستکەوێت لەو کاتەدا کە پێویستیانە.

[20] Ibid., 89.

دەگونجێت ئەنجامگیریی ئەوە بکرێت کە ئابوورییە خێڵەکییەکەی کوردستان کە پشتی بە گۆڕینەوەو ئاژەڵداریی و ئالوگۆڕی بەروبوومەکانی لە کۆمەڵگە کۆچبەرییە خێڵەکییە گەرمیان و کوێستانکەرەکەدا دەبەست گۆڕا بۆ ئابووریی دراو کاتێك ناچارکران ببنە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی نیشتەجێ. گۆڕانکارییە ئابوورییەکە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نوێی لەنێو خەڵکدا هێنایەئارا. هەرچەندە، ئەوەی گرنگە لێرەدا درکی پێبکرێت ئەوەیە کە ئابوورییە خێڵەکییە کۆچەرییە گۆڕینەوەییەکەی کوردستان هۆکارێکی بەهێزکردنی هەستی کۆمەڵگەبووندا بوو لەنێو خەڵکدا، لەبەرئەوەی کە بازرگانی گۆڕینەوەیی چالاکییەکی دەستەجەمعی بوو تەواوی کۆمەڵگەکان قازانجیان لێدەکرد، هەرچەندە بە رادەی جیاواز. کاتێك کۆمەڵگەی کوردیی وردە وردە بووە کۆمەڵگەیەکی کستوکاڵیی نیشتەجێ، خواستی بەدەستهێنانی شمەك لە دەرەوەی توانای بەرهەمهێنانی کوردستانی ئێران رۆڵی لە زێدەبوونی پێویستیی قەرزکردن و ئابووری دراودا بینی. هەروەها بوونی پێویستیی بۆ پەیوەندییە ئابوورییە نوێیەکان، بووەهۆی هاتنەئارای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان.[21]

بابەتی بنەڕەتیی لە رابوونی ئاگایی نەتەوەیی کوردیی بریتیە لە داخورانی بونیادی کۆمەڵگەی رووبەڕووی کوردیی، شێوازە تایبەتەکە کە لە کوردستان گیرابووەبەر بایەخێکی لاوەکیی هەبوو. هەرچەندە من بۆخۆم رووبەڕووی بەڵگەیەکی پێچەوانە نەبوومەتەوە پێشانبیدات کە پێش هاتنی سەدەی بیستەم ستراکتۆری خێڵەکیی لەکوردستانی ئێران جۆری کۆچەریی بووبێت، بیرۆکەی کۆمەڵگی رووبەڕوو لەگەڵ ئەو هۆکارانەی داخورانی شیدەکەنەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەم کۆڵینەوەیەدا بەکارهاتووە کە تێکڕای جۆرەکانی کۆمەڵگە خێڵەکییە کۆچەریی و نیشتەجێیەکان دەگرێتەوە.

ژیانی ئابووری کۆمەڵگە نیشتەجێیە کشتوکاڵییەکان بوارێکی مەزنتری بۆ کاری بەکرێ لەلایەك و کەڵەکەبوونی سەرمایە لەلایەکی دیکەوە هێنایەئارا. ئەوەش هاوبەستەگی ئایدیۆلۆجی کۆمەڵگە کۆچەریی لاوازدەکرد. هەرچەندە، ئەوە زێدەڕۆیی دەبێت گەر بوترێت کە نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرەکانی کوردستان وایکرد کۆمەڵگەیەك بێتەئارا کە ململانێی ئەندامەکانی وەك بناغەیەك شوێنی ئەو هاوبەستەگییە بگرێتەوە. بێگومان، بوار بۆ ململانێ بە جەمسەرگیریی ئابووری وەرزێری پەرەیسەند، ئەو جەمسەرگیرییەش پاڵنەرێکی بۆ رەخسا کە ریفۆرمی زەوی ساڵانی ١٩٦٠کان بوو. هەرچەندە، ئەم ململانێیە پەرەینەسەند بۆ خاڵێکی جیاکەرەوە لەژیانی سیاسیی کوردستاندا، بەڵکو هەروەك بەشێك لە تێکۆشان بۆ نەتەوایەتیی کورد مایەوە. بۆچی دەبوو شتێکی وا ببێت، ئەوە بایەخی

---

[21] بابەتی سەرەکیی لەدەرکەوتنی ئاگایی نەتەوەیی کوردیی بریتیە لە داخورانی بونیادی کۆمەڵگەی "رووبەڕوو"ی کوردیی. ئەو فۆرمە تایبەتەی لەکوردستاندا گیرابووەبەر بایەخێکی لاوەکیی هەیە. هەرچەندە من بەڵگەیەکی پێچەوانەم نەبینوەتەوە دەریبخات کە ستراکتۆری خێڵەکیی لەکوردستانی ئێراندا لەپێش سەدەی بیستەمدا کۆچەریی نەبووە، بیرۆکەی کۆمەڵگەی "رووبەڕوو"و ئەو هۆکارانەی داخورانی لێکدەداتەوە، لەم کۆڵینەوەیەدا بەکارهێنراوە هێندە بەرفراوانە کە ئەو جۆرە کۆمەڵە خێڵەکییە نیشتەجێ و کۆچەرییەکانیش لەخۆبگرێت.

سەرەکیی ئەم کۆڵینەوەیە. هۆکاری سەرەکیی کە من مشتومڕی لەبارەوە دەکەم ئەوەیە، کە کوردستان لەبنەڕەتدا ناوچەیەکی شاخاوییە، ئەم راستییەش لە رابردوودا هانی ئاژەڵداریی داوە کە وەك شێوازێکی سەرەکیی لۆژیکی خۆی سەپاندووە کە تاچ ئاستێك نیشتەجێکردن و بایەخی گەشەکردنی کشتوکاڵ،نایەکسانییەکی حەتمیی لێکەوتۆتەوە. هەروەها گرنگیی ریفۆمی زەوی ساڵانی شەستەکان چەندە توانیویەتی پەرە بە زیانگەیاندن بەو هاوبەستەگییە کۆمەڵایەتییەی لادێیانی کوردستان بگەیەنێت. کۆمەڵگەیەکی شاخەکیی بەم چەشنە بوارێکی کەم دەخاتە بەردەم موڵکایەتییەکی بەرفراوانی زەوی و کاری بەکرێ، هەروەها بەتایبەت هانی خۆبژێوییەکی کشتوکاڵیی و ئاژەڵداریی دەدات. ئاکامەکەشی ئەوەبوو، وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی روویاندا، هاوبەستەگیی لادێیانی کوردستان بەردەوامبوو لە رێگەگرتن لە پەرەگرتنی دابەشبوون لەنێویاندا، ئەوەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی هێنایەئارا بەشێوەیەکی تایبەت لەباربوو بۆ گەشەسەندنی شێوازێکی نەتەوایەتیی کە لەسەر بنەمای هاوبەستەگیی و هاوسۆزیی کۆمەڵایەتیی شکۆفەی کردبوو.

لەبەرامبەر ئەوە پرۆسەیەکی هاوتەریب کە بە توندیی زەمینەی بۆ پەرەسەندنی هۆشی نەتەوایەتیی خۆشدەکرد، بریتیبوو لە بەردەوامی دژبەریی و ناکۆیی توندی نێوان کوردستانی ئێران و باقی دیکەی ناوچەکانی وڵاتەکە بوو. نکوڵیی بەردەوامیی کارگوزاریی حکومەتی ناوەندیی لە هەرێمە کوردییەکان و لاوازیی رێژەیی کوردستانی ئێران لەڕووی سەرچاوە سروشتییەکان بەبەراورد بە هەرێمەکانی دیکە، وەك ئەو هەرێمانەی بەرهەمهێنی نەوتن، مانای ئەوەی دەدا کە ئاسۆی ئەگەری پەرەسەندنی ئابوورییەکی سەرکەوتووی ماقووڵ زۆر رۆشن نییە. لەوانەیە هەستێکی هاوبەشی دواکەوتوویی ئابووری و بێبەشیی و مەحرومیەت ئەندامەکانی کۆمەڵگەی گوندنشینانی کوردیی پێکەوە گرێدابێت، وایکردبێت دابەشکردن لەنێوان گوند و خەڵکە دەرەکییەکان، وەك کاربەدەستانی حکومەت، چەقی جیاکەرەوەی سەرەکیی ململانێیەکە بێت. ئایا موڵکدارانی دەوڵەمەند لە کۆمەڵگەیەکی گوندنشینی ئەوتۆدا دەبێت وەك دادۆشەر و مستەغیل چاویان لێبکرێت یان وەك رێبەرانی کۆمەڵگە؟ لە هەرێمگەلێکدا کە مەزنە موڵکدار هەن، لەوانەیە هەر دوو رۆڵەکە ببینن. بواری سنوورداری کشتوکاڵی بەرفراوان، بوونی ئەو مەزنە موڵکدارانە لە چەند شوێنێکی تایبەتی نێو کوردستاندا قەتیسدەکات. ئەوەی چەسپاوە ئەوەیە، هێندێك لە ئەشراف و خاوەن پلەوپایەکانی لادێ لەلایەکەوە پەیوەندییان بە سەرۆکخێڵەکانەوە هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندییان بە بنەماڵە ناودار و خاوەن پلەوپایەکانی شارەوە هەبوو. هەرچەندە ئەم پەیوەندییە پێویست نەبوو کە هاوکات بێت و بەرجەستەی پەیوەندییەکی کاتیی نێوان سەرۆکخێڵە خاوەن پلەوپایەکانی لادێ و ئەشرافەکانی شاری دەکرد. لەم تاقمەوە بوو کە لایەنگرو پاڵپشتییکەرانی نەتەوایەتیی کوردیی و رێبەرانی هاتەئارا، ئەمەش لە کۆمارە کوردییەکەی مەهاباددا دەردەکەوێت. رۆڵی رێبەرانی ئەم کۆمەڵگەیە، ئنجا موڵکداری لادێ بن یان لەدەرەوەی لادێ نیشتەجێبن، رۆحانییەکان، مامۆستایان، هەروەها کارمەندانی حکومەتیی، هاوشێوەی ئەو رۆحانیی و رێبەر ئاینییانەن کە لە کۆمەڵگەی رووبەڕوودا هەن، وەك لاسلێتس تێبینیکردووە، ئەوانە رۆڵێکی

کاریگەریان بینیوە لە هێنانەئارای ئاگاهییەك بۆ ئەندامێتیی لە کۆمەڵگەیەکی گەورەتر لەو کۆمەڵگە رووبەڕووە کە خۆیانی تێیدا هەڵدەسوڕان، بەڵام ئەوان لەسەر بنەماکانی پەیوەندییە رووبەڕووەکان ئەو کارەیان دەکرد.

گومانێکی کەم هەیە سەبارەت بە گرنگیی گروپی ئەشرافەکانی شار لە دەرکەوتنی خوێندەوارە کوردە نەتەوەییەکان. ئەوەی دیارە ئەوەیە، کە رێبەرایەتیی نەتەوەیی شارەکیی تەنیا لەنێو بنەماڵە ناودارو ئەشرافەکانی شاردا قەتیس نەبوو، کە هێندێك لە کوڕی سەرۆکخێڵەکانیشی دەگرتەخۆ، بەڵکو هەروەها لەو کارمەندە پلەدارانەی بیرۆکراتی حکومەتی ناوەندیی بوون کە لەکارگێڕیی هەرێمەکەدا دامەزابوون. لە کوردستان، لەگەڵ گرنگیی بنەماڵەکانی سەرۆکخێڵە ناودارەکان، دەستەی روناکبیرە خوێنەوارەکان لەگەڵ ئەوەی کە هەبوون بەڵام بایەخێکی کەمتریان هەبوو، ئەوەی سروشتییە ئەوەیە کە ناوکی روناکبیرە خوێندەوارەکان پێویستە بنەمایەکی شارەکییان هەبێت، ئەوانەیش بەناوی تێکڕای کۆمەڵگەوە قسە دەکەن نەك تەنیا بەناوی لادێ دابڕاوەکانییەوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە بریتیە لە تۆڕی پەیوەندییەکانی رێبەرایەتییە نەتەوەییەکەو ئەوەی کە چۆن پەیوەندییان بە ناوچە گوندنشینەکانەوە گرتووە.

شانین ئەرگومێنتێکی پێشکەشکردووە بۆ پشتگیریی لە تێزەکانی ناردونیکە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕییەکان بەدژی روسە مارکسیستەکان، بە دیارییکراوی ئەوەی کە تایبەتمەندی گوندە کۆمۆنەکان بریتیبوو لە هەستی هاوبەستەگیی و هەماهەنگیی، کە ململانێی نێوان سەرمایەدارو کرێکارانی تێدا نەبوو. ئەو دەڵێت کە لە روسیا، ئەوە بۆ سروشتی تایبەتی هاوبەشیی ژیانی گوندنشینی روسیی دەگەڕێتەوە.[22] هەروەها ئەو دەڵێت کە ئەم شێوە ژیانەی گوند خاوەنی جووڵەیەکی فرەئاراستەی تایبەت و ناوازەیە کە ئەو بە cyclical mobility/ "بزوتنی بازنەیی" ناوی بردووە. پرۆسەیەك کە تێیدا زۆربەی خێزانە گوندنشینەکان ماوەی یەکبەدوایەکی دەوڵەمەندیی و هەژارییان ئەزموونکردبوو.

بیرۆکەی "بزوتنی بازنەیی" دەگونجێت بەسەر جووڵەی جووتیارە کوردەکاندا جێبەجێبکرێت. ئەوەی کە دواتر لەو بەشانەدا کە لەبارەی جووڵەی کۆمەڵایەتیی و ئابوورییە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت. ئەوەی بۆ خێزانێکی کورد گونجاوبووە کە بەسەرکەوتوویی نیمچە کۆچەریی، نیمچە کشتوکاڵیی، کارکردنی کرێی وەرزیی، هەروەها تەنانەت کۆچ و باری وەرزییش ئەزموونبکات، وێڕای هێندێك رۆڵی ئاڵوگۆڕی بەردەوام. ئەم جووڵەو گۆڕانە ناوازەیەیە کە هاوبەستەگیی لە کۆمەڵگەی کوردییدا هێناوەتەئاراو وایکردووە کە خێزانەکان بەتەواویی لە باقی دیکە کۆمەڵگە دانەبڕێن.

[22] Teodor Shanin, The Awkward Class: Political Sociology of Peasantry in a Developing Society: Russia, 1910–1925 (London, 1972).

ئامانجم لەم کارە کۆڵینەوەیە لە ستراکتۆری ئابووری کوردستان، لە رابردووو ئێستادا، هەروەها بەدواداچوونی پەرەسەندنێتی لە رابردووە کۆچەرییەکەیەوە بۆ کشتوکاڵییە-نیشتەجێ لادێییەکەی ئێستای. هەروەها کۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕانکارییە ستراکتۆرییەکان لە ئابووریی کوردییدا لەگەڵ دواکارییە سیاسییەکانی واتە نەتەوایەتیی کوردیی، دیارە ئەوەندەی لە توانای تێبینیکردن و هەڵهێنجاندایە. مشتومڕ لە گواستنەوەی کۆمەڵگەی خێڵەکیی رووبەڕوو لە کوردستان بۆ کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی گوندنشین دەکەم کە سەرەتای دەستپێکی ئەو پرۆسەیەیە تێیدا کوردان خۆیان وەك کۆمەڵگەیەکی خاوەن شوناسی ئیتنی هەماهەنگ ببینن. ئەوەش هەروەها سەرەتای پرۆسەی بەناوەندییکردنی ئابووری، سیاسیی و کارگێڕیی بوو لە وڵاتدا، واتە پرۆسەی کردنی کوردان بە بەشێك لە قەوارەیەکی گەورەتر کە بە "ئێران" ناودەبرێت. هەروەها وەك ئاوڕدانەوەیەکیش لە رابردوو، بریتیە لە پرۆسەی پەرەسەندن و زێدەبوونی ئاگاهیی بە شوناسی نەتەوەیی کوردیی. بۆ روونکردنەوەی ئەمەش، کۆڵینەوەم لە رووداوەکان کردووە هەر لە دووەمین جەنگی جیهانییەوە تاکو دوا قۆناغەکانی ریفۆرمی زەوی ساڵەکانی ١٩٦٢-١٩٦٦. من داتا چەندایەتییەکان شرۆڤە دەکەم تاکو گۆڕانە ئابووریی و دواتر سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی روونبکەمەوە.

من ئەمە دەکەم لە رێگەی یەکەم: کۆڵینەوە لە ژمارەیەك هۆکارگەلی ئابووریی و دیمۆگرافی کە بەشدارییانکردووە لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی لادێنشینی رووبەڕوو لە کوردستاندا. زیاتر لەوەش، لە رێگەی لێکدانەوەی ئەو هۆکارانەی زەمینەیان بۆ هاوبەستەگیی و هەماهەنگیی لەنێو کوردستاندا خۆشکردووە. من تیشك دەخەمە سەر ئەو هەلومەرجە هاندەرانەی وایکردووە کۆمەڵگەیەك خۆی وەك کۆمەڵگەیەکی ئیتنیی- نەتەوەیی فرە پێکەوەپەیوەست ببینێت. دواجار، هێندێك لە بەڵگە ئابوورییەکانی نایەکسانیی لەنێوان کوردستان و ئێراندا شرۆڤە دەکەم وەك دواپێشمەرجی پەرەسەندنی شوناسێکی خاوەن هۆشیاریی نەتەوەیی یەکگرتوو لەنێو کورداندا.

ئەگەرچی گۆڕانە ئابوورییەکان لە ئێراندا نەبوونەتەهۆی دروستبوونی چینێکی سەرمایەداری بەهێز لە گوندە کوردییەکاندا، بەڵام وێڕای ئەوەش بۆتەهۆی دەرکەوتنی چینێکی گەورەی کرێکارە بێزەوییەکان. لەگەڵ بازاڕێکی کاری لاواز لە بواری کشتوکاڵیی کوردییدا کە نەیتوانی ئەو زێدە کارکەرانە بگرێتەخۆ، کۆچکردن بۆ شارەکان بۆتە کەناڵێکی سەرەکیی گواستنەوەی کرێکارانی زێدەی کۆمەڵگە گوندنشینە کوردییەکە بۆ دەرەوە. ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان پێشانیدەدات کە ئەم کۆچکردنە بۆ شارەکان بەشێوەیەکی سەرەکیی لە کوردستاندا سنوورداربوو، لانیکەم لەماوەی ساڵەکانی ١٩٦٠کان و ١٩٧٠کان. ئەوە هێندێك لە شارەکانی وەك سەنەندەج بوو کە ئەم شەپۆلە لە جووتیارانی کۆچەری گرتەخۆ کە لەزەوییەکانی خۆیان هەڵکەنرابوون. ئەگەر مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، مرۆ دەتوانێت ماقووڵانە مشتومڕ لەوبارەیەوە بکات کە تایبەتمەندیی کۆچڕەوی کوردیی زەمینەی بۆ چەسپاندنی ئایدیۆلۆجیی نەتەوایەتیی کوردیی و بەئاگاهاتنەوەی بوونی کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە کوردان لە دەرەوەی گوندەکان و زانیاریی بە سنوورەکانی خۆی، خۆشکرد. تا ئەم ئاستە، پەرەسەندنی

هەلومەرجەکە لە کوردستان لەو هەوڵە هۆشیارییە تێپەڕی کە لەلایەن رووناکبیرە خوێندەوارەکان لەهەرلاوە کاری بۆ دەکرا بۆ بڵاوبوونەوەی ئاگاهییەکی نەتەوەییانە. لەراستیدا، تەنیا ئامرازی سەرەکیی پەلکێشکردنی جەماوەری کورد بۆ نێو جووڵانەوەی نەتەوەیی کە لەلایەن رووناکبیرە خوێندەوارەکانی کوردەوە پێکهات بریتیە لە رێکخراوو پەرەسەندنی میلیشیای میلیی لە شێوەی پێشمەرگەی کوردییدا. تەنانەت لێرەشدا، پێویستە لە رۆڵی تایبەتمەندیی ئابووریش تێبگەین لە گەشەکردنی پێشمەرگەی کورددا. هەروەك هۆبسباوم تێبینیکردووە، ئەو ناوچە گوندنشینانەی کە خەڵکێکی زێدە بێکاریان هەبووو سەرچاوەی کۆچی لادێییەکان بوون بەرەو شارەکان بوون بە لانکێکی نموونەیی بۆ جووتیارانێکی بێزەوی کە دژی دەوڵەت چەك هەڵگرن.[23] لەوەش زیاتر، ئەوانەی کە زۆر دەگونجێت رەبەن بوون و لە کۆمەڵگە لادێییەکەی خۆیان پەراوێزخرابوون، ناشێت بەتەواویی پەیوەندیی خۆیان بە گوندەکانیانەوە بپرێت. هەروەك شرۆڤەکارییەکەمان سەبارەت بە کۆچڕەویی پێشانیدەدات، هەموو ئەم هەلومەرجە لەکوردستاندا بەربڵاوبوو، لانیکەم لەسەرەتای ١٩٦٠ کاندا، ئەوەی هەروەها سەردەمی جووڵانەوەی پێشمەرگایەتیی بوو.

من مێژووی سیاسیی کوردستان و، هەروەها لەرووی رێکەوتیشەوە، پەرەسەندنە ئابوورییەکەشیم بۆ سێ سەردەم دابەشکردووە. یەکەمیان بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بۆ هۆشی خێڵەکیی دەگەڕێتەوە، ئەوەی کە چالاکییە ئابوورییەکانی وەخت تێیدا بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لەسەر تایبەتمەندییەکی کۆچەریی راوەستاوە، کە ئاژەڵداریی و کەمە کشتوکاڵێکە، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانیش بە پلەی یەکەم پشتیان بە پەیوەندیی رووبەڕوو لەنێو کۆمەڵگەدا بەستووە. بە بەراورد بە کۆمەڵگە" -one class/ تاك–چین"ەکەی پێش– پیشەسازیی لاسلێتس لە ئینگلتەرا،[24] لە کۆمەڵگەی کۆچەرییدا، هەموو بنەماڵەیەك رێزی خۆی هەبوو، هەروەها رێزیشیان بۆ کۆمەڵگە هەبوو، هەروەها هەر بنەماڵەیەك لانیکەم خاوەنی ئامرازو شێوازەکانی ژیان و گوزەرانی خۆیان بوون. یەکسانییخوازیی سەرەتایی بریتیبوو لە تایبەتمەندیی ئەم جۆرە هاوبەستەگییە ئابوورییەو لەگەڵ کۆمەڵگە کۆچەرییەکەدا دەهاتەوە. بۆ دڵنیابوون، جیاوازییەکی زۆری دەسەڵات هەبوو، بەڵام هەر ئەندامێك خاوەنی دەنگی خۆی بوو، ئەگەرچی نفوزی جیاوازیشیان هەبوو. لەکاتێکدا ململانێی بەرژەوەندیی لە کۆمەڵگەیەکی بەم چەشنە بەشێوەیەکی رێژەیی سنووردارببوو، سەرۆکخێڵەکان زیاتر بەشێوەی سەرکردەی سروشتیی لەقەڵەمدەدران تاکو دادۆشەرو موستەغلێك بۆ ئەو ئەندامانەی خوارەوەی کۆمەڵگەکەو لەکاتی ماوەی قەیراندا سەرکرایەتییان دەکردن. یەك لەو قەیرانانە بریتیبوو لە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی توندوتیژ لەهەمبەر خێڵە کوردییەکان کە لەلایەن رەزاشاوە سەرکردایەتیی کراو بووەهۆی شۆڕشەکەی ئیسماعیل ئاغا سمکۆ. ئەم شۆڕشە هێزو توانای خۆی لەو هاوبەستەگیی و هەماهەنگییە رێژەییەوە وەردەگرت کە

[23] E. J. Hobsbawm, Bandits (London, 1969), ch. 2, 30–40.
[24] See P. Laslett, The World We Have Lost (New York, 1973).

تایبەتمەنـدیی کۆمەڵگەیـەکی خێڵـەکیی رووبـەڕوو بـوو. هەرچـەندە، شۆڕشـەکە ریـشەی خـۆی لـە ئابووریـیـەکی کۆچـەریی رووبـەڕووو کۆمەڵگەیـەدا داکوتـابوو کـە زادەی نـەبوونی دابەشـبوونی کۆمەڵایەتیی و هەروەها ئەو ستراکتۆرە یەکسانییخوازانەیەی کۆمەڵگەی کۆچەریی بوو، ئەوەی زۆربەی بڕیارگەلـە سیاسـیی و کۆمەڵایەتییـەکانی کۆمەڵگەکـە بـە شـێوازێکی رووبـەڕوو وەردەگیرێـت، لەبـەر ئـەم هۆیەش بوو کە جووڵانەکەو رێبەرایەتییەکەی نەیانتوانی وەك ئامـانجێکی بنـەڕەتیی و لەپێشینە درك بـە شناسایی نەتەوەی کورد بکەن. بەڵکو ئەوە جووڵانەوەیەك بوو دژی سەرهەڵدانی حکومەتێکی ناوەنـدیی بەهێز لەلایەن یەکێك لە سەرۆکخێڵە بەهێزەکان کە نفوزو دەسەڵاتی کەمکرابووەوە. راپەڕینەکەی سمکۆ مشتومڕی لەبارەوە دەکرێت بۆئەوەی هەلومەرجە وابەستە سیاسییەکەی ئەم قۆناغە روونبکرێتەوە.

دووەمین قۆناغ هاوکاتە لەگەڵ حکومی رەزاشـا و سیاسـەتەکانی لەمـەڕ خێڵـەکان، کـە دەرئەنجامەکـەی سـەرکوتکردنی راپـەڕینی خێڵـەکان و هـەروەها فراوانکردنـی کۆنترۆڵی حکومـەتی ناوەنـدیی بـوو بەسـەر مەڵبەندی خێڵەکاندا. ئاکامی مامەڵـەی وەحشییانەی رەزاشـا لەهەمبـەر خێڵـە کوردییـەکان بریتیبـوو لـە جووڵانـەوە کوردییەکـەی سـاڵی ١٩٤٦ لـە مەڵبەنـدی مـەهاباد. ئەمـە سـەردەمی هۆشـی نەتەوەییـە لـەنێو رێبەرانی کورددا لەئێران و هەروەها دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانە بە زمانێکی روونی نەتەوەیی.من گفتوگۆ لـەبارەی دامـەزراوە کۆمەڵایـەتیی، ئـابووری و کەلتووریـیـەکان، هـەروەها رێبەرایـەتیی، و رێکخـراوە سیاسـیی و ئایدیۆلۆجییـەکانی ئـەم جووڵانەوەیـە دەکـەم تـاکو پەرەسـەندنی کۆمەڵگـەی کـوردیی هاوسـەردەمی سمکـۆ روونبکەمـەوە. مـن بـاس لـە کۆمـارە کوردییەکـەی سـاڵی ١٩٤٦و سـیما و تایبەتمەندییـەکانی وەك جووڵانەوەیـەکی نەتـەوەیی دەکـەم. جووڵانەوەکـە تایبەتمەنـدیی "سـستە شـۆڕش"ی هەیـە[25] کـە بایـەخێکی کـەمی بـە بەشـداریی هـۆردوی کۆمـەڵانی خـەڵك داوە. خوێنـدەوارانی شارەکیی کە لە سنووڕێکی جیۆگرافی بەرتەسکدا بوون، هـەروەها پێشنیازکردنی ریفـۆرمێکی سنووردار بۆ جووتیارانی کورد بەشێوەیەکی سـەرەکیی رێبەرایـەتیی کـرد لەکاتێکدا یـەکێتی سـۆڤیەت پـشتگیریی دەرەکییان بۆ دابینکرد. کۆمارەکە تەمـەنێکی کـورتی هـەبوو، ئـەو ریفـۆرمـە کۆمەڵایـەتیی و ئابوورییانـەی لەلایەن کۆمارەکەوە بانگەشەی بۆ کرا لەوەی کە بەتەواوی مامەڵە لەگەڵ خێڵگەرایی، موڵکداریی زەوی و ریفۆرمی زەوی بکات، شکستیهێنا. ناکاریگەریی ریفۆرمێکی بەم چەشنە بۆ نەبوونی ویست و خواستی ئەوانـە ناگەڕێتـەوە کـە بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد، بـەڵکو بـۆ بێتوانـایی ئـەوان دەگەڕێتـەوە لـە ئەنجامـدانی کـارێکی ئـەوتۆدا. ئەمـەش بەشـێوەیەکی زێـدەتر بـەهۆی ئـەوەوەبوو کـە هێـزی سـەرەکیی سـەربازیی کۆمارەکە لەلایەن سەرۆکخێڵەکانەوە دابینکرابوو کە بۆخۆیان موڵکدار بوون.

قۆنـاغی سـێیەم بـە بەرنامـەی ریفـۆرمی زەوی شـا دەسـتپێدەکات، هەرچـەندە ئـەم بەرنامەیـە لـە بەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانییدا سەرکەوتوو نەبوو، وێڕای ئەوەش کۆمەڵگەی کوردیی بەشێوەیەك گۆڕانی بەسـەرداهات کـە نـەیتوانی خـۆی لـێ لابـدات. مـن بەشـدارییکردنی کوردانم لـە شۆڕشـی سـاڵی

---

[25] بۆئەم بیرۆکەیە سەیری ئەنجامگیریی ئەم کارە بکە.

١٩٧٩دا لە ئێران هەڵبژاردووە تاكو پەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوەیی كوردیی پێشانبدەم لەپاش رووخاندنی كۆمارە كوردییەكە لە ساڵی ١٩٤٧دا، هەروەها بۆئەوەی ئەو جیاوازیی و لێكچوونانەی نێوان هەر دوو رێكخراوە كوردییە نەتەوەییە سەرەكییەكە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا، شرۆڤە بكەم.

ئەوەی تایبەتمەندیی سێ قۆناغەكەی هۆرچس پێكدەهێنێت و بەشێوەیەكی تایبەت پەیوەندیی بە شیكردنەوەكەمانەوە سەبارەت بە نەتەوەیی كوردەوە هەیە بریتیە لە گرتنەخۆی پرۆسەی تەیاركردنی هۆردوی كۆمەڵانی خەڵك وەك بەشێكی تەواوكەری شیكاریی پەرەسەندنی نەتەوایەتیی، ئەوەی كە قۆناغی پێگەشیتنی تەواوێتی و گواستنەوەیە لە قۆناغی دووەمەوە بۆ سێیەمین قۆناغ. هەروەها ئەم كۆڵینەوەیە نەك تەنیا بایەخدەدات بە پرۆسەی مێژوویی پشكوتن و شكۆفەی ئینڵجێنسیای نەتەوایەتیی، بەڵكو زۆر لەوە گرنگتر بایەخ بەو گۆڕانكارییە فرە نوێیانە دەدات كە هۆردوە بنەڕەتییە خێڵەكییەكەی كوردستانی بۆ نێو جووڵانەوەی نەتەوایەتیی كوردیی پەلكێشكرد. دواتر پرۆسەی تەیاركردنی نەتەوەیی خەڵكانێكی دیكەی لادێیی ناخێڵەكییش شوێنێكی گرنگ لەم كارەدا داگیردەكات، هەروەها لێرەدا گرنگیی دەدرێتە ئەو هۆكارانەی كە زەمینە بۆ گواستنەوە لە قۆناغی كۆمەڵگەی رووبەڕووەوە بۆ كۆمەڵگایەك دەخولقێنن كە لەسەر بناغەی شوناسی نەتەوەیی راوەستاوە.

لەم پرۆسەیەدا، جەخت لە حەشاماتێك دەكرێتەوە كە بەرەو ئەوەدێت خۆی وەك گەلێكی جیاوازو نەتەوەیەكی جیا ببینێت، نەك سەبارەت بە بەدیهێنانی دەوڵەتێكی نەتەوەیی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی. تایبەتمەندیی هەندێك بایەخی ئەم كۆڵینەوەیە سەبارەت بە نەتەوایەتیی كوردیی لە ئێران لەوەدایە كە وێڕای ئەوەی بۆماوەیەكی كورت لەساڵی ١٩٤٦دا خاوەنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ بووە، بەڵام بەگشتی هەر لەساڵی ١٩٤٦ەوە بەدوای "خودموختاری"دا وێڵە. بەهەرحاڵ، دەستپێڕاگەیشتنی جووڵانەوە نەتەوەییەكان بە دەوڵەتی نەتەوەیی تەواو سەربەخۆ پشتدەبەستێت بە واقیعە سیاسییەكان. مەسەلەكە لێرەدایە كە دەشێت جووڵانەوەگەلێكی نەتەوەیی هەبێت كە، وێڕای ئەوەش، لەسەر شتێكی ئەوتۆ ساغ بێتەوە كە كەمترێكە لە دەوڵەتی سەربەخۆ، بەوەش ئەوەی دواتریان وەك سیمایەكی گشتیی نەتەوایەتیی بەكاربهێنرێت.

ئەم كتێبە بۆ شەش بەش دابەشكراوە. بەشی یەكەم پێشەكییەكی گشتییە سەبارەت بە كوردو كوردستان. بەشی دووەم مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجی ئابووریی كۆمەڵگەی كوردیی لەئێراندا دەكات لەسەرەتای ساڵەكانی ١٩٢٠كان، لەو ماوەیەدا كە حكومەت سیاسەتگەلێكی سەبارەت بە خێڵەكان گرتبووەبەر كە پرۆسەی كۆتاییهێنانی ئابووریی خێڵە كۆچەرەكان بوو. لە بەشی سێیەم و چوارەمدا، لەدوو دیدی جیاوازەوە باس لە دوو جووڵانەوەی كوردیی دەكەم، كە یەكێكیان بۆ قۆناغی هۆشی خێڵەكیی دەگەڕێتەوە و ئەوەی دیكەشیان بۆ ئاگاهیی نەتەوەیی. پاش ئەوەی كۆمەڵگەی كوردیی بووە بەشێك لە بازاڕی ئابووریی پەرەسەندووی ئێرانیی، گۆڕانی نوێ لە ستراكتۆری ئابووریی و كۆمەڵایەتییدا هاتەكایەوە. ریفۆرمی زەوی شا لەساڵی ١٩٦٦دا بابەتێكی بایەخداری ئەم قۆناغەیە. من لەبەشی پێنجەمدا مشتومڕ لەبارەی كاریگەری ریفۆرمی زەوی لەسەر كۆمەڵگەی كوردیی دەكەم. دوا

بەش باس لە دەرکەوتە سیاسییەکانی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان لە کۆمەڵگەی کوردییدا دەکات لەماوەی سێ دەیەی دواییدا، هەروەها بایەخ بە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی و داواکارییە سیاسیی و جیاوازییە جیۆگرافیی و ئایدیۆلۆجییەکانی دراوە لەکات و پاش شۆڕشی ئێرانیی ساڵی ١٩٧٩دا. لەبەرئەوەی چالاکییەکانی ژیانی ئابووری لە کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتیی وەرزێرییە، زۆربەی ئەو داتا ئابوورییانەی لێرەدا شیکراونەتەوە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و چالاکییە ئابوورییە وەرزێرییەکانی دیکە دەگەڕێتەوە.

زۆربەی ئەو ئامارانەی لە بەشە ئابوورییەکاندا بەکارهاتوون لەو ئامارانەوە وەرگیراون کە لەلایەن ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێرانەوە بڵاوکراونەتەوە، یاخود ئەو کۆڵینەوانەی لەلایەن دامەزراوەی توێژینەوە و کۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تارانەوە ئەنجامدراون، لەوانەش:

* مستەفا ئەزکیا، (خوشنشینان کردستان/ جووتیارانی بێزەوی کوردستان) (دامەزراوەی توێژینەوە و کۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تاران، ١٩٧٦). لەم کۆڵینەوەیەدا، بەشێوەیەکی ڕەمەکیی ٤٩ گوندی کوردیی هەڵبژێردراون و کۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە. ئەم کۆڵینەوەیە ٢٣٢ بنەماڵەی خۆشنشین یان بێزەوی و ٢٠٠ بنەماڵەی خاوەن موڵکی "زراعی" گرتۆتەخۆ. بە بڕوای من ئەم کۆڵینەوەیە زۆرترین زانیاریی سەبارەت بە وێناکردنی ئابووریی و دیمۆگرافیی کوردستانی ئێران فەراهەمدەکات، هەروەها لەوانەیە باشترین کۆڵینەوەی بەردەست بێت لە جۆری خۆی سەبارەت بە هەر هەرێمێکی کوردستان.

* (بررسی نتایج اصلاحات ارضی در هفت منطقة/ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئاکامەکانی ریفۆرمی زەوی لە حەوت هەرێمدا) (دامەزراوەی توێژینەوە و کۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تاران، ١٩٦٩) کۆڵینەوەکە ئاکامی بەرنامەی ریفۆرمی زەوی لە دوو هەرێمی کوردیی، سەنەندەج و قەسری شیرین، دەگرێتەخۆ.

* سێیەم کاریش بڵاوکراوەیەکی دیکەی زانکۆی تارانە: شەهلا رافعی و شاداب وجدی، شرکت سهای زراعی فرح: سنندەج/ کۆمپانیای کشتوکاڵیی فەرەح) (دامەزراوەی توێژینەوە و کۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تاران، ١٩٦٩). غولام حەسەن بابایی دووەمین قۆناغی ئەم کۆڵینەوەیەی لەساڵی ١٩٧١دا ئەنجامداوە. ئەم کۆڵینەوەیە باس لە ئاکامەکانی ریفۆرمی زەوی لە کۆمپانیای فەرەح دەکات، ئەوەی کە لەماوەی ساڵانی ریفۆرمی زەویدا دامەزرابوو.

* دواجار، کۆتا لێکۆڵینەوە لەلایەن ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەوە ئەنجامدراوە بەناوی ( مقدمە بر شناخت مسائل اقتصادیو اجتماعی جمعی عشائری کردستان/ پێشەکییەك سەبارەت بە ناسینی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی خێڵەکیی کوردستان) (ڕێکخراوی پلاندانان و بودجە، ١٩٧٩).

سەبارەت بە بەشە مێژووییە سیاسییەکانم، وەك سەرچاوەیەکی ماتریاڵی بنەڕەتی، گەڕاومەتەوە بۆ هێندێك لە ڕاپۆرتەکانی ئۆفیسی تۆماری گشتیی، هەندێك چاوپێکەوتن، هەندێك ڕۆژنامەی سەردەمەکە، هەروەها ئەدەبیاتی ڕێکخراوە کوردییەکان. هەروەها سوود لە زۆربەی سەرچاوە پلەدووەکان کراوە. نەخشەکانی ٢،١،٤،٣ لە کتێبەکەی: ماکدۆواڵ دی.ئەی، مێژووی هاوچەرخی کوردستان، لەندەن، ئای بی تۆریس، ١٩٩٦) وەرگیراون.

هەروەها "ڕیبێەری گۆڤاری نێودەوڵەتیی کۆڵینەوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست"م بۆ وەرگرتنی تێبینی و وەرگێڕانی دەنگیی بەکارهێناوە.

# بەشی یەکەم: کوردو کوردستان

### دەروازە

لەم بەشەدا، هەوڵدەدەم ئەوە بناسێنم کە چ خەڵکانێك بە کورد ناسراون، و خۆیان پێ کوردە، هەروەها ئەو ڕێگەیەی کە ئەوانی پێ دەگەڕێنەوە بۆ کورد لەو دەوڵەتە نەتەوایەتییانەی دیکەی ئێستاکە لەئارادان. دەبێت تایبەتمەندییە کەلتوورییە کوردییەکان، چالاکییە ئابوورییەکان، هەروەها مێژووی سیاسیی بەکورتیی گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت. کوردستانی ئێرانیش بە درێژیی قسەی لەبارەوە دەکرێت.

لەوانەیە کوردان خێڵگەلێکی هێندۆ-ئەوروپیی بن کە هاتوونەتە ئەو ناوچە شاخاوییانەی جیۆگرافیای نزیکەی کوردستانی ئێستاو لەنێو دانیشتووانەکەیدا کە سۆمەریی، بابلیی و ئاشووریی بوون نیشتەجێبوون. لەوەش زیاتر، زۆربەی سەرچاوەکان بڕوایان وایە کە کوردان نەوەی میدییەکانن، ئەوانەی کە لە باکوورەوە هاتن، زۆر دەگونجێت لە هەرێمی قەفقاسەوە، لەماوەی نێوان هەزارەی دووەمو یەکەمی پێش زایندا.[1]

وێڕای ئەو تەمومژەی لەبارەی بنەچەی کوردانەوە هەیە، کۆدەنگییەکی گشتیی هەیە لەنێوان خودی کوردانو ئەوانەشی ئاماژەیان بۆ خەڵکانی دیکە وەك کورد داوە، سەبارەت بەوەی کە کوردان کێن؟[2] دیدێکی تەواو ورد نییە بەڵام کۆدەنگییەکی گشتیی هەیە کە کوردان کەلتوورو زمانێکی جیاوازو تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەوەی وردەکارییەکەی لە هەرێمە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا جیاوازە. بەڵام ئەوان زیاتر هاوشێوەی یەکترنو لەیەکدەچن تاکو ئەوەی لەو گروپە ئیتنییانە بچن کە لە ناوچەکەدان، بەتایبەت عەرەبو تورکو فارسەکان. هەروەها کوردان لە ناچەیەکی جیۆگرافیی جیاوازدا دەژین. هەرچەندە، لێواری ئەم جیۆگرافییایە بەشێوەیەك دەکشێتو بەرتەسك دەبێتەوە کە پشتدەبەستێت بەوەی کە کێ پێناسەی سنوورەکان دەکات. وێڕای ئەوەی ناوەندێکی ئاشکرا هەن کە دەگونجێت وەك ناوەندی کوردیی پێناسەبکرێن. هەرچەندە، ئەوەی ئاشکراترین پێناسەیە بریتییە لە ئاستی هۆشە ئیتنییە-نەتەوەییەکە لەنێو خەڵکی هەرێمەکەدا. ئەوان وێڕای جیاوازییەکانیان لەڕووی چالاکییە ئابوورییەکانیان، هەروەها پەرەسەندنی سیاسیی و ئابووریی و مێژووی هاوچەرخیان، خۆیان بە کورد ناودەبەن، لەبەرئەوەی ئەوان وا هەستدەکەن کە کەلتووریان، پەرەسەندنی ئابووریان، هەروەها خولیا سیاسییەکانیان لەنێو سنووری ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی ئەمێستا لە ناوچەکەدا دانیاپێدانراوە، لەلایەن ئەو نەتەوانەی فەرمانڕەوایەتییان دەکەن، سەرکوتکراون. ئەمە ئەو خاڵەیە کە کوردانو ئەوانەشی هەوڵی پێناسەکردنیان داون لەسەری کۆکن. بۆ نموونە، ماکسیم ڕۆدێنسۆن لەبارەی کوردانەوەی وتویەتی کە:

خەڵکانێکن خاوەن زمانو کەلتووری خۆیان، لەناوچەیەکی جیۆگرافی هاوشێوەدا دەژینو بەگشتیی ئەو تواندنەوە کەلتوورییە ڕەتدەکەنەوە کە هەوڵدەدرێت لەلایەن ئەوانی دیکەوە بەسەریاندا سەپێنراوە. ئەم خەڵکە لەماوەی زیاتر لە سەدەیەکدا ناوەناوە هۆشی خۆیان وەك قەومێکی تایبەت یان گروپێکی نەتەوەیی پێشانداوە کە هەڵسوڕاون بۆ

---

[1] Hassan Arfa, The Kurds (London, 1966), 2.

[2] ئەمە بەشێوەیەکی گشتی پێناسە فەرمییەمانی حکومەت تاگرێتەخۆ، لەکاتێکدا هەمیشە هەوڵی ئەوتۆ هەیە لەلایەن حکومەتەکانی ئێرانو تورکیاو عێراقەوە کە نکۆڵیی یان سنووردارییی بوونی شوناسی کوردیی بکەن.

پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسیی تایبەت بەخۆیان‌و هەروەها ئەوەی کە بەشێوەیەکی خودموختار بڕیارەکانی خۆیان بدەن."[3]


چەمکی "کوردستان" دەستەواژەیەکی جیۆگرافییەو پێگەو ڕەوایەتییەکی نێودەوڵەتیی نییە. هیچ کات لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی دانەمەزراوە. ئەم چەمکە ئاماژە بۆ هەرێمێك دەکات کە نزیکەی تەواوی دانیشتووانەکەی کوردن‌و لەتورکیاوە بۆ سوریا، عێراق‌و ئێران درێژدەبێتەوە. هەرچەندە، لەهەندێك ناوچە، بەتایبەت لە دەرەوەی ناوەندی کوردستان، گروپی ئیتنی دیکە: عەرەب، فارس، ئازەرو تورك، لەگەڵ کوردانندا دەژین. لە بەشی ڕۆژئاوای ناوچە کوردییەکاندا، گوندی عەرەب‌و تورکان تێکەڵ بەوانەی کوردان دەبن‌و هەروەها ئەوانیش وێڕای کەلتووره هاوبەشە دەشتەکییەکە بەشداریی لە کەلتووریی "چیایی" دا دەکەن. ئازەرییەکان دەکەونە ڕۆژهەڵات‌و باکووری کوردستانەوە، لەوێدا لە شارۆکەو گوندەکاندا، کوردو ئازەر پێکەوە دەژین‌و کەلتووریان تێکەڵ بەیەکتر دەبێت، کە شوێنی خۆیان لەسەر یەکتر جێدەهێڵن. لە باکوور، لە ناوچە کوردییە–تورکییەکە، دانیشتووانی تورك زمان بەشداریی لەگەڵ کوردانندا دەکەن. لە کرماشانەوە بەرەوخوار، کوردان لەگەڵ لوڕو بەختیارییەکاندا تێکەڵ دەبن، ئەوانەی کە تایبەتمەندیی کەلتووریی فرە هاوبەشیان لەگەڵ کوردانندا هەیە. هێندێك لە کوردان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لوڕو بەختیارییەکانیش کوردن، هەرچەندە، زۆربەی ئەوانەی دواتر ئەم بانگەشەیە ڕەتدەکەنەوە.[4] وێڕای زۆرینەی مەزنی دانیشتووانی کورد کە لەوناوچاندا گردبوونەتەوە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، کەمینەی کوردیی بچووکیش هەروەها لە ئەرمینیا، گورجستان، ئازەربایجان‌و لوبناندا دەژین.

لەرابردوودا، دژواری ئیتنیی لەنێوان کوردو ئەو غەیرەکوردانەی لە هەمان ناوچە ژیاون بەئەندازەیەکی زۆر نەبووە، هەروەها هەرکاتێك لەهەر بڵاوکراوەیەکی سیاسیی کوردییدا باس لە غەیرەکوردەکانی ناوچە کوردییەکان کرابێت، ئەوا جەخت لە هەماهەنگیی کۆمەڵایەتیی‌و ڕێزی دوولایەنە کراوەتەوە. بۆ نموونە، لە ٢ی مارتی ١٩٧٩، لەکاتی شۆڕشی ئێرانییدا، حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا) بەرنامەیەکی بۆ خودموختاری کوردستان لەچوارچێوەی ئێراندا پێشکەشکرد. بەرنامەی پێشنیازکراو داوای هەمان مافی یەکسانی بۆ ئەو غەیرەکوردانە کردبوو کە لە ناوچە کوردییەکاندا دەژیان: هەموو کەمینە ئیتنییەکان لە کوردستان هەمان مافی یەکسانیان دەبێت‌و ڕێگەیان پێدەدرێت زمان‌و دابونەریتی خۆیان بەکاربێنن.[5] لەوەش زیاتر، بەرنامەکە "ئازادیی وتن‌و بڵاوکردنەوە، مافی خۆڕێکخستن، چالاکییە پیشەییەکان"ی لە کوردستانێکی خودموختاردا زامنکردبوو، ئەوەی بە ئەو غەیرە کوردانەش ڕەوا بینیبوو کە لە کوردستاندا دەژین.


هەرچەندە، واقیعی پەیوەندییەکانی نێوان کوردان‌و غەیرە کورد لە هەرێمە کوردییەکان چۆن دەبێت کاتێك دەوڵەتێکی کوردیی یاخود هەرێمێکی کوردیی خودموختار دێتەکایەوە ماوە ببینرێت. لەماوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئێرانی لەساڵی ١٩٧٩دا، کاتێك جووڵانەوەی کوردیی هێزێکی چەکداریی‌و سیاسیی بەرچاوی بەدەستهێناو پرسی

---

[3] Gerald Chaliand (ed.), People without a Country (London, 1980), 4.
[4] David McDowall, The Kurds: A Nation Denied (London, 1992), 8.
[5] For the translation of the KDPI autonomous plan, see Charles MacDonald, 'The Kurdish Question in the 1980s,' in M. Esman and I. Robinovich (eds), Ethnicity, Pluralism, and the State in the Middle East (Ithaca, NY, 1988),




نەخشەی یەکەم: کوردستان، پێگەو هەرێمە بنەڕەتییەکانی.




**نەخشەی دووەم: دابەشبوونی کورد لە تورکیا و ئێراندا.**

خودموختاری کوردان‌و سنوورەکەی گفتوگۆی لەبارەوە کرا، دژواریی‌و کێشمەکێش لەنێوان دانیشتووانی کورد‌و ئازەری لە هێندێك بەشی هەرێمی رەزائیە کە کورد‌و ئازەر تێیدا نزیك لەیەکتر دەژیان، سەریانهەڵدا.[٦]

کۆدەنگییەکی ئاشکرا لەسەر سنووری کوردستان نییە. لەسەر هێندێك نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستان وەك ناوچەیەکی چیایی ئاماژەی بۆکراوە کە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیاوە درێژ دەبێتەوە بەئاراستەی دوورترین بەشی باکووری عێراق بەرەو ناوچە ناوەندییەکان لەنێوان لێوارەکانی ئەوپەڕی باکوورو باشووری سنووری رۆژئاوای ئێران. هەرچەندە، ئەو خاکەی لەلایەن زۆربەی سەرچاوە کوردییەکانەوە وەك کوردستان بانگەشەی بۆدەکرێت زۆر بەرفراوانترە. بۆ نموونە، قاسملو بەم شێوەیەی خوارەوە سنووری کوردستانی دەستنیشانکردووە:

لە شیمالی رۆژهەڵاتی لوتکەی ئاراراتەوە خەتێکی راست دەستپێدەکات بەرەو باشوور بۆ بەشی باشووری زاگرۆس‌و پشتکۆ دێتەخوارێ، لەوێ ڕا خەتێکی راست بۆ لای خۆرئاوا دەکێشین هەتا دەگاتە شاری موسڵ لە عێراق، لەوێوە خەتێکی راست بۆ لای رۆژئاوا کە لە موسڵەوە دەگاتە بەشی تورکنشینی ویلایەتی ئەسکەندەرونەو لەو خاڵەوە خەتێك بۆلای باکووری رۆژهەڵات رادەکشێ تادەگاتە ئەرزرۆم لە تورکیا، پاشان لە ئەرزرۆمەوە خەتێك بەرەو رۆژهەڵات دێ تا دەگاتەوە لوتکەی ئارارات."[٧]

بەوەش، بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، تێکڕای ناوچەی کوردستان نزیکەی ٤٠٩,٦٥٠ کیلۆمەتر دووجا لە خاك داگیردەکات کە ١٩٤,٤٠٠ کیلۆمەتر دووجای دەکەوێتە نێو تورکیا‌و ١٢٤,٩٥٠کیلۆمەتر دووجاشی دەکەوێتە نێو ئێران‌و ٧٢,٠٠٠ کیلۆمەتر دووجاش دەکەوێتە نێو عێراق‌و ١٨,٣٠٠ کیلۆمەتر دووجاش لە سوریا.


ئەو ئامارانەی هەن سەبارەت بە ژمارەی کوردان کە لە چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیا‌و سوریا دەژین جێگای پشتپێبەستن نین. هۆکاری جیاوازیش بۆ ئەمە هەیە، هەرچەندە، ئەمە بەشێوەیەکی سەرەکیی بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە لە لایەکەوە ئەو حکومەتانەی دژایەتیی نەتەوایەتیی کوردیی دەکەن بەئەنقەست ژمارەی دانیشتووانی کورد کەمتر پێشاندەدەن، لەلایەکی دیکەوە، کوردە نەتەوەییەکان بۆخۆیان زێدەڕۆیی لە ژمارەی خۆیاندا دەکەن. خشتەی (١,١) زۆرترین‌و کەمترینی ئەو ژمارانە دەخاتە بەرچاو کە لەساڵی ١٩٨١دا سەبارەت بە دانیشتووانی کوردستان دراون.

**خشتەی ١,١ : دانیشتووان**


| وڵات | کەمترین | زۆرترین |
|---|---|---|
| تورکیا | ٣,٢٠٠,٠٠٠ | ٨,٠٠٠,٠٠٠ |
| ئێران | ١,٨٠٠,٠٠٠ | ٥,٠٠٠,٠٠٠ |
| عێراق | ١,٥٥٠,٠٠٠ | ٢,٥٠٠,٠٠٠ |
| لوبنان | ٤٠,٠٠٠ | ٧٠,٠٠٠ |
| سوریا | ٣٢٠,٠٠٠ | ٦٠٠,٠٠٠ |
| ئەرمینیا، جۆرجیا، ئازەربایجان | ٨٠,٠٠٠ | ٣٠٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتیی | ٦,٩٩٠,٠٠٠ | ١٦,٤٧٠,٠٠٠ |

[6] نموونەی کەمیی هەماهەنگیی‌و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان کورد‌و هاوسێکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٥ کاتێك هێندێك کورد یارمەتی سوپای عوسمانییاندا کە ئەرمەنییەکان بکوژن‌و لە ناوچە کوردییەکان دووریان بخەنەوە. چەند ساڵێك دواتر ئەرمەنییەکان، لەبەرئەوەی ئەم هاوکارییەی کوردیان لەو جینۆسایدەدا لەبرنەچووبووەوە، هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەیان لە کوردان کرد.

[7] Abdul Rahman Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds (London, 1965), 14.




**نەخشەی سێیەم: خێڵە کوردییە سەرەکییەکان.**




**خشتەی چوارەم: زمانی کوردیی**

لەکاتێکدا کوردان لەژێر دەسەڵاتی شەرعیی دەوڵەتانی جیاوازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین، مرۆ دەتوانێت هێشتا لە کەلتوورێکی هاوبەش قسان بکات کە مرۆ دەتوانێت بەگوێرەی ئەو کەلتووره کوردانێکی دووره دەستی گورجستانو کوردانێکی سوریا بناسێت. جیاترین سیماو تایبەتمەندیی کەلتووری کوردیی بریتیە لە زمانی کوردیی، کە کوردان لە دراوسێکانی جیادەکاتەوە. زمانی کوردیی بۆ خێزانی هێندۆ-ئەوروپییەکان دەگەڕێتەوە، هەرچەندە، لە تەواوی ناوچەکە بە کوردیی قسان دەکرێت، مرۆ ناتوانێت بێئاگابێت لە بوونی ژمارەیەکی زۆر زارو دیالێکتی وەك کورمانجیی، سۆرانیی، زازا و هەروەها کرماشانیی. ئەم جیاوازی زارە وایکردووە هێندێك جار پەیوەندییکردن لەنێوان کوردانێکی دانیشتووی هەرێمە جیاوازەکاندا زۆر سەخت بێت. گرفتێکی دیکە لە شێوەی نووسیندا دەردەکەوێت، زمانی کوردیی بە ئەلفوبێی عەرەبیی، لاتینیی دەنووسرێت، لە حاڵەتی کورمانجی لە ئەرمینیا، گورجستانو کۆماری ئازەربایجان، بە ئەلفوبێی سیرلیك دەنووسرا. ئەم جیاوازییانە گرفتی پەیوەندییکردن زێدەتر دەکەن.

کوردان بەگشتیی موسوڵمانن، زۆربەیان بڕواداری سوننەنو سەربە مەزهەبی شافیعیین. هەرچەندە، لە ئێران، لەناوچەی کرماشان، خێڵی کوردیی شیعە هەن. ڕێبازی ئاینیی دیکە هەن کە شوێنکەوتووانی کوردیان هەیە وەك : عەلەویی، ئەهلی حەق (هەردووکیان بەشێکن لە شیعەگەرایی)، هەروەها ئێزیدییەکان. لانیکەم تا ئەو دواییەش، چەندین کۆمەڵی جوولەکەو کریستیانی لەنێو کوردانندا دەژیان، چ لەنێو گوندی جیا یاخود لەهەمان گونددا. کریستیانییەکان سریانی ئەرسەدۆکسو ئاسووریو ئەرمەنین.

لەوانەیە دیارترین تایبەتمەندیی چالاکییە ئابوورییەکان لە کوردستاندا ئەو ڕاستییە بێت کە دابەشبوونێتی لەنێوان دەوڵەتانێکی جۆربەجۆردا. ئەوەش وایکردووە هەر پارچەیەکی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە گرێدراوی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە بێت کە پێوەیەوە لکێنراوەو دابڕابێت لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. ( ئەم خاڵەش، بایەخێکی مەزنی هەیە لە پەیوەست سەبارەت بە پرسی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو) هەرچەندە، چالاکیی سەرەکیی ئابووریی لە کوردستان بریتیە لە کشتوکاڵو بەخێوکردنی ئاژەڵ. نەوت لە مەڵبەندەکانی کوردستاندا دەردەهێنرێت: لە کەرکوكو خانەقین لە عێراق، لە کرماشان لە ئێران، هەروەها لە سیرت لە تورکیا.[8]

## کورتە پێشینەیەکی مێژووی نەتەوەیی کورد

بەختی سیاسیی کوردان لە ڕابردوودا لەلایەن ڕووداوگەلێکەوە دیارییکراوە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی کورددا بووە. ڕەوشی کوردستانە تورکییەکە لەپاش یەکەمین جەنگی جیهانییو دوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆریی عوسمانیی، پێشانیدەدات کە خولیاکانی کورد بۆ مافی دیارییکردنی چارەنووس چەندە لەرۆزكو نەپارێزراوە.

ئایندەی کوردان بەرەو ئەوە دەچوو کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وەك گرفتێکی جیددیی درك بکرێت، بەتایبەت پاش جەنگی ١٩١٤-١٩١٨. حکومەتەکانی ئەوروپا، لە پەیمانی سیڤەردا، بەشێوەیەکی کاتیی لە بەندی ٦٢ و٦٤دا دانیان بە بانگەشەی کورداندا نا، ڕێکەوتننامەکە، کە لەلایەن هاوپەیمانانو هەروەها تورکیاوە ئیمزاکرا، بە دیارییکراوی مەرجداری کردبوو کە کوردان ڕێگەیان پێبدرێت "خودموختارییەکی خۆجێ" ئەزموون بکەن. ئەو دوو بەندەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بەشێکی بەم چەشنەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

---

[8] Ibid., 85.

بەندی ٦٢ :" کۆمسیۆنێك کە لە ئەستەمبوڵ بارەگا دەخات کە لە سێ ئەندام پێکدێت و لەلایەن حکومەتەکانی بریتانیا، فەرەنساو ئیتالیا دادەمەزرێن، کە لەماوەی شەش مانگ لە رۆژی جێبەجێکردنی ئەم رێکەوتننامەیەوە نەخشەیەك بۆ دیارییکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی دابنێت بۆ ئەو ناوچانەی کوردیان تێدا زاڵە و دەکەونە رۆژهەڵاتی رووباری فورات و باشووری مەرزەکانی ئەرمینییا، هەروەها باکووری مەرزی تورکیا لەگەڵ سوریا و میسۆپۆتامیا وەك لە بەندی ٢٧دا دیارییکراوە..."

بەندی ٦٤: :"ئەگەر کوردەکانی ئەو هەرێمەی برگەی ٦٢ ی ئەم رێکەوتننامەیە دەیانگرێتەوە لەماوەی یەك ساڵدا لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتننامەکەوە بتوانن بەڵگە پێشانی ئەنجومەنی کۆمەڵانی گەلان بدەن کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە ئارەزووی سەربەخۆیی لە تورکیا دەکەن ، ئەگەر ئەنجومەنیش پێیوابوو کە ئەم گەلە شایەنی سەربەخۆیین و راسپاردەی ئەوەبکەن سەربەخۆییان بدرێتێ ، تورکیا دەبێت ئەو راسپاردەیە جێبەجێ بکات دەست لە هەموو ماف و پایەیەکی هەڵبگرێت کە لە ناوچەکە هەیەتی. درێژەی ئەو دەستلێهەڵگرتنە دەبێتە بابەتی رێکەوتنێکی تایبەت لەنێوان تورکیاو هێزە سەرەکییە هاوپەیمانەکاندا.ئەگەر هەروەها کاتێك ئەم دەستلێهەڵگرتنە کرا، هیچ ئیعترازێك لەلایەن هێزە سەرەکییە هاوپەیمانەکانەوە روونادات کە ئەو کوردانەی لە ئێستادا لەو بەشەی کوردستاندا دەژین کە ویلایەتی موسڵی گرتۆتەخۆ کار بۆ ئەوە بکەن ببنە هاوڵاتی دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆ نوێبنیاتەکە"[9]

هەرچەندە، رێکەوتننامەی ١٩٢٠ی سیڤەر مۆرکرا، بەڵام هەرگیز جێبەجێنەکرا، زیاتر بەهۆی دەرکەوتنی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە. ئامانجی مستەفا کەمال بۆ دەوڵەتە تورکییە نوێبنیاتەکە ئەوەبوو کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەهێزی ناوەندگەرای سێکیولاری تەواو تورکیی بێت. لە کۆنفرانسە نوێیەکەی ئاشتییدا کە لە ساڵی ١٩٢٣دا لە لۆزان بەسترا، دەستەی نوێنەرایەتیی بنەڕەتیی تورکیی لە کۆنفرانسەکە روونیکردەوە کە، لەدیدی ئەوانەوە، کوردان لە رووی جلوبەرگو ئاینەوە تورکن، و تەنیا لەرووی زمانەوە لە تورك جیاوازن، هەروەها رایگەیاند کە تورکیا ناتوانێت ئەم جیابوونەوەیە پەسەندبکات. ئیدی هاوپەیمانەکان ئامادەنەبوون پشتگیریی خودموختاری کورد یان ئەرمەن بکەن، ئەوەش بەواتای توندیی و دژوارییو کێشمەکێش بوو لەگەڵ مستەفا کەمال ئەتاتورکی رێبەری تورکیای نوێدا. لەساڵی ١٩٢٤دا، حکومەتی تورکیی یاسایەکی بۆ قەدەغەکردنی زمانی کوردیی دەرکرد. بەمشێوەیە چاپکردنو بڵاوکردنەوەی هەر شتێك بە زمانی کوردییو فێرکردن بەو زمانە لە خوێندنگاکاندا بە تاوان لەقەڵەمدرا. لەبەرکردنی جلوبەرکی میلليی کوردیی قەدەغەکرا.

زۆربەی کوردان بە راپەڕینو شۆڕش وەڵامی ئەم رەوشەیان دایەوە، لەماوەی ساڵانی ١٩٢٠کانو ١٩٣٠کان، تورکیا چەندین راپەڕینی کوردیی بەخۆوەبینی، کە زۆربەیان لەلایەن شێخەکانی کوردەوە رێبەرایەتیی دەکران. جووڵانەوەی شێخ سەعیدی پیران کە رێبەرێکی خاوەن دەسەڵاتی رێبازی نەقشبەندیی بوو، لە ساڵی ١٩٢٥دا روویدا.[10] ئەم شۆڕشە لەلایەن سوپای تورکییەوە سەرکوتکرا، شێخ سەعیدو چل کەس لە رێبەرە کوردەکانی دیکە لە دیاربەکر لەسێدارەدران،

---

[9] بۆ بینینی دەقی رێکەوتننامەکەکە بڕوانە:
The Kurds under the Ottoman Empire,’ in Chaliand, People without a Country, 42–3.

[10] For more about Shaikh Said’s revolt see Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism 1800–1925 (Austin, TX, 1991).

ژمارەیەکی زۆر گوند سوتێنران، هەزارەها خەڵك بەزۆر لەماڵەکانی خۆیان راگوێزران و بەرەو بەشی رۆژئاوای وڵاتەکە کۆچێنران.[11]

لەساڵی ١٩٣٠دا، شۆڕشێك لەلایەن ئیحسان نورییەوە لە مەڵبەندی چیای ئارارات لە باکووری تورکیا روویدا. بایەخی ئەم جووڵانەوەیە ئەوەبوو کە لەلایەن رێکخراوێکی سیاسییەوە رێکخرابوو، کە کۆمەڵەی نەتەوەیی کوردیی "خۆیبون" بوو، کە لەدەرەوەی کوردستان و لەلایەن رێبەرانی خۆجێوە سەرکردایەتیی دەکرا. رێکخراوەکە لەساڵی ١٩٢٧دا دامەزراو پێگەی خۆی بەشێوەیەکی سەرەکیی لە لوبنان و سوریا دانابوو. ئەم رێکخراوە، ئەو خوێندەوارە روناکبیرانەی لەخۆگرتبوو کە پێشینەیەکی ئەریستوکراسییان هەبوو.[12] دەرگیری خۆیبوون لەم جووڵانەوەیەدا گرنگ بوو چونکە ئەوە یەکەمین جارە کە رێکخراوێکی ناخێڵەکیی ببێتە ئامرازی شۆڕشێکی کوردیی. وێڕای ئەوەش، جووڵانەوەکە لەلایەن سوپای تورکییەوە تێکشکێنرا، هەروەها مەڵبەندە کوردییەکە چالاکانە کرایە هەرێمێکی سەربازیی. سەرکوتکردنی خولیا و دەربڕینە سیاسیی و کەلتوورییە کوردییەکان لەتورکیا تاکو ساڵی ١٩٥٠ بەردەوامبوو، کاتێك فەزایەکی دیموکراتی لە وڵات پشکوت.

مامەڵەی حکومەتی تورکیی لەگەڵ کوردان وای لە زۆربەی سەرۆکە کوردەکان لە ویلایەتی موسڵ کرد خوازیاری ئەوەبن ببنە بەشێك لە ئیدارەی عێراقیی.[13] رێکەوتننامەی لۆزان چارەنووسی ویلایەتی دەوڵەمەند بە نەوتی موسڵی یەکلا نەکردەوە کە داخۆ دەبێت بدرێت بە تورکیا یاخود عێراق. هەرچەندە، مامەڵەی تورکان لەگەڵ کورد کاریکردە سەر دوا بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بەوەی موسڵ بداتە عێراق نەك تورکیا.

لەعێراق، لەسایەی ماندێتی بریتانییدا، مافەکانی کورد تا ئەندازەیەکی زۆر بە بەراورد لەگەڵ رەوشەکەی ئێران و تورکیادا دانپێدانرا. پلانەکەی بریتانیا ئەوە بوو کە دەوڵەتێکی عەرەبیی پێکبهێنێت کە هەرێمێکی نیوە خودموختاری کوردیی بگرێتەخۆ، لەکاتێکدا دەسەڵاتی تەواوی بریتانیی بەسەر ئابووریدا پارێزراوبێت، بەتایبەت بەرهەمی نەوتیی وڵاتەکە. تەنانەت کۆمەڵەی گەلانیش کە ماندێتی عێراقی بە بریتانیا بەخشیبوو، وتویەتی کە:

"ئەگەر بەڵگەی ئیتنیی لەبەرچاو بگیرێت، ئەنجامگیریی پێویست ئەوەیە کە دەبێت دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دابمەزرێت، چونکە کوردان پێنج لە هەشت بەشی دانیشتووانەکە پێکدێنن."[14]

بریتانیا کەوتە ئامادەگیی بۆ کۆتاییپێهێنانی کێشەی کورد ئەگەر ئەو کارە جێگیریی بۆ ناوچەکە بێنێتەئاراو بەرژەوەندیی بریتانییش بپارێزێت، بەتایبەتی لەناوچەی کێڵگە نەوتییەکانی باکووری کوردستان. هەرچەندە، ناکۆکیی و دووبەرەکیی کوردان لە دیارییکردنی خولیای نەتەوایەتییاندا لە عێراق کاری خۆی کرد.

لەساڵانی ١٩١٨-١٩١٩دا، جووڵانەوەیەکی کوردیی خێڵەکیی لە مەڵبەندی سلێمانی لەعێراق لەلایەن شێخ مەحموودی بەرزنجییەوە سەرکردایەتیکرا. بریتانیا پشتگیریی جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودی کرد و رازیبوو حوکمدارییەکی لەسلێمانی بۆ دابمەزرێنرێت. شێخ مەحموود لەلایەن بریتانییەکانەوە وەك هاوپەیمانییەك لەقەڵەمدەدرا لە حاڵەتی ئەگەری بوونی گرفت لەگەڵ لەشکری تورکیی و شێخە عەرەبەکاندا.[15] هەرچەندە، ئەم دامەزراندنە لەلایەن سەرۆکەکانی دیکەی کوردەوە لە هەرێمەکانی دیکە رەتکرایەوە و ئەوەش بووەهۆی کێشمەکێش

---

[11] Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State (London, 1992), 54.
[12] Ibid., 254.
[13] Arfa, The Kurds, 35.
[14] David McDowall, The Kurds, the Minority Rights Group Report, No. 23 (London, 1989), 18.
[15] Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, 63.

لەنێوان سەرۆکەکانی کورددا. لەوەش زیاتر ، خودی شێخ مەحموود دژی بریتانییەکان بایدایەوەو گرفتێکی جددیی لەنێوان هەردوولادا هاتەئارا. دواجار شێخ لەلایەن سوپای بریتانییەوە تێکشکێنراو بۆ هیند دوورخرایەوە.

لە ئوتی ١٩٢١دا، کاتێك فەیسەڵ کە لە بنەماڵەی هاشمیی بوو، بوو بە پاشای عێراق، ناڕەزایەتییەکی مەزن لەلایەن ناوچە کوردییەکانی عێراق دژی ئەو دامەزراندنە هەبوو، بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانی. بریتانییەکان‌و کۆمەڵەی گەلان درکیان بەوە کردبوو کە سلێمانی بەتوندی نەیاری حکومەتی عێراقیین، بەڵام ئەوان هەروەها درکیان بەوەکرد کە کوردانی بەشەکانی دیکەی هەرێمەکە ، بۆ نموونە، وەك کەرکوك، ئامادەنەبوون لەلایەن سلێمانییەوە فەرمانڕەوایەتیی بکرێن. بریتانییەکان لەساڵی ١٩٢٢، رازیبوون شێخ مەحموود بۆ سلێمانی بگێڕنەوە، بەڵام نائارامییەکان هەر بەردەوامبوون. لەوکاتەوە کە شێخ مەحموود خولیای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان بوو، شەڕو پێکدادانی زیاتر لەنێوان هێزەکانی ئەوو هێزە بریتانییەکان روویاندا. ئەم دوژمنایەتییە تاکو ساڵی ١٩٢٤ بەردەوامبوو، کاتێك سلێمانی لەلایەن هێزە بریتانیی‌و عێراقییەکانەوە داگیرکراو شێخ مەحموود ناچارکرا بەرەو چیاکان هەڵبێت.

رێکەوتننامەی ئەنگلۆ-عێراقیی ساڵی ١٩٣٠، کە سەربەخۆیی بەخشییە عێراق، کێشەی خودموختاری کوردی پشتگوێخست.[16] حکومەتە نوێیەکەی عێراق لێبوردەییەکی کەمی لەئاست نەتەوایەتیی کوردیی پێشاندا. مانگرتن‌و خۆپێشاندانەکان وەك ناڕەزایەتییەك دژی مامەڵەی حکومەت لەهەمبەر کورد رێکخرا. بەرچاوترین رابەری کورد کە لەماوەی دژوارییەکانی سەرەتای ١٩٣٠کان لە عێراق دەرکەوت، مەلامستەفا بارزانی بوو. ئەوەی لەناوەڕاستی ١٩٤٠کاندا نفوزی خۆی لە ناوچەیەکی بەرفراواندا هەبوو. لەساڵی ١٩٤٥دا، هێزە عێراقییەکان کە لەلایەن هێزی بۆمبهاوێژی ئاسمانی بریتانییەوە هاوکاریی دەکران، دواجار بارزانی‌و تاقمێك لە شوێنکەوتەکانیان ناچارکرد بەرەو کوردستانی ئێران پاشەکشە بکەن. لەوێ بارزانی بەو جووڵانەوە نەتەوەییەوە پەیوەست بوو کە لەپێناو کۆمارێکی کوردییدا تێدەکۆشا.[17]

## کوردان لە ئێران

### دانیشتووان‌و جیۆگرافیا

سێ سەرچاوی جیاواز لەبارەی دانیشتووان‌و سنووری جیۆگرافی کوردستان لەبەردەستدایە، یەکێکیان لەلایەن کوردان خۆیانەوە فەراهەمکراوە، یەکێکی دیکەیان لەلایەن ئەو سەرچاوانەوە فەراهەمکراوە کە بەشێوەیەك ئاماژە بۆ کوردستان دەکەن وەك شوێنێك کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن، هەروەها یەکێکیشیان لەلایەن حکومەتەوە. من لەم کۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەم دەستنیشانی ئەوە بکەم کە کام لەم سەرچاوانەم بەکارهێناوە. هەرچەندە، زۆربەی داتا ئاماژەپێکراوەکان لە سەرچاوە حکومییەکانەوە هەڵهێنجراوە. لە ئێران، لەرووی کارگێڕییەوە، ئەو ناوچەیەی کە کوردان زۆرینەی دانیشتووانی پێکدەهێنن بۆ سێ پارێزگا دابەشکراوە. ئەوەندەی تایبەتە بە خودی حکومەتی ئێرانییەوە، تەنیا پارێزگا ناوەندییەکەیان بە فەرمیی بە پارێزگای کوردستان ناودەبرێت. هەرچەندە، دوو پارێزگاکەی دیکە کە ئازەربایجانی خۆرئاواو کرماشانە(باختەران)، خاوەن دانیشتووانێکی گەورەی کوردانن.

---

[16] The treaty was implemented in 1932.
[17] Ismet Sheriff Vanly, 'Kurdistan in Iraq,' in Chaliand, People without a Country, 163.

دانیشتووانی پارێزگای کوردستان بەتەواوی کوردن، لە کرماشانیش دانیشتووانەکە بەشێوەیەکی سەرەکیی کوردن، وێڕای هێندێك لوڕ کە لە بەشی باشووری پارێزگاکە نیشتەجێن. کوردان لە ئازەربایجانی خۆرئاوا بەزۆری لە شارەکانی رۆژئاوای ئەم پارێزگایەدا دەژین. ئەوان بەشدارن لەگەڵ ئەو دانیشتووانە ئازەرییانەی کە لەو پارێزگایەدا دەژین. بەڵگەنامە فەرمییەکان، کە کوردان‌و پارێزگای کوردستانیان وەك هاوتایەك بەکارهێناوە، گرفتگەلێکیان سەبارەت بە قەبارەو ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئێراندا دروستکردووە. شارە سەرەکییەکانی هەر سێ پارێزگاکە بریتین لە : لە ئازەربایجانی خۆرئاوا شارەکانی ورمێ (رەزائیە)، پیرانشەهر، خوی، سەردەشت، مەهاباد، ماکو، سەڵماس، میاندواوو نەغەدە. لە کوردستان: بانە، بیجار، سەقز، سەنندەج، قروە، هەروەها مەریوان. لە کرماشان(باختەران): ئیسلامئاباد، پاوە، سەنقوڕ، قەسری شیرین، هەروەها کرماشان.[18]

کوردستانی ئێران لە رۆژئاواوە سنووری لەگەڵ سنوورەکانی عێراق–ئێران‌و تورکیا–ئێران پەیوەستە، لەوپەڕی باکووری رۆژهەڵاتیشەوە بە دەریاچەی ورمێ وە پەیوەستە، سنوورەکانی باکوورو باشووری کوردستانی ئێران گرفتی زۆریان لەسەرە. سەرچاوە جیاوازەکان دیدی جیاوازیان لەبارەی درێژبوونەوەی سنووری کوردستان هەیە. ناکۆکیی سەرەکیی لەنێوان سەرچاوە حکومییەکان‌و بانگەشەی سەرچاوە کوردییەکانن. ئەوەی دواییان جیۆگرافییەکی گەورەتر وەك ناوچەیەکی کوردیی وێنادەکەن وەك لەوەی یەکەمیان. هەرچەندە، ورمێ، نەغەدەو مەهاباد، وێڕای ئەو ژمارەی بەرچاوە لە کوردان کە لەو شارانەدان، دەتوانرێت بەشێوەیەك لەقەڵەمبدرێن کە دوورترین شارەکانی باکوورن لە کوردستان. بەهەمان پێودانگ، دوورترین سنووری باشووری کوردستان قەسری شیرین‌و کرماشانە(باختەران).

بەپشتبەستن بە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی پلاندانان‌و بودجە،[19] پارێزگای کوردستان ناوچەیەك داگیردەکات کە رووبەرەکەی ٢٢,٦١١ کیلۆمەتر دووجایە: ئازەربایجانی رۆژئاوا ٣٢,٥٩٨,٩ کیلۆمەتر دووجاو باختەرانیش ٢٣,٦٢١,٩ کیلۆمەتر دووجا. سنوورەکانیش بەمجۆرەن: لە باکوورەوە، ئازەربایجانی خۆرئاوا، لە باکووری رۆژهەڵاتەوە، زنجان: لەرۆژهەڵاتەوە، پارێزگای هەمەدان: لەباشوورەوە، پارێزگای کرماشان، هەروەها لە رۆئاواشەوە، عێراق.

دانیشتووانی ئەم پارێزگایانەش بەگوێرەی سەرژمێریی نیشتیمانیی ساڵی ١٩٧٦ بریتیە لە: ئازەربایجانی خۆرئاوا ١,٤٠٧,٦٠٤ کەس، کوردستان ٧٨٢,٤٤٠ کەس، هەروەها کرماشانیش ١,٣٠٧,٠١٤ کەس. ژمارەکە لە ساڵی ١٩٨٦دا بەشێوەیەکی یەك بەدوا یەك بریتیبوو لە : ١,٩٧١,٦٧٧ ، ١,٠٧٨,٤١٥ ، هەروەها ١,٤٦٢,٩٦٥ هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٠دا بریتیبوو لە : ٢,٤٩٦,٣٢٠ ، ٢,٤٩٦,٣٢٠، هەروەها ١,٧٧٨,٥٩٦ .[20]

گرنگە درك بەوە بکەین کە کوردستان لەرووی ئابووریی‌و تەنانەت کەلتوورییشەوە کۆمەڵگەیەکی یەکرەنگ نییە. جیاوازییە جیۆگرافییەکان هەیە، جیاوازیی لە پێگەو شوێندا، جیاوازیی کەلتووریی (بەشێوەیەکی سەرەکیی زمان). ئێمە دەتوانین سێ هەرێمی ئابووریی‌و کەلتووریی جیاواز بخەینەبەرچاو: چیا، دەشت، هەروەها هەرێمە شارەکییەکان. گرنگترین زنجیرە چیا بریتیە لە زاگرۆس، کە لە باکووری رۆژئاواوە بۆ باشووری رۆژهەڵاتی ناوچەکە درێژبۆتەوەو هەرێمەکەی بۆ ناوچە چیاییەکان لە باکووری رۆژئاواو دەشتەکانی باشووری رۆژهەڵات دابەشکردووە. جیاوازیی لەنێوان کەلتوورو ئابووریی ناوچە چیاییەکان‌و کەلتوورو ئابووریی دەشتەکان‌و ناوچە گردۆڵکەییەکاندا هەیە. لە چیاکاندا، ژیانی کوردان بەشێوەیەکی سوننەتی ژیانێکی خێڵەکیی کۆچەرییە. شوانکارەیی، یاخود بردنی مێگەل

---

[18] 1979 National Census.

[19] The Plan and Budget Organization of Iran, 1986.

[20] These fugures are from the last national census published by the Plan and Budget Organization of Iran, 2000.

بەرەو لەوەڕگاکان بۆ لەوەڕاندن، چالاکیی سەرەکیی ئابوورییە. ئاژەڵداریی کە لەبەر ئامادەیی هەلومەرجەکە تاڕادەیەك گیرابووەبەر، هێشتا وەك پێگەیەکی سەرەکیی لە ئابوورییدا هەبوو. لەوەش زیاتر، وێڕای ئەو گۆڕانکارییەی کە بە درێژایی سەدەکانی دوایی بەسەر کوردستاندا هاتن، گروپە خێڵەکییەکان نەتوانەوە، خێڵەکان لە مانەوەی خۆیاندا بەردەوام بوونو پاش ئەوەی خۆیان لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکەدا راهێنا، ئەوان مانەوەی خۆیان مسۆگەرکرد. هەرچەندە، شێوەژیانی کۆچەریی نزیکەی لەنێودا نەماوە.

گۆڕانی سەرەکیی کە بەسەر شێوازی چالاکیی ئابووریی خێڵەکییدا هات بریتیبوو لە شوێنەواری خۆگونجانەکەیان لەگەڵ ئەو ژینگە نوێیەی بەسەریاندا سەپا، ئەوەش تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتەوە، کاتێك لەمپەر خرایە بەر کۆچ‌وباری خێڵە کوردییەکان لەماوەی حوکمی رەزاشادا، ئەوەی لەسەردەمی حوکمی محەمەد رەزاشاشدا بەردەوام بوو. ئاژەڵداریی سوننەتی کە تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە کۆچ‌وباری مێگەل دەبەست، چیدی نەیتوانی بە تەرزە کۆنەکەی بەردەوامبێت. هەرچەندە، وێڕای کەمبوونەوەی ژمارەی خێڵە کۆچەرەکان لەنێوان گەرمیانو کوێستانەکاندا، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خێڵە کوردییەکان دەستیان بە سیماکانی ژیانی سوننەتییەوە گرتبوو.

کوردان لە دەشتەکاندا هەمیشە لە گوندەکاندا دەژیان. ئەو کۆمەڵانەی کە کۆچەربوونو چیدی نەیاندەتوانی درێژە بە ژیانی کۆچەرییان بدەنو پەیوەستبوون بە کۆمەڵی گوندەکانەوە. چالاکییە ئابوورییەکەیان لە تێکەڵەیەکی ئاژەڵداریی‌و کشتوکاڵ پێکدەهات، بەڵام کشتوکاڵ باڵادەستتر بوو. گەنم،جۆ، ئاڵف، توتنو برنج بەروبومی سەرەکیی هەرێمەکە بوو.

وێڕای دانیشتووانی چیاکانو دەشتەکان، دەستەی سێیەمیش لە دانیشتووانی کورد هەبوون کە بەشێوەیەکی دیارییکراو کوردە شارەکییەکان بوون، ئەوانەی وەك: مامۆستا، کارمەندی حکومەت، بازرگانو کاسبکارو دوکاندارانی شارەکان. رێبەرایەتیی نەتەوەیی کوردیی لە ئێران بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لەنێو ئەم گروپەدا سەریهەڵدا. ئەم بەشەی کۆمەڵگەی کوردیی ئەوساو دواتریش کێشمەکێشی لەگەڵ رێبەرایەتییە خێڵەکییە سوننەتییەکەدا هەبووە، تا ئاستێکیش لەوە بەئاگا بووە کە رێبەرایەتییە سوننەتییەکە زۆرجار تەگەرەی بەردەم پەرەسەندنی نەتەوایەتیی کوردیی بووە. هەرچەندە، بەشە شارەکییەکەی دانیشتووانەکە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ، هەروەها پابەندبوونی بە، بەشە خێڵەکییەکەوە هەبوو. ئەوانەی نەك تەنیا زۆربەیان لە ریشەوە خێڵەکییبوون، بەڵکو ئەوانە هەروەها دەیانزانی کە رێبەرایەتییە خێڵەکییەکە دەسەلاتێکی چەکداریی ئاشکراو نفوزێکی سیاسیی هەیە کە ناتوانرێت لەبەرچاونەگیرێت.

بەگشتی، مرۆ دەتوانێت هاوژینی ئابوورییەکی نیوە خێڵەکیی‌و نیوە کۆچەریی لە چیاکاندا،و هەروەها ئابوورییەکی کشتوکاڵیی ناخێڵەکیی یان نیوە خێڵەکیی لە دەشتو ناوچە گردەڵانییەکاندا هەیە. هەرچەندە، ناوچەیەکی گەورە یان تێکەڵاوو ئاوێتە هەیە، هەروەها تەنانەت لە ناوچە ناخێڵەکییەکانیشدا ئاژەڵداریی‌و بەروبومەکانی بەشێکی بەرچاوی داهاتی مەڵبەندەکە پێکدەهێنن.

هەموو کوردان خێڵەکیی نینو یاخود تەنانەت ریشەی خێڵەکییشیان نییە. ڤان بریونسن ئاماژەی بەوە داوە کە کوردانی ناخێڵەکیی رێکخراوێکی باڵایان لەسەروو خێزانەکانیانەوە یان بنەماڵەکانیانەوە نییە.[21] بەڵام ئەم کۆمەڵە ناخێڵەکییانە هەمیشە لە رووی سیاسیی‌و ئابوورییەوە لەژێر باڵادەستیی کوردە خێڵەکییەکانەوە بوون* و هەربۆیە،

---

[21] Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State, 105.

* (کلۆدیۆس جێمس ریچ) کە بەڕێوەبەری کۆمپانیای هیندیی رۆژهەلاتیی بووە لە بەغدا ، سەردانی کوردستانی کردووە و دواتر لەساڵی ١٨٣٦دا بیرەوەریی گەشتەکەی خۆی وەك کتێب بەچاپ گەیاندووە و بڵاویکردۆتەوە . ناوبراو لەو بیرەوەرییانەیدا کۆمەڵی کوردیی بۆ دوو چین (خێڵەکیی) و (ناخێڵەکیی) دابەشکردووە . (ریچ) پێی وایە و لەوەش دڵنیایە کە لە کوردستاندا دەستەی یەکەم وەك پێکهاتەیەکی جەنگاوەر و تفەنگدار و خۆسەپێن و کەمینە ، جڵەوی دەسەلاتیان بەدەستەوەیە و لنگیان بەسەر ملی زۆرینەی بەرهەمهێنەری بێدیفاعدا کە جووتکارە هەژارەکانن ، شۆڕکردۆتەوە و وەك کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و لە هەموو مافێکی مرۆڤانەیان بێبەشکردوون ، بەوەش

هەرچەندە ناخێڵەکییش بوون، هەمیشە ژیانیان بەهۆی پەیوەندییە خێڵەکییەکانەوە دیارییدەکرا، هەروەها ئەوان بۆخۆشیان دەبوایە دەست بەداوێنی خێڵێکەوە بگرن بیانپارێزێت.

## خێڵە سەرەکییە کوردییەکان لە کوردستانی ئێراندا

ئیگلتۆن لە ساڵی ١٩٦٣دا، سەبارەت بە خێڵە کوردییەکان لە ئێراندا دەڵێت:

" لە کوردستانی ئێراندا دەتوانرێت شەست خێڵی کوردیی بناسێنرێت کە هەر لە گەورەترینیانەوە کە خێڵی کەلهوڕەو ژمارەیان (١٢٠,٠٠٠) کەسەو لە باشووری رۆژئاوای کرماشان دەژی، بۆ خێڵێکی بچووکی نزیك سەردەشت کە ژمارەیان تەنیا چەند هەزارێکی کەمە."[٢٢]

بۆئەوەی بەدرێژیی لەبارەی ئەوانە بکۆڵینەوە کارێکی گران دەبێتو لەدەرەوەی بواری ئەم کارەی ئێمەیە، هەربۆیە من تەنیا ناوو شوێنی جیۆگرافی خێڵە فرە گرنگەکان دیارییدەکەم.[٢٣]

* بانە: ئەم خێڵە ناوچەیەك لە سنووری عێراقەوە بۆ سەقز لە باکوور داگیردەکاتو هاوسێی خێڵی گەورکە.

*خێڵەکانی بەگزادەو هەرکی سەرحەتی: بەگزادە بەجیاو هەروەها لەنێو خێڵی هەرکیدا دەژین بەئاراستەی رۆژئاوای ورمێ نزیك سنووری تورکیی. ئەم دوو خێڵە ناوچەیەك داگیردەکەن کە دەکەوێتە نێوان سنووری تورکیی، مەرگەوەڕ، نازلوچایو هەروەها سۆمای. نوری بەگو ئەسەد بەگی برای دوو سەرکردەی بەگزادە بوون. خێڵی هەرکی بەشێکە لەو خێڵە گەورەیەی هەرکی کە لەعێراق جێگیرە. لە گرنگترین سەرۆکەکانی ئەم خێڵە رەشید بەگو زێرۆ بەگ بوون.

*خێڵی دیبوکری:ئەو ناوچەیەی ئەم خێڵە داگیریکردووە نزیکەی دەکەوێتە نێوان خێڵی گەورکەوە لە باشوورو خێڵی مەنگوڕ لە رۆژئاوا، سوڵدوز لە باکوورو هەروەها میاندواو لە رۆژهەڵات. ئەم خێڵە هەموو زەوییەکانی رێگەی میاندواو–سەقزی لەبندەستدابوو کە دوازدە میل لە سەقزەوە دووربوو. مەحموودئاغای ئیلخانیزادەو برا بچووکەکانی: حاجی بایزئاغا ئیلخانیزادەو عەلی ئاغا ئیلخانیزادە (ئەمیر ئەسەد) سەرۆکە سەرەکییەکانی ئەم خێڵە بوون. پەیوەندیی نێوان هەردوو برا گەورەکەو ئەمیر ئەسەد ئاڵۆز بوو. هەروەك لە راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە ئاماژەی بۆ کراوە، خێڵی دیبوکری خاوەنی ٢٥٠ گوندەو تێکڕای دانیشتووانەکەی ٤٠,٠٠٠ کەسە کە لەوانە ٣٠٠٠یان چەکدارن.[٢٤] بەروبومی سەرەکیی لەم ناوچەیەدا چەوەندەری شەکر، گەنم، جۆو هەروەها بەخێوکردنی مەڕو بزنە.

---

پەیوەندییەکی ستەمکارانە و نایەکسان لە نێوان ئەم دوو چینە لە کوردستاندا وەك ئاغا و رەعییەت ، شوان و مێگەل ، فەرماندار و خزمەتکار بەڕێوەچووە. (ریچ) سەبارەت بە نەبوونی هیچ بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقیی و ویژدانیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە لەهەمبەر ئەم جۆرە پەیوەندییە ستەمکارانەدا دەڵێت " هەرگیز رۆژێك نەمدی ئەو دەسەڵاتدارە مەزنانەی کورد سەبارەت بەو دڵڕەقییەی دەرحەق بە رەعییەتەکەیانی دەکەن ، شەرم بیانگرێت ."هەروەها (ریچ) باس لەوە دەکات کە جارێکیان یەکێك لە کەسایەتییەکانی سەر بەدەستەی یەکەم، واتە تفەنگ لەشانی دەسەڵاتدار، چۆتەی لای و لای ئەو دانی بەوەداناوە کە ئەوان بڕوایان وا کە خوا چینی دووەمی تەنیا بۆ خزمەتکاریی ئەوان دروستکردووە و هیچی تر .

[22] William Eagleton, The Kurdish Republic (London, 1963), 16–17.

[23] سەبارەت بە باکگراوندی عەشیرەتە کوردییەکانی ئێران پشتم بەزانیارییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کردووە. شایەنی باسە هەموو ئەم عەشیرەتانە تائەمڕۆکە هەن.

[24] FO/371/40178, October 1944.

* خێڵی فەیزوڵڵابەگی: ئەم خێڵە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی دیبوکرییەوەو لەسەقزەوە لە باشوور بۆ تیلەکۆو ئەفشار لە ڕۆژهەڵات، هەروەها بۆ شاهیندژ لە باکوور درێژدەبێتەوە.

* خێڵی گەورك : ئەم خێڵە دەکەوێتە دەوروبەری سەقز، سەردەشت و میاندواو، بۆ سێ تیرە دابەشبووە، سەرۆکی سەرەکییان عەلی ئاغای جوانمەردی بوو.

* هەرکی سەیدان و سەیدلەر لە مەرگەوەڕ: ئەم دوو خێڵە ناوچەیەکیان لەنێوان سنووری تورکیی، شنۆ، باراندوزو خوی دا داگیرکردووە ئەمانە توتن و برنج و گەنم دەچێنن و مەڕو بزنیش بەخێودەکەن.

* خێڵی جەلالی: لە باکووری ڕۆژئاوا دەژین، لەنێوان سنوورەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشووو تورکیا، ئەم خێڵە نزیکەی پەنابەربوون و لە سنووری تورکیاوە پەڕیبوونەوە.

*مامش : ئەم خێڵە لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق دەژیان لە خانەوە بۆ شنۆو لە سوڵدزەوە بۆ مەهاباد درێژ ببوونەوە، هاوسێی خێڵەکانی مەنگوڕو دیبوکری بوون. قەرەنی ئاغا بەدەسەڵاتترین سەرۆکی ئەم خێڵە بوو.

* مەنگوڕ : ئەم خێڵە هاوسێی خێڵی پیران بوو لە ڕۆژئاواو گەورك لە باشوورو دیبوکری لە ڕۆژهەڵات و مەهاباد لە باکوورەوە.

* پیران : ئەم خێڵە دەکەوتە نێوان سنووری عێراق و مەنگوڕو هەروەها مامشەوە.

* شکاك : ئەم خێڵە دەکەوتە مەڵبەندی سۆماو برادۆستەوە، هاوسێی سنووری تورکیی بوو لە ڕۆژئاواو درێژدەبووەوە لە تەرگەوەڕەوە لەباشوور بۆ شاپور لە باکوور. سەرۆکە سەرەکییەکانی ئەم خێڵە عەمەرخان، تاهیر خانی کوڕی سمکۆ، حەسەن ئاغاو ئیبراهیم ئاغا بوون.

* زازا : ئەم خێڵە لە مەڵبەندی شنۆ دەژی، هاوسێی سوڵدوگ و سنوورەکانی عێراقیی و تورکیی بوو.[٢٥]

**ئابووری:**

لەکاتی باسکردنی نەتەوایەتیی کوردیی، یەکێتیی و هاوپەیوەستەگیی نەتەوەی کورد جەختی لێدەکرێتەوە. هەرچەندە، کاتێك بە قووڵیی دەڕوانینە ژیانی ئابووریی کوردستان، بەتایبەتی ئاستی گوزەران، ئاستی پەرەسەندنی ئابووری، ڕادەی شارەکییبوون، ڕادەی پەرەسەندنی پیشەسازیی و پەیوەندییەکانی بازاڕ، ڕادەی پەرەسەندنی کشتوکاڵی سەرمایەداریی، ڕادەی ئەوەی چەندە کشتوکاڵ پیشەی خەڵکانێکی تەواو نیشتەجێیە، هەروەها ئەو بایەخەی کە بە بەخێوکردنی ئاژەڵ دراوە، جیاوازیی گرنگ دێنەبەرچاو، ئەوەش بەزۆری ئاکامی پەرتەوازەیی بەشەکانی کوردستانە لەنێوان سێ دەوڵەتی نەتەوەیی جیاواز کە هەریەك لەوانە نەك تەنیا لە قۆناغێکی جیاوازی پەرەسەندنی ئابووریی خۆیاندان، بەڵکو کاردانەوەی حاڵەتی جیاوازیی و پەرەسەندنی ڕێژەیی خودی بەشەکانی کوردستانە. قاسملو لە بابەتەکەی خۆیدا سەبارەت بە کوردستانی ئێران نووسیویەتی:

...ئابووریی کوردستانی ئێران، کە هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە پشت بە ئابووریی ئێران دەبەستێت بۆتە بەشێکی گرێدراو بە ئابووریی ئێرانەوە. ئەگەر ئێران وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەریدا هاتووە وەك وڵاتێکی دواکەوتوو مابێتەوە، ئەوا کوردستان لەئێراندا بەدڵنیاییەوە یەکێکە لە دواکەوتووترین ناوچەکان لە چوارچێوەی گشتیی وڵاتەکەدا."[٢٦]

---

[25] FO/371/35093, June 1943, and FO/371/40178, October 1944.
[26] Ghassemlou, ‘Kurdistan in Iran,’ in Chaliand, People without a Country, 113.

لەکاتی کۆڵینەوە لە چالاکیی ئابووریی کوردیی، گرفتی راستەوخۆ کە رووبەڕووی مرۆ ببێتەوە نەبوونی زانیارییە. بۆ ماوەی سالآنی ١٩٤٠ کان، زانیاریی سەبارەت بە کوردستانی ئێران یەکجار دەگمەنە. کۆنترین ژمارە بلآوکراوەکانی توانیومە بیاندۆزمەوە بۆماوەی ناوەڕاستی ١٩٥٠کان دەگەڕێتەوە.[27] هەرچەندە، هەوڵدەدەم کورتەمێژوویەك سەبارەت بە پەرەسەندنی چالاکییەکانی ئابووریی کوردیی لە ئێران پێشکەشبکەم.

سەرەتای سەدەی بیستەم چەندین گۆڕانکاریی لە ژیانی خێڵەکانی ئێراندا بەخۆوەبینی. لەم ماوەیەدا بوو کە نیشتەجێکردنی خێڵەکان، لەبنەڕەتدا بەهۆکارگەلێکی سیاسیی، زۆر بە توندیی بەردەوام بوو. بەزۆرنیشتەجێکردنی بەزۆری خێڵەکان لە ئێران لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستپێکرد. هەرچەندە، تاکو هاتنی بنەماڵەی پەهلەوی، بەزۆرنیشتەجێکردنی خێڵەکان سیاسەتێکی چەسپاوی حکومەتی ناوەندیی نەبووە. کاتێك شتێکی وا جێبەجێکراوە کە پێیان وابووایە دەتوانن بەو کارە گرفتێك چارەسەربکەن کە بەهۆی هەڕەشەیەکی خێڵەکییەوە روویداوە. پێشتر هەوڵگەلێك هەبوون بۆ نیشتەجێکردنەوەی خێڵەکان دوور لە زەوییە سوننەتییەکانی خۆیان. ئەوەی بنەماڵەی فەرمانڕەوای پەهلەویی بوون کە دەستیان بە سیاسەتێکی سیستماتیك کرد، نەك تەنیا بە کۆچاندنی خێڵەکانو نیشتەجێکردنەوەیانو هەروەها دوورخستنەوەی سەرۆکەکانیان، بەڵکو بە لاوازکردنی ستراکتۆری خێڵەکییو ناچارکردنیان بەشێوە ژیانێك کە لە چالاکییە سوننەتییەکەی پێشووی خۆیان جیاوازە. بەزۆرنیشتەجێکردن واتای گۆڕینی شێوەژیان و چالاکییە ئابوورییەکانی دەگەیاند. خێڵە کوردییەکان خۆیان لەگەڵ ئەم رەوشە نوێیەدا راهێنا، ئەوان لەچێوەیەکی کورت ماوەدا بەدوای ئاوو لەوەڕگەدا دەسوڕان کە لە سنووری پارێزگاکەیان یان تەنانەت گوندەکەی دراوسێشیان تێپەڕی نەدەکرد. هەرچەندە، هێندێك کۆچی وەرزیی روویاندا، ئەم رەوشە لەئەنجامی دوو هۆکاردا سەریهەڵدا :

یەکەم: خراپ بەکارهێنانی لەوەڕگاکانی دەوروبەری گوندەکانو دواجار بێهێزبوونو تێکچوونی زەوییەکان وایکرد بەدوای زەوی نوێدا بگەڕێن.

دووەم: گەڕان بەدوای ئاو لەوەرزی هاویندا خێڵەکانی ناچارکرد مێگەلەکانیان بەرەو چیا بەرزەکان بەرن کە سەرچاوەیەکی ئاوی زۆری لێیە. هەرچەندە، بە نیشتەجێبوون، پێویستیی بە ئاوی زیاتر هەبوو، بە بەکارهێنانی نارێکوپێکی ئەو ئاوە کەمەی هەیە زامنی ئەو نوقسانییەی کرد کە هاتبووەئارا.

کشتوکاڵ لە کوردستاندا بەشێوەیەکی سەرەکیی لە زەوی دێم پێکدێت. لەساڵی ١٩٧٢دا، سەنتەری بلآوکردنەوەی ئامارەکان لە تاران سەبارەت بە وەرزێرە بێزەوییەکانی کوردستان تێکڕای ١,٢٢٦,٠٠٠ هێکتار زەوی کشتوکاڵیی لە پارێزگەکەدا دەرخستووە کە لەوانە ١,٠٨٠,٠٠٠ هێکتاری زەوی دێمەو ١٤٦,٠٠٠ هیکتاریش زەوی بەراون. لەتێکڕای زەوییەکانی خودی ئەو پارێزگایەش ٤٩ لەسەدیان زەوی کشتوکاڵین، لە زەوییە کشتوکاڵییەکانیش، رێژەی تێکڕای زەوییە کێڵراوەکان ٥٢ لەسەدەو ئەو ٤٨ لەسەدەی دیکەی بە نەکێڵراوی ماوەتەوە. لەسەر ئاستی تێکڕای زەوییەکانی پارێزگاکە، تەنیا ٢٦ لەسەدیان کێڵراون، لەوانەش تەنیا ٤ لەسەدی زەوییە بە ئاودێریی دەستکرد کێڵراون.[28]

گرنگترین بەروبومەکانی کشتوکاڵیی بریتین لە : گەنم، بەرهەمی ئالف،و جۆ. دابەشکردنی زەوی بەگوێرەی بەروبومەکانی پێشانیدەدات کە گەنم گرنگترین بەرهەمی چێنراوی زەوییەکانی ناوچەکەیەو کێڵگە چێندراوەکانی گەنم ٤٦,٥ لەسەدی زەوییە کێڵراوەکانە. ٢٩,٢ لەسەدیش بۆ بەرهەمی ئالف دەکێڵرێت، زۆربەی جار بەمەبەستی ئالفپێدانی

---

[27] For information on this period, see Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, chs IV and V.

[28] مستەفا ئەزکیا، (خوشنشینان کردستان/ جووتیارانی بێزەوی کوردستان) (دامەزراوەی توێژینەوەو کۆڵینەوە کۆمەلآیەتییەکانی زانکۆی تاران، ١٩٧٦(بەزمانی فارسییە).

ئەو گەڵە ئاژەڵانەی لەلایەن خودی خێزانەکەوە راگیراون. سێیەمین بەروبومی گرنگ جۆیە کە ١٢,٥ای زەوییە کێڵراوەکانە.[29] لەئاستی تێکڕادا، ٢,٢٦ لەسەد هێکتار زەوی بەراوەو ١٧,٦ هێکتاریش دێمە بۆ هەر خێزانێك.[30]

بەهۆی جیاوازیی ئاووهەواو زەوی لە هەرێمە کوردییەکە، بەرهەمهێنان تەنیا تایبەت نەبووە بە بەروبومی کێڵگە. لە هێندێك ناوچە، بەخێوکردنی داری میوە کە پشت بە سیستمێکی ئاودێریی دەبەستێت بورایێکی بەرهەمهێنانی لەپێشترە. لە هێندێك ناوچەی دیکە، ئاژەڵداریی باڵادەستترە. لە ناوچەی بانەو مەریوان لە باشووری رۆژئاوای پارێزگاکە، بەهۆی کەمیی زەوی کشتوکاڵیی تەختانەوە، چالاکیی ئابووریی زیاتر پشت بە ئاژەڵداریی دەبەستێت. هەرچەندە، لە ناوچەکانی بیجارو قروە لە باشووری رۆژئاوای پارێزگاکە کە گردۆڵکەی لەبارو زەوی گونجاوی بۆ کشتوکاڵ لێیە، کشتوکاڵی دێمی زیاترە. لەگەڵ نەبوونی لەوەڕگەی سروشتیی و هەروەها بوونی ئەو زەوییانەی کە نزیکەی بۆ چاندن بەکاردەهێنرێن، ئاژەڵداریی ئەو بایەخەی نییە.

لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی پارێزگاکە، لەگەڵ بوونی بڕێکی باش لە زەوییەکی لەباری تەختان، بڕی ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵ نییە. لە ناوچەکانی رۆژئاوا، بڕە ئاوێکی گونجاو هەیە بەڵام زەوی کشتوکاڵیی کەمە. هەرچەندە، تەنانەت لەو ناوچانەشدا کە ئاوی لێیە، بەڵام دەستپێڕاگەیشتنی ئاسان نییەو پێویست بە بیری قووڵ دەکات. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، هەڵکەندنی بیر لە توانای ماڵیی جووتیارە خۆماڵییەکان بەدەربوو. هێندێك رووبار هەن، بەڵام بەشی پێویستییەکانی جووتیاران ناکەن. پسپۆڕان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەتوانرێت گرفتی کەمیی ئاو لە هەرێمەکەدا چارەسەربکرێت گەر هاوکاریی و رێنمایی لەلایەن حکومەتەوە بە جووتیاران بدرێت.

بوونی ئامرازو ئامێری کشتوکاڵی هاوچەرخ لە پارێزگای کوردستان شتێکی دەگمەنە. هێندێك تراکتۆر لە ناوچە دەشتاییەکاندا هەن، هەرچەندە، زۆربەی جووتیاران سەرچاوەی ماڵیی تەواویان لەبەردەستدا نییەو تاکو یارمەتیش لە حکومەتەوە وەرنەگرن ناتوانن تەکنەلۆجیی هاوچەرخ بەکاربهێنن.

رەزدارییی یاخود بەخێوکردنی داری بەردار یان باخی میوە چالاکییەکی دیکە بەروبومی داهاتبەخشەو لە کوردستاندا زۆر باوە. لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، رەزداریی چالاکییەکی تەواوکاری کشتوکاڵە، لەکاتێکدا لە مەڵبەندەکانی رۆژئاوای پارێزگاکە تەواوکاری چالاکی ئاژەڵدارییە. چالاکییەکە بەشێوەیەکی هەندەکیی پشت بە دابینکردنی ئاوی ناوچەکە دەبەستێت کە بەشێکی بە ئاسانیی پەیدادەبێت و بەشێکیشی پشت بە ئاودێریی دەستکرد دەبەستێت. قازانجبەخشیی و زیاتر پەرەپێدانی ئەم چالاکییە پشت بە ئاووهەواو بوونی بڕی ئاوی پێویست دەبەستێت. لەناوچەی سنە، هەرچەندە، ٥١٪ی خێزانەکان خەریکی داری بەردار بەخێوکردنن، بەڵام بەهۆی کەمیی ئاوو نەبوونی زەوی گونجاو، چالاکییەکە بۆ چالاکییەکی گرنگی ئابووریی پەرەینەسەندووە.[31] بەخێوکردنی داری بەری زیاتر لەو گوندانە بەربڵاون کە لەشارەکانەوە نزیکن، چونکە گواستنەوەی بەرهەمەکە بۆ بازاڕەکانی شارەکان ئاسانترە. گوندە دووردەستەکان نایانەوێت خۆیان بە بەخێوکردنی داری بەرییەوە سەرقاڵبکەن.

ئامارەکانی ساڵی ١٩٧٢ ، کە لەلایەن سەنتەری ئامارەکانی ئێرانەوە بڵاوکراوەتەوە، پێشانیدەدات کە، لەدەرەوەی تێکڕای ئەو ٧٨٦٧ هێکتارەی لە زەوییەکانی بەخێوکردنی داری بەری لەساڵی ١٩٧١، زیاتر لەنیوەی بۆ رەزداریی

---

[29] Ibid., 61.
[30] Ibid., 63.
[31] بررسی نتایج اصلاحات ارضی در هفت منطقة/ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئاکامەکانی ریفۆرمی زەوی لە حەوت هەرێمدا) (دامەزراوەی توێژینەوەو کۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تاران، ١٩٦٩) (بەفارسییە)

مێو تەرخانكراوە. لەوەش ناهاوسەنگتر، ٨٨٪ی تێكڕای داهاتی باخی میوە لە ترێ پێكهاتووە.[32] لەزۆربەی ناوچەكانی كوردستان، گرنگترین بەروبومەكانی ڕەزداریی، مێوداررییە.

پیشەی دەستیی سەرەكیی سوننەتی جلوبەرگ و بەڕەو هەروەها ئامرازە سەرەكییەكانی كشتوكاڵیی و ئاژەڵداریی بۆ خێزانەكانی گوندە كوردییەكان فەراهەمدەكات. چالاكی سەرەكیی پیشەی دەستیی بریتیە لەو بەروبومانەی ئاژەڵداری كە لەلایەن ئەندامە مێیەكانی ئەو خێزانانەوە لەكاتی سەرقاڵنەبوونیاندا ئامادە دەكرێت.[33] لەكاتێكدا كە خێزانەكە پارە بە كەرەسە خاوەكان نادات، ئەم چالاكییە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەكی مۆڵی داهات بۆ خێزانەكان. هەرچەندە، بەروبومەكانی پیشەی دەستیی وەك هەر چالاكییەكانی دیكەی ئابووریی خێڵەكیی، لەماوەی ئەو چەند دەیەی دواییدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. گۆڕانی شێوە كۆنەكەی ژیانی خێڵەكیی بۆتەهۆی زێدەبوونی پەیوەندیی بەشارەكانەوە، هەروەها بەرهەمهێنانی بەرفراوان تەگەرەی بەردەم پەرەسەندنی ئەم پیشەسازییە خۆماڵییە بووە. لەسایەی محەمەد ڕەزاشادا، هێندێك هەوڵ بۆ پێشكەشكردنی پرۆژە بۆ ژیاندنەوەی كاری پیشە دەستییە خێڵەكییەكان درا، بەڵام لەبەر كەمیی زانیاریی و تێگەیشتن سەبارەت بە پێویستیی كۆمەڵگای خێڵەكیی لە هەرێمەكە، پرۆژەكە شكستیخوارد.

بەشێوەیەكی سوننەتیی، قاچاخچێتیی ڕۆڵێكی گرنگ لە ئابووریی كوردییدا دەبینێت. هەرچەندە ژمارەیەك لەوبارەیەوە نییە، بەڵام زۆربەی بایەخداران جەختیان لە گرنگیی قاچاخچێتیی كردۆتەوە، بەتایبەت بۆ باكووری كوردستانی ئێران، ئەوەی كە بەهۆیەوە مەهاباد ناوەندی بازرگانیی بووە. یەك لەو ڕاپۆرتە فارسییانەی سەبارەت بە شاری مەهابادەو بۆ كۆتایی ساڵەكانی ١٩٤٠كان دەگەڕێتەوە ئەوەی تێداهاتووە كە لە تێكڕای ٢٠٠٠ دوكان بۆ ٢٠٠٠كەس، هەر دە كەس و دوكانێكیان بەردەكەوێت. ئەگەر هەر خێزانێك لە پێنج ئەندام پێكهاتبێت، ئەوا ٥٠٪ی خەڵكەكە لە بازرگان و خێزانەكانیان پێكهاتوون.[34] ئەم ڕەوشە نائاساییە بەشێوەیەكی سەرەكیی بەهۆی نزیكی شارەكەوە بوو لە سنووری عێراق و پەیوەندیی توندی بازرگانیی لەگەڵ باندەكانی بازاڕی ڕەش.

## مێژوو

پەیوەندییەكانی نێوان كورد و حكومەتەكانی ئێران هەمیشە ئاڵۆز و گرفتاویی بووە. لە بەدواداچوونی سیاسەتی چەسپاندنی دەسەڵاتدا، شاكانی سەفەویی كوردانیان بەكارهێناوە بۆ پاراستنی سنوورەكانی هەرێمی خۆراسان لەدژی ئۆزبەكەكان لە ساڵی ١٦٠٠دا.[35] بۆ ئەمە حكومەت هێندێك لە خێڵە كوردییەكانی ناچاركرد كە لەو ناوچەیە نیشتەجێبن و لەوێ بوونە بەشێك لە كۆمەڵگەكە.[36] شاكانی قاجاریش هەمان سیاسەتی سەفەوییەكانیان گرتەبەر لە دامەزراندنی حكومەتێكی ناوەندییدا، كەوتنە هەڵوەشاندنەوەی میرنشینە كوردییەكان و بەو فەرماندارانە شوێنیانگرتنەوە كە ڕاستەوخۆ لە پایتەختەوە نێردرابوون. دوا میری دەسەڵاتداری كوردیی سەر بە بنەماڵەی ئەردەڵانییەكان بوو كە لەساڵی ١٨٦٦دا لەدەسەڵات خرا. هەرچەندە، ئەوە جەنگی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ی نێوان

---

32 ئەزكیا، (خوشنشینان كردستان،ل ٧٦.

33 لێكۆڵینەوە لەلایەن ڕێكخراوی پلاندانان و بودجەوە ئەنجامدراوە بەناوی ( مقدمە بر شناخت مسائل اقتصادی و اجتماعی جمعی عشائری كردستان/ پێشەكییەك سەبارەت بە ناسینی ئابووریی و كۆمەڵایەتیی كۆمەڵی خێڵەكیی كوردستان) (ڕێكخراوی پلاندانان و بودجە، ١٩٧٩).(بەفارسییە)

34 See Mahabad in Geographical Dictionary of Iran, Vol. 4 (Tehran, 1953).

35 McDowall, The Kurds, 65.

36 FO/371/40219, April 1944.

سـوڵتانی عوسمانییـەکان و شـای سـەفەوییەکان بـوو کـە تاڕادەیـەکی زۆر سـنووری جیـۆگرافی کوردسـتانی ئێرانـی دەستنیشانکرد، ئەوەی کە هەمان ئەو سنوورەی ئەمڕۆیە.

گرنگترین شۆڕشی کوردیی کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ناوچەکەدا روویدا بەدرێژایی سنووری عوسمانیی- فارسیی، لەنێوان دەریاچەی وان و دەریاچەی ورمێ، لە ساڵی ۱۸۸۰دا، شۆڕشەکە لەلایەن ڕێبەرێکی ئاینییەوە کە شێخ عوبەیدوڵڵای شێخی تەریقەتی نەقشبەندیی بوو رابەرایەتیی کرا، ئەوەی خوازیاری بەدەستهێنانی خودموختاری بوو بۆ هەرێمەکە. ئەو لەلایەن هەریەك لە هێزەکانی عوسمانیی و ئێرانییەوە کە خێڵەکانیشیان لەگەڵدابوو تێکشکێنرا.[37] جووڵانەوەکەی ئەو راپەڕینێکی خێڵەکیی بوو کە هزرو ئایدیای هۆشی نەتەوەیی بەکارهێنا.[37] شێخ عوبەیدوڵڵا یەکەمین کەسە کە راشکاوانە لایەنگریی لە خودموختاری کوردیی لە سایەی سەرکردایەتیی خۆیدا کردووە. ئەو ئامانجەکانی خۆی بۆ دەسەڵاتدارانی بریتانیی دەربڕیوەو ئەوان و حکومەتەکانی ئەورووپای سەبارەت بە ئاکامەکانی پشتگوێخستنی سەرکوتکردنی کوردان لەژێر حوکمی عوسمانییەکان و فارسەکاندا بەئاگاهێنایەوەو ئارەزووەکانی کوردیشی بۆ سەربەخۆیی خستبووەڕوو.[38]

سیاسەتەکانی حکومەت لەهەردوو رووی سیاسیی و ئابوورییەوە کاریگەریی ترسناکیان لەسەر پەرەسەندنی ئابووریی کوردستان هەبووە. هەوڵەکان بۆ مۆدێرنەکردنی ئابووریی لەسەردەمی قاجارەوە لەسەدەی نۆزدەیەمدا دەستیپێکرد. هەرچەندە لەزۆربەی بۆنەکاندا تووشی تەگەرە بووەوە، ریفۆرمیستەکانی سەردەمی قاجار لە هەوڵدانیان بۆ مۆدێرنەو بەپیشەسازییکردنی وڵاتەکە پەرۆشبوون. هەوڵگەلێك درا لەپێناو هێنانەئارای پەروەردەو رۆژنامەو بڵاوکراوەی مۆدێرن، پیشەسازیی مۆدێرن، هەروەها سوپایەکی مۆدێرن. گرنگترین دەرئەنجامی سیاسیی و مێژوویی ئەم هەوڵانە بریتیبوو لە شۆڕشی دەستووریی ئێرانیی (۱۹۰۵-۱۹۰۹). شۆڕشی دەستووریی سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ ئینتلێجێنسیای مۆدێرن، ئەوانەی خولیای هزرو ئایدۆلۆجییەکانی رۆژئاوای وەك دیموکراتیی و ئازادییخوازیی، نەتەوایەتیی و دیارییکردنی چارەنووس، لیبرالیزم و سۆشیالیزمیان بوون. ئەوان رەشنووسێکی دەستووریان پێشکەشکرد کە زیاتر سێکیولار بوو، هەروەها بەهیوابوون کۆمەڵگەیەکی ئێرانیی لەسەر ئەو مۆدێلە بنیاتبنێنەوە کە لە ئەورووپا هەبوو، ئەوەش کاریگەرییەکی زۆر گرنگی لەسەر جووڵانەوەی دەستووریی هەبوو، کە وێڕای تێکشکاندنی لە تاران، لە شارەکانی دیکەدا، بەتایبەتی لە تەبرێز، بۆ ماوەیەك پاش ساڵی ۱۹۰۹ بەردەوامبوو.[39]

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، حکومەتی قاجار بەهۆی لاوازیی هێزی سەربازیی کاریگەرو هەروەها گرفتەکانی پەیوەندییکردن و گواستنەوە، بەهۆی نائارامیی وسەرکەشیی خێڵەکیی بەردەوام و داواکانیان بۆ خودموختاری تووشی ئاستەنگ دەبوو. وڵاتەکە لەئەنجامی پێشڕەویی بریتانیی و روسەکان بەرەو بەشەکانی باشوورو باکووری ئێران دابەشببوو بەسەر ناوچەی نفوزی جیاوازدا. بریتانییەکان کە خوازیاری هێنانەدی ئاشتیی و جێگیریی بوون لە وڵاتەکەدا، پشتگیریی رەزاخانیان کرد، ئەوەی کە فەرماندەی تیپێکی سوپای قەوزاق بوو لە قەزوین و توانی نەزم و یاسا لە وڵاتەکەدا بچەسپێنێت. ئەو رەزاخانەی دواتر لەساڵی ۱۹۲۵دا بووە رەزاشا و دامەزرێنەری بنەماڵەی پاشایەتی پەهلەویی، توانی لەئاستێکی بەرفراواندا دەوڵەتێکی نەتەوەیی کارا بەو شێوازە پێکبهێنێت کە بۆ ئەورووپییەکان ناسرابوو، دەوڵەتێك لانیکەم بتوانێت بەرگریی لە سەروەریی و سنووری فەرمیی خۆی بکات.

رەزاشا، تەنانەت پێش ئەوەش کە خۆی وەك شا رابگەیەنێت، ئامانجی ئەوەبوو کە سوپایەکی هاوچەرخ دابمەزرێنێت و کۆنترۆڵی هەموو هەرێمەکانی وڵاتەکە بکات، لەوانەش هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی تایبەتی

[37] Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism, 1–7.
[38] Ibid., 2.
[39] . Ervand Abrahamian, Iran between Two Revolutions (Princeton, NJ, 1982), 50–101.

خودموختاربوو. هەروەك ئەبراهامیان باسیكردووە، سوپا نوێیەكە لە تێكەڵەیەك پێكدەهات كە ٧٠٠٠ سەربازی قەوزاق و ١٢،٠٠٠ ژاندارم و هەروەها پێنج لەشكر كە تێكڕا ٤٠،٠٠٠ كەس دەبوون. لە كۆتایی فەرمانڕەوایەتی ڕەزاشادا، سوپاكەی لە ١٢٧،٠٠٠ و ١٨ لەشكر پێكدەهات.[40] ئەو خەرجی سوپا نوێیەكەی بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی دەرامەتی زەوییەكانی دەوڵەت و هەروەها لەڕێگەی باجی ناڕاستەوخۆوە دابیندەكرد.

سوپاكە كاریگەری خۆی لە چەسپاندنی دەسەڵاتی حكومەت لە ناوچە خێڵەكییەكاندا سەلماند. چەندین ڕاپەڕینی خێڵەكیی لە ناوچە جیاوازەكانی وڵاتەكەدا تارومارکران. لەساڵی ١٩٢٢دا، جووڵانەوە كوردییەكەی سمكۆ لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هەروەها ئەو ڕاپەڕینانەی خێڵەكانی شاهسۆن لە باكووری ئازەربایجان و هەروەها خێڵەكانی كیهگلویە لە فارس پێیهەڵسان، لەلایەن سوپا نوێیەكەی ڕەزاخانەوە تێكشكێنران. ڕەزاخان لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٥ دا، سەركەوتنی زێدەتری بەدەستهێنا. یاخیبوونە چەكدارانەكەی خێڵی سنجابی لە كرماشان، بلوچییەكان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەكە، لوڕەكان لە باشووری ڕۆژئاوا، توركمانەكان لە مازندەران، كوردانی باكووری خۆراسان، هەروەها شێخ خەزعەل لە موحەمەڕە لە خوزستان، تێكڕایان بەو پەڕی توندوتیژییەوە سەركوتكران.[41]

لەپاش ئەم سەركەوتنە سەربازییانە بەسەر خێڵەكاندا، ڕەزاشا سیاسەتی خۆی سەبارەت بە خێڵەكان بەشێوەیەك جێبەجێكرد كە كۆتاییهاتنی نائارامیی خێڵەكیی لە وڵاتەكەدا مسۆگەربكات. سیاسەتەكەی لە هەموو ناوچە خێڵەكییەكان جێبەجێكرا، لەوانەش هەرێمەكانی كوردستان، كە بریتیبوو لە دەستبەسەرداگرتنی زەوییە خێڵەكییەكان و گرتن یاخود دوورخستنەوەی سەرۆكی خێڵەكان و هەروەها بەزۆرنیشتەجێكردنی تەواوی كۆمەڵگە خێڵەكییەكە لە شوێنێكی دیكەی دوور لە زەوییە سوننەتییەكەی خۆیان، داخستنی سنوورەكان، هەروەها ڕێگرتن لە كۆچ وباری مێگەلی خێڵەكان بەرەو هەرێمگەلێكی دیارییكراو.[42]

ڕەزاشا بۆ چەسپاندنی سیاسەتەكەی شێوازی سەركوتكەرانەی گرتەبەر. دانیشتووانە خێڵەكییەكە زیاترین نەهامەتیی ئاكارە دیكتاتۆرییەكەیان چەشت و كەمترین قازانجیشیان لە مۆدێرنە ئابووریی و كەلتووریی و سیاسییەكەی ڕەزاشا كرد. لەو كاتەدا كە هەوڵەكان بۆ دامەزراندنی سوپایەكی نوێ، فراوانكردنی بیرۆكراتیی دەوڵەتیی، خستنەسەرپێی پەروەردە و پەیوەندییكردنی نوێ، هێنانەئارای یاساگەلێكی سێكیولار، خرابووەگەڕ، نەك تەنیا زۆربەی خێڵەكانی ئێران قازانجێكیان لەم پرۆسەی پەرەسەندنە نەبرد، بەڵكو تەنانەت ئەوانە خۆبژێویی ئابووریی و خۆبەڕێوەبەری سیاسیی خۆشیان لەدەستدا، هەربۆیە كەلێنی نێوان پەرەسەندنی كۆمەڵایەتیی-ئابووریی هەرێمە خێڵەكییەكان و باقی دیكەی وڵاتەكە بەرینتربوو.

ڕەزاشا ڕێگەی لە دامەزراندنی زۆر لە كەسایەتییە خۆجێییەكان گرت لە ناوچەكانی خۆیاندا. كۆمەڵگەی كەمینەكان بەشێوەیەكی نالەبار لەڕووی ئابووریی و سیاسییەوە كاریگەرییان لەسەر بوو. بایەخی بنەڕەتی درابووە فارسەكان و كەلتووری فارسیی. لەڕووی ئابوورییەوە، پرۆسەی مۆدێرنەی ناوچەكانی دەوربەری وڵاتەكە پشتگوێخرا. لەكاتێكدا سیستمی پەیوەندییكردن و ڕێگاوبان بنیاتنران و كارگەكان لە ناوەند و هەرێمەكانی باكووردا دەستیان بەكاركرد، بلوجستان، كوردستان، لوڕستان وەك پێشوو بە دواكەوتوویی مانەوە. ئاغاجانیان ئاماژەی بەوە كردووە كە:

---

[40] . Ibid., 120

[41] . Ibid.

[42] A. Lambton, Landlord and Peasant in Persia (London, 1953), 285.

"... کاریگـەریی بڵاوبوونـەوەی بەپیـشەسازییکردن زیـاتر لەسـەر دانیـشتووانی فـارس بـوو لـە بـانی ناوەنـدیی. گرووپـەکانی دیکـە لـە کوردسـتان و ئازەربایجـان کـە بەشـێکی خـەرجی ئـەم بوارەیـان لـەگیرفان دەرچـووبوو، لـە خۆشگوزەرانییەکەی بێبەشبوون."[43]

هـەروەها ڕەزاشا دابەشبوونێکی کـارگێڕیی نـوێی بـۆ وڵاتەکـە پێشکەشکرد. دابەشبوونەکەی پێشوو کە پشتی بە بنـەمای سـنوورە کۆمەڵایەتییـە-کەلتوورییـەکان دەبەسـت، بـە یەکـەی نـوێ شـوێنی گیرایـەوە کـە زیـاتر لەسـەر بنـەما سیاسییەکان و ئاسانکارییە کارگێڕییـەکان دابەشـببوو.[44] یەکە کۆنـەکان لـە ڕووی کەلتوورییـەوە هەماهـەنگ و لە ڕووی ئابوورییەوە خۆژێنتر بوو. ئەبراهامیان دەنووسێت:

...زۆرینەی بەرفراوانی مێژوونووسان و گەڕیدەکان مشتومڕیان کردووە سەبارەت بەوەی کە تاکو گەشەکردنی خێرای بازرگـانی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا زۆربـەی گونـدەکان و خێڵـەکان بەتـەواویی خـاوەنی خۆیـان بـوون و بەکرداری لەڕووی ئابوورییەوە خۆژێن بوون و زیاتر لەڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە خۆبەڕێوەبەر بوون."[45]

لە سەرەتای یەکەمین جەنگی جیهانییدا، حکومەتی ئێران خۆی لە هەلومـەرجێکی ناکاریگـەردا بینییـەوە بەچەشـنێك کـۆنترۆڵێکی کـەمی بەسـەر ڕووداوەکـانی وڵاتەکـەدا هـەبوو. لـەنێو ئەوانـەدا کـە سـوودیان لـەم لاوازییـە بـینی چـەندین سـەرۆکی کـوردی جۆربـەجۆر بـوو. لەوانەیـە بەرچـاوترینی ئەوانـە ئیـسماعیل ئاغـا بێـت کـە بـە سمکۆ ناسـراوە، ئـەو سـەرۆکی خێڵـی شـکاك بـوو کـە لـە باشـووری ڕۆژئـاوای ڕەزائیـە دەژیـان. هەڵـسوڕانی سمکـۆ لەناوچـەی ڕۆژئـاوای دەریاچەی ڕەزائیە چڕببووەوە، هەروەها ئەو حکومەتێکی خودموختاری کوردیی لەو ناوچەیەدا لە هاوینی ١٩١٨ەوە بۆ ساڵی ١٩٢٢، پێکهێنا. سمکۆ لە ئۆتی ١٩٢٢دا لەلایەن سوپای ئێرانەوە بەزێنراو ناچاربوو هەڵبێتە ئەنکەرە. هەشت ساڵ دواتر، لەساڵی ١٩٣٠دا، سمکۆ لەڕێگەیدا بۆ دانوسان لەگەڵ حکومەتی ئێران خرایە بۆسـەوە و کوژرا. سروشتی ڕاپەڕینەکەی لەدواتردا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

ماوەی نێوان یەکەمین جەنگی جیهانیی و دووەمین جەنگی جیهانیی بە بەزۆرنیشتەجێکردنی خێڵـەکان دەناسرێتەوە. خێڵە کوردییـەکان زۆریان بەدەست ئـەم سیاسـەتانەوە چەشـت. هێنـدێك خـێڵ لـە پرۆسـەی بەزۆرنیـشتەجێکردندا هـەر بەتەواویی خاشەبڕ بوون. قاسملو تێبینی کردووە کە:

" لـە ١٠،٠٠٠ ئەنـدامانی خێڵـی جـەلالی ( کـە لـە سـنوورەکانی ئێـران، تورکیـا و یـەکێتی سـۆڤییەت دەژیـان) بـۆ ناوچەکانی ناوەندی ئێران ڕاگواسترابوون، تەنیا چەند سەد کەسێکی کەمیان لەساڵی ١٩٤١دا گەڕانەوە، باقی دیکـەیان هەموویان مردبوون."[46]

دەرفەتی داهاتوو بۆ کوردان کە کار بۆ بەدەستهێنانی خودموختاری بکەن لەپاش کۆتایی دووەمین جەنگیی جیهانیی سـەریهەڵدا، ڕەزاشـا لـە دەسـەڵات خـراو کوڕەکەشـی واپێدەچـوو نـەتوانێت دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر تـەواوی وڵاتەکـەدا بچەسپێنێت. وڵاتەکە لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە داگیرکرابـوو، لەکاتێکـدا بـوونی سـۆڤییەت لـە باکـوور پـشتگیریی مەعنـەویی و مـادیی دەبەخـشییە خولیاکـانی کـوردان. کـوردان سـوودیان لـەم دەرفەتـە بینـی و لەسـاڵی ١٩٤٦دا، کۆمـارە کوردییەکـەیان لـە مـەهاباد دامـەزرانـد، ئـەو کۆمـارەی کـە یـازدە مـانگ بـەردەوام بـوو پـێش ئـەوەی لەلایـەن سـوپای حکومەتەوە تێکبشکێنرێت.

---

[43] Akbar Aghajanian, 'Ethnic Inequality in Iran: An Overview,' International Journal of Middle East Studies, 15 (1983), 211–25
[44] Abrahamian, Iran between Two Revolutions, 137.
[45] Ibid., 11.
[46] Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, 109.

جوولانەوەکەی مەهاباد بەشێوەیەکی بایەخدار لە شۆڕشەکەی سمکۆ جیاوازە بەوەی کە هەڵقوڵاوی هۆشی نەتەوەیی بوو. لەنێو گوتاری نەتەوەیی کوردییدا، ئەزموونی کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد وەك نموونەی تێکۆشانێکی کوردیی لەپێناو شوناسێکی نەتەوەییدا دانیپێدانراوە.

چەند دەیەیەك پاش رووخانی کۆمارە کوردییەکە، رێبەرانی نەتەوەیی کورد لەئێران دەرفەتێکی زۆر کەمیان لەبەردەمدا بوو تاکو بەئاشکرا داواکاری خۆیان بۆ خودموختاری دەربڕن. جوولانەوەکە رووی لە خەباتی نهێنیی کرد. ئەوە لە ماوەی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩دا بوو لەئێران کە کوردان دەنگی ناڕەزایەتییان دژی سیستمی شاهەنشاهیی هەڵبڕی داوای خودموختارییەکی سیاسیی و کەلتووریی و تاڕادەیەك ئابوورییان کرد. جیاوازییەکی گەورە سەبارەت بە تێگەیشتن و ئەزموونی سیاسیی کوردان لەم دوو قۆناغەدا هەیە کە من دواتر گفتوگۆیان لەبارەوە دەکەم. هەرچەندە، هەر لەساڵی ١٩٤٧ەوە تاکو ١٩٧٩، کۆمەڵگەی کوردییۆ ئابوورییەکەی گۆڕانکاریی زۆریان بەسەرداهاتووە کە کە ئاکامەکەی وەرچەرخانێکی لەسەرخۆبووە لە ئابوورییەکەیدا لە ئاراستەیەکی خۆبژێویی پشتبەستوو بە ئاژەڵداریی بەرەو ئاراستەی بازاڕ. بەرنامەی ریفۆرمی زەوی ساڵانی ١٩٦٠کان هۆکارێکی سەرەکیی ئەم وەرچەرخانە بوو. من لەم بەشەی دادێ هەوڵدەدەم باس لە ئابووریی خێڵەکیی کوردیی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگەکەدا بکەم.

# بەشی دووەم: ئابووریی سیاسیی خێڵگەرایی کوردیی

## دەروازە

لە سەرەتای سەدەکەدا گۆڕانی گەورە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کوردستانی ئێراندا هات. ئەو گۆڕانکارییانەی دەگونجێت مەسەلەیەکی حەتمی بووبن لەئاکامی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و ئەوانەی دیکەش کە لەنێو کۆمەڵگەی کوردییدا سەریانهەڵدا. هەرچەندە، سیاسەتەکانی حکومەت سەبارەت بە تێکدانی شێوەژیانی خێڵەکیی- کۆچەریی بەشداریی لە خێرابوونی ئەم گۆڕانکارییانەدا کرد. ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانە نیشتەجێبوونی خێڵە کوردییەکانی لێکەوتەوە. پرۆسەی بەزۆر نیشتەجێکردن مانای ئەوەبوو کە دواجار تەواوی خێڵە کوردییەکان نیشتەجێبوون و لە گوندەکاندا بەشێوەیەکی هەمیشەیی جێگیربوون. هەرچەندە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە پەیوەندییە خێڵەکییەکان لەنێو بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردییدا بەتەواوی لەنێوچووبن. ئەوەی بایەخی ئەم بەشەیە بریتیە لە شرۆڤەکردنی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتەهۆی گۆڕانکاری لە ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردییدا، ئەو هۆکارانەی پەیوەندییە رووبەڕووە خێڵەکییەکانیان لاوازکرد، هەروەها ئەو هۆکارانەشی بەشدارییان لە بەردەوامیی بەشێك لەو پەیوەندییە خێڵەکییانەدا هەبوو. من مشتومڕم لەوبارەیەوە کردووە کە رەگەزەکانی ئەم بەردەوامییە لەو یەکسانییە رێژەییەدا دیارە کە لە ژیانی خێڵەکیی کوردییدا هەیە، ئەوەی کە بۆخۆی ئاکامی ئەو چالاکییە سەرەکییە ئابوورییەی خێڵەکانە، بەدیارییکراوی ئاژەڵداریی کە بەشێوەیەکی سەرەکیی لەسەر سیما چیاییەکانی هەرێمەکە بنەمای گرتووە. گریمانەی ئەم بەشە ئەوەیە کە ئەو سیماو تایبەتمەندییانەی خێڵە کوردییەکانیان ناچار بەنیشتەجێبوون کرد، هەروەها بوونە هاوکاریش بۆ پاراستنی هێندێك لەو تایبەتمەندییە خێڵەکییانە لە کۆمەڵگەی کوردییدا.

لەم بەشەدا، ئەوە رووندەکەمەوە کە چۆن سیاسەتەکانی حکومەت لەرێگەی بەزۆرنیشتەجێکردن و رێگرتن لە کۆچ وباری خێڵەکان، رەوشە کۆمەڵایەتیی-ئابوورییەکەیان لە کوردستاندا دیارییکرد. لەوەش زیاتر، چەندە ئەم سیاسەتانە کۆتایی بە شێوازی تایبەتی ئابووریی خێڵەکیی هێنا کە لەسەر بنەمای ئاژەڵداریی سوننەتی راوەستابوو، ئەوەی کە سیمایەکی چەسپاوی بریتیبوو لە کۆچ و باری دوورمەودا. سیستمی ئاڵوگۆڕی ئابووریی خێڵەکیی گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت بۆئەوەی ببینرێت، کە لەڕاستییدا، تاچەند ئابووریی دراو زەمینەی بۆ لاوازبوونی ئابووریی سوننەتیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکیی خۆشکردووە.

بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی ئەو هۆکارە ناوەکیی و دەرەکییانەی گۆڕانکارییان بەسەر خێڵە کوردییەکاندا هێنا، پێویستە لە بایەخی ئاژەڵداریی لەژیانی کۆچەرییدا بکۆڵرێتەوە، هەروەها ئەو شێوازانەی خێڵە کۆچەرییەکانی پێ نیشتەجێبوون. یەکەمین جار باس لەوە دەکەم کە مەبەستم لە چەمکی "خێڵ" چییەو هەروەها دەروازەیەك سەبارەت بە رەوشەکەی هەرێمە کوردییەکە لە ئێران، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێشکەشدەکەم.

### خێڵە کوردییەکان لە دەیە بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا

لە زۆربەی بەڵگەنامە فەرمییە ئێرانییەکاندا، لەوانەش ئەوەکانی سەنتەری ئامارەکان، "خێڵەکیی" یان "خێڵ" ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵانەی کە لە کوێستانەوە "قشلاق" بۆ گەرمیان"یەلاق" کۆچ و بار دەکەن و بە پێچەوانەوە. هەروەها لە "رەشماڵ"دا دەژین. ئەو شوێنەی ئەوانی تێدا دەژین وەك پێوەدانێگی سەرەکیی بەکاردەهێنرێت بۆ ناساندنی خێڵ.

ئەم پێودانگە بەشێوەیەکی جیهانیی لەئێران پەسەند نەکراوە.[١] پێناسەیەکی بەم چەشنە ناتوانێت بەتەواویی دروست بێت، چەندین کۆمەڵ هەن کە کۆچ و بار دەکەن یان لەنێو رەشماڵاندا دەژینو هێشتا نەبوونەتە خێڵ، بۆ نموونە، ئەو کۆمەڵەی بە "غوربەتیی" ناودەبرێت، وەك لە راپۆرتێکی کشاوەرزدا هاتووە، ئاژەڵدارانی ناوچەی سەنگساری سەمنانن، ئەوانە کۆچ وبار دەکەن بەڵام خێڵ نین. لەوەش زیاتر، خێڵگەلێکی وەك کورد، لوڕو خێڵی بەختیارییەکان هەن کۆچ وبار ناکەنو بەدڵنیاییشەوە چیدی لەنێو رەشماڵدا ناژین بەڵام هێندێك ستراکتۆری خێڵەکییان پاراستووە.[٢] لەبەرئەوە، هەرچەندە کۆچ وبار سیماو تایبەتمەندییەکی گرنگی ژیانی خێڵەکییە، بەڵام تەنیا پێودانگ نییە. ژمارەیەکی زۆر خێڵ هەن کە هێشتا ستراکتۆرێکی سیاسیی و کەلتووریی خێڵەکییان هەیە ئەمێستا کۆچ وبار ناکەن. بەوەش کۆچ وبار وەك بنەمایەك بۆ ناساندنی "خێڵ" ئەوانی لەو ریزبەندییە هاویشتۆتە دەرەوە.

مێژوونووسە ئەفریقییەکان هێشتا لێکدانەوەیەکی سەرنجڕاکێشترو سەمەرەتریان بۆ "خێڵ" هۆنیوەتەوە. جۆن ئلیف لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی "مێژووی نوێی تانجەنیقا" دەڵێت:

" بیرۆکەی خێڵ دڵی یاسای ناڕاستەوخۆی تانجەنیقا داگیردەکات. هەمان دووبارەبوونەوەی ئەو بیرکردنەوە رەگەزپەرستانە هاوبەشەی سەردەمی ئەڵمانەکانە، بەڕێوەبەران لەوبڕوایەدان کە هەر ئەفریقییەك سەر بەخێڵێکە، هەروەك چۆن هەر ئەوروپییەك سەر بە نەتەوەیەکە. بێگومان ئەم بیرۆکەیە هێندەی قەرزاری تەوراتە، ئەوەی سەبارەت بە تاسیۆتسو سیزار وتراوە، ئەوەندە لە جیاکردنەوە ئەکادیمییەکان لەنێوان کۆمەڵگە خێڵەکییەکان کە پشت بە پێگە دەبەستێت، لەگەڵ کۆمەڵگەی مۆدێرن پشت بە گرێبەست دەبەستێت، وەرنەگیراوە، هەروەها بۆئەو ئەنترۆگرافیستانەی پاش جەنگ کە "خێڵ" یان لە وشەی بێزاروی "savage/ دڕندە" لەلا گونجاوتربوو. خێڵەکان وەك یەکیەکی کەلتووریی دەبینران کە" زمانێکی هاوبەش، سیستمێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت و هەروەها داب و رێسایەکی خۆیان هەیە."[٣]

هەرچەندە، لەکاتێکدا ئەوروپییەکان لەوبڕوایەدابوون کە ئەفریقییەکان بۆ خێڵەکانن دەگەڕێنەوە، ئەفریقییەکان خێڵەکانیان بنیاتنا تاکو بۆی بگەڕێنەوە.[٤] ئەم دیدەی جۆن ئلیف لەلایەن ئەندرۆ رۆبێرتسەوە پشتڕاستکرایەوە کە لەکتێبی "مێژووی زامبیا"دا دەڵێت:

" ئەو ئاستەی کە ناوێکی خێڵەکیی تایبەت وەك ناوێکی جیاواز دەیخوازێت و لەلایەن دەرەوەو خودی خۆشیان پەسەندکراوە، پشت بەو شێوازە دەبەستێت کە تێیدا گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان کاریگەریی لەسەر هەستی خەڵکەکە وەك شوناسێك بەدژی هەرکەسێکی دیکە پێکدەهێنێت. بەکورتی، خێڵ، رێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی واقعیی نییە، زیاتر لەوەی: ئەوانە حاڵەتگەلێکی زهنیی و عەقڵیین. ئاگاهیبوون سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ خێڵێك بەئاسانیی هەمانکات دەبێتەهۆی رەنگدانەوەی رەوشێکی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی لەساتەوەختێکی دیارییکراودا."[٥]

بەشێوەیەکی ئاشکرا، بە سوکە خستنەبەر گومانێکی تەواوی بیرۆکەی "خێڵ"، هێندێك مێژوونووسی ئەفریقیی داهێنەرانە لە دەستەواژەی" نەمری"یان پرسیوە، و لەگەڵ ئەو شێوە پەسەندنەکردنە نارەخنەییەی دەستەواژەی "خێڵ"دا لەلایەن کەسانی دیکەوە، بەراوردیان کردووە .

---

[1] T. Firuzan, ‘Darbariy-i Tarkib va Sazman-i Ilat va ’Ashayer-i Iran’ (The Composition and Organization of Iranian Nomads and Tribes), in Ilat va ’Ashayer (Tribes and Nomads) (Tehran, 1983), 14–16.

[2] Amir Hushang Kishavarz, ‘Nezam-i Iqtesad-i va Sakht-i Ijtima‘-i dar ’Ashayer-i Iran’ (Social and Economic Structure of Iranian tribes), in Chashmandaz, (Autumn 1987), 40.

[3] John Iliffe, A Modern History of Tanganyika (Cambridge, 1979), 323.

[4] Ibid., 324.

[5] Andrew Roberts, A History of Zambia (London, 1976), 65. Notes 223

تاپەر، لە کتێبکیدا سەبارەت بە خێڵ و دەوڵەتان لە ئێران و ئەفغانستاندا، پێناسەیەکی گشتیی سەبارەت بە خێڵەکان لەم وڵاتانەدا بۆ فەراهەمکردووین:

دەشێت خێڵ بەشێوەیەکی ڕێژەیی بۆ ئەو گروپە شوێنگرتووانە بەکاربهێنرێت کە پەیوەندی خزمایەتیی تێیدا شێوەیەکی باڵادەستی ڕێکخراوبوون بێت، بەچەشنێك ئەندامەکانی لەڕووی کەلتوورییەوە خۆیان بە جیاواز ( لەرووی داب و نەریت، زار و زمان یاخود ریشەو بنەچەوە) دادەنێن ، خێڵەکان وەك باوە لەرووی سیاسییەوە یەکگرتوون، ئەگەرچی لەسایەی رابەرێکی سەرەکییشدا نەبن، هەردوو سیماو تایبەتمەندییەکە لەکاتی کارلێك لەگەڵ دەوڵەتەکاندا هاوبەش دەبینرێن. هەروەها ئەم چەشنە خێڵەکانە زۆربەی جار بەشێك لە ستراکتۆری ئاینیی و سیاسیی خێڵگەلێکی هاوچەشنی گەورەتر پێکدەهێنن ، ئەوان زۆرجار راستەوخۆ بۆ دەوڵەت ناگەڕێنەوە، بەڵکو لەڕێگەی ئەم ستراکتۆرە نێوەندگیرانەوە."[٦]

ئەم پێناسەیە، تاڕادەیەکی زۆر، لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا دێتەوە کە ڤان برونسن بۆ خێڵە کوردییەکانی تەرخانکردووە:

"خێڵە کوردییەکان یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی–سیاسیی هەروەها هەرێمیین(هەر لەبەرئەوەش ئابوورییین) کە لەسەر بنەمای باوان و خزمایەتیی راستیینە یان هەڵبەستراو راوەستاوە، لەگەڵ بوونی ستراکتۆرێکی نێوخۆیی تایبەتدا."[٧]

ئەم پێناسەیەی لەلایەن برونسنەوە دراوە پێناسەیەکی گشتگیرە بۆ خێڵە کوردییەکان. بەڵام مامەڵە لەگەڵ چالاکییە ئابورییەکانیان ناکات، ئەوەی پشتدەبەستێت بەوەی کە داخۆ خێڵەکە کۆچەرییە، نیوەکۆچەرییە یان بەتەواویی نیشتەجێیە، بەوەش چالاکییە ئابوورییەکانیان جیاوازدەبێت.

خێڵە(عەشیرەتە) کوردییەکان لە هۆز (تایفە، بەرە، هەروەها تیرە) پێکهاتوون و هێشتا زیاتر بۆ کۆمەڵی بچووکتریش دابەشبوون. سەرۆکی خێڵ "میر" یان "بەگ"، و سەرۆك هۆز یان بەرەبابیش "ئاغا"ی پێدەوترێت.[٨] سەرۆك خێڵ و ئاغاکان بەشێوەیەکی سوننەتیی فرە دەسەڵاتدارن.[•] هەروەها ئەوان ئەندامێکی هەرە جیاوکداری خێڵەکەن. ئەوان گەورەترین مێگەلیان هەیە، لەکاتێکدا ئەندامێکی ئاسایی خێڵەکە تەنیا چەند سەر مەڕو بزنێکی هەیە کە بژێوی بنەماڵەکە دابیندەکات. ئەندامانی خێڵ ناچاربوون مەڕانە بدەنە سەرۆك خێڵەکانیان لە شێوەی دیاری ڕێکخراودا، دەبوو بەشێوەی خەج وباجیش پیتاك بەدەوڵەت بدەن. قاسملو سێ گرووپی جیاوازی لەنێو خێڵەکاندا جیاکردۆتەوە:

---

[6]Richard Tapper (ed.), The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan (London, 1983), 9.
[7] Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State (London, 1992), 51.
[8] Abdul Rahman Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds (London, 1965), 106.

[•] رەنگە تا ئێستا هیچ بایەخدارێك وەك (مێجەر هەی) کە کارمەندێکی بەریتانییەکان بووە لە عێراق ، بە ئاشکرا و رەپ وراست، سەرۆك و سەردارانی کوردی بەسەر دوو بەرەی ( ئاغای باش و ئاغای بەد ) دا دابەش نەکردبێت . ناوبراو کە سەدەیەك پێش ئێستا هاتۆتە کوردستان و دووساڵی تێیدا ماوەتەوە ، ئەو سەرنجەی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا تۆمارکردووە کە بە ناونیشانی " دوو ساڵ لە کوردستاندا " وەك کتێبێك لە ساڵی ١٩٢١دا بڵاویکردۆتەوە . (هەی) باسی لەوە کردووە کە سەرۆکی باش بۆ خەڵکەکەی وەك باوکێکی دڵسۆزی راستەقینە وایە و هەموو بەرژەوەندییەکانی ئەوانی لەبەر چاوە ، لەکاتێکدا ئەوەی دووەمیان واتە سەرۆکی بەد، کەسێکی دڵڕەقی خۆپەرستە و خەریکی رەپاندن و بێگارپێکردنی خەڵکەکەی بەردەستێتی و هەر ناڕەزایەتیی و ملنەدانێکیش بەخواستەکانی، بە دەستێکی ئاسنیین سەرکوت دەکات و لە هیچ خراپەیەك سڵناکاتەوە .شایەنی باسە ، (مێجەر هەی) ئەم دابەشکردنەی سەرۆکەکانی کوردی بەتەنیا لەسەر بنەمای ستراکچەری مۆراڵی وێنا نەکردووە ، بەڵکو هەوڵی ئەوەی داوە هۆکاری شوێن و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیش لەو بوارەدا لەبەرچاوبگرێت . ئەو ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو سەرۆکانەی لەناوچە چۆڵ و دووردەستە سنورییە چیاییەکاندان و پەیوەندیی خوێن بە دەستوپێوەندەکانیانەوە دەیانبەستێتەوە دەچنە قاڵبی سەرەۆکە باشەکانەوە و بەتەنگ خەڵکەکەی خۆیانەوە دێن و بۆیان باشن ، بەڵام ئەو سەرۆکانەی کەوتونەتە ناوچە دەشتەکییەکانەوە و پشتیان بە حکومەتەوەیە و فەرمانڕەوایی بەسەر چینی جووتکارە هەژارەکاندا دەکەن ، ئەوانە نموونەی سەرۆکێکی بەد و خراپن .

سەرۆك‌و خزمەکانی کە بەشی خاوەن جیاوکی خێڵەکەن، خزمەتکارانی سەرۆك‌و خزمەکانی (خولامەکان)، هەروەها ئەندامانی ئاسایی گشتیی خێڵەکە.[9] وێڕای ئەوانەش، رۆحانییەکانیش هەبوون کە دابەشدەبوون بۆ "شێخەکان"(کە نوێنەری تەریقەتەکانیان دەکرد)، "مەلاکان" لەگەڵ "سەیدەکان"( نەوەکانی پەیامبەر). هەروەها رۆحانییەکانیش جیاوکی خۆیان هەبوو، بەتایبەت شێخەکان، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سەرکردەیەکی سیاسیی دەسەڵاتداربوو.

لەرابردوودا، چالاکیی گشتیی ئابووریی زۆربەی خێڵەکان لەکوردستان بریتیبوو لە ئاژەڵداریی. کشتوکاڵەکەیان بەشێوەیەکی سەرەکیی پشتی بە دێمەکاریی دەبەست، و بەرهەمی پیشەی کاری دەستیشیان سنووردارببوو. هەروەها ئاژەڵداریی وەك چالاکییەکی ئابووریی سەرەکیی بنەمای جیاوازییە کۆمەڵایەتیی‌و ئابوورییەکان بوو. بەداخەوە، داتاگەلێکی کەممان لەبەردەستدایە سەبارەت بە خاوەنێتی ئاژەڵدارەکان لەنێو خێڵە کوردییەکاندا لەو ماوەیەی کە لەم بەشەدا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە. هەرچەندە، بۆئەوەی سەبارەت بە حاڵەتە جیاوازە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکەی ئاژەڵدارانی کۆمەڵگەی کوردیی ئاشنابین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کۆڵینەوەکەی کشاوەرز سەبارەت بە چالاکیی ئابووریی خێڵەکیی کە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٦دا بڵاوکرایەوە. کشاوەرز چینەکانی لە کۆمەڵگەی خێڵەکییدا لەسەر بنەمای خاوەنداریێتیی ئاژەڵداریی جیاکردۆتەوە. ئەوەی ئەو ناوی لێناون: مەزنە ئاژەڵدارەکان، ئاژەڵدارە ناوەنجییەکان‌و گچکە ئاژەڵدارەکان.[10]

* مەزنە ئاژەڵدارەکان: ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەو ئەندامانەی خێڵ کە گەورەترین ژمارەی ئاژەڵیان هەیە. ئامانجی سەرەکیی ئابووریی ئەم تاقمە ئەوەیە ئاژەڵ بەخێوبکەن بۆ بازگانیی. ئەوانە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی مەڕو بەرخ رادەگرن(نزیکەی ٩٠٪ی مێگەلەکانیان پێکدەهێنن) بۆئەوەی گۆشتەکانیان لە بازاڕدا بفرۆشن. بازرگانی ئەوان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ شارەکانی دەوروبەریان بوو، لەوێشەوە پەیوەندییەکی زێدەیان بە ئابووری باقی وڵاتەکەوە هەبوو. هەروەها ئەوان باشترین جۆری گۆشتیان بۆ بازاڕ فەراهەمدەکرد. کۆچ‌و بار وایکردبوو ئەم تاقمە ئاژەڵدارە مێگەلی بەهێزو تەندروستیان هەبێت‌و باشترین‌و گەورەترین مەڕ بۆ بازاڕ مسۆگەربکەن .

* ئاژەڵدارە ناوەنجییەکان: ئەم کۆمەڵە ئاژەڵدارە دوو ئامانجی سەرەکییان لە چالاکییە ئابوورییەکانیان هەیە: یەکەم، کە بازرگانیی بکەن‌و سامانەکانیان زێدەبکەن، دووەمیش، بۆئەوەی بەشێکی خۆراکی خێزانەکانیان فەراهەمبکەن. چالاکییەکانیان کردبوونیە هاوپەیمانی مەزنە ئاژەڵدارەکان لەلایەك‌و بازاڕەکانی دەوروبەرو بازرگانەکان لەلایەکی ترەوە. لەکاتێکدا ئەوان دەبوو بەشێکی وزەی خۆیان بۆ فەراهەمکردنی خۆراك بۆ خێزانەکانیان تەرخان بکەن، هەروەها ئەوان بەشداری بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ گچکە ئاژەڵدارەکاندا هەبوو. لەبەرئەوە، ئەوان تەنیا بازرگانییان بە مێگەلەکانەوە نەدەکرد بەڵکو بەرهەمهێنەری بەروبومی ماستیش بوون بۆ بەکاربردنی خۆیان. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەو ئاژەڵانەی لای ئەم کۆمەڵانە بەخێودەکرێن ئەوانەن کە بۆ بازرگانیی بەکاردێن وەك وەك مەڕو بەرخ، هەروەها ئاژەڵە نیوە بەرهەمهێنەکانی وەك بزن‌و کار.

گچکە ئاژەڵدارەکان: ئەم کۆمەڵە وەك دەتوانێت تەنیا ئامانجێکی هەبێت کە ئەویش فەراهەمکردنی خۆراکە تەواوکارییەکانە بۆ خێزانەکانیان. ئەوان چەند سەر ئاژەڵێکی کەمیان هەیە بۆ دابینکردنی پێویستییە رۆژانەکانیان لە گۆشت. ئەمانە ئەو دەستەیەن کە یەکمینجار نیشتەجێبوون کاتێك کۆچ‌و بار کۆتوبەند کرا. لەبەرئەوەی ئەمانە هێندە

[9] Ibid., 107.
[10] Kishavarz, 'Nezam-i Iqtesad-i va .

ئاژەڵێکی زۆریان نەبوو کە بۆ بازاڕ بەهایەکی ئەوتۆی هەبێت یان زۆر کەمیان هەبوو، بەتیبەت مەڕو بەرخ، هەربۆیە بوونی هەر قەیرانێك ڕێگەی ئەوەی لێدەگرتن بتوانن ماڵاتەکانیان رابگرن. ئەوان ئاژەڵەکانیان سەردەبڕی بۆ خواردن‌و کاتێك ئەوەش دەخورا، دەبوونە کرێکاری وەرزێریی.

ئاڵوگۆڕی بەروبومی ئاژەڵیی لەنێو خێڵە نیوە کۆچەرییەکاندا ئەنجامدەدرا، ئاڵوگۆڕی بەروبومەکانیان بەو بەرهەمانەی کە لە کۆمەڵگەکەیاندا بەرهەم نەدەهات لەسەر ڕێگەی کۆچ‌و باریان بەرەو هاوینەهەوارەکانیان یان بەرەو هەوارگەی زستانیان ڕوویدەدا. ئەم ئاڵوگۆڕە چ لە ڕێگەی گۆڕینەوە بە بەرهەمی دیکە یان لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی دراو ڕوویدەدا. هەرچەندە، کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردیی وردە وردە نیشتەجێبوون‌و بە ئابووریی بازاڕەوە پەیوەستبوون، هەروەها دواجار سیستمی ئاڵوگۆڕی بۆ شێوازێك گۆڕا کە تێیدا پارە وەك نێوەندێکی ئاڵوگۆڕ بەکارهێنرا.

نیشتەجێکردنی خێڵەکان لەشەوو ڕۆژێکدا ڕوویندەدا. هەرچەندە پرۆسەکە لە کۆتایی سەدە (سەدەی ١٩) دەستییپێکرد. ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی دەگمەنیی لەوەڕگەکانەوە بوو کە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕایەوە: زۆربوونی خەڵك‌و زێدەبوونی ژمارەی گوندەکان، داوایەکی زۆر لەسەر بەرهەمی خێڵەکان‌و هەروەها بەکارهێنانی بەرفراوانی لەوەڕگەکان. من دواتر بۆ ئەم مەسەلانە دەگەڕێمەوە. وێڕای فاکتەرە نێوخۆییەکان لەنێو ژیانی ئابووریی کوردیی کە هانی نیشتەجێبوونی دا، هەروەها فشاریش لەسەر خەڵکەکە هەبوو تاکو نیشتەجێبێت بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتەوە سەبارەت بە خێڵەکان. ئاکامێکی ئەوانەش بەتایبەتییکردنی لەوەڕگە گشتییەکان‌و هەروەها داخستن‌و توندکردنەوەی سنوورەکان بوو بەڕووی کۆچ‌وباری خێڵەکان.

چوونەسەر تەختی دەسەڵات لەلایەن ڕەزاخان/شاوە گۆڕانکارییەکانی بەرەو نیشتەجێبوون خێراترکرد. لە پێش ڕەزاشا، حکومەت وەڵامی گرفتی کوردانی لە ڕێگەی راگواستنی کوردان دەدایەوە لە شوێنی جیۆگرافیان‌و ناچارکردنیان کە دوور لە مەڵبەندە سوننەتییەکانی خۆیان نیشتەجێبن، زۆرجار لەو هەرێمانەی کە ژینگەیەکی نادۆستانەبوو، هەروەها لەرێگەی دوورخستنەوەی سەرۆکە خێڵەکییەکان‌و جیاکردنەوەیان لە بەشە سەرەکییەکانی خێڵەکەیان، بەوەش لاوازکردنی دەسەڵاتی سیاسییان.

جیاوازیی ڕژێمەکەی ڕەزاشا لەوەدا بوو کە، لەکاتێکدا هەمان ئەو ڕێ‌و شوێنانەی ئەگرتەبەر کە لەلایەن دەسەڵاتەکانی پێش خۆیەوە جێبەجێدەکرا، ئەو هەروەها زۆربەی هەوڵەکانی لە نیشتەجێکردنی خێڵەکان لە زەوییە سوننەتییەکەی خۆیاندا چڕدەکردەوەو ناچاری دەکردن شێوەژیانی پێشوویان لەسەر ئەو خاکە بگۆڕن کە هەمیشە لەسەری ژیاون. حکومەت لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ گرفتێك بدۆزێتەوە کە ئەوان بە گرفتێکی بەردەوامیان دادەنا. بێگومان سیاسەتەکەی ڕەزاشا سەبارەت بە ریشەکێشکردنی خێڵەکان دەسەڵات‌و کاریگەریی سەرۆکخێڵەکانی کەمکردەوە، بەڵام هەروەك حکومەتەکانی پێش خۆی، نەیتوانی خێڵەکان‌و خێڵگەرایی تێکبشکێنێت. لامبتۆن، لە کۆڵینەوەکەیدا ئاماژەی بە ڕێگرتن لە کۆچ‌وباری خێڵەکان‌و بەزۆرنیشتەجێکردنیانی داوە، ئەوەش وەك هەوڵێك بۆ تێکشکاندنی ڕێکخراوی خێڵەکان لە ئێران، بە کوردستانیشەوە.[11] بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی نیشتەجێکردن لەسەر کۆمەڵگەی خێڵەکیی، ئەمێستا بایەخی کۆچ‌وبار بۆ بوونی بەردەوامی خێڵەکیی‌و ئەو فاکتەرانەی هانی خێڵەکان دەدەن بۆ نیشتەجێبوون، ڕووندەکەینەوە.

---

[11] . A. Lambton, Landlord and Peasant in Persia (London, 1953), 285.

## خێڵەکان بۆ نیشتەجێدەبن؟

(pastoralism / شـوانکارەیی) وەك بـاوە ئامـاژەیـە بـۆ سیـستمێك کـە تایبەتمەنـدە بـە تاکێـك یـان بازرگـانی دەسـتەجەمعییە بـە مێگـەلی مـەڕو بزنـەوەو بـەکارهێنانی لەوەڕگەکانـە بـۆ بـەخێوکردنی مـاڵات، هـەروەها دابینکردنـی بەروبومی وەك شیرو گۆشتە بۆ تاکەکە یان کۆمەڵەکە، یاخود ئاڵوگۆڕکردنی ئەم بەروبومانە بە شمەکی دیکە، لەڕێگـەی گۆڕینەوە.[١٢]

لەم سیستمەدا سێ هۆکاری بەرهەمهێنان تێکەڵ بەیەکدەبن: خەڵك، مێگەل لەگەڵ خاك. بۆ هاوسـەنگیی نێوان ئەمانـە پێویستە لەوەڕگەی تـەواو هـەبێت تاکو خـۆراکی تـەواو بـۆ مـاڵاتێکی تـەواو دابینبکـاتو بـژێویی خێزانەکە زامنبکـات. نووسـراوەکان سـەبارەت بـە بـژێویی خێزانـەکان جـەخت لـە هاوسـەنگیی نێـوان قـەبارەی مێگـەلو ژمـارەی خەڵکەکـە لـە خێزانەکەدا دەکەنەوە کە سـوود لـە مێگەلەکـە وەردەگـرن. تـۆلمین، لـە کـۆڵینەوەیەکیدا سـەبارەت بـەو نووسـراوانەی لـەم بارەیەوە نووسراون دەڵێت کە:

پێویـستە بـژێویی لـە رووی هەریـەك لـە قـەبارەی مێگەلـەوە ببینرێـت کـە پێویـستییە بەکاربـەرێکانی خێزانەکـە دابینـدەکاتو هـەروەها قـەبارەی خێزانەکـەو توانـای بـۆ دابینکردنـی شـوانی پێویـست بـۆ ئـەوەی ئاگایـان لـە مێگەلەکـە بێت.[١٣]

خێزانـی بـێ بژێویی ئـەو خێزانەیـە کـە نـە دەتوانێت ئەوەنـدە مـەڕو مـاڵات رابگرێـت کـە پێویـستییەکانی خێزانەکـەی دابینبکاتو نە ئەوەندەش شوانی هەیە کە ئاگای لـە مێگـەل بێـت، یـاخود ناتوانێـت بچێتـە نێـو لەوەڕگـەی گونجـاوەوە. هەربۆیە لەم هەلومەرجەدا خێزانەکە بەشوێن چالاکیی ئابووریی دیکەدا دەگەڕێت بۆئەوەی داهـاتی تـەواوی بـۆ بـژێویی لێ دەستبکەوێت.

هەرچەندە، بۆ کردنی ئەم کارە، هەنگاونانی گەورەی لێ چاوەڕێ ناکرێت. یەکەیـەك کاتێـك بیر لـە گـۆڕینی خاکەکـەی دەکاتەوە کە نە ئەو زەوییەی بەکاریدەهێنێتو نـە ئـەو ماڵاتـەی رایگرتـوون بەشـی ناکـەن. عادەتـەن زەوییـەکی کـەمیش ماوەتەوە کە خەڵکی دیکەی لەسەر نەبێت. لەم کاتەدا خێزانەکە دەبێت روو لـە زەوییـەك بکـات کـە لەلایـەن خێزانـەکانی دیکەوە بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە، ئەم بژارەیەش ، بەتایبەت لەگەڵ زێـدەبوونی خەڵکەکـەو بـەکارهێنانی فـرە زیـاتری زەوییەکان، ئەگەری کەمترە.[١٤]

کەمی زەوی چ بەهۆکاری سروشتیی وەك زێدەبوونی خەڵکەوە بێت، یاخود بەهۆی سیاسەتی رێگرتن لە بەکارهێنانی لەوەڕگەکانەوە بێت بەرووی کۆمەڵە شوانکارەییەکاندا وەك سیاسـەتێکی حکومـەت، کاریگـەریی راسـتەوخۆ لـە مـاڵاتو مێگەلەکان دەکات. تۆڵمین ئاماژەی بەوە داوە کە کەمی ئالیکی پێویست دەبێتەهۆی زێدەبوونی رێـژەی مردنـی مـاڵاتو هەروەها کار دەکاتە سەر جۆری بەرهەمی ئاژەڵیی. هەژارترین خێزان لە کۆمەڵگەی شوانکارەییدا دەبێت بـڕوات چـونکە بـێ بـژێوی بـوون شـتێکی چاوەڕوانکراوە. هێنـدێك هەوڵـدەدەن لەگـەڵ پاراسـتنی رۆڵـە شـوانکارەییەکەیاندا هێنـدێك شـێوازی دیکـەی چـالاکیی ئـابوورییش بەڕێوەبـەرن. کاتێـك یەکـە خێزانییەکـە چیـدی تـەنیا پـشت بـە شـوانکارەیی نابەستێت، مانەوەی ئابووریی خێزانەکە ئیدی بەتەواویی زۆر پەیوەندییەکی پتەوی بە بوونی زەوییەوە نابێت.

---

[12] Camilla Toulmin, Economic Behaviour Among Livestock-Keeping People, Development Studies Occasional Paper No. 25 (University of East Anglia, 1983), 5.
[13] Ibid.
[14] Ibid,19.

لە زۆربەی نووسراوە ئەنترۆپۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، سەرچاوەی سەرەکیی داهاتە تەواوکارییەکان بۆ کۆمەڵگەی شوانکارەیی بریتین لە : کشتوکاڵ، راو، کۆکردنەوەی خۆراکە سروشتییەکان، کاری دەستیی، کاری بەکرێو هەروەها کاروانی بازرگانی.[15] لەنێو تێکڕای ئەمانەدا، کشتوکاڵ گرنگترینیانە. پرسە لێکۆڵراوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە شوانکارەکان زیاتر تێکەڵ بە کشتوکاڵ دەبن بەوهۆیەی کە پەیوەستە بە پێویستیی پاراستنی بەروبومە خۆراکییەکانیان. بەرزی نرخ و گەیشتنی دانەوێڵە بۆ بازاڕەکان بەشێوەیەکی پچڕپچڕ، مردنی ماڵاتەکان، دابەزینی بەروبومی خودی ماڵاتەکان، گۆڕانی ئاووهەوا، یاخود سنووردارکردنی بەکارهێنانی لەوەڕگەکان کە بۆخۆی دەبێتە کەمکردنەوەی ئالیکە تەواوکارییەکان بۆ ماڵاتەکان، هەموو ئەمانە بەشدارن لە فشارکردن بۆ تێوەگلان لە چالاکیی دیکەی غەیری ئاژەڵداریی.[16]

## نیشتەجێبوون:

بەگشتیی، نیشتەجێبوون پەیوەستەگیی بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی پێشووەوە لاوازدەکات. کاتێك کۆمەڵێك نیشتەجێدەبێت، ئەو سیما و چالاکییانەی لە کۆمەڵگەی شوانکارەییدا کەلەسەر هاوکاریی و بەشداریی بنەمایان گرتووە کاڵدەبنەوە. ئەوەش واپێدەچێت کاردانەوەیەکی لۆجیکی بێت بۆ ئەو گۆڕانانەی کە لەشێوەژیانی شوانکارەییەوە بۆ شێوەژیانی کشتوکاڵیی دێتەئارا. چونکە ئەو رادەیە لە هاوکاریی بۆ ئەرکەکانی کۆمەڵگەی شوانکارەیی پێویستە.

نیشتەجێبوون هانی جیاوازییەکان دەدات لە کۆمەڵگەدا لەڕووی بەدەستهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە. مشتومڕ سەبارەت بەوە هەیە کە وەك باوە کۆمەڵگە شوانکارەییە نیشتەجێیەکان کاتێك گواستنەوەو کۆچ وباری خۆیان لەدەست دەدەن مەیلی پەرەسەندنی دەستەگەرایی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری زیاتریان لاپەیدادەبێت. ئەوەش بۆ بەدەستهێنان و موڵکایەتیی زەوی و ماڵاتەکان دەگەڕێتەوە. ئەو ئارگومێنتەی کە کۆمەڵگە شوانکارەییەکان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە کەمتر لە کۆمەڵگە نیشتەجێیەکان جیاوازن ئارگومێنتێك نییە بتوانرێت بەسەر هەموو پرسەکاندا جێبەجێبکرێت، بەڵام بۆ زۆربەی ئەو نموونانەی کۆمەڵگە شوانکارەییەکان دروستە کە نیشتەجێبوون.

کۆڵینەوەکان پێشانیانداوە کە بەهای زەوی و کەلوپەل و ئامرازە پێویستەکان لە کۆمەڵگە نیشتەجێیەکاندا زێدەتردەبێت، ئەوەش وادەکات کە ئەندامێکی هەژاری کۆمەڵگە شوانکارەییەکەی پێشوو بە زەحمەت دەستی بە زەویدا رابگات. هەر لەبەر ئەم لێکدانەوەیەیە کە تۆڵمین راشکاوانە پێشنیازدەکات کە:

" نیشتەجێبوون و کاری کشتوکاڵی هەمیشە لەبەردەم خێزانە هەژارە شوانکارەییەکان ئاوەڵا نەبووە. لەکاتێکدا کە زەوی دەگمەن دەبێت و وەبەرهێنانیشی خەرجییەکی زۆری دەوێت. ئەو تەنیا خێزانە شوانکارەییە دەوڵەمەندەکانن کە دەتوانن ببنە خاوەنی زەوییەکی کشتوکاڵیی بەرهەمدار."[17]

ئەم مەیلە زیاتر دەبێت کاتێك زەوییەکی بێ پیت کە وەبەرهێنانەکەی پێویستی بە ئاودێریی و پەینەوە هەموو ئەوەیە کە لەبەردەستدایە.

بڕوایەکی گشتیی هەیە کە شوانکارەیی کۆچەریی بەرجەستەی قۆناغە سەرەتاییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی دەکات و هەروەها ئەوە زوو یان درەنگ شوانکارە کۆچەرییەکان دەبنە وەرزێرانی نیشتەجێ.[18] هەروەها بڕواش وایە کە کۆمەڵگە

---

[15] Ibid., 26.
[16] Ibid., 31, 41–3.
[17] Ibid., 62.

کشتوکاڵییەکان شێوە ژیانێکی ئابووریی باشترو خۆشتر بەبەراورد بە کۆمەڵگە شوانکارەییەکان دەژین. حکومەت هەوڵیدەدا پاساوی گواستنەوەی کۆمەڵگە شوانکارەییەکان بۆ کۆمەڵگەی نیشتەجێ بەوەبدات گوایە بایەخ بە خۆشگوزەرانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دانیشتووان دەدات، بەوەی وەك دەوترێت هەلومەرجەکەیان باشتر بووە پاش ئەوەی کالای کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییان بە بالادا براوە. دەشێت هەولەکان بەشێوەیەکی رووکەش بۆ زێدەکردنی سامانی کۆمەڵگە بێت، بەلام ئامانجی بنەڕەتی راستیینە بریتیە لە زێدەکردنی کۆنترۆڵی حکومەت. هەرچەندە، ئەو دیدەی کە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان خۆشگوزەرانترن جێگەی مشتومڕە. هێندێك مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکەن کە بەپێچەوانەی بڕوای گشتییەوە، لەوانەیە شوانکارەیی لە کۆمەڵگە نیشتەجێیە کشتوکاڵییە-ئاژەڵدارەکەوە گەشەیکردبێت، هەربۆیە ئەو ئارگومێنتەی کە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی لە کۆمەڵگەی شوانکارەیی "پێشکەوتووترە" شتێکی راست نییە، ئەگەر مەبەست لە "پێشکەوتوو" ئەوەبێت کە لە ئێستاوە نزیکترە.[19] هەروەها مشتومڕیشیان کردووە کە ئەوەش راست نییە کۆمەڵگە نیشتەجێیەکان ئاستێکی بالاتری شێوەژیانیان لە کۆمەڵگە شوانکارەییەکان هەیە. فریدریك بارس، لە کۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بە خێڵی باسێری لە باشووری ئێران، نووسیویەتی کە زۆربەی گوندەکانی ئەو شوانکارەییانەی پێشوو کە ئێستا نیشتەجێن، ئاستێکی نزمی ژیانیان هەیە بەپێچەوانەی کۆمەڵگە خێڵەکییە-کۆچەرییەکانی دەوروبەریانەوە.[20]

پرۆسەی نیشتەجێبوونی کشتوکاڵیی پەرەدەگرێت لە قۆناغەکانی:[21]

١- کە ئەندامە تاکەکانی کۆمەڵگەی شوانکارەیی کۆمەڵگەکەیان جێدەهێڵن، بەتایبەت هەرە هەژارو هەرە دەوڵەمەندەکانیان.,

٢- کە ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ تێکەڵ بکرێن.

٣- کە تەواوی کۆمەڵگەکە نیشتەجێدەبێت.

نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ بۆ کارەساتە سروشتییەکانی وەك وشکەساڵیی یاخود سیاسەتی فەرمیی سەبارەت بە نیشتەجێکردنی خێڵە شوانکارەییەکان دەگەڕێتەوە. دەشێت کۆمەڵگەیەك بەهۆی یەکێك لەم سێ قۆناغە"نیشتەجێبێت" یان بە تێکەڵبوونی هەرسێکیان. ئەو سێ شێوەیەی بەکورتی لەخوارەوە ڕووندەکرێتەوە:

## نیشتەجێبوونی پێبە پێ بەهۆی "داماڵینی" تاکەکانەوە

بارس، لە کۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە خێڵی باسێری، نموونەیەك لەمبارەیەوە پێشکەشدەکات،[22] لەوێ هەرە دەوڵەمەندترین و هەرە هەژارترینی خێزانەکان کۆمەڵگە شوانکارەییەکەیان جێهێشتووە. هەردوو گروپەکە هۆکاری جیاوازیان بۆ ئەم کارە هەیە. هەرە دەوڵەمەندەکان کۆمەڵگەکەیان جێهێشتووە لەبەرئەوەی ڕووبەڕووی لەدەستچوونی قازانجی ماڵاتەکانیان ببوونەوە. کاتێك ماڵاتەکانیان ئەوەندە زێدەدەبوو پێویستی بەوە دەکرد کە لەدەرەوەی

---

[18] Ibid., 5, 44.
[19] Ibid., 44.
[20] Fredrik Barth, Nomads of South Persia (Oslo, 1961), 110.
[21] Toulmin, Economic Behaviour, 45.
[22] Barth, Nomads of South Persia, 108.

خێزانـەکانیان شـوانیان بـۆ بگـرن، هەرچـەندە، لـەم خاڵـەدا ئاژەڵـدارەکان قوربـانیی بـە قازانجـەکانیان دەدەن، چـونکە بەکرێگرتنی شوان تەنیا لەرووی خەرجییەوە گران نییە، بەڵکو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ریسكو سەرەڕۆیشە. بە بـوونی شـوانی کرێگرتـە دەرفـەتی لەدەستـچوونی ماڵاتـەکان زیاتردەبێـت، چـونکە ئـەوان، هاوشـێوەی خـاوەنی راسـتینەی ماڵاتەکان، چاودێریی ماڵاتەکانیان ناکەن. ئەوەی وا دەکات ئاژەڵدارەکان بۆ دڵنیابوون لـە قازانجکردن ماڵاتکەیان یـان بەشـێکی بـەجۆرێکی دیکـەی موڵـك، بەتایبـەت زەوی، بگـۆڕن‌و ببنـە موڵکـداری زەوی نیـشتەجێ. لـە کۆمەڵگـە شـوانکارەییەکانی دیکـەدا، ئـەوە هـەرە دەوڵەمەنـدەکانی کۆمەڵگەکـەو هـەروەها دەسەڵاتدارترینـشیانە لـەرووی سیاسییەوە، کە لە شارەکاندا نیشتەجێدەبن بۆئەوەی پەیوەندیی خۆیان بە ناوەندی دەسەڵاتەوە لە شارەکان بپارێزن. دەشێت هەروەها ئەو دەوڵەمەندانە تەواوی سامانەکانی خۆیان بکەن بە موڵكومالّ لە شارەکاندا.

لەنێو هەژارەکانیشدا، نیشتەجێبوون روویدا کاتێك بەردەوامیی بژێویی خێزانەکان بووە گرفت. ئەو قەیرانـەی کە دەشێت لـەئاکامی لەدەستدانی ژمارەیـەکی بەرچاوی ئاژەڵـەکان یـاخود کەمبوونـەوەی بەروبوومـەکانیان پەرەبسێنێت. بەپێچەوانەوە، ئەوانەشـی کـە پێشووتر شـوانکارەییەکەیان بـەهۆی چـالاکیی تەواوکارییـەوە نەپاراسـتووە، یـان وەك جووتیار ژیاون‌و پشتیان بـە ئاژەڵـداریی نەبەسـتووە، یـاخود ماڵاتیـان لـە بنەماڵـەکانی دیکـەوە قـەرزکردووە، خۆیـان لـە دۆخـی کـەمی خۆراکدا بینیـەوە. ئـەوان هـەوڵی دۆزینـەوەی کـارو جووتیارییـان بـۆ خـەڵکانی دیکـەدا، چ وەك کرێکـاری بەکرێ یاخود لەرێگەی ئیجارەکردنی زەوییەکان.

## تێکەڵکردنی کشتوکاڵ‌و شوانکارەیی

دەشـێت کۆمەڵگەیـەکی کۆچـەریی تایبەتمەندییـە کۆچـەرییەکەی بـەهۆی تێکـەڵکردنی کـشتوکاڵ‌و شـوانکارەییەوە لەدەستبدات. لە هێندێك حاڵەتدا چاندن نزیکەی وەك چالاکییەکی پـەراوێزیی بۆ دابینکردنـی خۆراکـە تەواوکارییـەکان لــە کۆمەڵگــەدا دێتەکایــەوە. گواســتنەوە دەتوانێــت وەك ســیماو تایبەتمەندییــەکی نێوخــۆیی خــودی کۆمەڵگــە شوانکارەییەکەدا سەرهەڵبدات: دەگمەنیی لەوەڕگەکان، زێدەبوونی ژمارەی خەڵکەکە، یـان دابـەزینی خـودی بـەروبومی ئاژەڵیی.

## نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ

نیـشتەجێبوونی بەکۆمـەڵی کۆمەڵگـە شـوانکارەییەکان کاتێـك دەردەکـەوێت کـە بەشـێوەیەکی بـەرفراوان مێگـەل لەناودەچێت، یاخود کاتێك دەستێوەردانی راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە دەبێت بۆ نیشتەجێکردنی تەواوی کۆمەڵگە. بە بوونی قەیرانی گشتیی وەك وشکەساڵیی، یان دەستێوەردانی حکومـەت، یـاخود بەرژەوەندیی کۆمپانیا تایبەتـەکان لە زەوییـەکی دیارییکراودا، ئەو ناوچانەی لەلایـەن کۆمەڵگەی شوانکارەییەوە بەکاردەهێنرێن یان چیدی ناتوانرێت بـەکاربهێنرێن یـا دەسـتیان پـێ راناگـا، لەئاکامـدا تـەواوی یـان بەشـێکی گـەورەی کۆمەڵگەکـە بەشـێوەیەکی بـەردەوام نیشتەجێدەبن.

گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکی شوانکارەییەوە بۆ کشتوکاڵیی کاریگەریی ژینگەیی، ئابووریی، کۆمەڵایـەتیی–ئـابووریی هـەروەها دیمـۆگرافی هەیـە لەسـەر کۆمەڵگـە. سـیماو تایبەتمەندییـەکانی گروپەکـەو هـەروەها چوارچـێوە دەرەکییەکـە دەرئەنجامەکانی دیارییدەکەن. لەو ئاکامانەی سەرەوە کە ئاماژەیـان بۆکراوە، تـەنیا کـار لەسـەر ئاکامـە کۆمەڵایـەتیی–ئابوورییەکە دەکەین‌و ئەو دەرئەنجامانەی دیکە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم کارەوە.

## کاریگەرییە ئابوورییەکان

دەتوانرێت کاریگەرییە ئابوورییەکانی نیشتەجێبوون لە دوو بواردا ببینرێت:

١- کاریگەریی لەسەر جێگیریی داهاتی خێزان بەهۆی بەدەستهێنانی داهات لەسەرچاوەکانی دیکەوە، هەروەها
٢- کەمبوونەوەی بەروبومی ئاژەڵیی، لەئاکامی ئەو کۆتوبەندەی بۆ بەکرێگرتنی شوان بۆ ماڵاتەکان هەیە.

سەبارەت بە پرسی خێڵە کوردییەکانی باشووری ئێران، سیاسەتی بەزۆرنیشتەجێکردن بووەهۆی ڕێژەیەکی فرە بەرزی مردن لەنێو مێگەلەکاندا بەهۆی قەدەغەکردنی کۆچ‌وبارەوە.[23] ڕێژەی بەرزی مردن ئاکامی دەگمەنی لەوەڕگەکان‌و خراپی ڕەوشی ژینگەیی بوو کە بووەهۆی کەوتنەوەی چەندین نەخۆشیی.[24] هانتینگ، لە کۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بە بەرهەمە شوانکارەییەکان لە ڕۆژئاوای سودان کە لەساڵی ١٩٧٤دا بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە کە ڕێژەی گەشەکردنی مێگەل بەهۆی بەرزی ڕێژەی زاین‌و نزمی ڕێژەی مردنی مەڕەوە، لەنێو مێگەلی کۆچکەر بەرزترە تاکو مێگەلی جێگیر. خشتەی ٢,١ بەراوردی نێوان هەردووکیانە.

خشتەی ٢,١ : ڕێژەی سەدی گەشەکردنی مێگەلی کۆچکەرو جێگیر لە ڕۆژئاوای سودان، ١٩٧٤ *

| گەشەکردنی مێگەل | مێگەلی کۆچکەر | مێگەلی جێگیر |
|---|---|---|
| زاینی بەرخ | ٪٤٠ | ٪٦٥ |
| مردنی مەڕ | ٪٤٠ | ٪١٠ |

کۆچ‌وبار پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاژەڵداریی خێڵەکییەوە هەیە. کۆچ‌وبار ئەو ڕێگەیەیە کە خێڵ لە جووڵەیەکی دەستەجەمعیی‌و وەرزییدا خۆی پێ لەگەڵ ژینگە سروشتییەکەدا ڕادەهێنێت. کۆچ‌وبار خۆراکی جۆراوجۆرو هەروەها مانەوەی ئاژەڵەکان دەستەبەردەکات لە کاتی دژواری کە کەش‌و هەوادا. دابینکردنی ئالف‌و کاوجۆری پێویست بۆ ماڵات بەدرێژایی سەرمای سەختی زستان لەناوچە ساردەکاندا ئەستەمە. هەرچەندە، لە مەڵبەندە گەرمەسێرەکاندا، ئاژەڵداران ناچارن ئەو ئاژەڵانە ڕابگرن کە دەتوانن بەرگەی گەرما بگرن‌و نرخێکی کەمتریان لە بازاڕدا هەیە، وەك کارو بزن بەپێچەوانەی بەرخ‌و مەڕەوە. ئەوە تەنیا لەڕێگەی هەوارگەی هاوبەش لەناوچە گەرم‌و ساردەکانە کە ئاژەڵدارە خێڵەکییەکان دەتوانن زیاترین قازانجیان لە چالاکییە ئابوورییەکەیان دەستکەوێت. کۆچ‌وبار ڕێگە بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی مەزن لە ماڵات دەدات‌و هەمانکات وەبەرهێنانەوەو مانەوەی ماڵاتەکانیش زامندەکات. لەوەش زیاتر، جۆرایەتیی مێگەلیش باشتر دەکات بەوەی وادەکات ئەو ئاژەڵانە بەخێوبکرێن کە قازانجێکی زیاتریان هەیە.

لەئێراندا، سنووردارکردنێکی گشتیی یان جوزئی کۆچ‌وبار بووەهۆی بەزۆرنیشتەجێبوونی چەندین خێڵی کۆچەر. هەروەك زووتر گفتوگۆی لەبارەوەکرا، یەك لە مەبەستە سەرەکییەکانی کۆچ‌وبار زامنکردنی هاوسەنگیی ڕاستیینە بوو لەنێوان ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی بۆ ڕاگرتن‌و خواردن بەخێودەکران لەگەڵ ئەوانەی بۆ بازاڕ دەنێردران. بەگشتیی لەئێراندا پێشترو دواتریش دوو جۆر ماڵات لەلایەن کۆمەڵگە خێڵەکییەکانەوە ڕادەگیران: مەڕو بەرخ، لەگەڵ بزن‌و

[23] Ibid., 3.
[24] Toulmin, Economic Behaviour, 58.
* Source: Camilla Toulmin, Economic Behaviour among Livestock-Keeping People, Development Studies Occasional Paper No. 25 (University of East Anglia, 1983), 59.

کار.[25] بەرخو مەڕ بە ماڵاتێکی قازانجبەخش دادەنرێتو لەئاستی خۆجیٚو نیشتیمانیشدا بۆ گۆشتەکەی لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرێت، بەڵام ئەوانە زۆر بەرگەی دژوارییەکانی ژینگە ناگرن. لەلایەکی دیکەوە، بزنو کار گرفتێکی کەمتریان لەگەڵ دژوارییە ژینگەییەکاندا هەیە، بەڵام لە بازاڕەکاندا کەمنرختن.[26] بەهای ئەوانە لە فەراهەمکردنی پێویستییە خۆراکییەکانی خێزانەکەدا بوو. بەروبومی شیرەکانیان بەشێکی گرنگی خۆراکی رۆژانەی خێزانەکانی پێکدەهێنا، بەروبومە ئاژەڵییەکانی دیکەش لە کاری پیشەیی دەستییدا بەکاردەهات. بەرخو مەڕ ناتوانن لە ژینگەیەك فرە گەرم یاخود فرە سارددا بەرگەبگرنو بمێننەوە. ئەوەی زۆر جێگەی بایەخی ئاژەڵدارانی خێڵەکیی بوو کە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە بجووڵێن بۆئەوەی گژوگیای خۆراکییو کەشێکی گونجاو بۆ ماڵاتەکانیان دەستەبەر بکەن. ئەو خێڵانەی کە لە گەرمیانەوە(ییلاخ) بۆ کوێستان(قشلاخ) کۆچوباریان دەکردو بەپێچەوانەشەوە، دەرفەتی فەراهەمکردنی باشترین ژینگەیان بۆ ماڵاتەکانیان هەبوو. بەرتەسککردنەوەی کۆچوبار بووەهۆی سنووردارکردنی ئەگەری زێدەبوونی جۆرایەتیی ماڵاتە قازانجبەخشەکان لەسەر ئاستی تێکڕای ئەندامە خێڵەکییەکان.

هەروەها کۆچوبار جۆرە پاراستنێکی سیاسییشی بۆ خێڵەکییەکان دەستەبەردەکرد چونکە جووڵەو گواستنەوەی پێدەبەخشین، ئەوەی زۆر راستە ئەوەیە کە خەڵکە خێڵەکییەکان پشت بە زەوی نابەستنو دەتوانن سەرچاوەی سامانەکانیان، بەتایبەت مێگەلەکانیان، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازنەوە، ئەوەش جۆرە خۆکەفاییەکیان لەرووی ئابوورییەوە پێدەبەخشێت. ئەوە جووڵەو کۆچوباری خێڵە ئەو توانایەیان پێدەبەخشێت لەژێر فشارە سیاسییەکاندا، بەتایبەت فشاری حکومەتی ناوەندیی، بەرگەبگرن.

هەرچەندە، ئەزموونی خێڵە کوردییەکانو کۆمەڵگە خێڵەکییەکانی دیکە پێشانیدەدەن کە بەزۆرنیشتەجێکردن، پێویست ناکات، ببێتە هۆی وەرچەرخانی کۆمەڵگەی خێڵەکیی–کۆچەر بۆ کۆمەڵگەی ناخێڵەکیی–کشتوکاڵیی. بەزۆرنیشتەجێکردن هێندێك لە ئەرکە خێڵەکییەکانی لادەبات بەڵام شوناسی خێڵەکە دەمێنێتەوە. هەرچەندە، ئەو کۆمەڵگە خێڵەکییەی دەمێنێتەوە بەجۆرێك شێواوو ناقۆڵایە.

## نیشتەجێبوون لە کوردستانی ئێران

بەداخەوە، زانیارییەکی ئامارییی زۆر کەممان سەبارەت بە نیشتەجێبوون لە کوردستاندا هەیە. هەرچەندە، هەلومەرجەکەی ئێستا ئەوە پێشاندەدات کەوا هێدی هێدی ئەو زانیارییانە دەردەکەون. لەهێندێك لەو ناوچانەی کە تەواوی خێڵەکان راگوێزرابوون، شێوەی بەزۆرنیشتەجێکردنی بەخۆوە بینیبوو، لەهێندێك ناوچەی دیکە، خێڵە نیشتەجێکراوەکان ئابوورییەکی تێکەڵیان لە کشتوکاڵو ئاژەڵداریی گرتبووەبەر. هەردوو هۆکاری ناوەکییو دەرەکیی بۆ نیشتەجێبوون هەبوون.[27] هۆکارە ناوەکییەکان وەك لای خوارەوەیە:

---

25 بەخێوکردنی گاو مانگا زور باو نییە لەناو خێڵەکانی کوردستاندا، چونکە گاگەل بەگشتی توانای رۆیشتنی زۆر نییەو بۆ کۆچو بارو لەوەڕگای کوێستانەکان کە ڕێگای تەسكو بەردەڵانن دەستنادات.

26 کارو بزن باشتر لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکە دەگونجێنو زیاتر بەرگەی کەمیی خۆراكو ئاو دەگرن. ئەوان دەتوانن هێندێك گژوگیا بخۆن و بەرگەی هەلومەرجێك بگرن کە لەوانەیە بۆ مەڕ کوشندەبێت.

27 Kishavarz, ‘Nezam-i Iqtesad-i va Sakht-i Ijtima‘-i dar ‘Ashayer-i Iran’, 49–50.

* هەژاریی لەنێو خێڵدا دەبووە هۆکاری لەدەستچوونی ماڵات، تاکو ئەو رادەیەی کە هەژاریی دەبووەهۆی ئەوەی خێڵەکە لە گەرمەسێرو زستانە هەواردا بمێنێتەوە، ئەوەش دەبووەهۆی نیشتەجێبوون. لەحاڵەتێکی بەم چەشنەدا، کۆچوبار بۆ خێڵەکە شتێکی بێسوود دەبوو، لەبەرئەوە لە زستانە هەواردا بەشێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتیی دەمایەوە چونك لەوێ گوزەرانی ژیانی ئاسانتر هەڵدەسوڕا,

*کاتێك خێڵێکی بچووك یان لاواز لەپاڵ خێڵێکی بەهێزدا دەژیان، بەشێك لە خێڵە لاوازە بچووکەکە لە زستانە هەوار دەمانەوە.

* ململانێ لەنێوان سەرکردەکانی خێڵدا خێڵەکەی دووبەشدەکرد کە هەریەکەو لەسنوورێکی جیۆگرافی جیاوازدا دەژیان. بەشێکی خێڵەکە بەشێوەیەکی بەردەوام لە هاوینە هەواردا دەمایەوەو بەشەکەی دیکەش لە زستانە هەوار دەمایەوە.

* هێزە ئابوورییە دەرەکییەکان بوونەهۆی داواکاریی هێزی کارو هەروەها کرێکارگیریی لەنێو خێڵەکاندا. ئەم نموونەیە لەم ساڵانەی دواییدا لە ناوچەکە زۆر بەربڵاو بوو، کە بەهۆی دەوڵەمەندیی سامانە سرۆشتییەکانەوە، پرۆژە ئابوورییە بەرفراوانەکان پێشکەشکراون. نموونەش بۆ ئەمە ناوچەی باکووری دەریای قەزوینە، هەروەها ناوچە بەرهەمهێنە نەوتییەکانی باشووری وڵاتەکەیە.

* گەشەی دانیشتووان لە گوندەکاندا. قاسملو لە کۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردیی و پەرەسەندنی خێڵە کوردییەکان ئاماژەی بە گرنگیی زێدەبوونی ژمارەی گوندەکان و هەروەها زێدەبوونی ژمارەی دانیشتووانی گوندەکان لەهێندێك لە ناوچە کوردییەکان لەنێوان ساڵانی ١٨٥١ بۆ ١٩٥١، داوە. ئەو خشتەیەی پێشکەشیکردووە بەشێوەیەکی تایبەت رێژە ژمارەییەکەی دەیە بەراییەکانی سەدەی بیستەم ناناسێنێت، هەرچەندە، ئەو خشتەیە ئاراستەی گشتیی گەشەکردنی دانیشتووان بەرجەستەدەکات.(بڕوانە خشتەی ٢,٢) پێدەچێت ئەم زێدەبوونە بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی نیشتەجێکردنی خەڵکی خێڵە کوردییەکانەوە بووبێت، ئەوانەی یان لەو گوندانەدا جێگیربوون کە هەبوون یاخود گوندی نوێیان بۆ دروستکردن.

* زێدەبوونی دانیشتووان پەیوەستییەکی نزیکی بە کەمبوونەوەی ژمارەی ماڵاتەوە هەیە. ئەوەش واتای ئەوەیە کە داوایەکی زۆر لەسەر بەروبومی ئاژەڵیی، ئەو خێزانە خێڵەکییانە دادەماڵێت کە چیدی ناتوانن خاوەنایەتیی مێگەلێکی گەورە بکەن و لەرووی ئابوورییەوە وەك ئاژەڵدارێکی چالاك لە سیستەمەکەدا بمێننەوە. . ئەوانە وردە وردە واز لە ئاژەڵداریی دەهێنن و لە گوندەکاندا نیشتەجێدەبن. چەند بەڵگەیەکیش پشتگیریی ئەمە دەکات. وێڕای خشتەی ٢,٢ کە زێدەبوونی ژمارەی دانیشتووانی گوندەکان پێشاندەدات کە پێدەچێت بەشێوەیەکی سەرەکیی بۆ نیشتەجێبوونی خەڵکە خێڵەکییەکە بگەڕێتەوە، قاسملو ئاماژەیەکی وەرگرتووە کە دەڵێت:" لە سەروبەندی کوتایی سەدەی ١٩دا، ٣٢٪ ئەندامانی خێڵە کۆچەرەکان خاوەنی چ مێگەلێك نەبوون و ١٧,٥٪ یان هەر هیچ ئاژەڵێکیان نەبوو."[٢٨] ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاوی خێزانە خێڵەکییەکان چیدی نەیاندەتوانی پێگەی خۆیان وەك ئاژەڵدارێك بپارێزن.

* هەروەها کەمیی لەوەڕگەو پاوانی پێویستیش بۆ زێدەبوونی خەڵك دەگەڕایەوە. گەشەکردنی دانیشتووان بووەهۆی بەکارهێنانی تائەوپەڕی لەوەڕگەو پاوانەکان، ئەوەی نەك هەر بووەهۆی بێپێزیی لەوەڕگەکان بەڵکو کەمیی پاوان و نەبوونیی لەوەڕگەشی هێنایەئارا. هەروەك لەسەرەتای ئەم بەشەدا مشتومڕمان لەبارەوە کردووە، ئەوە لۆجیکیە کە

[28] Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, 109.

هاوسەنگیی نێوان مرۆڤ، مێگەل‌و هەروەها لەوەڕگە تێکبچێت، لەحاڵەتی ناهاوسەنگییەکی بەم چەشنەدا هێندێك لە خێزانە خێڵەکییەکان ناچارن چالاکییە شوانکارەیی‌و رەوەندییەکانیان جێبهێڵن‌و نیشتەجێبن.

خشتەی( ٢,٢ ) قەبارەی دانیشتووان لە شارە کوردییەکان لە ئێران ١٨٥١–١٩٥١ *

| ناوچە | ژمارەی گوندەکان | | ژمارەی دانیشتووان | |
|---|---|---|---|---|
| | (١٨٥١) | (١٩٥١) | (١٨٥١) | (١٩٥١) |
| بانە | ٨ | ١٦١ | ١,١٢٥ | ١٥,٠٠٠ |
| مەریوان | ١٤ | ١١١ | ١,٠٤٠ | ١٧,٨٠٠ |
| هەورامان | ٩ | ١٢١ | ٦٠٥ | ٢٩,٥٠٠ |

فاکتەری دەرەکیی سەرەکیی بریتیبوو لە هەڵوێستی حکومەتی ناوەندیی لەئاست خێڵەکان‌و ناوچە خێڵەکییەکان لە وڵاتەکەدا. بۆماوەی نزیکەی ٤٠٠ ساڵ تاکو بنەماڵەی پەهلەویی، چینی فەرمانڕەوا یان بۆخۆیان لە ریشەیەکی خێڵەکییەوە سەرچاوەیان گرتووە یاخود بەپاڵپشتیی خێڵەکان چوونەتە دەسەڵات. هەرچەندە، هەر کاتێك ئەوانە کە لەدەسەڵاتدابوون هەستیان بە هێزو توانای خێڵەکان کردووەو ویستوویانە تێکیان بشکێنن. رێگایەکی هەڵبژێردراویش بۆ ئەمە بریتیبووە لە بەزۆرنیشتەجێکردن.

نیشتەجێبوون زیاتر بەهۆی سیاسەتگەلێکەوە هاندرا وەك: داخستنی رێگەی پاوان‌و لەوەڕگەکان، بەتایبەتییکردنی لەوەڕگە سوننەتییە گشتییە خێڵەکییەکان، قەدەغەکردنی کۆچ‌وباری دوورمەودای (نەك تەنیا کۆچ‌وباری نێوسنوورییەکان، بەڵکو لەهێندێك باردا، کۆچ‌وبار لە مەڵبەندێکەوە بۆ ئەوی تر لەنێو خودی وڵاتەکەدا). لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەهۆی ئەم فاکتەرانەوە لە نێوخۆو هەروەها لە دەرەوەی کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردییەوە، نزیکەی تێکڕای خێڵە کوردییەکان نیشتەجێبوون.

حکومەتی ئێرانیی لە گرتنەبەری سیاسەتی نیشتەجێکردنی خێڵەکاندا چەندین بەرژەوەندیی هەبوو. لەرووی سیاسییەوە، ئامانجی بەدیهێنانی کۆنترۆڵێکی توند بوو بەسەر وڵاتەکەدا، بەتایبەت لەو هەرێمانەی دژواریی سیاسیی تێدا بەرقەراربوو. لە رووی ئابوورییەوە، ئەو سیاسەتە زامنی باج‌و داهاتێکی زیاتری دەکرد، چونکە کۆکردنەوەی باج‌و داهات لە دانیشتووانە جێگیرو نیشتەجێیەکە کاریگەرتر بوو تاکو لەو گروپانەی لە کۆچ‌وباردا بوون. قەدەغەکردنی بازرگانیی سەرسنوورەکان‌و داخستنی ئەو سنوورانە بەتایبەتی لەنێوان ئێران‌و تورکیادا، بەشێوەیەکی مەزن کۆچ‌وباری نێوان هاوینە هەوارو زستانە هەوارەکان‌و هەروەها قاچاخچێتیی کاڵا بیانییەکان‌و باندە قاچاخچییەکانی لە هەرێمە کوردییەکە کۆتوبەند کرد. ئەوەش داهاتی دەوڵەتی لەو باج‌و پیتاك زێدەترکرد. لەوەش زیاتر، ئەوە ئاسانتر بوو کە لاوانی دانیشتووان لە کۆمەڵگەی گوندەکانەوە بۆ سەربازیی لە سوپا تازە دامەزراوەکەدا کۆبکرێنەوە وەك لەنێو رەوەندو کۆچەرییەکان. وێڕای ئەو باجەی کە بەسەر سەرۆکخێڵەکاندا سەپێنرابوو، هەروەها ئەندامانی ئاسایی خێڵەکانیش دەبوو باج‌و پیتاك بەدەوڵەت بدەن. ئەوەش ئەو شێوە باجە بوو کە بەسەر مێگەلەکان و هەروەها بەسەر زەوییەکاندا دەسەپێنران‌و بە نەختی وەردەگیران، وێڕای ئەوەی دەبوو سەربازیش بۆ سوپا

* Source : Abdul Rahman Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds (London, 1965), 111.

فەراهەمبکرێت. هەروەك قاسملو روونیکردۆتەوە، دابینکردنی سەرباز " زۆرجار بەهەموو کەلوپەلە سەربازییەکانییەوە بوو، بۆ نموونە، سوارە بەخۆی ئەسپەکەیو بەرگی سەربازییەوە، هەروەها لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خەرجی ئەو سەربازەش لەماوەی راژەی سەربازییەکەیدا لەلایەن خێڵەکەوە دابیندەکرا."[29]

زۆربەی خێڵە نیشتەجێیەکان یان نیمچە–نیشتەجێیەکانی کوردستان لە نزیك لەوەڕگەکانەوە نیشتەجێبوون، کە بەشێوەیەکی سەرەکیی کەوتبووە ناوچە شاخاوییەکانی بەشی باکووری رۆژئاوای سەقزو بانەو مەریوانو هەروەها باکووری سنەوە. لە رابردوودا، سەرۆکخێڵەکان زۆرجار خاوەنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی زستانە هەوار(قشلاخ) بوون، هەروەها لە هێندێك حاڵەتیشدا لە هاوینە هەوارەکانیش(ییلاخ) کاتێك کۆچوبار بەرێگەیەکی درێژدا تێدەپەڕی، وەك باوە بەنێو زەوی خەڵکە ناخێڵەکییەکاندا تێدەپەڕین. بەگوێرەی نەریت خێڵەکان رێگایەکی دیارو باش ناسراوی کۆچوباریان هەبوو. نیشتەجێبوونی کۆمەڵگە کوردییە خێڵەکییەکان ئەو هۆکاری گۆڕانە بوو کە چێوەی کۆمەڵایەتیی، ئابوورییو هەروەها سیاسیی ئەم کۆمەڵگەیەی وەرچەرخاند. لەو پەیوەستو وەفادارییە سوننەتییەی دابڕی کە پشت بە تێگەیشتنێکی خێڵەکیی رووبەڕوو دەبەستێتو بەئاراستەی نزیکبوونەوەی برد بەرەو تێگەیشتنێکی "کۆمەڵگەی وێناکراو" کە لەسەر بنەمای ئیتنییو شوناسی نەتەوەیی وەستابوو. وێڕای گۆڕانکاریی بنەڕەتیی، هەروەك وەك گۆڕان لە بەرهەمهێنان بۆ بەکاربردنەوە بۆ بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ، فراوانبوونی گوندو شارەکان، گەشەکردنی بازرگانیی، هەروەها جیاوازیی زیاتری کۆمەڵایەتییو ئابووریی لە گوندەکاندا، هێشتا هێندێك لە سیما خێڵەکییەکان وەك خۆی مانەوە. لەخوارەوە، من سەبارەت بەو فاکتەرانە مشتومڕ دەکەم کە بۆ گۆڕینی پەیوەندییە خێڵەکییەکان پێشکەشدەکرێنو هەروەها ئەوانەشی جەخت لە بەردەوامیی دەکەن.

## گۆڕان

### خاوەندارێتیی زەوی

قاسملو، سەبارەت بە گفتوگۆ لەبارەی خاوەندارێتیی سوننەتیی زەوی لای خێڵە کوردییەکان دەڵێت:

" لەحاڵەتی خێڵەکاندا، زەوی(لەحاڵەتی لەوەڕگەکانی خێڵە کۆچەرەکان) خاوەندارێتییەکی دەستەجەمعییەو بۆ کۆی خێڵەکە دەگەڕێتەوە، ئەوەی یان لەلایەن پاشاوە بۆ خێڵەکە تەرخانکرابوو، لەم حاڵەتەشدا خێڵەکەوە دەکەوتە ژێر سایەی پاراستنی ئەوەوە، یان زەوییەکە لەکاتی داگیرکارییدا خێڵەکە لەسەری جێگیر بووە. لە هێندێك حاڵەتدا وا روویداوە کە زەوییەکە بەزۆر لەسەر حسابی خێڵەکانی دیکە دەستی بەسەرداگیراوەو زەوتکراوە."[30]

لە پرۆسەی نیشتەجێکردنی خێڵەکاندا، خاوەندارێتیی خێڵەکیی زەوی کۆتاییهات. ئەم پەرەسەندنە پەیوەندییەکانی سەرۆکخێڵی لەئاست خێڵەکەدا گۆڕی. زەوی کە بەشێوەیەکی سوننەتیی بۆ تەواوی ئەندامانی خێڵەکە بوو وردە وردە بووە موڵکی تایبەتی سەرۆکخێڵ. کاتێك کە خاوەندارێتیی خێڵەکیی زەوییە چێندراوەکانیش هەڵوەشانەوە، سەرۆکخێڵەکان چ زەوییە چاندراوەکانو چ لەوەڕگەوپاوانەکانیان کردە موڵکی تایبەتی خۆیان. لامبتۆن، گفتوگۆی سەبارەت بە خاوەندارێتیی زەوی لە کوردستان کردووەو نووسیویەتی:

---

[29] Ibid., 107.
[30] Ibid., 106.

" کوردستان نزیکەی بەتەواویی لەدەستی مەزنە موڵکدارەکانی زەویدایە. لەدەوروبەری سنە دوو بنەماڵەی موڵکداری سەرەکیی هەیە کە ژمارەیەکی جیاواز لە ئەندامەکانیان خاوەنی بەرچاوترین ژمارەی گوندەکان یان بەشێك لە گوندەکانن، لە باکووری کوردستان لە دەوروبەری مەهاباد، خانە خێڵەکییە کوردەکان موڵکداری سەرەکیین."[31]

وێڕای ئەوەش، سەرۆکخێڵەکان/موڵکدارەکان لە گوندەکاندا رۆڵی قەرزبەخشیان دەبینی.

## جیاوازییەکان و گروپگەلی نوێ

لە قۆناغە بەراییەکانی نیشتەجێبووندا، زۆر لە خێڵەکان شێوە ژیانێکی نیمچە-کۆچەریی و نیمچە-خێڵەکییان گرتبۆبەر. تەنیا بەشێکی خێڵەکە بەرەو زستانە هەوار کۆچیان دەکرد و باقی دیکەی خێڵەکە لە هاوینەهەوارو کوێستانەکان دەمانەوە، کە خێڵەکە لەوێ جێگیرییەکی زیاتری هەبوو. زۆربەی خەڵکە خێڵەکییەکە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەوێ دەژیان، هەروەها تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵکەکە بەمێگەلەکانیانەوە لە نێوان گەرمیان و کوێستاندا هاتووچۆیان بوو. وردە وردە نزیك بە تەواوی خەڵکەکە جێگیر بوون و تەنیا چەند شوانێك ئەرکی لەوەڕاندن و چاودێریی مێگەلیان لەئەستۆ گرتبوو. نیشتەجێبوون گروپگەلێکی کۆمەلایەتیی و ئابووریی جیاوازی لە کوردستاندا هێنایەئارا. ئەمیستا سەرۆکخێڵەکان وێڕای ئەوەی خاوەن مالات بوون، موڵکداری زەویش بوون، کارکەرانی زەوی سەرۆکخێڵە موڵکدارەکانیش ئەو جووتیارانە بوون کە بۆخۆیان زەویان نەبوو. وێڕای ئەوەی، سێیەمین گروپ زۆر بەرچاو بوون کە ئەوانیش شوانەکان بوون.

نیشتەجێبوون پەیوەندییەکی نوێی لەنێوان سەرکردایەتیی خێڵەکیی و خەڵکەکەدا پەرەپێدا. لەئەرك و کاری ستراکتۆری کۆچەرییدا، پێویستییەکی مەزن بوو بۆ ئاغاکان کە جەخت لەسەر پاراستنی وەفاداریی خێڵەکیی خەڵکی خێڵەکانیان بکەنەوە. ئەوە رووداوێکی باو بوو بۆ ئەندامێکی خێڵەکیی کە پەیوەندیی بە ئاغایەکی رکابەرەوە بکات. هەرچەندە، کاتێك خێڵەکە بەتەواویی نیشتەجێدەبێت یان نیمچە-نیشتەجێ دەبێت، ئیدی ئەگەرێکی کەم بۆ پیاوە خێڵەکییەکان دەمێنێتەوە کە سەرۆکخێڵەکەیان جێبهێڵن و ببنە رەعیەتی سەرۆکخێڵێکی تر. ئەوکاتەی ئەوان نیشتەجێبوون سەربەستیی بزاوت و جوولەیان لەدەستدا. لەبەرئەوە، چیدی جێی بایەخ نەبوو بۆ ئاغا خێڵەکییەکان دڵی خەڵکەکەی خۆیان راگرن و لەخەمی خۆشگوزەرانیی ژیان و ئاسایشیاندا بن. سەرۆکخێڵەکان بوون بە موڵکدار، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، موڵکدارانێك کە دوور لە زەوییەکانیان دەژیان. هەرچەندە، پەیوەندیی نوێی نێوان ئاغای موڵکدارو جووتیاری نیشتەجێ یان نیمچە-نیشتەجێ تەنیا پەیوەندیی نێوان موڵکدارو جووتیار یان ئەرباب-رەعیەت نەبوو. بەڵکو هێشتا خاوەن جۆرە سیماگەلێکی کەلتووریی و کۆمەلایەتیی پەیوەندیی سەرۆکخێڵ-پیاوی خێڵەکیی بوو. لەوەش زیاتر، ئەندامە خێڵەکییە نیشتەجێبووەکان پەیوەستەگیی بەهێزی خۆیان لەگەڵ سەرۆکخێڵ لەدەستدا، ئەوەی کە پێشتر کەسێك بوو وەك پارێزەری سەرەکییان هەڵدەسوڕا. ئەم گۆڕانە لە پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردە خێڵەکییەکان و پیاوانی خێڵەکانیان بەشێوەیەکی مەزن تایبەتمەندییەکانی "رووبەڕووی" کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردیی لاوازکرد.

## سیستمی ئاڵوگۆڕی خێڵەکیی

[31] Lambton, Landlord and Peasant, 269.

سیستمی ئاڵوگۆڕ بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەنێو کۆچەریی و نیمچە-کۆچەرییەکاندا گۆڕانی بەسەرداهات. خێڵەکان لەسەر ڕێگەی هاوینەهەوراو زستانەهەوارەکانیان بەروبومە ئاژەڵیی و شمەکی کاری دەستیی پیشەیی خۆیان دەفرۆشت یان ئاڵوگۆڕیان پێدەکردو ئەو کاڵایانەیان چنگدەخست کە پێویستیان پێیبوو. هەرچەندە، نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی مەزن ئاستەنگی خستەبەردەم ئەو سیستەمە گۆڕینەوەیەی کە لەنێو خێڵەکاندا هەبوو. قاسملو سیستمی ئاڵوگۆڕی لەنێو خێڵە کوردییەکاندا کورتکردۆتەوە کە دەڵێت:

" هەرکام لە عەشیرەتەکان بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕەوە توانی هەوارگەیەک لە کوێستان و جێگایەکی گەرمەسێری بەپاوان بۆخۆی دیاری بکا. عەشیرەتەکان دەیانتوانی شتومەکی خۆیان لەڕێگای گەرمێن و کوێستان یا لە دەوربەری هەوارگە بفرۆشن و پێداویستییەکانی خۆیان بکڕن، ئاڵوگۆڕی بەدراو لەنێو کورددا زۆر بڵاوببۆوەو وای لێهاتبوو کە سامان و دارایی سەرۆک عەشیرەتێکی دەوڵەمەند هەر بە ژمارەی مەڕومالآت و گاوگۆتاڵەکانی بەراورد نەدەکرا، بەڵکو هێندێک جار بە دراو و زێڕو زیو حیساب دەکرا."[32]

خێڵەکان پێویستیان بەوە بوو سامانەکانیان لەشێوەی بزۆزو جووڵاودا بێت بەهۆی تایبەتمەندیی شێوەژیانیانەوە. هێشتا لەنێو خێڵە کوردییەکاندا باوە کە کەلوپەلە بەنرخەکانیان لەشێوەی خشڵ و زێڕی ژناندا هەڵدەگرن.

بە لاوازبوونی پێبەپێی سیستمی ئاڵوگۆڕی سوننەتیی و چوونی کۆمەڵگەی کوردیی بۆنێو جۆرێکی نوێی ئابووریی بازاڕ، گروپگەلێك لە بازرگانان و دەڵاڵەکان لە ژیانی لادێ کوردییەکاندا سەریانهەڵدا. زانیارییەکی زۆر کەم لەبارەی سیستمی ئاڵوگۆڕ لە کوردستانی خێڵەکیی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەبوو. هەرچەندە، من لێرەدا ئاماژە بۆ ڕاپۆرتێك دەکەم کە لە ساڵی ١٩٧٦دا لەلایەن ڕێکخراوی پلاندانان و بودجە لە ئێران سەبارەت بە سیستمی ئاڵوگۆڕ لە کوردستان لەساڵانی ١٩٧٠کاندا بڵاوکراوەتەوە.[33] ڕاپۆرتەکە جەخت لەو قورساییە دەکاتەوە کە لاوازیی شێوە سوننەتییەکەی سیستمی ئاڵوگۆڕ بەسەر تەواوی تۆڕی ئاڵوگۆڕو بازرگانیی لەنێو کۆمەڵگادا هەیبووە.

ڕاپۆرتەکە تێبینیکردووە کە پەیوەندیی نێوان ئاژەڵداران و بازرگانان لەسەر بنەمای قازانجی هاوبەش دامەزراوە. بەشێوەیەك بەروبومی ئاژەڵیی بەشێوەیەکی گونجاو لەڕێگەی کاری پیشەیی خۆماڵیی نێو خێڵەکەوە دەگۆڕێت و لەگەڵ ئەو کاڵایانەدا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت کە ناتوانرێت لەنێو کۆمەڵگەکە خۆیدا بەدەستبهێنرێت. بەروبومی لاوەکی ئاژەڵداریی سەرەتا وەك پاشکۆیەك بۆ چالاکییە سەرەکییە ئابوورییەکە دەرکەوت، هەرچەندە، کاتێك ئەم بەرهەمە بووە خالێکی سەرەکیی بەکتربڕین لەگەڵ ئابووریی ئاڵوگۆڕە نەختینەییەکەدا، ئەوکات بووە بەرهەمێکی بایەخدار.

دەڵاڵ کە "پیلڤار"یشی پێدەگوترێت هێشتا پردی نێوان خەڵکی خێڵەکیی و ئەو کەسە ناخێڵەکییانە پێکدەهێنێت کە سەر بە ناوەندی بازرگانیین لە گوندو شارەکاندا. ئەو بۆ ئەنجامدانی کارەکەی خێری دەخستەسەر. هەروەك لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەدا هاتبوو، دەردەکەوێت کە دەڵاڵ ٥٠٪ بۆ ٢٠٠٪ی دەڵاڵێتییەکەی خۆی دەبرد. هۆکاری بەرزی ئەم ڕادەیەش بەهۆی زەحمەت و ئەو تێچوونە زۆرەی هێنانی ئەو بەرهەمانە بوو بۆ بازاڕ، وێڕای ئەو ریسکانەی دواجار دەهاتنەڕێی بازرگان. پەیوەندی ناهاوتای نێوان کەسە خێڵەکییەکەو بازرگانەکە یان دەڵاڵەکە وایدەکرد قازانج بەلای ئەوەی دواییاندا بشکێتەوە. خێڵەکییەکە بەدرێژایی ساڵەکە پێویستیی بە شمەکێکی دیارییکراوی وەك: شەکر، چا، جلوبەرگ، ئامرازەکانی چێشتلێنان و ئامرازەکانی کاری کشتوکاڵیی هەبوو.هەرچەندە، خێڵەکییەکە دەیتوانی لە کاتێکی دیارییکراوی ساڵدا پێستەو خوری فەراهەمبکات. جیاوازییەکان بۆ بوونی بازرگانیی و دژبەری پەیوەندییەکان،

---

[32] Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, 108.
[33] J'afar Furugh, 'Ashayer va Damdari (Tribes and Herding) (Tehran, 1976), 15.

هەلی گەورەی خستە بەردەم بەرزبوونەوەی نرخەکان، بەشێوەیەك ئاژەڵدار نەیدەتوانی کۆنترۆڵی قەرزەکانی بکات. ئەو تەنیا ئەو کاتە دەیتوانی قەرزەکانی بداتەوە کە مەڕوماڵاتەکەی دەبرایە بازاڕو دەفرۆشرا.

پەیوەندییەکانی نێوان خێڵەکیی و بازرگان پشتی بە چەند فاکتەرێك دەبەست: بەهێزی ئابووری خێڵەکیی کە زۆر پشتی بە کەش و هەوا دەبەست، بوونی پاوان و لەوەڕگەی لەبارو بەپیت، حاڵ و وەزعی ئاژەڵەکان سەبارەت بە تەندروستیی و توانای زاین و بەخێوکردنیان، ڕێژەی بوونی بزن لەبەرامبەر مەڕدا، ئەوەی زامنی پاراستنی کۆمەڵگەکە و پێشبینی ئایندەکەشی دەکات. بۆ بازرگانەکەش، دارایییەکی و ئەو شمەکانەی کە هەیەتی، ئەو جۆرو نرخەی کە دەتوانێت پێشکەشی بکات، چاوەڕوانی ئەو قازانجەی دەیکات، هەروەها "نرخی ئاڵوگۆڕ"ی کاریگەر.

بازرگان پەیوندییەکە بۆ قازانجی خۆی بەڕێوەدەبا، ڕێکەوتنێك لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا دەکرێت، لەهەندێك حاڵەتدا بازگان زیاتر شمەك بۆ خێڵەکە دابیندەکات، وەك ئەوەی شمەك یان پارە لەبەرامبەریدا وەرگرێت، ئەوەش بەشێوەی قەرز یان سەلەم بە کابرای خێڵەکیی دەدات تاکو لەوەختێکی دیکەدا بەزیادەوە بیداتەوە. لەهێندێك لە حاڵەتەکاندا، بازرگانەکان پێشوەخت بەروبومی ئاژەڵدارەکانیان دەکڕی. خێڵەکییە ئاژەڵدارەکان تەنیا دەیانتوانی بەشێکی ماڵاتەکانیان بفرۆشن پاش ئەوەی ئاژەڵەکان دەزان و بەرهەمیان دەدا. بازرگان و دەڵاڵەکان بۆخۆیان نرخیان بۆ ماڵاتەکان و بەروبومەکانیان دیاریدەکرد. خێڵەکییەکان تاڕادەیەك پشتیان بەو سەلەمە دەبەست بۆ کڕینی شمەکە پێویستەکانیان و بۆماوەیەکی درێژیش شتێکی وایان نەبوو بیفرۆشن، هەربۆیە ئەوەش بەتەوای پشتی بە "نرخی ئاڵوگۆڕ"بازرگانە سوودخۆرەکان دەبەست. نرخی ئەو بەروبومانەی ئەوان بەرهەمیاندەهێنا سەردەکەوت یاخود دادەبەزی، بەڵام نرخی ئەو شمەکانەی بازرگانەکان دەگونجا تاڕادەیەك چەسپاوبێت، یاخود بەئەندازەیەکی چەسپاو دادەبەزی کە بازرگانی تێدا نەدەڕۆیی.

سنووردارکردنی ئەو ئاڵوگۆڕە ئازادەی پێشوو، سیمایەکی گرنگی دیکەی ژیانی خێڵەکیی-کۆچەریی کۆمەڵگە خێڵەکییە کوردییەکەی هەڵوەشاند، ئەوەش بریتیبوو لە خۆبژێویی و خۆکەفایی ئابووریی.

## کۆتایی خۆکەفایی

لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا، ناوچە کوردییەکان خۆکەفابوون و ئاژەڵداریی پایەیەکی سەرەکیی ئابوورییەکەیان بوو. لەوەش زیاتر، کشتوکاڵە لاوەکیی و کارە پیشەییە دەستکردەکانیان داواکاری لەسەر پێویستییە نێوخۆییەکان پڕدەکردەوە. بەروبومە ئاژەڵییەکان بەشێکی بۆ دابینکردنی خۆراکی خێڵەکان خۆیان بەکاردەهێنران و زێدەکەشی یان دەفرۆشران یاخود لەگەڵ گوندو شارەکانی دەوربەردا بازرگانیان پێوەدەکرا. ئەم بەروبومانە نەك تەنیا خۆراکیان بۆ خێڵەکە دابیندەکرد بەڵکو هەروەها لەڕێگەی کاری دەستییەوە دەکرایە جلوبەرگ و پێڵاوو بەڕە .

جێگیربوونی خێڵەکان و سیاسەتی حکومەت سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی خێڵەکان ئەو ئابوورییە خۆکەفاییەی تێکدا کە لەنێو خێڵەکاندا هەبوو. لەم سەدەیەی ئێستادا(سەدەی بیستەم/س) سیاسەتی گۆڕینی مەڵبەندە خێڵەکییەکان بۆ ناوچەی کشتوکاڵیی، داخستنی ڕێگەی کۆچ وباری خێڵەکان و هەروەها لەهەمووی گرنگتر، لاوازیی و بێپلانی کشتوکاڵ لەوێ، وایکرد کۆمەڵگەی کوردیی لە چالاکییە ئابوورییە سوننەتییەکەی دوورکەوێتەوە کە ئاژەڵدارییە. لەئاکامی ئەوەش سیمای خۆبژێویی و خۆکەفاییەکەی تێکچوو. لەبەرامبەردا، خۆکەفایی تاڕادەیەك جۆرە پاراستنێکی سیاسیی بە کۆمەڵگە دەبەخشی، هەربۆیە ئەوان بۆخۆیان تاڕادەیەکی زۆر دەستیان بەسەر ئابووریی خۆیاندا گرتبوو. قەدەغەکردنی کۆچ وبارو تەگەرە خستنەبەردەم چالاکییەکانی ئابووریی گۆڕینەوە ئەو جووڵە فیزیکییەی لەنێودا نەهێشت کە خێڵەکان ئەو کاتەی کە بە زەوییەوە نەبەسترابوونەوە، لێی بەهرەمەند بوون.

**بەردەوامیی**

وێڕای گۆڕان لە ژیانی کوردستانی خێڵەکییدا، هێشتا پەیوەندییە خێڵەکییەکان هەرمابوون. من خوازیارم مشتومڕ لەوبارەیەوە بکەم کە کلیلی ئەم بەردوامییە بریتیبوو لە بەردەوامی ئاژەڵداریی وەك شێوازێکی گرنگی چالاکیی ئابووریی لە هەرێمەکەدا، هەروەها کلیلی بەردەوامی ئاژەڵدارییش بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە هەرێمەکە بەشێوەیەکی سەرەکیی شاخاوییەو زەوی کشتوکاڵیی کەمە، بەڵام بۆ لەوەڕاندن و مێگەلداریی لەبارترە.

**بەردەوامیی ئاژەڵداریی**

هێشتا ئاژەڵداریی چالاکییەکی ئابووریی سەرەکیی کۆمەڵگە نیوەخێڵەکیی و نیوەنیشتەجێیەکانە لەنێو دانیشتووانە کوردییەکەی ئازەربایجانی رۆژئاوا و کوردستان. بەهەرحاڵ، تەنانەت لەنێو ئەوانەشی بەتەواویی نیشتەجێن، ئاژەڵداریی بەتێکەڵیی لەگەڵ کشتوکاڵدا رۆڵێکی زۆر گرنگ لە چالاکیی ئابووریی خێزانە کوردییەکان پێکدەهێنن. خێڵە کۆچەرییەکان وردە وردە خۆیان گۆڕیوە، لەبەرئەوەی چیدی ناگونجێت بەتەواویی رەوەندو کۆچبار بن، دواجار بەشێك لە خێڵەکە لە گەرمەسێرو زستانەهەوار جێگیردەبن و بەشەکەی دیکەی لە کۆچ وبار لەنێوان کوێستان و گەرمێن بەردەوام دەبن. لە هێندێك حاڵەتدا هەردوو بەشی خێڵەکە نیشتەجێ و جێگیر دەبن، بەشێکیان لە گەرمێن و ئەوی دیکەشیان لە کوێستان. دواجار، یان کۆچ وبار بەتەواویی دەوەستێت یان ماڵاتەکان لەلایەن چەند شوانێکەوە چاودێریی دەکرێن و ئەوان لەچوارچێوەی ناوچەیەکی جیۆگرافیی زۆر سنووردارو دیارییکراودا دەیانبەن و دەیانهێنن. خودی خێڵەکەش بەتێپەڕینی کات بەتەواویی نیشتەجێدەبن، زۆربەی جار لە دوو هەرێمی جیاوازدا، لەکاتێکدا ئاژەڵداریی لەئاستێکی سنوورداردا بەردەوام دەبێت.

هەروەك لەرابردوودا، ئامانج لە ئاژەڵداریی بریتیبوو لە فەراهەمکردنی خۆراکی خێزانەکەو ئامادەکردنی بەروبومە ئاژەڵییەکەش بووە بۆ فرۆشتن یاخود بۆ گۆڕینەوە. راپۆرتێك کە لەساڵی ١٩٧٦دا لەلایەن رێکخراوی پلاندانان و بودجە بڵاوکرایەوە، پێشانیدا کە ٨٠–٨٥٪ی مێگەل و ماڵاتەکان هێشتا بۆ بەروبومەکانیان و وەبەرهێنانەوەی ئاژەڵەکان و زاوزێ پارێزراون.[٣٤] سەرەکیترین بەروبومەکانی ئاژەڵداریی :شیر،ماست، پەنیر، رۆنە کەرەو خورین. ١٥–٢٠٪ی ماڵاتەکان بۆ گۆشتەکەیان بەخێودەکرێن.

ئاژەڵداریی و بەروبومەکانی رادەیەکی رێژەیی لە خۆبژێویی و خۆکەفایی بۆ خێزانەکان دابیندەکات. بەروبومی ئاژەڵداریی تەنیا خۆراك بۆ خێزانەکان فەراهەمناکات بەڵکو پێستەو خوری و مویان پێدەبەخشێت، ئەوەش لەرێگەی کاری دەستییەوە شمەکە بنەڕەتییەکان بۆ خێزانەکان دابیندەکات. کۆڵینەوەیەك لەلایەن زانکۆی تارانەوە سەبارەت بە خێزان و پەرەسەندن لەنێو خێڵەکان لەئێراندا کراوەو تێبینیکردووە، ئەو جووتیارانەی بەتەواویی وازیان لە ئاژەڵداریی هێناوە ئاستێکی بژێویی نزمتریان هەیە بەوانەی کە ئاژەڵداریان لەگەڵ چالاکیی کشتوکاڵییدا تێکەڵکردووە.[٣٥]

**رەوشی جیۆگرافی لەبار**

گەر ئێمە سەرنج لە نەخشەی هەرێمە کوردییەکان لە ئێراندا بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێکی گەورەی ناوچەکە شاخاوییە، لەگەڵ چیای ئارارات لە باکوورو هەروەها چیاکانی زاگرۆس و پشکوە لە باشوور. لەم ناوچە شاخاوییانەدا

[34] مقدمه بر شناخت مسائل اقتصادیو اجتماعی جمعی عشائری کردستان، ٢٢.

[35] Afshar-Naderi, Khanivade va Tuse‘eh-i ‘Ashayer (Family and Development among Tribes) (Tehran University, 1976), 13.

برێکی زۆر بارانبارین و پاوان و لەوەڕگاکان هەیە، بەڵام زەوییەکی کەمی تەختە نەرمانی کشتوکاڵیی هەبووە. ئەوەش یەك لەو هۆکارانەیە کە بۆچی، تەنانەت تاکو ئەمڕۆش، تێکەڵکردنی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵیی زەوییە دێمەکان یەکێکە لە شێوازە سەرەکییەکانی چالاکیی ئابووریی. بەئاراستەی بەشەکانی رۆژهەڵات و باشوور( هەرێمی کرماشان/باختەران) لە نێوەوەی کوردستان کە کەمتر شاخاوییە، زەوییەکی کشتوکاڵی زێدەتر هەیە، هەربۆیە کشتوکاڵێکی فرە رێکخراوتر لەوێ هەبوو.

قاسملو، مشتومڕی لەبارەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەو هەرێمەدا کردووە کە کوردی لێ دەژی، لەوانە ئازەربایجانی رۆژئاوا و کوردستان، کرماشان، تێبینیکردووە کە:

" لەهەموو پێوانەی کوردستانی ئێران کە دەگاتە ١٢٤٠٠٠کیلۆمیتری چوارگۆشە، پێنج ملیۆن هێکتار کێڵگەکە کە دەبێتە ٤٠٪ی هەموو خاکەکە نزیکەی چوار ملیۆن هێکتاریش واتە ٣٢٪ی هەموو هەموو خاکەکە، ئەوەکەی تری کوێستان و لەوەڕگەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا ٢٤٪ی کێڵگەکان، یانی ١٢٠٠٠٠٠ هێکتار دەکێڵرێ، کە ٩,٦٪ی هەموو پێوانەی کوردستانی ئێرانە."[36]

## کەمیی کشتوکاڵی میکانیزەکراو

لە کۆڵینەوەکەی قاسملو سەبارەت بە کوردستان، ئەو تێبینیکردووە کە ئاستی تەکنیکی کشتوکاڵ عادەتەن نزم و لاوازە، ئامرازە سەرەکییەکان بەدرێژایی چەندین سەدە بێ ئەوەی گۆڕانیان بەسەردابێت ماونەتەوە.[37] هەرچەندە، ئەو راپۆرتەی سەبارەت بە کشتوکاڵە لە کوردستان لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠کاندا ئاماژە بەوەدەکات کە دەگونجێت هەلومەرجەکە تەنانەت لەماوەی ماڵاوایی سەدەکەدا بۆ جووتیارانی کورد خراپتر بێت.

ئامارەکان سەبارەت بە کشتوکاڵ لە کوردستان پێشانیدەدەن کە چاندنی تەواوی دانەوێڵە سەرەکییەکان بەزۆری لەو کێڵگە دێمەکاندایە. بەگوێرەی راپۆرتی ئاماری ساڵانە بۆ ساڵی ١٩٧٢ کە لەلایەن سەنتەری ئێرانەوە بۆ ئامارەکان بڵاوکراوەتەوە، لە تەواوی زەوییەکانی پارێزگای کوردستان تەنیا ٢٥,٧٪ کشتوکاڵی تێداکراوە، لەوانەش تەنیا ٤,١٪ی ئەو زەوییانە بەراون. تەنیا ١٦,٧٪ی تێکڕای زەوییە کشتوکاڵییەکان بەشێوەیەك سوودیان لە ئاودێریی بینیوە و باقی دیکەی کە ٨٤٪ زەوی دێمن.[38] هەرچەندە، ئەو ئامارانەی لەساڵانی ١٩٧٠کاندا ئاماژەیان بە رەوشی کشتوکاڵ داوە، ئەو راستییەی تێدا رەنگدەداتەوە کە لەساڵی ١٩٧٢دا، هەروەها زۆر پێشتریش، لە زۆربەی بەشەکانی کوردستاندا سیستمی ئاودێریی هەر نەبووە یاخود کەمێك پەرەسەندوو بووە. ئەو راستییەی کە رەوشەکە لەو چەند دەیەیەی دواییدا بەرەو باشتر نەگۆڕاوە مەسەلەیەکە لەلایەن ئامارەکانی تەنانەت ساڵەکانی دواتریشەوە جەختی لێکراوەتەوە. بەگوێرەی راپۆرتی ئامارە کشتوکاڵییەکان بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٨٥، لەتێکڕای ئەو زەوییانەی دانەوێڵەی تێدا چێنراوە (دانەوێڵە گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵییە لە کوردستان) تەنیا ٩٪ بەهۆی سیستمی ئاودێرییەوە چێنراون و ٩١٪ی ماوە زەوی دێم بوون.[39] کشتوکاڵی زەوییە دێمەکان بەگشتیی رێگەیەکی قازانبەخش نییە بۆ کشتوکاڵ، بەڵکو زیاتر کشتوکاڵی بەرخۆرییە.

---

[36] Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, 90.
[37] Ibid., 90.
[38] Azkia, Khushnishinan-i Kurdistan, 59.
[39] The Plan and Budget Organization of the Province of Kurdistan, The Statistics Report for Kurdistan 1985, 5.

## ئەنجامگیریی

نیشتەجێبوونی خێڵە کوردییەکان گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەر ئەو خێڵانەدا هێنا، بەڵام نەیتوانیی بەتەواویی لەنێویانبەرێت. چیدی کۆچ‌وبار وەك رەگەزێکی گرنگی شوناسی خێڵەکیی نەمایەوەو وەستا، بەڵام هێندێك هۆکاری وەك خزمایەتیی هێشتا وەك مەسەلەیەکی گرنگ بەردەوامبوو. هەرچەندە، ئەوە بریتیبوو لە بەردەوامیی ئاژەڵداریی بەهۆی هەلومەرجی لەباری جیۆگرافیی بۆ ئەمە. تەنانەت پاش ئەوەی کۆمەڵگەش نیشتەجێبووو کەوتە کشتوکاڵکردن، ئەوەی وایکرد گونجاوبێت ژمارەیەك سیماو تایبەتمەندیی پەیوەندییە خێڵەکییەکان، هەرچەندە سنوورداریش بێت، بەردەوام بێت لەمانەوە. ئەندامێتیی و پەیوەستەگیی خێڵەکیی چیدی تەنیا سەرچاوەی شوناس نەبووە وەك ئەوەی لە حاڵەتی تەواو خێڵەکییەکەدایە. زیاتریش، پەیوەندییە خێڵەکییەکان بۆ کۆمەڵگەکە بریتیبوو لە خاڵی ئاماژەدان بۆ رابردوو، ئەوەی وەك سیمایەکی هاوبەشی گشتیی لە فۆرمێکی نوێداو لەپاڵ شوناسەکانی دیکەدا بەردەوامبوو لە بوون. بەردەوامیی ئاژەڵداریی کۆمەڵگەی بە رابردووەوە دەبەستەوە، لەکاتێکدا نیشتەجێبوون‌و جێگیربوون بەرەو قۆناغێکی نوێ‌و هەروەها تێگەیشتنێکی نوێی پەیوەندییە جیاوازە کۆمەڵایەتیی‌و ئابوورییەکان پەلکێشکرد.

لەکاتێکدا کە ژیانی ئابووریی هەرێمەکە بە توندی پشتی بە پەرەسەندنی ئابووریی تێکڕای وڵاتەکەوە بەستبوو، هەربۆیە پەیوەستبوونی کوردستان بە ئابووریی بازاڕەوە وەك پەرەسەندنێکی سەربەخۆ نەهاتەئاراو لەراستییدا پێویستە وەك مەسەلەیەکی پەیوەست بە رووداوەکانی نێوخۆی ئێران‌و تورکیاو عێراق تەماشابکرێت. بەچەندین شێواز، ئەو گۆڕانکارییانەی لەگەڵ نیشتەجێبوون‌و جێگیربوونی زۆرینەی خێڵەکان لە کوردستانی ئێراندا روویدا بەرجەستەی ئەو پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی‌و سیاسییانە بوو کە لە تێکڕای وڵاتەکەدا بەرێوەدەچوو.

ئەوە لەدرێژەی پەیوەستبوون بە کۆمەڵگەکانی دیکەوە بوو کە کارەکتەری رووبەرووی کۆمەڵگەی کوردیی لاوازبوو، هەروەها تێگەیشتنێکی نوێ سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی کوردیی لەنێو کورداندا پشکوت. ئەم گۆڕانە لە تێگەیشتنی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی سەبارەت بە شوناسیان لەنێو کورداندا دەتوانرێت لەو کۆڵینەوانەدا ببینرێتەوە کە سەبارەت بە دوو جووڵانەوە کوردیی کراون، یەکێکیان بۆ قۆناغی "رووبەڕوو" لە مێژووی کوردییدا دەگەڕێتەوە، قۆناغی ژیانی خێڵەکیی کۆچەریی سالانی ١٩٢٠کان، ئەوەی دیکەشیان بۆ ماوەی کۆتایی سالانی ١٩٤٠کان دەگەڕێتەوە، قۆناغی هۆشی نەتەوەیی، کاتێك کۆمەڵگەی کوردیی نزیکەی بەتەواویی جێگیربوو.

# بەشی سێیەم: نەتەوایەتیی یان خێڵگەرایی
## راپەڕینەکەی سمکۆ

**دەروازە**

لە ئێراندا، خولیا کوردییەکان بۆ سەربەخۆیی، پێشکەوتنی ئابووریی، هەروەها لەبەرچاوگرتنی مافی کەلتووریی کاتێك پەرەیسەند وەك ئاکامێکی ئەو پرۆسە سیاسیی و ئابوورییەی سەبارەت بە گۆڕینی شێوەژیانی خێڵەکان و کۆچەرییەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندی رەزاشاوە جێبەجێکرابوو. ئەم پرۆسەیە کە لە ١٩٢٠ کاندا دەستپێکردبوو، بەزۆرنیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرییەکانی کوردستان و دواجار جێگیربوونیانی گرتبووەخۆ. ئەوەی بۆخۆی بووە هۆی لاوازکردنی پەیوەستە ئابووریی و کۆمەڵایەتییە سوننەتییەکانی کۆمەڵگەکە. ئەمەش واناکات بوترێت کە هەر کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی کاتێك جێگیردەبێت باوەش بە شوناسی بیری نەتەوەییدا دەکات. لە حاڵەتی کوردانی ئێراندا، زیاتر بەهۆی سیاسەتە سەرکوتکارەکانی حکومەتەوە بوو کە خولیا کوردییەکان بۆ خودموختاریی و لەبەرچاوگرتنی مافی کەلتووریی و پێشکەوتنی ئابووریی تروکان.

لەڕووی مێژووییەوە، ناوکی جووڵانەوەی سیاسیی- نەتەوایەتیی کوردانی ئێران نزیکەی هەمیشە لە هەرێمەکانی باکووردا بووە، بەتایبەت لە ناوچەی مەهاباد(سابلاغ). هۆکارگەلی جیاواز بۆئەوە هەیە کە بۆچی هێندێك لە هەرێمەکانی دیکەی کوردستانی ئێران جۆرە دەربڕینێکی جیاوازیان سەبارەت بە نەتەوایەتیی کوردیی پەرەپێداوە ( زیاتر لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتیی لە کۆمەڵگەی کوردییدا راوەستاوە لەبەرامبەر جەختکردنەوە لە خەبات دژی حکومەتی ناوەندیی وەك کێشمەکێشی سەرەکیی )و نەبوونەتە بەشێك لە رێکخراوە کوردییە سەرەکییەکە(حدکا). لەباشوور، بەتایبەتی لە هەرێمی کرماشان، دانیشتووانی شیعەی کورد ئینتیمایان بۆ حکومەتی ناوەندییە لە تاران. لەسەقز، کە کۆمەڵگەکە بەشێوەیەکی سوننەتیی کشتوکاڵییە هەروەك لە بەشە ئابوورییەکەدا ئاماژەمان پێدا، جووڵانەوەی نەتەوایەتیی جووڵانەوەیەکە تێیدا زیاتر جەخت لە پرسەکان وەك مەسەلەی ململانێ چینایەتیی نێو کۆمەڵگەی کوردیی خۆی دەکرێتەوە، وەك ئەوەی کێشمەکێشی نێوان حکومەتی ناوەندیی و کوردان بێت. ئەمەش پێچەوانەی ئاراستە گشتیی ئەو جووڵانەوە کوردییەیە کە (حدکا) نوێنەرایەتیی دەکات، ئەوەی فرە کاریگەریی لە هەرێمە خێڵەکییە سوننەتییەکانی رۆژئاواو باکووری کوردستانی ئێراندا هەیە.

لەبەر ئەم هۆیەیە من چاو دەبڕمە پەرەسەندنی کۆمەڵگە خێڵەکییەکە وەك ئەوەی کە بوونی هەیە، ئەوەی بە پلەی یەکەم لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەبینرێت. پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە مەبەستم لە هەرێمە شاخاوییەکان ناوچەکانی باکووری رۆژئاواو رۆژئاوای ناوەندیی کوردستانە، کە لەوێ شارو گوندی گرتۆتەخۆ.

پێشتر، رەوشی کۆمەڵایەتیی-ئابووریی کوردانم لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا راڤەکردووەو لە کاریگەرییەکانی سیاسەتەکانی رەزاشام سەبارەت بە خێڵەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیی-ئابووریی کوردان کۆڵیوەتەوە. لەم بەشەدا، لە سروشتی ژیانە سیاسییە کوردییەکەی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم دەکۆڵمەوە. لەم چوارچێوەیەدا، مشتومڕ سەبارەت بە کۆتوبەندی خێڵگەرایی لەهەمبەر نەتەوایەتیی دەکەم. ئارگومێنتی من ئەوە دەبێت کە ئەم کۆتوبەندە بەشێوەیەکی سەرەکیی لە سروشتی کۆمەڵگەی خێڵەکییەوە وەك کۆمەڵگەیەکی رووبەڕوو سەرچاوەی گرتووە، ئەوەی

وەك پێناسە، لەمپەرێك بوو لەسەر ڕێگای پەرەسەندنی نەتەوایەتیی کوردیدا. من تیشك دەخەمە سەر ئەو"revolt / شۆڕشە"*ی کە لەلایەن ئیسماعیل ئاغای سمکۆوە سەرکردایەتیی کرا بۆئەوەی کۆتوبەندی کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردیی لەپەیوەندی بە نەتەوایەتییەوە لە ساڵانی ١٩٢٠کاندا ڕوونبکەمەوە. هەرچەندە، پێش شرۆڤەکردنی شۆڕشەکەی سمکۆ، پێویستە مشتومڕ سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خێڵەکان لە ئێراندا بکەم لەماوەی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەمدا. پەیوەندییەکانی نێوان خێڵەکان و دەوڵەتە–نەتەوەییەکانی دەوروبەریان و هەروەها پەرەسەندنی خودی خێڵەکان ڕاڤە بکەم.

## خێڵەکان و دەوڵەت لە ئێراندا

پەیوەندیی نێوان خێڵەکان و دەوڵەتی ئێران هەمیشە مەسەلەیەکی هەستیار بووە، بەتایبەت لەو قۆناغانەدا کە حکومەتی ناوەندیی لاوازبووە. دوای جێگیرکردنی خێڵە کۆچەرییەکان و هەروەها پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزو تاڕادەیەك چەسپاوی ڕەزاخان (دواتر ڕەزاشا)، دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی خێڵەکان بەشێوەیەکی مەزن کەمبۆوە. ئەوان چیدی ئەو توانایەیان نەمابوو کە بەشێوەیەکی جدیی و بەردەوام هەڕەشە لەدەوڵەت بکەن. ئەمێستا ئیدی ئەوە دەوڵەتە کە ئەوان کۆنترۆڵدەکات. پێش ئەمە، بۆ چەندین سەدە بوو، خێڵەکان ئامرازێك بوون بۆ چەسپاندنی گروپەکان لەدەسەڵاتدا، کاتی گەیشتنی ئەو گروپانەش بۆ دەسەڵات لەخەمی ئەوەدا بوون کە پشت بە پاڵپشتی بەردەوامی هێزە خێڵەکییەکان ببەستن. ئاشکرایە، دەسەڵات و کاریگەرییەکی سیاسیی لەم چەشنە نیگەرانییەکی مەزنی بۆ دەوڵەت هێنابووەکایەوە کە ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی خێڵەکان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتیانی دەکرد. خێڵە کوردییەکانیش لەم ڕێسایە بەدەر نەبوون.

بۆ چەندین سەدە، کوردان لەنێوان دوو ئێمپراتۆرییەتدا دابەشببوون، کە ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانیی و فارسییە. هەرچەندە، بەشێکی بەهۆی باری جیۆگرافیی و بەشێکیشی بەهۆی لاوازی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز، بۆ دەوڵەت ئەستەم بوو کۆنترۆڵی تەواوی هەرێمەکەو هەروەها ژیانی سیاسییشی بکات. سەرۆکە کوردەکان هەردوو دەوڵەتەکەیان لەیەکتر هاندەداو جاروبار وەفاداریی خۆیان لە لایەکەوە بۆ ئەوی دیکە دەگۆڕی. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، پاش ئەوەی ئامادەبوونی هێزە دەرەکییەکان، بەریتانیی و ڕوسەکان، لە هەرێمەکەدا زیادیکرد، سەرۆکە کوردەکان کە هێزە ئەوروپییەکانیان بە دەسەڵاتدارتر لە حکومەتەکانی عوسمانیی و ئێرانیی دەزانی، پشتگیریی خۆیان بەوان دەبەخشی و ناوبەناو وەفاداریی خۆیان لە هێزێکی ئەوروپییەوە بۆ ئەوی دیکە دەگۆڕی.

ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لە کوردستان تاکو سەدەی نۆزدەیەم لەمیرنشینەکانەوە بنەمای گرتبوو، یەکەگەلێکی شێوە–دەوڵەتیی لەلایەن میرەوە فەرمانڕەوایەتیی دەکرا. ئەم میرنشینانە بەشێوەیەکی سەرەکیی کەوتبوونە ناوچە سنوورییەکانەوە. کاتێك حکومەتی ناوەندی نازناوی میرایەتیی پێدەبەخشین، هەروەها ماڤی

---

* نووسەرە بیانییەکان وشەی "revolt" یان "uprising / ڕاپەڕین" یاخود "rebillion /یاخیبوون" بۆ جووڵانەوەی چەکدارییەکانی کورد دژی حکومەتەکانی ناوچەکە بەکاردەهێنن. لەزمانی ئینگلیزیدا وشەی (revolt) پڕبەپێستی وشەی "شۆڕش"ی کوردییە بەمانا زمانییە سەرەتاییەکەی.(واتە هەژان و ڕاپەڕینی توندوتیژی خەڵکی ناڕازیی دژ بە سەرکوتکارانی). چەمکی" Revolution /گۆڕانی ریشەیی وسەرتاسەریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە قەڵەمبازێکی مێژووییدا" بۆ ڕووداوی شۆڕشە گەورەکانی وەك فەرەنسیی و ئەمریکیی و رووسیی بەکاردەهێنن، کە کورد لەمێژووی خۆیدا بەخۆیەوە نەدیوە. بۆزیاتر:
عەزمی بشارە، شۆڕشناسیی، سەبارەت بەشۆڕش و شایستەگیی بۆ شۆڕش، وەرگێڕانی" د.یاسین سەردەشتیی و بەرزانی مەلا تەها، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٢.

پارێزگاریی سنووری نیشتیمانیشی پێبەخشین. بۆئەوەی میرنشینێك یان میرەکەی رەوایەتیی بەدەستبێنێت، پێویستی بە دوو پشتگیریی بوو، یەکێکیان لە حکومەتی ناوەندییەوە، ئەوی تریشیان لە سەرۆکە پلە خوارووەکانی هەرێمەکەوە. هەوڵەکانی عوسمانییەکان و ئێرانییەکان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندی و کارگێڕییەکی نوێ بووەهۆی هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان. هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان کاریگەرییەکی قووڵی لە ئارامیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردیی کرد بە دوو شێوە: لەلایەکەوە دەسەڵاتی بەناوەندییکراوی سیاسیی لە میرنشینەکاندا بۆ یەکەی زۆر بچووکتر دابەشکرد، لەلایەکی تریشەوە شوێنی دەسەڵاتە نائاینییەکانی میرو سەرۆکەکان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بە دەسەڵاتی پیاوە ئاینییەکان کە شێخەکان بوون، گیرایەوە.

هەڵوەشانەوەی میرنشینەکان ئەو ئارامییە رێژەییەی لەقاند کە پێشتر لە کۆمەڵگەی کوردییدا هەبوو. بەرچاوترین کاریگەریی بریتیبوولە زێدەبوونی نائاسایشیی گشتیی لە ناوچە کوردییەکاندا، ئەوەی هەروەها کاریگەریی لەناوچەکانی دەورووبەریش کرد. ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی هەوڵی گچکە سەرۆکەکانەوە بوو کە خوازیاربوون شوێنی میرەکان یاخود سەرۆکە فرە دەسەڵاتدارەکان بگرنەوە، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی هەوڵگەلێکی توندوتیژانە بوو. وێڕای هەوڵی حکومەتەکان بۆئەوەی وەك رێبەرایەتی دەربکەون، بەڵام هێشتا نەیانتوانی کۆنتڕۆڵی هەرێمەکە بکەن و ئاسایشی فیزیکی لەوێ زامنبکەن.

ئەو بۆشاییە دەسەڵاتەی بەهۆی ئاوابوونی سەرۆکە دەسەڵاتدارەکانەوە هاتەئارا، لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا رێگەی بۆ پەرەسەندنێکی دیکە خۆشکرد لە کۆمەڵگەی کورددیدا، ئەویش پشکوتنی دەسەڵاتدارێتی سیاسیی شێخەکانی کورد بوو. شەریف ماردین، مشتومڕی لەوبارەیەوە کردووە کە، ئەم پەرەسەندە گرنگە کۆمەڵایەتیی و سیاسییە لە تورکیا—واتە دەرکەوتنی شێخەکان— کە تەنیا رێبەرایەتییەکی گرنگی ئاینیی نەبوو، بەڵکو سیاسیی و کۆمەڵایەتییش بوو، دەرئەنجامێکی تەنزیمات بوو کە کۆتایی بە خێڵەکان و میرنشینەکان هێنا.[1]

نەمانی ئەو رێبەرایەتییە بەهۆی هەڵوەشانەوەی میرنشینە گەورە کوردییەکان و هەروەها ململانێی بەردەوامی نێوان گچکە سەرۆکەکانەوە زامنی ئەوەیکرد کە هێز کەوتە دەست تەنیا دەسەڵاتێك کە بەهۆی پێگەکەیەوە خۆی لەژێر سایەی پەلاماردا نەدەبینیەوە، ئەوەش دەسەڵاتی شێخەکان بوو. ئەوانەی هەمیشە خاوەن پێگەیەکی تایبەت بوون و پێشتریش وەك رێبەری ئاینیی پەسەندکرابوون. ئەمێستا ئەوان تەنیا کەسانێك بوون کە بێ هیچ ئینتیمایەکی خێڵەکیی مایەی رێزی خەڵك و دانیشتووانەکە بن.[2] هەروەها ئەوان لەلایەن سەرۆکخێڵەکانەوە جێگەی رێز بوون و بگرە تاڕادەیەکیش لەلایەن حکومەتەوە لە هەرێمە کوردییەکانی ئێستادا. ئەم پێگە ناوازەیە باڵادەستییەکی زیاتری بەشێخەکان دەدا لەبەرامبەر سەرکردەکانی دیکەدا، ئەوان دەیانتوانی کێشەی نێوان خێڵەکان چارەسەربکەن، هەروەها کێشەی نێوان تاکەکانن چ لەنێو خودی خێڵەکان و چ لەنێو سەرۆکەکانیاندا، یاخود کێشەی نێوان خێڵەکان و حکومەت، بێئەوەی ترسیان لەوەبێت کە بە تەرەفگیریی تۆمەتبار بکرێن. هەربۆیە چەندە شێخەکان رۆڵی نێوەندگیرییان زێدەتر دەبوو، هێندەش کاریگەریی و پرستیژی زیاتریان بەدەستدەهێنا.[3] نزیکەی لەنیوەی سەدەی نۆزدەیەمەوە(١٨٦٠)

---

[1] Sharif Mardin, Religious and Social Change in Modern Turkey: The Case of Bediuzzaman Said Nuri (New York, 1989), 34.; Martin Van Bruinessen, 'Kurdish Tribes and Simko's Revolt,' in Richard Tapper (ed.), The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan (London, 1983), 371.

[2] شێخ بەگشتی بەخێڵێکی دیارییکراوەوە نەبەسترابووەوە، بەڵام دەگونجا خێڵ هەبن کە خۆیان بە موریدو شوێنکەوتەی شێخێك بزانن. بڕوانە: Van Bruinessen, 'Kurdish Tribes . . . ,' 371

[3] هۆکارێکی دیکەی زێدەبوونی کاریگەری شێخەکان رۆڵی ئەوان بوو وەك سەرکردەیەکی ئاینیی موسوڵمان و نوێنەری شەرعیی دەسەڵاتێکی پەسەندکراو دژی زێدەبوونی کاریگەریی ئەوروپییە کریستانییەکان کەلەلایەن مسیۆنێرەکانەوە نوێنەرایەتیی دەکران.

تاكو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، شێخەكان كاریگەرترین سەركردەی سیاسیی بوون لە تەواوی كوردستاندا. نزیك بە هەموو ڕاپەڕینە كوردییەكان بۆ خودموختاری یاخود سەربەخۆیی یان شۆڕشەكانی دژبە حكومەت لەلایەن شێخەكانەوە سەركردایەتیی كران، ئەوانەی لەهەمان كاتدا، هەروەها بەدوای خولیای تایبەتییەكانی خۆشیانەوە بوون.

## پەرەسەندنە خێڵەكییە كوردییەكان تاكو سەدەی بیستەم

ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕەوشی سیاسیی خودی خێڵەكانەوە هەبوو، جێبەجێكردنی چاكسازییە كارگێڕییەكانی حكومەتەكان لە هەرێمەكەدا بووەهۆی گۆڕانی ستراكتۆری بایەخدار لە سەركردایەتیی خێڵەكییداو هەڵوەشاندنەوەی سەرۆكایەتییە گەورەكان بۆ یەكەی چكۆلەتر. ئەم سەرۆكخێڵانە پەیوەندی بەهێزی خوێنیان لەگەڵ كەسانی دیكەی خێڵدا هەبووو لەڕووی فیزیكیشەوە لە كەسە ئاساییەكانی خێڵەكەوە نزیكتربوون. ئەم نەزمە نوێیە مانای ئەوەی دەدا كە ئەو یەكێتییەی كە لەنێوان خێڵەكاندا هەبوو لەنێو ڕێكخراوی میرنشینەكان یاخود ئەو هاوپەیمانییەی خێڵەكان، تێكشكاو بەرەو چەندین خێڵی بچووك ملینا كە لەگەڵ یەكدا لە كێشەو ململانێدا بوون. هەرچەندە، سیاسەتەكانی حكومەتەكان لەمەڕ خێڵەكان ، تێكوپێكدانی ڕێكخراوە كۆمەڵایەتیی و سیاسییە گەورەكانی كورد، هەروەها هەوڵەكان بۆ جێگیركردنی خێڵەكان بۆ ئەوەی بتوانێت كۆنترۆڵی حكومەتی ناوەندیی ئاسانتربكات، كۆمەڵگەی كوردیی بەشێوەیەكی مەزن گۆڕیی.

ڕەوشەكە تاكو ساڵەكانی یەكەمین جەنگی جیهانیی بەردەوامبوو، كاتێك سەركردە خێڵەكییەكانی كورد جارێكی تر دەرفەتیان دەستكەوتەوە بۆئەوەی هاوپەیمانێتییەكی نزیكەی مەزنی خێڵە كوردییەكان پێكبهێنن. ڕووخاندنی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و لاوازیی دەوڵەتی ئێران، هەلومەرجێكی لەباری بۆ كوردان فەراهەمكرد كە دەسەڵاتی خۆیان فراوانبكەن. چەندین هاوپەیمانێتیی پێكهات، هێندێك لەوانە بیتیبوو لە "هەڤیركان"(لەرۆژهەلاتی ماردین لەتوركیا)، "جەلالی" (لە دەوروبەری چیای ئارارات)، " پشدەر" ( لە ڕۆژهەڵاتی قەڵادزە لە عێراق)، "كەلهوڕ" (ڕۆژئاوای كرماشان لە ئێران)، هەروەها "شكاك" (باكووری ڕۆژئاوای ئێران). ئیسماعیل ئاغای سمكۆ (بابەتی بەشەكەمان) بوو بە سەركردەی هاوپەیمانیی شكاك. ئەم هاوپەیمانێتییە پێكهاتەیەكی سیاسیی بوو، بەوەی چەندین خێڵی جیاواز پێیوەی پەیوەستبوون لەكاتێكدا سەربەستی كاروهەڵسوڕانی خۆیان پاراستبوو. ئەوان كەم چەسپاوترو تێهەڵكێشتر بوونو هەروەها سنووره جیۆگرافییەكەیان لەهی خێلێك شلوكراوەتر بوو. خێڵەكان كە هاوپەیمانێتیی پێكدێنن گرنگیی و كاریگەریی وەكیەكیان نییە، ئەو هاوپەیمانییە خێلێك ناوكەكەی پێكدێنێتو سەركردایەتییە سیاسیی و سەربازییەكەیشی لەو خێڵەوە دەبێت. خێڵی دیكەش هەن كە لە ناوەندی ئەو ڕێكخراوەدا نین، بەڵكو زیاتر لە دەوروبەردان. ئەوان بەگشتیی لە لوتكەی سەركەوتنی هاوپەیمانێتییەكەدا (بەشێوەیەكی سەرەكیی لەكاتی سەركەوتن دژی حكومەتی ناوەندیی) پێوەی پەیوەست دەبن، هەر هاوپەیمانییەكە تووشی گرفت بێتەوە یەكسەر وازی لێدێننو بەجێیدەهێڵن. شۆڕشەكەی سمكۆ بەباشیی ئەم هەڵبەزودابەزە ڕووندەكاتەوە.

## خێڵەكانو دانیشتووانی ناخێڵەكیی

ناوچە کوردییەکان هیچ کات بەتەواویی خێڵەکیی نەبوون. ژمارەیەکی گرنگ وەرزێری ناخێڵەکیی کورد هەبوون کە هەمیشە لە کوردستاندا ژیاون. ئەوانە ناوی جیاوازیان لە هەرێمە جیاوازەکاندا هەیە وەك: کورمانجی، گۆران، رایاتو هەروەها مسکێن.[4] ئەوان بەگشتیی رێکخراوێکی تایبەتی کۆمەڵایەتیی خۆیان نەبوو. خێڵو سەرکردە خێڵەکییەکان کە باڵادەستییان بەسەر ناخێڵەکییەکاندا هەبوو لە مەڵبەندەکانی خۆیاندا، ستراکتۆری رێکخراوەیی کۆمەڵایەتیی خۆیان بەسەر ئەوانیشدا سەپاندبوو. دانیشتووانە ناخێڵەکییەکە لەسەر زەوی دیارییکراوی خێڵێك یان هۆزێك دەژیانو هەستێکی دوژمنانەیان لەهەمبەر هەمان دانیشتووانی خێڵەکیی و ناخێڵەکیی خێڵە نەیارو رکابەرکان هەبوو. هەرچەندە، سەبارەت بە پەیوەندییە خێڵەکییەکان، دانیشتووانە ناخێڵەکییەکە هیچ کات وەك خەڵکێکی خێڵەکیی شایستەو پێویست ئەژمارنەکراونو حیسابی رەعیەتی ئەوانەیان بۆکراوە کە لەژێر دەسەڵاتیاندابوون. هەرچەندە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، زۆر لە خێڵە کۆچەرییەکان دواجار جێگیربوونو لە کشتوکاڵەوە گلان، و هەربۆیە جیاوازییەکانی نێوان هەردوو گروپەکە کەمتر تێبینی دەکرا. هەرچەندە، جیاوازییەکان، بەشێوەیەکی سەرەکیی کە پەیوەندی بە خاوەنێتیی زەویو موڵکایەتییەوە هەبوو، هێشتا مایەوە. لەکاتێکدا خەڵکە خێڵەکییەکە بەگشتیی خاوەنی هێندێك زەوی بوون، دانیشتووانە ناخێڵەکییەکە لە سێیەکبەرو جووتیارە بێزەوییەکان لە هەرێمەکەدا پێکدەهاتن. ڤان برونسن، مشتومڕی لەبارەی دانیشتووانە ناخێڵەکییەکە لەکوردستانی ئێران کردووەو نووسیویەتی:

" بەگشتیی پیاوەخێڵەکییەکان خاوەنی کەمە زەوییەکن، زانیاریبەخشەکان لەنێو چەندین خێڵی کوردیی لەئێران ئەوە دەڵێن کە کەسێك لەهاوڕێیانی خۆیان ناناسن لانی کەم وردە مالیك نەبێت. لەلایەکی ترەوە، کوردانی ناخێڵەکیی، وەك باوە ئیجارەکار، سێیەکبەر یاخود کرێکاری کشتوکاڵی بێزەوی بوون. رایاتەکان، کەلەسایەی ریفۆرمی زەویدا قەباڵەی زەوییان وەرگرت، هێشتا وەك هاوشانی پیاوەخێڵەکییەکان پەسەند نەکراون، وێڕای ئەو راستیەیەی کە ئەوان زۆر کەم لە پیاوەخێڵەکییە جێگیرەکان جیاوازن."[5]

سەبارەت بە تەواوی پەیوەندیی نێوان کوردانی خێڵەکیی و ناخێڵەکییەکان دەتوانرێت لەشێوەی خۆبەسەرداسەپێنیی و ئیستغلالکردن لایەنی یەکەم بۆ لایەنی دووەم کورتبکرێتەوە، لەڕووی ئابوورییەوە بەهۆی تالانکردنیانەوە، هەروەها کۆکردنەوەی پیتاك بەشێوەی شمەكو پارە لێیان ( بەتایبەتی لەلایەن پیاوە چەکدارەکانی ئاغاوە)، لەرووی کۆمەڵایەتیی و سیاسیشەوە بەهۆی سەپاندنی ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی-سیاسیی خێڵەکە بەسەر دانیشتووانە ناخێڵەکییەکەدا,

## پشکوتنی پان-ئیسلامیزمو نەتەوایەتیی لە هەرێمەکەدا

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ رووخاندنی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا، هێزە ئەورووپییەکان بەشێوەیەکی زێدە دەسەڵاتو نفوزیان لە ناوچەکەدا بەدەستهێنا، هەروەها لەنێو گەلانی ئیمپراتۆرییەکەدا، هزرو ئایدیاو هەروەها وەفاداریی نوێ شوێنی هزرە کۆنەکەیان گرتەوە. ئایدیای نوێ هاوچەشنی نەتەوایەتیی کە دواجار داوای دانپێنانی دەکرد بە بوونی دەوڵەتی جیا بۆ گروپە ئیتنییە جیاوازەکان، هەروەها پان-ئیسلامیزم کە لایەنگریی لە یەکێتیی هەموو گەلانی موسوڵمانی ئیمپراتۆرییەکە دەکرد دژی ناموسوڵمانەکانو هێزە بیانییەکان.

[4] Van Bruinessen, ‘Kurdish Tribes . . . ,’ 376.
[5] Ibid., 376–7.

لەماوەی ئەم قۆناغەدا، هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی هێشتا وەك هێزێكی گرنگ لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مابووەوە، زێدەبوونی نفوزی هێزە ئەوروپییەكان، بەتایبەت بریتانیەكان و فەرەنسییەكان، وردە وردە عوسمانییەكانیان تێپەڕاند. بەشێكی ئەو كاریگەریی و نفوزە كە بۆ ئەم ناچەیە گواسترابووەوە لەرێگەی ئەو زنجیرە ریفۆرمە سیاسیی و ئابووریی و كارگێڕییەدا دەركەوت كە زلهێزەكان پێشكەش بە ئیمپراتۆریی عوسمانییان كردو هانیاندا جێبەجێیبكات. ئاكامەكانی ئەم ریفۆرمە زۆر شت بوو، لەوانە رابوونی هەستی نەتەوایەتیی لەنێو ئیتنۆ جیاوازو خەڵكە ئاینیەكانی ئیمپراتۆرییەكەدا، وەك: ئەرمەنییەكان لە ئەنەدۆڵ و مارۆنییە كریستیانییەكان لە چیای لوبنان.[٦]

هەمانكات، خەڵكە موسوڵمانەكانی ئیمپراتۆرییەكە بەزێدەبوونی نفوزی ئەوروپییەكان هەستیان بە مەترسیی كردو پێش دارمانی دەسەڵاتی عوسمانییەكان و ئێرانییەكان هەروەها بەجۆش و خرۆشەوە باوەشیان بە هەستی پان-ئیسلامیستیا كرد، ئەوەی خۆی لە بانگەشەكردن بۆ جامیعەی ئیسلامیدا بینیەوە (بەتایبەتی لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە). پشتگیرییكردنی پان-ئیسلامیزم بەڵگەیەكی باوەڕپێكەربوو بۆ موسوڵمانان، ئەوانەی هێزە ئەوروپییەكانیان بە پارێزەری دانیشتووانە كریستیانییەكە (یان غەیرە موسوڵمانەكان بەشێوەیەكی گشتیی) دژی موسوڵمانەكان دەزانی. هەرچەندە، تەوژمی پان-ئیسلامیزم زۆر ئاراستەی دەوڵەتە ئەوروپییەكان نەكرا، بەڵكو ئاراستەی كۆمەڵگەی ئەرمەنییەكان كرا.

بەكۆتاییهاتنی یەكەمین جەنگی جیهانیی و بەزینی ئیمپراتۆریی عوسمانیی، گۆڕانگەلێكی مەزن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتەكایەوە. لەرێگەی دانوسان و مۆركردنی رێكەوتننامەكانەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چەندین دەوڵەتی نوێ دابەشكرا كە هەریەكەیان لەسایەی دەسەڵاتێكی ئەوروپیی سەركەوتووە بوو، چ برتانییەكان یاخود فەرەنسییەكان. خەڵكە خۆجێیەكە زۆرجار سەرپێچی سنوورە نوێیەكانیان دەكرد، بەڵام دواجار برتانییەكان و فەرەنسییەكان بوون بە هێزگەلێكی یەكلاكەرەو بڕیاردەر لەناوچەكەدا.[٧]

هەریەك لە هەردوو جووڵانەوەكە، واتە نەتەوایەتیی و ئیسلامەتیی، كاریگەرییان لە كۆمەڵگەی كوردیی كردبوو. تێگەیشتنێكی گشتیی و هۆگرییەك بۆ خۆدیارییكردنی چارەنووس لەنێو كەمینە ئیتنیی و ئاینییەكەی ئیمپراتۆرییە هەڵوەشاوەكەی عوسمانییدا هەبوو. ماف خۆدیارییكردنی چارەنووس یەكێك بوو لەو بنەمایانەی كە لەبەرنامە چواردە خاڵییەكەی سەرۆك ویلسۆندا سەبارەت بە ئاشتیی جیهانیی پێشكەشكرابوو. خاڵی دوازدەیەمی بەرنامەكە رایگەیاندبوو كە كەمینە غەیرە توركەكانی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەبێت دڵنیابكرێنەوە سەبارەت بە دەرفەتێكی تەواو رێگەلێنەگیراوی پەرەسەندنی خودموختاری.[٨] زۆر لە كۆمەڵگەكانی ئیمپراتۆرییەكە، تورك، عەرەب، جوولەكە، ئەرمەنی و كوردان و هەروەها گەلانی بالكانی ئیمپراتۆرییەكە دركیان بە گیانی سەردەمەكە كرد- كە سەرهەڵدان و دانپێدانانی دەوڵەتی نوێی نەتەوەییە- هەوڵی خۆیان لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی سەربەخۆیی خشتەگەڕ. چەسپاوی رێكخراوە سیاسییەكان، بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەیی، هەروەها رادەی بەدەستهێنانی پشتگیریی زلهێزەكان بۆ هەریەك لەو كۆمەڵگانە جیاوازبوو، ئەوانە تێكڕا ئاكامی هەوڵەكانیان دیارییدەكرد. چەندین لە كۆمەڵگەكانی نێو

---

[6] Roger Owen, State, Power and Politics in the Making of the Modern Middle East (London, 1992), 9.
[7] For detailed reading on this period see Albert Hourani, The History of the Arab Peoples (Cambridge, MA, 1991), and Owen, State, Power and Politics . . . (London, 1992).
[8] David McDowall, The Kurds: A Nation Denied (London, 1992), 32

ئیمپراتۆری عوسمانیی سەربەخۆییان چنگ کەوت. هەرچەندە، ویڕای بەڵێنەکان، کوردو ئەرمەن‌و فەلەستینییەکان (هەر یەکەیان بە چەندین هۆکار) وەك خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی جیا دانپێدانانیان بەدەستنەهێنا.[9]

نەتەوایەتیی کوردیی، کە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا واتای داواکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەگەیاند، هەروەها ئیسلامەتیی کوردیی، هەرچەندە تاڕادەیەك ناکۆکبوو لەگەڵ نەتەوایەتیی، بەڵام فرە پێکەوە پەیوەستبوون. بۆ زۆربەی کورد، جیاکردنەوەی ئیسلامەتیی لە نەتەوایەتیی مەسەلەیەك بوو کە درککردنی ئەستەمبوو. هەرچەندە، وادەردەکەوت کە هزری ئیسلامەتیی زیاتر بۆئەوان ئاشناترو شایەنی زیاتر لێتێگەیشتن بوو. لەسۆنگەی ئەمەوە، زۆربەی راپەڕینە "نەتەوەییەکان" لەوکاتەدا هەڵگری هاوشێوەییەکی گەورەی ئەو شۆڕشانە بوون کە لەلایەن سەرۆکخێڵە سوننەتییەکانەوە/شێخەکانەوە ڕێبەرایەتیی دەکران، کە تێیدا سەربەخۆیی شەخسیی لە حکومەتی ناوەندیی‌و هەروەها دەستکەوتی شەخسیی سەبارەت بە نفوزێکی مەزنتر هاندەرە سەرەکییەکانی بوون. حاڵەتی راپەڕینەکەی سمکۆ لەئێران ئەمە ڕووندەکاتەوە. سمکۆ بۆ قۆناغێکی پەرەسەندنی مێژووی سیاسیی کوردیی لە ئێران دەگەڕێتەوە کە من بە قۆناغێك ئاماژەی بۆ دەکەم کە لەسەر بنەمای "ڕووبەڕوو"ەو لەبنەڕەتدا پشت بە پەیوەندییە خێڵەکییەکان دەبەستێت. زۆربەی کوردان لەو دەمەدا توانای درککردنی بیرۆکە فرە ئابستراکتەکانی وەك دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییان نەبوو کە هەموو کوردان لەخۆبگرێت، بەخێڵەکیی‌و ناخێڵەکییەوە، بگرە تەنانەت خێڵە رکابەرەکانیش. لەم چەند لاپەڕەیەی دادێت کوت‌وبەندییەکانی پەیوەندییە خێڵەکییەکان لەحاست نەتەوایەتییدا لەحاڵەتی شۆڕشەکەی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ راڤەدەکەم. ویڕای ئەوەی بەکورتیی تەماشای پێشینەی پەرەسەندنی خولیا سیاسییە کوردییەکانی بەر لە راپەڕینەکەی سمکۆ دەکەم.

یەکەمین راپەڕینی گرنگی کوردیی، کە هێندێك کاریگەریی لەسەر کوردستانی ئێران هەبوو، لەساڵی ١٨٨٠دا لە ناوچە کوردییەکانی تورکیای ئێستادا ڕوویدا. شێخ عوبەیدوڵڵا کە خۆی وەك پاشای کوردستان لە هەرێمی باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان راگەیاند، سەرکردایەتیی جووڵانەوەکەی کرد.[10] شێخ عوبەیدوڵڵا جووڵانەوەکەی بەرەو ئێران فراوانکرد. لەکاتێکدا هێرشیکردە سەر ئازەربایجانی ئێران زۆر لە خێڵە کوردییەکان پێوەی پەیوەستبوون. یەك لەو سەرۆکخێڵانە هەمزاغای مەنگوڕ بوو کە لە ناوچەی سابڵاغ(مەهاباد) بوو. هەروەها ئەو نامەیەکی بۆ شازادە عەباس میرزا کرد، بانگی کرد کە پاش ئەوەی سەرکەوتن بەدەستدێنن ببێت بە شای وڵاتەکە.[11] شێخ هۆکاری خۆی هەبوو تاکو گرەو لەسەر هاوکارییکردن لەگەڵ شازادەدا بکات. دایکی شازادە عەباس میرزا کورد بوو، هەروەها مریدی شێخ تەهای باوکی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو. هەرچەندە، بەپێچەوانەی ئەوەی شێخ هیوای پێ بوو، شازادە عەباس میرزا ناسرەدین شای ئێرانی لە مەبەستەکانی شێخ ئاگادارکردەوە. شازادە لەبەرامبەر ئەم وەفادارییەی پاداشتکراو فەرمانڕەوایەتیی قەزوینی پێدرا. سوڵتان عەبدولحەمید کە جووڵانەوەکەی تاڕادەیەك وەك هێزێك دژی سەربەخۆیی ئەرمەنیی دەبینی، پشتگیریی جووڵانەوەکەی شێخی کرد. شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی شکستیخوارد، بەڵام بیری دەوڵەتێك یان هەرێمێکی سەربەخۆی کوردیی لە یادگەی کورداندا مایەوە.

---

[9] سەبارەت بەکوردان‌و ڕێکەوتننامەی سیڤەرو گۆڕینی بەلۆزان بگەڕێرەوە بۆبەشی یەکەمی ئەم کارە. ئەرمەنییەکانیش دوای کۆمەڵکوژییە سیستماتیکەکە لەنێوان ساڵانی ١٨٩٦–١٩٢٢دا بوونێکی وایان لە ئەنەدۆڵدا نەمایەوە. فەسەلتینیەکانیش ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان لێگیرا.

[10] . FO/371/40219, April 1944.

[11] Heshmatullah Tabibi, Tuhfi-yi Naderi, dar Tarikh va Jughrafiya-yi Kurdistan (On the History and Geography of Kurdistan) (Tehran, 1987), 531.

کاتێـك یەكـەمین جـەنگی جیهـانی چـووەپێش، حكومـەتی ئێرانیـی خـۆی لـە دۆخێكـی بێگاریگـەردا بینیـەوە كـە كـۆنترۆڵێكی كـەمی بەسـەر رووداوەكـانی وڵاتەكـەدا هـەبوو. جـارێكی دی، سـەرۆكخێڵەكان دەسـەڵاتیان پەیـداكردەوەو تەنانەت هاوپەیمانیی خێڵەكیی گەورەشیان دامەزراند. زێدەبوونی كاریگـەریی و نفوزی خێڵـەكان، تالانیی و جەردەیی برەوپێدا كە بەشێكبوون لە شێوەژیانی خێڵەكیی. دانیشتووانە ناخێڵەكیی و غەیرە كوردەكانیش زۆریـان بەدەست ئەم پـەلامارو تـالان و بڕۆیـەی خێڵەكانـەوە چەشـت. بەشـە نیـشتەجێیەكەی دانیـشتووانەكە بەشـێوەیەكی سیـستماتێك كەوتنەبەر تالان و پەلاماری كۆچەرییەكان.

پـاش بـەزینی ئێمپراتـۆریی عوسمـانیی، چـەندین سـەركردەی كـورد وەك سـەركردەی نەتـەوەیی دەركـەوتن و بـەدوای سەربەخۆیی كوردان كەوتن. هۆكارە دەرەكییەكانی پشكوتنی لەناكاوی سەركردە نەتەوەییەكان لە كوردستان چەندەها بوون. یەك لەو هۆكارانە بریتیبوو لە بەزینی ئیمپراتۆری عوسمانیی كە بووەهۆی لاوازیی ئەو هەستی یەكێتییەی لەنێو كۆمەڵگـە موسـوڵمانەكانی ئیمپراتۆرییەكـەدا هـەبوو، ئـەوەی كـە لەلایـەن خـودی شـێخە كوردەكانـەوە بەتونـدیی برەوپێدەدرا، چونكە دەسەڵاتی شەخسیی و پرستیژی پێدەبەخشین. هەروەها سەركردە كوردەكـان لـە فـەزای لـەباری نێودەوڵـەتیی بـەئاگابوون لەئـەنجامی چـواردە بەندەكـەی سـەرۆك ویلـسۆن سـەبارەت بـە خۆدیـارییكردنی چارەنووسـی كەمینەكان، هەروەها پشتگیریی بریتانییەكان بۆ دەوڵەتێكی كوردیی لە هەرێمی میسۆپۆتامیادا. تـۆنی "نەتەوایـەتیی" ئەم سەركردە كوردانە بۆئەوەبوو كە سەرنجی هێزە ئەوروپییەكان و كۆمەڵـەی گـەلانی تازەدامـەزراو بۆخۆیـان رابكێشن. هەرچەندە، ئەوانەی كە سوودیان لە رەوشە نوێیەكە وەرگرت ژمارەیەك سەرۆكی جۆراوجۆر بوون. هێندێك لەوانە جۆرە خولیایەكی نەتەوەییانەیان هەبوو( لە شێوەی ئەوەی داوای دەوڵـەتی سـەربەخۆ یـان جـۆرە نـەزمێكی خودموختارییـدا، هەرچەندە كە ئەم جۆرە خولیایانە بەشێكی وەك دەمامكێك بوو بۆ نەهامەتیی و بێزارییـەكی شەخسیی)، بـەڵام هێنـدێك لـەو هەسـتانە بەشـێوەیەكی گـشتیی لەگـەڵ ئـەو دیـاردە سـوننەتییەی یاخیبونـدا لـەدژی حكومـەتی ناوەنـدیی خـۆی بەرجەسـتەدەكرد. گـرنگترین راپـەڕینی كـوردیی لـەپاش یەكـەمین جـەنگی جیهـانیی بریتیبـوو لـەو شۆڕشـەی لەلایـەن ئیسماعیل ئاغای سمكۆی سەرۆكی باڵای هاوپەیمانێتیی شكاكەوە سەكردایەتیی كرا.

## شۆڕشەكەی سمكۆ

### پەرەسەندنی شكاك و سەركردایەتیی سمكۆ

لەساڵی ١٩٢٠دا، خێڵەكانی شكاك كە هێشتا ژیـانێكی تـەواو كۆچـەرییان دەگوزەرانـد نـاوازە بـوون, زۆربـەیان خێڵـی نیمچە كۆچەریی بوون و زۆربەی ساڵیان لـە گونـدە شـاخاوییەكان بەسـەردەبرد. لـە هاوینـدا، مێگـەل و ماڵاتـەكان لەگـەڵ چـەند ئەنـدامێكی كـەمی خێڵەكـەدا بـەرەو هاوینەهـەوار كۆچ وباریـان دەكـرد، لەكاتێكـدا ئـەوانی دیكـەی خێڵەكـە لـە گوندەكان دەمانـەوە. ئەوانـەی لـە گونـدەكان دەمانـەوە لـەنێو دانیـشتووانە ناخێڵەكییەكانـدا دەژیان كـە هـەروەها غـەیرە كوردیشی لەخۆدەگرت. خەڵكە كۆچەرییە خێڵەكییەكە بەسەر گوندنشینە ناخێڵەكییەكەدا باڵادەستبوو.

هاوپەیمانیی شکاك دووەمین گەورە هاوپەیمانییە لەنێو ڕێکخراوە کوردییەکانی ئێراندا.[12] لە هاوپەیمانیی شکاکدا چەندین خێڵ هەبوون، بەڵام تەنیا سیانیان کۆنترۆڵی سیاسیی ناوەندییان بەدەستەوەبوو ئەوانیش :عەبدۆیی، مامدۆیی و هەروەها کاردار بوو. ئەوانەی دیکە سەبارەت بە بڕیارسازیی بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو. لەسەرەتای وەرچەرخانی سەدەکەدا، سێ پیاو هەبوون کە سەبارەت بە سەرۆکایەتیی باڵای هاوپەیمانییەتیی شکاك لە ڕکابەرێدابوون، عەلی ئاغا لە خێڵی عەبدۆیی، کە باپیری جافەرئاغا و ئیسماعیل ئاغای سمکۆ بوو. دووەمیان عومەرئاغا مامدۆیی بوو، سێیەمیشیان مستەفائاغا بوو لە خێڵی کاردار. هەرچەندە، دووانەکەی دواییان کوژران، عومەرئاغا لەلایەن لەشکری ئێرانییەوەو، مستەفائاغاش لەلایەن یەکێك لە ڕکابەرانیەوە. پاشتر جاعفەرئاغاش(برای سمکۆ) بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانییەوە کوژرا. لەبەرئەوە ئەو بۆشاییەی بە نەمانی ئەم سەرکردانە هاتەئارا زەمینەی بۆ ئیسماعیل ئاغای لاو خۆشکرد کە بە سمکۆ ناسرابوو تاکو ببێتە سەرۆکی هاوپەیمانێتیی شکاك.

هەرچەندە، ئەو ڕەوشە گونجاوە تەنیا بەرپرسیارییەکی هەندەکیی لە سەرکەوتنی سمکۆ بۆ دەسەڵات هەیە. کەسایەتیی خودی سمکۆ هەروەها جێگەی سەرنجە، ئەو هەمیشە بەدوای بەدەستهێنانی دۆستانی بەهێزدا بوو لەڕێگەی بەستنی هاوپەیمانیی لەگەڵ خێڵ و کەسایەتیی و هەروەها دەوڵەتە–نەتەوەییە جیاوازەکاندا. ئەوانەی کە پشتگیریان لێکرد یان پێیەوە پەیوەستبوون هاوکارییانکرد تاکو نفوزو دەسەڵاتی پەرەبسێنێت. ئەو ئەمێستا لەبراکەیەوە فێرببوو چۆن سەرکەوتووانە پەلاماری شارو گوندان بدات، هەروەها دوای هەموو پەلامارێکیش شوێنکەوتووان و هێزی سەربازیی زیچەتر دەبوو، بەوەش پرستیژێکی زێدەتری پەیدادەکرد. چەندین نموونە لەبارەی ئەم ئاکارە میکاڤیلیستانەیەوە بۆ دەسەڵات پەیداکردن هەن، کە من لەم چەند لاپەڕەیەی خوارەوەدا قسە لەسەر هێندێك لەو نموونانە دەکەم.

سمکۆ لەناوچەکانی ڕۆژئاواو باشووری دەریاچەی ورمێدا چالاك بوو، ئەو لەوناوچەیەدا هەر لە هاوینی ١٩١٨ەوە تاکو ١٩٢١ حکومەتێکی خودموختاری کوردیی دامەزراند. ئەو کاری بۆ ڕێکخستنی سوپایەکی بەهێزی تایبەت بەخۆی کرد، ئەوەی بۆ ماوەیەك لە هێزەکانی حکومەت باڵادەستتر بوو، ئەو هێزانەی کە خودی سمکۆ چەند جارێك بەزاندنی. ئەو لەفراوانکردنی ناوچەکانی بندەسەڵاتی خۆی لە دەوربەری دەریاچەی ورمێ بەردەوام بوو، هەروەها پەلاماری گوندەکانی دەوروبەری دا تاکو هێزی سوپاکەی بچەسپێنێت. حکومەت بۆی دەرکەوت کە کۆنترۆڵکی سمکۆ زەحمەتە، هەرەها هاوپەیمانیی شکاك و سەرکردایەتییەکەی لەچەند بۆنەیەکدا سەلماندیان کە لە لەشکری حکومەت بەهێزترو بەدەسەڵاتترن. ژمارەی ڕاستیینەی هێزە سەربازییەکانی ئاسان نییە دەستنیشانبکرێن، بەڵام ئەرفەع ژمارەی خێزانەکانی شکاکی لەسایەی سەرکردایەتیی سمکۆدا بە ٢٠٠٠خێزان لەساڵی ١٩٢٠دا خەمڵاندووە.[13]

## چالاکییەکانی سمکۆ لەنێوان ١٩١٨-١٩٢٩

سمکۆ لە یەکەمین جەنگی جیهانییدا بەشداریی نەکرد بەڵکو هەوڵەکانی خۆی لە فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی لە هەرێمەکەدا چڕکردەوە. ئەو لە هێنانەدی ئەم ئامانجەدا سەرکەوتووبوو. لەکۆتایی جەنگەکەدا، سمکۆ بەهۆی ئەو هێزە سەربازییە تاڕادەیەك باڵادەستەی هەیبوو، بەهێزترین سەرکردەی کوردیی بوو. ئەو چەك و جبەخانەیەکی مەزنی

---

[12] گەورەترینیان کەلهوڕەکانن ئەکەونە ڕۆژئاوای کرماشانەوە، بڕوانە:
. Van Bruinessen, ‘Kurdish Tribes . . . ’, 381.

[13] Hassan Arfa, The Kurds (London, 1966), 48.

دەستکەوت، لەوانە تۆپی قورس کە لە سەربازانی رووسەوە جێهێڵرابوون. هەروەها ئەو چەکی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بەدەست دەگەیشت. نفوزی سیاسیی سمکۆ زیادیکرد. وێڕای کوردان، خەڵکاتێکی دیکەش بەشێویەکی وایان لەقەڵەمدا کە وەك سەرکردەیەك هێندە گرنگە کە دەبێت زیاتر لەگەڵی هەڵکەن وەك ئەوەی دوژمنایەتیی بکەن. لەوانەش سۆڤێتییەکانو تورکە نوێیەکانو حکومەتەکانی ئێران.

سمکۆ بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت، هەمان کات خۆی لە هاوکارییکردن لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێرانیی لانەدەدا، بەتایبەتی سەبارەت بە هاوکارییکردنیان لە پەلاماردانی ئەو دۆستە کۆنانەی کە حکومەتی ئێرانیی بە ئاژەوەگێڕ لەقەڵەمی دەدان. چارەنووسی مارشیمۆن، سەرۆکی سیاسییو ئاینیی نەستورییەکانی ناوچەکە، نموونەیەکە.

بەکۆتاییهاتنی جەنگ، لەپەنا کوردان، گروپێکی ئتنیی دیکە هەبوون کە خەریکی خۆچەکدارکردن بوون ئەوانیش نەستورییە ئاسورییەکان بوون. ئەوان بەو چەكو جبەخانانە خۆیان پڕچەك کرد کە روسەکان لەدوای خۆیان جێیانهێشتبوو، هەروەها بڕێکی بەرچاو چەکیان لە ئەمەرنەکانی ئەنەدۆڵەوە بەدەستگەیشتبوو. هەروەك کورد، ئاسورییەکانیش کە پشتگیریی حکومەتی نوێبنیاتی سۆڤیەتیان هەبوو، هەوڵی بەدیهاتنی جۆرە سەربەخۆییەك لە هەرێمی باکووری رۆژئاوای ئێران. لە پایزی ١٩١٥دا، خێڵە ئاسورییەکانی هەرێمی هەکاری باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، لە دەشتی ورمێو سەلماس لە ئێران پەنابەر بوون. سەرکردەکەیان مارشیمون بوو. ئامادەبوونی ئەم هێزە کە هیوای دامەزراندنی وڵاتێکی ئاسورییان هەبوو لەم هەرێمەدا، لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە هاوسۆزییان پێشاندرا. چونکە ئەوان وەك هێزێکی چاوەڕانکراو لەدژی تورکەکان تەماشادەکران کە دەگونجا پێویستیان پێیان بێت. لەساڵی ١٩١٧دا، دەسەڵاتی سەربازیی کۆمەڵگە کریستیانییەکە بەرچاوبوو، مارشیمون نزیك بە ٥٠٠٠چەکداری لەژێر رێبەرایەتیی خۆیدا راگرتبوو.[١٤] هەرچەندە، ئامادەبوونی هێزێکی سەربازیی لەم چەشنەو هزری خودموختارییەکی کریستیانیی لە هەرێمەکەدا لەلایەن زۆرینەی دانیشتووانی ناوچەکەوە کە ئازەرو کورد بوون بەگەرمیی پێشوازیی لێنەکرا، ئەوانەی کە بۆخۆیان بەدەست برسێتییەوە دەیانناڵاند.

هەرچەندە، لەماوەی قەیرانی فێبرایەری ١٩١٨دا، دانیشتووانە کریستیانییەکە کاریان بۆ کۆنترۆڵکردنی ورمێ کرد. حکومەتی ئێرانیی نەیدەتوانی بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمەکەدا ئەنجامبدات. فەرمانڕەوای تەبریز، موختی شەمس، لە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ سمکۆ، داوای لە سمکۆ کرد کە لە تێکشکاندنی هێزە سەربازییە کریستیانییەکە هاوکاریی بکات. سمکۆ فرە پەرۆش بوو کە هەرێمەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵو سەرکردایەتیی خۆیەوە، بەڵام ئەو دەیزانی کە سەرەتا پێویستە ئاسورییەکان دەرپەڕێنێت. لەوەش زیاتر، ئەو نەیدەتوانی هاوکارییان لەگەڵدا بکات چونکە لەوە بەئاگابوو کە هەر یەکێتییەك لەگەڵ مارشیمون لەلایەن سەرکردەکانی دیکەی کوردەوە وەك مەسەلەیەکی پەسەندنەکراو لەقەڵەم دەدرێت، وادەخوێندرێتەوە کە لەگەڵ ناموسوڵمانەکاندا پرسی هاوبەشی پێکهێناوە.

لەم کاتەدا، خودی ئاسورییەکان، بەتایبەت مارشیمونی سەرکردەیان، درکیان بەوە کرد کە بە بێ یارمەتی کوردان ناتوانن ئامانجی خودموختاری ئاسورییەکان لە ناوچەی ورمێو هەروەها سەلماس بەدەستبێنن، گرنگیش نییە ئەو دۆستایەتییە چەندە کاتییو قازانجخوازانەش بێت. هەردوو سەرکردە، لەوە گەیشتبوون کە هەریەکەیان ناتوانن ئەوەی دیکە پشتگوێ بخات، پلانیاندانا کە یەکتر ببینن‌و سەبارەت بە هەڵمەتی هاوبەش دژ بە تورك‌و ئێرانییەکان دانوسان

---

[14] لەوکاتە ٦٠٠٠چەکداری کریستیانی لەناوچەکەدا هەبوو:
. William Eagleton, The Kurdish Republic (London, 1963), 9–10.

بکەن. ئەوان لە کۆنەشار(سەلماس) لە مارتی ١٩١٨دا دیداریان کرد. پێدەچێت دیدارەکە تاکو کۆتایی دۆستانە بووبێت، کاتێك هەردوو سەرکردە دەستی یەکتریان گوشیو مارشیمون شوێنەکەی جێهێشت. سمکۆ ئیشارەتی بە پیاوەکانی دا، ئەوانەی خۆیان لە سەربانەکان شاردبۆوە، تەقە لە مارشیمونو ١٥٠ چەکدارەکەی بکەن کە لەگەڵیدابوون. بڕوا وایە کە یەکەمین فیشەك لەلایەن خودی سمکۆوە تەقێنرابێتو مارشیمونی کردبێتە ئامانج.[15] نزیکەی هەموو کریستیانییەکان لەو شوێنەدا کوژران.[16] •

کارەکەی سمکۆ ئاکامی وێرانکەرانەی بەسەر دانیشتووانی پارێزگای سەلماسو ورمێدا هێنا، ئەوانەی ماڵەکانیان تالآنکراو ئەوانەی لەلایەن خزمانو شوێنکەوتووە تۆڵەسێنەکانی مارشیمونەوە کوژران. سمکۆو پیاوەکانی زیانیان پێ نەگەیشت،و گەڕانەوە بۆبنکەی سەرکردایەتییەکەی کە لە شاخ بوو. پاش ماوەیەك هێزە ئاسورییەکان گەیشتنە بنکەی سەرکردایەتییەکەی سمکۆ لە چاریق، سمکۆ هەڵاتە تورکیا. هەرچەندە، تۆڵەخوازیی ئاسورییەکان پێگەی ئەوانی بەهێز نەکرد. ئاسورییەکانو ئەرمەنەکان چەند مانگێك دواتر لە لە ژوونو ژوئیەی ١٩١٨دا، لە حاڵەتێکی ترسو تۆقاوییدا لە ورمێ بەرەو هەمەدان کشانەوە کە لەسایەی پارێزگاریی بریتانییەکاندا بوو. لەکاتی هەڵاتندا، ژمارەیەکی زۆر لەلایەن سەربازانی تورکو ئەو هێزە پەرتوبڵاوانەوە کوژران کە بڕوا وابوو لەلایەن سمکۆو سەید تەهاوە ڕێکخرابوون، ئەو سەید تەهایەی کە بەسمکۆوە پەیوەست ببووو لەچەندین بۆنەشدا هاوکاریی لەگەڵدا دەکرد.[17] ئەم

---

[15] Mohammed Tamadun, Tarikh-i Rezaiyeh (History of Rezaiyeh) (Tehran, 1971), 186.
[16] Arfa, The Kurds, 53.

• کوشتنی بنیامین مارشیمونو پاسەوانەکانی بەدەستی سمکۆو چەکدارەکانی خێڵی شکاك لە ١٧ی مارتی ١٩١٨دا، ڕووداوێکە سەرنجی بایەخدارانی ڕاکێشاوە. شایەنی باسە زۆربەی نووسەرە کوردەکانیش لەڕووی نەخوێندنەوەیەکی قووڵی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەو هێندێکیشیان لەبەرئەوەی سیفەتی پێشکەواووخوازیان بخرێتەپاڵ بەتوندیی ئەوکارەی سمکۆیان سەرزەنش کردووەبەرەفتارێکی ناجوامێرانەو پەڵەی ڕەشو..هتد ناویانبردووە. شایەنی باسە ئاسوورییەکان کە لەکاتی جەنگدا، دایانە پاڵ ڕوسیاو لەلایەن تورکەکانەوە بەتوندیی لێدرانو لەناوچەی هەکاری دەرپەڕێندران، پاش هاتنەوەی ڕوسەکانو هاتنەوەی ئەوانیش بۆ ناوچەی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ، کوشتارێکی گەورەیان لەخەڵکەکە کرد کە دەچێتە قاڵبی پاکتاوی ڕەگەزییەوە، ئەوان بەهەزارەها کوردیان کوشتو ژنەکانیان تالآنکردنو خانووەکانیان سوتاندن. وێڕای ئەوە، چالاکیی سیاسیی ئاسوورییەکانیش لەم قۆناغەدا بۆ توندیی بۆدامەزراندنی (دەوڵەتی ئاشووریی) دەستیپێکردبوو کە نەخشەکەی وەك دایان نابوو لە لیوای ئەسکەندەرونەوە بۆ سەر دەریای فارس بوو، کە بەتەواویی خاکی کوردستانیان خستبووە سەرو لەو ڕووەوە بۆ یەکخستنی ئاسوورییەکانی هەکاریو ورمێ لەتەقلادا بوون. دوای کشانەوەی ڕوسەکان، ئاسوورییەکان خۆیان بە بریتانییەکاندا هەڵواسیو ئەوانیش بەرژەوەندییان لەوەدا نەبوو ئەو بۆشاییەی بەهۆی کشانەوەی ڕوسەکان دروستبووە لەلایەن عوسمانییەکانەوە پڕبکرێتەوە، هەربۆیە داوایان لە مارشیمونی ڕابەری ئاسوورییەکان کرد بۆ نەهاتنەوەی عوسمانییەکان تێبکۆشنو ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە ڕوسەکان جێیانهێشتووە. ئەوانیش وەك هێزێکی چەکدار کە خۆیان بە تەنیا بینیەوە، کەوتنە سەر ئەو فیکرەی بۆ ماوەیەکی کەم خۆیان لە نەیارانی پێشوو نزیك بکەنەوەو هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا ببەستن، لەم ڕووشەوە سمکۆیان هەڵبژارد، چونکە سمکۆ هەم خاوەنی هێز بوو، هەم زۆریش لە عوسمانییەکان نزیك نەبووو بگرە دوژمنایەتیشی کردبوون، بریتانیەکانیش ئەم بۆچوونەیان پێ پەسەند بوو. بەڵام سمکۆ ئاکامی هاوپەیمانییەتیەکی وای بە زیانێکی گەورە بۆدەسەڵاتی خۆیو ئامانجە سیاسییە ئایندەییەکانی دەبینی کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی بوو، ئەو کوردستانەی لەلایەن ئاسوورییەکانەوە دانبپێدانەنرابوو، پاڵپشتییو هاوسۆزیی ڕوسو فەرەنسیو بریتانییو هەروەها ئەوروپییەکان بەگشتی بۆ ئاسورییەکان لەڕووی دەمارگیریی ئاینییەوە ئەوەندەی دیکە سمکۆی نیگەران کردبوو، هەربۆیە سمکۆ بەو کۆنەقینەی کوشتاری ساڵانی جەنگو تۆڵەسەندنەوە، هەروەها لەپێناو زاڵبوون بەسەر هەڕەشەی ئاسوورییەکان بە کەمترین زیانو توندترین گورز، ئەو داوایەی مارشیمۆنی بۆ دیدەنی قۆزتەوە بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەی. هەمان شێوازیشی گرتەبەر کە ئەو دەم بۆ ڕزگاربوون لە نەیارانی سیاسیی پەیڕەودەکرا. بۆ زیاتر : تحقيق تأريخي حول اغتيال الزعيم الآثوري ( بنيامين مارشمعون ) من خلال النصوص التأريخية ، دهوك ، ١٩٩٩.
،

[17] Eagleton, The Kurdish Republic, 10, and Van Bruinessen, 'Kurdish Tribes . . . ,'385

رووداوانه بەشێوەیەکی جدیی گەشەکردنی خولیاکانی نەتەوەیی ئاسورییەکانی تێکدا. دوای ئەوە ژمارەیەکی مەزنی دانیشتووانی کریستیانیی ورمێیان بەجێهێشت، ئەو شارەی کە لەلایەن سمکۆو هێزەکانی تورکەوە تالانکرا.

ئەمە یەکەمین جار نییە کە سمکۆ لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هاوکاریی کردبێت. هاوکارییەکی لەم چەشنە بۆ دەورانی شۆڕشی دەستووریی لەئێران دەگەڕێتەوە. ئەو لەو دەمەدا خۆبەخشانە ٣٠٠ سوارەی جەنگاوەری رەوانەکرد بۆ یارمەتیدانی ئیقبال ئەلسەڵتەنەی فەرمانڕەوای ماکۆ، ئەوەی شەڕی لەگەڵ دەستوورییەکاندا لەخۆی دەکرد. سمکۆ لەبەرامبەر ئەمە پاداشتکراو فەرمانڕەوایەتی مەڵبەندی قتوری پێدرا، کە وێڕای تالانکاریی سمکۆ لەوناوچەیە، بڕیارەکە لەلایەن حکومەتەوە تەسدیق کرا.[١٨]

سمکۆ لەچەند بۆنەیەکدا هەوڵیداوە یارمەتیی لە حکومەتی تورکییەوە بەدەستبێنێت. لەهەوڵێکی لەم چەشنەدا سەبارەت بەو پرسەی کە داخۆ موسڵ دەبێتە بەشێك لە تورکیا یان بەشێك لەو دەوڵەتە تازە دامەزراوەی عێراق. سمکۆ کە هاوسۆزیی لە بریتانییەکانەوە بەدەستنەهێنابوو، سەبارەت بە مەسەلەی موسڵ بەوپەڕی هێزەوە پشتگیریی لە حکومەتی تورکیی دەکرد. سمکۆ لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە بڵاوکراوەی تورکی "تەنین"دا بڵاوکراوەتەوە وتویەتی کە:

" لەهەموو کەس باشتر هەلومەرجی موسڵو عەقڵی خێڵەکانی ئەو ویلایەتە ئەزانم. دانیشتووانی ئەویَ لەژێر دەستی رژێمێکی ستەمکارن، هەربۆیە چاویان لەئێمەیەو چاوەڕێی ئێمە دەکەن کە بڕۆین یارمەتیان بدەین. هەموو دانیشتووانی موسڵ بێ ئەوەی کەسیان لیَ بەدەربێت چاوەڕێی ئەو رۆژە دەکەن کە بگەڕێنەوە سەر تورکیای دایکی نیشتمانیان."[١٩]

هەرچەندە، سمکۆ چەندین هەوڵیدا بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ بریتانییەکان. زۆربەی ئەو هەولانەی لەرێگەی سەرکردە کوردە دەسەلاتدارەکانی دیکەوە بوو کە زیاتر لە سمکۆ خۆی، پەیوەندییەکی باشتریان لەگەڵ بریتانییەکاندا هەبوو، وەك بابەکر ئاغای پشدەرو شێخ تەهای کوڕەزاو نەوەی شێخ عوبەیدوڵلا. لەیەکێك لەو هەولانەداو لە نامەیەکیدا بۆ بابەکر ئاغا، سمکۆ داوای لەناوبراو کردووە کە دیدارێکی لەگەڵ بریتانییەکاندا بۆ رێکبخات. ئەو لە نامەکەیدا جەختی لە گرنگیی پشتگیریی بریتانییەکان کردۆتەوە بۆ هەر جوولانەوەیەك. ئەو نووسی کە گەلەکەی (واتە کورد) تێکۆشاوەو قوربانیداوە: " ئەگەر ئەمێستا گەلێك ولاتەکەی خۆی نەپارێزێت، ئەوانە ئاینەکەشی ئەکەوێتە ژێرپێ، بەلام "بەرگرییکردن دژی دوژمنکاریی" تەنیا دەتوانرێت لەلایەن کوردانەوە بکرێت ئەگەر ئارەزووی دوای پشتگیریی و یارمەتیی لە حکومەتی بریتانییەوە بکەن. ئەوەی درك بەمە نەکات گەمژەیە."[٢٠] لەوەش زیاتر، ئەو لەنامەکەدا بەڵێنیداوە کەئەو نەك تەنیا کوردانی مەهاباد، بەڵکو چاری هەر کوردێکی دیکە دەکات کە دژ بە ئینگلیزەکان بوەستن." هەرچەندە، بریتانییەکان بەگشتیی لەگوماندا مانەوە سەبارەت بە سمکۆو بەگشتیی داوای ئەوەیان کرد کە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت.[٢١] هەرچەندە، ئەوان ئەویان تەواو پیَ بایەخداربوو بەو هیوایەی کە پاش ئەوەی لێخۆشبوون لە حکومەتی ئێرانییەوە بەدەستدەهێنێت دەتوانێت بەشداربێت لەو...کۆنفرانسەدا لەگەڵ شێخ مەحمودو سەید تەهاو عەبدولکەریمو ئەوانی دیکە بەمەبەستی دانانی هەندێك نەخشەڕێ تاکو ببێتە بنەمایەك بۆ مشتومڕ سەبارەت بەو حکومەتە کوردییەی پێشنیازکرابوو."[٢٢]

---

[18] Van Bruinessen, 'Kurdish Tribes . . . ,' 383
[19] FO/371/10115, 1924
[20] FO/ 371/6347, 1921
[21] FO/371/7835, 1922.
[22] FO/371/9009, 1923.

هەروەها نموونەیەکی دیکە هەیە سەبارەت بە هەوڵەکانی سمکۆ بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی لە روسەکانەوە. وێڕای ئەو هەوڵانەی سەبارەت بە پەیوەندییگکرتن بە روسەکانەوە لەساڵی ١٩١٣دا، بۆئەوەی وەفاداریی خۆی پێشاندا، ئەو ئازەربایجانییەکی رادەستکردەوە کە لە روسەکان هەڵاتبووو پەنای بۆ ئەوبردبوو.[٢٣]

سمکۆ بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی لەنێو کوردانڎا پتەوبکات، پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی دیکەی هەرێمەکە دامەزراند، وەك شێخ سەید تەها کە ئەویش دوای سەربەخۆیی کوردستان کەوتبوو. سمکۆ ژنومێردایەتیەکی قازانجخوازانەی لەگەڵ خوشکی سەید تەها کردبوو، کە کوڕەزای شێخ عوبەیدوڵڵاو کەسایەتییەکی نەتەوەیی کوردیی کاریگەربوو. هەروەها ئەو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ عەبدولڕەزاق بەدرخان هەبوو، کە ئەویش نەتەوەخوازێکی دەسەڵاتدارو دانپێدانی روسەکانی بەدەستهێنابوو. بەدرخان بڵاوکراوەیەکی وەرزی لە ورمێ چاپدەکرد، دواتر پاش ئەوەی روسەکان لەمانەوەی بەدرخان لە ورمێ ناڕازییبوون، سمکۆ لە چاپکردنی بڵاوکراوە وەرزییەکە بەردەوام بوو.[٢٤]

سمکۆ لەگەڵ کەسایەتییە نەتەوەییە کوردییەکانی تورکیاو عێراق لەپەیوەندییدا بوو، هەروەها لە هزرو ئایدیاکانیانەوە فێرببوو. راپۆرتگەلێك هەن کە بۆ سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٩ دەگەڕێنەوەو سەبارەت بە پیاوەکانی سمکۆن کە لە وتەکانیان بۆ خەڵکی لە شارەکانی ورمێ لایەنگریی لە خودموختاری دەکەن. تەمەدون لە "مێژووی رەزائیە"دا وتویەتی کە شوێنکەوتەکانی سمکۆ ئەوەیان بۆ خەڵکی شارەکان روونەکردەوە کە چۆن نوێنەرانی حکومەت کە لەتارانەوە دێن ناشەرعین، هەروەها ئەوەی کە پۆستو ئۆفیسەکانی شارەکە پێویستە لەلایەن خەڵکی شارەکەوە بەڕێوەببرێت کە باشتر دەزانن چۆن کاروباریان بەڕێوەبەرن.[٢٥] هەرچەندە، رەگەزی سەرەکیی لە ململانێی نێوان سمکۆو حکومەتی ناوەندیی بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەرێمەکە شەخسییو خێڵەکیی بوو، نەك خودموختارییو نەتەوایەتیی.

لەفێبرایەری ١٩١٩دا، سەرکردە کوردە ئێرانییە سەرەکییەکان کۆبوونەوە تاکو مشتومڕ سەبارەت بە ئایندەی سەربەخۆیی کوردیی بکەن. ئەوان سەبارەت بە راپەڕینێکی گەورە دژبە دەسەڵاتدارە ئێرانییەکان رێکەوتن. هەروەها ئەوەیان پەسەندکرد کە پێویستە چاوەڕێی کاردانەوەی زلهێزەکان بکەن سەبارەت بە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردیی. لەهەوڵی ئەوەدابوون هاوکاریی بریتانییەکانو تورکەکان بەدەستبێنن. سەیدتەها بۆخۆی نامەیەکی بۆ ئەی.تی. ویلسۆن نارد کە کۆمیساری مەدەنیی بریتانیی بوو وەك هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی بریتانیی. هیچ یەك لەو داواو هەوڵانە وەڵامێکی نەبوو. هەروەها سەیدتەهاو سمکۆ هێندێك پەیوەندییان بە تورکە نەتەوەخوازەکانەوە کرد، ئەوانەی هیوایان بە یارمەتی کوردان بوو تاکو رێگە لە گەڕانەوەی ئەرمەنەکان بۆ رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ بگرن. هەربۆیە بەڵێنیاندا پشتگیریی کێشەی کورد بکەن.

هەرچەندە تەواوبوونی جەنگ کۆتایی بە بوونی تورکان لە ئازەربایجان هێنا،[٢٦] بەڵام ئارامییو جێگیریی بۆ هەرێمەکە نەهێنا. حکومەتی ئێرانیی زیاتر لە هەروەختێك بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمەکەدا بچەسپێنێت. چەندین فەرمانڕەوا رەوانەی تەبرێزو ورمێ کران، بەلام هیچیان نەیانتوانی ئارامیی بۆ ئەو ناوچانە بگێڕنەوە، دەسەڵاتی راستیینە لەدەستی سمکۆدا بوو. هەوڵەکانی حکومەتی ناوەندیی بۆ دانوسانو رێکەوتن لەگەڵی بەڵگەیەکی روونی لاوازیی حکومەت بوو، ئەوەی زیاتر هانیدا تاڵانی بکاتو باجو پیتاك کۆبکاتەوە. ئەوەش مانای

---

[23] Van Bruinessen, ‘Kurdish Tribes . . . ,’ 383.
[24] Ibid., 384.
[25] Tamadun, Tarikh-i Rezaiyeh, 32**.**
[26] لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا، عوسمانییەکان دەستیان بەسەر ئازەربایجانی ئێرانییدا گرتو بەشێکی بەرچاوی ناوچە کوردییەکانیشیان لەپارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا داگیرکرد.

ئەوەیە کە توانی خەرجیی سوپاکەی دابینبکات کە خاوەنی تۆپخانەی قورس‌و رەشاش بوو، هەروەها ئەو سوپایە زۆر باڵادەستتربوو لەسوپاکەی حکومەت کە راهێنانێکی لاوازو چەك‌و تفاقێکی هەژاری هەبوو.

سمکۆ، کە بەوە نزیکەی خۆی وەك سەرکردەیەکی دەرەبەگی فرە خاوەن دەسەڵات دامەزراند، هێرشی خۆی دەستپێکردو دیلمانی گرت، بایەخێکی بە رێکەوتنەکەی سەرکردە کوردەکانی دیکە نەدا. لە لاکستانی نزیك دیلمان، کۆمەڵکوژییەکی لەوانەکرد کە ئامادەنەبوون باج‌و پیتاکی بدەنێ. ئەو خۆی تاڵانکردو گەماڕۆشی خستەسەر ورمێ. بەکۆتایی پایزی ساڵی ١٩١٩، ئەو کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر باکووری مەڵبەندی دەریاچەی ورمێدا گرت. لەم کاتەدا، فەرماندەیەکی سەربازیی نوێ‌و پارێزگاری گشتیی ئازەربایجان، ئینتیسار، تێکرای هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی تەیارکرد، لەوانەش ژاندارم، قەوزاق، سوارە ئازەرییە نانیزامییەکان. ئەم هێزانە لەلایەن فیلیپۆڤی ئەفسەری قەوزاقەکانەوە سەرکردایەتیی کرا، و وایکرد پیاوەکانی سمکۆ بە زیانێکی زۆرەوە پاشەکشێ بکەن. سمکۆ خۆی ناچاربوو بەرەو چاریق پاشەکشەبکات، کە قەڵای سمکۆ بوو لە شاخ. لەئاکامی ئەم شکستە، زۆر لە شوێنکەوتووەکانی وازیان لێهێنا. وادەچوو کە حکومەت بەشێوەیەکی بەرچاو دەسەڵاتی سمکۆی لاوازکردبێت. هەرچەندە، لەجیاتی بەردەوامبوون لەسەر پێشڕەویی دژی سمکۆ، فیلیپۆڤ‌و ئینتیسار لەگەڵ سمکۆ چوونە نێو دانوسانەوە. تەمەدون دەڵێت گوایە ئەوی هۆکارەی لەپشت دانوسانەکەوە بووە ئەوەیە کە سمکۆ خۆی لە لێواری شکستدا بینیوەتەوەو تەلەگرافێکی ناردووە بۆ عەینولدەولەی سەرۆك وەزیر، کەتێیدا دانی بە تاوانەکانی خۆیدا ناوەو خزمەتکاریی خۆی پێشکەشکردووەو داوای لێبوردنی کردووە. پاش گەیشتنی تەلەگرافەکەی سمکۆ، عەینولدەولە داوای لە فیلیپۆڤ کردووە ئاگربەست بکات.[27] سمکۆ رازیبوو هەموو ئەو چەکانەی بەدەست هێزەکەیەوەن رادەست بکات‌و تێکرای ئەو کەلوپەلانەش بگێڕێتەوە کە لەکاتی تاڵانکردنی لەکستاندا بردبوونی، هەروەها هەموو سەربازە تورکەکانیشی بڵاوەپێبکات.

سمکۆ ئەم دەرفەتەی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی قۆزتەوە. ئەو بەڵێنانەی جێبەجێنەکرد کە بە حکومەتی دابوون. هەربۆیە جارێکی دیکە کەوتەوە خۆنواندن، حکومەتی ناوەندیش ئەوەندە دەسەڵاتی تەواوی نەبوو کۆنترۆڵی بکات. ئەو دووبارە شوێنکەوتووەکانی خۆی کۆکردەوەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی فراوانکرد. لەساڵی ١٩٢٠دا، سمکۆ دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشەکانی باشووری پارێزگاکانی خۆی، ورمێ، هەروەها سەلماسدا گرت‌و پیاوەکانی خۆی وەك فەرمانڕەوا لەم ناوچانەدا دامەزراند. پیاوەکانی سمکۆ لەپێناوی بەدەستهێنانی چەك‌و جبەخانەو خۆراکدا هێرشیان کردە سەر شارو شارۆکەکان. ئاشکرابوو کە سمکۆ بۆتە بەهێزترین دەسەڵاتدارێتیی لەم هەرێمانەدا، لەبەرئەوەی شوێنکەوتوانی بەردەوام هێزەکانی حکومەتیان تێکدەشکاند، ژمارەی چەکدارەکانی تادەهات لەزیادبووندابوو.

قەبارەی هێزەکانی سمکۆ بەردەوام زیادی دەکرد. لەهاوینی ١٩٢٠دا، سوپاکەی بە ٤٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرا، هەروەها لە پایزدا بە ٧٠٠٠کەس. لە دوا شەڕی گەورەیدا لە هاوینی ١٩٢٢دا، خەریکی تەیارکردنی ١٠٠٠٠چەکداربوو.[28] ئەم مەزەندەکردنانە توانای سمکۆ لە تەیارکردندا پێشاندەدات. لە لوتکەی دەسەڵاتیدا، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە کوردە خێڵەکییەکان بەسمکۆوە پەیوەستبوون‌و دەسەڵاتی ئەوەیان پەسەندکردبوو.[29] ئەو سابڵاغی (دواتر مەهاباد) وەك پایتەختی کوردستانە سەربەخۆکەی دەستنیشانکردبوو، هەرچەندە ئەو بۆخۆی لەوێ

---

[27] Tamadun, Tarikh-i Rezaiyeh, 344.
[28] Van Bruinessen, 'Kurdish Tribes . . . ,' 387.
[29] لەو خێڵانەی شوێنی کەوتن: مامەش، مەنگوڕ، دیبوکری، پیران، زازا، گەورك، فەیزوڵابەگی، چشدەرو هەروەها چەند خێڵێکی بچووکی دەوروبەری بانە. ئەمە و جگە لەو خێڵانەی هاوپەیمانیەتییەکەی شکاکیان پێکدەهێنا.

دانەدەنیشت. ئەو یەکێك لە بڕواپێکراوەکانی خۆی، کە حەمزەئاغای مامش بوو، کردبووە فەرمانڕەوای شارەکە. دواتر، تەنانەت شارە ئازەرییەکانی وەك میاندواوو مەراغاو بینابیش نامەی وەفادارییان بۆنارد. نفوزی سمکۆ تاکو ناوچە خێڵەکییەکانی لوڕستان فراوانبوو، هەروەها ئەو پەیوەندی گەرمی بە خێڵە کوردییەکانی تورکیاو عێراقەوە هەبوو، بەڵام ئەم پەیوەندییانە ئەوەندە بەرفراوان نەبوون بەشێوەیەك ئەوانیش چالاکانە هەڵمەتی هاوبەش لەگەڵی ئەنجامبدەن.

لەساڵی ١٩٢٢دا، ناوچە سەربەخۆکانی بندەستی سمکۆ لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ وە بەرەو باشوور تاکو بانەو سەردەشت درێژبووەوە. ئەو فەرمانڕەوای لەنێو پیاوەکانی خۆی بۆ ئەو هەرێمانەی بندەستی دەستنیشاندەکرد. تەمەدون باس لە بڵاوکراوەیەك دەکات کە لایەنگری سمکۆ بووە. ئەو دەڵێت گوایە چاپخانەکەی لە ورمێ لەلایەن پیاوەکانی سمکۆوە دەستی بەسەرداگیراوە، لەوێ کە هەواڵنامەیەك بەزمانی کوردیی و فارسیی لە ساڵی ١٩٢١دا پەخشکراوە. ئەو هەواڵنامەیەی چەندجارێك ناوەکەی خۆی گۆڕیوە، دواجار ناوی "کورد"ی لەخۆی ناو لەلایەن موحەمەدی تورجانیەوە ئامادەدەکرا.[30] بەگوێرەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیی، ئەو هەروەها گۆڤارێکی بەناوی "کوردستانی سەربەخۆ"وە بڵاودەکردەوە.[31] هەرچەندە، لەوانەیە ئەو ڕاپۆرتە ئاماژەبێت بەهەمان ڕۆژنامە کە لە ساڵی ١٩٢١ لەورمێ بڵاوکراوەتەوە. سمکۆ تاچ ڕادەیەك لە ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکەدا بەشداریی کردووەو باوەڕەکانی چۆن لەو بڵاوکراوەیەدا ڕەنگیانداوەتەوە شتێکی روون نییە. بەهەرحاڵ، سمکۆ هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی و چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجیی نەبوو، لەوانەشە ڕەنگدانەوەی ئەو کەموکورتییە بێت. هەروەها تەمەدونی وتویەتی کە وێڕای بڵاوکراوەکە، پسولەی دانی باج و پیتاکیش لەوێ چاپدەکران. سمکۆ فەرمانی بە سەرپەرشتیارانی کۆکردنەوەی باج دابوو کە شمەك (بەتایبەتی توتن) هەنارده بکرێت لە ورمێ وە بۆ شارەکانی دیکەی وەك (مەراغا، خۆی، تەبریزو هتد).[32]

هەرچەندە، خەونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان یان خودموختارییەکی کوردیی زۆری نەخایاند. هەرزوو پاش ئەوەی ڕەزاخان لەساڵی ١٩٢١دا بەکودەتایەك گەیشتە دەسەڵات(دواتر لەساڵی ١٩٢٥دا بووە ڕەزاشا) هەوڵەکانی تەرخانکرد بۆ دامەزراندنی سوپایەکی بەهێزو مۆدێرن. بێدیسپلینیی و لاوازیی چەك و کەلوپەلی جەنگیی سوپای حکومەتی ناوەندیی هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنی زۆر لە سەرۆکخێڵەکانی هاوشێوەی سمکۆبوون. لە ئوتی ١٩٢٢دا، لەشکرە نوێیەکەی ڕەزاخانی وەزیری جەنگ کەوتەکار بۆ لێدانی گورزێکی گورچکبڕ لە هێزەکانی سمکۆ. ئەرفەع دەڵێت کە ژمارەی هێزەکانی سمکۆ لەناکاو لە ١٠٠٠٠جەنگاوەرەوە بۆ ١٠٠٠کەس دابەزی.[33] خودی سمکۆ ناچاربوو هەڵبێت بۆ تورکیاو دواتر بۆ عێراق. سمکۆ دواتر هەستی بەوەکرد کە لەلایەن تورکان و بریتانییەکانەوە خیانەتی لێکراوە.

سمکۆ ناچاربوو تاکو ساڵی ١٩٢٤ لەدەرەوەی ئێران بمێنێتەوە کاتێك ڕەزاخان لێبووردنی بۆدەرکرد. لەماوەی دوورخراوەییەکەیدا ١٩٢٢-١٩٢٤، هەوڵیدا هاوپەیمانیی کۆبکاتەوەو پەیوەندیی نوێ دابمەزرێنێت. وێڕای ئەو ڕێزەی کە هەیبوو، کەس ئامادەنەبوو یان هاندەرێکی نەبوو کە لەگەڵی یەکبگرێت. سەید تەهای کۆنە هاوڕێی هیچ حەماسێکی نەبوو بۆ خولیاکانی سمکۆ، سەرکردە کوردەکانی دیکەش هەمان هەڵوێستیان هەبوو. سمکۆ هەوڵی گێڕانەوەی دۆستایەتیی ئەو ئاسورییانەی دا کە لەعێراق بوون و بەهیوابوون بۆ ورمێ و سەڵماس بگەڕێنەوە. لە ساڵی

---

[30] Tamadun, Tarikh-i Rezaiyeh, 371.
[31] FO/371/40219, April 1944.
[32] Tamadun, Tarikh-i Rezaiyeh, 372.
[33] Arfa, The Kurds, 62.

١٩٢٣دا، بەهێوای بەدەستهێنانی پشتگیریی تورکان، سەردانی تورکیای کرد، بەڵام هیچی لەوێ دەستنەکەوت. دووساڵ پاش ئەوە لەساڵی ١٩٢٦دا گەڕایەوە بۆ ئێران. بۆ دواجار هەوڵی جووڵانەوەیەکی چەکدارییدا تاکو دەسەڵات بۆخۆی بگێڕێتەوە، هێندێك لە خێڵەکان پەیوەندییان بە هێزەکەیەوە کرد، بەڵام تێکشکێنراو ناچارکرا بگەڕێتەوە بۆ عێراق. تێکۆشانی سمکۆ بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لەساڵی ١٩٢٩دا کۆتاییهات کاتێك داوایەکی حکومەتی ئێرانی لەرێگەی فەرمانڕەوای شاری شنۆوە پەسەندکردو گەڕایەوە ئەوێ. داواکەی حکومەت دەرکەوت کە تەڵەیە. پاش چەند رۆژێکی کەم لەگەیشتنی، سمکۆ لە بۆسەیەکدا کوژرا کە حکومەتی ئێرانیی فەرمانیپێدابوو.

## هاندەرو ئامانجەکانی سمکۆ چیبوون؟

سەبارەت بە راڤەکردنی ئاکاری سمکۆ لەبەدواچوونی ئامانجەکانی، مرۆ بە برێکی باش لە دڵنیاییەوە دەتوانێت ئەنجامگیریی بکات کە بایەخدارترین هاندەری سمکۆو شۆڕشەکەی دژی حکومەتی ناوەندیی تەقریبەن بریتیبووە لەو دوژمنایەتییە باوە سوننەتییەی کە خێڵەکانی کورد کەمو زۆر دژی هەر حکومەتێکی ناوەندیی هەیانبووە. ئەمە ئەوە دەرناخات کە حکومەتی ناوەندیی تاوانبارنییە وەك تۆمەتباردەکرا، بەڵام شەڕکردن دژی حکومەتێکی ناوەندیی دامەزراو بۆ سەرکردەیەکی خێڵەکیی کورد، رێگەیەك بووە بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانو رەوایەتیی لە سەرکردەو خێڵەکانی ترەوە. هەرچەندە، بۆ سمکۆ، هۆکارێکی فرە شەخسیی دیکە هەبوو کە تۆڵەسەندنەوە بوو لە حکومەتی ئێرانیی. سمکۆ وەك گەنجەپیاوێك، بەچاوی خۆی کوشتنی جافەرئاغای برای بینیبوو کە سەرۆکی خێڵی عەبدۆیی بوو،و لەناوچەی نێوان سەلماس، ورمێ، شنۆ،و سەردەشت دادەنیشت. جافەرئاغا لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە دانپێدانرابوو، بەڵام بۆماوەی چەندین ساڵ ببووە هۆکاری گرفتو دژوارییی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لەهەرێمەکەدا. ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانییەوە خرایە بۆسەوەو کوژرا. لاشەکەی پارچە پارچەکراو بەدەرگای پادگانی سوپاوە هەڵواسرا. سمکۆ سوێندی خواردبوو تۆڵەی بکاتەوە. کاتێك تەواو بەهێزبوو، جەنگی دژی حکومەت بەرێوەبردو هاوشێوەی براکەی لەتاڵانیی شارو گوندەکانی هەرێمەکە بەردەوامبوو. بەگوێرەی راپۆرتێکی دەزگای تۆماری گشتیی، سمکۆ لەکاتی پەلاماردانی شارەکانی سەڵماس، ورمێو خۆی دا داوای بڕی بودجەی تەرخانکراوی ئەو شارانەی وەك نرخی خوێنی براکە کوژراوەکەی دەکرد.[٣٤]

سمکۆ، بۆئەوەی ئامانجەکەی بێنێتەدی، هەوڵیدا پشتگیریی وڵاتانی بەهێز بەدەستبێنێت. ئەوەی لە تێگەیشتنو واقیعی ئەو دەمەدا هەبوو ئەوەبوو کە سەرکردە خێڵەکییە بەرچاوەکان یان هاوپەیمانیییە خێڵەکییەکان لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو پێگەیەدا یاخود بۆ گێڕانەوەی پێگەی خۆیان شتێکی بنەڕەتیی بوو کە پشتگیریی دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچەکە یان دەرەوە بەدەستبێنن. هەمان کات، دەوڵەتە ناوچەییەکانو ئەوانەی نفوزیان لەناوچەکەدا هەبوو، داوای پشتگیریی بەو چەشنەیان پێشکەش بە خێڵە جۆربەجۆرەکان دەکرد تاکو زانیاریی سەبارەت بە خێڵە نەیارەکان بەدەستبێنن. بۆنموونە، کاتێك بریتانییەکان لەعێراق سەرکردەیەکی کوردیان وەك سەرکردەی باڵا لەهەرێمەکەدا دەستنیشانکرد، ئەو سەرکردەیە دەسەڵاتو پرستیژێکی مەزنی بەدەستهێناو بوو بەحوکمداری لیوایەك لەگەڵ رادەیەکی بایەخدار لە دەسەڵاتی کارگێڕییو تەنانەت سەربازییش. هەربۆیە مەسەلەیەکی ژیانیی بوو بۆ سمکۆ کە پشتگیریی چەند دەوڵەتێکی بەهێزو هەروەها چەندین خێڵی دیکە بەدەستبێنێت پێش ئەوەی بگاتە ئەو ئاستەی وەك سەرکردەی باڵای هاوپەیمانیی شکاك دەربکەوێت. لەگەڕان بەدوای پشتگیرییدا، ئەو پەیوەندیی بە وڵاتانی

[34] FO/371/14552, October 1930.

ناوچـەکەوە کـرد، دەوڵەتـەکانی دەرەوەی هەرێمەکـەش و هـەروەها سـەرکردە کوردەکـانی دیکـە، هـەروەها لەبۆنـەی جیاوازدا هاوکاریی یەکێك لەوانەی دژی ئەوی تر کردووە.

## کەموکورتیی سمکۆ وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی

### ڕێکخراوی سیاسیی

تایبەتمەنـدیی سـەرەکیی جووڵانەوەکـەی سمکـۆ بریتیبـوو لـە نـەبوونی ئایـدیۆلۆجیاو ڕێکخراوێکـی سیاسـیی. چ پـارتێکی سیاسـیی یـان هـەر ڕێکخراوێکـی دیکـە نـەبوو بتوانێت لایـەنگرانی سمکـۆ لـەپێناو پرسـێکی سیاسیی وەك نەتەوایـەتیی تـەیاربکات. رایەڵـەی پەیوەندییـەکانی کـە هـەبوون بریتیبوولـە کۆمەڵگـەی "ڕووبـەڕوو". ئـەوەی پـشتی بـە پەیوەنـدیی دەسـتبەجێی شەخـسیی نێـوان خـۆیو هـاوڕێو دەسـپێوەندە نزیـكو شـوێنکەوتەکانی دەبەسـت، کەموکورتییەکی بەم چەشنە شتێکی حەتمییە. ڕێکخستنی کۆمەڵایـەتیی سمکۆو جووڵانەوەکـەی بەچەشـنێك بـوو کـە نەیـدەتوانی بەرنامەیـەکی نەتـەوەیی ڕوونو بـاش پێناسـەکراو پێـشکەشبکات. نموونـەی جووڵانـەوە نەتەوەییـەکانی مێژووی هاوچەرخ پێشانیدەدەن کە نەتەوایەتیی شێوازێکە بۆ بیرکردنـەوە کە تێیدا نزیکـەی بڕوایـەکی ناعـەقڵانیی بـە ڕەوایـەتیی و پـاکیزەیی پرسـە نەتەوەییەکـە بنجـدادەکوتێت. نەتەوایـەتیی شـێوازێکی بیرکردنەوەیـە کـە پێویـستی بـە شوێنکەوتووانێکی وەفادارو خۆتەرخانکەر هەیە کە بەدەر لەهەموو شتەکانی دیکە بەدوای ئەو پرسـەبکەون کـە پرسی نەتەوەیە، ئەندامان تەنانـەت دەشێت یـەکتریش نەناسن. ئـەوەی جووڵانـەوە چەکدارانەکەی سمکـۆ لـە جووڵانەوەیـەکی نەتـەوەیی جیادەکاتـەوە نـەبوونی ئـەو وەفـاداریی و ئینتمایەیـە. کارەکتـەری ڕێکخراوەیـی کۆمەڵایـەتیی و سیاسـیی و سەربازیی ڕاپەڕینەکەی سمکۆ دەتوانێت زیاتر ئەمە ڕوونبکاتەوە.

میرۆسلاڤ هـۆرچ، لـە کۆڵینەوەکەیـدا سـەبارەت بـە جووڵانـەوەی نەتـەوەیی، چـەند پێودانگێك بـۆ بـوونی جووڵانـەوەی نەتـەوەیی دیارییـدەکات. ئـەو وێـڕای بـوونی یـادەوەریی لەمـەڕ هێنـدێك رابـردووی هاوبـەشو زمـانو پەیوەندییـە کەلتوورییـەکان، جەختدەکاتـەوە لـە پێویـستیی بـوونی" چـەمکی یەکـسانی هـەموو ئەندامـەکانی کۆمەڵەکـە کـەوەك کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ڕێکخراوبێت."[35] لەوەی هەمانەو فێربووین سەبارەت بە سمکۆو ڕاپەڕینەکـەی، ئەسـتەمە درکو وێنای ئەوە بکەین کە سمکۆو شوێنکەوتووانی لە چەمکێکی بەو چەشنە کە یەکسانیی هەموو کوردە لە کۆمەڵگەیـەکی مەدەنییدا، تێگەیشتبن، جێبەجێکردنی چەمکێکی بەو چەشنەش هەر وازلێبێنە.

خـەرجی جووڵانەوەکـەی سمکۆ پشتی بەو ئاکارە تالانکارییـەی سمکـۆو باج کۆکردنەوەکـەی دەبەسـت. کۆمەڵگـەی شـوێنکەوتووانی سمکـۆ لـە بەرهـەمهێن پێکنـەدەهات بـەڵکو لـە تالانـچییەکان پێکـدەهات. ئەمـەش سـیمایەکی گرنگـە بۆئـەوەی لێیتێبگـەین، بـۆ هزرێکـی وەك نەتەوایـەتیی، سـتراکتۆری جۆراوجـۆری ئـابووریی و پەیوەندییگـەلێکی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆرو داواکاریی سیاسیی، و لەگەڵ سەرکردایەتیی پێویستە.

### شوێنکەوتووان و هێزی سەربازیی

پـەلامارەکانی سمکـۆ، وێـڕای دەسـتکەوتە مادییـەکانی، هـەروەها مەبەسـتگەلێکی سیاسیشی هـەبوو. ئـەو پەلامارانـە شێوازێك بوون بۆئەوەی سمکۆ لەدەسەلاتدا بمێنێتەوە، دەسەلاتەکەی بـەرفراوانتربێت، هـەروەها هانـدەرێکیش بێـت بـۆ

---

[35] Miroslav Hroch, 'From National Movement to the Fully Formed Nation, the Nation-Building Process in Europe,' New Left Review, 198 (March/April 1993), 3–20.

شـوێنکەوتووەکانی تـاکو لەگـەڵی بمێننـەوە. لەکاتێکـدا کـە کرۆکـی شـوێنکەوتووەکانی پیـاوە خێڵەکییـەکان بـوون، تێگەیـشتنیان سـەبارەت بـە سـەرکردەی مـەزن لەسـەر توانـای سـەرکردە بـۆ بردنـەوەی سـەرکەوتنە سـەربازییەکان راوەسـتاوە. هـەروەها بـڕی ئـەو چـەك‌و شمەکـە ماددییانـەی دەگاتـە دەسـت شـوێنکەوتەکانی. سەربەسـتبوون‌و سەربەخۆبوون تەنیا تێگەیشتنێکە لە رووی ئەو هێزو پرستیژەی سەرکردەکانیان‌و دەستکەوتەکانییەوە.

کرۆکی شوێنکەوتووانی ئەو تاقمێك بوون کە تەواو خۆیان بۆ ئەو تەرخانکردبوو، هەروەها ئامادەبوون کە خۆیـان‌و خێزانـەکانیان بەختبکـەن لەپێناویـدا. وەفادریـان بـۆ ئـەو شـتێکی سـەرەکیی بـوو. هانـدەرێکی دیکـە بـۆ ئـەم تاقمـە شوێنکەوتووانە نەبوو، ئەوانە بژاردەی سەربازیی سمکۆ بوون کە پەلاماری شارو گوندەکانی خێڵەکانی دەوروبەر، یان پارێزگاکـەیان دەدا. کاتێـك پـەلاماردان نەبووایـە، ئـەو هێـزە تایبەتـە بـاج‌و داهاتیـان لـە دانیشتووانە ناخێڵەکییەکـەی پارێزگاکانی بندەستی خۆیان کۆدەکردەوە. ئەم چالاکییانە بۆ سمکۆ شتێکی ناوازە نەبوو، هەمیشە پەیوەندییەکی بەم چەشنە لەنێوان سەرۆکخێڵەکان‌و دەستەیەکی تاڕادەیەك بچووك لە شوێنکەوتووانی هەبوو. بەڵگەکانی دەزگای تۆماری گشتیی ئاماژەی بە شوێنکەوتووە جەنگاوەرە لێهاتووە باش راهێنراوەکانی سمکۆ کردووە، کە ژمارەیان ۲۰۰۰کەس بووە، ئەوانەی پێش ئەوەی دواجار شکستبێنن بڕێکی باشیان بەخۆیان دەبەخشی.[36]

جگە لەم تاقمە، زۆربەی پیاوەکانی سمکۆ لە کرێگرتە پێکدەهاتن، ئەوانەی قازانجێکی مادیی زۆریان چنگ دەکەوت. لایەنگرانی سمکۆ بەشێوەیەکی سەرەکیی کورد بوون، هەرچەندە، لەنێویاندا چەند سەد کەسێك سەربازی عوسمانیی هـەبوون کـە لـە سـوپا هـەڵاتبوون. ڤـان برونـسن ئامـاژەی بـەوەداوە کـە، لەسـاڵی ۱۹۱۸دا، چـەند سـەد سـەربازێکی عوسمانیی کە لەلایەن راهێنەری ئەڵمانییەوە باش راهێنرابوون‌و چەکدارکرابوون، لەنێو پیاوەکانی سمکۆدا بوون.[37] زۆر لەو سەربازانە لەساڵی ۱۹۱۹دا خۆیان بەدەستەوەداو هیوای لێبوردنیان خواست.

ئەم نموونەیەی خوارەوە تێگەیشتنی سمکۆو شوێنکەوتووانی سەبارەت بە شوناسی کوردیی روونەدەکاتەوە. لە ئۆکتۆبەری ۱۹۲۱دا، کە سمکۆ پشتگیریی زۆربەی خێڵەکانی بەدەستهێنابوو، هێرشیکردە سەر سابلاغ(مەهاباد)و کۆمەڵکوژییەکی لەهێزەکانی پارێزگاریی ژاندارمەریی کرد. بەڵام هێزەکانی حکومەت‌و غەیرە کوردەکان تەنیا کەس نەبوون لـەم پـەلامارە زیانیـان پـێ گەیشت، بـەڵکو دانیشتووانە کوردەکـەی شـارەکەش هـەروەها تـاڵانکران. چ هەستێك سەبارەت بە یەکبوونی هاوڵاتییانی کورد لەنێو پیاوەکانی سمکۆدا نەبوو.[38] ئەمە چەشنە سیاسەتگەلێکی خێڵەکییانە بوو.

لـەوەش زیـاتر، سـیمایەکی دیکـەی جووڵانەوەکـەی سمکـۆ هـەبوو کـە تایبەتمەنـدیی جووڵانەوەیـەکی خێڵـەکیی– "رووبەڕوو" بوو کە ئەویش: رکابەریی خێڵەکیی بوو. نەبوونی هەستێکی نەتەوەیی بەهێز لەنێو ئامادەگیی رکابەرییە خێڵەکییەکاندا مەسەلەیەکی روون بوو. ئەوە تـەنیا ئاکاری پیاوەخێڵەکییە ئاساییەکان نـەبوو بۆ گۆڕینی وەفاداریی، بـەڵکو هـەروەها تایبەتمەنـدیی ئاکـاریی سـەرکردە خێڵەکییـەکانیش بـوو، کاتێـك لەگـەڵ بـارێکی ناهـەموارو دژواردا رووبەڕوو دەبوونەوە بەرەکانیان دەگۆڕی. ئەم دڵگۆڕینە لە پرسی سمکۆدا بەڕوونی دەبینرێت.

لەسوپاکەی سمکۆدا هەرگیز ژمارەیەکی چەسپاو نەبوو. نەبوونی هۆشی نەتەوەیی وای لـە زۆربـەی شـوێنکەوتووانی سمکۆ کردبوو کە وازی لێبێنن کاتێك هەستیان بەوەبکردایە کە ئەوەندە بەهێزنییە بتوانێت پشتگیرییان بکات. هەر بەهـەمان هـۆ، کاتێك دەرفـەتی پاداشـتی مـادیی لەپێشبووایە، زۆرکـەس پێـوەی پەیوەسـت دەبـوون. هۆکـاری ئەمـەش ئـەوەبوو کـە سـوپاکەی سـوپایەکی خێڵـەکیی بـوو، تایبەتمەنـدیی سـوپای خێڵـەکییش ئەوەیـە بەشێوەیەکی بـەردەوام

[36] FO/371/7808, July 1922.
[37] Van Bruinessen, 'Kurdish Tribes . . . ,' 390.
[38] Ibid., 388.

ناجێگیرەو لەزیادبوون و کەمبوونی کتوپڕدایە. ئەو پیاوانەی لەدەوری سمکۆ کۆببوونەوە سەر بە خێڵ و هۆزو تیرەی جیاوازبوون، ئەوانەی وەك سەرکردەی باڵا وەفاداریی خۆیان پێ بەخشیبوو. هەرچەندە، لایەنگرانی سمکۆ، نەتەوایەتیی کوردییان درك نەدەکرد تاکو لەپێناوییدا بژین و بمرن. لەبەرئەوە، سمکۆش خۆی ئەوەندە بایەخی بە نەتەوایەتیی کوردیی نەدەدا، بەڵکو زیاتر بایەخی بە ناوچەیەکی سەربەخۆ دەدا کە خودی خۆی بتوانێت دەسەڵاتی تێدا پیادە بکات.

## گوتاری نەتەوەیی

گرنگ نییە سمکۆ تا چ رادەیەك نەتەوەیی بووە یاخود تاچ رادەیەك بەرژەوەندیی کوردانی وەك نەتەوەیەك لە مێشکدا بووە، ئاکاری بەڵگەی ئەوەن کە ئەو زیاتر بایەخی بە پتەوکردن و بەهێزکردنی دەسەڵات و پرستیژی خۆی دەدا. هەرچەندە، سمکۆ لەپەیوەندیدا بووە لەگەڵ سەرکردەکانی دیکە لە هەرێمەکەدا کە وتارێکی نەتەوەیی بەهێزیان بەکارهێناوە، هەروەها بۆخۆشی لە شەپۆلی داواکارییە نەتەوەییەکان لەتەواوی هەرێمەکەدا بەئاگابووە. هەربۆیە جێگەی سەرسامیی نییە کە لە پەیوەندییەکانی سمکۆدا بەشێك لەو گوتارە ببینرێتەوە، چ لەو نامانەدا کە بۆ دەوروبەری ناردون یاخود لەو چاوپێکەوتنە کەمانەی لەگەڵی کراون. وێڕای ئەوەی کە وشەگەلێکی وەك "میلەتەکەمان"ی وەك ئاماژەیەك بۆ کورد بەکارهێناوە یاخود سەبارەت "کوردستانی سەربەخۆ" ئاخاوتووە، بەڵام مرۆ دەتوانێت هەستێکی بەهێزی ئایینی لە زمانەکەیدا ببینێتەوە. گومانی تێدا نییە کە بۆ سمکۆ سەربەخۆیی یان خودمەختاری یاخود ئیسلامەتیی زۆر لێکەوە نزیکبوون و پێکەوە پەیوەستبوون. ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆئەوەی کە بۆچی ئەوەندە فرە لەسەرپێ بوو کە بەشداریی لە کوشتنی دانیشتووانە کریستیانییەکەی هەرێمەکە بکات.* بەبۆچوونی ئەو، هەر دەستکەوتێك بۆ دانیشتووانە کریستیانییەکە زیان بوو لە خێڵەکەی و کەسانی دیکەی دانیشتووانە موسوڵمانەکەی ئەوێ. لەنامەیەکیدا بۆ بەدرئاغا کە داوای لێدەکان نێوەندگیریی لەنێوان سمکۆ و بریتانییەکاندا بکات، کاتێك ئاماژە بە کێشمەکێشی نێوان کوردان و ئەرمەنەکان دەکات، نووسیویەتی:

" لەبەرئەوە لەم جیهانەدا تاکو ئاشتیی جیهانیی هەبێت و سنووری نەتەوەییەکان جێگیربێت لەلایەن زلهێزەکانەوە، کوردان ناتوانن لەوڵاتێکدا گەڵ ئەرمەنەکان و ئاسوورییەکاندا بژی. ئەگەر دووبارە ئاشتیی لەم جیهانەدا ببێت و سنووری نەتەوەکان بناسێنرێت تەنیا ئەوکاتە دەگونجێت بۆئێمە کە ئەم مەسەلەیە چارەسەربکەن."[39]

سمکۆ لەنامەیەکی دیکەیدا بۆ زەفەر ئەلدەولە(سەرۆکی یەکێك لە تیپە سەربازییەکانی ئازەربایجان)، کە داوای خۆتەسلیمکردنی لێدەکات، دووبارە ئاماژە بە میلەتی کوردو مافەکانی بۆ خودموختاری دەکات( بەگشتیی مەبەستی خودموختاری بووە بۆ خۆی و شوێنکەوتەکانی):

" ببینە چۆن میلەتە بچووکەکانی ئەم جیهانە کە چارەکێکی قەبارەی خێڵە کوردییەکان نابێت خودموختاری خۆیان لە حکومەتە گەورەکانی وەك ئەڵمانیا وەرگرتووە. ئەگەر ئەم میلەتە مەزنەی کورد مافەکانی خۆی لە دەوڵەتی ئێران

---

* کاتێك سمکۆ گەمارۆی ورمێی دا، ئەمریکاییەکان داوایان لێکرد کە بۆ ئەوەی کریستیانییەکانی ورمێ توشی زیان نەبن ،دەرفەتیان بداتێ شاری ورمێ بەجێ بێڵن. زۆر بە ئاسانیی رێگای بۆ کردنەوە کە هەرچی کریستیانی هەیە لە ورمێ بێنە دەرەوە ، بۆ ئەوەی کاتێك پەلاماری ورمێی دا ئەو کریستیانی تووشی زیان نەبن، ئەمەش پێچەوانەی ئەوە دەردەخات کە سمکۆ هەر دەرفەتێکی بۆ کوشتنی ئەوان قۆزتبێتەوەو کەسێکی فاناتیك بووبێت.

[39] FO/371/6347, 1921.

بەدەستنەهێنێت ئەوا مردنی پێ لە ژیان باشترە، ئنجا حکومەتی ئێرانیی بیەوێت یان نا، ئێمە وادەکەین کوردستان خودموختاربێت، لەبەرئەوە شتێکی باش نییە ببنە هۆکاری مردنی زیاتر."[40]

## حاڵەتی زهنیی

راپەڕینەکەی سمکۆ لەکاتێکدا روویدا کە جووڵانەوەگەلێکی دیکەی سیاسیی و نەتەوەیی لەناوچەکەدا روودەدا. بەراوردکارییەکی کورتی راپەڕینەکەی سمکۆ لەگەڵ هێندێك لە جووڵانەوە ریفۆرمیستەکانی دەوروبەر لەهەمان قۆناغدا لاوازیی رێکخستنی سیاسیی و ئایدیۆلۆجیی ئەوەکەی سمکۆ روونەکاتەوە. لەوەش زیاتر، ئەو بەراوردکارییە تیشك دەخاتە سەر نەبوونی تێگەیشتنی سەبارەت بە بیرۆکەی وەك دیموکراسی، یەکسانیی، ئازادیی و هەروەها مافی خۆدیارییکردنی چارەنووس، کە لەلایەن زۆربەی سەرکردە سیاسیی و نەتەوەییەکان لەتەواوی ناوچەکەدا لەوکاتەدا بەکاردەهێنرا.

سەرکەوتنی شۆڕشی روسیا لە مارتی ١٩١٧دا کاریگەرییەکی هاندەرانەی لەسەر جووڵانەوە شۆڕشگێڕییە نەتەوەییەکان لەئێراندا هەبوو. لەوانە، دووانیان لەڕووی جیۆگرافییەوە کەوتبوونە دەوروبەری سمکۆوە کە جووڵانەوە نەتەوەییەکەی شێخ خیابانی بوو لە ئازەربایجان لەساڵی ١٩٢٠دا، دووەمیشیان جووڵانەوەی جەنگڵی بوو لەهەرێمی دەریای قەزوین بەسەرکردایەتیی کوچك خان. هەریەك لەم دوو جووڵانەوەیە بەشێکبوون لە رێحەزی جووڵانەوەگەلێکی دیموکراتیی لەلایەن ئیتنۆ جیاوازەکان و خەڵکانی هەرێمە جۆربەجۆرەکان لەچەندین شوێنی وڵاتەکە. لەکۆتایی ساڵی ١٩١٧دا، ئەو جووڵانەوەیەی بە جەنگڵی ناسرا لەلایەن میرزا کوچك خانەوە سەرکردایەتیی کرا کە واعیزێکی شاری رەشت بوو (گەیلان لە دەریای قەزوین) نزیکەی ببووە هێزێکی گرنگ. چەندین ئەندامی لە توێژی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی جیاواز بۆخۆی راکێشابوو، بایەخی سەرەکییشی بە سەربەخۆیی نەتەوەیی و ریفۆرمی نێوخۆیی دەدا. لەبەر چالاکییەکانی جووڵانەوەی جەنگڵی سەبارەت بە یارمەتیدانی هەژاران لەڕێگەی بردنی پارە لە دەوڵەمەندەکانەوە، نازناوی "رۆبن هود"ی قەزوینیان بەسەردا سەپاندن. [41] ئەوان بڵاوکراوەیەکیان بەناوی "جەنگڵ/دارستان" دەرکرد، کە "هاوکاریی ئابووریی بۆ جووتیارە بچووکەکان، خودموختاری کارگێڕیی بۆ گەیلان، پاراستنی ئیسلام، رەتکردنەوەی تەواوی رێکەوتننامە نابەرابەرەکان و هەروەها چۆڵکردنی سوپای بریتانیی لە ئێران" خرابووەبەرچاو. لەگەڵ دەرکەوتنی رەزاخان، دواجار ئەم جووڵانەوەیە شکستیهێنا و سەرکردەکانیشی غافڵکوژکران.

دیموکراتێك کە ناوی شێخ محەمەدی خیابانی بوو لە تەبرێز سەرکردایەتیی جووڵانەوەکەی دووەمی کرد، ئەوەی جەختی لە مافە دیموکراتیی و پارلەمانییەکانی گەلی ئازەربایجان دەکردەوە. سەرکردەکانی ئەم جووڵانەوەیە لەدەوری پارتی دیموکراتی ئازەربایجان کۆببوونەوە کە نوێنەرایەتیی نزیکەی زۆربەی شارەکانی ئازەربایجانیان دەکرد. ئەوان بڵاوکراوەیەکی ئازەریی–فارسیی یان بەناوی "تەجەدود / نوێبوونەوە" دەرکرد. داواکاریی سەرەکیی کە پێشکەش بە حکومەتی ناوەندیی کرا بریتیبوو لە :

" دەستپێکردنی ئەم چاکسازییە دیموکراتییانەی وەك دابەشکردنی زەوی، دامەزراندنی پارێزگاری گشتیی کەلەلایەن خەڵکی ئازەربایجانەوە جێگەی متمانەبێت، کۆبوونەوەی دەستبەجێی ئەنجوومەنی ملی لە تاران، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنە هەرێمییەکان، هەروەك لەدەستووردا فەراهەمکراوە و هێشتا لەپاش دوا رۆژەکانی جەنگی ناوخۆوە کۆنەبوونەتەوە."[42]

---

[40] FO/371/7808, August 1922
[41] Ervand Abrahamian, Iran between Two Revolutions (Princeton, NJ, 1982), 112.
[42] Ibid., 113.

دواتر، پاش ئەوەی کێشمەکێش لەگەڵ حکومەتی ناوەندییدا توندتربوو، سەرکردەکانی جووڵانەوەکە جەختیان لە داواکانی پێشوویان کردەوەو پلانێکی جیاخوازییان گرتەبەرو ناوی پارێزگای ئازەربایجانیان گۆڕی بە "مەملەکەتی ئازادستان". هەرچەندە، جووڵانەوەکە لەچەندین لاوە کەوتەبەر پەلامار (بەتایبەتی لەلایەن هێزە کۆنەپارێزە خێڵەکییەکانەوە). شاهسۆنەکانی ئازەربایجان‌و کوردانی شکاك کەلەلایەن ئیسماعیل ئاغای سمکۆوە سەرکردایەتیی دەکران پەلاماری هێزە دیموکراتەکانیان داو لەرێگەی داخستنی رێگاکان‌و ئاژاوەنانەوەو تێکدانی ئاسایشی هەرێمەکە هەوڵیاندا دایانبڕن. هەمانکات، قەوزاقەکانی تەبرێز کە بە خۆچەککردنی دیموکراتەکان خۆشحاڵ نەبوون، یاخییبوون‌و لەسێپتەمبەری ١٩٢٠دا خیابانی سەرکردەی سەرەکیی جووڵانەوەکەیان کوشت.

دەرکەوتنی رەزاخان لەنێوان ساڵانی ١٩٢١–١٩٢٥ دا، قۆناغەکەی بەئاراستەی کۆنترۆڵی توندی خولیا کۆمەڵایەتیی‌و سیاسیەکانی رۆشنیران‌و هەروەها خولیاکان بۆ خودموختاری لەنێو سەرۆکخێڵەکاندا رێبەرییکرد. هەرچەندە، رەزاخان هەموو ئەم بەرهەڵستکارانەی بەوپەڕی دڵڕەقییەوە مامەڵەکرد، بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەبوو لەنێوان رۆشنبیرانێکی شارەکیی کە رێبەری جووڵانەوەیەکی ریفۆرمیستانەی دیموکراتییان دەکرد، لەگەڵ راپەڕینگەلێکی خێڵەکیی کە هاندەرەکەی بێزاریی شەخسی سەرۆکخێڵەکان بوو. لەڕووی سیاسیی‌و ئایدیۆلۆجیی‌و رێکخستن‌و هەروەها سەرکردایەتییشەوە، هاوشێوەیی‌و لێکچوونێکی فرە کەم لەنێوان ئەم دوو جووڵانەوەیەدا هەبوو. ئێمە کە نزیکەی پێشتر مشتومڕمان سەبارەت بە تایبەتمەندیی راپەڕینەکەی سمکۆ کردووە هیچ جۆرە شێوەیەکی ئەو خولیا و خۆتەرخانکردن‌و دڵسۆزییەی لای شێخ خیابانی‌و میرزا کوچك خان بۆ نەتەوایەتیی‌و ریفۆرمی دیموکراتیی هەبووە، لەلای سمکۆ نەبینراوە، هۆکاری ئەوەش بریتیە لەوەی کە یاخییبوونەکەی سمکۆ هەژموونی پەیوەندییگەلێکی خێڵەکیی–"رووبەڕووی" بەسەردا زاڵ بوو.

## ئەنجامگیریی

راپەڕینەکەی سمکۆ نموونەی مانۆڕێکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمی سەرۆکخێڵەکان بوو، کە زۆربەیان دانپێدانانی فەرمیان وەك دەستکەوتێکی شەخسیی بەکارهێنا، کاتێك حکومەتی ناوەندیی کە ئەو دانپێدانانەی دەدا لەحاڵەتی لاوازییدابوو. جووڵانەوەکەی تێکەڵبوو بە داواکاریی شەخسی لەگەڵ هێندێك گوتاری نەتەوەییدا ( داواکردنی کوردستانی سەربەخۆ یان بانگەشەی خەڵك بۆئەوەی بۆخۆیان حوکمی خۆیان بکەن). سمکۆ خاوەنی هێزو دەسەڵات‌و هەژمون‌و شکۆ بوو. هەرچەندە، ئەو داواکارییەکانی خۆی بەزمانێکی نەتەوەییانە دەردەبڕی،• ئەو زمانەی کە زۆربەی قەوم‌و ئیتنۆکانی دیکە لەو کاتەدا بەکاریاندەهێنا، هەروەها زلهێزەکان‌و دامەزراوە

• ئەو دەمەی سمکۆ جووڵانەوەکەی لەوپەڕی بەهێزییدا بوو، رۆژنامەکانی بانگی کوردستان‌و رۆژی کوردستان کەلەسلێمانی دەردەچوون‌و زمانحاڵی دەسەڵاتەکەی شێخ مەحموودبوون، لەشیعری حەماسیدا بەسەرکەوتن‌و شەڕەکانی سمکۆیاندا هەڵیاندەداو وەك جووڵانەوەیەکی سەربەخۆیی باسیان لێوە دەکرد. دواتر کە سمکۆ لە ٨ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ هات بۆسلێمانی، لەو رۆژنامانەدا ناوی وەك: قارەمانی میللیی‌و وەتەنپەروەرو ئازایخوازو رزگارگەری میللەت دەهێنرا، تەنانەت لەلایەن خودی شێخ مەحموودیشەوە. ئەو پێشوازییە بەشکۆیەی لەسمکۆکرا مێژوویی بوو، سمکۆ سوپاسی خۆی لە لاپەڕە ٣ی ژمارە ٨ی رۆژی کوردستان لە ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ بڵاوکردۆتەوەو دەڵێت:" عەرزی تەشەکورو ئیفتیخار دەکەم لەو شێوە ئینسانیەت‌و حیسی قەومیەت پەروەرانە کە لەمەراسیمی ئیستیقبالدا لە تەرەف جەنابی رەئیس ئەلوزەراو ساداتی کیرام‌و مەئمورانی عەسکەری‌و مەلەکی حکومەت‌و ئەشراف‌و منەوەران‌و ئەهالی کوردستانەوە دەرحەق بە شەخسی من رەوا بینرابوو، کلی موتەشەکیرو موفتەخیرم، بەڵکو هەر فەلاکەت‌و ئەزیەتیٚ کە لەرێگای خزمەتی ئازادیی‌و خەلاصی ئەم میللەتەدا بەسەر هاتووە لەبیرم چۆتەوە..."

نێودەوڵەتییە نەوپاکانیش لەو زمانە تێدەگەیشتن. وێڕای ئەوە، راپەڕینەکەی سمکۆ لەسەر بنەمایەکی هێزو پشتگیریی خێڵەکیی دامەزرابوو، هەروەها خولیایەکی سنووررداری خێڵەکیی هەبوو، بەشێوەیەکی ساکار، بنکەی پشتبەستنی سمکۆ بریتیبوو لە لێهاتووییە سەربازییەکەی. چەندین جار هێزە سەربازییەکانی حکومەتی بەزاند، ئەوەش مەزنترین رادەی پشتگیریی بوو بەدەستیهێنا. وێڕای نفوزو کاریگەریی، پەلامارو ئیستیغلالکردنی خەڵکە ناخێڵەکییەکەی کە لەو مەڵبەندانەدا نیشتەجێبوون کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتییەوە، وایکردبوو کە تاڕادەیەکی زۆر بێزراوو مایەی ترس بێت. ئەوەش ئەو پەیوەندییە بوو کە تەگەرەی بەردەم فراوانبوونی پشتگیریی سمکۆ بوو لەدەرەوەی پەیوەندییە خێڵایەتییەکان و رێگەی ئەوەی لێگرت پشتگیرییەکی هەمیشەییتر لەلایەن دانیشتووانە نیشتەجێیەکەی هەرێمەکەوە بەدەستبێنێت.

ئایا پیاوەکانی سمکۆ "تالانیی"یان دەکرد یان "باجیان" کۆدەکردەوە؟ ئەوەندەی سروشتی جووڵانەکە جێگەی بایەخە، چ ناوێك لەچالاکییەکانی بنرێت، پەیوەندییەکانیان بە دانیشتووانی کوردستانەوە پەیوەندییەکی تالانسالاریی بوو، نەك وەك ئەوەی تیۆرە ماویستییەکە پێشنیازیکردووە" هەروەك ماسی لەئاودا"بێت، ئاسان پشتی پێ ببەستێت و لەنێو دانیشتووانەکەی دەوروبەریدا بتوێتەوە. ئەو پەیوەندیی و رێکخستنە خێڵەکییەی هەژمونی بەسەر جووڵانەوەکەی سمکۆدا کردبوو رێگەی لە تەیارکردنێکی نەتەوەییانە گرتبوو. لە پەیکەرو ستراکتۆری خێڵەکییدا، یەکێتیی لەسەر بنەمای ئامانجگەلێکی پاداشتخوازانەی فرە دەستبەجێی سەربازیی راوەستاوە. تەیارکردنی نەتەوەیی زیاتر پێویستی بە رێکخستێکی سیاسیی خاوەن دیسپلین و فرە پێناسەکراو هەیە. ئەوەی سمکۆ کردی بریتیبوو لە بەکارهێنانی ئامرازی نوێ ( داواکاریی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی وەك ئەوەی لەلای قەوم و گروپە ئیتنییەکانی دیکەی ئەو دەمە دەگوزەرا) بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی کۆنترو سوننەتیی. ئەوە تەنیا چەند دەیەیەکی دواتر بوو کە کوردانی رووناکبیری شارنشین کە زۆربەیان نەوەی خێزانە سامانداروو دەوڵەمەندەکان بوون، کەوتنەکار بۆ تەیارکردنی کوردان لەسەر بنەمایەکی نەتەوەییانە و رێکخراویان دامەزراند. یەکەمین جووڵانەوە لەم جۆرە کە تاڕادەیەك لەکوردستانی ئێراندا سەرکەوتووبوو ئەوەبوو کە لەساڵی ١٩٤٦دا لە کۆمارە کوردییەکەی مەهاباددا روویدا. راڤەکردنی ئەم جووڵانەوە کوردییە بابەتی ئەم بەشەی داهاتووە.

# بەشی چوارەم: کۆمارە کوردییەکە لە مەهاباد

## دەروازە

لە ئوتی ١٩٤١دا، هێزە هاوپەیمانەکان چوونە نێو ئێران، بریتانییەکان باشووری وڵاتەکەیان داگیرکردو هێزەکانی سۆڤییەتیش باکوور. رەزاشا کە گومانی لایەنگریی ئەڵمانەکانی لێدەکرا، لەلایەن بریتانییەکانەوە ناچارکرا دەست لەدەسەلات هەڵبگرێت. ئەرتەشی ئێرانیی لەناوچە داگیرکراوەکاندا هەڵوەشا. کوردان بە سوودوەرگرتن لە هەلومەرجە ئێرانییو نێودەوڵەتییەکە کەوتنە تێکۆشان بۆ خودموختاری. ئەو سەرۆکخێڵە کوردانەی زینداناییکرابوون یان دوورخرابوونەوە، گەڕانەوە نێو خێڵەکانیانو سەربەخۆیی خۆجێییان دامەزراندەوەو خۆیان چەکدارکردەوە، نەك تەنیا بەهۆی ئەو چەکانەی شاردبوویاننەوە، بەڵکو هەروەها ئەو چەکانەش کە پاش هەڵاتنی ئەرتەشی ئێرانیی لەناوچەکە دەستیانکەوتبوو. لەشارەکاندا، رۆشنبیرانی شارەکیی گروپی سیاسییان دامەزراندو کەوتنە بانگەشە بۆ خودموختاریی سیاسییو کەلتووریی کوردیی. ئاکامی ئەم هەوڵانە بریتیبوو لە دامەزراندنی کۆمارە کوردییەکە لە مەهاباد لەساڵی ١٩٤٦دا.

لەم بەشەدا گفتوگۆ لەسەر سیماکانی تایبەت بە جووڵانەوەی کوردیی لە ئێراندا دەکەم لەماوەی ساڵانی دووەمین جەنگی جیهانییدا. ئەم قۆناغەم لەبەرئەوە هەڵبژاردووە چونکە راستەوخۆ لەماوەی ساڵانی دوای جەنگدا، یەکێك لە گرنگترین رووداوەکان لەپەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوایەتییدا روویدا، کە بەدیارییکراوی دامەزراندنی کۆمارە کوردییەکەیە لەماهاباد لەساڵی ١٩٤٦دا. من گفتوگۆ لەبارەی سیماو تایبەتمەندییەکانی ئەم جووڵانەوەیە دەکەم بۆئەوەی ئەو ئاستە روونبکەمەوە کە نەتەوایەتیی کوردیی لەپاش راپەڕینەکەی سمکۆ پێی گەیشتبوو. جووڵانەوەکە پەیوەستبوو بە هەریەك لە پەیوەندییە خێڵەکییە سوننەتییەکانو هەروەها بەشێوەیەکی سەرەکییش بە گروپێکی ناخێڵەکیی لە ئەشرافو رۆشنبیرە شارەکییەکان کە سەرکردایەتییان دەکرد. ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی رێبەرایەتییان کرد بریتیبوو لە هەریەك لە سەرکردە خێڵەکییە کۆنسێرڤاتیڤەکانو رۆشنبیرە هاوچەرخەکان، ئەوەش تایبەتمەندیی جووڵانەوەکەی پێکهێنا. ئەم بەشە دەبێتە بەراوردێك لەنێوان جووڵانەوەکەی سمکۆ لەگەڵ جووڵانەوەکەی مەهاباد. لەوەش زیاتر بەراوردێکی بەم چەشنە گرنگە لەبەرئەوەی گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردیی رووندەکاتەوە.

لەکاتی رووداوەکانی مەهابادا، سیاسەتەکانی رەزاشا سەبارەت بە خێڵەکان کاریگەرییەکی مەزنی لەکۆمەڵگای کوردیی کردبوو. چیدی هاوپەیمانییە مەزنە خێڵەکییەکان نەمابوونو کۆمەڵە کوردییەکان بەتەواویی جێگیربوون. کوردستان پەیوەستێکی زیاترو زیاتری بە ئابووری بازاڕی وڵاتەکەوە هەبوو، ئەو پەیوەستەی، بەدەوری خۆی، پەیوەندییە رووبەڕووە خێڵەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی لاوازکرد.ئینتێلێجێنسیای کوردیی لەنێو کوڕە خوێندەوارەکانی سەرۆکخێڵەکانو ئەشرافی شارەکاندا دەرکەوتن، ئەوانەی کە کاتی خۆی هات، وەك سەرکردایەتیی جووڵانەوە خاوەن هۆشیارییە نەتەوەییەکە دەرکەوتن. هەرچەندە، جووڵانەوەکە بەرەو کۆمارێکی کوردیی، کاریگەریی هێزی جەنگاوەریی خێڵە کوردییەکانیشی بەسەرەوە بوو، وێڕای ئەوەی کە لەلایەن رۆشنبیرانی شارەکییو ئەشرافی شارەوە سەرکردایەتیی دەکرا، ئەو دیارەیەی بەتەواویی لە راپەڕینەکەی سمکۆدا ئاسەوارێکی نەبوو. هەرچەندە،

ڕادەی ئـەو بەشـدارییە جەماوەرییـەی کـە ڕۆشـنبیران بەدەسـتیان هێنـا سـنوورداربوو، سـنوورداربوونی لـەڕووی جیۆگرافیی و ئایدیۆلۆجیشەوە بەرجەستەی سروشتی جووڵانەوەکەی دەکرد لەو کاتەدا.

کاریگـەریی ئـەم سنوورداریيە لـەکاتی بـوون و هـەروەها کـەوتنی کۆمـارە کوردییـە کورتخایەنەکـەدا هەسـتی پێکـرا. بەشداریی جەماوەریی هۆکارێکی گرنگە لەهەر جووڵانەوەیەکی نەتەوەییدا. ئەوەش بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندی بە ڕاڤەکردنی نەتەوایەتیی کوردیی لە ئێراندا هەیە، چونکە بەبێ خستنەپێشچاوی ئامادەگیی یان نائامادەگیی بەشداریی جەماوەریی زۆربەی بایەخدارییەکە پشتگوێ دەخرێت.

لەسەر ئاستی گشتیی، گرامشی، جیاکاریی لـەنێوان شۆڕشە جەماوەرییـەکان و شۆڕشـە ناجەماوەرییـەکان کـردووە، ئەو چەمکی "سستە شۆڕش"ی بۆ ئەوەی دواییان تەرخانکردووە. ئەو جارێك دەستەواژەی "passive revolution / سستە شۆڕش"ی-کە زۆر بایەخدارە بۆ مەبەستەکەی ئێمە- بەکارهێناوە بۆ ئەو شۆڕشـەی کـە لەلایـەن ئینتێلێجێنسیا ڕۆشـنبیرەکانەوە ئەنجامـدەدرێت کـە بـێ بەشـدارییەکی جەماوەرییـە، یـان وەك لـەم کەیـسەدا هەیـە، بەشـدارییەکی جەماوەریی سنوورداری هەیە. ئەوەش زۆر نزیکە لە لێکدانەوەکەی" کۆوکۆ" کە لەبنەڕەتدا چەمکەکەی داتاشیوە.[١]

سستە شۆڕش، بەم مانایە، چەندین جیاکەرەوەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە. یەکـەمیان ئەوەیـە کـە هۆکـاری دەرەکیـی هەیەو بەشێوەیەکی مەزن زادەی هێزە دەرەکییەکانـە. بـۆ نموونـە، پشتگیرییکردنی سـوپای فەرەنـسیی لـە کۆمارەکـەی ١٧٩٩. دووەم ئەوانـەن زۆربـەی جـار ماوەیـەکی کـاتیی دەخایـەنن. سـێیەم، ئـەو ئینتێلێجێنـسیایەی ئەزموونەکـەیان بەدیهێناوە، یان ناتوانن یاخود ناخوازن وەرچەرخانی ڕادیکاڵ بێننەدی لەوەی کە دەتوانرێت بە هەلومەرجەکانی پێش سەرمایەداریی لە گوندەکاندا وەسفبکرێت.

سستە شۆڕش، بەشێوەیەکی تایبەت کاتێك دەردەکەوێت کە جێبەجێبکرێت بۆ ڕاڤەکردنی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا کاتێك ڕەگەزە چالاکە بنەڕەتییەکە بریتیە لـە ئینتێلێجێسیای خۆماڵیی کە لەلایـەن هێنـدێك ڕەوشگەلی دەرەکییەوە بەرەو قۆناغە سیاسییەکە پاڵدەنرێت، بەڵام کاتێك پشتگیریی جەماوەریی بـۆ جووڵانەوەکە هـەر نییـە یـاخود سـنووردارە. ئـەزموونی کۆمـارە کوردییەکـە لەمـەهاباد لەسـاڵی ١٩٤٦-١٩٤٧دا، هـەموو جیاکـەرەوەو تایبەتمەندییەکانی سستە شۆڕشی هەڵگرتووە.

یەکـەم، ئـەو هێـزە سـەرەکییەی کـە دەرەکیـی بـوو بریتیبـوو لـە پـشتگیریی یـەکێتی سـۆڤێت بـۆ کۆمارەکـە، هانـدان لـە حکومەتەکەی ئازەربایجانەوە دەهـات کـە سـۆڤێت پـشتگیریی لێدەکرد، هـەروەها لـە هەلومـەرجی لـەباری نێودەوڵـەتیی. ڕەوشە نائاساییە نیشتیمانیی و نێونەتەوەیی -لاوازیی حکومەتی ئێرانیی لە کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکە، ئامـادەگیی هێـزە هاوپەیمانەکان لەئێران، بوونی هەستی دژە فاشیستی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی- فەزایەکی هێنایـەئارا کـە داواکارییـە دیموکراتییەکان و هەروەها چالاکییەکانی هاندا. دامەزراندنی حکومەتی خودموختاری لە ئازەربایجان، هەروەها بەڵێنی پـشتگیریی لـە یـەکێتی سـۆڤێتەوە، سـەرکردە کوردەکـانی ورووژانـد، ئەوانـەی بەشـێوەیەکی سـەرەکیی لـە حیزبـی دیموکراتی کوردستاندا کۆببوونەوە، و وایکرد پێکهاتنی کۆماری کوردستان ڕابگەیەنن.

---

[1] فێنسیزۆ کۆوکۆ بیرمەندێکی بایەخداری ئیتاڵییە کە سەبارەت بە شۆڕشی فەرنسیی کۆڵینەوەی کردووە، ئەو گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی کە پێویستە لەشۆڕش دووریکەوینەوە، هەروەها ئەو وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەزموونی فەرەنسیی، پێشنیازی مۆدێلی کۆمارەکەی ناپلیۆنی ١٧٩٩ دەکات، کاری چینی بۆرجوا لەلایەن سوپاوە پشتگیریی لێکراوە بێ بەشداریی جەماوەر بوو. کۆوکۆ چەمکی "سستە شۆڕش"ی داهێناوە بۆ وەسفکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی لەسەرەوە.
Quintin Hoare and Geoffrey Nowell Smith (trans. And ed.), Selections from the Prison Notebooks of Antonio Gramsci (London, 1986), on Italian history, especially pp. 106–24.

دووەم، کۆمارەکە تەمەنێکی کورتخایەنی بوو، لەسۆنگەی ئەوەوە کە ئامادەیی هێزە دەرەکییەکان و داگیرکاریی هاوپەیمانان بۆ ئێران ئاکامێکی کورتخایەنی دووەمین جەنگی جیهانیی بوو. کۆمارە کوردییەکە ماوەی یازدە مانگی خایاند و تەنیا سێیەکی تەواوی ناوچە کوردییەکانی لەژێر سایەدابوو. قەڵەمڕەوی کۆمار لە سەقزەوە بەرەو باکووری رۆژئاوا درێژبووەوە بەئاراستەی بەشەکانی باکووری کوردستانی ئێران، کە دانیشتووانێکی یەك ملیۆن کەسی هەبوو. ناوچەکانی دیکەی کوردستان، لەوانە زۆر لە ناوچە دەوڵەمەندەکان کەوتبوونە دەرەوەی کۆمارەکەو لە بوونی هێزێکی ئابووریی و مرۆیی بێبەشیان کردبوو. سێیەم، بەرنامەی کۆمارەکە سەبارەت بە ریفۆرمی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، ئەوەی کە هەبوو، سەبارەت بە خێڵگەرایی، خاوەندارییەتیی زەوی، هەروەها ریفۆرمی زەوی بێدەنگبوو. ئەم کەموکورتییە زادەی پێکهاتەی سەرکردایەتیی جووڵانەوەکە بوو، کە لەرووی سیاسیی و کەلتوورییەوە لەلایەن رۆشنبیرانی شارەکییەوە سەرکردایەتیی دەکراو لەهێندێك رووی سەربازیی و تاڕادەیەك سیاسییشەوە، پشتی بەسەرۆکخێڵەکان دەبەست، ئەوانەی بەرژەوەندییەکیان لە ریفۆرمگەلێکی کۆمەڵایەتیی وەك ریفۆرمی زەوی نەبوو.

## رەوشەکەی کوردستانی ئێران لە سەرەتاکانی ١٩٤٠کاندا

هەلومەرجی ساڵانی ١٩٤٠کانی کوردستانی ئێران، تاڕادەیەکی زۆر، زادەی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابوورییە بوو کە لەلایەن فەرمانڕەوای نوێی وڵاتەکەوە لەساڵانی ١٩٢٠کان و ١٩٣٠کاندا ئەنجامدران. کودەتایەك بە پاڵپشتی بریتانییەکان رێگەی لەبەردەم هاتنەکایەی حکومەتێکی مۆدێرن بەڵام دژە دیموکراتی رەزاشا خۆشکرد. لەسەردەمی رەزاشادا بوو کە هەوڵێکی کاریگەر درا لەپێناو بەناوەندییکردن و مۆدێرنەکردنی ئێراندا، لەوانە دامەزراندنی ئەرتەشی نوێ و بیرۆکراسی دەوڵەتیی. ئەوەی رەزاشا بەهۆیانەوە توانی دوو هێزە سەرەکییە نەیارەکەی خۆی پێ لاوازبکات کە ئەوانیش: عولەما و خێڵەکان بوون.[2] دەسەڵاتی رەزاشا نەك تەنیا لە رێگەی سوپا و کارگێڕییەکەیەوە، بەڵکو بەهۆی هێڵە ئاسنییە ئێرانگیرە نوێبنیادنراوەکەشیەوە گەیشتە قوژبنەکانی وڵاتەکە، بە ناوچە خێڵەکییەکانیشەوە. پلانەکەی بریتیبوو لە دامەزراندنی پیشەسازییەکی دەوڵەتیی و چڕکردنەوەی ژیانی ئابووریی و سیاسیی وڵاتەکە لەدەستی تارانی پایتەختدا، لەگەڵ پێدانی کەمترین دەسەڵاتێك بە هەرێمەکان. هەروەك لە بەشەکەی پێشوودا گفتوگۆمان لەبارەوە کرد، سیاسەتەکانی رەزاشا بەتوندیی کاریگەریی لەخەڵکە خێڵەکییەکە کرد لەئێراندا، پەیوەندییە خێڵەکییەکانی لاوازکرد و کارەکتەرە ئابووریی–کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە خێڵەکییەکەی گۆڕی، لەوانەش کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردیی، ئەوانەی سەرکردەکانیان ناچارکران ملکەچی حکومەتی ناوەندیی بن. ئەم حاڵەتە تاکو ئوتی ١٩٤١ بەردەوامبوو، کاتێك هێزە هاوپەیمانەکان خۆیان بەئێراندا کرد و رەزاشا ناچاربوو وڵاتەکە جێبهێڵێت.

ئامادەبوونی هێزە بیانییەکان لەئێران دۆخی سیاسیی وڵاتەکەی گۆڕی. کوردان دەرفەتەکەیان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی لەکوردستاندا قۆزتەوە. یەك لەم چەشنە هەوڵانە لە ١٣ی یەنایەری ١٩٤٢ لە شاری ورمێ روویدا کاتێك هەرێمەکە بەدەست خراپی باری ئابوورییەوە دەیناڵاند و ناڕەزایەتییەکی زۆر لەنێو دانیشتووانەکەدا هەبوو. لەوێ بەرزبوونەوەی رادەی بێکاریی، کەمیی خۆراك و زۆر لە کاڵاکانی دیکە نرخی شمەکی بەرزکردبووەوە. خەڵکی بەڕێوەبەرایەتیی دارایی و ئابوورییان لۆمەدەکرد بەوەی ئاوڕێك لە پێویستییەکانیان ناداتەوە. راپۆرتی دیپلۆماتێکی بریتانیی وتویەتی کە:" ئاو بڕاوە، خەڵکی ئاوی شارەکە دەبینن راست بەنێو شارەکەدا

[2] Nikki Keddie, 'The Iranian Power Structure and Social Change 1800–1969: An Overview,' International Journal of Middle East Studies 2 (1971), 3–20.

تێدەپەڕێت بۆئەوەی بڕژێتە نێو ئەو باخە تایبەتانەی کە خاوەنەکانیان بەوەناسراون بەرتیل بە کارمەندانی شارەبانی دەدەن، بەچەشنێك مزگەوتەکانیش بە پیس و پۆخڵی ماونەتەوە". راپۆرتەکە ئاماژەی بەوەداوە کە" ڕەوشی خۆراکی چەندە بێزارکەرو بەجدیی مەترسییدارە".[3] ئورکهارت، کۆنسوڵی گشتیی بریتانیی لە تەبریز، لە ژونی ١٩٤٢ لەراپۆرتێکدا ریشەی نائارامییەکانی لەشاری ورمێ روونکردۆتەوە:

" لەگەڵ سەردانی سەرهەنگ هاشمی بۆ ڕەزائییە ڕووداوەکان دەستیان پێکرد، ئەو سەرهەنگە فەرمانێکی دەرکرد بۆ کوردەکان لەناو شاردا نابێ چەك هەڵبگرن و داوای لەژاندارمەکانی کرد کە لەناو شیعەکانی دانیشتووی ئەوێو خەڵکانی دیکەدا هەڵیدەبژاردن و چەکداری دەکردن کە بەزوویی فەرمانەکانی جێبەجێبکەن، ئەو دەیویست هێزێکی گەورە پێکەوەبنێت. ئەم پیاوە بێ دیسپلینانە بەکوشتنی یەکەمین کوردێکی کەویستیان چەکی بکەن دەستیانپێکرد. زنجیرەیەك ڕووداوی بەدوا یەکدا وایان لەکورد کردبوو کەوا بزانن ئەفسەرانی فارس هەوڵی گێڕانەوەی دەسەڵاتی زۆردارانە ئەدەن بۆ ناوچەکە. کوڕەکەی شێخ تەها کە بەسواری عەرەبانەیەکەوە بووەو چەکی پێ بووە، دایانبەزاندووەو کوتیویانە...کوردێك جامانەیەکی لەسەردا بووە شەپازڵەیەکیان لێداوە. دوو کوڕو سێ خزمەتکاری حاجی ئاغا کە لەناو یان دەوروبەری شارەکە چەکیان هەڵگرتووە لەلایەن ژاندارمەکانەوە پەلاماردراون و تێیانهەڵداون."[4]

نزیکەی ٤٠٠ کورد چوونە نێو ورمێ و شارەکەیان گرت. ئەفسەرە فارسەکان لەشارەکە هەڵاتن و فارمانداری گشتیی ورمێش دەستی لەکار کێشایەوە. ئامانجەکە کە بریتیبوو لە دەرکردنی کارگێڕیی تاران لە شارەکەو گێڕانەوەی دەسەڵاتی خەڵکە خۆماڵییەکە، هاتەدی.[5] پەرەسەندنی هەلومەرجەکە بەچەشنێك بوو کەمتر بەقازانجی حکومەتی ناوەندیی بوو. بەرەو کۆتایی مایۆی ١٩٤٢، کۆبونەوەیەك لە ورمێ ئەنجامدرا کە سەرکردەی پۆلیس، دوازدە سەرۆکی کورد، کۆنسوڵی گشتیی سۆڤێت لە تەبریزو چەند ئەفسەرێکی سوپای سوور ئامادەبوون. سەرکردە کوردەکان ئەم داواو پێشمەرجانەی خوارەوەیان بۆ ڕێکەوتنێکی ئاشتیی پێشکەش کرد. هەروەك دەتوانرێت ببینرێت، ئەو زمانەی کە لەلایەن نوێنەرەکانەوە بەکارهاتووە هەرچەندە سروشتی خێڵەکیی کوردستان ڕووندەکاتەوە، هەروەها ئاگاییەکی نەتەوەییش پێشاندەدات بەو داواکارییانەی سەبارەت بە دامەزراندنی خوێندنگا بە کوردیی و هەروەها ئازادیی لە بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆییدا پێشکەشکراون:

١. پۆستی ژاندارم لەناوچە کوردنشینەکانی نێوان خۆی و مەهاباد نەمێنێ.
٢. ڕێگا بدرێتە کوردەکان چەك هەڵگرن.
٣. ئەو (١٢٠٠) تفەنگەی دەڵێن بەسەر فارسە لادێیەکانی مەڵبەندی ڕەزائییەدا دابەشکراوە کۆبکرێتەوە.
٤. لەهەر دائیرەیەکی حکومەتدا لەڕەزائییە نوێنەرێکی کورد هەبێت.
٥. کوردەکان لەکاروباری نەتەوەییاندا ئازادبن.
٦. حکومەتی ئێران قوتابخانە لەکوردستاندا بکاتەوە کەبەزمانی کوردیی تیایدا بخوێندرێت.
٧. ئەو زەوییانەی زەوتکراون بدرێتەوە دەست خاوەنە کوردە ڕاستەقینەکانیان.
٨ . ئەو بیست کوردەی ئێستا لەزینداندان ئازاد بکرێن [6]

---

[3] FO/371/31391, 1942.
[4] FO/371/31426, May 1942.
[5] FO/371/31388, January 1942.
[6] FO/371/31414, May 1942.

فەرمانداری گشتیی ئەم داواکارییانەی بەجدیی وەرنەگرت. هەرچەندە، دانوسان بەردەوامبوو، ئەو هەوڵیدا کە هەردوو سەرکردە کوردە بەرچاوەکەی مەهاباد کە قازیی محەمەدو شێخ عەبدوڵڵا بوون، قایل بکات بێنە ناو مەسەلەکەوەو رەوشەکە لەورمێ هێوربکەنەوە. ئەم دەستێوەردانەی بووەهۆی گەڕانەوەی ئاشتییانەی پێکهاتەی بنەڕەتیی لەشکری ئێرانیی بۆ ورمێ لە ١ی ژوونی ١٩٤٢دا.

ئەو هۆکارەی وایکرد پەیوەندیی بە سەرکردە کوردەکانی لەمەهابادەوە بکرێت بۆ دانوسان ئەوەبوو کە، مەهابادو سەرکردەکانی هەمیشە وەك ناوکی جووڵانەوەی کوردیی بۆ سەربەخۆیی ئەژماردەکران.[7] لەنێوان هەردوو جەنگە جهانییەکەدا، مەڵبەندی مەهاباد کاریگەریی سیاسەتەکانی رەزاشای سەبارەت بە کوردستان بەسەرەوەبوو، ئەوەی بە وتەی ئیگلتۆن، رەگەزێکی گشتیی بوو بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئێران لەشێوەی "یەکێتییەکی نیشتیمانیی نوێدا".[8] ئەو ملی بەخێڵەکان کەچ دەکرد، هێندێك جار لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوە، هەروەها سەرۆکخێڵەکانی رادەگوێزا. سیاسەتەکانی رەزاشا زۆر لەوەش تێپەڕیکردو لەو هەوڵانەدا خۆی بینیەوە کە سەبارەت بە سەپاندنی زمانی فارسیی و جلوبەرگی رۆژئاوایی دران. هەرچەندە، کاتێك هێزە هاوپەیمانەکان ئێرانیان داگیرکرد بۆئەوەی پشتگیریی سۆڤێت بکەن لەبەرەی جەنگی سۆڤێت–ئەڵمانیادا، لەشکری سۆڤێتیی چوونە نێو مەهابادو هێزە ئێرانییەکان، پۆلیسی سەربازیی، ژاندارمەریی و هێزەکانی پۆلیس بێ بەرەنگاریی خۆیان بەدەستەوەدا. لەنەبوونی هێزێکی کاریگەرو کۆنترۆڵکەردا، دەتوانرا بەئاسانیی شارەکە تاڵانبکرێت. لەهەلومەرجێکی لەم چەشنەدا بوو کە قازیی محەمەد[9] و سەدر قازیی برای کۆنترۆڵی شارەکەیان کردو ئاشتیی و ئاسایشیان تێدا دامەزراند.[10]

## پرسی کوردو زلهێزەکان

لەدەمێکدا کە هاتنی هێزە بیانییەکان بۆ ئێران ببووە هۆکارێکی هاندەر لە سەرهەڵدانی راپەرینە ئیتنییەکان لە قوژبنە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەدا، لەوانەش کوردستان، من بە کورتیی ئاماژە بە هەڵوێستی ئەو هێزانە لەهەمبەر کوردان دەدەم. هەموو ئەو دۆکیومێنتانەی لەبەردەستدان سەبارەت بە کۆڵینەوە لە چالاکییەکانی سۆڤێت لەوماوەیەدا کە ئەم بەشە بایەخی پێداوە یان لە سەرچاوەکانی هاوپەیمانانەوەیە یاخود ئێرانییەکان. دەستڕانەگەیشتن بە ئەرشیڤی سۆڤێتیی( لانیکەم بۆ ئەم نووسینە) سەبارەت بەم ماوەیە وادەکات وێناکردنێکی روون سەبارەت بەهەڵوێستی سۆڤێتیی لەمەڕ جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی ئەستەم بێت. هەرچەندە، یەك لە واقیعیترین راپۆرت لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی بریتانیی بەناونیشانی " پەیوەندیی و چالاکییەکانی روسیا لەئێران هەر لە سێپتەمبەری ١٩٤١ەوە"

---

[7] مەهاباد کە بەفەرمی "سابلاغ"ی پێدەوترا، لەدەورانی هاتنی رەزاشا بۆ دەسەلات ناوی مەهابای لێنرا، ئەم شارە مێژووەکەی بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. گرنگترین ئەو خێڵانەی لەناوو دەوروبەری شارەکە دەژیان: مەنگوڕ، مامەش، پیران، گەور، سۆسنی، موکری.بوو. خێڵی گەورەی شار بریتیبوو لە دێبوکری. لەساڵانی ١٩٤٠کاندا، نزیکەی بیست بنەماڵەی گرنگی لەشارەکەدا دەژیان کە دەسەڵاتی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی شارەکەیان دابەشکردبوو. دەگونجێت کاریگەرترین بنەماڵەکانی مەهاباد شەمسی بورهانی، شێخی زەنبیل،و بنەماڵەی قازیی بن. ئەوەکەی دواییان رۆڵێکی گرنگی لە مێژووی کۆمارە کوردییەکەدا بینی. بڕوانە:
صمدی صمدی، تاریخچە مهاباد، مەهاباد، ١٩٨٤.

[8] William Eagleton, The Kurdish Republic (London, 1966), 12–13.

[9] قازیی محەمەد رۆڵێکی گرنگی لە پەرەسەندنی رووداوەکان بەرەو دامەزراندنی کۆماری کوردییەکەدا بینیی و دواتریش بوو بەسەرۆکی کۆمارەکە.

[10] صمد صمدی، نگاهی دیگر بە ژ.ك ، مهاباد، ١٩٨٤، ص٦–٧

نووسراوە، وێنەیەك سەبارەت بەو فەزا دژە سۆڤێتییە پێشاندەدات کە لەنێو زۆربەی کارمەندانی بیانیی لەئێراندا هەبوون.

" زۆر ئەستەمە بەشێوەیەکی بابەتییانە باس لەم مەسەلەیە بکرێت لەکاتێکدا چەندین دژەڕەوت هەن کە دەیانەوێت شتەکان بشێوێنن. هەروەها کاتێك زۆربەی کەس قسە لەبارەی بابەتگەلێکەوە دەکەن سەبارەت بە روسیا بەشێوەیەکی بێئومێدکەرانە لایەنگرانەیە. ئەم هەڵەیەش تەنیا بەسەر ئێرانیی و تەواوی نوێنەرانی هاوپەیمانانی ئێمە جێبەجێ نابێت بەڵکو هەروەها بەسەر کۆڵۆنییە بریتانییەکانیشدا چ تایبەت و چ فەرمیش. لەپرسە پەڕگرەکاندا مرۆ سەرسام دەبێت داخۆ ئەوە ئەڵمانەکانە کە ئێمە لەگەڵیاندا دەجەنگین یان نا. لەنێو کۆمەڵگەی هاوپەیمانەکاندا لە تاران زۆر هەن تائێستا وابیردەکەنەوە کە دەگونجێت بۆلشەویکێك بە بۆمبێکەوە لەپشت جێگاکەیەوە لەکاتی شەودا خۆی مەڵاس دابێت. ئەم هەڵوێستە لەلایەن روسەکانەوە بە تێبینینەکراوی تێناپەڕێت."[11]

سیاسەتی فەرمیی سۆڤیەتیی، وەك لەهێندێك لەو راپۆرتانەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیی رادیارە، بەشێوەیەکی سەرەکیی بەرجەستەی دەستێوەرنەدانی لەکاروباری ئێران دەکرد. ئەم سیاسەتی دەستێوەرنەدانە هێندەی بتوانرایە دەگیرایەبەر بەڵام کاتێکیش درك بەوەکرایە کە بەرژەوەندییەکانی جەنگی سۆڤێتیی رووبەڕووی پێشێلکردن ببووایەتەوە ئەوا کورتیدەهێنا. هەرچەندە، واپێدەچێت کە بەشێوەیەکی گشتیی ئەوە پەسەندکرابێت کە سۆڤێت ئێرانی وەك رێگایەکی سەرەکیی بۆ دەستپێڕاگەیشتنی کەلوپەل لەقەڵەمدابێت.:

"پێویستە سیاسەتی کورتخایەنی روسیا ئێران وەك دەروازەیەك ئەژماربکات کە کەلوپەلە پێویستییەکانی لێوە بگاتە بەرەی جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیا هەربۆیە بەشێوەیەکی ژیانیی بەرژەوەندییان لەوەدایە ببینن کە هیچ شتێك لەوڵاتەکەدا روونەدات کە تەگەرە بخاتە بەردەم گەیشتنی ئەو کەلوپەلانە."[12]

هێندەی پەیوەندیی بەکوردستانەوە هەیە، سۆڤیەتییەکان سیاسەتێکیان راگەیاند کە هانی کوردان نەدا بەڵکو هەموو شتێك بکەن بۆئەوەی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیی بێتەئارا. هەرچەندە، سۆڤیەتییەکان لەئێرانییەکان بەگومانبوون، بوونی هێزێکی زۆری حکومەتیی ئارامیی ناوچەکە دەشێوێنێت هەربۆیە ئەوەیان رەتکردەوە رێگە بەلەشکری ئێرانیی بدەن ئاشتیی ناوچەکە تێکبدات لەکاتێکدا کەبۆ خۆیان لەگەڵ ئەڵمانەکاندا لەبەرەی رۆژهەڵات لەجەنگەوە گلابوون. سۆڤیەتییەکان لەوباوەڕەدابوون کە مەسەلەی بنەڕەتیی بۆئەوان بوونی جۆرە جێگیرییەکە لەپێناو تێپەڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ یەکێتی سۆڤێت، هەروەها ئەوەش کە دروێنەی داهاتووی باشیان لە هەلومەرجێکی لەبارتردا دەستکەوێت.

سۆڤێت سیاسەتێکی روونیان لەهەمبەر کورد نەبوو. بەگشتیی سیاسەتێکی رۆژانەیان سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانەدا هەبوو کە سەریانهەڵدەدا. واپێدەچوو بەرژەوەندییەکی کەمیان لەکوردستاندا هەبووبێت. ئەوەی ئەوان پشتگیرییان دەکرد و بەلایانەوە بایەخداربوو، ئازەربایجان بوو. ئەوان بڕوایان بە سەرۆکەکانی کورد نەبوو، وەك کەسانێکی بێدسپلین لێیان دەڕوانین. هەرچەندە، ئەوان خێڵە کوردییەکانیان وەك هێزێکی سەربازیی ئەژماردەکرد کە بتوانن لە ئەگەری کێشمەکێش لەگەڵ تورکان سوودیان لێوەرگرن، ئەو تورکانەی کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە گومانی ئەوەی لێدەکرا بۆ پرسی ئەڵمانەکان هاوسۆز بێت. ئەوە تەنیا لە ماوەی کۆماری کوردستان لە مەهابادا بوو کە سۆڤێت راستەوخۆ پشتگیریی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی کرد. کاتێك جووڵانەوەکە و سەرکردەکانی پێدەچوو واپێشانبدەن کە وەك هێزێکی بایەخدار و نوێ دەرکەوتوون.

[11] FO/371/40172, 24 July 1944.
[12] FO/371/40172, 24 July 1944.

لەساڵی ١٩٤٤، سیاسەتی سۆڤێت لە راستییدا رێچکەی پشتگیرییکردنی دەسەڵاتدارانی ئێرانیی دژی کورد گرتەبەر. ئەم رێچکەیە بەشێکی زادەی ئەو راستییە بوو کە یەکێتی سۆڤێت خوازیاری جیاوکی نەوت بوو. ئەم بەرژەوەندییە لە سێپتەمبەری ١٩٤٤دا بۆ سەرۆك وەزیرانی ئێرانیی بەرجەستەکراوە. هەروەها زادەی ئەو راستییەبوو کە سۆڤێت خۆیان ئامادەنەکردبوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتە حەتمییانەی دەگونجا لەئاکامی چەککردنی خێڵە کوردییەکانەوە سەرهەڵبدات. ئەمە بەگوێرەی سیاسەتی گشتیی سۆڤێتەوە بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك ئەوەی بڵێی، ئەوان مەبەستیان نەبوو پشتگیریی کەمینەکان دژی زۆرینە بکەن لەهەرشوێنێك ئەگەری بەدەستهێنانی سەرنجی زۆرینەیان بەدەستهێنایە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بتوانن کەمینە وەك ئامرازێکی کاتیی دژی زۆرینە بەکاربێنن.

سیاسەتی بریتانیی لەکوردستان بریتیبوو لە تێوەنەگلانو هەروەها خۆدوورخستنەوە لە دەستێوەردانی سەربازیی. بریتانییەکان مشتومڕیان لەبارەی ئەوەوە کرد کە:

١- دەگونجێت کە بریتانییەکان دواجار نەتوانن کۆنترۆڵی خێڵەکان بکەن.

٢- دەگونجێت بریتانییەکان لە کێشمەکێشێکی بێکۆتایی و تاقەتپڕوکێنی نێوان خێڵەکاندا تێوەبگلێن. هەروەها هیچ زامنێك نەبوو کە ئەم خێڵانە وەك هێزێکی کاریگەر بتوانن بەرگریی دژی پێشڕەویی ئەڵمانەکان بکەن.

٣- دەگونجێت پشتگیریی بریتانیی بۆ خێڵەکان هێشتا نەسەلمابێت ئەگەر حکومەتی ناوەندیی بڕیارییدابێت کە سەرکوتیان بکات.

جۆن کوك، کۆنسوڵی بریتانیی لەکرماشان، لەراپۆرتێکیدا بڕارەی خۆی لەوبارەیەوە وەسفدەکات:

" لەنێو هەموو خێڵەکاندا، بێزارییەکەی تاڵو بێوێنە دژ بە کارمەندانی ئێرانیی هەیە، بەتایبەت لەشکرو پۆلیس هەروەها پێداگریان وایە کە بەهەر نرخێك بێت، بەمردن یان دوورخستنەوە، ناوچە خێڵەکییەکان ناگەڕێنەوە بۆ هەمان رەوشی پێشوو. پاش دە ساڵ لە دڵڕەقیی، ئیستغلال، زیندانییکردنی خێزانەکانیان، لەناوبردنی رانوماڵاتەکانیان، کشتوکاڵەکانیان، هەروەها گوندەکانیان کە دوو ساڵ سەربەخۆیی تەواوی بەدواداهات کە لەماوەیدا دەرفەتی تەواویان هەبووە ترسنۆکیی و ناشایستەیی تەواو بۆ حکومەتکردنێکی گونجاو لە ستەمکارانی پێشوویان ببینن ئەوەندە بەسە بۆ لێکدانەوەی هەموو ئەمە. ئەوان داوای هەمان مامەڵە دەکەن هەروەك کوردانی نزیك لە سنووریان کە لە عێراقن، بەوەی خوێندنی سەرەتایی، مامەڵەیەکی شیاوو هێندێك کارمەندی کوردیان هەبێت... چ لەسەر نەخشە بیانسڕنەوە (هەروەك مۆدێلە تورکییەکە) یاخود مامەڵەیەکی دادپەروەرانەیان لەگەڵ بکرێت لەسایەی بایەخی بریتانییدا (هەروەك چارەسەرێییەکەی پرسی کوردی عێراق). ئەوەی رێگە بە ئێرانییەکان بدرێت کەوەك پێشوو بگەڕێنەوە ئەویَ، یان یارمەتی یاخود هاوسۆزیی دەربڕین لەگەڵ حکومەتی ئێرانیی ئێستا لە هەڵوێستو سیاسەتە فێڵبازانەو فرە گوماناوییەکانی یاخود لاوازییەکی زیاتری سیاسەت لەم ناوچەیە شتێکە مەحاڵەو ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی ئێمەو هەموو هاوپەیمانەکانمان لەم جەنگەدا بەرگریمان لێکرد."[13]

بریتانییەکان لەوە دەسڵەمینەوە کە گومانی ئێرانییەکانو تورکان یاخود حکومەتی سۆڤێت بەهۆی دەستوەردانە نێو کاروباری کوردانەوە نەوروژێنن. دەسەڵاتدارە سەربازییەکان فەرمانیان وەرگرتبوو کە هیچ کارێك نەکەن بتوانرێت وا لێکبدرێتەوە کە پشتگیرییە لە "کوردانی راپەڕیو". ئەوان لەو بڕوایەدابوون کە دەسەڵاتدارانی ئێرانیی سەبارەت بە دڵسۆزیی بریتانییەکان بۆ پشتگیرییکردنی حکومەتی ناوەندیی بەگومانبوون. بریتانییەکان وتویانە کە ئەوان

[13] FO/371/35094, August 1943.

پشتگیریی کورد دژی حکومەتی ئێران ناکەن لەبەرئەوەی ئەوان بە باشیی "ناجێگیریی" و هەڵبەزودابەزی کەسایەتیی کوردیی دەزانن تائەوەی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت یاخود متمانەیان پێبکرێت.[١٤]

پێشنیازی ئەوان بۆ بنەمایەکی گونجاو بۆ رێکەوتنێك لە کوردستاندا بریتیبوو لە دامەزراندنی فەرمانڕەوایەکی کورد لە کوردستان کە ئەفسەرێکی سیاسیی بریتانیی راوێژکاری بێت.[١٥] دواتر، لەساڵی ١٩٤٢دا، کاتێك بریتانییەکان بینیان کە حکومەتی ئێرانیی و ئەرتەش ناتوانن ئارامیی بۆناوچەکە بگێڕنەوە، بیریان لەوەکردەوە شتەکان بخەنە بندەستی خۆیانەوە. ئەوان پێشنیازیانکرد کە ئەو دوو تیپەی کە لە یەکێتی سۆڤێتەوە شوێنیان چۆڵکردووە پێویستە بەکاربهێنرێن بۆ پاراستنی هێڵەکانی پەیوەندیی هەروەها دەبێت چەندە زووە ئەوانە چەکداربکرێن و رابهێنرێن. ئەوان وا بیریان دەکردەوە کە کە ئەو تیپانە دەتوانن هێزەکانی ئێرانیی پتەو بکەن ئەگەر خێڵەکان سەلماندیان کە ئاژاوەدەنێنەوەو پێویستە هێز بەکاربهێنرێت. هەروەها هەستیانکرد کە هێز پێشاندان دەتوانێت چاوسوورکەرێك بێت بۆ خێڵەکان و وایانلێبکات لە سازشکردندا ملکەچتر بن.[١٦]

**کۆمارە کوردییەکە: ئەو هۆکارانەی وایانکرد ببێتە جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی**

بۆئەوەی جووڵانەوەیەك وەك جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بناسێنرێت دەبێت ئەو پرسەی لێی دەکۆڵرێتەوە لەگەڵ نموونەیەکی دیکەدا بەراوردبکرێت و سیماو تایبەتمەندییە گشتییەکانی دیاریبکرێت کە زانا و مێژوونووسان وەك بنەمایەکی سەرەکیی بۆ زۆربەی جووڵانەوە نەتەوەییەکانی دادەنێن. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو رادەیەی کە جووڵانەوەکەی مەهاباد تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی هەیە، ئاماژەم بە وتارەکەی میرۆسلاڤ هۆرچ داوە سەبارەت بە جووڵانەوە نەتەوەییەکان.[١٧] من مشتومڕەکەی ئەوم وەك پێودانگێك داناوە بۆ پێوانەکردنی رادەی نەتەوایەتیی لە کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد لەساڵی ١٩٤٦دا. هۆرچ راڤەی پەرەسەندن و پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەورووپادا کردووە، مشتومڕی کردووە سەبارەت بە دەستپێکردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کە بەپێی وتەی ئەو، "کاتێك گروپێکی دەستنیشانکراو لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئیتنیی نابالادەستدا دەستدەکات بە گفتوگۆکردن لەمەڕ ئیتنییەتی خۆی و وەك ئەگەری بوون بە نەتەوەیەك وێنای دەکات"[١٨] ئەو زیاتر مشتومڕدەکات، بەگشتیی، کەپەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوەیی، هەر لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی سەرکەوتنی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، سێ قۆناغی ستراکتۆری دەپێوێت: قۆناغی (أ) بە هەوڵگەلێکی بەرایی لەلایەن گروپێکی چالاکوانی دەستنیشانکراوەوە دەستپێدەکات کە جەخت لە تایبەتمەندییە زمانیی، کەلتووریی، کۆمەڵایەتیی و هەروەها هێندێك جار مێژوویی کۆمەڵگەیەکی نابالادەست دەکەنەوە. قۆناغی (ب) بریتییە لە پشکوتنی جۆرێکی دیکە لە چالاکیی کە هەوڵەکانی بەشێوەیەکی سەرەکیی بریتیە لە راکێشانی ئەوەندەی بکرێت لە چەندین ئەندام لە گروپە ئیتنییەکە بۆ پرسی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەروەها زێدەکردنی ئاگاییان سەبارەت بەو کێشەیە (وروژانی نەتەوەیی). قۆناغی (ج) ئەو ماوەیەیە کە تێیدا زۆرینەی گروپە ئیتنییەکە رادەکێشرێتە نێو جووڵانەوەی بونیاتی نەتەوەییەوە کە هەروەها مینبەری جۆراوجۆری بەر بەرنامەگەلێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە پێکهێنابوو.[١٩]

---

[14] FO/371/E8605, December 1941.
[15] FO/371/8463, December 1941.
[16] FO/371/31390, February 1942.
[17] Miroslav Hroch, 'From National Movement to the Fully Formed Nations,' New Left Review, 198 (March/April 1993), 3–20.
[18] Ibid., 6.
[19] Ibid., 6–7.

هۆرچ مشتومڕی لەوبارەیەوە کردووە کە بۆئەوەی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بێتەدی بوونی ڕەوشگەلێکی دیارییکراو مەسەلەیەکی گەوهەرییە:

(١) بوونی قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لە سیستمە کۆنەکەدا، هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی دژواریی و ئاسۆی نوێ.

(٢) دەرکەوتنی ناڕەزایەتیی لەنێو ڕەگەزگەلێکی بایەخداری دانیشتووانەکەدا.

(٣) بڕوانەمان بە سیستمە مۆراڵییە سوننەتییەکە.

هۆرچ، زیاتر جەختدەکاتەوە لەوەی کە لە حاڵەتی ئەوەی دواییاندا مەسەلەی داکشانی ڕەوایەتیی ئاینیی گرنگە ( هەرچەندە، ئێمە لە ڕاڤەکردنی پرسە کوردییەکەدا درکمان بەوە کردووە کە لەجیاتی لاوازبوونی ڕەوایەتیی ئاینیی، داکشان لە پەیوەندییە سوننەتییە خێڵەکییەکاندا بووە کە من پێشتر گفتوگۆم لەبارەوە کردووە.) هەرچەندە، بۆئەوەی ئەم ڕەوشگەلە بێتەدی و جووڵانەوە نەتەوەییەکە پێکبێت، ئەو دووبارە جەخت لەو قەیرانی ڕەوایەتییە دەکات کە ڕووبەڕووی گروپە باڵادەستەکە دەبێتەوە لەمامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەو دژواریی و بارگرانیە کۆمەڵایەتیی و مۆراڵیی و کەلتوورییەی لەلایەن گروپی ناباڵادەستەوە هەستپێدەکرێت.[*] ئامادەگیی گروپێك لە خەڵکانی خوێندەوار(ڕۆشنبیران) لە گروپە ئیتنییە ناباڵادەستەکە، ئامادەگیی ڕەوشگەلێکی کۆمەڵایەتیی لەوانەش خوێندنەوە و نووسین و خوێندنگاو پەیوەندییەکانی بازاڕ و هەروەها بوونی ململانێ و کێشمەکێشی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، دژوارییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بنەمای دابەشبوونە زمانیی و ئاینییەکان ڕاوەستاون.[21]

هۆرچ ئاماژە بەو فاکتەرانەی سەرەوە دەدات وەك مەسەلەیەکی بنەڕەتیی لە پێکهاتنی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی کە خۆی لە بەئاگاهاتنەوەیەکی ئیتنیی لەنێو گروپێکی ڕۆشنبیرانەوە بۆ جووڵانەوەیەکی جەماوەریی وەردەچەرخێنێت. لە پرسی کۆمارە کوردییەکەدا، نزیکەی هەموو ئەم فاکتەرانەی بەسەردا جێبەجێدەبن. حکومەتی ئێرانیی قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی–سیاسیی ڕووبەڕوو بۆتەوە و نەیتوانیوە چارەسەری بکات. لەوە زیاتر، بوونی هێزە هاوپەیمانەکانیش لەوڵاتەکەدا ببووە سەرباری گرفتەکانی حکومەتی ناوەندیی لەکاتێکدا زەمینەیان بۆ هاندانی کۆمەڵە ئیتنییەکانیان لە خەباتی نەتەوایەتییاندا خۆشدەکرد. ناڕەزایەتییەکی مەزن دژی حکومەتی ناوەندیی و هەڵسوڕان و ئاکاری کارمەندە گەندەڵە خۆجێییەکانی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمە کوردییەکاندا هەبوو. لەئاکامی ئەو گۆڕانە ئابووریی و کۆمەڵایەتییانەی زادەی نیشتەجێکردن بوون، فراوانکاریی لە بوونی هێندێك گروپی وەك خوێندەوارانی چینی ناوەڕاست و کارمەندانی بەشە خزمەتگوزارییەکان هاتەئارا، ئەوانەی پەیوەستێکی زێدەتریان بە ناوەندی شارەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە هەبوو، هەروەها چەکداربوون بە هزرو ئایدیای نوێی وەك نەتەوایەتیی و مافی خۆدیارییکردنی چارەنووس کەلەلایەن ڕۆشنبیرانەوە فێرکرابوون. ئەمەش بۆخۆی ببووە هۆی زیاتر لاوازبوونی پەیوەستەگیی و پەیوەندییە خێڵەکییەکان ( ئەوەی کە نزیکەی هەر دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان دەستی

[*] (احمد کمانگر) کە بۆخۆی کارمەندێکی حکومەتی ئێران و وەکیلی پایەی ١ی دادگای شاری سنە بوو، لەئایاری ساڵی ١٩٤٥واتە ٧ مانگ پێش دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان لەمەهاباد، لەتەلەگرافێکیدا ئەوەی پێشنیاری دەوڵەت کردبوو کەمادامەکی دەزگاکانی حکومەت لەتواناناندا نییە بەکارامەیی کاروبارەکانی ناوچەکە ڕاپەڕێنن، چی دەبێت ئەگەر حکومەت (استقلال ناقص / واتە خودموختاریی) بەخەڵکی کوردستان بدات تا بۆخۆیان بەکاروباری خۆیاندا ڕابگەن" کوهستان، ٧ خرداد ١٣٢٤. هەر خودی قازیی محەمەد دواتر بەئاشکرا ئاماژەی بەم لایەنەدا کەوتی:" ئەگەر ئێمە ئەمرۆ پێدائەگرین لەسەر داوای ئۆتۆنۆمییەکی جوزئی بۆ وڵاتەکەمان، گوناحی حکومەتی ناوەندییە کەهیچی نەکردووە بۆ باشکردنی وەزعی ئێمە، ئێمە بەڕاستی حەز دەکەین ڕێگەی پێشکەوتن بگرین، ئێمە حەز ناکەین لاسایی ئەمەریکاو ڕووسیا بکەینەوە بەڵام ئەوەش ڕەت دەکەینەوە کە وەك ئاژەڵی وڵاتانی شارستانی بژین."

[21] Ibid., 12.

بەلاوازیی کردبوو) ئەوەی پێشتر ئامرازگەلێکی گرنگی خۆناساندنی زۆربەی کوردان بوو. وەرچەرخانی گشتیی کۆمەڵگەی کوردیی لەدوای نیشتەجێبوونی خێڵەکان و فراوانبوونی شارەکانەوە دەستپێدەکات و تاڕادەیەك کە بەشێکی دانیشتووانەکە هۆکارگەلێکی بەرپرسی ڕێبەریی بوون لە پەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردییدا.

هۆرچ، لە باسەکەی خۆیدا گفتوگۆ لەبارەی ئەو سیماو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییانە دەکات کە لە پرسی زۆربەی جووڵانەوە نەتەوەییەکاندا وەك مەسەلەیەکی هاوبەش دەردەکەوێت:

- پرۆفایلی کۆمەڵایەتیی و دابەشبوونی هەرێمیی چالاکوان و ڕێبەرایەتییە نیشتمانییەکە.
- ڕۆڵی زمان وەك سیمبولێك و گوازەرەوەیەکی ناساندن.
- شوێنی شانۆ(هەروەها مۆزیك و فۆلکلۆر) لە جووڵانەوەی نەتەوەییدا.
- بەرجەستەبوون یان شتێکی لەوبابەتەی وەك مافە مەدەنییەکان وەك دواکاریی.
- گرنگیی بەئاگاهاتنەوەی مێژوویی.
- پێگەی سیستمی خوێندن و بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی.
- بەشداریی کڵێسا و کاریگەریی ئاین.
- بەشداریی ژن وەك چالاکوان و وەك سیمبوڵ.

ئەو مشتومڕدەکات سەبارەت بەوەی کە سیما و تایبەتمەندییەکانی دیکە کە تێکڕای جووڵانەوە نەتەوەییەکان تێدا بەشدارن بریتیە لە: داواکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانی ئەو جووڵانەوانە، دواکاریی سەبارەت بە پەرەپێدانی کەلتووریی نەتەوەیی کەبەشێوەیەکی بنەڕەتیی پشت بە زمانی خۆماڵیی و لۆکاڵیی و بەکارهێنانی لە خوێندن و پەروەردەدا دەبەستێت، هەروەها کارگێڕیی و ژیانی ئابووریی: داوای خۆدیارییکردنی چارەنووس، لە قۆناغی بەراییدا لەشێوەی خودموختاری و دواتریش لەپاش پەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوەیی لەشێوەی سەربەخۆییدا. هەروەها داواکاری بۆ بنیاتنانی ستراکتۆری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کەلەلایەن بژاردەی ڕۆشنبیران و گروپی کارگێڕیی و چینی بازرگانان و وەبەرهێنەران و جووتیارانی سەربەست و کرێکارە ڕێکخراوەکانی گروپە ئیتنییەکەوە فۆرمەڵە بکرێت،[22] بەلەبەرچاوگرتنی ئەم چوارچێوەیە، دەچمە سەر باسی خودی کۆمارەکە و ئەو فاکتەرانە راڤە دەکەم کە ئەم جووڵانەوەیە وەك جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی پێناسە دەکەن.

## ئامادەکاریی سیاسیی

### دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك

لەساڵی ١٩٤٢دا، کوردانی ناوچەی دەوروبەری مەهاباد بۆ یەکەمجار ڕێکخراوی سیاسییان ئەزموونکرد. ئەزموونێکی بەو چەشنە کە جووڵانەوەی کوردیی لەپاش دووەمین جەنگی جیهانیی لە ڕاپەڕینە بەراییەکەی سمکۆ جیاکردەوە، هەرچەندە ئەم ڕێکخراوانە لەرووی رووخسارەوە پێنەگەیشتوو و سنووردرابوو، بەڵام بەروونی لەرووی زمان و بەرنامە و ئامانج و هەروەها ئاکاریانەوە نەتەوەیی بوون. یەکەمین جۆری ئەم ڕێکخراوانە لە کوردستانی ئێراندا کۆمەڵەی ژ.ك بوو.

---

[22] Ibid., 18.

کۆمەڵەی ژ.ك لەساڵی ١٩٤٢دا لەلایەن ١٨ کەسەوە دامەزرا کە هەموویان سەر بە خوێندەوارانی چینی ناوەڕاستو خێزانە ناسراوەکانی شار بوون، ئەوانە جگە لەدووانە عێراقییەکەیان، هەموویان خەڵکی مەهاباد بوون. ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی پێ دەوترا. دۆکیومێنتێکی کەم سەبارەت بەم ڕێکخراوە ژێرزەمینییە هەیە. هێندێك لەم زانیارییانەی خوارەوە زۆر دواتر لەلایەن یەکێك لە دامەزرێنەرانییەوە ئاشکراکراوە کە ئەویش مەلاقادر مودەریسی یە.[٢٣]

لەهاوینی ١٩٤٢دا، گروپێك لە کوردانی عێراق چوونە مەهاباد بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئەگەری دامەزراندنی لقێکی حیزبی"هیوا"ی عێراقی لە مەهاباد. نوێنەرانی حیزبی هیوا چەند کەسایەتییەکی بەرچاوی مەهابادیان بینی، بەڵام نوێنەرانی مەهاباد بەدوای شوناسێکی سەربەخۆدا دەگەڕانو ڕەتیانکردەوە ببنە ئەندامی پارتە کوردییە عێراقییەکە . لەبری ئەوە مشتومڕیان لەوبارەیەوە کرد کە پێویستە ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان لە کوردستانی ئێراندا هەبێت.

ئاکامی ئەم گفتوگۆیانەو پێویستییەکی خێرا بۆ ڕێکخراوێکی سیاسیی بووە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك. کۆمەڵە هەر لەسەرەتاوە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بوو. لۆگۆیەکی هەبوو کە خۆرێك بوو لەناوەڕاستەکەیدا پیتی ژ.ك نووسرابوو. ئاڵایەکی هەبوو کە لە سێ ڕەنگ پێکدەهات، سوور لە سەرەوە کە هێمایەك بوو بۆ خەباتی خوێناویی کورد لە رابردوودا، سپیش لەناوەڕاستدا کە بەرجەستەی دڵپاکیی و نیازپاکیی خەڵکی کوردستان بوو، سەوزیش لەژێرەوە کە هێمایەك بوو بۆ سەوزیی و بەپیتیی کوردستان.[٢٤] دەبوو ئەندامانی کۆمەڵە لەبەردەم نەخشەو ئاڵای کوردستان بەقورئان سوێندبخۆن کە سەبارەت بە بیروبڕواکانیان وەفاداربن. ئەو مەرجانەی پێویستبوون بۆ چوونە نێو کۆمەڵەوە بریتیبوو : لەدایکبابێکی کورد بیت، پێشتر دژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی کارت نەکردبێت، ئەندامی هیچ پارتی یان ڕێکخراوێکی دیکە نەبیت. ئەم مەرجانە دەتوانرا زۆر بە باشیی لە کوردانی غەیرە موسوڵماندا هەبێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەوکەسە داوای لێدەکرێت کە سوێندی وەفاداریی بە کتێبی پیرۆزی خۆی بخوات . هەروەك لە دەقی سوێندەکەوە دەتوانرێت ببینرێت، ئاماژەیەکی روون بۆ نەتەوەی کوردو سەربەخۆیی هەیە کە ڕەنگدانەوەی دیدی نەتەوەیی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەیە. سوێندی وەفادارییەکە لەم پابەندبوونانەی خوارەوە پێکدێت:

١- خیانەت نەکردن لە گەلی کورد.
٢- خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان.
٣- ئاشکرانەکردنی نهێنییەکانی کۆمەڵە، نە بە زمان، نە بە نووسین، نە بە ئیشارە.
٤- هەتا مردن وەك ئەندام بمێنێتەوە.
٥- هەموو پیاوو ژنێکی کورد وەك براو خوشکی خۆی ئەژماربکات.
٦- بەبێ ڕێگەپێدانی پارتەکەی نەچێتە نێو هیچ پارتو ڕێکخراوێکی دیکە.[٢٥]

وێڕای میرحاجو مستەفا خۆشناو کە هەردووکیان عێراقیی بوون، ئەو ١٦کەسەی دیکە کە لەدیداری دامەزراندنی کۆمەڵەدا ئامادەبوون لەگەڵ پێگەیان لە ڕێکخراوەکەدا بەم شێوەیەی لای خوراەوەیە:

---

23 سەید محەمەد چاوپێکەوتنی لەگەڵ قادر مودەریسی کردووە. لە : نگاهی دیگر بە مهاباد.

24 ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان هەمان ڕەنگەکانی ئاڵای ئێرانن بەڵام ڕێکخستنی ڕەتگەکان جیاوازن.

25 Eagleton, The Kurdish Republic, 36.

١- حوسێن فروهەر - سەرۆکی کۆمەڵە .
٢- قادری مودەریسی - سەرۆکی دەستەی راوێژکاریی.
٣- عەبدولرەحمان زەبیحی- خۆی نووسەر بوو، بەرپرسی چاپ و بڵاوکردنەوە.
٤- سەدیقی حەیدەری -دابەشکردن.
٥- نەجمەدینی تەوحیدی - ژمێریار
٦- محەمەد یاهو، سکرتێر.
٧- محەمەد شاپەسەندی، سکرتێر
٨- عەبدولرەحمانی ئیمامی - پشکنەر
٩- قاسمی قادری - ئەندامی راوێژکار.
١٠- محەمەد ئەسحابی - ئەندامی راوێژکار
١١- عەبدوڵڕەحمانی کەیانی - ئەندامی راوێژکار
١٢- حەمید مازوجی، ئەندامی رێکخستن.
١٣- محەمەد سەلیمی، کارمەندی ئۆفیس.
١٤- عەلی مەحموودی، ئەندامی کۆمەڵە.
١٥- محەمەدی نانەوازادە- فەرمانەدەی هێز.
١٦- مەلا عەبدوڵڵای داودی ئەندامی کۆمەڵە.[٢٦]

سەمەدی، لەکارە بڵاوکراوەکەی خۆیدا سەبارەت بە کۆمەڵەی ژ.ك کەپشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە لە تێبینی و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ مەلا قادر مودەریسی کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، کۆیکردوونەتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەندامانی دامەزرێنەر لەنێو مامۆستا و کارمەندە مەدەنییەکانی شاری مەهاباد بوون. دوانیان رووپەکی ئاینییان هەبوو، بەڵام نزیکەی هەموو ئەندامە دامەزرێنەرەکانی دیکەی کۆمەڵە لەخێزانەکانی سەربە چینی ناوەڕاست بوون.[٢٧]

کۆمەڵەی ژ.ك لە رێکخستنی چەندین شانە لەناوەندی شارەکانی وەك مەهاباد سەرکەوتوو بوو. ئەندامانی کۆمەڵە، وەك دامەزرێنەرانی، زۆربەیان خوێندەوارانی سەربەچینی ناوەڕاستی شارەکیی بوون، ئەو مامۆستاو کارمەندە حکومییانەی کە سەبارەت بە جووڵانەوەی کوردیی لەعێراق و هەروەها جووڵانەوە نەتەوەییەکانی گروپگەلە ئیتنییەکانی دیکەی ناوچەکە خوێندبووەوە یان زانیاریی شەخسییان لەبارەیانەوە هەبوو. هەرچەندە کە رێکخراوەکە لەبنەڕەتدا شارەکیی بوو، بەڵام ئەندامەکانی لەگرنگیی هێزو کاریگەریی خێڵەکیی بەئاگابوون. لەم رووەوە، کۆمەڵە کاریکرد بۆ فراوانکردنی لقەکانی خۆی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لەرێگەی هاندانی سەرۆکخێڵە خاوەن نفوزەکانەوە تاکو هاوکاریی بکەن. کۆمەڵە لە بۆکان، نەغەدە، سەقزو هەروەها کرماشان و بەشی باکوور لە کوردستان لقی هەبوو. قازیی محەمەد نە بووە ئەندامی کۆمەڵە و نە سوێندی وەفاداریشی بۆ خوارد، بەڵام پەیوەندییەکی نزیکی

---

[26] صمدی، نگاهی دیگر،ل ١٠.

[27] هەمان سەرچاوە، ل١٤.

لەگەڵدا هەبوو، هەمیشەش پشتگیریی بیرو بەرنامەکانی دەکرد. لەبەرامبەردا، کۆمەڵـەش ڕێزیـان لێدەگرتو گوێیـان لـە پێشنیازو ئامۆژگارییەکانی دەگرت.

کۆمەڵە بۆئەوەی چالاکییەکانی خۆی پەرەپێبدا، نوێنـەرانی خـۆی ڕەوانـەی کـەرکوك کـرد بۆئەوەی ئامادەکاریی بـۆ یەکێتیی نێوان کۆمەڵەی ژ.ك و حیزبی هیوا لەعێراق بکەن. هـەردوو ڕێکخراوەکە کەوتنـەکارکردن بـۆ ئـەوەی هاوکاریی بکـەن، هـەروەها لـەوەش زیـاتر، ئـەوان ڕێکـەوتن وەك نوێنـەرانی کـوردی چـوار وڵاتەکـە کـە گـەورەترین دانیـشتووانی کوردیـان تێدایـە، دیـدارێك بکـەن. ئـەم کۆبوونەوەیـە لەچیای دالانپـەڕ لەسـەر سـنوور ڕوویـدا لـەنێوان ئێـرانو عێـراقو تورکیادا. بەشداربووان بریتیبوون لە : عێراق: حەمزە ، ووردی، سەید عەبدوڵڵا عـەزیز گـەیلانیزادە، میرحـاجو مـستەفا خۆشـناو. تورکیـا: قـازیی مـەلا وەهـاب، سـوریا: قـەدری بـەگ کـوڕەزای جـەمیل پاشـای دیاربـەکر، هـەروەها لـە ئێـران (مـەهاباد): عەبدولڕەحمان زەبیحی، قاسمی قـادری قـازی، محەمـەد دڵـشاد، هـەروەها حـاجی ڕەحمـانی ئیلخـانی زادە. ئەوان پەیمانێکیان بەست بەناوی (پەیمانی سێ سنوور) کەتیایدا جـەخت لـە یـەکێتیی حیزبـەکانو برەوپێـدانی زمـانو کەلتووری کوردیی کرایەوە.[28]

کۆمەڵەی ژ.ك کاری بۆ هێنانەئارای هێندێك بڵاوکراوەو چالاکیی کەلتووریی کرد کە تێیدا مێژووو کەلتووری کوردیی بە تامو بۆیەکی بەهێزی نەتەوەیی خۆی پێشاندا. عەبدولڕەحمانی زەبیحی لەگـەڵ چاپخانەیەك لـە تـەبرێز ڕێکـەوتبوو کە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵـە چاپبکەن. لەهاوینی سـاڵی ١٩٤٢دا، یەکـەمین بڵاوکـراوە بـەکوردیی بـە ناونیـشانی " دیـاری کۆمەڵـەی ژ.ك بـۆ لاوانـی کـورد" بڵاوکرایـەوە کـە تێکـەڵێك بـوو لـە شـیعری سـێ شـاعیری کـورد . دیارییەکە بەجۆشـەوە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێکراو زۆری نـەبرد بەزەحمـەت دانەیـەکی چنـگ دەکـەوت. قازانجی یەکـەمین بڵاوکـراوەی کۆمەڵە بوو بە سەرمایەیەکی بنەڕەتیی بۆ بڵاوکردنـەوەی شـتی زیـاتر. دووەمـین بڵاوکـراوە ڕۆژ ژمێرێکـی کـوردیی بـوو بەناونیشانی "ڕۆژژمێری کۆمەڵە" کە لە نۆڤەمبەری ١٩٤٢دا بڵاوکرایەوە.

سێیەمین بڵاوکراوە چاپکردنی یەکەمین ژمارەی "نیشتیمان" بوو، کە بڵاوکراوەی فەرمیی کۆمەڵە بوو. یەکەمین ژمارە شـیعرو پەخـشانو مەرامنامـەی کۆمەڵـەو وتـاری سـەبارەت بەمێـژووی کـورد گرتبووەخـۆ. دوازدە ژمـارەی نیـشتیمان لەهەلومەرجێکی سەختدا چاپو بڵاوکرایەوە. ئەوەی بەجۆشێکی مەزنەوە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێکـراو هەوڵـدار بگەیەنرێتە بەشـە جیاوازەکـانی دیکـەی کوردسـتان. لەهەوڵـدا بـۆ دۆزینـەوەی چـاپخانەیەکی دیکـە،[29] لەسـاڵی ١٩٤٥دا، کۆمەڵە کەوتە ئەوەی ماشێنێکی چاپی بچووك بکڕێتو ڕەوانەی مـەهابادی بکـات کـە لـەوێ ژمـارە یـازدەو دوازدەی لـێ چـاپ بکرێـت. ئـەم بڵاوکراوانـە بەشـدارییان لـە دارایـی کۆمەڵـەدا کـرد. هـێمن کـە شـاعیرێکی کـوردە، لەپێـشەکی کتێبەکەیـدا "تاریـكو ڕوون" نووسـیویەتی کـە دارایـی کۆمەڵـە تـەنیا لەڕێگـەی ئابونـەی ئەندامـەکانیو فرۆشـتنی بڵاوکراوەکـانیو هـەروەها چـالاکیی دیکـەی وەك شـانۆوە بـوو.ئابونـەی ئەنـدامان بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـك دەدراو بڵاوکراوەکانیشی بە چەند ئەوەندە زیاتر لە نرخەکەی خۆی دەفرۆشرا. ئەو نووسیویەتی کە بۆخۆی بینیویـەتی چـون دانەیەك لە گۆڤاری نیشتیمان بە دووسەد ئەوەندەی نرخە ئەسڵییەکەی خۆی فرۆشراوە.

یەکێکی دیکە لەو ئامرازانەی بەکارهێنراوە لەلایەن سەرکردەکانی جووڵانەوە نەتەوەییەکانەوە بۆ پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی، هەروەك هۆرچ ئاماژەی پێداوە، بریتیـە لـە ڕۆڵـی شـانۆ. پێدەچێت کە کۆمەڵـەی ژ.ك هـەروەها سـەبارەت بـەم

[28] . Eagleton, The Kurdish Republic, 36.

[29] بۆماوەیەك ڕۆژنامەکە لە چاپخانەی "سعادت" چاپکرابوو. دەبوو پیتەکان بەوردیی ڕێکبخرێن بۆ چاپکردنی بابەتەکان. عەبدولڕەحمانی زەبیحیو محەمەدی وەلیزادەۆ چەند کەسێکی دیکە ئەرکی چاپکردنی بابەتـەکانی ڕۆژنامەکـەیان لەئەستۆگرتبوو کە دەبرایە ماڵەکـەیانو دواتر شەوێك پێش ئەوەی ڕۆژنامەکە چاپبکرێت دەچوونە چاپخانەو پێداچوونەوەیان بۆدەکرد. صمدی، نگاهی بە، ١٣.

مەسەلەیە بەئاگابوو بێت. بەدوای چالاکییەکانی لە مارتی ساڵی ١٩٤٥دا، کۆمەڵە شانۆیەکی ئۆپێرایی دراماتیکی بەناوی "دایکی نیشتیمان" ڕێکخست. ئەوەی چیرۆکێکی سادە بوو بەناوەرۆکێکی پەیامئامێزی نەتەوەیی بەهێز. ئۆپێراکە نمایشی ژنێکی دەکرد بەناوی "دایکی نیشتیمان" کە هێمایەك بوو بۆ نەتەوەی کورد کە لەلایەن سێ تاوانکارەوە کە بەرجەستەی عێراق و ئێران و تورکیایان دەکرد، سوکایەتیی پێدەکرا. بەڵام دواجار لەلایەن ڕۆڵە کوردە ئازاکانییەوە ڕزگار دەکرا. ئۆپێراکە وێڕای پەیامە نەتەوەییە دژبە حکومەتییەکەی کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو، نمایشکردنی بۆماوەی چەندین مانگ لە مەهاباد و شارەکانی دیکەی هەرێمی موکری بەردەوامبوو. ئەو ئۆپێرایە ئامانجەکەی خۆی وەك نمایشێکی نەتەوەیی و ئامرازێك بۆ هەڵکشانی هۆشیاریی نەتەوایەتیی کوردیی پێکا. ئیگلتن بەم چەشنە وەسفی ئۆپێراکە دەکات:

سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ زنجیرەیەك ڕووداو ڕوویانداً، کە وردە وردە وای لەجووڵانەوەی کوردیی کرد بگاتە خاڵی نەگەڕانەوە. لەمارتی ئەو ساڵەدا تاقمێکی بچووك لەلاوانی ئەو پارتە کارێکی سەرنجڕاکێشیان ئەنجامدا کە لەڕووی شێوە و کاریگەرییەوە بێوێنە بوو. ئەوەش شانۆنامەیەك بوو بەناوی "دایکی نیشتیمان"، هەروەها پەیامەکەش نەتەوایەتیی کوردیی بوو. دایکی نیشتیمان لەمەترسییدا بوو، فرمێسك لەچاوی بینەراندا قەتیس مابوو، دایکی نیشتیمان بەزنجیر کۆتکرابوو، تەماشاکەران دەیانناڵاند، هەروەها دواجار دایکی نیشتیمان لەلایەن کوڕەکانیەوە ڕزگارکراو بوو بە چەپڵەلێدانی هەمووان...فەزاکە پڕبوو لە نەتەوایەتیی کاتێك دایکی نیشتیمان کاریگەرییەکی قووڵی لەنێو کورداندا هێنایەئارا، ئەوانەی بۆ یەکەمین جار بوو نەهامەتییەکانی خۆیان بەو شێوە سەرنجڕاکێش و دراماتیکیە ببینن. نمایشکاران تایبەتمەندی ئاینیان لەبەرچاوگرتبوو، گۆڕانەکان زۆربوون، دوای چەند مانگان ئەو نمایشە بۆتەواوی خێزانەکانی مەهاباد پێشکەشکرا، ئنجا لەوناوچەیە چووە دەر، لە ژوونیەی ١٩٤٥دا، چووە ناوچەی بندەسەڵاتی سۆڤێت لە شنۆ، ئەفسەرێکی ڕوسی کە بەرپرس بوو ناڕەزایەتیی لە پەیامی دژە ئێرانیی شانۆنامەکە دەربڕی و فەرمانیدا لەجیاتی ئێران پێویستە نازییەکان ڕۆڵی تاوانکارەکانیان بدرێتێ."[٣٠]

## دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەئێران

لەگەڵ پەرەسەندنی جووڵانەوەی کوردیی بۆ سەربەخۆیی، پێویستیی بە ڕێکخراوێکی هەمەلایەنترو گشتگیرتر کە بتوانێت بەئاشکرا لەچالاکییەکانی بەردەوام بێت بووە مەسەلەیەکی گرنگ و بەپەلە. کۆمەڵەی ژ.ك کە سروشتێکی ژێرزەمینی هەبوو بۆئەم ئەرکە گونجاو نەبوو. لەئوتی ساڵی ١٩٤٥دا، کۆمەڵەی ژ.ك هەڵوەشایەوە،[٣١] لەشوێنی ئەو حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەوە دیارنییە کە چ کێشمەکێشێك، ئەگەر بووبێت، لەنێو سەرکردایەتیی کۆمەڵەدا ڕوویداوە. بەلەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی سەرکردایەتییەکەی، ڕێحەزو خولیا و تێڕوانینی تاکەکان سەبارەت بە

[30] Eagleton, The Kurdish Republic, 40.

[31] مێژووی تەواوی دامەزراندنی حیزبەکە بابەتێکە ناکۆکیی لەسەرە. ئیگڵتن دەڵێت گوایە لەدوای دووەم سەردانی ڕێبەرانی کورد بۆ باکۆ حیزبەکە دامەزراوە، گوایە دامەزراندنی حیزبەکە ویستی سۆڤێت بووە.(سۆڤیوتییەکان دووجار ڕێبەرانی کوردانیان بانگێشتی باکۆ کرد، لە نۆڤەمبەری ١٩٤١و سێپتەمبەری ١٩٤٥) هەرچەندە زۆر لەنووسەری کورد لەبارەی مێژووەوە دەریدەخەن کە دامەزراندنی حیزب پێش سەردانی باکۆ بووە(سێپتەمبەری ١٩٤٥) عبدالرحمن قاسملو ,چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی , کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران , بەرگی یەکەم , چاپی دووەم , ١٩٨٨.
Chris Kutschera, Kurdistan, reprint from Ketab-i Jumeh, 19, 20,

سەربەخۆیی، پێدەچێت هێندێك ناكۆكیی سەبارەت بە ئایندەی جووڵانەوەكەو ڕێكخراوەكە ڕوویدابێت. ئیگلتن بەمشێوەیەی خوارەوە ئاماژەی بە دامەزراندنی حیزبی دیموكراتی كوردستان داوە:

" لەسێپتەمبەری ١٩٤٥دا، كۆنسوڵی سۆڤێتی لە ڕەزائیە ناوەندی پەیوەندییە كەلتورییەكانی لەمەهاباد كردەوە.[٣٢] لەبەرئەوەی كۆمەڵە وەك ڕێكخراوێكی نهێنیی هێشتا شوێنێكی ئاشكرای بۆ كۆبوونەوە نەبوو، تاقمێك كە لە نزیكەی شەست كەسایەتییەكی خێڵەكیی و سەركردەی شارەكان پێكدەهات كەپێكەوە لەلایەن قازیی محەمەدەوە بانگێشت كرابوون لە ڕۆژێكی نۆڤەمبەری ١٩٤٥دا لە ناوەندی كەلتووریی كۆبوونەوە...قسەكانی قازیی، وتەیەكی هێواش و پشتبەستوو بە لۆژیك و هێز، باسی لەسەردانەكەی باكۆ كردو چووە سەر ئامۆژگارییەكەی باقرۆڤ كە پێویستە كۆمەڵە ناوەكەی خۆی بگۆڕێت، خۆی و ئەركەكەی ئاشكرابكات و لەژێر ئاڵای دیموكراتیدا...قازیی محەمەد نە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندییە كۆنەكە بوو نە لە حیزبە نوێیەكەشدا دەبوو، ئەو تەنیا بەردەوام بوو لەدەستبەسەرداگرتنی جووڵانەوە كوردییەكە، بەئامۆژگاریی ڕوسەكان لەپشتی پەردەوە، هەروەك پێشتر كە ببووە ئەندامی كۆمەڵە."[٣٣]

دامەزراندنی حیزبی دیموكراتی كوردستان بەڵگەی پەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوەیی كوردە، ئەو حیزبە لەرێگەی ئامـاج و چـالاكیی و بڵاوكراوەكانییەوە، بووە بەدەنەی سیاسیی و ئایدیۆلۆجیی جووڵانەوەكە. لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٤٥دا، حیزبی دیموكراتی كوردستان لەلایەن قازیی محەمەدەوە ڕێبەرایەتیی كرا، بەیاننامەیەكی بڵاوكردەوە كە لەلاپەڕەیەكی گەورەدا مەرامنامەی خۆی بە زمانی كوردیی و فارسیی ڕاگەیاندبوو:

بسم الله الرحمن الرحيم

بەیان نامەی حیزبی دیموكراتی كوردستان

هاونیشتمانان ـ برایان

ئاگری شەڕی جیهانگیر كەبەهۆی دوژمنانی ئازادیی و لەژێر پێ نەرانی دیموكراسی هەڵگیرسابوو، بەباسكی بەهێزی سەربازانی ئازای هاوپەیمانی گەورەی ئێمە كوژایەوە. دنیای دیموكراسی سەركەوت و دنیای فاشستی كەهەوڵی دەدا گەلان و نەتەوەكانی جیهان لەژێر دەستی چەند نەفەر ملهوریی و سەرەڕۆدا یەخسیر بكا بەشێوەیەكی قەتعی تێك شكاو لێك بڵاو بوو هەروەها كەچاوەڕوان دەكرا بۆ ئازادیی گەلان و نەتەوەكانی جیهان ڕێگا خۆش كرا. ئەمڕۆ گەلانی دنیا لەگەورەو چووك دەیانهەوێ لەو ڕێگایەوە كەبەرەو ئازادیی خۆش كراوە كەكەڵك وەرگرن و لەو بەڵێنی یانەی كەبەهۆی مەنشووری مێژووی ئاتلانتیكەوە دراوە سوود ببینن و هەڵسوراندنی كاروباری خۆیان بەدەستەوە بگرن و چارەنووسی خۆیان بەمەیل و ویستی خۆیان دیاری بكەن.

ئێمەی كورد كە لەئێران دەژین ساڵەها بەڵكو چەندین سەد ساڵە كەلەپێناوی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەلی خەباتمان كردووە قوربانی مان داوە. بەداخەوە كاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بەهیچ جۆرێك حازر نەبوون قسەی حسێبی ئێمە قبووڵ بكەن و تەنانەت نەیانهێشتووە ئێمە لەو مافە كەڵك وەربگرین كەقانوونی ئەساسی بۆ ئەیالەتەكان و ویلایەتەكانی ئێران دای ناوەو بەردەوام وەڵامی ئێمە گوللەو بۆمب و تۆپ و زیندان و تەبعیدو یەخسیری بوە، بەتایبەتی

---

[32] حەسەن قازیی پێی وایە كە سەنتەرێكی بەوشێوەیە لەكوردستاندا نەبووە" سەنتەرێكی كەلتووریی سۆڤێتیی لە تەبرێزو ڕەزائیە هەبووە، بەڵام نەك لە مەهاباد. پێش دامەزراندنی كۆمار، كەسانێكی سۆڤێتیی لەمەهاباد دەژیان، وەك بازرگانی كەلوپەل كە دانەوێڵەیان بۆ سوپای سۆڤێت دەكڕی. لەماوەی دامەزراندنی كۆمارەكە، ئەفسەری سۆڤێتیی، سەلاحەدین كازمۆڤ كە كوردی سۆڤێت بوو، لەمەهاباد دەژیا. لەوێ ئەفسەرێكی سۆڤێتیی دیكەش هەبووكە پەیوەندیی بەسەرۆكە كوردییەكانەوە هەبوو. ئەویش نماز عەلیۆڤ بوو. نامەیەكی شەخسیی لە حەسەنی قازیەوە، ٧ی ئۆكتۆبەری ١٩٨٥.

[33] Eagleton, The Kurdish Republic, 56.

لەسەردەمی بیست ساڵەی رەزاخاندا تەنانەت لەلەبەرکردنی جلو بەرگیشدا ئازاد نەبووین، بەزۆری سەرەنێزەو بەهۆی ئەفسەرانی دزو خائینو تاڵانکەرەوە هەموو دارایی و ژیانی ئێمەیان تەفرو توونا کردووەو چاویان لەناموس و شەرەف ئێمەوە بووەو بۆ لەنێو بردنو خاشەبڕکردنی ئەسڵی ئێمە لەهیچ نزمی و درندەیی‌یەك خۆیان نەپاراستووە، ئاخر ئێمەش ئینسانین، ئێمەش مێژوو، زمانو شوێنەواری خۆمان هەیە کەلامان خۆشەویستن.

بۆچی دەبێ ماف ئێمە لەژێر پێ بنرێ؟ بۆچی ناتوانین لەنێو ماڵی خۆماندا ئازادی و موختاربین؟ بۆچی بۆچی رێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بەزمانی کوردی پەروەردە بکەین؟ بۆچی نایەڵن کوردستان ویلایەتێکی خودموختار بێ و لەلایەن ئەنجومەنی ویلایەتەوە ئیدارە بکرێ کەقانوونی ئەساسی دیاری کردووە؟

هاونیشتمانانی بەرێز دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەلی خۆمان خەبات بکەین، ئەم خەباتە یەکیەتی و یەك رەنگی پێویستە، رێکخراو پێشەنگی پێویستە، بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوەو دەستی بەکار کردووە. ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست، دەبێ چاو گوێی خۆتان بکەنەوەو لەدەوری حیزبی نەتەوەیی خۆتان کۆببنەوەو لەپێناوی وەرگرتنی ماف رەوای نەتەوەیی خۆتاندا فیداکاری بکەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان رێبەرو رێ نوێنی ئێوەیە. تەنیا لەژێر ئاڵای ئەوە کەنەتەوەی کورد لەمەترسی تەفرو توونا بوون رزگار دەبێ و هەبوونو ناموس و شەرەف نەتەوەیی خۆی دەپارێزێ و دەتوانێ لەنێو سنووری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاری نەتەوەیی خۆی وەدەست بێنێ.

هاونیشتمانان، ئێمە بێجگە لەماف رەواو ئینسانی خۆمان هیچمان ناوێ. دروشمەکانمی ئێمە لەبەندەکانی خوارەوەدا خولاسە کراون، بیان خوێننەوەو هەموو گەلی کورد، فەرفەردیان تێ بگەیەنین ئەوە دروشمەکانی ئێمەن..

١- نەتەوەی کورد لەنێوخۆی ئێران دا بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مەحەلی خۆی سەربەخۆو ئازاد بێ و لەسنووری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاری خۆی وەدەست بێنێ.

٢- ماف خوێندنی بەزمانی زکماکی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردی بەرێوە بچێ.

٣- لەسەر بناغەی قانوونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بەزوویی هەڵبژێردرێ و بەهەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی رابگاو چاودێریان بەسەردا بکا.

٤- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بێ قسە لەخەڵکی ناوچەکەبن.

٥- دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لەنێوان لادێیی و خاوەن مڵك دا رێکەوتنێك پێك بهێنرێ و دوا رۆژی هەردوولا دابین بکرێ.

٦- حیزبی دیموکراتی کوردستان تێ دەکۆشێ لەخەباتدا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجانو کەمایەتییەکانی تر کەلەئازەربایجان دەژین، ئاسۆریەکانو ئەرمەنی‌یەکانو هی دیکە، یەکیەتی و برایەتی‌یەکی تەواو پێك بهێنێ.

٧- حیزبی دیموکراتی کوردستان بەئامانجی بەرەوپێش بردنی کشتو کاڵو بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگو لەش ساخی و باشتر کردنی ژیانی ئابووری و مەعنەوی و گەلی کورد دەست دەکا بەسوود وەرگرتن لەسامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستانو لەم رێگایەدا تێ دەکۆشێ.

٨- ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بەئازادیان بدرێتێ بۆ بەختەوەری و پێش خستنی نیشتمانی خۆیان))[٣٤]

[34] FO/371/45436, November 8, 1945.

حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بەڕێبەرایـەتیی قـازیی محەمـەد، ئابـەم ئامانجانـەوە کـە لەبەرنامەیـدا بـوو، بـووە ڕێکخراوێکـی سیاسـیی رابـەری جووڵانـەوەی نەتـەوەیی کـوردیی، هـەروەها بەمـشێوە تـاکو ئـەمڕۆش بـەردەوام بـووە. سەرکردایەتیی و ئامانج و داواکارییەکانی نموونەی جووڵانەوەیەکی نەتەوەییە.

ژێنراڵ حەسەن ئەرفەع، سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران، سەبارەت بەچاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا، سـەبارەت بـە هەرسـێ قازییەکـە، محەمـەدو سـەدری بـرای و هـەروەها سـەیفی ئـامۆزای، هـەروەها داواکارییـەکایان نووسـیویەتی: سـەرکردە کوردەکـان وتیـان کـە بـەهیوان حکومـەتی ئێـران لـە ڕەوشـی کـوردان تێبگـات و مافـە نەتەوەییەکانیان پەسەندبکات، هەروەها دەرفەتیان پێبدات کە هاوکاریی لەگەڵ حکومەتدا بکەن لەپێناو پێشکەوتنی تەواوی نەتەوەی ئێران، بەڵام قازیی محەمەد کە لەقسەکانیدا فرە ڕوونترو ڕاشکاوانەتر بوو، یەکەمجار شکایەتی لە گرفتەکانی رابردوو کرد، سەبارەت بە گەندەڵیی و ناشایستەیی دەزگاکانی حکومەت لەناوچە کوردییەکان، ئنجا پرسی بۆچی کوردان وەك ئەفسەر دانامەزرێنرێن. ژێنـڕاڵ ئەرفـەع تێڕوانینی خۆی سـەبارەت بـە قازیی وەسفکردووە وەك :" کەسێکی پێداگرو چەسپاو بێگومان لەئایندەدا دەبێتە مایەی گرفت بۆمان."[٣٥]

لە١٥ی فێبرایەری ١٩٤٥دا، خەڵکی مەهاباد، کە لە حکومەت و بەرپرسەکانی بێهیوابوون، پەلاماری دەزگای دارایی و شارەبانی مەهابادیاندا. پەلاماردەران شارەبانیان گرت و فایلەکانیان سووتاندو تالانیانکرد.[٣٦] بەم خۆپێشاندانە دوا ئامرازی کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیی لەمەهاباد کۆتاییهات.

## ڕێبەرایەتیی

لـە ٢٢ی یەنایـەری ١٩٤٦دا، ژمارەیـەکی زۆر لەخـەڵکی مـەهاباد و هێنـدێك لـە سـەرۆکخێڵەکان لـە مەیـدانی چوارچـرا کۆبوونـەوە کەلـەوێ قـازیی محەمـەدی رابـەری حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان مەنـدیلێکی سـپی کردبـووە سـەرو چاکەتێکی درێژی لەبەربوو، دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. ئەو لەوتارەکەیدا ئاوڕی لە مێژووی کورد و کەلـەپوری نەتـەوەیی دایـەوە. ئـەو سوپاسـی خـەڵك و کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبەکـەی کـرد، هـەروەها سوپاسـی یـەکێتی سۆڤیەتی کرد بۆ پشتگیرییان و پیرۆزبایی لە برایانی ئازەربایجان کـرد کـە سـەربەخۆیی خۆیـان بـەدیهێناوە و یارمـەتی کوردان دەدات کە لەلایەن ئەوانەوە یارمەتیی بدرێن.[٣٧]

چـەند ڕۆژێـك دواتـر، لیـستێك بـەناوی وەزیرەکـانی کۆمارەکـە بڵاوکرایـەوە، قـازیی محەمـەد وەك سـەرۆك کۆمـار هەڵبژێردرابوو. ئەو لەبنەماڵەیەکی ناوداری سوننی لەدایکببوو کە لەدەوروبەری بۆکان زەوی‌وزاریان هەبوو، ئەو کوڕی قازی عەلی بوو کە قازییەکی بەڕێزی مەهاباد بوو. دایکی قازیی محەمەد لەخێڵی فەیزوڵڵابەگی بـوو، هەرچـەندە قـازیی بۆخۆی ئینتیمایەکی خێڵەکیی نەبوو. ئەو برایەکی هەبوو کە ئەبولقاسم سەدر قازیی بوو لەگەڵ سێ خوشك. قـازیی دەرەنگ ژنی هێنابوو، کوڕێك و حەوت کچی هەبوو. ئەو خوێندنی بنـەڕەتیی لـە قوتابخانـەی ئاینیی خوێندبوو، بەڵام خوێنـدن و پـەروەردەی زیـاتری لەباوکییـەوە وەرگرتبـوو. وێـڕای کـوردیی، دەیتـوانی بەفارسـیی و تـورکیی و عـەرەبیی قسانبکات. ئەو هەروەها دەیتوانی بە هێندێکی کەم لە زمانە ئەورووپییەکان بدوێت، ئەو پێش ئەوەی شـوێنی بـاوکی لـە قەزاوەتی مەهاباد بگرێتـەوە، وەك سـەرۆکی دایـرەی ئـەوقافی مـەهاباد ڕاژەی کردبـوو. ئـەو وەك قـازیی مـەهاباد ڕێزێکـی مـەزنی لەتـەواوی هەرێمەکـەدا هـەبوو، بـەڵام هـەروەها وەك سـەرکردەیەکی نەتـەوەییش مایـەی پەسـەندیی بـوو بـەهۆی تێڕوانینەکان و ئەو پێشەوایەتییەی لەچەندین بۆنەدا پێشانیدابوو.

---

35 Hassan Arfa, The Kurds (London, 1966), 75–6.
36 FO/371/45478, March 23, 1945.
37 Eagleton, The Kurdish Republic, 63.

کاریگەریی قازیی محەمەد تەنیا لە پێشینەی سوننەتیی بنەماڵەییەوە سەرچاوەی نەدەگرت بەڵکو هەروەها لە کەسایەتییە کاریزمییەکەیەوە بوو. ئەو لەلایەن زۆر لەوانەی دەیانناسی وەسفکراوە بەوەی پیاوێکی خاوەن بڕوایەکی قووڵە وخاوەن هەستێکی ناوازەی ئازایەتیی و گیانی خۆنەویستی و قوربانیدانە، بە بیرفراوانیی و میانڕەویی ناسرابوو، هەروەها قسەکەرێکی لێهاتووش بوو کە دەنگێکی هێمن و چەسپاو و کاریگەری هەبوو. قازیی محەمەد پیاوێکی ئاینیی بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا وەك کەسێکی نەتەوەیی کوردیی سەرسەخت ناوبانگی هەبوو.[*] کەسانی دیکەی کابینەکە لەمانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

– سەرۆك وەزیران، حاجی بابە شێخ خەڵکی بۆکان کە کۆنە سیاسییەکی سەر بە پێشینەیەکی ئاینیی بوو، تەمەنی شەست ساڵێك دەبوو.

– وەزیری جەنگ، محەمەد حوسێن سەیفی قازیی، ئامۆزای قازیی محەمەدو خەڵکی میاندواو، پیاوێکی دەوڵەمەندو لەچلەکانی تەمەنیدابوو، ئەو هەروەها وەك جێگری سەرۆك کۆمار دانرا.

– وەزیری فەرهەنگ و یارمەتیدەری تایبەتی سەرۆك، مەناف کەریمی ـ لەبنەماڵەیەکی ناسراوی مەهاباد بوو، بیستوپێنج ساڵی تەمەن بوو.

– وەزیری کاروباری نێوخۆ، محەمەد ئەمین موعینی خەڵکی مەهاباد، خاوەنی دوکانی سەوزەفرۆشی بوو لەمەهاباد.

– وەزیری لەشساغیی، سەید محەمەد ئەیوبیان لەبنەماڵەیەکی باڵادەست و خاوەنی گەورەترین دەرمانخانەی شارەکە، تەمەنی سی ساڵ بوو.

– وەزیری کاروباری دەرەوە، عەبدوڵڕەحمانی ئیلخانی زادە.

– وەزیری رێگاوبان، ئیسماعیلی ئیلخانی زادە، هەردوو ئیلخانیزادەکە نزیکەی سی ساڵێك دەبوون و لە موڵکدارە گەورەکانی خێڵی دێبوکری بوون. بنەماڵەکانیان رکابەری بنەماڵەی قازیی بوون و زۆر پێدەچێت دامەزراندنەکەیان وەك سازشێك و مەسەلەیەکی سیاسیی بووبێت.

---

[*] قازیی محەمەد لەبنەماڵەی قازییەکان بووەو بۆخۆشی قازیی شەرعیی مەهاباد بوو، بەڵام ئەو بەمانا سوننەتییەکەی کەسێکی رۆحانیی ئاینیی نەبوو، ئەو بەرجەستەی کەسایەتییەکی خوێندەواری شارەکیی دەکردو دەستەی لاوانی خوێندەواری شارەکیی ئەو قۆناغە لە سەراسەری کوردستاندا بە سیمبوڵی خولیا و بەرجەستەکەری هیواکانیان و نوێنەری خۆیانیان دەزانی. ئەو نە وەك میرزادەکانی کورد خاوەنی رەعییەت و نەوەك شێخە کوردە سوننەتییەکان خاوەنی دەروێشی تەریقەت و نە وەك سەرەکخێڵەکانیش خاوەنی لەشکری خێڵەکیی تفەنگچیی دەست بە خەنجەر بوو. هەڵگرتنی ئاڵای نەتەوایەتیی لەلایەن قازیی وەرچەخانێکی قووڵیی لەو دابە کۆمەڵایەتییدا هێنایەئارا کە شارەکییەکان سەر بۆ خێڵەکیی و شێخە پیرۆزە گوندنشینەکان دانەوێن و جوڵانەوەی کوردایەتیی لە دیوەخانی ئاغاوات و ژێر بەرماڵی شێخانی کورددا هێنایەدەر. ئەوەی بە گەروی ئەو دوو توێژەی کۆمەڵگای کوردەوارییدا نەدەچووە خوار، هەرئەمەشە وایکرد ناحەزییەکی توندیی بەرجستەکەرانی ئەو دوو توێژە دژی پێشەوایەتیی قازیی محەمەد بێتە کایەوە، چونکە خان و ئاغا و شێخەکان زۆر خۆیان لەوە بەگەورەتر دەزانی مل بۆ خوێندەوارێکی شارەکیی خاوەن بڕوا کەچ بکەن. شایەنی باسە، وەدیع جوەیدە لە ل ٥٣٠ی نامەی دکتۆراکەیدا لەبارەی قازییەوە دەڵێت:" لەنێو ئەوانەی چاویان بە قازیی محەمەد کەوتووە ، هیچ کامیان وەك ئارچی رۆزفێڵت جی.ئاڕ وەسفێکی دۆستانەی ئەو پێشەوا کوردەیان نەکردووە . ئەو وێنەیەی قازیی کە لە نووسینەکەی رۆزفێڵت دا دەردەکەوێت بریتییە لە نیشتمانپەروەرێکی رەسەن ، پیاوێکی رووناکبیر و هۆشمەند کە بەهرەیەکی فرە لە لێبوردەیی و چاوپۆشیندا دەبینێتەوە . تەنانەت پاش ئەوەش گەیشتە دەسەڵات ، هیچی وای لێنەدیتراوە کە وەك دەمارگیرێکی زێدەڕۆ و ئارەزووباز ، یان کەسێکی خاوەن پایەی سەرەڕۆ و خۆبەزلزان ، یان کەسێکی توندوتیژ کە بەزۆر سواری ملی دەوروبەری بێت ، خۆی بنوێنێت . بە پێی رۆزفێڵت " وەك پیاوێکی متمانەبەخۆ ، پشت ئەستور بە ئازایەتییەکی کەم وێنە و لەخۆبورد دەردەکەوت ، بەڵام بیرفراوان و لێبوردە و نەرمونیان".

– وەزیری ئابووریی، ئەحمەدی ئیلاهی، لەبنەماڵەیەکی چینی ناوەڕاستی ئەهلی بازاڕە کە خاوەنی کاری خۆی بوو، تەمەنی چل ساڵان بوو.

– وەزیری کار، خەلیلی خوسرەوی، لە بنەماڵەیەکی سەر بە چینی خوارەوەی شاری مەهاباد بوو.

– وەزیری پۆستو تەلەگراف، کەریمی ئەحمەدین، پێشینەیەکی سەر بە چینی سەرەوە بوو، خزمی ژنەکەی قازیی بوو، نزیکەی چل ساڵێکی تەمەن بوو.

– وەزیری بازرگانی، حاجی مستەفای داودی، بۆخۆی بازرگان بوو، سەر بەبنەماڵەیەکی ڕێزداری مەهاباد بوو، تەمەنی پەنجاوپێنج ساڵ بوو. لەباخەکەی ئەودابوو کە ساڵی ١٩٤٢، کۆمەڵەی ژ.ك دامەزرا.

– وەزیری داد، مەلا حوسێنی مەجدی، کەسایەتییەکی ئاینیی بوو، دەسەڵاتێکی ڕێزلێگیراوی بەسەر کاروباری ئاینیی و مەسەلە شەرعییەکاندا هەبوو.

– وەزیری کشتوکاڵ، مەحموودی وەلی زادە، دەرچووی خوێندنگای کشتوکاڵیی کەرەج بوو، لەتەمەنی بیستو سێ ساڵیدا بوو، گەنجترین ئەندامی کابینەکە بوو، کاری بازرگانی بۆ خۆی دەکرد.[٣٨]

ئەندامانی کابینە نزیکەی تێکڕایان ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ك بوون کە سەربە چینی ناوەند یان چینی باڵا بوون، ئەوان نوێنەرایەتیی کوردانی مەهابادو دەوروبەریان دەکرد.

کابینە نوێبنیاتەکە وەك مەسەلەی بانگێشتی ئەنجومەنی نەتەوەیی لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەژمارکرا. لەماوەیەکی کاتییدا، هەرچەندە، حکومەتەکەی مەهاباد بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرکردە خێڵەکییە بەرچاوەکانی وەك عەمەرخانی شکاكو ڕەشید بەگی هەرکیو مەلامستەفا بارزانی، هیچ بڕیارێکی سیاسیو سەربازیی نەدەدا.[٣٩]

بەوەش دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کۆمارەکەدا بەڕاستیی، گەر بەشێوەیەکی تیۆریی نەبێت، دابەش ببوو بەسەر هێڵە خێڵەکییو شەخسییەکاندا ...لەڕاستیدا، ئەم پێکهاتە کاتییە کە بەو کاراییو دادپەروەرییەوە هەڵدەسوڕا لەبنەڕەتدا قەرزاری تواناو جۆشی سەرکردایەتییەکەی بوو، بەتایبەتی قازیی کە هەستێکی باشی هەبوو سەبارەت بە جێهێشتنی دەسەڵاتی هەرێمیی بۆ خێڵەکان.[٤٠]

## پەیوەندیی لەگەڵ خێڵەکاندا

لەماوەی ژیانی کۆمارەکەدا، هێندێك لە خێڵەکان پشتگیرییان کردو هێزە سەربازییەکانی خۆیان خستەبەردەست، هەرچەندە هۆکاری سەرەکیی لەپشت ئەو پشتگیرییکردنەیان بریتیبوو لەو ڕاستییەی کە کۆمارەکە تاکە ئەلتەرناتیڤی

---

[38] ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە ئەندامانی کابینەکەی کۆمار هاتووە وەرگێراوە لە :
Eagleton, The Kurdish Republic, 70, and Nahid Bahmanpour, trans. Chris Kutschera, Kurdistan, reprint from Ketabi-Jumeh, 19, 20 and 21 (KDPI publication, Paris, 1981), 20.

[39] شێخەکانی بارزانیو شوێنکەوتوانیان لەوناوچەیەدا نیشتەجێبوون کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ڕەواندوز، لەکەناری چەپی ڕووباری زێی گەورە. حکومەتی نوری سەعید پەرۆشبوو بگاتە ڕێکەوتنێك لەگەڵ کوردو کەوتە دانوسان لەگەڵیان. مەلامستەفاو کوردانی دیکە لێخۆشبوونیان لە مارتی ١٩٤٥دا بۆ دەرچوو. بەڵام ئاشتی زۆری نەخایاند، جارێکی دیکە سوپای عێراق ڕەوانەی کوردستان کرایەوە. مەلامستەفا کشایەوە کوردستانی ئێران کە لەوێ سوپای بریتانییو سۆڤێتیی لێ نەبووو جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی لەوێ لەپەرەسەندندا بوو. وەزارەتی دەرەوەی بریتانیی ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو لەسنووری ئێران پەڕیەوە" لەگەڵ شوێنکەوتووانی کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠٠پیاو بوو–لەنێوان ئەوانە ٥٠٠یان چەکداربوونو شەش ڕەشاشی قورسیان پێ بوو، ٤٠ تفەنگی تۆمی، ٧ تفەنگی مەخزەندار. FO/371/45440, December 1945.

[40] Eagleton, The Kurdish Republic, 71.

بەهێزبوو بۆ حکومەتی ناوەندیی و هەروەها خێڵە رکابەرەکانیش. وێڕای ئەوەی کە چەندین خێڵ هەبوون دڵیان خۆشنەبوو بە رێبەرایەتیی کۆمارەکەو ئەو دەسەڵاتە گەشەکردووەی بەدەستیهێنابوو، هەروەها دوژمن بە کۆمارەکە مانەوە. هۆکاری سەرەکیی دوژمنایەتیی ئەو سەرۆکخێڵانە ئەو تێگەیشتنەیان بوو کە کۆمارەکەو حیزبی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە حکومەتی ناوەندیی هەڕەشە لە دەسەڵاتەکەیان دەکات.

رووداوی باوی مێژووی کورد پەنابردنی خێڵەکانە بۆ هێزە دەرەکییەکان. حکومەتە ناوەندییەکانیش زۆرجار بەراتیان بە خێڵەکان بەخشیوەو وەفاداریی ئەوانیان بەدەستهێناوە بەوەی پشتگیریی دەوڵەتیان خستوونەتە بەردەست لەدژی رکابەرە سوننەتییەکانیان. هەربۆیە لەبنەڕەتدا ئەوە هەڵوێستی سەرۆکخێڵە لەهەمبەر جووڵانەوەکە کە بڕیاردەدات کەداخۆ خێڵەکە پشتگیریی خۆی پێدەدات، بیلایەن دەوەستێت، یان دەبێتە بەرهەڵستکارێکی چالاك. بۆ وەرگرتنی ئەنجامگیرییەك سەبارەت بە دەسەڵاتی رێبەرایەتیی بەسەر کوردستان و کەلتوورە خێڵەکییەکەیدا:

" هەر جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی کوردیی نەك تەنیا لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەرهەڵستییکراوە (کە تورکیا و عێراق و بەریتانیی-عەرەبیی بوون) بەڵکو هەروەها لەلایەن ژمارەیەکی تەواو گەورەی کوردیشەوە بووە. تەنانەت لەدوا جەنگ لەعێراقدا (١٩٧٤-١٩٧٥) کە بەشدارییەکی چالاك و لەئاستێکی بێوێنەدا بوو( زیاتر لە ٥٠,٠٠٠جەنگاوەری چالاك لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر خەڵك کە بەشێوەی جیا بەشدارییان تێدا کردووە)، جووڵانەوەکە تەنیا لەلایەن هێزی لەشکری رێکخراوی عێراقییەوە جەنگی لەدژ نەکرا بەڵکو لەلایەن کوردی غەیرە نیزامییشەوە کە ژمارەیان دەیان هەزاربوو. چەندین هۆکار بۆ ئەم بەرهەڵستکارییە هەبوو، بەدڵنیاییەوە، بەڵام تەنیا هۆکاری زۆر گرنگی ئەم بەرهەڵستکارییە ئەوەیە کە سەرکەوتنی جووڵانەوەکە هێزو ناوبانگێکی زیاتر دەهێنێت بۆ سەرکردەکانی و ئەو دەسەڵاتدارە سوننەتییانەی کە لە سەرکردایەتییەکەوە نزیکن. هەروەها زیانێکی حەتمیش بۆ رکابەرە سوننەتییەکانیان کە بەرژەوەندییەکانیان لەبەرئەوە لەگەڵ ئەو هێزەکانی دوژمن بە جووڵانەوەکەیە: شکستی جووڵانەوەکەش دەبێتە هۆی زێدەبوونی دەسەڵاتیان- تائەوکاتەی نەتەوایەتیی نەبێتە پاڵنەرێکی بەهێزتر لە وەفاداریی خێڵەکیی."[41]

لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا، کاتێك جووڵانەوەی نەتەوەیی لەمەهاباد بەشێوەیەکی بەهێز گەشەی دەکرد، سەرۆکخێڵەکانی پارێزگای ورمێ بەڵێنی پشتگیرییان پێدا، زێرۆ بەگی هەرکی سەردانی قازیی محەمەدی کرد لە مەهاباد. سەرۆکخێڵەکانی دیکەی باکوور، وەك تایەری کوڕی سمکۆی شاکاك، رەشیدبەگی هەرکی، هەروەها براکەی سەیدخان بەگ هاوسۆزیی و وەفاداریی خۆیان پێشاندا. هەروەها زۆر لە خەڵکانی خێڵەکانی دیبوکری، مەنگوڕ، هەروەها مامش پشتگیریی خۆیان دەربڕی.

پشتبەستنی کۆمارەکە بە هێزی سەربازیی خێڵەکیی ئەوکاتە ئاشکرابوو کە رێبەرانی کورد، لە لاوازیی کۆمارە نوێبنیاتەکە بەئاگابوون و دەستیانکرد بە رێکخستنی هێزی سەربازیی بۆ بەرگریی لە کۆمارەکە. خێڵەکان باسکێکی سەربازییان هەبوو، هەروەها کۆمارەکەش دەبوو پشت بەو باسکە ببەستێت نەك تەنیا بۆ جەنگ دژی هێزەکانی حکومەت، بەڵکو هەروەها دژی خێڵە رکابەرەکانی دوژمن بەکۆمارەکە. مەلامستەفا زۆرینەی هێزە سەربازییەکەی خۆی (١٢٠٠-٢٠٠٠)و خێزانەکانیانی هێنابووە مەهابادو لەوێ بنکەی دانابوو. حەمە رەشیدخان سەرۆکخێڵێکی دیکە بوو کە بەهێزەکانی پشتگیریی کۆمارەکەی کرد.[42] هەرچەندە، هەستێکی دوژمنانە لەنێوان کوردانی شارەکیی و

[41] Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State (London, 1992), 74.

[42] لەکاتی رووخانی حکومەتی ئێرانەوە لەساڵی ١٩٤١و تاکو ئەوەی کە حەمەرەشید خان بەخۆی ٢٠٠ پیاوەوە گەڕایەوە مەهاباد، ئەو چەندین پەلاماری سەربازیی کردبووە سەر ئێران. ناوچەی کۆنترۆڵی ئەو لەنێوان سەقزو بانەدا بوو.

سەرۆکخێڵەکاندا هەبوو. زۆرینەی ئەندامانی کابینەکەو کۆمیتەی ناوەندیی حیزبو هەروەها کارمەندانی حکومەت سەر بەچینی ناوەڕاست بوون لە ناوچەی مەهابادا، ئەوانەی پێشوازییان لەهەر گۆڕانێك دەکرد کە نفوزو کاریگەریی سەرۆکخێڵەکان کەمبکاتەوە. بەڵام ئەم جوڵەیە دەرئەنجامی جدیی لێدەکەوتەوە، چونکە بەدەر لە سوپای نیزامیی، هێزە کوردییەکەو هێزەکانی بارزانی خێڵەکیی بوون. رێبەرانی کۆمارەکە چەند هەوڵێکیاندا لەپێناو کەمکردنەوەی نفوزی سەرۆکخێڵەکان لەرێگەی ناردنی کوڕانی خێڵەوە بۆ خوێندن لە تەبرێزو باکۆ، یاخود بەهۆی دابەشکردنی چەکی باشتر بەسەر سوپاکەی کۆمارو بارزانییەکاندا نەك لەنێو خێڵەکاندا.

وێڕای سروشتی کۆمەڵایەتیی کابینە کوردییەکەو داواکارییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی، هەروەها ئەو راستییەی کە ناوکی رێبەرایەتیی کوردیی بریتیبوون لە خوێندەوارە رۆشنبیرەکانی سەر بەچینی ناوەڕاستو ناودارەکانی شار، جووڵانەوە کوردییەکە لەساڵی ١٩٤٦دا، هەرچەندە لەرووخساردا وەك جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن دەردەکەوت، بەڵام هێشتا کاریگەریی هێزی سوننەتیی پەیوەندییە خێڵەکییەکانی بەسەرەوە بوو. ئەم چەشنە کاریگەرییە چەندە بوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆتوبەندە مەعنەویی و مادییەی دەگونجێت جێگەی مشتومڕبێت، هەرچەندە، من ئەوە پێشاندەدەم کە ئەمە بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی ئەو کۆتوبەندە مادییەوە بوو کۆمارەکەی ناچارکرد دان بە دەسەڵاتی خێڵەکاندا بنێت.

## دەستکەوتەکانی کۆمارەکە

### دەستکەوتە سیاسییەکانی

هەرچەندە، سەرۆکخێڵەکان بەشێکی زۆری هێزە سەربازییەکانی کۆمارەکەیان پێکدەهێنا، وێڕای ئەوەش قازیی محەمەد ویستی هێزێکی سەربازیی سەربەخۆ پێکبهێنێت، سوپایەك بۆ کۆمارەکە کە وەفاداریی تەنیا بۆ کۆمارەکە بێت.[43] ئەنجامی هەوڵەکان بریتیبوو لە دامەزراندنی "سوپای میللی کوردیی"، سەیفی قازیی وەك وەزیری جەنگ ئەفسەرانی سوپا کوردییەکەی دامەزراند، وێڕای سەرۆکخێڵەکان کە پۆستی فەخرییان پێدرا. سوپای میللی کوردیی نزیکەی ٧٠ ئەفسەری لەراژەدا بوو، کە لەلایەن ٤٠ جێگرەوە هاوکاریی دەکرانو ١٢٠٠ سەربازیش.[44] سوپاکە چوار ژێنراڵی هەبوو، محەمەد حوسێن سەیفی قازیی، عەمەرخانی شەریفی سەرۆکی خێڵی شکاك کەپاشتر خیانەتی لە کۆمارەکە کرد، حەمە رەشیدخانی بانە،و هەروەها مەلامستەفا بارزانی.

لەمارتی ١٩٤٦دا، سۆڤیەت هەستا بە ناردنی سەلاحەدین کازمۆف بۆ مەهاباد بۆئەوەی راهێنان بە سوپا کوردییەکە بکات. بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی باقرۆڤ لە باکۆ، یارمەتییە سەربازییەکانی سۆڤێت زۆر بە سنووورداری مانەوە.[45]

---

[43] ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو ، ئەو دەیتوانی بەوکارە پشتبەستنی سەربازیی بەهێزی خێڵەکان کەمبکاتەوە، ئەوەی لەرابردوودا دەریخستبوو دەتوانێت وەفاداریی خۆی بگۆڕێت.

[44] Eagleton, The Kurdish Republic, 78.

[45] لەسێپتەمبەری ١٩٤٥دا، کاتێك قازیی محەمەدو رێبەرە کوردەکانی دیکە سەردانی سۆڤێتیان کرد، ئەوان بەڵێنی سیاسیی و مادییان پێدرا، لەوانە هێندێك چەك. هەرچەندە، سۆڤێتییەکان روونیانکردەوە کە پێیان باشە جووڵانەوەی کوردیی وەك بەشێکی دانەپچڕاو لە جووڵانەوەی ئازەریی ببینن. رێبەرانی کورد ئەوەیان روونکردۆتەوە کە نایانەوێت ببنە وابەستەی ئازەربایجان.

جگەلـەو ١٠,٠٠٠ تفەنگـە برنۆیـەی ئێرانییـەکان، کۆمارەکـە ٢٠ کـامیۆن‌و جـیٚبی وەرگـرت، بـەڵام ئـەو تانـك‌و تۆپـە قورسانەی بەڵێن بوو بدرێن هیچ کات نەگەیشتە مەهاباد. دامەزراندنی ئەم سوپایە، وێڕای سنووردارییەکەی، لەرووی سیمبولیکەوە بایەخداربوو، چونکە بووە پێشینەیەك بۆئەوەی دواتر بووە"پێشمەرگە"* ، هێزی سەربازیی کوردیی، کە وەك سوپای "گەل"ی جووڵانەوە کوردییەکە کاریکرد.

لەناوەڕاستی بەهارو هاوینە تاڕادەیەك هێورەکەی ساڵی ١٩٤٦دا، مەهابادی پایتەخت بووە ناوەندی چڕبوونەوەی چـالاکیی یەکـەمین کۆمـارە کوردییەکـە. بەپێـچەوانەی ئازەربایجـانی هاوسـێ، کۆمـارە کوردییەکـە هـەرگیز نـەبوو بەدەوڵەتێکی پۆلیسی، خەڵك وەك رەگەزێکی دژە دیموکرات بکوژرێت‌و بخرێنـە زیٚنـدان. خـەڵك لـەوێ ئـازادبوون گـوێ لەتێکڕای ئێزگەکانی رادیۆی جیهان بگرن. مەهاباد دەزگای رادیۆیی خۆی هەبوو کە بەرنامەکانی لە کاتژمێر ٤ ی عەسر بۆ ١٠ی شەو بڵاودەکردەوە کە بریتیبوون لـە سروودی نەتـەوەیی‌و بابـەتی مێژوویی کوردیی‌و هـەروەها زمـان. حکومەتـە نوێبنیاتـە خودموختارەکەی ئازەربایجـان سـەلماندی کـە زیـاتر لـە کۆمـارە کوردییەکـە لەهەمبـەر نـەیارەکانی رژێمێکی کـەم ئاشـتەوایتره. هـەروەك زۆربـەی حکومـەتە شۆڕشگێڕییەکان، حکومـەتی"دیموکراتـەکان"ی ئازەربایجـان سیاسـەتی چەوسـاندنەوەیان دژی نـەیارەکانیان گرتەبـەر، ئـەو ئەرکـەش لەلایـەن پۆلیـسی نوێبنیـاتی نهێنییـەوە بەڕێوەدەبرا کە بەبیانوی "دژە دیموکرات"چەندین کەسیان قۆڵبەست‌و زینـدانییکرد، دەسـتیان بەسـەر ماڵ‌وموڵکیانـدا گـرت‌و هێنـدێك تیرەبـارانیش کـران. هەرچـەندە رەوشـەکە لەمـەهاباد جیـاوازبوو، وەك ئـیگڵتن ئامـاژەی پێـداوە"... نـە شۆڕشـی کۆمەڵایـەتیی، نـە جووڵەیـەکی جـدیی بـەرەو دابەشـکردنی زەوی، نـە تەڵقینـدانی مارکـسییانە، نـە پۆلیـسی نهێنی‌و نە کادرانێك کە روسەکان رایانهێنابن."[46]

ئەو دوو شێوەیەی کە دوو حکومەتە شۆڕشگێڕەکە مامەڵەیان لەگەڵ بەرهەڵستکارەکانی خۆیان پێدەکرد، تاڕادەیـەك، رەنگدانـەوەی پەرەسـەندنی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانی نێـو هـەردوو کۆمەڵگاکـە بـوو. رژێمـی ئازەربایجـان

---

FO/371/45459, October 1945.

* وشەی پێشمەرگە بۆ یەکەم جار لە کۆماردا داهێنراو بەکارهێنرا,ئەم وشەیە ریشەشی لەزمانی فارسییدا هەیەو وەکو "پیش میر"و "پیش مرگ" بەکارهاتووە کەمانای خۆ بەقوربانیکردنە.. "ئەنوەر دڵسۆز" لە ژمارە ٦٥ی رۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردسـتان لـە ٣ی ژوئیـەی ١٩٤٦داو لـە ژێـر ناونیـشانی"لەشـکری کوردسـتان" دا بـاس لـە دوو شـێوازی دامەزرانـدنی لەشـکر دەکـات، یەکەمیان بۆ پەلامارو داگیرکردنی وڵاتانی دیکە وەك لەشکری وڵاتانی ئیستیعماریی، دووەمیشیان بۆ پارێزگاریی وڵات‌و وەك سوپەرێکی میللیی. ناوبراو دەڵێت:"لەشکری میللیی لەو وڵاتە دەبێ کە هەمیشە پارێزگاریی ئازادیی نێو وڵاتی خۆی بکات یان ئازادیی وڵاتی خۆی‌و حـەقی خـۆی داوا بکـات. ئێمـە کـە ئەمـەمان زانـی بۆمـان ئاسـان دەبـێ بـزانین لەشـکری کوردسـتان لـە چ پایەیەکیدا دابنێین وە بەتایبـەتی چۆنێتی حکومەتمان بزانین، حکومەتمان حکومەتێکی میللییەو لە میلەتەوە دەرچووە...بەرامبەر بە قانون حکومەتمان هەموو کەسێك یـەك پایەیەو هیچ کەس تەفاوتی لەگەڵ هیچ کەسدا نیە لەبەرئەوە لەشکرمان لـە ژێـر سـێبەرو رەهبـەری ئـەم حکومەتـە دەبـێ ببێتـە لەشـکرێکی میللـی، هـەروەها هـەروەکو دەبیـنین لەشـکرمان لـە خـودی میللـەت دەرچـووە، کارگـەرو رەنجبـەرو ئاغـاو تجـار هـەموو بـۆ ئامانجێـك لـە ژێـر بەیداغی مقدس کورددا بە هەمو ئیتاعەتێك کار دەکەن‌و داوایکی عادلانەو حقوق‌و ئازادی‌و سەربەستی میللەتی کورد دەکەن...لەشکری کوردستانی ئازاد کە عبارەتە لە ٥٠٠٠٠ پێشمەرگە بناغەی لەشکری کوردسـتانی گـەورە بـە هـەڵگری بەیـداغی ئـازادیی، ئـەم لەشـکرە وەك زۆر لەشـکرانی دنیـا زەحمـەت‌و سـەرباری میللـەتی خۆیـان نـین." بـەم شـێوەیە نووسـەرەکەی "کوردسـتان" پێـشمەرگە بـە هێزێکـی میللـی ئازادییخواز لە سایەی رێبەرایەتیی حکومەتێکی میللی ئازاد لـە قەڵەمـدەدات، کـە گیانفیـدایی لـە پێنـاو ئـازادیی گـەل‌و مافـەکانی میللـەتدا دەکات‌و داردەستی هیچ هێزو لایەنێکی لۆکاڵیی تایبەت نیە. ئەمەش زیاتر وەك هێزێکی خۆبەخشی پرۆفیشناڵ دەردەکەوێت کە لەسایەی حکومەتێکی وەك کۆمارەکەی مەهابادا دامەزراوەو بۆچونێکی ریالیستانەیەو ئازادیی گەل‌و حکومەتێکی دادپەروەر دەکاتە مەرجی کاری پێشمەرگە، هەربۆیە لە تەواوی ساڵێکی تەمەنی کۆماری کوردستاندا پێشمەرگە نەك هەر سوپەری راستیینەی میللـەت بوو، بەڵکو ئـازاری بە تاکە مرۆڤێکی کورد نەگەیاند .

[46] Eagleton, The Kurdish Republic, 64.

ڕێکخراوگەلێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی پەرەسەندووتری بوو. سوپاکەی، هێزەکانی پۆلیسی، ڕێبەرایەتییە سیاسییەکەی ، هەروەها ڕێکخراوە سیاسییەکەی زیاتر لە حکومەتە نوێیەکەی مەهاباد پێشکەوتووتر بوو، ئەوەی ئەوێ کە نەك تەنیا حکومەتێك بوو ئەزموونێکی کەمتری هەبوو، کەمتریش ڕێکخراو بوو، هەروەها سیستمێکی کۆنترۆڵی ساکارتری هەبوو، بەڵام هەروەها کۆمەڵگەکە هێشتا ڕێزی لە وەفادارییە خێڵەکییەکان و پەیوەندییە خێزانییەکان و برایەتیی کوردیی دەگرت. کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ کۆمەڵگەیەك بوو لەکاتێکدا لەسەر بنەمای کشتوکاڵیی– چالاکی شار بەڕێوەدەچوو، بەڵام بەقووڵی لەژێر کاریگەریی پەیوەندییە خێڵەکییەکاندا بوو، هەروەها کێشمەکێشی سەرەکیی هێشتا وادەردەکەوت کە لەنێوان نەتەوایەتیی کوردیی و حکومەتی ناوەندییدا بێت. هەرچەندە، ئەمە نکوڵیی لەبوونی جیاوازییەکانی نێوان شارەکییەکان و سەرکردەو خەڵکە خێڵەکییەکاندا ناکات. بە بەراورد، ئازەربایجان کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی–شارەکیی بوو کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتیی وەستابوو کە جیاوازییگەلێکی بەرچاو و توند لەنێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو.

لەماوەی کۆمارەکەدا، چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان فراوانبوو، ڕێکخراوی نوێ پێکهێنرا کە سەر بە حیزبەکە بوو. لەنێو ئەم ڕێکخراوە نوێیانە ڕێکخراوی ژنانی حیزبەکە بوو کە لەلایەن ژنەکەی قازیی محەمەدەوە بەڕێوەدەبرا، هەروەها ڕێکخراوی لاوان لەلایەن عەلی خوسرەوییەوە سەرۆکاری دەکرا. لەمایۆی ساڵی ١٩٤٦دا، بۆ بەدەمەوەچوونی شکایەتەکانی خەڵك، دادگایەکی باڵای دوازدە کەسی پێکهات، ئەم دادگایە مامەڵەی لەگەڵ ئەرزوحاڵی ئاساییدا دەکرد.

حیزبەکە نە خاوەنی بیروبڕوایەکی سیاسیی تایبەت بوو نە پەیڕەویشی لێدەکرد. هەروەك ئیگڵتن نووسیویەتی:

" هەرچەندە دروشمەکانی "پێشکەوتن" و پیاهەڵدانی یەکێتی سۆڤێت دژەی کردبووە نێو وتارو پڕۆپاگەندەی حیزبیی، بەڵام ئاماژەیەك بە سۆشیالیزم، دابەشکردنی زەوی، یاخود یەکسانیی نێوان جووتیاران و موڵکداران نەبوو بەوشێوەیەکی کە لەتەبریز ڕۆژنامەکانی پڕکردبوو و لەوێوە بڵاودەکرایەوە."[47]

### دەستکەوتە فەرهەنگییەکان

هەموو وانەکانی خوێندنگا سەرەتاییەکان کە بەفارسیی بوون بۆ کوردیی وەرگێڕان و لەلایەن ئەودەزگای چاپەوە چاپکران کە یەکێتی سۆڤێت دابووی بە کۆمارەکە. هەروەها چەندین بابەتی دیاریکراوی خوێندنی کوردیی عێراق بۆ کۆمارەکە هێنران بەڵام هەرگیز دەرفەتی بەکارهێنانیان بۆ ڕێنەکەوت چونکە کاتێك ئەوانە ئامادەکران، کۆمارەکە ڕووخێنرا.

"کوردستان" ڕۆژنامەی فەرمیی کۆمارەکە نزیکەی ڕۆژانە چاپ و بڵاودەکرایەوە. هەروەها چەند بڵاوکراوەو گۆڤارێکی هەفتانەو مانگانە لەمەهاباد دەردەچوون، لەوانە "نیشتیمان" کەلەلایەن عەبدولڕەحمانی زەبیحیەوە دەردەکرا. گۆڤارێکی ژنانە بەناوی "هەڵاڵە"، هەروەها گۆڤارێکی ئەدەبیی بەناوی "هاوار" کە کارو شیعری شاعیرانی بەناوبانگی کوردی تێدا بڵاودەکرایەوەو لەلایەن هێمن "محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی" و هەژارەوە "عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی" بڵاودەکرانەوە.

لەکۆتایی ئەپریلی ١٩٤٦دا، وەك بەشێك لەو ڕێکەوتنەی نێوان نوێنەرانی کوردو سۆڤێت، گروپێکی لە٦٠ خوێندکاری کورد چوون بۆ تەبریزو لەوێوە چوون بۆ کۆلێجی سەربازیی لە باکۆ. "کوڕە کوردەکان جلکی سەربازییان پێدەدان و بەگوێرەی شایستەییان بەسەر بەشەکاندا دابەشیان دەکردن. تەواوی خەرجێکانیان بۆ دابیندەکراو بەشەخۆراکیی

47 Ibid., 103.

زێدەشیان پێدەدرا."[48] هەرچەندە، پەرەسەندنی ڕووداوەکان لەچەند مانگی داهاتوو ڕێگەی لەو دەرفەتە گرت کە کۆمارە کوردییەکە بتوانێت گروپی دووەم لەخوێندکاران ڕەوانەی یەکێتی سۆڤێت بکات . زۆربەی ئەو لاوانەی چووبوونە باکۆ چەند مانگێك دواتر گەڕانەوە بۆ ئێران.[49]

## دەستکەوتە ئابوورییەکان

ڕەوشی ئابووریی کۆمارە کوردییەکە هێندە خراپ نەبوو کە چاوەڕواندەکرا. گەنجینەکەی بەتاڵ نەبوو، هەرچەندە پارەوپوڵێکی زۆریشی تێدا نەبوو، بەڵام بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە گونجاوبوو. حکومەتە کوردییەکە کە چەند مانگێکی کەم پێشتر ٢٠,٠٠٠ تومانی (نزیکەی ٤٤٠٠دۆلار) لە حکومەتەکەی تەبرێز قەرزکردبوو، توانی قەرزەکەی خۆی بە شەکری کوردیی لە پالاوگەکەی میاندوئاو بداتەوە.[50] ئیگڵتن ئاماژەی بەمە داوە کە:

" باج و ئابوونەی حیزبیی کۆدەکرایەوە، بەتایبەت لە سەرۆکخێڵەکان ئەوانەی پەرۆشبوون وەفاداریی خۆیان بۆ ڕژێمەکە بسەلمێنن. هەروەها پیتاك خرایەسەر چەند بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی وەك بنەماڵەی شافیعی لەمەهاباد، ئەوەی هەر لەسەرەتای کۆمارەکەوە بەرهەڵستیان کرد. بازاڕەکە بەهۆی ئاڵوگۆڕی ئەو کالاو شمەکانەوە گەشەیکردبوو کە سەربەستانە لە عێراقەوە بەقاچاخی دەهاتنە مەهابادو لەوێوە بۆ تەبرێزو بگرە بۆ تارانیش."[51]

چالاکی باڵادەستی بازرگانی لەماوەی کۆمارەکەدا بریتیبوو لە فرۆشتنی توتن بە یەکێتی سۆڤێت. ئەو توتنەی ساڵی ١٩٤٥ کرابوو بەڵام لە گەنجینەی دایرەی ئینحساری مەهاباد هەڵگیرابوو، ئەوەی کە ئینحساری ئێرانیی قەولی کڕینی دابوو بەڵام هەرگیز ئەوکارەی نەکرد. لەبەرئەوە بڕیاردرا کە توتنەکە بە یەکێتی سۆڤێت بفرۆشرێت.

"لەکۆتایی مانگی ئەپرڵ، قازیی، محەمەد ئەمین شەرەفی نارده تەبرێز لەوێ لەڕێگەی د.سەمەدۆڤەوە سۆڤێتییەکانی ئاگادارکردەوە کە توتنی کوردیی ئامادەیە بۆ فرۆشتن. د.سەمەدۆڤ بەپەرۆشەوە گوێی لێگرتبوو بەڵام ئامۆژگاریی وریایی و ڕێگەیەکی دروستی بۆ گرفتەکە پێدابوو. سەرەتا دەزگای فەرمیی کوردیی پێویستە تەلەگرافێك بنێرێت بۆ تاران کە پارەی ئەو بڕە توتنە هەڵگیراوە بدات، کۆپییەك لەو تەلەگرافە دەبێت بنێرێتە نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی ئێرانیی، سەدری قازیی، ئەگەر لەماوەی پێنج ڕۆژ وەڵامی دەستنەکەوت، ئەفسەری بازرگانی سۆڤێتی لەتاران کەناوی ئاگابیگۆڤە دەنێرێت بۆ کوردستان بۆئەوەی سەبارەت بە کڕینی توتنەکە گفتوگۆبکات."[52]

پاش ئەوەی وەڵامێك لەتارانەوە نەبوو، حکومەتی مەهاباد تەواوی بەرهەمی توتنی خۆی فرۆشت و نرخەکەی بە نەختی و بەپارەی ئێرانیی وەرگرت، وێڕای شمەکی وەك شەکرو لۆکەو قوماش و شوشەمەنی و چینیی.

کارێکی دیکەی سەربەخۆیی بریتیبوو لە ڕێکەوتننامەیەکی بیست ساڵەی دۆستایەتیی و هاوکاریی دۆستانە لەگەڵ حکومەتە نوێبنیاتەکە لەتەبرێز لە ئەپرڵی ١٩٤٦دا، وەرگێڕانی ڕێکەوتننامەکەی لە ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" دا لە ٥ی مایۆی ١٩٤٦دا بلاوکرایەوە، ڕێکەوتننامەکە وەك لای خوارەوەیە:

---

[48] Ibid., 84.

[49] ئیگڵتن باسی ئەو لاوانەی کردووە کە نەگەڕاونەتەوە لەوانەن: "سوڵتان وەتەمیشی کە ئێستا لەباکۆ دکتۆرە، سەید کەریم ئەیوبی کە هەروەها خوێندنی تەواو کردووەو بۆتە پزیشك، ڕەحمان گەرمیانی ئێستا لەباکۆیە، حیسام حیسامی ئێستا لە عێراق دکتۆرە، ڕەحیم سەیفی قازی کە لە یەکیچتی سۆڤێتە، گەنجێکیش بەناوی گەلاوێژ (کوردیی ئەستێرەی ڤینۆسە) کە لەساڵی ١٩٦١ەوە پاگەندەی دژە ئێرانیی بەزمانی کوردیی لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتەوە بلاوەکردەوە.. Eagleton, The Kurdish Republic, 85.

[50] Ibid., 100.

[51] Ibid., 100.

[52] Ibid., 87–8.

١ـ لەو جێگایانەی بەپێویست دەزانرێ هەردوو حکومەتی میللیی نوێنەر دەگۆڕنەوە.

٢ـ لەئازەربایجاندا ئەو جێگایانەی کەدانیشتوانی کوردبن کاری ئیداراتی دەوڵەتی بەکوردان دەبێت، هەروەها لەکوردستانیش لەو جێگایانەی کەبەشی زۆری دانیشتووانی ئازەربایجانیی بن لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی میللیی ئازەربایجانەوە بەڕێوەببرێت.

٣ـ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابورییەکانی نێوان هەردوولا، کۆمسیۆنێکی هاوبەش دابمەزرێت کەبڕیارەکانی لەلایەن سەرانی هەردوو حکومەتەوە جێ بەجێ بکرێ.

٤ـ لەکاتی پێویستدا لەنێوان حکومەتی میللیی ئازەربایجان‌و کوردستان هاوکاریی سەربازیی دەکرێ‌و ئەوەی پێویست بێت بۆ یارمەتیی یەکتری ئەنجام بدرێت.

٥ـ هەر کاتێك پێویست بێت لەگەڵ حکومەتی تاراندا وتووێژ بکرێت دەبێت بەپەسەندی هەردوو حکومەتی ئازەربایجان‌و کوردستان بێت.

٦ـ حکومەتی میللیی ئازەربایجان سەبارەت بەو کوردانەی کەلەخاکی ئازەربایجاندا دەژین‌و تا ئەو ئەندازەیەی بتوانێ بۆ پێشکەوتنی زمان‌و فەرهەنگی میللییان هەوڵ دەدات.

هەروەها حکومەتی میللیی کوردیش بۆ ئەو ئازەربایجانیانەی کەلەخاکی کوردستاندا دەژین بۆ پێشکەوتنی زمان‌و پەرەپێدانی فەرهەنگی میللییان تا ئەو ئەندازەی بتوانێت تێدەکۆشێت. هەروەها حکومەتی میللی کورییش بەهەمانشێوە چەندەی بتوانێت هەلومەرجی پێویست دەڕەخسێنێت بۆئەو پێشکەوتنی زمان‌و کەلتووری نەتەوەیی ئەو ئازەربایجانییانەی لە کوردستان دەژین.

٧ـ هەر کەسێ بۆ تێکدانی دۆستایەتیی مێژوویی نەتەوەی ئازەربایجان‌و کوردو لەنێوبردنی برایەتیی‌و دیموکراتیی میللیی وە یا لەکەدارکردنی ئەم یەکێتیە هەوڵ بدا، هەردوو بەیەك دەست ئەو کەسانە بەسزای خۆیان دەگەیەنێ.

پیشەوەری، پادیگان، د.جاوید، بیریا. قازیی محەمەد، محەمەد سەیفی قازیی، سەید عەبدوڵلای گەیلانی، عەمەرخانی شەریفی، رەشید بەگی جیهانگیری، زێرۆبەگی بەهادوری.[53]

بڵاوکردنەوەی رێکەوتننامەکە تارانی شۆککرد لەبەرئەوەی بەندەکان‌و شێوەی داڕشتنی پێشانیدا کە هەردوو رژێمەکە خۆیان وەك دەوڵەت‌و وڵاتی سەربەخۆ دانابوو بەوەی ماف گۆڕینەوەی نوێنەرو بەستنی رێکەوتننامەیان بەخۆیان دابوو.[54]

هەرچەندە، رێکەوتننامەکە هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتەکەدا نەکرد. رێبەرانی ئازەربایجان لەسەرەتادا پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە جووڵانەوە کوردییەکە مل بۆ حکومەتی میللی ئازەربایجان کەچبکات، ئەو ئایدیایەی کە هەمیشە لەلایەن قازیی محەمەدەوە رەتدەکرایەوە. ئەو هەمیشە جەختی لە ناساندن‌و دیارییکردنی سنووره سیاسیی‌و قەڵەمڕەوییەکانی هەردوو دەوڵەتەکە دەکردەوە. هەردوو حکومەتەکە بەبەردەوامی لەو ناکۆکییانە تێوەگلابوون سەبارەت بە ئەوناوچانەی لەرووی ئیتنییەوە تێکەڵاوبوون وەك ورمێ، خۆی، هەروەها میاندواو، بەڵام ئەوە تەنیا جیاوازیی نەبوون، وەك ئەبراهامیان ئاماژەیان بۆ کردووە:

---

53 . FO/371/52702, May 1946.

54 Archi Roosevelt, Jr, 'The Kurdish Republic of Mahabad,' in People without a Country, ed. Gerald Chaliand (London, 1980), 143.

" لەدەرەوە، هەردوو کۆمارە کوردییەکەو حکومەتی ئازەربایجان وەك دەستکردێکی یەکێتی سۆڤێت دەردەکەوتن. لەناویشەوە، تەواو دەردەکەوت کە جیاوازییەکی قووڵی ئیتنیی هەردوو کارگێڕییەکەی لەیەکتری جیادەکردەوە."[55]

هەرچەندە، پێش ئەوەی هیچ یەك لە بەندەکانی رێکەوتننامەکە بتوانرێت جێبەجێبکرێت، هێزەکانی دیکە دەستیان تێوەردا، رێبەرانی ئازەربایجان بەندی ٥ ی رێکەوتننامەکەیان پێشێلکرد، کەوتنە دانوسان لەگەڵ تاراندا بۆئەوەی رەوایی بە پێگەی خۆیان بدەن. لەرێگەی رێکەوتننامەیەك لە ١٣ی ژوونی ١٩٤٦ لەنێوان پیشەوەری و موزەفەر فەیروز، هەموو ئازەربایجان، بەناوچە کوردییەکانیشەوە، بەشێوەیەکی فەرمیی بەئێران پەیوەستبوونەوە، لەکاتێکدا کە دیموکراتەکانی تەبریز هەمان پۆستەکانی خۆیان وەرگرتەوە کە لەحکومەتی دیموکراتدا هەیانبوو. رێکەوتننامەکە نارەزایەتییەکی گەورەی لای کوردان دروستکرد ئەوانەی واهەستیانکرد کە خولیاو ئارەزووەکانیان بەتەواوەتیی پشتگوێخراوە. حکومەتی تاران رازیبوو کە پارێزگاری ئازەربایجان لەنێو رێبەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دابنێت، د.سەلامولڵای جاوید ، وەزیری پێشوو لە رژێمی دیموکراتەکاندا، بووە پارێزگاری ئازەربایجان. ئەو تەنانەت بوونی کۆمارە کوردییەکەی پشتگوێخستو سەیفی قازیی وەك پارێزگاری کوردستان دامەزراند. ئەم کارە هێمائامێزە لەوەدا شکستیخوارد کە دانپێدانانی قازیی محەمەد وەك پێشەوای حکومەتە میللییەکە بەدەست بێنێت.

" لەکاتێکدا دیموکراتەکانی ئازەربایجان شەرعیەتیان بۆ ئەو پێگەیە بەدەستهێنا کە بەدەستیانهێنابوو، حکومەتەکەی قازیی محەمەد چیدی بەتەواویی هیچ بنەمایەکی نەبوو. کوردان لە کەمینەیەکی نێو دەوڵەتی ئێرانەوە بوون بە کەمینەیەك لەنێو دەوڵەتی ئازەربایجانی تورکییدا."[56]

## رووخانی کۆمارەکە

پاش ئەوەی قازیی محەمەد متمانەی بە رێبەرانی ئازەربایجان نەما، لە سەرەتای ئوتدا کەوتە دانوسانی جیا لەگەڵ حکومەتی تاران. ئەو لەتاران ئەحمەد قەوامی سەرۆك وەزیران و هەروەها ژێنراڵ رەزم ئارای بینی و لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆی لەبارەی خودموختاری یاخود نیمچە-خودموختاری بۆ کوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا کرد. داواکارییەکانی ئەو ناساندنەوەی سنووری نوێی هەرێمی کوردستان بوو کە تێکڕای ئەو ناوچانەی ئازەربایجانیش بگرێتەخۆی کە دانیشتووانەکەی کوردبوون، هەروەها کارمەندانی هەرێمیی کوردیی و سوپایەکی پارێزەری هەبێت کە لەدانیشتووانە خۆماڵییەکە بێت. سەرۆك وەزیران بە پێشنیازەکەی قازیی محەمەد رازیبوو بەمەرجێك کە قازیی رەزامەندیی د.جاویدی پارێزگارە دیموکراتەکەی ئازەربایجان بەدەستبێنێت، لەوانە بوو بزانێت کە د.جاوید هەرگیز رەزامەندیی دیموکراتە ئازەرییەکان یاخود سۆڤێتیەکان بەدەستناهێنێت. دانوسان بۆ ماوەیەك بەردەوامبوو، بەڵام هیچ دەرئەنجامێکی ئەرێیی بۆ کوردان لێ سەوز نەبوو.[57]

لەم ماوەیەدا هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ گێڕانەوەی ئارامیی و ئاسایش بۆ تەواوی وڵاتەکە دەستپێکرد، لەکۆتایی نۆڤەمبەردا، ئەرتەشی ئێران زنجانی داگیرکرد کە شارێکی ئازەرییزمان بوو دەکەوتە ناوەڕاستی تەبریزو تارانەوە. لە ١٠ی دیسەمبەردا، ئەحمەد قەوام فەرمانێکی ئیمزاکرد کە تێیدا رێگەیدا بە سوپا بچێتە تەبریزو کوردستان تاکو لەماوەی هەڵبژاردنە پارلمانییەکەدا ئارامیی و ئاسایش بپارێزن.[58]

---

[55] Ervand Abrahamian, Iran between Two Revolutions (Princeton, NJ, 1982), 400.
[56] Archi Roosevelt, Jr., 'The Kurdish Republic of Mahabad,' 143–4.
[57] Ibid., 144.
[58] Abrahamian, Iran between . . . , 239.

حکومەتی ئێرانیی هۆکارێکی بەهێزی هەبوو کە متمانەی بە توانای خۆی هەبێت بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆی لەوڵاتەکەداو هەروەها لە رووخاندنی هەردوو حکومەتە هەرێمییە خودموختارەکەدا. هۆکاری یەکەم پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤێت بوو لە باکووری ئێران.[59] قەیران لە ئازەربایجان‌و کوردستان لەساڵی ١٩٤٦دا وایکرد حکومەتی ئێرانیی لەبەهاری ١٩٤٦دا، لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵابکات. حکومەتی ئێرانیی خوازیاربوو لەوە دڵنیابێت کە هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانەکان لە ٢ی مارتی ١٩٤٦دا، خاکی ئێران جێدەهێڵن. بەڵام کاتێك ئەو مێژووە دیارییکراوە هات هیچ نیشانەیەك بۆ پاشەکشەی سۆڤێت لەگۆڕێدا نەبوو. نامەی ناڕەزایەتیی بەفەرمیی لەلایەن بریتانیای مەزن‌و وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ئاراستەی یەکێتی سۆڤێت کرا.

لە٢٦ی مارتی ١٩٤٦دا، گرۆمیکۆ لەراگەیاندنێکدا وتی کە هەموو لەشکرەکانی سۆڤێت لەماوەی پێنج بۆ شەش هەفتەدا بەتەوایی لەخاکی ئێران پاشەکشە دەکەن. هەردوولا رێکەوتن کە ٦ی مایۆ دوا کات بێت بۆ پاشەکشەی سۆڤێت. هەروەها راگەیەندرا کە "بەگوێرەی بەندەکانی رێکەوتننامەکە دەبوو کۆمپانیایەکی هاوبەشی سۆڤێتی–ئێرانیی پێکبهێنرێت‌و بۆ تەسدیقکردن بخرێتە بەردەم مەجلیسی پازدەیەم لەماوەی حەوت مانگ پاش ٢٤ی مارت."[٦٠] هەروەها رێکەوتنەکە، مەسەلەی ئازەربایجانی وەك بەشێك لەکاروباری نێوخۆیی ئێرانیی لەقەڵەمدابوو کە پێویستە بە ئاشتییانە لەنێوان حکومەت‌و خەڵکی ئازەربایجاندا چارەسەربکرێت. بەگوێرەی رادیۆی مۆسکۆ، هەموو لەشکرەکانی سۆڤێت لە ٩ی مایۆدا، بەگوێرەی چەند چاودێرێکی دیکە لە چەند رۆژێکی کەمی دوای ئەو مێژووەدا، ئێرانیان جێهێشت.

هەمان کات، هێندێك لە سەرۆکخێڵە کوردەکان کە هەستیان بە گۆڕانی فەزا سیاسییەکە کردبوو، لەرێگەی کۆنسوڵی ئەمەریکیی لەتەبرێز پەیامیان ئاراستەی قەوام کرد. ئەوان لەو پەیامەدا جەختیان لە وەفادریی خۆیان بۆ حکومەتی ناوەندیی کردەوەو چاوەڕێی مامەڵەیەکی باشیشیان لەحکومەتەوە کرد. پەیامەکە لەلایەن عەمەرخانی شکاکەوە رەوانەکرا کە بەناوی هاوپەیمانی هێندێك سەرۆکخێڵەکانی دیکەشەوە بوو. لە ١٢ی نۆڤەمبەردا، پیاوەکانی عەمەرخان گەڕانەوە ناوچەی خێڵی شکاك‌و ئەوەشیان دەزانی کە سوپای ئێرانیی بەو زووانە دێتە ناوچەکەوە. هاوینە تاڕادەیەك هێورەکەی ساڵی ١٩٤٦، پایزێکی بەدواداهات کە رووداوی چاوەڕواننەکراوی تێدا قەوما. بڕیاری هێرشکردنە سەر ئازەربایجان‌و کوردستان لەنێوان شاهەنشاو ئەحمەد قەوامی سەرۆك وەزیران‌و ئەمیر ئەحمەدی وەزیری جەنگ‌و هەروەها حەسەن ئەرفەعی سەرۆکی ستادی ئەرتەشەوە درابوو. قەوام زۆر لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوو، دەترسا دەستێوەردانی هێزەکانی سۆڤێتی لێبکەوێتەوە بۆ پشتگیرییکردنی دیموکراتەکانی ئازەربایجان. باڵیۆزی سۆڤێتیی لەتاران لەچەندین بۆنەدا حکومەتی تارانی ئاگادارکردەوە کە دروستکردنی ئاڵۆزیی لەنزیك سنوورەکانی سۆڤێت ناتوانرێت چاوپۆشیی لێبکرێت. بەڵام شا کە لەلایەن سەرۆکی ستادەوە هاوکاریی دەکرا، بڕیاریدا سوپا پێشڕەویی بکات، هەروەها فەرمانی پێویست راستەوخۆ لەلایەن ئەوەوە دەدرا بە ستادی ئەرتەش.[٦١]

حکومەتی ئێران رایگەیاند کە یەکە سەربازییەکانی سوپای ئێران رەوانەی ئازەربایجان‌و کوردستان دەکرێن تاکو ئاسایش بپارێزن‌و چاودێریی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بکەن. هەمان کات وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگیریی لە ئۆپەراسیۆنەکە کرد. لە ٢٧ی نۆڤەمبەردا، باڵیۆزی ئەمەریکیی لەتاران، جۆرج ڤی. ئالن، بەئاشکرا بۆچوونی خۆی

---

59 هەرزوو پاش داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوەو لابردنی رەزاشا لەسەر تەخت، هەوڵگەلێك دران تاکو دانوسان بۆ رێکەوتننامەیەك لەگەڵ حکومەتی ئێران بکرێت کەشەرعیەت بداتە بوونی هێزە هاوپەیمانەکان. دواجار ئەم رێکەوتنە لەلایەن پارلەمانەوە ئەرێ کراو لە ٢٩ی یەنایەری ١٩٤٢دا واژۆکرا. Eagleton, The Kurdish Republic, 72.

60 Ibid., 73.

61 Arfa, The Kurds, 97.

دەربڕی سەبارەت بەوەی کە مەبەستی ڕاگەیەندراوی حکومەتی ئێرانی بۆ ناردنی هێزە سەربازییەکانی بۆ تەواوی بەشەکانی ئێران "بەتەواویی بڕیارێکی ئاسایی گونجاوە."[٦٢]

فەرمان بە لەشکری ٣ی سوپای ئازەربایجان درا کەلەژێر فەرماندەیی میر حوسێن هاشمیی بوو تاکو بەرەو تەبرێز پێشڕەویی بکات، هەروەها فەرمان بە لەشکری چواری کوردستانیش درا بەرەو مەهاباد بکشێت. کشان بەرەو تەبرێز هیچ بەرەنگارییەکی ڕووبەڕوو نەبووەوە،و سوپا شارەکانی یەک بەدوای یەکدا داگیرکردەوە. کاتێک هەواڵی سەرکەوتنەکانی سوپای ئێرانیو کشانی گەیشتە تەبرێز، حەشامات ڕژانە سەر شەقامەکان، دەستیانگرت بەسەر دامەزراوەکانی حکومەتو کەوتنە تالانکردنو سوتاندنو کوشتنی دیموکراتەکان . لەم کاتەدا، زۆربەی ڕێبەرانی حکومەتی ئازەربایجان هەڵاتنە یەکێتی سۆڤێت. بەڵام لەچەند ڕۆژێکی کەمی داهاتوودا، سەدەها کەس لەو دیموکراتانەی بەختێکی کەمتریان هەبوو، هەروەها ئەوانەی لەسوپای ئێرانی هەڵاتبوون گیران یاخود کوژران، چ لەلایەن دەسەڵاتەوە یاخود لەلایەن حەشاماتەکەوە.[٦٣] بڕێکی زۆر لە چەکو تەقەمەنی کە لەگەنجینەکاندا هەڵگیرابوون دۆزرانەوەو دەستیان بەسەرداگیرا. سوپا زۆر بەخێرایی کۆنترۆڵی ناوچەکەی کردەوە.

لەکوردستان، لەکاتێکدا سوپای ئێرانیی خۆی ئامادەکرد بەرەو باکوور پێشڕەویی بکەن، ڕێبەرانی کورد تکایان لە سۆڤێت کرد تاکو هەر پشتگیرییەکیان بکات. نوێنەرایەتیەکی کوردیی لەمەهابادەوە لە سەرەتای دیسەمبەردا، دیداری لەگەڵ هاشمۆڤ کۆنسوڵی سۆڤێتیی لە ورمێ کرد:

" لەوێ ئەوان دڵنیاکرانەوە کە حکومەتی ئێرانیی مەبەستێتی تەنیا هێزێکی کەم ڕەوانەی کوردستان بکات بۆ دابینکردنی ئارامییو ئاسایش بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، پاش ئەوە پاشەکشە دەکەن. لەبەر چەندین هۆ ڕوسەکان متمانەیەکی زۆریان بە مەبەستی قەوام پێشاندا."[٦٤]

لەچەند ڕۆژێکی کەمی داهاتوودا، ئاژانسی بازرگانیی سۆڤێتیی لە مەهاباد دەروازەی ئۆفیسەکەی خۆی پێوەدا. وەڵامی ئەو بۆ ئەو پرسیارەی کە بۆچی یەکێتی سۆڤێت کۆمارە کوردییەکی بەتەنیا جێهێشت ئەوەبوو کە، دووەمین جەنگی جیهانیی یەکێتی سۆڤێتی ماندووکردووەو کێشەی کۆمارە کوردییەکەش بۆ کێشەیەکی نێودەوڵەتیی.[٦٥]

هەواڵی کەوتنی ئازەربایجان، کۆمارە کوردییەکەی هەژان. قازیی محەمەدو هاوڕێکانی هێشتا دڵنیانەبوون کە چ هەنگاوێکی دژبە ئەرتەش بنێن. لەهەمان کاتدا، هێندێک لە هێزە خێڵەکییەکان، لەوانە هەرکی، شکاک،و بەگزادە بەرەیان جێهێڵاو گەڕانەوە بۆ ناوچە خێڵەکییەکانیان. سەرۆکەکانیان بەهەڵەداوان بەرەو تەبرێزو ورمێ ڕۆیشتن تاکو وەفادارییی خۆیان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانیی بسەلمێنن. نوێنەرایەتیی خۆجێی بریتانیی هەواڵیدا کە لەکاتێکدا سوپا لەکوردستان پێشڕەویی دەکرد، ژمارەیەک لە سنجابییەکان "پەیامێکی وەفادارییی"یان ئاراستەی سەرۆکی ستادی لەشکری کرماشان کرد تێدا هاتبوو:

" لەم قۆناغەدا کە دەسەڵاتدارانی حکومەت خوازیارن یەکێتی میلیی پتەو بکەن... لێتان دەپاڕێینەوە تاکو ئاگادارتان بکەینەوە کە سنجابییەکانو خێڵەکانی دی ئەوانەی کە هەمیشە ئامادەبوون گیانی خۆیان لەپێناو ئەم وڵاتەدا ببەخشن ئەمێستا هێشتا شانازیی دەکەن کە شانبەشانی سەربازە قارەمانەکان بەشداریی لەم نەبەردە میللییەدا

---

[62] Eagleton, The Kurdish Republic, 111.
[63] FO/371/52688, December 1946.
[64] Eagleton, The Kurdish Republic, 111.
[65]Kutschera, Kurdistan, 33.

بکەن . ئەگەر ئەم داوایەمان پەسەندبکرێت، بەهاوسۆزیی خۆتان هەنگاوبنێن چەك‌و جبەخانەمان بدەنێ‌و ئاسانکاریی گواستنەوە بۆ سوارەکانمان بکەن."[66]

لەمەهاباد، خەڵك چاوەڕێی قازیی محەمەدیان دەکرد کە دوا فەرمانی خۆی بکات. قاسملو رەوشەکەی بەمشێوەیە لەسایەی قازیی محەمەددا وەسفکردووە کە بڕیاربدات چی بکات. ئەو باس لەوە دەکات کە قازیی محەمەد دەبوو رەوشی نێوخۆیی کوردستان، رەوشی گشتیی ئێران‌و رەوشە نێودەوڵەتییەکە لەبەرچاوبگرێت. قازیی محەمەد نەیدەتوانی چاوەڕێی هیچ پشتگیرییەکی سەربازیی لە یەکێتی سۆڤێتەوە بکات.

قازیی ئەو هەڵوێستە خۆبەدەستەوەدەرانەی دیموکراتەکانی ئازەربایجان‌و دواتر بەزینیانی بینیبوو. ئەو هەروەها تێبینی ئەوەی کردبوو کە حکومەتی تاران لەتەواوی وڵاتدا دەستیکردووە بە هێرشکردنە سەر دیموکراتەکان. سەرۆکخێڵەکانی کورد دواجار هێزە سەربازییە خێڵەکییەکانیان لەکۆمارەکە کشانەوە. زۆربەی خێزانە دەوڵەمەندو ئاینییەکانی شارەکە ملکەچی خۆیان بۆ ژێنراڵ هومایۆنی دەربڕی. کۆمارە کوردییەکە ئەو توانا سەربازیی‌و رێکخراوەییەی نەبوو بەرووی ئەرتەشی حکومەتی ناوەندییدا بوەستێت.

لە ١٤ی دیسەمبەر، هێندێك لە رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان چوون بۆ ماڵی قازیی بۆئەوەی بڕیاربدەن کە داخۆ لەعێراق یاخود لە یەکێتی سۆڤێت ببنە پەنابەر. قازیی محەمەد بڕیارەکەیانی پەسەندکرد کە خۆیان رادەستی هێزەکانی حکومەت نەکەن، بەڵام ئەو بۆخۆی لەمەهاباد مایەوە. لە ١٦ی دیسەمبەردا، مەلامستەفا بارزانیش چوو تاکو قازیی ببینێت و لێی پاڕانەوە بۆئەوەی مەهاباد جێبهێڵێت. قازیی محەمەد وەڵامی دایەوە کە دەزانێت ژیانی لەمەترسییدایە، بەڵام ناتوانێت خەڵکەکەی بەتەنیا بۆ چارەنووسی خۆیان جێبهێڵێت.[67]

لە١٧ی دیسەمبەر، دروست پاش ساڵێك لەدوای داگیرکردنی شارەبانی مەهاباد، سوپای ئێرانی چووەنێو پایتەختی کۆمارە کوردییەکەوەو کۆتایی بەو قۆناغە بایەخدارەی مێژووی کورد هێنا. بەپێچەوانەی ئەوەی لەتەبرێز روویدا پاش ئەوەی شکستی دیموکراتەکان ئاشکرابوو، لەمەهاباد تاڵانکاریی روویندا، کەس بەهۆی دیموکراتبوونیەوە ئازار نەدرا. لەمەهاباد هەموو بەڵگەنامەو وێنەکان لەناوبران‌و هەر تۆمارێك کە بەڵگەی تێوەگلان بێت لە جووڵانەوە کوردییەکە سووتێنرا. چەکە سووکەکان شاردرانەوەو چەکە گەورەکانیش رادەستی سوپا کرایەوە.

لە٢١ی دیسەمبەردا، ژێنراڵ هومایۆنی بەمەبەستی چەککردنی خێڵەکان، تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەو سەرکردە ناسراوەکانی کوردیی بانگێشتی شارەبانی کردو داوای لێکردن لیستی دابەشکردنی چەکەکان‌و پسوڵەی وەرگرتنی ئەو چەکانە پێشکەش بکەن . بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی هیچ تۆمارێکی نەبوو، چونکە پێش گەیشتنی سوپا هەمووی سووتاندبوون. ژێنراڵ فەرمانی دەستگیرکردنی تەواوی ئەو ٢٨ رێبەرە کوردەی دا، لەگەڵ قازیی محەمەدو سەیفی قازیی.

قازیی محەمەدو سەیفی قازیی لەو ٢٨ رێبەرەی دیکە جیاکرانەوە. لە ٣٠ی دیسەمبەر، زیندانی تایبەتی سێیەم کە سەدری قازیی لەتاران بوو، رادەستی مەهاباد کرایەوە، لەسەرەتای یەنایەر، دادگایەکی سەربازیی تایبەت دانرا تاکو بڕیار لە چارەنووسی قازییەکان بدات. کۆلۆنێل پەریستابار سەرۆکی دادگاکەو کۆلۆنێل فیوزی داواکاری گشتیی بوو. دادگاییەکە بەوپەڕی نهێنییەوە بەڕێوەچوو، تەنانەت ئەمڕۆش زۆر کەم لەبارەی رووداوە راستیینەکانی ئەو دادگایەوە دەزانرێت. ئیگڵتن نووسیویەتی:

---

[66]FO/371/52702, December 11, 1946.
[67] Kutschera, C., Kurdistan, reprint from Ketab-l Jumeh, Nos 19, 20 and 21 (Tehran, 1981). 33.

" له ٩ی یەنایەردا، قازیی بەدرێژیی بۆ بەرگریی لەخۆی قسەیکرد، ناڕەزایەتیی دژی ئەو کارو هەنگاوانە دەربڕی بەوەی کە دادگای سەربازیی لەمەهاباد ناتوانێت لەگەڵ کێشەکەی ئەودا مامەڵە بکات، چونکە ئەو وەك مەدەنییەك پێویستە لەبەردەم دادگایەکی مەدەنی دەربکەوێت، یاخود لەبەردەم دادگای سەربازیی لەتاران. لەوەش زیاتر، ئەو سکاڵای لەوەکرد کە دادگا هیچ کاتێکی تەواوی نەداوەتێ تاکو پارێزەر هەڵبژێرێت."[٦٨]

بەڕێوەچوونی کارەکانی دادگاکە ٧٢ ساتی خایاند، لەکۆتاییدا کە تێیدا هەر سێ قازییەکە بە مەرگ سزادران. بڕیارەکە رەوانەی تاران کرا کە پێدەچوو ئەرێکردنی بەئارەزوو دوابخرێت. ژێنراڵ هومایۆنی کۆڵۆنێڵ فیوزی نارد بۆ تاران تاکو لە دواکەوتنەکە بکۆڵێتەوە. لەوێ پێی وترا کە بڕیارەکە لەلایەن قەوامەوە ئەرێ کراوە بەڵام "لەبەرچاوگرتنی سیاسیی" دواخستنی زیاتر دەخوازێت.[٦٩] لەوکاتەدا، قەوام سەرقاڵی دانوسان بوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سۆڤێتیی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتەکەو هەروەها جیاوکی نەوتیی. ئەوەش پێویستی بە فەزایەکی هێور هەبوو. دواجار لە ٣٠ی مارتدا، کاتێك ژێنراڵ هومایۆنی لە ورمێ سەرقاڵی چارەسەری کێشەی بارزانییەکان بوو، ئەرێکردنی بڕیارەکەی بەدەست گەیشت. ئەو راستەوخۆ پەیامێکی رادیۆیی رەوانەی مەهاباد کرد بۆئەوەی بڕیارەکانی لەسێدارەدان جێبەجێبکەن.

لە٣١ی مارتی ١٩٤٧دا، قازیی محەمەدو سەدری قازیی برایو هەروەها سەیفی قازیی ئامۆزای لەمەیدانی چوارچرای مەهاباد لەسێدارەدران، ئەو مەیدانەی کە ١٤ مانگ پێشتر قازیی محەمەد کۆمارە کوردییەکەی لێوە راگەیاند. لەسێدارەدانەکە لەنیوەی شەوو لەنهێنییەکی تەواودا بەڕێوەچوو. رۆژی دوایی خەڵکی مەهاباد کاتێك تەرمی هەرسێ قازییەکەیان لەمەیدانەکەدا بەهەڵواسراوی بینی تووشی شۆك بوون. دەسەڵاتدارانی سەربازیی بەدرێژایی ئەو رۆژە تەرمەکانیان لەبەرچاوی گشتیی راگرتبوو.

لەسەرەتای ئەپرڵی ١٩٤٧، پێنج کوردی دیکەش هەڵواسران، چواریان لەمەهابادو پێنجەمیشیان لە بۆکان. ئەوانەش مەیجۆر عەلی خانی شێرزاد لەبۆکان، کاپتن حەمید مازوچی، لیتوان محەمەد نازمی، لیتوان رەسوڵ نازدار، هەروەها لیتیوان عەبدوڵڵای رۆشەنفیکر بوون.

جارێکی دیکە حکومەتی تاران دەسەڵاتی خۆی لە مەهاباد دامەزراندەوە، بەوەش فشارێکی درێژخایەن لە سەرکوتکاری سیاسیی دەستپێکرد. کتێبە کوردییەکان لەمەیدانی گشتییدا لەلایەن سەربازەکانەوە ئاگریان تێ بەردەدرا، هەروەها فێرکردنی زمانی کوردیی قەدەغەکرا.

## چیرۆکی بارزانییەکان

کاتێك سوپای ئێرانی مەهابادی داگیرکردەوە، بارزانییەکانو هێزە سەربازییەکانیان بۆ نەغەدە پاشەکشەیان کرد. ئیگڵتن دەڵێت گوایە مەلامستەفا کاری بۆئەوە کردووە"هەزارەها لە تفەنگە باشەکانو لەگەڵ ١٢٠ رەشاشو ٢ تۆپ ژمارەیەکی زۆر بۆمبی دەستی بەرێت بۆ نەغەدە."[٧٠] حکومەتی ئێران پێشنیازی چارەسەری نیشتەجێبوونی خستە بەردەم خۆیو هاوپەیمانەکانی. مەلامستەفا لەوەدا شکستیهێنا کە شێخ ئەحمەدو ئەفسەرە هەڵاتووەکانی دیکەی سوپای عێراق رازیبکات پلانی نیشتەجێبوون پەسەند بکەن. ئەو بۆخۆشی زۆر پەرۆش نەبوو بێ چەكو بێ دەسەڵات لەژێر رەحمەتی دەسەڵاتدارانی ئێرانیی نزیك تارانو دوور لە کوردستان بمێنێتەوە. ئەو بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ عێراق. لەکاتی گەڕانەوەیاندا، لەلایەن هێزی ئاسمانی ئێرانییەوە بۆمباران کران لەو هەوڵەدا کە پێگەی بارزانییەکان

---

[68] Eagleton, The Kurdish Republic, 122–3.
[69] Ibid., 122–3.
[70] Ibid., 115.

لەشاخەکاندا دیارییبکەن، لەکاتێکدا ستونەکانی سوپا بەرەو رۆژئاوا دەجووڵا تاکو لە خۆبەدەستەوەدانی دڵنیابێت. هەروەها لە باشوورەوە، هێزەکانی عێراقیش بەوریاییەوە چاودێریی سنووریان دەکرد.[71] لە ١٩ی ئەپڕلی ١٩٤٧، هەواڵی ئەوە هەبوون کە ١٥٥٠ پیاوی بارزانی لەنێویاندا شێخ ئەحمەدو چوار ئەفسەرە هەڵاتووەکانی سوپای عێراق، ١٦٨٦ ژن و ١٣٢٩ منداڵ لە سنوور پەڕیونەتەوەو خۆیان رادەستی عێراق کردۆتەوە.[72] هەروەها مەلامستەفا لەگەڵ ٢٠٠ کەس لەشوێنکەوتووانی چوونەوە عێراق و داوای لێخۆشبوونیان کرد، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق کە دوای خۆبەدەستەوەدانی بێمەرجی ئەویان دەکرد، ئەمەیان رەتکردەوە. لەژووندا، حکومەتی عێراق چوار ئەفسەرەکەی سوپای لەسێدارەدا: مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا، محەمەد مەحموود، هەروەها عیزەت عەبدولعەزیز، ئەوانەی لە گەڵ کۆمارە کوردییەکەدا تێوەگلابوون.[73] مەلامستەفا پێش ئەو لەسێدارەدانانەش لەوە تێگەیشتبوو کە حکومەتی عێراق هیچ رەحمێکی پێناکات. کاتێك مەلامستەفا خۆی لە گۆشەیەکدا بەقەتیسکراوی بینییەوە، لەگەڵ هێزەکانیدا کە نزیکەی (٥٠٠-٨٠٠) کەس دەبوون لەرێگەی تورکیاوە گەڕایەوە ئێران و لەوێش داواکاریی بۆ پەنابەریی رەتکرایەوە. ئەو لەلایەن دەسەڵاتدرانی ئێرانییەوە داوای ئەوەی لێکرا دەستبەجێ خۆی بەدەستەوەبدات.

مەلامستەفا درکی بەوەکرد کە هیوایەك بە هاوسۆزیی وڵاتە دوژمنەکانی وەك عێراق و ئێران و هەروەها تورکیا نییە. تەنیا هیوایەك مابێت یەکێتی سۆڤێتە. لەنێوان ٣١ی مایۆ و ٢ی ژووندا، سوودیان لەتاریکیی شەو بینی و دەستیانکرد بەچوونە ناو خاکی تورکیاوەو پاشتر گەڕانەوە ناو ئێران، بەنێو بەتالیۆنێکی ئێرانییدا تێپەڕین بێئەوەی هەستیان پێبکەن. ستونێکی سوپای ئێرانیی لەباکوورەوە دوای بارزانییەکان کەوتبوون، هەروەها دوو ستونی دیکە لە باشوورو رۆژئاواوە کشان بۆئەوەی پەیوەستبن بەو هێزەکانی باکوور لە دەوروبەری ماکۆ. بارزانییەکان بەرەو باکوور بۆ چیای ئارارات کشان لە رووباری ئاراس نزیکبوونەوە کە سنووری نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤێتە. لەکەناری رووبارەکە چەند بەلەمێکی سۆڤێتییان دیتەوە چاوەڕێی گەیشتنی ئەوانیان دەکرد. لە ١٦ی ژووندا، ئەوان بەشێکی زۆری کۆڵەپشتەکانیان فرێداو بەمەلەوانی لە رووبارەکە بەرەو یەکێتی سۆڤێت پەڕینەوە.[74] پاشەکشەی بارزانییەکان ١٤ رۆژی خایاندو ٢٢٠ میلی بڕی. سوپای ئێرانیی دوو رۆژ دواتر گەیشتنە رووبارەکەو لەکاتێکدا هیچیان نەدۆزییەوە جگە لە بڕێك تفەنگ و نارنجۆك و تەقەمەنیی، لەگەڵ دوو تەرمی بارزانی کە لەکاتێکدا هەوڵی پەڕینەوەی رووبارەکەیاندابوو، خنکابوون.

## ئەنجامگیریی

من بە پشتبەستن بە بیرۆکەی "سستە شۆڕش"ی گرامشی، شرۆڤەی کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦م کردووە، جووڵانەوەکە سیماو تایبەتمەندیی "سستە شۆڕش"ی هەبووە کە خاوەنی کەمی بەشداریی جەماوەریی بووە. هێزێکی دەرەکیی هاندەری پێکهاتنی بووە. کۆمارەکە زۆربەی پشتگیرییەکانی خۆی لە مەهاباد و شارەکانی دەوروبەرییەوە بەدەستهێنا، وەك: بۆکان، شنۆ، هەروەها نەغەدە. کۆمارەکە لەماوەی کورتی تەمەنیدا بەشێوەیەکی سەرەکیی لەلایەن ئینتێلێجێنسیای شارەکییەوە رێبەرایەتیی دەکرا، لەسنوورێکی تەسکی جیۆگرافیشدا قەتیس مابوو. ئەو ریفۆمە

[71] FO/137/61986, April 13, 1947.
[72] FO/137/61986, April 22, 1947.
[73] Eagleton, The Kurdish Republic, 126
[74] FO/371/61982, June 26, 1947.

کۆمەڵایـەتیی و ئابوورییانـەی لەلایـەن کۆمارەکـەوە بانگەشـەی بـۆدەکرا، بەتـەواوەتی سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنی مەسـەلەکانی خێڵگـەرایی و خاوەنداریّتیی زەوی و هـەروەها ریفۆرمی زەوی، شکستیخوارد. بێکاریگـەریی ریفـۆرمێکی بـەو چەشنە ناگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ویستی رێبەرانی کۆمارەکە بۆ ریفۆرمگەلێکی کاریگـەر، بەڵکو زیاتر، بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە توانـای جێبـەجێکردنی ئـەو ریفۆرمانـەیان نـەبوو. ئەمـەش بـەزۆری زادەی ئـەو راستییە بـوو کـە هێـزە بنەڕەتییـە سـەربازییەکانی کۆمارەکـە لەلایـەن ئـەو سـەرۆکخێڵەکانەوە دابینکرابـوو کـە بۆخۆیـان موڵکـداریش بـوون. دامەزراندنی کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦، زادەی هاوکاریی نێوان بژاردەی خوێندەوار بوو کەلەلایەن رۆشنبیرانی شارەکیی سەربە چینی ناوەڕاست نوێنەرایەتیی دەکران، ئەوانەی بانگەشەیان بۆ نەتەوایـەتیی سیاسیی و کـەلتووریی کـوردیی دەکـرد، لەگـەڵ بژاردەیـەکی سـەربازیی–سیاسـیی کـە لەلایـەن سـەرۆکخێڵە دەسـەڵاتدارەکانەوە نوێنەرایـەتیی دەکران، ئەوان خوازیاربوون سوود لەپاشاگەردانی قۆناغی جەنگەکە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان ببین.

نەمانی ئـەو رەوشـە نێودەوڵەتییـەی زەمینـەی بۆ دامەزرانـدنی کۆمارەکـە خۆشـکردبوو یـەك لـە هۆکارەکـانی شکستی کۆمارەکە بوو. رۆژئاوا بڕیاریدا بوو رژێمی شا بگێڕێتەوەو دەسەڵاتی لەتەواوی ئێراندا بچەسپێنێت. هەروەها یـەکێتی سۆڤێتیش بەهیوای دەستکەوتنی جیاوکی نەوتیی، لایەنی حکومەتی ئێرانی گرت. ئەمـەش پێدەچێت مۆری خـۆی لـە شکستی کۆمارەکە دابێت، ئەوەی کە ئەوەندە لاوازبوو نەیدەتوانی بەرەنگاری سوپای هێـزە سـەربازییەکانی حکومـەتی ئێرانیـی ببێتـەوە کـە لەلایـەن رۆژئـاواوە بەشـێوەیەکی بـەهێز پـشتگیریی سیاسـیی و سـەربازیی لێـدەکراو بەچـەکی رۆژئاوای چەکداربوو، لەلایەن ئەوانیشەوە سەرپەرشتی و چاودێریی دەکرا.

هەرچەندە، دەگونجێت سروشتی کۆمەڵگەی کوردیی لـەو کاتـەدا، فاکتـەرێکی هـەرە گرنگ بێت لـە دیارییکردنی ئـەو شێوەیەی کە بەخۆیەوە بینی. جووڵانەوەکە بەرجەستەی قۆناغێکی وەرچـەرخان دەکـات لـەنێوان خێڵگـەرایی و هۆشـیی نەتەوایەتییدا. کۆمارە کوردییەکە بەرجەستەی پشکوتنی جووڵانەوەیەکی نەتـەوەیی دەکـات لەکۆمەڵگەیەکـدا کەهێـشتا پاشماوەیەکی بەهێزی کـەلتوورو عەقڵییـەتی خێڵـەکیی تێـدا مـابوو، لەکاتێکـدا رێبەرایـەتی کـوردیی نـوێ لـە رۆشـنبیرە شارەکییەکان ئەلتـەرناتیڤێکی نوێیـان پێشکەشکرد کـە نەتەوایـەتیی بـوو. ئـەوە ئـەو دووانـە بـوون – سـەرۆکخێڵەکان و رۆشنبیرانی شارەکیی– کـە هێـزە سـەرەکییەکانی کۆمەڵگـەی کوردییـان پێکدەهێنـا کـە لەهێنـدێك حاڵـەتدا دژبەیـەکیش بوون. ئەوە کێشمەکێشی نێوان ئەو دوو هێزە بوو کە زیاتر لە هەرشتێکی دی سروشتی جووڵانەوە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦ی دیارییدەکرد. لەسایەی رەوشێکی لەم چەشنە، هەریـەك لـەو دوو هێـزە سـەرەکییە نەیانـدەتوانی بـێ هاوکـاریی ئـەو دیکـە دەسـەڵاتی خۆیـان بـچەسپێنن. سـەرۆکخێڵەکان نەیانـدەتوانی هـەروەك دەورانـی سمکـۆ بەتـەنیا دەسـەڵات بگرنەدەست، چونکە ئەمێستا رێکخراوی سیاسیی هەبوو لایەنگریی لە نەتەوایـەتیی کـوردیی دەکـرد و رکابـەری لەگـەڵ وەفاداریی و ئینتیمای خێڵەکیی دەکرد، بەڵام رۆشـنبیرە شـارەکییەکانیش نەیانـدەتوانی سـەرۆکخێڵەکان پـشتگوێبخەن یـاخود دوژمنایـەتییان بکـەن، چـونکە پێویـستیان بـە نفـوزی سـەربازیی و سیاسـییان بـوو. هەرچـەندە، هـەروەك چارەنووسی کۆمارەکە دەریخست، لەماوەی جووڵانەوەکەی سـاڵی ١٩٤٦دا، هێشتا هەڵوێستی خێڵـەکیی باڵادەستبوو بەسەر هەستی نەتەوایەتییداو ئاراستەی رووداوەکانی دیارییدەکرد.

بەهەرحاڵ، لایەنگرانی سەرەکیی و رێبـەرانی کۆمارەکـە بریتیبـوون لـە: نـاودارانی شـار، کارمەنـدانی بـاڵا، موڵکـدارانی شارنشین و خـەڵکی پرۆفیشناڵ. ئەوەی بەتایبـەتی گرنگـە ئەوەمـان لـەبیرمان بێـت کاتێـك رەخنـە لەکۆمارەکـە دەگیرێـت بـەوەی کـە نـەیتوانیوە لـەنێو جووتیارانـدا کاریگـەریی هـەبێت و هـیچ بەرنامەیەکیـشی بـۆ دابەشـکردنەوەی زەوی ئەنجامنـەداوە. هـەروەك پێـشتر ئامـاژەی بـۆکرا، زۆربـەی سـەرۆکخێڵەکان موڵکـداربوون و زۆرینـەی خێڵەکییـەکانیش جووتیاربوون. بـەوەش کـارێکی فـرە زەحمەتـە هـەر پێشکەوتنێك لـە مەسـەلەی ریفۆرمی زەویدا بێتـەدی بـەبوونی ئـەو پەیوەندییـە خێڵایەتییـە بـەهێزەی بەکۆمەڵگـەی کوردسـتاندا ئامادەبوو، بەتایبـەت کاتێـك لـە رێبەرایـەتیی کۆمارەکـەدا سەرکردەگەلێکی خێڵەکیی دەسەڵاتدار هەبن. ئەوەش بەتایبەتی مانای ئەوە بوو کە بەهۆی ئەو رەوشە ئابوورییـەی کـە

**له ناوچه گوندنشینەکاندا لەئارادابوو، ئێنتێلیجێنسیا لەرێگەی بانگێشتی سەرۆکخێڵەکانەوە دەستی بە جەماوەری ناوچە گوندنشینەکاندا دەگەیشت. نەبوونی رایەڵەی بەرفراوانی بازاڕ مانای ئەوە بوو کە ناوەندی شارەکان لە گوندە کوردییە پەراوێزو دووردەستەکان دابڕابوون، ئەوەش وایدەکرد کە بانگەشەی راستەوخۆی جووتیارانی کورد لە "دەرەوە"ی ستراکتۆری خێڵەکییداو بەبێ یارمەتیی سەرۆکخێڵەکان ئەرکێکی فرە ئەستەم بێت.**

**لەوەش زیاتر، خێڵەکان بەشێکی گەورەی هێزە سەربازییەکانی کۆمارەکەیان دابیندەکرد. هەربۆیە رێبەرایەتییە ناخێڵەکییەکە دوودڵبوو لە ئەنجامدانی هەرجۆرە دابەشکردنەوەیەکی بنەڕەتیی زەوییدا. تەنانەت ئەگەر ویستی کردنی ئەو کارەشیان هەبووایە، ئەوا رووبەڕووی بەرهەڵستکاریی سەرکردە خێڵەکییەکان دەبوونەوەو لەجووڵانەوە نەتەوەییەکە دەریاندەپەڕاندن. هەمان هۆکار لەپشت سنووردارکردنی توانای جووڵانەوە کوردییەکە بوو تاکو نەتوانێت پشتگیریی جووتیاران بەدەستبێنێت و لەئاستێکی بەرفراواندا تەیاریان بکات. لەماوەی کۆمارەکەدا ژیانی جووتیاران گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو یاخود زۆر باش نەببوو. تەنانەت ئەگەر بەرنامەی دابەشکردنەوەی زەوی و چاککردنی ژیانی جووتیاران پێشنیاز کرابا، گرفتە سەرەکییەکە خۆی لە جێبەجێکردنیدا دەبینییەوە.[•]**

---

[•] لەراستیدا خۆبەدوورگرتنی سەرانی کۆمار لەریفۆرمی کۆمەڵایەتیی و هەڵپەکردن بۆ زەوتکردنی زەوی‌وزاری موڵکدارەکان و بەخشینەوەیان بەو شێوە رادیکاڵەی لەئازەربایجان روویدا، کارێکی لەخۆڕاو بێ وردبوونەوەوو هۆکار نەبوو. بۆ تێگەیشتن لەمەسەلەیەکی وا پێویستە سروشتی دیموکراتی لیبراڵانەی کۆماری کوردستان، بافتی دەزگابالاکانی حکومەت، ستراکتۆری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواریی خاوەن سروشتی رژێمی ئەرباب ـ رەعیەتی، هەروەها ئاستی هۆشی چینایەتیی جووتیارانی کورد کە وابەستەی تەواوی موڵکدارو سەرۆك عەشیرەتەکانیان بوون، ئەمانە تێکڕا کەپێشتر کەم‌وزۆر ئاماژەیان بۆ کراوە، پێویستە لەکاتی بڕیاردان لەمەسەلەیەکی بەمجۆرە لەبەرچاو بگیرێن. هەروەها لێرەدا پێویستە حیسابێکی تایبەتیش بۆ تەمەنی کۆمارو گشت ئەو گیروگرفتە ئابووریی و سیاسییانە بکرێت کە لەبەردەم حکومەتی کوردستاندا قوتبوونەوەو رێگرێکی سەخت بوون لەهەڵهێنانی هەنگاوی گەورەتر لەوەی کە نرا لە بواری ئابووریی و کۆمەڵایەتییدا.

وەك دەزانرێت بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی و دوای جەنگیش، چینی ناوەند لەشارەکانی کوردستاندا تازە کەوتبوونە سەرپێ، رۆشنبیران و ئازادیخوازە نیشتیمانپەروەرە کوردە تازەپێگەیشتووەکان گەرچی بەقووڵیی بڕوایان بە زەرورەتی رابەرایەتیکردنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی لەلایەن رێکخراوێکی سیاسیی و پێشکەوتووخوازەوە هەبوو، گەرچی بەکردەوە سەرەنجام ح.د.ك یان دامەزراندو جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردیان گرتە دەست، بەڵام لەرووی هێزی ئابووریی و چەکدارییەوە چینی ناوەندو رۆشنبیرانی کورد ئەوە نەبوون شان لەشانی سەرۆك عەشیرەتە ناسراوەکان و موڵکدارە گەورەکانی کورد بدەن و لەبەرامبەریاندا لاواز دەهاتنە بەر چاو ح.د.ك بەکردەوە نەیدەتوانی سەربەخۆو دوور لە پشتگیریی و سەرکەوتنی هێزە دیموکراتخوازەکانی تری سەرانسەری ئێران ، بەرامبەر نفوزو کاریگەریی شێوەی کۆنی بەرهەمهێنان و رژێمی دەرەبەگایەتیی ـ عەشیرەتیی و ئاکاری دادۆشەرانەی موڵکدارەکان بوەستێتەوەو بەیەك شێوەو ئاست پڕ بەخەباتی نەتەوایەتیی و چینایەتییدا بکات و دژی دەسەڵاتی ناوەندیی و رژێمی دەرەبەگایەتیی و ئاکاری عەشیرەتیی لەکوردستاندا بچێتە سەنگەرەوە. لەلایەکی ترەوە، محەمەد رەزاشا بەپێچەوانەی باوکییەوە سیاسەتی راکێشان و رازییکردنی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی گرتبۆبەرەو بە بەشێکی پێکهێنەرو تەواوکەری رژێمە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دەزانین کە لەتارانەوە رابەرایەتی دەکرا. هەربۆیە بەشێکی ئەم توێژە لەکوردستان بە گومانەوە هەڵس‌وکەوتیان دەکردو لەهەر هەنگاوو دەستکەوتێکی کۆمار دەسڵەمینەوە.

پێشەوا قازیی محەمەدیش کە بۆخۆی دژی کاری عەشیرەتیی و هەڵسوکەوتی سەرەك عەشیرەتەکان بوو، بەڵام لەبەر بەردەوامبوونی ئەزموونەکەو دانەگیرساندنی ئاژەوەی ناوخۆ هەندێك مەسەلەی بۆ دواتر هەڵگرتبوو. هەرچی ئەو ئاغاو سەرۆك عەشیرەتانەشە دەیانزانی کە بەردەوامبوونی حکومەتی کوردستان و گەشەسەندنی کۆمەڵگای کوردەواریی و چەسپاندنی دیموکراسیی، زەنگی خەتەری لەناوچوونیانە، هەربۆیە ژێر بەژێر کەوتنە پەیوەندیکردن بەتارانەوە. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری لە ل ١٢٨–١٢٩ی بیرەوەرییەکانیدا رەخنەی ئەوە لە پێشەوا دەگرێت کەبۆ لاوازکردنی سەرۆك عەشیرەتەکان کاری کردووەو دژی ئاغاکان و دەرەبەگی کورد جووڵاوەتەوە بەلاسایی کردنەوەی ئازەربایجان و دەڵێت:" قازیی محمد ئەگەر بۆی بکرایە بەزووترین کات ئاغاواتەکانی لەناو ئەبردن.. لەو باوەڕەدا بوم ئەگەر لەترسی روس و ملا مستەفاو حمە رەشیدخان نەبوایە هەر زو ئاغایەکان لەقازی محەمەد رائەپەرین و.. ئەنجومەنە ئەیالەتیەکەیان لەناو ئەبرد".

لێرەدا، لەگەڵ ئەو خواستەی رۆشنبیرانی شارەکیی هەیانبوو بۆ راکێشانی جەماوەر بۆ جووڵانەوە نەتەوەییەکە، هێشتا جووڵانەوەکە دەبێت وەك یەکێك لە "سستە شۆڕش"ەکان ریزبەند بکرێت. ئاشکرایە نەبوونی بەرنامەیەکی رادیکاڵتر بۆ چاکسازیی یان وەرچەرخان پێویستە بگەڕێنرێتەوە بۆ نەتوانینی ئێنتێلێجێنسیا زیاتر لەوەی هۆکاری ئەوە بێت کە نەیانویستووە. ئالەم پرسەدا "سستە شۆڕش" وەسفی تایبەتمەندیی ریشەو قۆناغە بەراییەکانی جووڵانەوەکە دەکات.

ئەوەی پەیوەندی بە ناتوانایی ئێنتێلێجێنسیای کوردییەوە هەیە سەبارەت بە تەیارکردنی جەماوەری کوردیی، کەمیی هۆشیاریی و نەبوونی رێبەرایەتییەکی باش رێکخراوو بەهێزە. رێبەرایەتیی کوردیی نزیکەی ئەزموونێکی سیاسیی ئەوتۆی نەبوو. پێویست ناکات بوترێت کە بەبەراورد بە جووڵانەوەکەی سمکۆ، کۆمارەکە رێکخراوێکی سیاسیی و رێبەرایەتییەکی فرە باشتری هەبوو. هەرحاڵ، جووڵانەوەکە ئەرکێکی نەتەوەیی جدیی لەپێش خۆی دانابوو کە ئەرکی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییە. ئەوەیە کە لەم رووەوە رێکخراوی سیاسیی و رێبەرایەتییەکەی لەگەڵ ئەرکە سیاسییەکەیدا زۆر نەدەهاتەوە. تەنیا رێکخراوێکی سیاسیی کە لەکوردستاندا هەبووبێت کۆمەڵەی ژ.ك بوو کە بۆماوەی سێ ساڵ چالاك بوو، ئەویش دەیتوانی زۆر کەم لە رێگەی پشتگیریی سیاسیی و رێکخراوەییدا پێشکەش بکات. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوکاتەدا رێکخراوێکی پێگەیشتوو نەبوو، لەرووی دیسپلینەوە لاوازبوو، هەروەها کەمیی کادری راهێنراو بۆئەوەی جووڵانەوەکە پێشبخەن، سنوورە ئایدیۆلۆجییەکانی روون نەبوون و نەیدەتوانی بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ کۆمارەکە پێشکەش بکات. حیزبی دیموکرات رێکخراوێك بوو تێکەڵ بە پەیوەندییە خێڵەکییەکان، نە هەماهەنگیی و نە یەکگرتوویی پێوەدیاربوو، ناکۆکیی و دابەشبوون وایکردبوو حیزب نەتوانێت لەساتە هەستیارەکاندا بڕیار بدات.

هەرچەندە، وێڕای ئەو کەموکورتییانە، کۆمارە کوردییەکە یەکەمین جووڵانەوەی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردییە لە رووی زمان، داواکارییە سیاسیی و نەتەوەییەکانیی، رێبەرایەتییەکەی، بەرنامەکەی و هەروەها رووخسارەوە. کۆمارەکە بەرجەستەی دەستکەوتێکی مەزن دەکات بەرەو پەرەسەندنی جووڵانەوەی سەربەخۆیی نەتەوەیی کوردیی. ئەو کۆمارە وێنایەکی مێژوویی مەزنی سەبارەت بە کورد وەك نەتەوەیەك پێشکەشکرد.

# بەشی پێنجەم: ئابووریی سیاسیی نەتەوایەتیی کوردیی

## دەروازە

ئێمە بەهێندێك درێژیی لەبەشی دووەمدا گفتوگۆمان سەبارەت بەو گۆڕانکارییانە کرد کە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی جۆری کۆمەڵگەی "رووبەڕووی" خێڵەکیی. زۆربەی خەڵکە کوردە کۆچەرەکە، بوونە بەشێك لەو دانیشتووانە نیشتەجێیەی گوندنشین کە چیدی ژیانی ئابوورییان تەنیا پشتی بە ئاژەڵداریی نەدەبەست، بەڵکو بەشێوەیەکی بایەخدار، بە کشتوکاڵیش. هەروەها ئەو جۆرە کۆمەڵانەی دواتریشیان، کۆمەڵگەی "رووبەڕوو" بوون، بەڵام لەجۆری گوندنشین. پێدەچێت وادەرکەوێت کە هەموو ئەوەی روویداوە ئەوەیە کە شوێنی جۆرێکی کۆمەڵگەی "رووبەڕوو" بەجۆرێکی دیکە گیراوەتەوە، بێئەوەی هیچ جۆرە گۆڕانێك لە عەقڵییەتی پێشووی ئەو دانیشتووانە گوندنشینەدا بێتەئارا بەوەی خۆیان وەك کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی هەماهەنگ ببینن.

لەم ئارگومێنتەدا راستییەك هەیە، بەڵام ئەوەی پێویستە تێبینیبکرێت ئەوەیە کە ئەو گوندانەی بەهۆی جێگیرکردنی خێڵە کۆچەرەکانەوە هاتۆتەئارا جیاوازە لە کۆمەڵگەی ئەو گوندانەی کە بوونیان لە عەقڵییەتی ئەندامەکانییەوە درێژدەبێتەوە بۆ سەردەمێکی دووری پێشوو. بەردەوامی لەوەی دواییاندا هەیە بەڵام نەك ئەوەکەی پێشوویان هەروەها ئەزموونی ئەم نابەردەوامییی و هەروەها گواستنەوەی ئەوەی لەجۆرێکی کۆمەڵگەی "رووبەڕوو"وە بۆ جۆرێکی تەواو جیاواز، خۆی لەخۆیدا بەشدارییەکی فرە گرنگە بەرەو زێدەبوونی بەئاگاهاتنەوەی ئەو خەڵکە کە تەنیا ئەندامێکی کۆمەڵە راستەوخۆکەی خۆیان نین بەڵکو ئەندامی کۆمەڵگەیەکی زۆر گەورەترن کە چەندین گرێبەندی هاوبەش پێکەیانەوە دەبەستێتەوە. وێڕای ئەوەی کۆمەڵی لادێ لەراستییدا باوترین جۆری کۆمەڵگەی "رووبەڕوو"ە لەژینگەیەکی کشتوکاڵی پێش پیشەسازییدا. هێشتا چەندین تەگەرە لەبەردەم خەڵکدا هەیە وەك ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەییدا بیر لەخۆیان بکەنەوە.

ئەم بەشە بۆ هەڵسەنگاندنی هێندێك لەو گۆڕانکارییە ئابووریی و دیمۆگرافییانە تەرخانکراوە کە زەمینەیەکی لەباریان بۆ گەشەکردنی نەتەوایەتیی و هەروەها لاوازکردنی رووخساری کۆمەڵگەی "رووبەڕوو"ی دانیشتووانی کورد لەئێران هێناوەتەئارا. بەپێچەوانەی بەشەکانی دیکەی ئەم کۆڵینەوەیە، ئەم بەشە زۆر چەندایەتییە. بەشێوەیەکی بنەڕەتیی نەك بەشێوەیەکی تایبەت سەبارەت بە بەشە لادێنشینەکانی کوردستانە کە تاکو ئەو دواییەش ئێمە دەتوانیین بڵێین دانیشتووانە کوردییەکە لەئێران بەشێوەیەکی گەوهەری لادێیە. هەرچەندە، لەو١٥ ساڵەی دوایدا ئەمە بەخێراییەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لادێیبوون هێشتا لە کوردستانی ئێراندا باڵادەستە، هەرچەندە دەگونجێت بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گەشەکردنە خێرایەی دانیشتتوانی شار، ئەمە زۆر نەمێنێتەوە.

ئـەو کاتـە سـەرەکییەی ئامـاژەی بـۆکراوە بریتیـە لـە ریفـۆرمی زەوی لەسـاڵانی ١٩٦٢-١٩٦٦، کـە بێگومـان تاکـە رووداوێکی زۆر گرنگە لە ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردستانی لادێنشیندا. ئێمە ئەو رووداوانە لەبەرچاودەگرین کە هەر لە دووەمین جەنگی جیهانییەوە بوونەتەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی هاتوونەتەئارا، بەڵام هێندێك داتا فرە نوێیەکان کە بۆ ساڵانی ١٩٨٠کان دەگەڕێتەوە، بەهێندێك درێژیی باسی لێوەکراوە.

ئەو مشتومڕە لە سێ باسدا پێشکەشکراوە، لەیەکەمدا، من سەیری ژمارەیەك لەو هۆکارانەم کردووە کە بەشدارییان لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی لادێی "رووبەڕوو"ی کوردستاندا کردووە. ئەم باسە دەبێت وەك هەڵسەنگاندنێکی ئەو هۆکارانـە وەربگیرێـت کـە سـەرباری ئەوانـەن لـە بەشـی دووەمـدا گفتوگۆیـان لـەبارەوە کـراوە، ئەوانـەی بوونـەهۆی وەرچـەرخان لـە کۆمەڵگەیـەکی خێڵـەکیی-لادێیـی "رووبـەڕوو"وە بـۆ کۆمەڵگەیـەکی نەتـەوەیی. هەرچـەندە، تـەنیا بەئاگاهاتنـەوەی ئەندامـەتیی لەکۆمەڵگەیـەکی گـەورەتری "نارووبـەڕوو" پێویـست نییـە وابکـات خـەڵك خۆیـان وەك ئەندامگەلێکی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی جیاواز ببینن.

تائـەم کۆتاییـە، باسـی دووەمـی ئـەم بەشـە مامەڵـە لەگـەڵ هەڵسەنگاندنی ئـەو رەوشـگەلە دەکـات کـە زەمینـەیان بـۆ هاوبەستەگییەکی و هاوسۆزییەکی رێژەیی لەکوردستاندا خۆشکردووە. ئێمـە گفتوگۆمـان لـە تـەواوی ئـەو بابەتانـە لـەم بارەیـەوە کـردووە کـە ئـەم هاوبەسـتەگییەیان پێکهێنـاوە، ئـەوەی بەتونـدی بـۆ "نائامـادەگی"و نـەبوونی رێـژەیی نایەکسانیی دەگەڕێتەوە لە کوردستانی لادێنشیندا. پێویست نییە ئەندامانی تەنانەت کۆمەڵگەیەکی وەکیەکی پێکەوە گرێدراو بانگەشەی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی بن تاکو هەست بەوە نەکەن کە لەکۆمەڵگەدا کە تێیدا دەژیـن بەشێوەیەکی نایەکسان مامەڵـەیان لەتەکدا دەکرێت. ئنجا باسە کورتەکـەی دوایـی مامەڵـە لەگـەڵ بەڵگەگانی نایەکسانیی لـەنێوان کوردستان و ئێراندا دەکات.

چەند خاڵێك سـەبارەت بـە رووماڵی جیـۆگرافیی داتاکـان کـە لـەم بەشـەدا بـەکارهێنراون پێویـستە لەبەرچاوبگیرێن. یەکەم، هەموو ئەو ماتریالانەی بەکارهاتوون تـەنیا ئامـاژە بـە پارێزگـای کوردسـتان یـان ئـەو هەرێمـەی لـەم پارێزگایـەدا دەکـەن. هـەروەها زۆربـەی بەشـە سـەرەکییەکانی دەروبـەری ئـەم پارێزگایـە کـوردیین، فـرە بەشـێوەیەکی تایبـەت لـە ئازەربایجانی رۆژئاوا، بەڵام تەنیا لەکوردستان تەواوی دانیشتووان کوردن. هیچ شێوازێکی جیاکردنەوەی دانیشتووانە کوردەکەو هەرێمەکان لە غەیرە کوردەکان لەم پارێزگایەدا نییـە، ئێمـە بژارەیـەکمان نییـە تـەنیا قەتیسکردنی سەرچاوە بەکارهێنراوەکانە بۆ پارێزگای کوردستان. دووەم، نموونەی خاوەنداریێتیی زەوی لە کوردستاندا جیاوازییەکی بەرچاو پێشاندەدات کـە هۆکـاری جیاوازییگـەلێکی گرنگـە لـەژیانی هەرێمـە لادێنـشینەکە لـەنێو پارێزگاکـەدا. زنجیرە چیـای زاگرۆس بەم پارێزگایەدا تێدەپەڕێت و دەیکات بە دوو هەرێمی بەرفراوانەوە. بـەرەو رۆژهـەڵات رووی لەبەشـی نـاوەوەی ئێرانە کە خاکێکی تاڕادەیەك تەختانەو خاوەنداریێتی گەورەی موڵکەکان شێوەی باوی موڵکایەتییە. ناوچەی رۆژئـاوای شـاخاوییە، خاوەنـداریێتی وردە مالیکـەکان (کـشتوکاڵی بـەرخۆری تێکـەڵ ئاژەڵـداریی و بـەخێوکردنی مـاڵات) تێیـدا باڵادەستە. ناوەندی گەورە موڵکدارەکان سنەیە، هەروەها لەئاستێکی بچووکتردا هەرێمی سەقز. پێش ریفۆرمی زەوی، تەواوی موڵکە تایبەتەکانی هەرێمی سنە بۆ دوو بنەماڵە دەگەڕانەوە.[1] پاش ریفۆرمی زەوی، ئەم هەرێمە شوێنێکی زۆر

---

[1] A. Lambton, Landlord and Peasant in Persia (London, 1953), 269.

گونجاو بوو بۆ کشتوکاڵی هەرەوەزیی بەرفراوانی جووتیاران. کشتوکاڵ لەم هەرێمەدا فرە بازرگانیزەیە، قەبارەی بەشە موڵکەکان تادەڕوات روو لە گەورەبوون دەکات، ئەوەی بۆ راڤەکارییەکەمان گرنگە، بواری کاری بەکرێ زۆرە.

بەپێچەوانەوە، زۆربەی باقی دیکەی هەرێمەکە پێدەچێت تایبەتمەندیی خاوەنداریێتیی وردە مالیك و موڵکدارە نێوەنجییەکانی بەسەردا بچەسپێت، هەروەها ناوچە نزیکترەکان لە شاخەکانەوە خاوەنداریێتی وردە مالیکەکانی تێدا باڵادەستە و بواری کاری بەکرێشی تێدا زۆر سنووردارترە. سەرنجێك لە نەخشەی پارێزگاکە روونیدەکاتەوە ئەوە هەرێمەکەی دواییانە کە زۆربەی ناوچەکە دادەپۆشێت. پێش ریفۆرمی زەوی لەساڵی ١٩٦٥، سەرۆکخێڵەکان خاوەنداریێتیی زۆربەی زەوییەکانی هەرێمە شاخاوییەکانی باکووری پارێزگای کوردستانیان لەدەستدابوو.

لەنێو ئەو سەرچاوانەدا کە لەم کۆڵینەوەیەدا بەکارهاتوون، سێ بڵاوکراوە هەیە کە دەگونجێت سەبارەت بەم دابەشبوونە جیۆگرافییە لەکوردستاندا زانیاریمان پێ ببەخشێت. یەکەمین کۆڵینەوە لەلایەن رافعی و وەجدییەوە کراوە بەناونیشانی: شراکت سهامی زراعی فرح: سنندەج/ هەرەوەزیی کشتوکاڵیی فەرەح) (دامەزراوەی توێژینەوە و کۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تاران، ١٩٦٩). بابایی هماتی دووەمین قۆناغی ئەم کۆڵینەوەیەی لەساڵی ١٩٧١دا ئەنجامداوە، کە لەسەر بنەمای وەرگرتنی سامپڵێك لە ١٠٨ جووتیاری خاوەن بەشەموڵك لەکۆی تەواوی ٦٥٤ ئەندامانی خێزانی بەشداربوو لە هەرەوەزییەکە، هەروەها ٧١ خێزانی بێ زەوی لەنێکرای ٤٥١ خێزان، کاریکردووە، ئەو چەشنە خێزانانە لەو گوندانەدا دەژیان کە کێڵگە هەرەوەزییەکان گرتبوویەوە. ئێمە راپۆرتەکانی دووەمین قۆناغی ئەم کۆڵینەوەیەمان بەکارهێناوە کە زانیارییەکی زیاتر لەوەکەی قۆناغی یەکەم تێدا هاتووە و لەساڵی ١٩٧٠دا ئەنجامدراوە. دووەمین سەرچاوە کە بەکارهاتووە بریتیە لە: (بررسی نتایج اصلاحات ارضی در هفت منطقة/ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئاکامەکانی ریفۆرمی زەوی لە حەوت هەرێمدا) (دامەزراوەی توێژینەوە و کۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تاران، ١٩٦٩)، راپۆرتێکە سەبارەت بە ئەنجامەکانی ریفۆرمی زەوی لە حەوت پارێزگای ئێراندا لەگەڵ هەرێمگەلێك کە لەهەر پارێزگایەك دەستنیشانکراوە، لەوانەش کۆڵینەوەیەك سەبارەت بە ناوچە لادێنشینەکانی هەرێمی سنە. سێیەمین سەرچاوە: مستەفا ئەزکیا، (خوشنشینان کردستان/ جووتیارانی بێزەوی کوردستان) (دامەزراوەی توێژینەوە و کۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تاران، ١٩٧٦). تاڕادەیەکی زۆر ئەمە تاکە سەرچاوەی پڕزانیارییە سەبارەت بە کوردستانی لادێنشین کرابێت و سەرچاوەی سەرەکیی پشتپێبەستنی ئەم بەشەشە، ئەوەی سامپڵێکی هەرەمەکیی گوندە کوردییەکانی وەرگرتووە کە تەواوی پارێزگاکە دەگرێتەوە. وەك ئەوەی سامپڵێکە بەرجەستەی پارێزگاکە دەکات، ٧٧,٦ی گوندە دەستنیشانکراوەکان کەوتوونەتە هەرێمە شاخاوییەکانەوە و تەنیا ٢٢,٤ی لەدەرەوەی ئەو هەرێمانەن. کۆڵینەوەکە ٢٣٢ خێزانی بێزەوی و ٢٠٠ خێزانی خاوەن موڵکی وەرگرتووە. ئاشکرایە پێدەچێت دوا کۆڵینەوە زیاتر کاریگەر بووبێت بە جووتیارە هەژارەکان و ناوەنجییەکان و ئاماژەی بە رۆڵی کەمی کاری بەکرێ ی لە کوردستانی لادێنشین دابێت وەك لەوەی کە لە دوو سەرچاوەکەی دیکەدا هەیە. هەروەها پێدەچێت کە لەواقیعی ژیانی لادێی کوردەواریی نزیکتر بێت. هەرکاتێك بگونجێت کە ژمارەیەکی ئەلتەرناتیڤ سەبارەت بەهەمان بابەت بدرێت، ئەنجامگیرییەکە پشت بە داتاکانی ئەم سەرچاوەیەی دوایی دەبەستێت و لەسەر بەکارهێنانی دوو سەرچاوەکەی دیکەی پێشتر رادەوستێت کە رەنگدانەوەی هەرێمێکن کە ستراکتۆرێکی خاوەنداریێتی زەوی و کاری بەکرێی لادێییانەی جیاوازی هەیە. تائەم رادەیە جیاوازییە جیۆگرافییەکان رەنگدانەوەی لەو ئەنجامگیرییەدا هەیە کە لەخوارەوە پێی گەیشتووین. هەرچەندە، جیاوازیی جۆرەکانی دیکە کە دەگەڕێتەوە بۆ

دابەشبوونی ئابووریی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا ئەویش لەبەرچاوگیراوە. ئەوانەی کە لەخشتەکانی خوارەوە پێشکەشکراوەو بەجیا لێرەدا باسی لێوە نەکراوە.

## گواستنەوە بۆ کۆمەڵگەی نەتەوایەتیی

لەم باسەدا، من بە پلەی یەکەم فاکتەرە دیمۆگرافییەکان لەبەرچاودەگرم، هەروەها هێندێکیش لە فاکتەرە ئابوورییە-کۆمەڵایەتییەکان کە مرۆ دەشێت وەك فاکتەرگەلێکی ماقووڵو خاوەن گرنگیی تایبەت ئەژماریان بکات لە گەشەکردنی وشیاربوونەوەی کۆمەڵگەی نەتەوەیی لەدەرەوەی کۆمەڵگەی لادێنشینی کوردستان لەنێو دانیشتووانی کوردی ئێراندا. هەڵبژاردنی بابەتەکانی ئەم باسە رەنگدانەوەی بایەخداریمانە بەم پرسە زیاتر لەوەی ئارەزوومان بێت بۆ هەڵسەنگاندنی ستراکتۆری دیمۆگرافیی کوردستانی لادێنشین. لەژێر ئەم سەردێڕەدا دەست بە گفتوگۆ دەکەم لەمەڕ: بازرگانی ماوەدوور، کۆچ، بزوتنی جیۆگرافیی، بزوتنی وەزیفی، شارسازیی، هەروەها چوونە نێو ماسمیدیا، بەتایبەتی رادیۆو ئەو بەکارهێنانەی لێی دەکەوێتەوە.

### بازرگانی ماوەدوور

بەشدارییکردن لە ئاڵوگۆڕی ماوەدوور پێویستیی بە زانیارییە سەبارەت بە کۆمەڵگەکانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەدەرەوەی خودی کەسێك. ژمارەیەکی زۆر بەڵگە هەن کە مرۆ دەتوانێت لەم رووەوە بیهێنێتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە بەڵگەیەکی تایبەت دەدەین، ئەویش بەدیارییکراوی رۆڵی بازاڕی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانە لەلایەن وەرزێرانی خاوەن زەوییەوە.

کڕیاری سەرەکیی بەرهەمی وەرزێریی لە کوردستانی لادێنشین لەپێش ریفۆرمی زەوی بریتیبوون لەو دوکاندارە شارنشینانەی کە هەروەها هێندێك شمەکیشیان دابیندەکرد کە وەرزێران لەبازاڕ دەیانکڕی وەك شەکروچا. وادەردەکەوێت کە دوکاندارانی شارنشین تەنانەت پێش ریفۆرمی زەویش گروپگەلێکی فرە گەورە بووبێتن. قاسملو، نموونەی شارێکی وەك مەهابادمان لەدەوروبەری ساڵی ١٩٥٠ دەداتێ کاتێك بۆ هەر دەکەس لە دانیشتووانی شارەکە دوکانێك هەبوو.[2] تەنانەت پاش ریفۆرمی زەویش، دوکاندارانی شارنشین وەك وەکیلێکی ئاڵوگۆڕ بۆ کۆمەڵگەی لادێنشینی کوردستان هێشتا گەورەترین گروپ بوون هەروەك لە خشتەی ٥,١ دەردەکەوێت کە سەبارەت بە ناوچە لادێنشینەکانی هەرێمی سنەیە.

خشتەی( ٥,١ ) رێژەی سەدی کڕیارانی بەرهەمی وەرزێری بەگوێرەی پیشە*

| | پێش ریفۆرمی زەوی | دوای ریفۆرمی زەوی |
|---|---|---|
| دەڵاڵە لادێییەکان | ٣٥,٢ | ٢٦,٤٣ |
| دوکاندارە شارنشینەکان | ٥٣,٩٢ | ٢٩,٤٣ |

[2] Abdul Rahman Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds (London, 1965), 170.

* سەرچاوە: بررسی نتایج اصلاحات، ٣٣٩،٣٤٠.

| | | |
|---|---|---|
| **وەکالەتی حکومیی دانەوێڵە** | **٠,٩٢** | **٢٣,٣٩** |
| **ئەوانی دیکە** | **١٠,١٤** | **٢٠,٧٥** |

**هەروەك دەتوانرێت ببینرێت، پێش ریفۆرم ئەو وەکیلە سەرەکییانەی کە لەڕێگەی ئەوانەوە ئاڵوگۆڕی ئابووریی لەگەڵ دەرەوەی کوردستاندا ئەنجامدراوە بریتیبوو لەو دوکاندارە شارنشینانە، لەگەڵ دەڵاڵەکانی لادێ کە رۆڵێکی تەواوکاریی گرنگیان هەبوو. پاش ریفۆرم، لەکۆتایی ساڵانی ١٩٦٠کاندا، ئاژانسی حکومی دانەوێڵە کە کەمتر لە چارەکی تێکڕای بەرهەمی کڕیوە، زێدەبوونێکی بەرچاو لە بەشی کڕینیدا دەبینرێت کە پێش ریفۆرم نەبووە، ئەوەش لەسەر حسابی دەڵاڵەکانی لادێو بەتایبەت دوکاندارانی شارنشینە. هەڵسەنگاندێکی ئەڵتەرناتیڤ لەبارەی ئەم بابەتەوە لەلایەن ئەزکیاوە کراوە، ئەوەی لەکاتێکدا جەخت لە گرنگی ریزبەندی دوکاندارە شارنشینەکان دەکاتەوە، جەخت لەرۆڵی وەرزێرەکانیش دەکات کە بەرهەمەکانی خۆیان دەبەنە بازاڕەکانی شار. ئەمەش لە خشتەی ٥,٢ دا دەردەکەوێت.**

**خشتەی ( ٥,٢ ) : فرۆشتنی بەرهەمەکانی وەرزێران بەشێوازەکانی فرۆشتن***

| شێوازی فرۆشتن | ٠–٤ | ٤,١–٨ | ٨,١–١٥ هێکتار | ١٥,١ هەروەها بەرەوسەر | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|
| دوکاندارانی شارنشین کە دەچنە لادێ | ٢٦,٨ | ٤٤,٤ | ٢٣,٠ | ٦٠,٠ | ٤٢,٥ |
| وەرزێران کەدەچن بۆ شار | ٢٧,١ | ٣٥,٢ | ٢٨,٣ | ٣٠,٠ | ٣٠,٠ |
| دوکاندارانی لادێ | ١٤,٣ | ٣,٧ | ٦,٥ | – | ٧,٥ |
| ئەوانی دیکە | ١١,٤ | ١٤,٨ | ١٣,٠ | ١٠,٠ | ١٢,٥ |
| بەرهەمێك بۆ فرۆشتن نییە | ١٨,٦ | ١,٩ | ٢,٢ | – | ٧,٥ |

**خشتەی ٥,٢ ئەوە پێشاندەدات لەکاتێکدا دوکاندارانی شارنشین کە دەهاتن بۆ لادێکان وەکیلی سەرەکیی بازرگانی ماوەدوور بوون، بەڵام نزیکەی ٣٠لەسەدی تەواوی وەرزێران خاوەن زەوی بەرهەمەکانی خۆیان دەربردە بازاڕەکانی شار، ئەوەش کەناڵێکی دیکەی دەخستەبەردەم بەشێکی گەورەی وەرزێرانی کورد کە پەیوەندیان بەژیانی شارەوە هەبێت. بەپێچەوانەی خشتەی ٥,١، پێدەچێت خشتەی ٥,٢ پێشانیبدات کە وەکالەتی حکومیی بڕێکی زۆر کەمیان لەبەرهەمی وەرزێرەکان کڕیوە لەو گوندانەی رووماڵکراون. جیاوازیی نێوان هەر دوو سەرچاوەکە دەشێت بۆ ئەو**

* سەرچاوە: ئەزکیا، خوشنشینان کردستان،٢٥١.

راستییه بگەڕێتەوە کە ئەوەی پێشوویان تەنیا بایەخی بە هەرێمی سنە داوەو شارەکەش وەك گرنگترین ناوەندی فرۆشتنی شمەکی وەرزێری کە وەکیلەکانی حکومەت وەك کڕیارێك تێیدا فرە چالاکن. داتاکانی ئەوەی دواییان لەنزیکەی ٥٠ گوندی پەرتوبلاوی کوردستانەوە هاتووە کە وەکالەتی حکومیی تەنیا کڕیاری بەرهەمەکانی وەرزێران نین.

لەبەر ئەم هۆیەیە کە خشتەی ٥,٢ بەرجەستەیەکی زیاتر نموونەیی پرسەکە دەکات و پەیوەستی زیاتری وەرزێرانی کورد بە جیهانی دەرەوە پێشاندەدات کە بەهۆی بازرگانییەوە هاتۆتەئارا. بەدڵنیاییەوە، پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە ئەم خشتەیە هەروەها دەریدەخات کە ڕۆڵی وەرزێری بەرخۆریی لەکوردستان زۆر ساکارە. تەنیا لەنێو وەزێرە هەژارەکاندا کە کەمتر لە ٤ هێکتاریان زەوی هەیە وەرزێریی بەرخۆریی هەیە، هەروەها ١٨,٦ی ئەم گروپە لە خێزانە وەرزێرەکان بەشداریی لە بازرگانییدا ناکەن. ئەم ڕێژە سەدییە بەتوندی بۆ دوو گروپەکەی ناوەڕاست دادەبەزێت و بەتەواوی لای ئەو وەرزێرانەش دیارنامێنێت کە زیاتر لە ١٥ هێکتار زەویان هەیە.

### کۆچ

پێویستە مشتومڕ سەبارەت بە نایەکسانیی بخرێتە نێو چێوەیەکی گشتیی وەرچەرخانەوە لە کۆمەڵگەیەکی "رووبەڕوو" ەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی. ئەم باسە لێرەدا مامەڵە لەگەڵ هێندێك هۆکاری دیمۆگرافیی و، تائاستێکی دیارییکراویش، کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی دەکات کە بەشدارییەکی گرنگی لەم وەرچەرخانەدا کردووە لەڕێگەی کەمکردنەوەی ئەو بەربەستانەی بەسەر تێگەیشتنی سیاسیی خەڵکی کورد لە کۆمەڵگەی "رووبەڕوو"ی لادێنشیندا سەپێنراوە، هەروەها بەهێزکردنی هۆشیارییەکی مەزنتر سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی هاوبەش.[3]

لەوانەیە گرنگترین سیمای ئەو گۆڕانکارییەی لە ئابووریی دیمۆگرافی کوردستان وهەروەها ئەو کاریگەرییە فرە ڕاستەوخۆیانەی لە هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگەی نەتەوەیی هاتبووە کایەوە بریتیبێت لە کۆچ، هەروەها زیاتر بەگشتیی بەرزبوونەوەی ڕێحەزو مەیلی فراوانبوونی شارەکان بوو. ژمارەیەك سەرچاوەی داتایی سەبارەت بە کۆچ هەن لە کوردستان ئێراندا بەڵام تەنیا دووان لەوانە راڤەی مەیلی کۆچ دەکەن لەپاش ریفۆرمی زەوی ساڵەکانی ١٩٦٢-١٩٦٦دا ( کۆڵینەوەیەك سەبارەت بە وەرزێرانی بێزەوی کوردستان و هەروەها کۆڵینەوەیەك سەبارەت بە هەرەوەزیی وەرزێریی فەرەح). بۆ مەبەستەکەی ئێمە، بەتایبەت شرۆڤەکردنی بانگەشەیەکی مەزنتری نەتەوایەتیی بۆ خەڵکانێکی زیاتر لادێیی-کۆچەریی، دەگونجێت گرنگترین پرسیار ئەوەبێت کە دانیشتووانی کوردی لادێیی کۆچەر بەرەو کوێ کۆچ دەکات؟ بەدڵنیاییەوە بەرەو دەرەوەی کوردستان، بەتایبەتی بۆ تاران، دەشێت وا بیری لێبکرێتەوە کە ئەگەرێکی باش هەیە بۆئەوەی پرۆسەیەکی پلە بە پلەی تواندنەوەی لەنێو شوناسی باڵادەستی نیشتیمانیی بەدوادا بێت. لەلایەکی

---

[3] هەروەك بەشەکانی پێشوو، ئەو جۆرە کۆمەڵە "رووبەڕوو"ەوەی لەم بەشەدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین برتیە لە کۆمەڵگای نیشتەجێی لادێ، چونکە کۆمەڵگەی کۆچەریی ناجێگیر لەپاش ریفۆرمی زەویەوە چیدی کۆمەڵگەیەکی باڵادەست نەبوو. بەهەرحاڵ ئێمە لە بەشی دووەمدا گواستنەوەی گۆمەڵگەمان لەوەی دواییان بۆ نیشتەجێ باس لێکردووە.

تـرەوە، کۆچـکردن لـەنێو کوردسـتان، دەگونجێـت ببێتـەهۆی پتـەوکردنی هەسـتێکی مـەزنتر سـەبارەت بـە ئینتیمـا بـۆ کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی کوردیی.• مەبەست لە خشتەی ٥,٣ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە.

خشتەی ( ٥,٣ ) : ڕێژەی سەدی دابەشبوونی کۆچەران لە وەرزێرانی بێزەوی و خاوەن زەوی و شوێنی کۆچبۆکراویان*

| شوێنی کۆچبۆکراو | زەحمەتکێشانی بێزەوی | وەرزێرانی زەویدار | |
|---|---|---|---|
| | | لەخوار ٨هێکتار | لەسەروو ٨هێکتار |
| تاران | ٤,٩ | ٣,٢٣ | ١٥,٧٩ |
| شـــــارەکانی پارێزگـــــای کوردستان | ٨٨,٣ | ٧٧,٤٢ | ٥٧,٨٩ |
| شارەکانی دیکەی ئێران | ٥,٢ | ١٩,٣٥ | ٢٦,٣٢ |
| عێراق | ١,٦ | – | – |

پێویستە تێبینی بکرێت کە تـەنیا ڕێـژەی سـەدی زەحمەتکێشانی بێـزەوی ئامـاژە بـۆ ژمـارەی ڕاسـتیینەی کۆچبەران دەکـات، ئەوانـەی وەرزێرانـی خـاوەن زەوی ئامـاژە بـۆ لـەبارزانینی ئـەو شـوێنە دەکـەن کـە کۆچـیان بـۆ کـردووە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چۆن ئەم ژمارانە پەیوەندییان بە وشیاربوونەوەی کۆمەڵگەی نەتەوەیی لەنێو دانیشتووانی لادێنـشینی کـورددا هەیـە، سەرنجڕاکێشترین ئـەنجام ئەوەیـە، وێـڕای بـوونی جیـاوازیی لـەنێوان سـێ چینە ئابوورییـە سەرەکییەکەی کوردستانی لادێنشیندا، ئاراستەی کۆچکردن لەنێو هەموویاندا شارەکانی کوردستانە.[٤]

---

• لەناوەڕاستی ساڵانی ١٩٥٠کانـەوە تـاکو ڕووخانـدنی ڕژێمـی پەهلـەوی، شـارەکانی کوردسـتانی ئێـران بـەهۆی کۆچـی لادێنـشینەکانەوە تووشـی هـەڵتۆقینێکی گـەورەی دانیـشتووان ببـوو، ئـەوەش چـەندین دیـاردەی نـەرێیی وەك گرانیـی و بەرزبوونـەوەی نرخـی کەلوپـەل و پێویستیەکانی ژیان و کەوتنـەوەی بێکاریی و دابەزینی بەها کۆمەڵایەتییەکان و بێبەشبوون لەخزمەتگوزارییـەکان و چەندین کێشەی تـر. (خشتەی:أ) خوارەوە هەڵتۆقینی خێرای ژمارەیەك لەشارەکانی کوردستان دەخاتەبەرچاوە.

| ناوی شار | ١٩٥٦ | ١٩٦٦ | ١٩٧٦ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| مەهاباد | ٢٠٣٣٢ | ٢٨٦١٠ | ٤٢٠٠٠ | ٢٠٨ |
| سەقز | ١٢٧٢٥ | ١٧٨٣٤ | ٢٦٠٠٠ | ٢٠٤ |
| سنە | ٤٠٦٤١ | ٥٤٥٨٧ | ٧٦٠٠٠ | ١٨٧ |
| کرماشان | ١٢٥٤٣٩ | ١٨٧٩٣٠ | ٣٠٠٠٠٠ | ٢٣٩ |

سەرچاوەی (خشتەی :أ) :

Ghassemlou, in: Kendal and the other: people withowt A  country : The Kurds and  Krdistan Translated by : Mechael,p109.

* سەرچاوەی خشتەی(٥,٣): ئەزکیا، خوشنشینان کردستان.

[4] لەنێو ئەو هۆکارانەی وا لـە کۆچبەری کورد دەکەن ڕوو لـە شـارە کوردییـەکان بکـات: کۆچـکردن خـەرجییـەکی کـەمی تێدەچێت ، بـوونی دۆست و خزمان و هاوڕێیان لەو شارانە کە هاوکاریی دەکەن، هەروەها ئاشـنایی زمـانی و کـەلتووریی. ئـەم هۆکـارەی دواییـان دەبێـت بەکـەم وەرنەگیرێت، بەگوێرەی ئاماری نیشتیمانیی ساڵی ١٩٨٥–١٩٨٦، ٥٥٪ی دانیشتووانی پارێزگاکە بەهیچ جۆرێك لەفارسیی تێناگەن.

لەکاتێکدا ژمارەی وەرزێرو جووتیارە خاوەن زەوییەکان ئاماژەیە بۆ لەبارزانینی شوێنی کۆچبۆکراوەکەیان زیاتر لەوەی ژمارەی راستیینەی کۆچەرانیان بێت، واپێویست دەکات سەرچاوەگەلێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ پشتگیرییکردنی ئەم ئەنجامگیرییە پێشکەش بکرێت.

دووبارە، ئەم ژمارانە ئاماژەن بۆ زەحمەتکێشانی بێزەوی و وەرزێرانی خاوەن زەوی بەجیا، هەروەها هێشتا ٨٤,٤ لەسەدی زەحمەتکێشانی بێزەوی و هەروەها ٧٨,٤ لەسەدی وەرزێرانی خاوەن زەوی لەراستییدا بۆ ناوچەکانی دیکە لەنێو کوردستاندا کۆچیانکردووە. نموونەی کۆچێکی بەم چەشنە لەنێو چێوەیەکی جیۆگرافیی کە دانیشتووانەکەی هەمان زمان و ئاینیان هەبێت بەئاشکرا دەبێتەهۆی بەهێزبوونی هۆشیاریی کۆمەڵگەی نەتەوەیی. تەنانەت کۆچکردن بۆ گوندەکانی دەوروبەریش، کە رێژەیەکی سەدی گرنگ لە جووڵەی نێو-هەرێمیی پێکدەهێنێت، تاکو ئێستا ئەزموونێکی گرنگی هاوشێوەیی کەلتووریی کۆمەڵگەکانە لەدەرەوەی ژینگە تاڕادەیەك داخراوە خۆییەکە.

خشتەی ( ٥,٤ ): رێژەی سەدی دابەشبوونی وەرزێرانی بێزەوی و خاوەن بەشە زەوی لەگەڵ شوێنی کۆچبۆکراو*

| شوێنی کۆچبۆکراو | زەحمەتکێشانی بێزەوی | وەرزێرانی خاوەن بەشە زەوی هەرەوەزیی |
|---|---|---|
| سنە | ٢٥,٠ | ٣٢,١ |
| سەقز | | ٧,١ |
| گوندەکانی سنە | ٥٩,٤ | ٣٩,٢ |
| شارەکانی تری ئێران | ٦,٢ | ١٨,٠ |
| نەزانراو | ٩,٤ | ٣,٦ |

بۆ دڵنیایی، بواری ئەم جۆرە بزوتنە جیۆگرافییە لەنێو چینە کۆمەڵایەتییە کوردییە جیاوازەکان جۆراوجۆرە، هەروەك هۆکارەکانی کۆچ دەیکەن. بۆ نموونە، بەگوێرەی سەرچاوەکەی دوایی، کۆچکردنی ٦٨,٧ لەسەدی زەحمەتکێشانی بێزەوی بۆ دامەزراندن دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ٢٥ لەسەدی وەرزێرە خاوەن بەشە موڵکەکان لەم ریزبەندییەدان، لەکاتێکدا فێرکردن بەنزیکەی ١٨لەسەد بەشداریی دەکات بۆ ئەو گروپەی دواییان و هیچیش بۆئەوەی پێشوو.[5]

لەوانەیە شایەنی تێبینی بێت کە ٦٨,٧ لەسەدی زەحمەتکێشانی بێزەوی لەنێوان تەمەنی ١٥-٢٤ساڵیدان لەکاتی کۆچکردندا.[6] بۆ وەرزێرە خاوەن زەوییەکان، بەتوندیی هەمان رێژەی سەدین کە(٦٩,٥ لەسەدایە) لە سنووری گروپی تەمەنی ١٥-٣٤ ساڵدا. بەوەش خولیای زەحمەتکێشە بێزەوییەکان لەکاتی کۆچکردندا گەنجانەترە. هەرچەندە، دووبارە بۆ هەریەك لە کۆچەرە بێزەوی و زەویدارەکان، لێکچوون و هاوشێوەبوون گرنگترە. زۆرینەی کۆچکردن لەو گروپەی تەمەنداندا کە دەگونجێت لەرووی سیاسییەوە گرنگ بێت، سەربازگەلێکی چاوەڕوانکراو بۆ جووڵانەوە

* سەرچاوە: بابایی، شراکت سهامی زراعی فرح، ١٩٧١، ١٩٠.

5 شوکردن هۆکارێکی گەورەی کۆچبەری کچان یان رەگەزی مێ بۆ گوندەکانی دەوروبەر پێکدەهێنێت

6 ئەزکیا، خوشنشینان کردستان،ل ١٠٧.

نەتەوەییەکە فەراهەمدەکاتو هەروەها تەنانەت ئامرازگەلێکیش بۆ بەهێزکردنی ئەم جووڵانەوەیە. بەمەبەستی پوختەکردن، دەتوانین بڵێین کە وێڕای جیاوازیی چینە کۆمەڵایەتییەکان، کۆچکردن ئەو هۆکارەیە کە زیاتر بەشدارە وەك لەوەی تەگەرەبێت بۆ پەرەسەندنی شوناسی نەتەوەیی کوردیی لەکاتێکدا کۆچکردن لەحاڵەتە ئاساییەکەیدا گەڕانە بەدوای کارو بۆ خوێندنە بەشێوەیەکی زیاتر لە شارۆکەو شارە کوردییەکاندا.

**بزوتن**

لە کۆمەڵگەی کۆچەرییدا، رادەیەکی زۆر لە ئەگەری بزوتنی جیۆگرافیی هەیە، هەرچەندە، کە تەواو ناکۆکە، تاکگەلێك لەنێو ئەم کۆمەڵگایانەدا دەژین کە کەمترین ئەزموونی سەبارەت بە ژیانی دەرەوەی کۆمەڵگە "رووبەڕوو"ەکەی خۆی هەیە. هەروەها تەواوی ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی کە تاکەکانی تێدا دەژین پێکەوە لەگەڵ چەرخی کۆچ وباری خێڵەکییدا دەسوڕێت، وادەکات هەمان خەڵك کە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتردایە بێ گۆڕان بمێننەوە. لەلایەکی ترەوە، بزوتنی جیۆگرافیی لەنێوان خەڵکی کۆمەڵگە نیشتەجێکاندا وشیاریی و بەئاگاهاتنەوە سەبارەت بە کۆمەڵگەیەکی گەورەتر بە پەیوەستە زمانیی و ئاینییەکانییەوە دێنێتەئارا.

بزوتنی پیشەیی تاڕادەیەك کاریگەرییەکی بەهەمانشێوەی هەیە، لانیکەم کاتێك ئەو بەردەوامییەی ژیانی ئابووریی خەڵکی لادێیی دەوەستێنێت، بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەی دابڕان لەزەوی بگرێتەخۆ. وەك رێسایەکی گشتیی، جووڵانەوەیەکی بەم چەشنە دەگمەنە تەنانەت لە کۆمەڵگەی لادێنشینیشدا لەکاتێکدا کە پەیوەستبوون بە زەوییەوە فرە بەهێزە. هەرچەندە، هەژاریی و ساماندارێی دوو هێزی گرنگن کە دەتوانێت وەرزێر لە زەوی جیاکاتەوە.

ئێمە لەوەی خوارەوەدا هەردوو جۆرەکەی بزوتن لەنێو هەمان نەوە و بەشێوەیەکی نێو-جیۆگرافیی هەڵدەسەنگێنین، ئەو گۆڕانانە بەراورد دەکەین کە لەلایەن تاکگەلەکانەوە ئەزموونکراوە بەدرێژایی زیاتر لە دوو نەوە تاکو پیشەی باوانیان.

**بزوتنی جیۆگرافیی**

ئەو کۆڵینەوەیەی لەساڵی ١٩٧٦دا سەبارەت بە وەرزێرە بێزەوییەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە رایگەیاندووە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرۆك خێزانەکان لەهەمان ئەو گوندانەدا نیشتەجێ نابن کە پێشتر باوکیانی تێدا ژیاوە. لەگەڵ زێدەبوونی داهاتی خێزانەکاندا ناڕەزایەتییش زێدەبوو. لەنێو ئەو وەرزێرە بێزەوییانەی کۆڵینەوەکەی لەبارەوەکراوە، سەرۆکی ٢٣,٥ی خێزانە کەم دەرامەتەکان، هەروەها ٥٤,٧ لەسەدی خێزانە خاوەن داهاتە بەرزەکان، لە شوێنگەلێکدا دەژین کە جیاوازە لەو شوێنەی باوانیانی تێدا لەدایك بووە.[7] لەوەش زیاتر، ١٦,٥ لەسەدی سەرۆك خێزانەکان بنەماڵە کەم دەرامەتەکان، هەروەها ٤٠ لەسەدی خێزانە خاوەن داهاتە بەرزەکان، لەوشوێنە لەدایك نەبوون کە لێی ژیاون. ئەوەندەی پەیوەندیی بەخێزانە زەویدارەکانەوەیە ١٨,٥لەسەدی سەرۆك خێزانەکان لەشوێنێك نیشتەجێن جیاوازە لەو

[7] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥.

شوێنەی باوانیانی تێدا لەدایكبووە. لەكاتێكدا ١١,٤ لەسەدی سەرۆك خێزانەكانی كەم دەرامەتو ٣٠,٠ لەسەدی خاوەن داهاتی بەرز خەڵكی ئەو شوێنانە نەبوون كە تێیدا دەژیان.[٨]

بەگوێرەی هەمان كۆڵینەوە سەبارەت بە وەرزێرانی بێزەوی كوردستان، ٢٨,٥ لەسەدی تەواوی ژمارەی وەرزێرە بێزەوییەكان لەشوێنگەلێكی دیكەی جیاواز لە شوێنەكانی خۆیان نیشتەجێن، هەروەها ٣٩,٢ لەسەدی سەرۆك خێزانەكان لەو شوێنانەدا نیشتەجێبوون كە جیاوازە لەشوێنی لەدایكبوونی باوانیان. بەمانایەكی تر لەدەرەوەی هەر دە سەرۆك خێزانی وەرزێری بێزەوی چوار دانەیان ئەو شوێنەی جێهێڵاوە كە باوانیانی تێدا لەدایك ببووەو لەشوێنێكی دیكەدا نیشتەجێبوون.[٩] هەرچەندە، تەنیا ١٣ لەسەدی تەواوی ژمارەی سەرۆك خێزانە وەرزێرە خاوەن زەوییەكان لە شوێنگەلێكدا دەژیان جیاواز لە زێدی باوانیان، هەروەها ١٨,٥ی سەرۆك خێزانە خاوەن زەوییەكان لە شوێنگەلێكدا دەژین جیاوازە لە زێدی باوانیان. ئەوەش پێشانیدەدات كە، بۆماوەی دوو دەیەی رابردوو، هێندێك بزوتنی جیۆگرافیی لەنێو وەرزێرە خاوەن زەوییەكانی كوردستاندا، هەرچەندە زۆر گەورەو بەرافراوان نییە، بەڵام وێڕای ئەوە روویداوە.[١٠]

كۆڵینەوەكە پێشانیداوە كە بزوتنی جیۆگرافیی لەنێو گروپی خاوەن داهاتە بەرزەكاندا زیادیكردووە ( بۆ هەر یەك لە خێزانە بێزەویو زەویدارەكان) خشتەی ٥,٥و ٥,٦ پلەی بزوتنی جیۆگرافیی لەنێو وەرزێرە بێزەویو زەویدارەكان لەكوردستاندا بەراورد دەكات.

لەنێو وەرزێرە بێزەوییەكان، ١٦,٥ لەسەدی سەرۆك خێزانە كەم دەرامەتەكان، هەروەها ٤٠,٢ لەسەدی خێزانە خاوەن داهاتە بەرزەكان لە شوێنگەلێكدا دەژیان جیاواز لە زێدی باوانیان.[١١] سەبارەت بە وەرزێرە زەویدارەكانیش رەوشەكە بەهەمان شێوە بوو: ٧,١ لەسەدی سەرۆك خێزانە كەم دەرامەتە زەویدارەكانو ٢٦,٧ لەسەدی سەرۆك خێزانە خاوەن دەرامەتە بەرزە زەویدارەكان لە شوێنگەلێكدا دەژیان جیاواز لە زێدی باوانیان.[١٢]

هەروەها كۆڵینەوەكە فێركردن وەك هۆكارێكی بزوتنی جیۆگرافیی وەرزێرە زەویدارەكان پێشاندەدات. زەویدارەكان، یاخود سەرۆك خێزانەكانیان، بە رێژەیەكی بەرزی خوێندەوارییەوە ئەو مەیلەیان هەبوو رێژەیەكی بەرزی كۆچكردنیشیان هەبێت لەوانەی رێژەی خوێندەوارییان كەمتر بوو. خێزانە خاوەن دەرامەتە بەرزەكان زیاتر دەگونجا سەروكاریان لەگەڵ خوێندەواریی–خوێندنی باڵا هەبووایە، هەربۆیە لەرووی جیۆگرافییەوە زیاتر بزۆزتربوون.: ٢١,٥ لەسەدی ئەوانەی لەشوێنگەلێكی جیاواز لە گوندەكەیان یاخود شوێنی لەدایكبوونیان دەژیان بڕە خوێندەوارییەكیان هەبوو، لەكاتێكدا ١٦,٨ لەسەدی ئەوانەی كە لەو گوندانە دەژیان تێیدا لەدایكببوون بڕە خوێندەوارییەكیان هەبوو. بزوتن هەروەها لەو هەرێمانە مەزنتر بوون كە زیاتر كراوەتربوون بەسەر ژیانی نالادێییانەو زێدە نزیكتربوون لە شارۆكەو شارەكانەوە.

---

[8] هەمان سەرچاوە، ل٢٠٢.

[9] هەمان سەرچاوە، ل ١١٣.

[10] هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩.

[11] هەمان سەرچاوە، ل ١١٥.

[12] هەمان سەرچاوە، ل ٢١٠.

خشتەی( ٥,٥ ) : ڕێژەی سەدی شوێنی لەدایکبوونی سەرۆك خێزانەکانو باوانیان*

| | بێزەوی | زەویدار |
|---|---|---|
| هەروەك باوانیان | ٥٥,٢ | ٧٩,٥ |
| جیا لە باوانیان | ٣٩,٢ | ١٨,٥ |
| نەزانراو | ٥,٦ | ٢,٠ |
| کۆی گشتیی | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ |

خشتەی( ٥,٦ ) : ڕێژەی سەدی بزوتنی جیۆگرافیی سەرۆك خێزانە زەویدارەکان، بەراوردی بە شوێنی لەدایکبوونیان لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونیان . *

| | بێزەوی | زەویدار |
|---|---|---|
| هەروەك باوانیان | ٥٥,٢ | ٧٩,٥ |
| جیا لە باوانیان | ٣٩,٢ | ١٨,٥ |
| شوێنی لەدایکبوونی نەزانراو | ٥,٦ | ٢,٠ |
| کۆی گشتیی | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ |

## بزوتنی پیشەیی

بەگوێرەی کۆڵینەوەکەی زانکۆی تاران سەبارەت بە وەرزێرانی بێزەوی کوردستان، گۆڕینی پیشەیی بەدەگمەن لەنێو وەرزێرانی بێزەویدا ڕوویداوە. هەرچەندە، لەنێو وەرزێرانی بێزەویدا گۆڕینێکی پیشەیی فرە گرنگ لە باوکەوە بۆ کوڕ ڕوویداوە. لەکاتێکدا لەنێو خێزانە زەویدارەکاندا، کوڕان شانبەشانی خێزانەکانیان لەزەویدا کاردەکەن،و هەربۆیە بەردەوامییەکی زیاتر بۆ نەوەی کوڕان هەیە کە هەمان کاری باوکانیان بکەنو لەسەری بەردەوامبن. لە ٢٠٠ سەرۆك خێزانی زەویدار کە کۆڵینەوەکەیان لەبارەوە کراوە، ١٩٦یان (کەدەکاتە ٩٨٪) شوێنی باوکیان گرتۆتەوەو ئەوانیش لە وەرزێریی بەردەوامبوون. توانای بزوتنی کۆمەڵایەتیی لەکەمترین ئاستیدا بووە. لەنێو گروپی خێزانە زەویدارە خاوەن داهاتە بەرزەکاندا، بەهیچ جۆرێك گۆڕینی پیشەیی ڕووینەداوە لەکاتێکدا لەنێو خێزانە بێزەویە کەم دەرامەتەکاندا تەنیا ٤,١ لەسەددا بەدوای پیشەکەی باوکیان نەکەوتوون.

لەتەواوی ئەو خێزانە زەویدارانەی کۆڵینەوەکە بایەخی پێداون، ٧٤,١ لەسەدی سەرۆك خێزانە زەویدارەکان پیشەیەکی جیاوازیان لەوەکەی باوکیان هەیە. تەنیا ٢٣,٧ لەسەدی ئەوانە لەسەر هەمان ئیشی باوکیان بەردەوامبوون.

* سەرچاوە: ئەزکیا، خوشنشینان کردستان، ١١٣.

* سەرچاوە: ئەزکیا، خوشنشینان کردستان، ١١٣.

هۆکاری ئەمەش بەئاسانیی بریتیە لە کەمیی زەوی، کەواتای کەمیی سەرچاوەیەکی جێگیرو پارێزراوی داهاتە. خشتەی ٥،٧ بەراوردی جیاوازییەکان دەکات لەنێوان سەرۆك خێزانە زەویدارو بێزەوییەکاندا لە کردنی هەمان ئیش‌و پیشەی باوانیاندا.

خشتەی ( ٥،٧ ): ڕێژەی سەدی بزوتنی پیشەیی لەنێو خێزانە وەرزێرییە زەویدارۆ بێزەوییەکان لە هەرێمەکانی کوردستان*

| | بێزەوی | زەویدار |
|---|---|---|
| هەروەك باوانیان | ٢٣،٧ | ٩٨،٠ |
| جیا لە باوانیان | ٧٤،١ | ٠٢،٠ |
| نەزانراو | ٢،٢ | – |
| کۆی گشتیی | ١٠٠،٠ | ١٠٠،٠ |

لەکاتی ڕاڤەکردنی گۆڕینی پیشەیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی لەنێو وەرزێرە بێزەوییەکاندا، سەرنجڕاکێشە تێبینی ئەوە بکرێت کە، زیاتر لە نیوەی ئەو سەرۆك خێزانە وەرزێرە بێزەوییانەی هەن کوڕی جووتیارە زەویدارەکان بوون. لە ١٧٢ سەرۆك خێزان کە پیشەکەی خۆیان گۆڕیوە ١٢٦ یاخود ٧٣،٣ لەسەدی باوکیان جووتیار بوون.[13] باوکی ٤٦ لەو سەرۆك خێزانانە (واتە ٢٦،٧ لەسەد) پیشەیەکی جیاوازیان لەباوکیان هەیە کە جووتیار نەبوون.

بزوتنی پیشەیی پێویست نییە مانای ئەوەبێت کە بزوتنێکی هەڵکشاوە، لەزۆربەی کەیسەکاندا، تەنیا بزوتنێکی ئاسۆیی بووە، زۆرجار گۆڕینەکە دابەزیوەتە ئاستێکی نزمتری ئابووریی‌و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە بەبەراورد لەگەڵ باوانیان. خشتەی ٥،٨ باس لە پیشەگەلێکی جیاوازی سەرۆك خێزانە بێزەوییەکان دەکات کە باوانیان جووتیار بووە.

دەتوانین لەخشتەی ٥،٨ وە ببینین کە ٥٧،١ لەسەدی ئەو سەرۆك خێزانانەی کە باوانیان جووتیار بووە ناچاربوون واز لە جووتیاریی بێنن‌و ببنە زەحمەتکێشی لادێ. ڕێژەکە لەنێو خێزانە کەم دەرامەتەکاندا بەرزترە (٦١،٢٪). ئەو سەرۆك خێزانانەی کە کوڕە جووتیار بوون بەڵام دواتر بوونەتە وەرزێری بێزەوی، زۆرجار لە پیشەی ناهونەریی وەك: کرێکاری کشتوکاڵیی، شوانیی، کرێکاری بیناسازیی، باخەوان، یان شۆفێریی کاریان کردووە. ١٨،٣ لەسەد بوونەتە وردە بازرگان یان وردە دوکاندار، ژمارەیەکی کەم کاری ئاژەڵداریییان کردووە کە (٤،٨٪)ە، ٧،٨ لەسەد کاری خزمەتگوزاریی وەك: سەرتاشیی، مەلایەتیی، خزمەتکاریی، یان مجێوریییان لەلادێ کردووەو هێندێکیش بوون بە پیشەگەر.

ئەم گۆڕانە لە پێگەی ئابووریی هاوکاتبوو لەگەڵ گۆڕان لەپێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم خێزانانەدا. بەبەراورد بە وەرزێرە دەوڵەمەندەکان، زۆربەی سەرۆك خێزانە کەم دەرامەتەکان پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی کەمتریان هەیە لەو پێگەیەی پێشتر باوانیان هەیانبووە.

* سەرچاوە: ئەزکیا، خوشنشینان کردستان، ١١٨، ٢١٣.

[13] هەمان سەرچاوە، ل١١٨.

خشتەی ( ٥,٨) ڕێژەی سەدی پیشەی سەرۆك خێزانە زەویدارو بێزەوییەكان كە باوانیان جووتیار بووە*

| پیشە | تێکڕا | کەم دەرامەت | دەرامەتی بەرز |
|---|---|---|---|
| زەحمەتکێشی لادێ | ٥٧,١ | ٦١,٢ | ٥٢,٥ |
| بازرگان/دوکاندار | ١٨,٣ | ١٣,٣ | ٢٣,٧ |
| خزمەتگوزار | ٧,٨ | ٩,٠ | ٦,٨ |
| ئاژەڵدار | ٤,٨ | ١,٥ | ٨,٥ |
| پیشەگەر | ٣,٢ | ٤,٥ | ١,٧ |
| ئەوانی دیکە | ٤,٠ | ٣,٠ | ٥,١ |
| بێکار | ٢,٤ | ٣,٠ | ١,٧ |
| کەمئەندام | ٢,٤ | ٤,٥ | – |
| کۆی گشتیی | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ |

ڕەوشی ئەو وەرزێرە بێزەوییانەی کەباوانیان زەویداربووە پشت بەو گفتوگۆیە دەبەستێت کە پێشتر سەبارەت بە پەراوێزکەوتنی هێندێك لە وەرزێرانی دانیشتووی گوندەکان کراوە، ئەوەی کاتێك ڕوویدەدا کە سیستمی لادێ، لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز، چیدی نەیدەتوانی تەواوی دانیشتووانەکەی بەئاراستەی گشتیی ژیانی ئابووریی بگرێتەخۆ. هەروەها لەنێو ئەوانەدا کە باوانیان جووتیار نەبوون، گۆڕین لە پیشەکانیاندا ڕوویانداوە لەنێو دوو نەوەی ڕابردوودا، بەڵام ڕێژەی گۆڕینەکە زۆر بایەخدار نییە. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەم سەرۆك خێزانانە لەسەر هەمان کارو پیشەی باوانیان ماونەتەوە. بەوەش دەتوانرێت بوترێت کە ناهاوسەنگیی پیشەیی لەماوەی نێوان دوو نەوەدا زۆر بایەخدارترە بۆ ئەو وەرزێرە بێزەوییانەی کە لەریشەوە سەر بە خێزانە زەویدارەکانن.

### شارنشینیی

تا ئێستا بەشێوەیەکی سەرەکیی بایەخمان بە کوردستانی لادێنشین داوە، بەڵام هەروەك ئەو باسەی لەبارەی کۆچکردنەوە پێشانیدا، وێرای گەشەکردنی خودی دانیشتووانی شارەکان، ناوچە شارییەکان ژمارەیەکی بەرچاویان لە کۆچبەرانی لادێی گرتۆتەخۆ، بەشێوەیەکی سەرەکیی وەك کرێکار، بەڵام هەروەها وەك خوێندکاریش. ئەم فاکتەرە لەدوورمەودا بەرەو زێدەبوونی پشکی دانیشتووانی شارنشین لەچاو دانیشتووانی لادێنشین دەچێتەپێش، زێدەبوونی پشکی دانیشتووانی شارنشین لەکوردستان لەچاو پێکهاتە لادێنشینەکەیدا لەوانەیە بریتیبێت لە لوتکەی بەشدارییکردنی چەندەها فاکتەر کە لەسەرەوە گفتوگۆی لەبارەوە کراوە لە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی "ڕووبەڕوو" لەنێو کوردستاندا. ئینجا هۆشیاربوونەوەو بەئاگاهاتنی کۆمەڵگەی نەتەوەیی کوردان خۆی بۆ جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی کاریگەرو یەکانگیر وەرچەرخێنێت یان نا، پشت بە نائامادەگییو نەبوونی ڕێژەیی دابەشبوونی توندوتیژ

* سەرچاوە: ئەزکیا، خوشنشینان کردستان،١٢٠.

لـەنێو كۆمەڵگەیـەكی بـەو چەشـنـەدا دەبەسـتێت، ئـەوەی پرسـیـارێكە كـەدەبێت وەڵامێكـی زێـدەتری بدرێتـەوە. ئێمـە خوازیارین لەم قۆناغەدا پێ لەسەر زێدەبوونی دانیشتووانی شارنشین لە كوردستان دابگرین لەماوەی ١٥ بۆ ٢٠ ساڵی رابـردوودا. ئەمـەش لـە خـشتەی ٥,٩ دا پێـشكەشكراوە كـە پێـشانیدەدات كـە كوردسـتان تـاكو ئێـستاش زیـاتر لادێنشینترە، ئەم رەوشەی كە زۆر بەخێرایی دەگۆڕدێت.

خشتەی ( ٥,٩ ): رێژەی سەدی دانیشتووانی شارنشینو لادێنشین *

| ساڵ | شارنشین | لادێنشین |
|---|---|---|
| ١٩٥٥-٥٦ | ١١,٢ | ٨٨,٨ |
| ١٩٦٥-٦٦ | ١٦,٥٣ | ٨٣,٤٧ |
| ١٩٧٥-٧٦ | ٢٤,٣٣ | ٧٥,٦٧ |
| ١٩٨٥-٨٦ | ٤٣,٠ | ٥٧,٠ |
| ١٩٩٢-٩٣♦ | ٤٦,٦٤ | ٥٣,٣٦ |

لەكاتی دوا ئاماردا، دانیشتووانی شارنشین ٤٣٪ی تەواوی دانیشتووانی پارێزگاكە پێكدەهێنن. گۆڕانەكەش لـەنێوان سـاڵانی ١٩٧٥-٧٦و ١٩٨٥-٨٦ فـرە جیـاوازیی هەیـە، رێژەكـە لـە ٢٤,٣٪ بـۆ ٤٣٪ بەرزبۆتـەوە. دەگونجێـت تـەنیا بەشێكی زۆر كەمی ئەم زێدەبوونە بتوانرێت بۆ پەنابـەرانی جـەنگ بگەڕێنرێتـەوە. ناوچەكە بەتونـدیی لـەژێر كاریگـەریی جووڵەی پەنابەریی جەنگی ئێران-عێراق دا بوو.[14] زۆربەی پێكدادانە توندەكانی نێوان گروپـە سیاسـیە كوردییـەكانو هێزەكانی كۆماری ئیسلامیی لەماوەی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨١ روویاندا، ئەوانەی زیاتر لە ناوچە شارییەكاندا دەقـەومان تـاكو ناوچـە لادێـنشینەكان، ئەمـەش دەگونجێت لەبەرئـەوەبێت كـە زۆر لەپارتـە سیاسییەكان تـەنیا بارەگایـان لـە سنە هـەبوو كـە شـەڕی دژواری تێدا قـەوما. هەربۆیـە ناگونجێت ژمـارەی ٤٣٪ زۆر دووربێـت لـە رێـژەی سـەدی راسـتیینەی دانیشتووانی شارنشینی كورد لە ساڵانی ١٩٨٥-٨٦دا.[15] ئەمەش بەهۆی ئەو ژمارە رەمەكییەی دواخانەی خشتەكە بۆ ساڵانی ١٩٩٢-٩٣ پشتڕاستدەكرێتەوە كە لەراپۆرتێكی نهێنییدا سەبارەت بە كوردستان هاتووەو پێشكەش بـە سـەرۆك رەفسـەنجانی كـراوە، تێیـدا رێـژەی ٤٦,٦٤٪ بـۆ تـەواوی دانیـشتووانی شارنـشین دانـاوە. ئێمـە نامانـەوێت مـشتومڕ لەبارەیـەوە بكـەین كـە تـەنیا زێـدەبوونی دانیـشتووانی شـارەكان دەبێتـەهۆی گەشـەكردنی نەتەوایـەتیی كـوردیی، بـەڵام

---

* سەرچاوە: سەرژمێری دانیشتووان بۆ ساڵی ١٩٥٦، ١٩٦٦، ١٩٧٦، هەروەها ١٩٨٦.

♦ هەڵسەنگاندێك لە راپۆرتەكەی ساڵی ١٩٩٣ بۆ سەرۆك كۆمار سەبارەت بە بەرنامەی بنیاتنانەوەی پێشنیازكراو لە پێنج پارێزگای رۆژئاوای ئێران.

14 بەگوێرەی ئاماری ١٩٨٥-١٩٨٦، ٩٩,٦٤٪ دانیشتووانی پارێزگاكە رەگەزنامەی ئێرانییان هەیە، زۆربەی ئەوانەی دەمێننەوە كە ٠,٣٦٪ كوردانی عێراقن.

15 "كۆچـی نێوخـۆیی" لەبەشـەكانی دیكـەی ئێرانـەوە بـۆ پارێزگاكـە لەدەسـاڵی پـێش ئامـاری ١٩٥٨-١٩٨٦ دا ١٧٪ی دانیشتووانەكەی پێكدەهێنن، كە زۆربەیان ئەو كوردانەن كە لەناوچەكانی دیكەوە، بەتایبەتی ئازەربایجانی رۆژئاوا هاتوونەتە پارێزگای كوردستان.

لەراستییدا ئەوەی روویدا هەر ئەمە بوو کاتێك زێدەبوونی دانیشتووانی شارنشین خرایە چێوەی ئەو کەمە دابەشبوونە ڕێژەییەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوو، هەروەها ئەو مەزنە دابەشبوونە ڕێژەییەی لەنێوان ئەم کۆمەڵگەیەو ئەوەکەی ئێراندا هەبوو.

**ماسمیدیا-رادیۆ**

هەرچەندە "چاپەمەنیی سەرمایەداریی" و هەروەها ریزبەندیی نووسەرە نەتەوەییەکان بەتایبەت فرە گرنگن لە پشکوتنی"ریشەی" نەتەوایەتییدا، ئەو رۆڵەی چاپەمەنیی وەك نێوەندێك بۆ بڵاوکردنەوەی نەتەوایەتیی هەیەتی، لەولاتە پەرەسەندووەکانی سەدەی بیستەمدا، هەمان ئەوەیە کە ماسمیدیا، بەتایبەتیی رادیۆو تەلەفیزۆن، لەولاتانی مۆدێرندا هەیانە. لەراستییدا مرۆ دەتوانێت کەیسێك بۆ ئەو مشتومڕە پێکبهێنێت کە لەهێنانەکایەی وشیاربوونەوەو بەئاگاهاتن سەبارەت بە کۆمەڵگەی "وێناکراو" کە ئێمە پێیدەڵێین نەتەوە، رادیۆو تەلەفیزۆن دەتوانن رۆڵێکی کاراتر لە چاپەمەنیی ببینن. چاپەمەنیی سەرمایەداریی تەگەرەی گەورەی لەبەردەمدایە وەك ئامرازێکی لایەنگریی لە پەیوەستەگییە هاوبەشەکان. ئەو بەهۆی رادەی نەخوێندەوارییەوە تەگەرەی دێتەرێ. بۆ گەیشتن بە هاولاتیانێکی داهاتوو بۆ نەتەوەییەکی"وێناکراو"، رادیۆو تەلەفیزۆن بەئاسانیی دەتوانن ئەم لەمپەرە بەلاوەبنێن و سوودێکی بەنرخیان هەبێت لە بڵاوکردنەوەی نەتەوایەتیی لەنێو کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکانی جیهانی تازە پەرەسەندووی وەك کوردستانی لادێنشین کە ڕێژەیەکی نەخوێندەواریی بەرزی هەیە. ئەوە بەدڵنیاییەوە تەواو راستە کە بڵاوکردنەوەو پەخش لەرادیۆو تەلەفیزۆنەوە لەئێران، چ پێش و چ پاش ساڵی ١٩٨٠، لەرووی هەستەوە نەبۆتە هۆی پیتەوکردنی شوناسی نەتەوەیی کوردیی. هەرچەندە، کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی هۆشیاربوونەوەو بەئاگاهاتنەوە لەنێو دانیشتووانە لادێنشینەکە سەبارەت بە کۆمەڵگەیەکی گەورەتر لەدەرەوەی پێکهاتە "رووبەڕوو" وە خێڵەکییەکە یان گوندییەکە فرە گرنگترە بۆ گەشەکردنی نەتەوایەتیی لە ژینگەیەکدا کە زیاتر پێکدێت لە کۆمەڵگەلێکی تەقریبەن لەیەکتردابڕاو زیاتر لەوەی ئەرکێکی تایبەتی لە پتەوکردنی شوناسی نەتەوەیی هاوبەشدا هەبێت.

دیاردەیەکی باوی گوندەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا بریتیە لە کۆبوونەوەی دانیشتووانی گوند پاش کارکردن لە چایخانە لۆکاڵییەکان بۆ سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفیزۆن. ئێمە زانیارییەکمان سەبارەت بە ئاستی چوونەناوەوەی تەلەفیزۆن بۆنێو دانیشتووانە لادێنشینەکان لەکوردستان نییە. هەرچەندە، بەگشتیی، رادەی خاوەندارێتیی ئامێری رادیۆ بەتوندیی لەساڵانی ١٩٦٠کاندا زیادیکردووە، کۆڵینەوەکەی زانکۆی تاران سەبارەت بە ئاکامەکانی ریفۆرمی زەوی لە حەوت هەرێم لەوانە سنە کە لەساڵی ١٩٦٩ ئەنجامدراوە پێشانیداوە کە ژمارەی رادیۆکان لەپاش ریفۆرمی زەوی لە ناوچە لادێنشینەکانی سنە نزیکەی چوار ئەوەندە زیادیکردووە، لە ٢٣٠ دانەوە پێش ریفۆرم بۆ ٨٣٠ دانە پاش ریفۆرم.

بەشێوەیەکی زۆر وردتر، ئەزکیا چەند ژمارەیەکی سەرنجڕاکێشترو زیاتری سەبارەت بە گرنگی رادیۆ لە گوندە کوردییەکاندا پێداوین. نزیکەی ٦٠٪ی خێزانە بێزەوییەکان بەرێکوپێکی گوێ لە بەرنامەکانی رادیۆ دەگرن. ئەگەر ئێمە ئەم گروپە بۆ پێنج ئاستی داهاتی جیاواز دابەشبکەین، بەرادەی زێدەبوونی داهاتەکان ڕێژەی سەدی گوێگرتن لە

رادیۆش زیاد دەكات، لە یەكەمین ئاستی داهاتدا تەنیا ٢٨٪ ن، ٨٦٪ یش بۆ پێنجەمین ئاستی داهات.[16] بەبەراورد، وەرزێرە زەویدارەكان كە ئامێری رادیۆیان هەیە بریتین لە ٦٠٪. بەرادەی زێدەبوونی قەبارەی موڵكەكانیش، ئاستی خاوەنداریێتیی ئامێری رادیۆش زیاتر دەبێت، ٥٠٪ بۆ وەرزێرە هەژارەكان، ٥٨٪ بۆ دووەمین و سێیەمین ئاست، هەروەها ٨٦٪ بۆ ئەوانەی كە زیاتر لە ١١٥ هێكتار زەویان هەیە. خشتەی ٥,١٠ و ٥,١١ بەجیا رێژەی سەدی دابەشبوونی زەحمەتكێشانی بێزەوی و وەرزێرە زەویدارەكان سەبارەت بەو جۆری بەرنامە رادیۆییانەی لەپێشترە لایان.

لەرووی دیدی سیاسییەوە، گرنگترین سیماكانی هەردوو خشتەی ٥,١٠و ٥,١١ ئەوەیە كە لەنێو چینە كۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەكانی كوردستانی لادێنشین، بڵاوترین بەرنامە بریتییە لە هەواڵەكان، جۆری بەرنامەكە زۆر بەتوندی پەیوەندیی بە وشیاربوونەوەی كۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە هەیە. پێدەچێت ئاستی ئەو بایەخەی بە هەواڵەكان دەدرێت لەلای ئاستە جیاوازەكانی داهات لە زەحمەتكێشانی بێزەوی و وەرزێرە زەویدارەكان فرە وەك یەك وابێت، بەشە هەژارەكەی دانیشتووانەكە نزیكەی هەروەك خوشگوزەرانەكەی حەزیان بە هەواڵەكانە.

خشتەی( ٥,١٠ ): رێژەی سەدی دابەشبوونی زەحمەتكێشانی بێزەوی بەگوێرەی جۆری ئەو بەرنامە رادیۆییانەی حەزیان لێیە.*

| | ١مین ئاستی داهات | ٢مین ئاستی داهات | ٣مین ئاستی داهات | ٤مین ئاستی داهات | ٥مین ئاستی داهات | تێكڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرنامە ئاینییەكان | ١٨,٧ | ٢١,٠ | ١٧,٦ | ١٦,٤ | ١٣,٦ | ٢٥,٨ |
| بەرنامە ئەدەبیی | ١٢,٥ | ٥,٠ | ٤,٦ | ٧,٤ | ٦,٨ | ٨,٦ |
| بەرنامەی وەرزێریی | ١٢,٥ | ١٥,٠ | ١٧,٦ | ٢٩,٩ | ١٨,٢ | ٢٧,٥ |
| هەواڵەكان | ٣١,٣ | ٣١,٠ | ٣٢,٤ | ١٩,٤ | ٣٦,٤ | ٤٣,١ |
| مۆزیك | ٢٥,٠ | ٢٤,٠ | ٢٥,٠ | ٢٥,٤ | ٢٢,٧ | ٣٥,٣ |
| بەرنامە كوردییەكان | – | ٢,٠ | ٢,٨ | ١,٥ | ٢,٢ | ٣,٠ |
| ئەوانی تر | – | ٢,٠ | – | – | – | ٠,٨ |

[16] ئەزكیا، خوشنشینان كردستان،ل ١٣٦.

* سەرچاوە: ئەزكیا، خوشنشینان كردستان،٣٠٤.

**خشتەی (٥,١١): ڕێژەی سەدی دابەشبوونی وەرزێرانی زەویدار بەگوێرەی جۆری ئەو بەرنامە رادیۆییانەی حەزیان لێیە** *

| | ١-٤ | ٤,١-٨ | ٨,١-١٥هێکتار | ١٥,١ بەرەوسەر | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|
| بەرنامـــــــە ئاینییەکان | ٢١,٣ | ٢٣,٢ | ١٧,٤ | ٢٤,٢ | ٢١,٥ |
| بەرنامـــــــەی وەرزێریی | ١٠,٦ | ١٥,٨ | ١٨,٨ | ١١,٢ | ١٤,٤ |
| هەواڵەکان | ٢٧,٧ | ٢٩,٣ | ٣٣,٣ | ٣٢,٣ | ٣٠,٠ |
| مۆزیك | ٣٣,٠ | ٢٨,٠ | ٢٦,١ | ٢٧,٤ | ٢٩,٠ |
| ئەوانی دیکە | ٧,٤ | ٣,٧ | ٤,٤ | ٤,٨ | ٥,٢ |

دووەمین بڵاوترین بەرنامە لەنێو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا بریتیە لە مۆزیك، ٢٥٪ بۆ بێزەوییەکانو ٣٣٪ بۆ وەرزێرە زەویدارەکان. ئەوەش لەوانەیە بەڵگەیەکی ناڕاستەوخۆبێت بۆ تاڕادەیەك پێگەی لاوازی ئاین لە ژیانی کەلتووریی کوردستاندا. بەرنامەی ئاینیی لەنێو هەردوو گروپە کۆمەڵایەتییەکەدا کەمتر گوێی لێدەگیرێت، تەنیا ١٨,٧٪ ی زەویدارەکانو ٢١,٣٪ی وەرزێرەکان گوێ لەو چەشنە بەرنامانە دەگرن.[17] پێویستە ئاماژە لەوە بدەین کە ئاستی بەرنامە رادیۆییەکان بەزمانی کوردیی تەنیا لە خشتەی ٥,١٠دا بۆ زەحمەتکێشانی بێزەوی دراوە. هەرچەندە، وادەردەکەوێت کە بایەخێکی کەم بەم چەشنە بەرنامەیە هەیە، بوونی زۆری ئەو بەرنامانەی بەزمانی کوردیی بڵاودەکرێنەوە بەڵگەیە بۆ بایەخو تایبەتمەندی هەڵوێستی فەرمیی دەوڵەتی ئێرانیی لەهەمبەر کێشەی کورد هەروەك سەرەتاکانی ساڵانی ١٩٦٠کان. ئەوە لانیکەم بەڵگەی دانپێدانانی کوردانە وەك کەمینەیەکی کەلتووریی و هەروەها ئاماژەیەکە بۆ یەکێك لە سیماکانی نەتەوایەتیی فەرمیی دەوڵەتی ئێرانە کە لە شێوە کۆنەکەی پێشووی پان- تورکیزم جیایدەکاتەوە کە پێناسەی نەتەوایەتیی فەرمیی دەوڵەتی تورکیاو سیاسەتەکەی لەهەمبەر کوردانی تورکیا دەکات.[18]

## نایەکسانیی لەنێو کوردستاندا

ناگونجێت جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی سیاسیی یەکگرتوو لە کۆمەڵگەیەکدا پەرەبسێنێت کە دابەشبوونی نێوخۆیی تایبەتمەندییەکەی پێکبهێنێت. گەشەکردنی نەتەوایەتیی پێویستی بە بوونی کۆمەڵگەیەکی تاڕادەیەك یەکانگیر هەیە

* سەرچاوە: ئەزکیا، خوشنشینان کردستان، ٣٩٠.

[17] مجموعە بررسی و شناخت وضع موجود در استان کردستان، تهران، ١٩٨٧، ج:اول. لەلایەن ڕێکخراوی پلاندانانو بودجە لە ئێرانەوە ئەنجامدراوە.

[18] پێویستە تێبینی بکرێت کە رادیۆو ئەو ئێزگانەی دژی حکومەت بڵاودەکرێنەوە هەروەها شێوازێکن کە حیزبە کوردییە سیاسییەکان بەهۆیەوە لەماوەی چەند دەیەی رابردوودا بەرنامەکانی خۆیان لەنێو خەڵکدا بڵاوکردۆتەوە.

وەك یەكێك لە پێشمەرجە سەرەكییەكانی. بۆ نموونە، چەندین راڤەكاری مێژوویی سەبارەت بە چینی كۆمۆنیستیی، شكستی هێزە نەتەوەییەكانی چیانگ كای چینگ كە لە دەرەوەی شارەكانی چیندا ریشە داكوتێت رووندەكەنەوەو جەخت لەوە دەكەنەوە كە ململانێی نێوان (موستەغیلەكانو ئیستیغلالكراوەكان/ خانەدانە موڵكدارە چەوسێنەرەكانو زەحمەتكێشە چەوساوەكان) ئەوەندە توندوتیژ بوو كە رێگەی بە پشتگیرییكردنی ئایدیۆلۆجییەك نەدەدا بانگەشە بۆ ئەوە بكات ببنە ئەندامێكی هاوبەش لە تاكە خێزانێكدا. بەپێچەوانەوە، ئایدیۆلۆجیای ململانێی چینایەتیی هەستێكی زیاتر بۆخۆی رادەكێشێتو هێزی بەرژەوەندییە گشتییەكان لەلایەن بەرهەمهێنەرە راستەوخۆكان بەجۆشەوە پێشوازیی لێكرا.

بارینگتۆن مۆر، لەكتێبەكەیدا:" بنەما كۆمەڵایەتییەكانی دیكتاتۆرییو دیموكراتیی" بەشێكی بەناونیشانی " هەرەسی چینی ئیمپراتۆرییو بنەماكانی كۆمۆنیستییەكی جیاواز" نووسیوە.[19] ئەو لەوێدا جەختیكردۆتەوە لە دوژمنایەتیی درێژخایەنی وەرزێرەكان بۆ موڵكدارەكان. موڵكدارەكان هەرگیز بەشێكی كاریگەر نەبوون لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. هەژموونی ئەوان بەسەر زەوییەكاندا دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییە راستەوخۆیەیان بوو لەگەڵ بنەماڵەی شاهانەدا. لەكاتێكدا، ئەوان بەشێوەیەكی وەرزیی لەبنیاتنان یاخود نۆژەنكردنەوەی سیستمی كۆنترۆڵی ئاودێریی دڵنیادەبوون، بە دارمانی حكومەتی ناوەندیی لەسەدەی نۆزدەیەمدا، ئەم ئەركە بەشێوەیەكی زێدە كەمبایەخ بوو. بەتێكچوونی كۆنترۆڵی حكومەتی ناوەندیی، جەردەسالاریی و باندگەرایی و هەروەها گەشەكردنی میرەكانی جەنگ بوون بە سیمای ئەزموونی چینیی. بەهۆی پشتگوێخستنی زۆری سیستمی ئاودێریی، وەرزێرانی چینی تووشی بارگرانییەكی ئابووریی مەزنو مەزنتر بوون. لەوەش زیاتر، ركابەری پیشەسازیی چنینی رۆژئاوایی بووەهۆی كەمبوونەوەی سەرچاوەیەكی بچووك بەڵام گرنگی داهات بۆ وەرزێرەكان.

بەشێوەیەكی سوننەتیی، كشتوكاڵی چینیی، نزیكەی بەگشتیی، پشتی بە ئامادەگییەكی گەورەی كاری رەنجدەران دەبەست لە پارچە زەوییە بچووكەكاندا بێئەوەی ئاژەڵ یاخود ماشێن بەكاربهێنن، یاخود هەرەوەزی جووتیارانی دیكە بەدەستبێنن. چ هۆكارێك بۆ كشتوكاڵی هەرەوەزیی یان كاری دەستەجەمعی نەبوو كە بكەوێتە دەرەوەی سنووری یەكەی خێزانەوە. كۆمەڵگەی لادێ هەبوو بەڵام رۆڵەكەی بەشێوەیەكی زێدە سنووردارکرابوو لەنێوان پەرستگاو ئاهەنگەكاندا. لەساڵانی ١٩٢٠كانو ١٩٣٠كاندا، ژمارەیەكی زۆر لە وەرزێران چیدی نەیاندەتوانی لەسەر زەوییەكانیان بژین. هەرەشەی برسێتیی وایكرد زۆربەیان بە میرەكانی جەنگەوە پەیوەستبن یاخود بچنە ریزی سوپا یاخییبووەكانەوە. هەرچەندە، گرنگە تێبینی ئەوە بكرێت كە بەبێ داگیركاریی ژاپۆنییەكان بۆ چین، شۆڕش روویندەدا، داگیركاریی ژاپۆنی دوو شتی هێنایەئارا، بووەهۆی نەهێشتنی خانەدانە موڵكدارەكانو هەروەها كارمەندانی كۆمینتاگ لە شارە گەورەكاندا، وێڕای ئەوەی یارمەتی پێكهێنانی یەكێتیی لەنێو وەرزێراندا دا .

بۆئەوەی نەتەوایەتیی لەكۆمەڵگەیەكی وەك كۆمەڵگەی كوردستاندا پەرەبسێنێت كە زیاتر كشتوكاڵییە، نەبوونو نائامادەگیی رێژەیی ململانێی توندتیژیی چینایەتیی لە كوردستانی لادێنشیندا مەرجێكی یەكلاكەرەوە بوو. هەرچەندە، وادەرناكەوێت كە كارێكی زۆر ورد سەبارەت بە پەیوەندیی هاوبەستەگیی كۆمەڵگەی لادێ بە گەشەكردنی

---

[19] Barrington Moore, Social Origins of Dictatorship and Democracy (Harmondsworth, UK, 1981), 162–227.

نەتەوایەتیی هەبێت، بەڵام هزرو ئایدیای یەکسانیی رێژەیی و هاوسۆزیی و هەماهەنگیی کۆمەڵە کشتوکاڵییە سوننەتییەکان بەتەواویی شتێکی نوێ نییە. ئەوە بۆ تێزێکی ناردۆنیکی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە کە روسیای لادێنشین بەشێوەیەکی گەوهەریی لە کۆمەڵگەگەلێکی وەرزێریی کۆمۆنیستیی سەرەتایی پێکهاتووە. تیۆدۆر شانین، لەکۆڵینەوەیەکی بەناوبانگیدا سەبارەت بە وەرزێریی روسیی، بەرگرییەکی سەبارەت بەم دیدە وەبەرهێناوەو ئاماژە بەو هەلومەرجە ئابووریی و دیمۆگرافییە دەدات کە بۆ هەستگەلێکی هەماهەنگیی و هاوبەستەگیی لەباربوو زیاتر لە ململانێ لەنێوان سەرمایەداران و کرێکاراندا لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگە لادێییەکان.[20]

بابەتی هەستیارو یەکلاکەرەوە لەمەڕ ئەم ئارگومێنتە سەبارەت بە گەشەکردنی نەتەوایەتیی کوردیی بریتیە لەوەی، داخۆ کوردستانی لادێنشین خاوەنی تایبەتمەندی و کارەکتەری نەبوون و نائامادەگیی دابەشبوونی توندی چینایەتییەکانە. ئەم باسە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەرخانکراوە، بەتایبەتی وێڕای ئاماژەکردن بۆ ئەو رووداوە سەرنجڕاکێشە فرە گرنگەی کە ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردستانی لادێنشینیان رەنگرێژکردووە، ئەویش ریفۆرمی زەوی ساڵانی ١٩٦٢–١٩٦٦ە.

## دابەشکردنی زەوی

یەکەمین هۆکار کە لەم رووەوە راڤەبکرێت بریتیە لە کاریگەریی ریفۆرمی زەوی ساڵانی ١٩٦٢–١٩٦٦ لەسەر دابەشکردنی زەوی لە کوردستان. هەرچەندە دیمەنەکە لەتەواوی رووەکان و وردەکارییەکانیەوە زۆر روون نییە، بەڵام گومانێکی کەم هەیە کە کاریگەریی بەرفراوانی ریفۆرمی زەوی لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی کوردستانی لادێنشین بریتیبوو لە کەمبوونەوەی نایەکسانیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان و تاکو ئەم ئاستە پێویستە وەك هێزێکی هاوبەستەگیی ئەژماربکرێت و هەروەها وەك هۆکارێکی بەشداربووش بەرەو گەشەکردنی نەتەوایەتیی کوردیی.

موڵکایەتیی زەوی بەرێژەی ٧٨٪ بەشداربوو، لەکاتێکدا موڵکایەتیی وەرزێریی تەنیا لە ٨٪ ی تەواوی زەوییە کێڵراوەکانی ساڵی ١٩٥٠ وەستابوو.[21] هەروەها ئان لامبتۆن، لە کۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە ریفۆرمی زەوی لەئێران ئاماژەی بە باڵادەستی خاوەندارێتیی موڵکە گەورەکانی زەوی لە زۆربەی کوردستاندا داوە، بەتایبەتیی لەناوچەکانی سنەو سەقز.[22] لە سامپڵە دەستنیشانکراوەکەی کۆڵینەوەکەی ئەزکیا سەبارەت بە گوندەکان، خاوەندارێتیی موڵکە گەورەکان (٦ دانگ)[23] ٤٦,٩٪ی خاوەندارێتیی موڵکەکان پێکدەهێنن، لەکاتێکدا خاوەندارێتیی موڵکی وردە وەرزێرەکان ٤٢,٩٪ لەو گوندانەدا پێکدەهێنن کە کۆڵینەوەکەی لەبارەوە کراوە.[24] نزیکەی لە کۆتایی یەکەمین قۆناغەکانی ریفۆرمی زەوی لە کوردستان ٧٣٪ موڵکایەتیی زەوییە گەورەکان (٦ دانگ)و هەروەها ٥٢٪ی زەوییە

---

[20] Teodor Shanin, The Awkward Class: Political Sociology of Peasantry in a Developing Society: Russia, 1910–25 (London, 1972).
[21] Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, 118 (from Iranian sources).
[22] A. Lambton, The Persian Land Reform 1962–66 (Oxford, 1969), 169
[23] هەموو گوندە ئێرانییەکان بۆ"شەشدانگ" دابەشبوون. کە بەگوێرەی رووبەری زەوییەکەیە.
[24] ئەزکیا، خوشنشینان کردستان،ل١٢.

بـچووکەکان (کـەمتر لـە ٦ دانـگ) بەسـەر جووتیارانـدا دابەشـکراوە.[25] بـواری گواسـتنەوەی موڵکایـەتیی زەوییـەکان بەکەمبوونەوەی نفوزی گەورە موڵکدارەکان لە دووەمین قۆناغی ریفۆرمی زەویدا بەرچاوتربوو.

خشتەی (٥,١٢ ): ڕێژەی سەدی ئەو زەویانەی موڵکی خێزانە وەرزێرەکانن پاش ریفۆرمی زەوی*

| قەبارەی زەوییەکان | خێزانەکان | تێکڕای ئەو زەوییە کێڵراوەکان موڵکن |
| --- | --- | --- |
| کەمتر لە ٤ هێکتار | ٣٥ | ٨,٢ |
| ٤,١–٨ هێکتار | ٢٧ | ١٩,٦ |
| ٨–١٥ هێکتار | ٢٣ | ٣١,٣ |
| ١٥,١ بەرەو سەر | ١٥ | ٤٠,٩ |

خشتەی ٥,١٢ پشتگیریی ئـەو ئەنجامگیرییە گشتییە دەکات کە کاریگـەریی خانەدانـە موڵکـدارەکان، لانیکـەم نفوزو کاریگەریی ئابوورییان، تاڕادەیەکی زۆر بە جێبەجێکردنی ریفۆرمی زەوی کەمبۆتەوەو ئەوەش دەشێت لەباری واقیعدا یەکسانییەکی زیـاتری بـۆ خاوەنـداریتی زەوییـە کـشتوکاڵییەکان لـەنێو وەرزێرانـی کـورددا هێنابێتـەئارا. پێویـستە بەتایبەتیی تێبینی ئەوە بکرێت کە زیاتر لـە نیـوەی تـەواوی زەوییـەکان مـوڵکی ئەوانـەن کـە لـەنێوان ٤–١٥ هێکتاریـان هەیـە. هەرچـەندە ئێمـە نامانـەوێت بڕێکـی زۆر بایـەخ بدەینـە ئـەو بـەها وردانـەی لەسـەرەوە هـاتوون بـەوەی جیاوازییـە گەوهەرییەکان لەکوردستاندا هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام هەر چۆنێك بێت بوونی چینێکی گەورە لە وەرزێرانـی ناوەنجیمـان پێـشاندەدات، ئەوانـەی عادەتـەن وەك هێزێکـی سـەرەکیی کۆمەڵایـەتیی لـە جووڵانـەوە جووتیارییـە رادیکـاڵو نەتەوەییەکاندا ئەژماردەکرێن. هەرچەندە، ئەوەندەی بایەخی بە مشتومڕەکەمانەوە هەیە، خاڵی سـەرەکیی ئەوەیـە کـە کاریگەریی ریفۆرمی زەوی بریتیبـووە لـە کەمبوونـەوەی کاریگـەریی چەوساندنەوە چینایەتییە سونەتییە گەوهەرییـە کۆمەڵایەتییـەکان و هێنانەکایـەی هاوبەسـتەگییەکی زیـاتری کۆمەڵایـەتیی، ئاکـامێکی وا کـە دەکرێـت بەئاراسـتەی پتەوکردن و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی لەکوردستاندا بەشداریی کردبێت.

لەوەش زیاتر، وادەردەکەوێت کە بواری کاری بـەکرێ لـەنێو وەرزێـرە بێزەوییەکانـدا سنووردارتربێت. بـەگوێرەی ئـەو کۆڵینەوەیـەی ئـەزکیا، ٧٨,٤٪ی تـەواوی ئەوانـەی لەسـەر زەوییـەکان کاریـان کـردووە وەرزێربـوون لەگـەڵ لانیکـەمی زەویدا، هەروەها تەنیا ٢١,٧٪ زەحمەتکێشانی بێزەوی بوون. بـواری کـاری بـەکرێ بەدڵنیاییـەوە لـەوە فراوانترە لـەوەی کە لەم ژمارانەوە دەردەکەوێت، چونکە هێندێك لە وەرزێرە زەویدارەکان داهاتەکەی خۆیان بەوە تـەواو دەکـەن کـە کـاری بەکرێ بۆ خەڵکانی دیکە بکەن، بەتایبەتی بەشێوەیەکی وەرزیی. هەرچـەندە، ئـەوە تـەنیا ئیـستغلالکردنی کرێکـارانی زەحمەتکێش نییە کـە بـوارێکی بەرتەسـکی لـە کوردسـتانی لادێنشیدا هەیـە، بـەڵکو هـەروەها پێدەچێت کـە بێزەوێتیـی بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بەهۆی فشاری ژمارەی دانیشتووانەوە بێت لەسـەر زەوییـەکان زیـاتر لـەوەی ئیستیغلالکردن و

[25] A. Lambton, The Persian Land Reform , 121.

* سەرچاوە: ئەزکیا، خوشنشینان کردستان، خشتەی ١٤٩، ٢٩١ .

چەوساندنەوەی وەرزێرەکان و گەشەکردنی جیاوازیی بێت لەنێو وەرزێرەکاندا. ئەمەش پشتگیریی زیاتری لێدەکرێت لەلایەن ڕێژەی سەدی کاری بەکرێی لەو پلە دامەزراندنی ئەوانەی لەسەرو ١٠ساڵەوەن کە کاری کشتوکاڵی بەشی سەرەکیی کارەکەیانە.

لەساڵی ١٩٦٠دا، دووساڵ پێش ئەوەی ریفۆرمەکە دەستپێبکات، دامەزراندنی بەکرێ تەنیا ١٤٪ی دامەزراندنەکانی پێکدەهێنا لەنێو دانیشتووانە بەرەگەز نێرەکانی تەمەنیان لەسەروو ١٠ ساڵەوە بوو کە کشتوکاڵ بەشی سەرەکی کارەکەیان بوو.[26] هەرچەندە ئاستەکانی ١٤٪ی ساڵی ١٩٦٠و ٢١,٧٪ی ساڵی ١٩٧٣ بەراوردکارییەکی ورد نییە بەوهۆیەی کەلەوانەیە ئەو ناوچەیەی کە رووماڵکرابێت بەجۆرێك جیاوازبێت، ئەگەر ئێمە ئەو رێژانە وەك داواکراوێکی وشك وەربگرین، ئەوا دەبێت بوترێت کە زێدەبوونی ٧ لەسەد بۆ دامەزراندنی بەکرێ لەبورای کشتوکاڵی کوردیدا بچووکتر دەردەکەوێت کاتێك دەخرێتە چێوەی ریفۆرمە گشتییەکەی زەوی ساڵانی ١٩٦٢–١٩٦٦وە، ئەوەی پێش هەموو شت، ئامانجی فراوانکردنی بازاڕی ئابووریی و کشتوکاڵی بازرگانیی بوو لەئێرانی لادێنشیندا، هەروەها بۆئەوەش فراوانکردنی رۆڵی کاری بەکرێ لە ئابووریی کوردستانی لادێنشیندا. ئێمە دواتر بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێینەوە، بەلام ئەوەی تەنیا لێرەدا پێویستە تێبینیبکرێت ئەوەیە کە ئەو وێنەیەی ئەم ژمارانە پێشانیدەدەن سەبارەت بە ستراکتۆری ئابووریی لادێنشینە کە دوای دەساڵێك پاش ریفۆرمی زەوی رۆڵێکی بەرتەسکتری لە هەریەك لە ئیستیغلالکردنی سوننەتیی و مۆدێرنی گروپگەلە فرە هەژارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو لەلایەن گروپگەلە هەرە دەوڵەمەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هەلومەرجێکی بەم چەشنە لەیەکسانیی رێژەیی دەتوانێت تەنیا کاربکات بەقازانجی هاوبەستەگییەکی کۆمەڵایەتیی مەزنتر لە کوردستاندا و یارمەتیی بەهێزکردنی هەستکردن بە کۆمەڵگەی نەتەوەیی لەنێو ئەندامەکانیدا بدات. ئەم ئەنجامگیرییە تەنیا لەسەر بنەمای نموونەی دابەشکردنی زەوی و ئاستی کاری بەکرێ رانەوەستاوە، بەڵکو هەروەها لەلایەن بەڵگەکانی دیکەشەوە پشتگیریی لێدەکرێت، ئەوانەی پەردە لەسەر کۆمەڵگە کەمتر نایەکسانە کوردییەکە بەبەراورد بە کۆمەڵگە گشتییەکەی ئێران هەڵدەماڵێت.

### زەوی و دانیشتووان

بابەتی پەیوەندیی نێوان هەرژاریی و گۆڕینی پیشەیی چەندین خاڵ ئاشکرادەکات کە ئاماژەی راستەوخۆیان لەبارەی گفتوگۆ بەراییەکەی ئێمەوە هەیە سەبارەت بە یەکسانی رێژەیی لە کوردستانی لادێنشیندا، بەتایبەت پرسی بێزەوێتیی. بەشێوەیەکی روون، ئەگەر ئەوە بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی جیاوازییە ئابوورییەکانەوە بێت لەنێو وەرزێرەکاندا، ئەوسا ئەستەم دەبێت جەخت لە مشتومڕ سەبارەت بە بواری بەرتەسکی دابەشبوونە چینایەتییەکان بکرێتەوە. هەرچەندە، وادەردەکەوێت کەمتر روونبێت لە پشتگیریی ئەو دیدەی کە گۆڕینی خاوەداریێتیی موڵکایەتیی زەوی لە هەژارترین وەرزێرەکانەوە بۆ دەوڵەمەندترینیان بریتیبیت لە هۆکاری سەرەکیی بێزەوێتیی. بەپێچەوانەوە، ئەو ژمارانەی لەم بارەیەوە لەبەردەستدان بەتوندی پێشانیدەدەن کە فشاری گەشەکردنی دانیشتووان لەسەر زەوی هۆکاریی بنەڕەتیی بێزەوێتیی بووە لە کوردستانی لادێنشیندا.

---

[26] ئاماری کشتوکاڵیی، پارێزگای کوردستان، ١٩٦٠، بەرگی ٦، ٥٢.

خشتەی ٥,١٣ بەڵگەی ئەمە پێشاندەدات کەلەو کۆڵینەوەیەی سەبارەت بە وەرزێرانی بێزەوی کوردستان کراوە بەپشتبەستن بە قەبارەی موڵکداریێتیی زەوییەکان لەلایەن خێزانە وەرزێرییەکانەوە بۆ ستراکتۆری بنەماڵە وەرزێرییەکان، ئەوەی کە بەشێوەیەکی ناوکیی فراوانبووە.

خشتەی( ٥,١٣ ): رێژەی سەدی دابەشبوونی جۆری خێزانە وەرزێرییەکان بەگوێرەی قەبارەی موڵکداریێتیی*

| جۆری خێزانەکان | ٠-٤ | ٤,١-٨ | ٨,١-١٥هێکتار | ١٥,١ بەرەوسەر | تێکڕای هەموو خاوەنداریێتییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| خێزانی بێمنداڵ | ٤,٣ | ٣,٧ | ٦,٥ | - | ٤,٠ |
| خێزانی منداڵدار | ٥٨,٦ | ٥٥,٦ | ٣٢,٦ | ٣٦,٧ | ٤٨,٠ |
| تێکڕای خێزانە ناوکییەکان | ٦٢,٩ | ٥٩,٣ | ٣٩,١ | ٣٦,٧ | ٥٢,٠ |
| خێزانێک منداڵەکانی ژنومێردایەتیان وکردبێت و منداڵیان نەبووبێت. | ٤,٣ | ٧,٤ | ٤,٣ | ٦,٧ | ٥,٥ |
| خێزانی خاوەن کوڕەزاو کچەزا | ٤,٣ | ١,٩ | ٨,٨ | ١٦,٧ | ٦,٥ |
| جۆرەکانی دیکەی خێزانە بەرفراوەکانەکان | ٢٠,٠ | ٢٢,١ | ٤١,٣ | ٣٦,٧ | ٢٨,٠ |
| تەواوی خێزانە بەرفراوانەکان | ٢٨,٦ | ٣١,٤ | ٥٤,٤ | ٦٠,٠ | ٤٠,٠ |
| خێزانە ناتەواوەکان | ٨,٥ | ٩,٣ | ٦,٥ | ٣,٢ | ٧,٥ |

یەکەمین دوو گروپ بریتین لەخێزانە ناوکییەکان، کە دایباب منداڵیان نییە یان هەیانەو هێشتا عازەبن و ژنومێردایەتییان نەکردووە. سێ گروپەکەی دیکە خێزانە بەرفراوانەکانن ، دایبابێک کە منداڵەکانیان ژنومێردایەتییان کردووە(دوو نەوە)، یاخود ئەوانەی منداڵەکانیان ژنومێردایەتییان کردووەو منداڵیشیان هەیە(سێ نەوە)، لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی خێزانە بەرفراوانەکان. دوا گروپ بریتیە لە خێزانە ناتەواوەکان، بۆ نموونە، کوڕێک کە ژنی نەهێناوەو لەگەڵ دایکیدا پێکەوە دەژین. ئێمە دەتوانین دوو خانەی دیکەش بۆ خشتەکە زیادبکەین بۆئەوەی تێکڕا لەتەواوی گروپگەلە ناوکیی و بەرفراوانەکان پێشانبدەین. ئەگەر سەیری دوو خشتەی کۆمەڵەکە بکرێت دەبینین کە خێزانە ناوکییەکان لەنێو وەرزێرانی کورددا باڵادەستن، کە ٥٢٪ی تەواوی خێزانەکان پێکدەهێنن. لەوەش زیاتر، رێژەی سەدی خێزانە ناوکییەکان دەکەوێتە نێو قەبارەی ئەو زەویدارانەی ٦٢,٩٪ بۆ ٥٩,٣٪ بۆ ٣٩,١٪ بۆ ٣٦,٧٪ لەسەرو چوارگروپەکەی وەرزێرە زەویدارەکانەوە.

* سەرچاوە: ئەزکیا، خوشنشینان کردستان، ٣٨٤.

پەیوەندییەکی روونی نەرێیی لەنێوان قەبارەی موڵکەکان‌و رێژەی سەدی خێزانە ناوکییەکانەوە هەیە. بەپێچەوانەوە، رێـژەی سـەدی خێزانـە بەرفراوانـەکان بـە زێـدەبوونی قـەبارەی موڵکایـەتیی زەوییـەکان، زێـدەدەبێت. هـەروەها پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەڕوونیی ئەرێییە. ئەمانە پێکەوە ئەوە دەردەخەن کە خاوەندارێتیی پارچە زەوییەکی گـەورە توانایـەکی ئـابووریی مەزنـە خێزانێکـی بـەرفراوان دابینـدەکات، ئـەو جـۆرە خێزانـەی لـە کۆمەڵگـە خێڵەکییـە لادێنشینە سوننەتییەکاندا رەواجی هەیە. هـەمان راستیی کـە خێزانـە ناوکییـەکان فرە زیـاتربوون، ئاماژەیەکە بۆ ئـەو راسـتییەی کـە نموونـەی موڵکایـەتیی پـاش ریفـۆرمی زەوی ناتوانێـت سـتراکتۆری خێزانـی سـوننەتیی پتـەوبکات، خەڵکەکەی ناچاردەکرد خێزانی نـاوکیی پێکبێنێت. پشتگیریی‌و لایـەنگریی لـەم دیـدە لـە کۆڵینەوەکـەی دامـەزراوەی هەرەوەزیی کشتوکاڵیی فەرەحەوە دێت کە لەدەوروبەری هـەمان مـاوەدا لەکوردستان ئەنجامیداوە، ئـەوەی لـە خشتـەی ٥,١٤ دراوە.

خشتەی( ٥,١٤ ): قەبارەی خێزانەکان بە پەیوەندیی لەگەڵ داهاتی خێزانەکان*

| قەبارەی پشکە هەرەوەزییەکان | ناوەندی تێکڕای قەبارەی خێزانەکان |
|---|---|
| کەمتر لە ١٥ پشك | ٣,٧ |
| ١٥–٢٩ پشك | ٥,٩ |
| ٣٠–٣٩ پشك | ٦,٤ |
| ٤٠ پشك بەرەو سەر | ٦,٤ |
| بێزەوییەکان | ٤,٦ |

دووبارە دەتوانرێت ببینرێتـەوە کـە تێکڕای قەبارەی خێـزان بـەگوێرەی ئـەو بـڕی پشکانە زیـاد دەکـات کەلەهـەروەزدا هەیـەتی، هـەروەها تێکـڕای قـەبارەی خێزانـەکان بـۆ بێزەوییـەکان بـچووکترە لـە هـەموو وەرزێـرە زەویـدارەکان جگـە لـە هـەژارترین گـروپ کـە کـەمتر لـە ١٥ پـشکیان هەیـە. ئـەوەش روونیدەکاتـەوە کـە رێـژەی بـەرزی پیـت‌و فـەڕی نموونـەیی لەکۆمەڵگـە لادێنـشینەکانی چەشـنی کوردسـتاندا، فـشارێکی زیـدەی بۆسـەر سەرچـاوە زەوییـەکانی خێـزان هێنـاوە‌و پێکهاتـەی خێزانـە بەرفراوانـەکانی ناچـارکردووە خۆیـان بـۆ خێزانـە ناوکییـەکان جیابکەنـەوە. زۆرینـەی زۆری ئـەو خێزانانە دەبێت بژێوی خۆیان بەدەستبێنن بێئەوەی رێگەی چوونەنێو زەوییەکانی خۆیان هەبێت.

بۆئەوەی ئەمە روونتر ببینرێت پێویستە مشتومڕی ئـەم باسـە بخرێتـە چێوەی باسـی پێشوو سـەبارەت بـە بزوتنی پیشەیی. هەروەك دووەم سەرنج لە خشتەی ٥,٧ پێشانیدەدات، گەورەترین گروپ کە بزوتنی پیشەیی ئـەزموونکردووە بریتین لە زەحمەتکێشە کشتوکاڵییە بێزەوییەکان کە باوانیان وەرزێری زەویدار بووە. ئەمـەش بـەروونیی بەشێکی فرە گرنگـی گریمانەکـەمان فەراهەمـدەکات کـە سـتراکتۆری کوردسـتانی لادێنـشین پـاش ریفـۆرمی زەوی بەچەشـنێکە کـە

* سەرچاوە: بابایی، شراکت سهامی زراعی فرح، ١٩٧١، ١٠.

ململانێی چینایەتیی پێگەیەکی لاوەکیی هەیە چونکە ڕەوشەکان زەمینەیان بۆ یەکسانییەکی ڕێژەیی لە کوردستانی لادێنشیندا خۆشکردووە، هەروەها پتەوکردنی هاوبەستەگیی تێیدا فرە بەهێزە.

بەلەبەرچاوگرتنی بابەتە تایبەتییەکەی پرسی بێزەوێتیی، هەڵسەنگاندنی ئەم باسە پێشانیدەدات کە بەپشتبەستن بەو سەرچاوانەی بۆ ئەم کۆڵینەوەیە لەبەردەستدان، لەدەستچوونی زەوی بەهۆی پرۆسەی جیاوازیی وەرزێرەکان ڕۆڵێکی بێبایەخ دەبینێت، بۆئەمەش ناتوانین لەوە باشتر بکەین کە ئەنجامگیرییەك وەربگرین لەباشترین کۆڵینەوەی بەردەست سەبارەت بە کوردستانی لادێنشین کە دەڵێت:" دیاردەی چینی زەحمەتکێشانی بێزەوی لە کۆمەڵگەی لادێنشین لە کوردستان تارادەیەکی زۆر زادەی گەشەکردنی دانیشتووانە".[27] لەنێو ئەم چەشنە کۆمەڵگە لادێنشینانەدا دەگونجێت ناڕەزایەتیی سیاسیی بێدەنگکرابێت. هاوجووت لەگەڵ نموونەی خاوەندارێتیی زەوی لەوکاتەوە ریفۆرمی زەوی بووەهۆی رابوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەخێزانە بچووك‌و مام ناوەنجییەکان، ئەم تایبەتمەندییەی کوردستانی لادێنشین ئەوە شرۆڤەدەکات بۆچی کاری بەکرێ بەشێکی تارادەیەك بچووکی دانیشتووانە لادێییەکەی پێکهێناوە ( نزیکەی ٢٠٪ بەگوێرەی کۆڵینەوەکەی ئەزکیا لەبەرانبەر دوو ئەوەندەی ئەم ڕێژەیە لەتەواوی وڵاتەکەدا).[28]

وادەردەکەوێت کە لەدەستدانی موڵکایەتیی وەرزێرە بچووکەکان تاڕادەیەك بێبایەخ بێت، هەروها لەنەبوون‌و نائامادەگیی چینێکی گەورە موڵکداری بایەخداردا، بواری کاری بەکرێ بەرتەسك دەبێت، بەتایبەتیی لە بەشە شاخاوییەکەی باکوور لە کوردستان کە خاوەندارێتیی وردە موڵکدارەکان باڵادەستە. هێزی کاری زێدە لەم ڕەوشەدا بەهۆی ئابووریی شارەوە رادەکێشرێت‌و وادەکات کۆمەڵگە لادێنشینەکە جێبهێڵن، چ بەشێوەیەکی کاتیی یاخود هەمیشەیی.

**ململانێی بەرژەوەندییەکان- خێزانە وەرزێرییە بێزەوی‌و زەویدارەکان**

تائێستا، ئێمە دابەشبوونی نێو توێژی خێزانە بێزەوییەکان یان خۆشنشینانی گوندە کوردییەکانمان پیشتگوێخستووە. لەکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە ریفۆرمی زەوی ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٦ لەئێران کە لەلایەن هۆگلوندەوە کراوە، راڤەکارییەك لەبارەی ئەم چینە لەخێزانی گوندەکان دوو سەرچاوەی گرنگی ململانێ لەنێو گوندە ئێرانییەکاندا پێشاندەدات کە لەئاکامی جێبەجێکردنی ریفۆرمی زەویدا لەماوەی ١٩٦٢-١٩٦٦وە هاتبووەئارا. یەکەمیان ململانێی نێوان سووخۆرە لادێییەکان‌و هەروەها هەژارەکان، وردە موڵکدارەکان، جووتیارە خۆبژێنەکان بوو، دووەمیشیان لەنێوان ئەو گروپەی دواییان‌و زەحمەتکێشانی کشتوکاڵیی بێزەویدا بوو. تەنیا هۆکارێك گروپە جۆراوجۆرەکانی خێزانە خۆشنشینەکانیان لەنێو توێژی خۆشنشیناندا پێکەوە گرێدەدا بریتیبوو لە نەبوونی خاوەندارێتی زەوی لەنێویاندا، هەروەها ئەم توێژە بەگشتیی فرە ناهەماهەنگە.

وەزعباشترین گروپی گوند کە قەرزبەخشە سووخۆرەکان‌و بارزگانەکانن کەوەك باوە لەگەڵ دوکانداری گوند دەناسرێن، ٦٪ی خێزانە خۆشنشینانەکان پێکدەهێنن لە گوندەکانی کوردستاندا پێش ریفۆرمی زەوی‌و هێشتا

---

[27] ئەزکیا، خوشنشینان کردستان،ل١١٩.

[28] هەمان سەرچاوە، ل ١١.

بەشێکبوون لە دەوڵەمەندترین گروپەکان. ئەوان ئەو پێگە بەرچاوەی ئەوان بەهۆی ئەو راستییەوە بوو کە موڵکدارە شارنشینەکان بەرژەوەندییەکیان لە بازرگانیی و سوودان بە لادێییەکان نەبوو.[٢٩]

پاش ریفۆرمی زەوی و بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی پشتبەستنی چینێکی گەورەی وەرزێرە زەویدارەکان بە بەشێکی بچووکی زەوی کەبتوانێت بیژێنێت، ئەم گروپە بچووکەی خۆشنشینان سامانێکی بەرچاویان کۆکردەوە. ئەوەش بەهۆی پێدانی قەرزەوە بەدەستهات کە بە سوودێکی زۆر دەدرایە خێزانە هەژارەکان و لەرێگەی سەلەمکارییەوە، واتە کرینی بەرهەمی وەرزێرەکان بەسەوزیی بەنرخێکی داشکاو. هەرچەندە، گەشەکردنی ئەم گروپە کە سەرچاوەیەکی پێدانی قەرزی بۆ وەرزێرە هەژارەکانی گوند دابینکرد، بەهۆی پەرەسەندنی دامەزراوەی پێدانی قەرزی حکومییەوە لەپاش ریفۆمی زەوی ئاستەنگی لەبەردەم پەیدابوو.

ئەم جیاوازییەی نێوان گروپی دەلاڵە سووخۆرەکان و ئەوانەی دیکە سەرچاوەیەکی سەرەکیی ناڕەزایەتیی پێکدەهێنن پاش ریفۆرمی زەوی. سەبارەت بە هۆی دووەم، پێویستە سەیری مانەوەی خێزانەکانی خۆشنشینان بکەین. کرێکارە ناکشتوکاڵییەکانی وەك دارتاش، سەرتاش.. هتد، ١٠٪ی خۆشنشینان پێکدەهێنن لەکاتێکدا کرێکارانی کشتوکاڵیی لانیکەم ٨٠٪ی خێزانە خۆشنشینەکانی لادێکانی ئێران پێکدەهێنن.[٣٠] ئەمەش ئەو هۆکارەیە وادەکات ئێمە خێزانە بێزەوییەکان لەگەڵ کرێکارە کشتوکاڵییەکاندا بناسێنین. دەرهاویشتنی ئەم گروپە لە بەندەکانی یاسای ریفۆرمی زەوی ساڵانی ١٩٦٢–١٩٦٦ مانای ئەوەبوو کە پێگەی ئەوان لەهەمبەر وەرزێرە وردە موڵکدارەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیبوو،

بەشێوەیەکی دیارییکراوتر، ئەم داکشانە دەبێت بەئاماژەکردن بە پێگەی وەرزێرە وردە موڵکدارەکان لێیتێبگەین. گواستنەوەی زەوی بۆ ئەوەی دواییان زیاتر لە ٢٥٪ی ئەو زەوییانە مایەوە کە کرێکارە بێزەوییەکان بەشێوەیەکی وەرزیی کاریان تێدا دەکرد. وێڕای ئەوەی، بچووکی قەبارەی موڵکەکانیان داهاتێکی تەواوی رەنێو نەدەهێنا بۆ ژیانی وردە وەرزێرەکان، لەبەرئەوە ئەوان هەمیشە داهاتەکەیان بەوە تەواودەکرد کە دەبوونە کرێکاری بەکرێ لەلای گەورە موڵکدارەکان و بەوەش دەبوونە رکابەری راستەوخۆی کرێکارە بێزەوییەکان لەسەر بڕێکی بەرتەسك لە کارو دامەزران. ئەوەش ئاستی کرێی کاری کشتوکاڵی دەهێنایەخوار. ئاکامەکەش ئەوە بوو کە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو گروپە لەسەر بنەمای رکابەری ئابووریی راوەستابوو کە تایبەتمەندییەکەی توندیی و دژوارییی و تەنانەت دوژمنایەتییش بوو.[٣١]

ئەوەندەی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی نەتەوایەتیی کوردییەوە هەبێت، یەکەم دانە لەو دوو سەرچاوەی ململانێیە بایەخێکی زیاترو ئەگەرێکی فرە تێکشکێنەرتری بۆ توێژاڵکی هاوبەستەگییە (رێژەییەکەی) کۆمەڵگە کەمتر نایەکسانەکە هەیە وەك لەدووەم. یەکەمین ململانێی گرنگ ململانێی نێوان دەوڵەمەندو هەژارەکانە، دووەمیش لەنێوان گروپگەلە جیاوازەکانی خێزانە هەژارە لادێییەکاندایە. ئایا ئەم سەرچاوانەی ململانێ کە تایبەتمەندیی گوندەکانی ئێرانە لەکۆمەڵگەی لادێنشینی کوردستاندا بایەخدارە، یاخود لانیکەم ئەوەندە بەهێزە ئەو فاکتەرانە سەرەوژێرکات کە لەبارن بۆ هەماهەنگییەکی گشتیی لە گوندە کوردییەکانی ئێراندا؟

---

[29] Eric Hooglund, Land and Revolution in Iran 1960–80 (Austin, TX, 1982), 17–21
[30] Ibid., 94–8.
[31] Ibid., 97.

با سەرەتا بابەتی دەڵاڵە سووخۆرەکان وەربگرین. بەگوێرەی کۆڵینەوەیەك سەبارەت بە وەرزێرە بێزەوییەکان لەکوردستان کەلەلایەن ئەزکیاوە ئەنجامدراوە، گروپی بازرگانە قەرزدەرەکان ١٣,٨٪ی خێزانە بێزەوییەکان پێکدەهێنن، هەروەها ئەگەر ئێمە ئەوەکەی دواییان بکەینە دووگروپ لەرووی داهاتەوە، ئەم رێژەی سەدییە دەکاتە ٧,٧٪ لەنێو خێزانە هەژارە بێزەوییەکاندا، بەلام بۆ ١٩٪ زیاددەبێت لەنێو خێزانە بێزەوییە دەوڵەمەندەکاندا. ژمارە بەراوردکارییەکان بۆ کرێکاری کشتوکاڵیی لەنێو تەواوی خێزانە بێزەوییەکان بریتیە لە ٧٠,١١٪ لەتەواوی ٧٩,٦٪ بۆ خێزانە هەژارەکانو هەروەها ٦٢,١٪ بۆ دەوڵەمەندەکان.[٣٢]

سوودبەخشتر ئەوەیە گەشەکردنی ئەم گروپە لەنێو گوندەکانی کوردستاندا دیارییبکرێت. ئێمە زانیارییمان سەبارەت بە گەشەکردنی سامانی ئەم گروپە لانییە، هەروەها دەبێت زیادبوونی ژمارەیان وەك بەڵگەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ گۆڕانی گرنگ لەنێو ژیانی گوندەکانی کوردستاندا بەکاربێنین. هەروەها زانیارییمان لەمبارەیەشەوە لانییە نە پێش ریفۆرمو نە دوای ریفۆرم. هەرچەندە، رێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە بریتیە لە بەراوردی گۆڕانە (inter-generational/ نێونەوەییەکان) لە پێکهاتەی پیشەیی ئەم گروپەدا. تائەو ئاستەی کە گەشەکردنی ئەم گروپە دەگونجێت هێواش بێت، بەراوردکارییەکی نێونەوەیی دەتوانێت گۆڕانکارییەی زیاتر بگرێتەوە وەك ئەوە مرۆ پشت بە گرتەیەکی وێنەیی پێش ریفۆرم یان دوای ریفۆرم ببەستێت. خشتەی ٥,١٥ مەبەستێتی تیشکێك بخاتە سەر ئەم پرسە.

خشتەی (٥,١٥): رێژەی سەدی دابەشبوونی سەرۆك خێزانە بێزەویەکانو باوانیان لەرێگەی پلەبەندیی پیشەییەوە بۆ دوو گروپی داهات*

| پلە پیشەییەکان | باوکی سەرۆك خێزانەکان | | | خێزانەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمتر لە ٤٠,٠٠٠ ریال | زیاتر لە لە ٤٠,٠٠٠ ریال | تێکڕای هەردوو گروپەکە | کەمتر لە ٤٠,٠٠٠ ریال | زیاتر کەمتر لە ٤٠,٠٠٠ ریال | تێکڕای هەردوو گروپەکە |
| کرێکاری کشنوکاڵی | ٤٣,٣ | ٢٦,١ | ٣٤,٨ | ٦٥,٢ | ٣٩,١ | ٥٢,٣ |
| دەلاڵە سووخۆرەکان | ٨,٧ | ١٣,٠ | ١٠,٨ | ٢١,٧ | ٢٦ | ٢٣,٨ |
| کرێکار/خزمەتگوزار | ٤,٤ | ٣٠,٤ | ١٧,٤ | ٨,٧ | - | ٤,٤ |
| پیشەگەر | ١٣,٠ | ١٧,٤ | ١٥,٢ | - | ٢١,٧ | ١٠,٨ |
| ئەوانی دیکە | ٣٠,٥ | ١٣,١ | ٢١,٨ | ٤,٤ | ١٣,٢ | ٨,٨ |

[32] ئەزکیا، خوشنشینان کردستان،ل ١٠٢.

* سەرچاوە: ئەزکیا، خوشنشینان کردستان، ١٢٢.

خشتەی ٥,١٥ تێکڕای ئەو سێ گروپە کۆمەڵایەتییە دەگرێتەخۆ لەنێو خێزانە بێزەوییەکان کە لەلایەن هۆگلوندەوە ئاماژەیان بۆکراوە. گروپی دەڵاڵەکان زیاتر لەدوو ئەوەندەی قەبارەی خۆی هەیە لەچێوەی ئەم دوو نەوەیەدا. ئەم زێدەبوونە تەنانەت سێ ئەوەندەش بوو ئەگەر خۆمان قەتیسبکەین لە دەڵاڵە هەژارەکاندا( کەمتر لە ٤٠,٠٠٠ ریال). کرێکارە کشتوکاڵییەکان گەورەترین ژمارەی خێزانەکانیان پێکهێناوە، بەڵام گەشەکردنیان، هەرچەندە زۆریشە، بەڵام کەمتر لە گروپی یەکەم بەرچاوە. بەپێچەوانەوە، گروپە کرێکارییە ناکشتوکاڵییەکە هۆگلۆند ( پیشەگەرو خزمەتگوزاری شەخسی پێکەوە)داکشانێکی توندیان ئەزموونکردووە، ژمارەی ئەم چەشنە خێزانانە بۆ نیوە دابەزیوە، ئەوەش لەبنەڕەتدا بەهۆی ئەوەی پێدەچێت کەسانێك کە خزمەتکاریی شەخسییان دابیندەکرد وەك پلەبەندییەکی پیشەیی دیارنەمابن،( بەلەبەرچاوگرتنی ئەو قەبارە تاردادەیەك بچووکەی لەو رووماڵەدایە کە ئەم خشتەیەی لێوە ئامادەکراوە). بەگشتیی، دەشێت ئەمە پشتگیریی ئەو دیدە بکات کە گەشەکردنی ئەم گروپە لەدەڵاڵەکان دەگونجێت فشارێکی بەهێزی هەبوبێت لەسەر هاوبەستەگیی کۆمەڵی لادێشنشین لە کوردستان، هەرچەندە، ئەنجامگرییەکی بەم چەشنە لەگەڵ ئەنجامەکانی دیکەماندا کۆك و هاوجووت نییە، هەروەها پێویستە ئەنجامی ئەم باسە لەچێوەی ئەو گفتوگۆیەماندا دابنرێت کەسەبارەت بە بازرگانی ماوەدرێژ کردوومانە.

تەواوی بەڵگەکان پێشانیدەدەن کە لەکوردستاندا بازرگانیی و دەڵاڵیی لەبنەڕەتدا تەنانەت پێش ریفۆرمی زەویش کاری دوکاندارەکان بوون. ئەمە هەروەها لەلایەن خشتەی ٥,١و ٥,٢ وە پشتگیریی لێوە دەکرێت، ئەوەی پێشانیدەدات کە کڕیارانی سەرەکی بەرهەمی وەرزێران بریتین لە دوکاندارە شارنشینەکان. خشتەی ٥,١ کە رووماڵی هەرێمی سنە دەکات رۆڵێکی گەورەتری دوکاندارە لادێنشینەکان دەخاتەڕوو، هەرچەندە، تەنانەت لێرەشدا ئەوان داکشانێکی توندیان ئەزموونکرد پێش ریفۆرمی زەوی بەهۆی زێدەبوونی پشکی بەرچاوی حکومەت لە کڕینی دانەوێڵەدا.

لەخشتەی ٥,٢دا کەتەواوی کوردستان دەگرێتەوە، پلەبەندیی دەڵاڵە لادێنشینەکان بریتییە لە سەرچاوەیەکی لاوەکیی کڕیاران لەکڕینی بەروبومی وەرزێراندا. تەنیا ١٤٪ی بەروبومی ئەو وەرزێرە هەژارانەی کەمتر لە ٤ هێکتاریان هەیە لەلایەن دەڵاڵە لادێنشینەکانەوە کڕراوە. پشکی ئەم گروپە لەکڕینی بەروبوم لە سێ گروپەکەی دیکە لە وەرزێرە وردە موڵکدارەکان فرە بێبایەخە، لەبەرئەوە ئەم گروپە کاریگەرییەکی بەهێزی لە ژیانی وەرزێراندا نییە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە کۆنترۆڵی ئەم گروپە بۆ خێزانەکانی کرێکارە بێزەوییەکان لەراستییدا مەزن نەبووە، بەبەراورد بەو وەرزێرە وردە موڵکدارانەی کە سەرچاوەی قەرزپێدان و بازرگانییان دوکاندارە شارنشینەکان بوون، کرێکارە بێزەوییەکان ناچاربوون لەپێناو دەستکەوتنی کەلوپەلە پێویستەکانی ژیان و وەرگرتنی قەرز رووبکەنە دەڵاڵە لادێنشینەکان. هەرچەندە، ململانێیەکی شاراوەی بەم چەشنەی کە دەشێت لەنێوان دەڵاڵە لادێنشینەکان و کرێکارە بێزەوییەکان هەبێت رۆڵێکی لاوەکیی لە چێوەی کۆمەڵایەتیی کوردستانی لادێنشیندا دەبینی لەبەر ئەو قەبارە رێژەییەی ئەم چینە لە کرێکارە بێزەوییەکان لەچاو باقی دیکەی ئێراندا,

ئێستا با بچینە سەر بابەتی دووەم، رادەی ململانێ لەنێوان وەرزێرانی خۆبژێن و کرێکارانی بێزەوی، ئەوەش پشتدەبەستێت بەو ئاستەی کە گروپی پێشوو لەبازاڕی کاردا بەشداردەبێت بۆ تەواوکردنی داهاتەکەی. خشتەی ٥,١٦ رێژەی سەدی دابەشبوونی سەرۆکی ئەو خێزانە وەرزێرە وردە موڵکدارانەمان دەداتێ بەگوێرەی پلەبەندی پیشەیی.

پلەبەندی "ئەوانی دیکە" لەم خشتەیەدا ئاماژە بۆ پیشەگەلێکی جیاوازی تێکەڵ دەکات وەك ئاژەڵداریی– جووتیاریی، یان جووتیاریی–دوکانداریی و بەوشێوەیە، بەڵام هەر گروپێکی پیشەیی دەردەهاوێت کە کاری بەکرێ

بەشێك بێت لە پێكهاتەكەی. ئەمانە دەبێت هەموویان لە پلەیەكی جیادا كۆبكرێنەوە لەبەرئەوەی لێرەدا بایەخێكیان بۆ بابەتەكە نیە كەبریتیە لە ئاستی كاری بەكرێ وەك پیشەیەكی تەواوكاریی.

خشتەی (٥,١٦): رێژەی سەدی دابەشبوونی سەرۆكی خێزانە وەرزێرە وردە موڵكدارەكان بەگوێرەی پیشە*

| پیشە | ٠-٤ | ٤,١-٨ | ٨,١-١٥هێكتار | ١٥,١بەرەوسەر | تێكڕا |
|---|---|---|---|---|---|
| جووتیار | ١٠,٠ | ١٦,٧ | ٢١,٨ | ١٣,٣ | ١٥,٠ |
| جووتیارو ئاژەڵدار | ١٧,١ | ٣٣,٣ | ٣٤,٨ | ٥٦,٨ | ٣١,٥ |
| جووتیارو كرێكار | ١٧,١ | ٠١,٩ | ٠٢,٢ | - | ٧,٠ |
| ئەوانی دیكە | ٥٥,٨ | ٤٨,١ | ٤١,٢ | ٢٩,٩ | ٤٦,٥ |

هەروەك دەبینین تەنیا ٧٪ی خێزانە وەرزێرەكان وەك سەرچاوەیەكی تەواوكاری داهات پشت بەكاری بەكرێ دەبەستن. بەپێچەوانەوە، سەرچاوەیەكی فرە گەورەتری تەواوكاری داهات لە ئاژەڵدارییەوە دێت.بۆئەوانەی ٤ هێكتار یان كەمتر زەویان هەیە، كاری بەكرێ بەشێوەیەكی رێژەیی سەرچاوەیەكی داهاتی ساكارە بۆیان، كە هاوشێوەیە لەگەڵ ئاژەڵداریی و ١٧,١لەسەدە. پێدەچێت لەبەرئەوەبێت كە، وێڕای ئەو رێژەسەدییە كەمە، ئەو داهاتەی لەرێگەی كاری بەكرێ وە فەراهەمدەبێت دەتوانێت زۆر گەورە بێت، بەڵام بەو شێوەیە نییە. بەتێكڕا، تەنیا ١٦,٥٪ی داهاتی وەرزێرە كوردە وردە موڵكدارەكان لە رووماڵەكەی خۆشنشینان لە كاری بەكرێ وە دێت، رێژەی سەدی نیوەكاریی لە ١٢,٥ زیاتر نییە.[٣٣]

ئەم نموونەیە، بەتایبەت گرنگیی ئاژەڵداریی وەك سەرچاوەیەكی فرە گرنگی تەواوكاری داهاتی وەرزێرەكانو هەروەها رۆڵی بەرتەسكی كاری بەكرێ تەنانەت بۆ وەرزێرە نیوەكارەكانیش، رێژەیەكی مەزن لە درككردن پێكدەهێنێت. زۆر لە وردە موڵكدارەكان لە كوردستان لەناوچە شاخاوییەكاندا گردبوونەتەوە كە دەكەوێتە باكوورەوە، بەهۆیەوە لەوێ موڵكدارێتیە ناوەنجییەكانو گەورە موڵكدارێتییەكان ئامادەگییان نییە، بواری كاركردن لە زەوی خەڵكانی دی فرە سنووردارە. لەژینگەیەكی بەم چەشنەدا ئاژەڵداریی سروشتیترین سەرچاوەیە بۆ كاری تەواوكاریی بۆ وەرزێرە نیوەكارەكان. لەوێ ژمارەیەكی گەورە وەرزێریی خاوەن زەوی هەیە، بۆ نموونە، لە هەرێمی سنە، یاخود وەرزێری خاوەن موڵكی مام ناوەنجیی هەروەك لە مەریوان هەیە، لەوێ وەرزێرە وردە موڵكدار كەمتر باوە، هەربۆیە بوارێك نییە بۆ ململانێی بەرژەوەندیی نێوان كرێكاری بەكرێو وەرزێرە نیوەكارەكان. بۆ پوختەكردنی ئەنجامی ئەم باسە دەتوانین بڵێین یەكەمین سەرچاوەی ململانێ كە هۆگلوند سەرنجی بۆ راكێشاوە، گەشەكردنی كۆنترۆڵی دەڵاڵە قەرزبەخشە لادێنشینەكانە، كە درێژ نابنەوە بۆلای وەرزێرە كوردەكان. ئەم گروپە لە كرێكارانی بێزەوی بەشێكی بچووكی دانیشتووانی كوردستانن، بەوەش هەڕەشە لەسەر هەماهەنگیی كۆمەڵگەلی كوردیی لادێنشین لەم

---

* سەرچاوە: ئەزكیا، خوشنشینان كردستان، ٢٧٠.

[33] هەمان سەرچاوە، خشتەی ٢٠٥، ل ١٠٢.

سەرچاوەیەی نایەکسانییەوە ،هەرچەندە هەشە، بەڵام دەتوانرێت وەك مەسەلەیەکی لاوەکیی ئەژماربکرێت. دووەم سەرچاوەی ململانێ لەنێوان دوو گروپە هەژارەکەی کە کەوتوونەتە خوارەوەی پلەبەندیی کۆمەڵایەتیی لەنێو وەرزێرانی کوردو هەروەها دانیشتووانە بێزەوییەکە، بەتایبەت جووتیارانی نیوەکارو کرێکارانی کشتوکاڵیی، نزیکەی لەکوردستاندا نییە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی جیۆگرافیی موڵکە بچووك و گەورەکان، لەکاتێکدا کاری کشتوکاڵیی نیوەکاریی بالادەستە، هەروەها بوارێکی کەمیش بۆ کاری بەکرێ هەیە، لەبەرئەوەی بواریش بۆئەوەی دوای هەیە، وادەکات وەرزێرە وردە موڵکدارەکانیش فرە زۆر نەبن. لەبەرئەوە هەردوو لاکەی ململانێیەکە کە بەگوێرەی هۆگلوند لەگوندە ئێرانییەکاندا پاش ریفۆرمی زەوی زۆربوون، هێندە بەتەواویی پێکەوە کۆنەبوونەوە بۆئەوەی هەرەشە بۆ هاوبەستەگیی ژیانی لادێنشینی کوردیی پێکبهێنن، لەبەرئەوە ئێمە دەتوانین نایەکسانیی لەم سەرچاوەیەوە بێبایەخ دابنێین.

## نایەکسانیی نێوان لادێنشین و شارنشین لە کوردستاندا

پێودانگی دووەم کە ئێمە لەم بارەیەوە بەکاریدێنین پێکدێت لە ژمارەیەك بەڵگەی نایەکسانیی لەکوردستاندا. هەرچەندە، بۆئەوەی خاڵێکی بەراوردکارییمان هەبێت لەرێگەی ئاماژەدانەوە بەوەی دەتوانین هەڵیسەنگێنین کە بەشێوەیەکی رێژەیی چەندە کوردستان کەم یان زۆر نایەکسانە، ئەوەیە کە ئێمە باس لە ژمارەی هاوشێوە بۆ سەراسەری ئێران دەکەین. لەتەواوی ئەو بەراوردکارییەماندا ئامانجمان ئەوەیە کە بیدۆزینەوە داخۆ ئێمە دەتوانین تاکو سنوورێکی ماقووڵ ئەو فاکتەرانە بە رێحەزێکی لەبار بۆ هاوبەستەگیی وەسفبکەین تاکو ئەوەی هۆکاری دابەشبوون بن لەکۆمەڵگەی کوردیی ئێرانییدا. ئەگەر وابێت، دەبێت بەئاشکرا راڤەکردنێکی گرنگ بگرێتەخۆ سەبارەت بە گەشەکردنی نەتەوایەتیی کوردیی و هەروەها بەهێزکردنی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی پارتە نەتەوەییە کوردییەکان.

ئێمە بەبەراوردکاریی پشکی داهات بۆ خێزانە ئاستی نزم ٤٠٪ ، ناوەڕاست ٤٠٪ و هەروەها ئاستە بەرزەکان ٢٠٪ دەستپێدەکەین چ لەکوردستان و چ لەسەرتاسەرای ئێران. کۆڵینەوەکە لەلایەن رێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێرانەوە لەساڵی ١٩٨٧دا ئەنجامدراوە لەسەر ئەو هەلومەرجە هەنوکەییەی لە پارێزگای کوردستاندا هەبووە، کە لەساڵانی ١٨٨٢–١٩٨٣دا دانراوە: ١٧,٨٪ دانراوە بەبەراورد بۆ ١٣,٣٪، ٤٠,٨٪ بەبەراورد بۆ ٣٧,٣٪، هەروەها ٤١,٤٪ بەبەراورد بۆ ٤٩,٤٪ بۆ داهاتی ئاستی نزم، ئاستی ناوەڕاست و هەروەها ئاستی بەرز لە کوردستان و ئێران یەکبەدوای یەکدا.[٣٤]

بەپێکەوە بەشێوەیەکی وردتر سەیری ئەمە بکەین، خشتەی ٥,١٧ دابەشبوونی ژمارەی ئەو خێزانانە پێشاندەدات بەگوێرەی دەیەکی تێکڕای خەرجیی ناوچە لادێنشینەکان، بەبەراوردکردنی پارێزگای کوردستان بەسەرتاسەری ئێران.

خشتەی ٥,١٧ جەخت لە یەکسانییەکی مەزن دەکات لە کۆمەڵگەی لادێنشینی کوردستان بەبەراورد ئێرانیی لادێنشین. بەشێوەیەکی گشتیی، لەنێو هەر چینێکی دەیەکی خەرجییدا، ژمارەی خێزانەکان وەك رێژەی سەدی تێکڕا بۆ کوردستان بچووکترە بۆ ئاست نزمەکان سێ ئاست بۆ خێزانە هەژارەکان بەبەراورد بە ئێران. وەك ئەوەی بڵێی کە

---

[34] مجموعه بررسی و شناخت وزع موجود، خشتەی ١٥١و ٤٥١.

ژمارەیەکی کەم خێزانی هەژار هەیەو ژمارەیەکی زۆریش خێزانی دەوڵەمەند وەك ڕێژەی سەدی تەواوی هەموو خێزانە لادێنشینەکان لەکوردستان لەچاو کەیسەکە لەئێراندا.

خشتەی(٥,١٧): ڕێژەی سەدی دابەشبوونی سامپڵی خێزانە لادێنشینەکان بەگوێرەی خەرجی ساڵانە بە ریاڵ لە کوردستان و لەئێراندا.*

| | کوردستان | ئێران |
|---|---|---|
| کەمتر لە ١٢,٠٠٠ | ٢,٣٥ | ٦,٤٥ |
| ١٢٠,٠٠١-٢٤٠,٠٠٠ | ٤,٧١ | ١١,١٨ |
| ٢٤٠,٠٠١-٣٦٠,٠٠٠ | ١١,١٨ | ١٣,٧٩ |
| ٣٦٠,٠٠١-٤٨٠,٠٠٠ | ١٤,١٢ | ١٣,١٢ |
| ٤٨٠,٠٠١-٦٠٠,٠٠٠ | ١٢,٣٥ | ١١,٧٠ |
| ٦٠٠,٠٠١-٩٠٠,٠٠٠ | ٢٤,١٢ | ٢٠,٠٣ |
| ٩٠٠,٠٠١-١,٢٠,٠٠٠ | ١٢,٦٥ | ١٠,٣٦ |
| ١,٢٠٠,٠٠١-١,٨٠٠,٠٠٠ | ١٢,٣٥ | ٨,٢٨ |
| ١,٨٠٠,٠٠١-.٢,٤٠٠,٠٠٠ | ٣,٢٤ | ٢,٥٢ |
| ٢,٤٠٠,٠٠١ بەرەو سەر | ٢,٩٤ | ١,٩٣ |

لەکاتێکدا کە قەبارەی دانیشتووانی شارنشین لەکوردستان لەناوەڕاستی ساڵانی ١٩٨٠کاندا زۆر لەخواروی نیوەی تەواوی دانیشتووانی پارێزگاکەوە نەبوو، گونجاوە کە هێندێك بەڵگەمان هەبێت سەبارەت بەوەی کە داخۆ ئەم گەشەکردنەی دانیشتووانی شارنشین ئەو یەکسانییە ڕێژییەی کەمکردەوە کە تایبەتمەندیی کوردستانە بەبەراورد بەئێران. خشتەی ٥,١٨ ژمارەی ئەو خێزانە شارنشینانەمان دەداتێ هاوشێوەی خشتەی ٥,١٧ کە بۆ خێزانە لادێنشینەکان دانراوە. لێرەدا دووبارە وادەبینین کە ژمارەی خێزانە هەژارەکان (وەك ڕێژەی سەدی تێکڕا) لە ئاستی خوارەوەی سێ چینەکە کەمترە لەکوردستانی شارنشین لەچاو ئێرانی شارنشیندا، لەکاتێکدا، خێزانێکی زۆری خەرجی مام ناوەندیی هەیە – ناوەنجی چوارەمو پێنجەمو شەشەم – لە کوردستانی شارنشین و کەمترە لەئێرانی شارنشین. لەسەرەوەی دابەشبوونەکە–دوا چوار پلەکەی کوردستانی شارنشین بەبەراورد بە ئێرانی شارنشین– بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەمترە لەکوردستان وەك لەئێرانی شارنشین، بەوەش خێزانگەلێکی کەمتر هەژار هەیە، ناوەنجییەکی زۆرترو دەوڵەمەندگەلێکی کەمتر لە کوردستانی شارنشین لەچاو ئێرانی شارنشیندا. لەسەر ئەم بنەمایە، پێدەچێت کە ئەگەر بەراوردکاریی نایەکسانیی لە نێوان کوردستانی شارنشین و ئێرانی شارنشیندا بکەین، لەوەی دواییاندا کەمتر دەبێت.

* سەرچاوە: مجموعە بررسی و شناخت ، ٤٥٩.

**خشتەی(٥,١٨): ڕێژەی سەدی دابەشبوونی سامپڵی خێزانە شارنشینەکان بەگوێرەی خەرجی ساڵانە بە ریاڵ لە کوردستانو لەئێراندا.***

| | کوردستان | ئێران |
|---|---|---|
| کەمتر لە ١٢,٠٠١ | ٢,٠٠ | ٣,٠٧ |
| ١٢٠,٠٠١-٢٤٠,٠٠٠ | ٤,٤٠ | ٤,٩٩ |
| ٢٤٠,٠٠١-٣٦٠,٠٠٠ | ٤,٤٠ | ٦,٨٤ |
| ٣٦٠,٠٠١-٤٨٠,٠٠٠ | ٨,٤٠ | ٧,٧٤ |
| ٤٨٠,٠٠١-٦٠٠,٠٠٠ | ١٤,٠٠ | ٨,٠٩ |
| ٦٠٠,٠٠١-٩٠٠,٠٠٠ | ٢٣,٢٠ | ١٩,٠٣ |
| ٩٠٠,٠٠١-١,٢٠,٠٠٠ | ١٣,٢٠ | ١٢,٥١ |
| ١,٢٠٠,٠٠١-١,٨٠٠,٠٠٠ | ١٥,٦٠ | ١٧,٧٥ |
| ١,٨٠٠,٠٠١-.٢,٤٠٠,٠٠٠ | ٧,٦٠ | ٨,١١ |
| ٢,٤٠٠,٠٠١ بەرەو سەر | ٧,٢٠ | ٩,٨٥ |

دەستبەجێترین پرسیار ئەوەیە داخۆ ئەم گەشەکردنی شارنشینییە کوردستانی زیاتر دوورخستۆتەوە لەو یەکسانییە ڕێژەییەی کە پارێزگاکە هەر لەکۆنەوە تاساڵانی ١٩٧٠کان لە کوردستانی لادێنشینەوە بەمیراتیی بردبوو، کاتێك لەرووی پێکهاتەی گشتییەوە زیاتر لادێنشینیی پێوەدیاربوو. لەکاتێکدا کەلێن لەئاستی ژیاندا لەنێوان کوردستانی شارنشینو کوردستانی لادێنشین دەگونجێت کەمتربێت لە ئێرانی شارنشینو لادێنشین، مرۆ پێشبینی ئەنجامگیریی بکات سەبارەت بە کوردستانی شارنشینو هەروەها بەراوردکاریی لەنێوان تەواوی پارێزگاکەو تەواوی ئێران لەسەر بنەمای هێندێك بەڵگەی گشتیی نایەکسانیی کە کوردستان هێشتا زیاتر وەك کۆمەڵگەیەکی یەکسان پێشاندەدات، هەروەها هێشتا ناوچەکانی لادێنشینی یەکسانی تێدا زیاترە، بەو دەلالەتەش، هێشتا بەشێوەیەیی ڕێژەیی کۆمەڵگەیەکی خاوەن هاوبەستەگییە.

ئێمە دەتوانین پێودانگی گشتیی بۆ نایەکسانیی بەکاربێنین لەسەر ئاستی تەواوی پارێزگاکە (بەشی شارنشینیش بگرێتەخۆ)، کە ڕێنمایی "جینی"یە بۆ نایەکسانیی، لێرەدا ئەژمارکردنی پێویستییەکانی ئەم هۆکارە هاوبەشە بایەخی ئێمە نییە، هەروەها ئەوە بەسە بتوانین هەڵسەنگاندنە جیاوازەکانی جینی بۆ نایەکسانیی لێکبدەینەوە. ئەمە بریتیە لە پێودانگێك کەبەشێوەیەکی بەربڵاو بەکارهاتووەو جیاوازە لەنێوان سفرو ١ دایە. نزیکترین بەهای ئەم هۆکارە هاوبەشە سفرە، یەکسانیتر بریتیە لە دابەشبوونی هۆکارەکان لەنێوان خێزانەکان وەك زەویو داهات بۆئەوانەی بەسەریاندا جێبەجێدەکرێت. هەڵسەنگاندنی جینی بۆ ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣ لەلایەن ڕێکخراوی پلانو بودجەوە دراوە

* سەرچاوە: مجموعە بررسی و شناخت ، ٤٥٨.

بریتیە لە ٠,٣٤٧ بەبەراورد بە ٠,٤٢٤ بۆ ئێران بەگشتیی.[35] بەوەش ئەو خاڵە گشتییەکانەی بۆ کوردستان بەدەستهاتوون دەریدەخات کە کۆمەڵگەیەکی یەکسانترە.

ئەو بەڵگەیەی ئێمە لەم بەشەدا پێشکەشمانکردووە سەبارەت بە یەکسانیی ڕێژەیی کوردستانی ئێران کە وەك یەکەیەکی جیاو تەنیا وەرگیراوە، بەتایبەت کوردستانی لادێنشین، بریتیە لە تێزێکی لاواز لەلایەن "شانین"ەوە پێشکەشکراوە، ئەو مۆدێلێکی فرە گشتگیرە سەبارەت بەوەی چۆن و لەسایەی چ هەلومەرجێکدا نەبوونی ڕێژەیی ئەم نایەکسانیی و هاوبەستەگیی کۆمەڵایەتییە دەتوانێت بەتێپەڕینی کات بەردەوام بێت. ئەو میکانیزمێك پێشنیازدەکات بۆ زەمینەخۆشکردنی بەردەوامیی بەتایبەتیی( بزوتنی بازنەیی) هەروەها پرۆسەیەك تێیدا خێزانەکان ڕووبەڕووی قۆناغگەلێکی بەدوایەك لە دەوڵەمەندبوون و هەژاربوون دەبنەوە. هێندێك لە سیماکانی ژیانی لادێنشینی کوردستان کە لەم بەشەدا پێشکەشکراوە لێکچوونێکی ڕواڵەتیی لەگەڵ ئەم نموونە بازنەییەی کرێکاریی وەرزیی و کۆچکردنی وەرزیی هەیەو وادەکات خەڵك بکەونە ناو یان دەرەوەی سیستمی ئابووریی کۆمەڵگەی لادێ . هەرچەندە، ئێمە پاش ئەو ماوەیەی داتاکانی ئەم بەشەی تێدا بڵاودەکەینەوە، ئیدیعای بەردەوامبوونی ئەو هەلومەرجانە ناکەین کە زەمینەیان بۆ هەماهەنگیی گشتیی کوردستانی لادێنشین خۆشکردووە. بۆ مەبەستەکەمان، ئەوە مەرجێکە بۆ گەشەکردنی نەتەوایەتیی کوردیی، ئەم تێزە بەرتەسك و سنووردارە تەواو بەسەندەیە.

## نایەکسانیی لەنێوان کوردستان و ئێران

بەڵگەکان پێشانیدەدەن کە چەند سیمایەکی گرنگ هەیە سەبارەت بە ستراکتۆری ئابووریی کوردستان کە خزمەت بە هەڵمژینی دوژمنایەتیی چینایەتیی لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات و ئەو هەماهەنگییە ڕێژەییەی کوردستان پتەودەکات، لانیکەم لەناوچە لادێنشینەکاندا، ئەمە بۆئەوە نییە کەبڵێین تەنیا بوونی هاوبەستەگییەکی بەم چەشنە بەسە بۆ گەشەکردنی نەتەوایەتیی. ڕوویەکی دیکەی ئەم یەکسانییە ڕێژەییە لەنێو کوردستاندا بریتیە لە ئاستی نایەکسانیی لەنێوان کوردستان و ئێراندا. بێئەوەی دواییان هیچ بڕە هاوبەستەگییەك ناتوانێت ناڕەزایەتیی گەلیی تەواو بێنێتەبەر کە ببێتە بنەما بۆ نەتەوایەتیی کەمینەیەکی جیاواز.

ئەدەبیاتی نەتەوایەتیی دان بەجۆری ئەو نایەکسانییەدا دەنێت کە لەبەشی یەکەمدا بینیمان، "پەرەسەندنی ناهاوتا" لەنێوان کۆمەڵەکان وەك هۆکارێکی بنەڕەتیی نەتەوایەتیی. تۆم نارین، لەبەشی نۆیەمی کتێبەکەیدا جەخت لەوەدەکات کە جووڵانەوە نەتەوەییەکان بەشێوەیەکی تایبەت لەنێو ئەو کۆمەڵانەی لەڕووی پیشەسازییەوە لەپاش بوون، ئاستی گوزەران و شتەکانی دیکە وەك کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بوون، پاش دووەمین جەنگی جیهانیی دەنگی بڵند بوو، یاخود لەنێو کۆمەڵانێك کە هەستیان بەهەڕەشەکرد لەسەر پێگەی خۆیان لەلایەن ئەوانەی لەریزی پێشەوەی پێشبڕکێکەوە بوون، کۆمەڵانێك چەشنی ڕووسیای تزاریی یان بریتانیای مۆدێرن.[36] لەهەر حاڵەتێکدا، "پەرەسەندنی ناهاوتا" دەبێتە هێزێکی پاڵنەری نەتەوایەتیی.

---

35 هەمان سەرچاوە، ل٢٤٠.

36 Tom Nairn, The Break-up of Britain (London, 1981)

بەدڵنیاییەوە، هیچ پەرەسەندنێك نییە زۆر هاوتا و یەكسان بێت، هەربۆیە ئاخاوتن سەبارەت بە "پەرەسەندنی ناهاوتا" فرە یاریدەدەر نییە. هەرچەندە، ناوەرۆكی ئەم هزرە لە لەبیرۆكەی نایەكسانیدایە، زۆر بەتایبەتی نایەكسانی ڕێژەیی. تەنیا راستیی پاشكەوتوویی زۆر لێرەدا پەیوەندییدار نییە وەك كەلێنەكە لە گروپەكەدا یاخود كۆمەڵەكە وەك پێودانگێكی بەراوردكاریی بەكاربهێنرێت. ئەوە نایەكسانیی ڕێژەییە لەنێوان كوردستان و بەشە خۆشگوزەرانەكەی ئێران زیاتر لە هەژاریی لەهەرێمەكەدا لە هەر هەستێكی رەهادا كە بۆ نەتەوایەتیی كوردیی گرنگە. لەراستییدا، درككردنی ئەم نایەكسانییە ڕێژەییە لەنێو ئەندامانی كەمینەی نەتەوەییدا لەرووی سیاسییەوە زۆر گرنگە لە هێنانەبەرهەمی هەستكردن بەناڕەزایەتیی كە نەتەوایەتیی وزەو خۆراكی خۆی لێوەردەگرێت تەنانەت ئەگەر لەواقیعدا نایەكسانییەكە مام ناوەنجیش بێت. رونسیمان، ئاماژەی بەو راستییە داوە كە كاتێك نایەكسانییەكی گەورە لەلایەن خەڵكەوە هەستیپێكرا، هەمیشە لەوەوە دەگلێت كە پێگەو حاڵو وەزعی خۆی لەگەڵ " reference group/ گروپی بنەما" لەهەمان چیزەو پلەبەندیی بەراوردەكات دەكات. درككردنی ئەم بێبەشیی و مەحرومییەتە ڕێژەییە پشت بەو كەلێنە دەبەستێت كە لەم چەشنە بەراوردكارییەدا دەردەكەوێت.[37] لەم باسەدا، بەگشتیی بەدوای ئەم دیدە دەكەوین، لەكاتێكدا كە ئێمە ناتوانین ئەو زانیارییانەمان سەبارەت بە دیدو بۆچوونی خەڵك لەبواری ئەم نایەكسانییەدا دەستكەوێت هەربۆیە بەئاسانیی بەراوردكارییەكەی خۆمان بەپشتبەستن بە تێكڕای راستیینەی پارێزگای كوردستان لەبەرامبەر سەرتاسەری ئێران ئەنجام دەدەین.

پێكهاتەی سەرەكیی ئەم نایەكسانییە لەنێوان ئێران و كۆمەڵگەی كەمینەی كوردیی، لەخۆیدا نەبوونی كوردانە لەنێو بژاردەی ئێرانییدا. بۆدڵنیابوون، هێندێك كەسی بایەخداری كورد هەن كە خەڵكی كرماشانن و، ناوچە شیعەنشینە كوردییەكە، بەشێكن لەچینی فەرمانڕەوای ئێرانیی، بەڵام مرۆ بەزەحمەت دەتوانێت بیر لەبوونی كوردی سوننیی لەنێو بژاردەی ئێرانییدا بكاتەوە، چ لەبواری سیاسیی و چ لە سەربازیی و تەنانەت لەبواری كاری بیزنس و وەبەرهێنانیشدا، چ پێش ساڵی ١٩٨٠و چ دوای دامەزراندنی كۆماری ئیسلامییش. پێگەی كوردان لەم رووەوە بەتوندیی پێچەوانەی بژاردەی كەمینە ئازەرییەكەیە، ئەوانەی هەمیشە بەشێكی گرنگی بژاردەی ئێرانیی پێكدەهێنن.

هەرچەندە، بەگەڕانەوە بۆ بەڵگەكانی دیكەی نایەكسانیی كە كاریگەریی بەسەر تەواوی كۆمەڵگەوە هەیە، پێودانگێكی گشتیی باش بریتیە لە بڕی ئەو خەرجییەی بۆ خۆراك بەكاردەهێنرێت. ڕێژەی سەدی تەواوی خەرجیی بۆ خۆراك بەزێدەبوونی داهات دادەبەزێت بەهۆیئەوەی كڕینی شمەكە ناخۆراكییەكان لەكۆمەڵگەیەكی دەوڵەمەنددا زیاترە، بۆ نموونە، خەرجییەكی زۆرتر لەبواری: فێركردن، تەندروستیی، خانووبەرە..هتد. ئەوەش ڕێژەی سەدی خەرجییە خۆراكییەكان كەمدەكاتەوەو ئەوەی بەرزترە بریتیە لە ناوەندی تێكڕای ئاستی گوزەرانە لەلایەن ئەو كۆمەڵگەیەوە. بەگوێرەی رووماڵێكی بودجەی خێزانیی لەساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٦، ناوەندی تێكڕای پشكی خۆراك لەئاست تێكڕای خەرجیی ٥٠٪ بووە بۆ كوردستانی شارنشین بەبەراورد بە ٣٩٪ بۆ ئێرانی شارنشین. لەكاتێكدا پشكی خۆراك بۆ ناوچە لادێنشینەكان نزیكەی هەمان ڕێژە بووە، پێدەچێت ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بێت كە جیاوازیی لەنێو

---

[37] W. G. Runciman, Relative Deprivation and Social Justice (London, 1966).

زۆربەی کۆمەڵە لادێنشینەکانی ئێران سەبارەت بە بەکاربردنی شمەکە ناخۆراکییەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی بچووکە.[38] بەوەش ناوچە شارنشینەکەی کوردستان ئاستێکی گوزەرانی نزمتری هەیە.

بەلەبەرچاوگرتنی گەشەکردنی گەورەی دانیشتووانی شارنشینی کوردستان کە گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، نایەکسانیی لەئاستی گوزەراندا لەنێوان ئێران و کوردستاندا هەروەك لەڕێگەی پشکی خۆراکەوە پێورا چڕبۆتەوە لەکاتێکدا لەرووی سیاسییەوە بایەخێکی زیاتری بۆ پەرەسەندی جووڵانەوەی نەتەوەییەوە هەیە، بەتایبەت شارە کوردییەکان.

هەرچەندە، پشکی خۆراك تەنیا نیشانەیەکی سنووورداری ئاستی گوزەرانە. پێویستە ئێمە ئاماژە بە پێکهاتەکانی دیکە بکەین، بەدیارییکراوی مەسەلەی نەخوێندەواریی. خوێندەواریی پەیوەستە بە بوارە مادیی و کەلتوورییەکانی دیکەی ژیانەوە، بۆ نموونە، کاری باشتر، داهاتی بەرزتر، ماڵوخانوی باشترو بەو شێوەیە. بەوەش ئاستی ڕێژەی نەخوێندەواریی دەتوانرێت وەك نیشانەیەکی پوختەی ئەم بوارانە ئەژماربکرێت. هەروەك ئەو نموونەی ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٥، ڕێژەی سەدەی ئەو بنەماڵانەی سەرۆك خێزانانەکانیان نەخوێندەوار بوون ٨٠٪ بوو لە کوردستانی لادێنشین بەبەراورد بە ٧٤٪ بۆ تێکڕای ناوچە لادێنشینەکانی ئێران. جیاوازییەکە لەناوچە شارنشینەکاندا مەزنترە، ٥٩٪ لەکوردستان بەبەراورد بە ٤٢٪ بۆ ئێران.[39]

لەتەواوی هەموو ئەم بەراوردکارییانەی نێوان کوردستان و ئێران، پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ناوچەی هەژارو بگرە هەژارتریش لە ناوچەی کوردستان هەیە، بۆ نموونە، سیستان و بلوجستان، کە دانانیان لەچێوەی تەواوی وڵاتەکەدا، ناوەندی تێکڕای ئێران لەوەکەی کوردستان نزیکدەکاتەوە. فرە واقیعییانەترە گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو هەستکردن بە بێبەشیی و مەحرومییەتە، لانیکەم لای دانیشتووانە شارنشینەکەی کوردستان، لەوانەیە زیاتر زادەی بەراوردکردن بێت لەگەڵ بەشە خۆشگوزەرانەکەی ئێران وەك لە ناوچە فرە بێبەش و مەحرومەکەی، پێشنیازکردنی بەرواردکاریی لەگەڵ تاراندا زۆرتر گونجاوە. بێگومان بەراوردکارییەکی بەم چەشنە کەلێنێکی گەورەتر لەنێوان کورد و "گروپە بنەما"ەکانیان پێشاندەدات.

ڕێگەیەك بۆ لێکدانەوەی ئەو جێبەجێکردنە ڕێژەییانە لەم چەشنە بەراوردکارییەدا بریتیە لە ڕێکخستنی ئەم دوو نیشانەگەلەی ئاستی گوزەران و نەخوێندەواریی بۆ هەریەك لە ٢٤ پارێزگاکە لەڕێگەی پێگەی ڕێژەییانەوە بۆ هەریەك لەوانی دیکەو سەیرکردنی کوردستان لەپەیوەندیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بەتایبەتی لەگەڵ تاراندا. خشتەی ٥,١٩ پارێزگاکانی ئێرانی بەگوێرەی ناوەندی تێکڕای کەمبوونی پشکیان لەخۆراکدا لە تەواوی بودجەی خێزانەکان لەساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤ سەبارەت بە ناوچە لادێنشین و شارنشینەکان بەجیا. بەوەش ئەو پارێزگایانەی نزمترین ئاستی گوزەرانیان هەیە پلەی ١ یان هەیە کە لەگەڵ بەرزترین پشکی خۆراکدا تەریب دەبێت، ئەوەی دواتریان پلەی ٢وە، ئیدی بەو چەشنە. تاکو ئێمە بەرزترین ژمارە بۆ ئەو پارێزگایە دیاریدەکەین کە بەرزترین ئاستی گوزەرانی هەیە. کاتێك دوو پارێزگا یان زیاتر هەمان ناوەندی تێکڕای بەهای پشکی خۆراکیان هەیە، ئەوا هەمان پلە وەردەگرن.

---

[38] مجموعه بررسی و شناخت ، ج/١، ٤٩٤.

[39] هەمان سەرچاوە، خشتەی ١٦٤و ١٦٨، ل ل ٤٧٢و ٤٨٠.

بەوەش ئێمە دەتوانین پێگەی کوردستان ببینین سەبارەت بە هەر پارێزگایەکی "بنەما" چەشنی تاران لەکاتێکدا بەم چەشنە ڕێکدەخرێن.

گروپی بنەما، بەپشتبەستن بە ڕێژەی سەدی گروپە بابەتییەکان و هەڵوێستەکان بڕیاری لێدەدرێت. هەرچەندە، مەترسییەك نییە لەوەی گریمانەبکەین کە درککردنی ئەم بێبەشییە ڕێژەییە شتێکی بنەڕەتییە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت نایەکسانییە ڕێژەییە ڕاستیینەکان کاری تێناکات، هەربۆیە دەتوانین ئەوەکەی دواییان وەك نیشانەیەکی خاوی درکی تاك یان گروپ وەربگرین. ئەوەشە کە ئێمە لە خشتەی ٥,١٩دا کردوومانە بەوەی کە نایەکسانیی ڕێژەیی لەسەر بنەمای پلەبەندیی پشکی خۆراك. تاران، بۆ هەریەك لە دانیشتووانی لادێنشین و شارنشین، پارێزگایەکە کە بەرزترین ئاستی گوزەرانی هەیە لەوڵاتەکەدا، هەروەها کەمترین پشکی خۆراکیی و بەوەش بەرزترن پلەی هەیە.

خشتەی (٥,١٩): پلەبەندیی پارێزگاکان بەگوێرەی ناوەندی تێکڕای پشکی خۆراك ١٩٨٣–١٩٨٤ *

| پارێزگا | لادێنشین | | شارنشین | |
|---|---|---|---|---|
| | پشکی خۆراك | پلە | پشکی خۆراك | پلە |
| تاران | ٤٢,٣ | ٢٣ | ٣٣,٠ | ٢٢ |
| ناوەند | ٥٧,٥ | ٢ | ٤١,٠ | ١٥ |
| گیلان | ٥٩,٠ | ١ | ٤٣,٣ | ١١ |
| مازندەران | ٤٩,٥ | ١٣ | ٤١,١ | ١٤ |
| ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات | ٥٥,٧ | ٣ | ٤٠,٦ | ١٦ |
| ئازەربایجانی ڕۆژئاوا | ٥٠,٤ | ١٠ | ٤٢,٦ | ١٣ |
| باختەران | ٥٣,٤ | ٨ | ٤٦,١ | ٥ |
| خوزستان | ٥٥,٢ | ٥ | ٤٦,٠ | ٦ |
| فارس | ٤٧,٣ | ١٧ | ٣٨,١ | ٢٠ |
| کرمان | ٤٦,٩ | ١٨ | ٤٠,٠ | ١٨ |
| خوراسان | ٥٣,٩ | ٦ | ٣٩,٨ | ١٩ |
| ئیسفەهان | ٤٩,٩ | ١٢ | ٤٣,١ | ١٢ |
| سیستان و بلوجستان | ٤٥,٨ | ٢٠ | ٤٥,٩ | ٧ |
| کوردستان | ٤٩,١ | ١٥ | ٥٠,٩ | ٤ |
| هەمەدان | ٤٩,٤ | ١٤ | ٤٥,٢ | ٩ |
| بەختیاری | ٥٥,٣ | ٤ | ٥٢,٧ | ٢ |
| لوڕستان | ٥٣,٦ | ٧ | ٥١,٥ | ٣ |
| ئیلام | ٤٥,٠ | ٢١ | ٤٣,٧ | ١٠ |

* سەرچاوە: وەزراەتی پلاندانان و پلاندانان و بودجە ١٩٨٣–١٩٨٤، خشتەی ، ٧٦، ل ١٥و ١٧.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بوێر ئەحمەدی | ٥٣,٣ | ٩ | ٥٥,٩ | ١ |
| بوشەهر | ٤٤,٨ | ٢٢ | ٤٠,٤ | ١٧ |
| زنجان | ٥٥,٢ | ٥ | ٤٦,٠ | ٦ |
| سمنان | ٤٨,٤ | ١٦ | ٣٧,٧ | ٢١ |
| یەزد | ٤٦,٣ | ١٩ | ٤٥,٤ | ٨ |
| هورمزان | ٥٠,١ | ١١ | ٤٦,١ | ٥ |
| تێکڕا | ٥١,٧ | – | ٣٨,٧ | – |

وامەزەندە بکە کە تارانمان وەك "گروپی بنەما" بۆ کوردستان دانابێت، لەکاتێکدا کە مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکرێت کە ئەم پارێزگایە لەبەردەم ماسمدیاو هتد کراوەترینە. با سەرەتا سەیری ناوچە لادێنشینەکە بکەین. هەرچەندە کەلێنی پلەبەندیی لەنێوان کوردستانی لادێنشین (١٥)و تاران (٢٣) فراوانە، بینینی ئەمە لەچێوەی پارێزگاکانی دیکەدا ئەوەندە زۆر نییە. لەڕاستییدا، ئاستی گوزەران لەکوردستانی لادێنشیندا لەسەرو ناوەندی تێکڕای ئێرانی گوندنشینە. لەگەڵ بوونی پشکی خۆراکی بەرێژەی ٤٩,١٪ لەبەرامبەر ٥١,٧٪ بۆ ئێرانی لادێنشین. ئەمەش ڕەنگدانەوەی چەندین سیماگەلی یەکسانیی ڕێژەیی کوردستانی لادێنشینە، دابەشبوونێکی یەکسانتری زەوی، چینێکی تاڕادەیەك بچووکی کرێکاری بەکرێو بەو شێوەیە.

بەپێچەوانەوە، کاتێك دەچینە سەر بەراوردکاریی بشکی خۆراك لەنێوان کوردستانی شارنشینو تارانی شارنشیندا، کەلێنەکە لەراستییدا فرە گەورەیە. کوردستانی شارنشین چوارەم نزمترین ئاستی گوزەرانی هەیە، لەکاتێکدا تارانی شارنشین لەنێو تێکڕای پارێزگاکانی وڵاتەکە بەرزترینە. هەروەها کوردستانی شارنشین ئاستێکی گوزەرانی نزمتری هەیە بەبەراورد بە ناوەندی تێکڕای وڵاتەکە، لەگەڵ ٥٠,٩٪ پشکی خۆراك بۆ کوردستانی شارنشین بەڵام ٣٨,٧٪ بۆ ناوەندی تێکڕای ئێرانی شارنشین.

لێرەشدا دووبارە نایەکسانی ڕێژەیی لە کوردستانی شارنشین تائاستێکی مەزنتر دەردەکەوێت کە سەرکردایەتیی و لەوانەیە بەشی گەورەی کادرە چالاکەکانی ڕێکخراوە سیاسییە نەتەوەییەکان لەوێوە هاتبن. دووبارە تێبینی بکە کە کەلێنی نێوان ئاستی گوزەرانی لادێنشینو شارنشینان لەکوردستان فرە کەمە. ٤٩,١ ٪ پشکی خۆراك، کوردستانی لادێنشین ئاستێکی گوزەرانی تاڕادەیەك بەرزی (٥٠,٩٪) لە کوردستانی شارنشین هەیە. کەلێنی هاوشێوە بۆ تاران (٥١,٧٪ بۆ ئاستی لادێنشینو ٣٣,٠٪ بۆ شارنشین) یاخود بۆ ئێران (٥١,٧٪ بۆ لادێنشینو ٣٨,٧٪ بۆ شارنشین) نەك تەنیا گەورە نییە، بەڵکو هەروەها ئاستی گوزەرانی لادێنشین لە شارنشین زۆر خراپترە. ئەمەش نیشانەیەکی دیکەیە، ئەگەر پێویست بەزیاتر بکات، کە کوردستان، بەشی شارنشینیش، خاوەنی ڕادەیەکی مەزنتری یەکسانییە، لەبنەڕەتدا بەهۆی ئەوەی کە ئاستی گوزەرانی لادێنشین کەبەشێوەیەکی ڕێژەیی بەرزە، وادەکات لەئاستی گوزەرانی کوردستانی شارنشینی نزیك بکاتەوە.

دواجار، ئێمە هەمان پلەبەندیی بۆ نەخوێندەواریی پێشکەش دەکەین. گەورەترین کەلێن بۆ ناوچە شارنشینەکان کەلەسەرەوە دراوە لەگەڵ نایەکسانییەکی گەورەتر لە ئاستی گوزەرانی ناوچە شارنشینەکانی کوردستاندا کۆبۆتەوە بەبەراورد بەتاران (یان ڕێژەی تێکڕای ئێران) دەریدەخات کە بەشە شارنشینەکەی پێکهاتەیەکی سەرەکیی ئەم

نایەکسانییە ڕێژەییەیە لەنێوان کوردستان و ئێراندا[*]. بەگوێرەی خشتەی ٥،٢٠ کە سەبارەت بە پلەبەندیی نەخوێندەوارییە، لە دانیشتووانی شارنشینی تەنیا ئێراندا کۆکراوەتەوە. ئەو ژمارانەی لەم خشتەیەدا دراون سەبارەت بە ڕێژەی سەدیی خەڵکە نەخوێندوارەکەیە کە لەتەمەنی شەش ساڵ بەرەوسەرە لەتەواوی دانیشتووانە شارنشینەکان لەهەر پارێزگایەکدا لەساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢دا .

نایەکسانیی ڕێژەیی لەبارەی نەخوێندەوارییەوە لەنێوان کوردستانی شارنشین و ئەوەکەی "گروپی بنەما"کەی، کە تارانی شارنشینە، ئەوەیە کە گەورەترین کەلێن لەنێوان هەر پارێزگایەك و تاراندا بوونی هەیە. لەراستییدا، کوردستان ڕێژەیەکی بەرزی نەخوێندەواری شارنشینی هەیەکە کە(٧٣،٥٪) لەوڵاتەکەدا. زیاتر لە دووئەوەندەی تاران و فرە زیاتر لە سەروو ڕێژەی تێکڕای وڵاتەکە. هەرچەندە دەگونجێت مرۆ هەندێك خۆپارێزیی بنوێنێ سەبارەت بە وردیی پلەبەندییەکەی کوردستانی شارنشین لەنێو پارێزگاکانی وڵاتەکەدا.[40] هەمان کەلێنی گەورە لەسەرچاوەیەکی دیکەوە سەبارەت بە نەخوێندەواریی لەماوەی ١٩٨٣-١٩٨٤ دەردەکەوێت، هەروەها ئەوەی زیاترە بریتییە لە نیشانەیەکی زۆر جیاوازی نایەکسانیی لەسەر بنەمای پشکی خۆراك . هەردوو نیشانەکە نایەکسانییەکی گەورە لەنێوان کوردستان و ئێراندا(یاخود تاراندا) پیشاندەدەن[*]، بەهۆی ئەو نایەکسانییە ڕێژەییەی بەشی شارنشینی کوردستان. تا ئەو ئاستەی

---

[*] لەسەردەمی ڕژێمی پەهلەویی بەشێوەیەکی سیستماتیك هەوڵی هێشتنەوەی نەخوێندەواریی و نەزانیی و دواکەوتوویی فەرهەنگیی لە کوردستانی ئێراندا دەدرا بۆئەوەی هۆشیاریی گشتیی لەڕادەی هەرە نزمیدا بمێنێتەوەو هەمیشە تاران و ناوەند چەند پلەیەك لەپێشەوەی ئەو هەرێمانەوە بن کە ڕەگەزە ئیتنیە غەیرە فارسەکانی تێدا نیشتەجێن. ئومەش بەجۆرێك لەجینۆساید دەژمردرێت. (خشتەی :ب) باری نالەباری خوێندەواریی لە پارێزگا کوردییەکان لەسەردمی پەهلەوی پیشاندەدات:

| | دەرچووی سەرەتایی | خوێندکارانی دواناوەندیی | خوێندکارانی ئامادەیی | ئامادەیی هونەری |
|---|---|---|---|---|
| تەواوی ئێران | ٣٨١٣٠٠ | ١٢٨٣٦٦١ | ٧٠٥٠٠٠ | ١٥٠٥٠٩ |
| ئازەربایجانی خۆرئاوا | ١٥٣٠٠٠ | ٤٦٧٥٣ | ٢٣٠٠٠ | ٣٣١٣ |
| کوردستان | ٦٢٠٠٠ | ١٤٤٢٣ | ٦٠٠٠ | ١٧٢٩ |
| کرماشان | ١١٤٠٠٠ | ٣٧٧٤٩ | ٢٠٠٠٠ | ٣٧٣٧ |
| ئیلام | ٢٢٠٠٠ | ٤٤٨٩ | ٢٠٠٠ | ٣٥٧ |
| ڕێژەیسەدی لەسەر ئاستی وڵات | ٪٩،٢ | ٪٨ | ٪٧،٢٣ | ٪٦ |

سەرچاوەی (خشتەی :ب): *حسین مدنی ، تحلیل فشرده از دینامیزم وشیوهای مبارزانی در کردستان ایران ، ب.ج ، آذر ماه ١٣٦٩ش.ص ٢٨.*

[40] ئەو ژمارانەی لەم خشتەیەدان لەسەرژمێرییەکی دانیشتووانەوە وەرنەگیران بەڵکو زیاتر لەلیستی ئەو خێزانانەوە وەرگیراون کە لەماوەی جەنگی عێراق ئیچراندا بەشە خۆراکیان بە کوبۆن وەرگرتووە، ئەوەی لەلایەن وەزارەتی کارەوە کۆکۆاوەتەوە. لیستێکی بەم چەشنە دەگونجێت وەك سەرژمێری دانیشتووان زیانی هەبێت چونکە خێزانە دەووڵەمەندەکان کە کوبۆنیان وەك سیستم بەکارنەهێناوە جێهێڵراون.

[*] لەڕووی بایەخپێدانی تەندروستیشەوە کوردستانی ئێران بەئەنقەست لەلایەن ناوەندەوە پشتگوێخراوە، ئەو نەخۆشییانەی کە چەندین ساڵە لەناوچە فارسنشینەکاندا نەماوە یان زۆر کەمە: ئاوڵە، سیل، ئیفلیجی منداڵان، سورێژە، سکچوون، گرانەتا، ملەخڕێ، وەناق.هتد،

دەشـێت بوترێـت کـە نەتەوایـەتیی بەشـێوەیەکی نـزیکتر پەیوەسـتە بـە ناوەنـدە شارنـشینەکانەوە تـاوەکو ناوچـە لادێنـشینەکان، پێدەچێت ئـەم جـۆرە نایەکسانییە رێژەییـە کـە بـەزۆریی چڕبێتەوە لـەو شـوێنەوە ناڕەزایەتییـەکان سـەرهەڵبدەن و دەشێت بەهایـەکی گـەورەتری بۆ گەشـەکردنی نەتەوایـەتیی هـەبێت، کـە بـەدیارییکراویی کوردسـتانی شارنشینە.

خشتەی(٥,٢٠): پلەبەندیی و رێژەی سەدیی دابەشبوونی دانیشتووانە شارنشینە نەخوێندەوارەکە لەتەمەنی ٦ساڵ بەرەو سەر بەگوێرەی پارێزگاکان *

| پارێزگا | ژمارەی نەخوێندەوارەکان وەك رێژەی سەدیی تەواوی دانیشتووانی شارنشین | پلە |
|---|---|---|
| تاران | ٣٥,٢ | ٢٣ |
| ناوەند | ٥١,٧ | ١٥ |
| گیلان | ٤٣,٨ | ٢٠ |
| مازندەران | ٤٨,٣ | ١٨ |
| ئازەربایجانی رۆژهەڵات | ٥٩,١ | ٦ |
| ئازەربایجانی رۆژئاوا | ٦١,٧ | ٥ |
| باختەران | ٦٢,٠ | ٤ |
| خوزستان | ٥٦,١ | ٩ |

---

ساڵانە هـەزارەها کـەس لەکوردستان راپێچی مـەرگ دەکات. ئەمـەش سیاسـەتێکی رژێمـەکانی پێشووەو هێشتا بەردەوامە. (خشتەی:ج) ئاماری پزیشکانی ئێران و پارێزگە کوردییەکان لەساڵی ١٩٧٦دا پێشاندەدات.

| | دەرچووی پزیشکی | خوێندکارانی پزیشکی ددان | خوێندکارانی نەخۆشخانە | ئامادەیی تەختەخەو |
|---|---|---|---|---|
| تەواوی ئێران | ١٢٤٤٠ | ١٨٠٣ | ٥٠٣ | ٤٨٨٠٠ |
| ئازەربایجانی خۆرئاوا | ٢٥٢ | ٣٨ | ٢٠ | ١١٦٠ |
| کوردستان | ١٢١ | ١٣ | ٩ | ٤١٠ |
| کرماشان | ٢٠١ | ٣٨ | ١٢ | ٨٩٥ |
| ئیلام | ٢٧ | ٣ | ١ | ٥٠ |
| لە سەدا ٪ | ٪٤,٨ | ٪٥,١ | ٪٨,٣٥ | ٪٥ |

سەرچاوەی(خشتەی:ج) : *حسین مدنی ، تحلیل فشردە از دینامیزم وشیوەهای مبارزانی در کردستان ایران*،ل ٢٩.

* هەڵسەنگاندێکی کێشەکە گشتییەکانی سەرچاوە مرۆییەکان و دامەزراندن–ناوچە شارنشینەکان ١٩٨١–١٩٨٢:وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیی.٢٠ .

| | | |
|---|---|---|
| فارس | ٤٣,٧ | ٢١ |
| کرمان | ٥٣,٣ | ١٢ |
| خوراسان | ٥٠,٩ | ١٦ |
| ئیسفەهان | ٤٦,٤ | ١٩ |
| سیستان و بلوجستان | ٦٧,١ | ٣ |
| کوردستان | ٧٣,٥ | ١ |
| هەمەدان | ٥٤,٢ | ١١ |
| بەختیاری | ٥٨,٦ | ٧ |
| لوڕستان | ٦١,٧ | ٥ |
| ئیلام | ٦٨,١ | ٢ |
| بوێر ئەحمەدی | ٥١,٨ | ١٤ |
| بوشەهر | ٥٤,٦ | ١٠ |
| زنجان | ٣٩,٠ | ٢٢ |
| سمنان | ٤٩,٢ | ١٧ |
| یەزد | ٥٢,٩ | ١٣ |
| هورمزان | ٥٦,٧ | ٨ |
| ناوەندی تێکڕا | ٤٧,٩ | - |

## ئه نجامگیریی

من گفتوگۆم سەبارەت بەچەند بابەتێکی ئابووریی و دیمۆگرافیی کردووە. ئەمانەی لەم بەشەدا هاتوون بۆ ناوەرۆکی سۆسیۆلۆجیی سیاسیی نەتەوایەتیی کوردیی دەگەڕێتەوە. من پێشانمداوە کە چەندە ئەو گۆڕانکارییە فرە خێرایانەی هەلومەرجە دیمۆگرافیی و ئابوورییەکە کوردستانی لادێنشینی لە کۆمەڵێکی جیا و دوورەپەرێزەوە گواستەوە بۆ کۆمەڵگایەك کەبە باشیی لەگەڵ باقی دیکەی پارێزگاکان و ناوەندە شارنشینەکانەوە گرێدراوە. شانبەشانی ئەم پرۆسەیە بەئاگابوون لەجیهانی دەرەوە دێت، کە بووەهۆی گرێدانی کۆمەڵگەلی گوندەکان لە یەکەیەکی پێکەوەبەستراودا، ئەوەش هاوبەستەگیی ڕێژەیی لە کوردستانی لادێنشیندا هێنایەئارا. ئەمە پێشانیدا کە لەنائامادەگیی کۆمەڵگەیەکدا کەدابەشبوونێکی چینایەتیی قووڵی تێدا بێت بەهۆی نەبوونی بەرزی ڕێژەیی هەماهەنگیی نێوخۆیی لەنێو ئەندامەکانیدا، ناگونجێت جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی سەرکەوتوو بەرهەمبێت کە بۆخۆی پێویستیی بە هەماهەنگییەکی بەو چەشنە هەیە وەك پێشمەرجێکی بنەڕەتیی.

ئەنجامگیرییەکە ئەوەبوو کە کوردستان وەك یەکەیەکی جیا، بەڵام بەتایبەتی کوردستانی لادێنشین، بەشێوەیەکی تایبەت لە نەبوونێکی ڕێژەیی دوژمنایەتیی چینایەتیی بەهرەمەندە، بەتایبەتیی لەبارە بۆ گەشەکردنی وشیاربوونەوەی نەتەوەیی کەلەسەر بنەمای مێژووی هاوبەش و چێوە کەلتوورییەکان راوەستاوە. دواجار، من گفتوگۆم سەبارەت بە نایەکسانیی نێوان کوردستان و ئێران کردووە وەك هاندەرێك بۆ چالاککردنی ئەم هەماهەنگییەو بەئاگاهاتنەوە سەبارەت بە نەتەوەبوون بەرەو جووڵانەوەیەکی سیاسیی، هەروەها لێرەدا ئەنجامەکان پشتگیریی لە دیدە دەکرد کە ئەم نایەکسانییە راست و گەورەشە. گرنگە جەختبکرێتەوەی لەوەی کە من نەگەیشتوومەتە ئەم دەرئەنجامانە بەپشتبەستن بە تێکڕاکان، هەروەها وەك یەکەیەکی هاوشێوە مامەڵەی کوردستانیشم نەکردووە. لەراستییدا، پشکی سەرەکی ئەم بەشە بۆئەوە پەرەپێدراوە تاکو بەدرێژیی ئەو گروپ و پێکهاتە بنەڕەتییانەی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی لادێنشین بناسێنێت بەئامازەکردن بە سەرچاوەگەلی ململانێکان کە دەشێت هەڕەشەبێت بۆ سەر هەماهەنگیی کۆمەڵگەلی لادێ. پشتگیرییەکی زۆر لەو ئەنجامگیرییانە هەیە کە لەم بەشەدا پێیگەیشتووین. ئەستەمە پێناسەکردنی جیاوازییە جیۆگرافییەکان و فرەجۆرییەکان لە کوردستانی لادێنشیندا بەدیبێن بەهۆی کەمی داتا و زانیاریی زیاتری هەرێمیی سەبارەت بە کوردستان. هەرچەندە، تەنانەت لێرەشدا، بەکارهێنانی دوو سەرچاوەی بنەڕەتیی، یەکێکیان بۆ هەرێمی سنە کە ناوچەیەکە خاوەنداریێتیی موڵکە گەورەکانی تێدایە، وێڕای ئەوە، کۆڵینەوەیەکی جیاش کە سامپڵێکی سەبارەت بە تەواوی هەرێمە لادێنشینەکەی کوردستان گرتۆتەخۆ و هێندێك لەو جیاوازییانەی دەرخستووە، هەروەها جیاوازیی دیکە لە ژمارەکاندا هەن، بۆ نموونە، باڵادەستیی وەرزێرە وردە موڵکدارەکان و بواری بەرتەسکی کاری بەکرێ لەبەشی باکووری کوردستان.

ئەگەر ئەم بەشە و ئەنجامگیرییەکەی بەشی دووەم وەك تاکە بەڵگەیەك وەربگرین، ئێستا دەتوانین سەبارەت بە بابەتی سەرەکیی قسەبکەین کە ئەو بەردەوامیی و گۆڕانەیە هاتونەتەئارا. بابەتی بنەڕەتیی بریتیە لە بەردەوامیی لەژیانی کوردییدا، کۆچەریی بێت یان لادێنشین، ئەوەی کە دەبێت ڕەوشی سروشتی هەرێمەکە بێت. ئەوە تایبەتمەندیی و رووخساری شاخاویی کوردستانە کە هانی پەرەسەندنی ڕەوەندیخوازیی و کۆچەرێتیی وەك شێوە ڕێکخستنێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لەگەڵ کاریگەرییەکی بەهێزی یەکسانیی لەچەشنی خاوەنداریێتییەکی بەربڵاوی ماڵات و مێگەل. گواستنەوە لە کۆچەرێتییەوە بۆ جێگیریی کشتوکاڵیی لەم هەرێمە شاخاوییەدا چەندین گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەی کوردیی و سیاسەتدا هێنایەکایەوە. هەرچەندە، ئەم گۆڕانکارییانە ئەو ڕەگەزە گرنگەی بەردەوامیی نەهێشت کەبەسەر ژیانی کشتوکاڵیی و لادێنشینیی کوردیی سەپێنرابوو لەلایەن هەمان ئەو هێزانەی کە هانی یەکسانیی و کۆچەرێتییان دابوو بەپلەی یەکەم، بەدیارییکراویی، تایبەتمەندیی کۆمەڵگەیەك کە لەبنەڕەتدا لە کەوتۆتە ناوچەیەکی گرداویی و شاخاوییەوە. لەژینگەیەکی بەم چەشنەدا تەنیا وەرزێریی کێڵگە بچووکەکان هەیە، گەورە موڵکداریی و بازاڕی کاری گەورە تایبێتە سیمایەکی ئەم چەشنە کۆمەڵگەیە. ئەوە کۆمەڵگەی وەرزێرییە نیوەکارە و ئاژەڵدارییە خۆژێنەکانن کە دەبێتە بنەمای ئەو یەکسانییە ڕێژەییەی نێو کوردستان و هەماهەنگیی کەمینەی ئیتنیی کوردیی ئاراستەدەکات.

ئەو راستییەی کە ئەم ئەنجامگیرییانە بەتایبەتیی لەبارن بۆ گەشەکردنی نەتەوایەتیی بەشێوەیەکی پێویست مانای ئەوە نییە کە چالاکوانە نەتەوەییەکان دەتوانن سوودیان لێببینن بۆ دامەزراندنی پارتی جەماوەریی. بۆئەوەی وابێت پێویستیی بە رادەیەکی ماقووڵ لە سەربەستیی سیاسیی هەیە کە لەئێران ساڵانی ١٩٦٠کان و ١٩٧٠کاندا بۆئەوان

نکۆڵیی لێکرابوو. وێڕای ئەوە، ئەوەی ئێنتێلێجێنسیا نەتەوەییەکان پێویستبوو لەرێگەی کارو هەڵسوڕانی زۆرەوە لەقۆناغە مێژووییەکانی دیکەو لەولاتەکانی دیکەدا بەدەستیبێنێت، بۆ ئێنتێلێجێنسیای کوردیی لەڕێگەی هێزێکی یەکڕاستی گۆڕانکاریی ئابووریی و کۆمەلایەتیی خێرا هاتەدی کە بەشێوەیەکی سەرەکیی زادەی ریفۆرمی زەوی سالانی ١٩٦٠کان بوو. هەموو نەتەوەییەکان پێویست بوو ئەوە بکەن کە چاوەڕێی کاتی گونجاوبن بۆ چنینەوەی قازانجەکانی ئەم گۆڕانکارییانەو وەرچەرخاندنی جوولانەوەی ئێنتێلێجێنسیای کوردیی بۆ پارتێکی نەتەوایەتیی کوردیی جەماوەریی بەراکێشانی دانیشتووانەکە بۆ نێو جوولانەوەکەیان. ئەم دەرفەتەیان هاتەپێش لەرێگەی رووخانی تەواوی دەسەلاتی ناوەندیی لەهەرێمەکانی ئێران وەك کوردستان لەسالی ١٩٧٩دا، هەروەها لانیکەم یەك سال بەهرەمەندبوون لە بڕێکی زۆر لە سەربەستی سیاسیی کە تەواو بەسنەبوو بۆ دامەزراندنی پارتێکی جەماوەریی، ئەوەش مانای ئەوەی کە رەوشەکە بۆ پێشوازییکردن و پەسەندکردنی پڕ حەماسەتی نەتەوایەتیی لەلایەن دانیشتووانەکەوە نزیکەی لەباربوو

# بەشی شەشەم: کوردستان لەکۆمارەکەی ١٩٤٦وە بۆ شۆڕشەکەی ١٩٧٩و کۆماری ئیسلامیی

**دەروازە**

لەم بەشەدا، تایبەتمەندییە سیاسیی و ڕێکخراوەییەکانی جووڵانەوەی کوردیی ڕاڤەدەکەم لە ساڵانی ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کان، واتە دەیەك یان دووان پاش جێبەجێکردنی بەرنامەی ریفۆرمی زەوی لەکوردستان. حاڵەتی جووڵانەوەکەو دەربڕینە سیاسییەکانی سەبارەت بە قۆناغی پێشوو گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، لەکات و پاش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لەئێران بۆئەوەی زیاتر وەرچەرخانی جووڵانەوە کوردییەکە لە قۆناغەکانی رابردوویەوە روونبکەینەوە: قۆناغی یەکەمی، راپەڕینەکەی سمکۆ بوو، جووڵانەوەیەك بوو خێڵەکێتیی تەواو بەسەریدا زاڵبوو، قۆناغی دووەم، جووڵانەوەکەی ساڵی ١٩٤٦ی مەهاباد بوو، کە وێڕای ڕێبەرایەتیی رۆشنبیرانی شارەکیی، رەگەزە خێڵەکییەکان کاریگەرییەکی بەهێزیان تێیدا هەبوو. من لەرێگەی ئەم روونکردنەوەیەوە مشتومڕ سەبارەت بەوە دەکەم کەجووڵانەوە کوردییەکەی ئێستا جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی پێگەیشتووە کەلەلایەن رۆشنبیرانی کوردەوە رێبەرایەتیی دەکرێت کەخاوەنی هێزی چەکداری خۆیەتی، ئەوانەی وەفادارییان پێش هەرشتێك بۆ نەتەوەی کوردە.

لەوەش زیاتر، بایەخی سەرەکیی ئەم بەشە پەیوەندیی بە پێکهاتەی ناوەکیی سیاسەتی نەتەوەیی کوردیی بەو فرەجۆرییەی ستراکتۆری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی نێوخۆی کوردستانەوە هەیە کە لەبەشی ٢و ٥دا باسی لێوەکراوە، هەروەها ئەو ئاستە بەرچاوەی کە تێیدا لۆجیکی هاوبەستەگیی کۆمەڵگەیەکی شاخاویی خۆی بەسەر جۆرێکی تایبەتی جووڵانەوەی سیاسیی سەپاندووە کە لەکوردستاندا سەریانهەڵداوە. بۆئەم مەبەستە، من جیاوازییە ئایدیۆلۆجیی و تێڕوانییە سیاسییەکان و سیاسەتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی رێکخراوە کوردییە سەرەکییەکان روونده‌کەمەوە، بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا) و رێکخراوی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانی کوردستان(کۆمەڵە). ئەو دوو رێکخراوەی کە تەنیا لەبواری هێڵە ئایدیۆلۆجییەکاندا دابەشنین، بەڵکو هەروەها لەرووی هێڵە جیۆگرافییەکانیشەوە. ئەوانە بەرجەستەی پەرەسەندنی جووڵانەوەی کوردیی دەکەن لەدوو بەشی جیاوازی کوردستان و لەسایەی رەوشگەلێکی تەواو جیاوازدا. کۆمەڵە بەشێوەیەکی سەرەکیی لە باشوور هەیە کەتێیدا کشتوکاڵ هەمیشە چالاکیی ئابووریی سەرەکیی بووە، لەکاتێکدا حدکا کە کاریگەرییەکی مەزنتری لەتەواوی کوردستاندا هەیە، وێڕای ئەوەش ئامادەگییەکی باڵادەستی لە باکورو ناوەندی کوردستاندا هەیە، لەو جێگایانەی کە تێیدا ئاژەڵداریی هەمیشە ژیانی ئابووریی دانیشتووانەکەی دیارییکردووە. بەوەش پەردە لەسەر پەیوەندیی لەنێوان ستراکتۆری ئابووریی کوردستان و هەروەها پەرەسەندنە سیاسییەکەی هەڵدەماڵرێت.

پرسیارێکی گرنگ سەبارەت بەم خاڵە بکرێت بریتیە لە رۆڵی بۆشایی و جیاوازیی نەوەکان لە تێڕوانینی سیاسیی ئەو دوو گروپە وەك ئەلتەرناتیڤێکی لێکدانەوە هەرێمییەکە لێرەدا. تۆمارێکی گشتگیرمان سەبارەت بە تەمەن و پێشخانی ئەندامەتیی ئەو دوو گروپە لەبەردەستدا نییە بۆئەوانەی لە شەڕەکاندا نەکوژراون، هەروەها تەنانەت تۆمارێکی وامان نییە کە گشتگیر یاخود یەکسان بێت بۆ هەردوو گروپەکە یان بۆ ساڵە جیاوازەکان. هەرچەندە، سەبارەت بە کۆمەڵە هێندێك وردەکاریی هەن کە بۆ کۆتایی جەنگی ئێران–عێراق (ساڵانی ١٩٨٥–١٩٨٦) دەگەڕێتەوە.[1] بەگشتیی، ١٧ حاڵەت ئامارەی بۆ کراوە کە لانیکەم ئامارە بە تەمەنی ئەندامەکە لەکاتی مردنیدا کراوە. ئەمانە ئەوەی لای خوارەوە ئاشکرادەکەن.

تێکڕای تەمەنی ئەندامەکان لەکاتی پەیوەستبوونیان بە کۆمەڵەوە لەسەروو ٢٧ساڵەوە بووە، تێکڕای تەمەنیشیان لەکاتی مردندا سەروو ٢٩ساڵە. هۆکاری سەرەکیی مردن لەلای هەشتیان وەك ئامارەی بۆکراوە بریتیبوو لە پێکدادان و شەڕکردن لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا، دووانیان لەزینداندا لەسێدارەدراون، یەکێکیان بەهۆکاری سروشتیی گیانی لەدەستداوە، شەش حاڵەتەکەی تر کەماونەتەوە هیچ ئامارەیەك بە هۆکاری مردنەکەیان نەکراوە. تەنیا زیاتر لەنیوەی حاڵەتەکان کە ئامارە بەشوێنی لەدایکبوونیان کراوە، هەشت کەس لەو ١٧یە لەکوردستان (سنە) لەدایکبوون، سیانیان سەر بە بنەماڵەیەکی وەرزێریی هەژاربوون، پێنجیان سەر بە بنەماڵەی شارنشین بوون کە یەکێکیان دکتۆرای هەیە، بەوەش گریمانەی ئەوە هەیە سەر بە چینی ناوەڕاست بن، هەروەها ئەوانەی ماونەتەوە سەر بەخێزانی هەژارن. ئەو حاڵەتانەی کە لەدەرەوەی کوردستان لەدایکبووبن: تاران دانەیەك، هەمەدان دانەیەك، تەبریز دوو دانە، بناب(ئازەربایجان) دانەیەك، بابۆڵ(مازندەران) دانەیەك، لەنگەرود(گیلان) دانەیەك، کرماشان دانەیەك. شوێنی لەدایکبوونی دووان لەوانە ئامارەیان بۆ نەکراوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەندامەتیی پێشوو لە گروپەکانی دیکە، بۆئەوانەی لەکوردستان لەدایکبوون لە ریزبەندییەکانی پێشوودا، تەنیا دووانیان پێشتر ئەندامی رێکخراوێکی جیاوازبوون، کە یەك لەوانە، مایەی سەرنجە، لە حدکاوە بەرەو کۆمەڵە رۆیشتووە. بەپێچەوانەوە، پێنج لەو حەوت کەسەی کە لەدەرەوەی کوردستان لەدایکبوون پێشتر ئەندامی رێکخراوی سیاسیی ئێرانیی غەیرە کوردیی بوون. لەوانە، دووانیان لە فیداییانی خەلقەوە هاتبوون، دوانیان لە رەزمەندەگان و دانەیەکیشیان لە پەیکارەوە.

مرۆ دەبێت فرە وریابێت کاتێك ئەنجامگیریی لەم لیستە بچووکەوە بکات و دەگونجێت بەرجەستەکەری پرۆفایلی ئەندامەتیی کۆمەڵە نەبێت لەماوەیەکی درێژخایەن و لەرەوشگەلێکی جیاوازدا. سەبارەت بەوانەی ئامارەیان پێدراوە دەتوانرێت ئەمەی خوارەوەیان لەبارەوە تێبینی بکرێت.

سەرەتا، بەڵگەیەك نییە، هەروەك پێشبینیی دەکرێت، کە گەشەکردنی بەرچاوی ژمارەی کوردە خوێندەوارەکان لەساڵانی ١٩٧٠کان سەرچاوەیەکی بۆ ئەندامگیریی گروپە رادیکاڵە ئێرانییەکان فەراهەمکردبێت. بەپێچەوانەوە، ئەوە کۆنە ئەندامانی ئەو گروپە ئێرانییانە بوون کە هاوشێوەییەکی فراوانیان لەگەڵ بڕواو شێوەکاری کۆمەڵەیە کە لەلایەن ئەوەی دواییانەوە راکێشران. ئەوەش ئامارەیەك پێکدەهێنێت کە مێژووی داتاکەی سەرەوە نزیکەی کۆتایی جەنگی ئێران–عێراق و رەنگدانەوەی نائامادەگیی رێژەیی کۆنترۆڵی حکومەتە لە کوردستان بەبەراورد بە شوێنەکانی دیکەی

---

[1] بەیاننامەی گیانلەدەستدان لەماوەی ١٢ مانگ (١٩٨٥–١٩٨٦) لە بڵاوکراوەی "کومونیست" ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەو بابەتانەی وەرگیراون لەماوەی ساڵی پێنجەم و شەشەم ژ:٣٩–٥٢.

وڵاتەکە. لەوەش زیاتر، ئەم تاقمە لە کۆنە ئەندامەکان هەموویان لەدەرەوەی کوردستان لەدایکبوون و هەموویان جگەلە دانەیەکیان سەر بە خێزانە هەژارە شارنشینەکانن، هەرچەندە، تەنیا یەکێکیان سەر بە خێزانێکە لەچینی ناوەڕاست.

دووەم، ئەوانەی کە لەکوردستان لەدایکبوون بەشێوەیەکی سەرەکیی هیچ وەفادارییەکی ڕێکخراوەییان نییەو زیاتر پێشخانێکی شارییان هەیە تا لادێیی.[2] ئەمە دەریدەخات کە تەواوی پرۆفایلی ئەندامەتییەکان سروشتی شارییانەی تێدا زاڵە لەگەڵ هێندێك نزیك لەنیوەیان ئەندامگەلێکی پێشووی گروپە غەیرە کوردییەکانن. لەراستیدا، بەپشتبەستن بەم حاڵەتانە، مرۆ دەتوانێت مشتومڕ لەوبارەیەوە بکات کە کۆمەڵە لانیکەم ڕێکخراوێکە ئەوەندەی هی چەکدارە کوردەکانە ئەوەندەش هی ئێرانییە رادیکاڵەکانە.

سێیەم، تێکڕای تەمەنی ئەوانەی بەکۆمەڵەوە پەیوەستبوون کە لەسەروو ٢٧ ساڵەوەن دەریدەخات ئەندامەتییەکی گەنجانەیە بەڵام پێگەیشتووە. لەراستیدا، لیستەکە تەنیا دوو حاڵەتی تێدایە کە لەخوار ٢٧ساڵەوەن. ئەوەش بەجۆرێك بەرزە بۆ دابینکردنی لێکدانەوەیەکی قنیاتکەری کەلێنی نەوەکان سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان حدکا و کۆمەڵە. دەگونجێت، ئەم لێکدانەوەیە هێزی خۆی لەو گۆڕانە توندانەوە وەرگرتبێت کە لەرەوشی ژیانی سیاسییەوە بەتێپەڕینی کات هاتبووەئارا. لانیکەم لەماوەی دەیەیەکدا، هەرچەندە، جیاوازیی هاوشێوە ئامادەگییەکی چالاکی هەیە لە سیاسەتی ئێرانییدا پێش شۆڕشی ١٩٧٩و هەروەها دەیەی پێش ١٩٨٦، ئەم لێکدانەوەیە پێویستی بە تێکڕای تەمەنێکە بۆ سەرەتای ئەندامەتیی لەلای حدکا کە ٣٤-٣٥ ساڵە. هەرچەندە دەگونجێت ئەمە مایەی باوەڕکردن نەبێت بۆ حیزبێك کە بەتوندی پشت بە پێشمەرگەکانی بۆ شەڕی بەرگریی دەبەستێت.

دەگونجێت مرۆ بتوانێت پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە لێکدانەوە نەوەیی دەبێت ئاماژە بۆ کەلێنی تەمەنی ڕێبەرایەتیی بۆ هەردوو حیزبەکە بکات چونکە ڕێبەرایەتیی کاریگەریی سەرەکیی لەسەر سیاسەت و بیروبڕوا هەیە. بەدڵنیاییەوە، دەشێت مرۆ پێشبینی ئەوە بکات کە ئەو ڕێبەرایەتییەی لە تاقمێکی تەمەن گەورەتر پێکبێن بەبەراورد بە بەدەنەی حیزب، بەڵام ئەمە بۆ ئەو دوو حیزبە دروستە بەنیسبەت ئەندامە تایبەتەکانیانەوە. هەرچەندە، چاودێری هۆکاریی دەریدەخات، کە کەلێنی تەمەنی ڕێبەرایەتیی لەنێوان دوو حیزبەکە لەوانەیە کەمتر بێت لە تێکڕای ئەوە لەنێوان ئەندامە تایبەتەکانی خۆیان.[3] کەس ناتوانێت بە قەناعەتەوە مشتومڕ لەوبارەیەوە بکات کە حیزبە سیاسییە کۆنەکان، بەچەشنی حدکا، لە حیزبە تازەکان کەمتواناترن لەبواری ڕاکێشانی ئەندامی گەنجتردا.

داتاکەی سەرەوە، لەراستیدا سنووردارە، وێڕای ئەوەش ناوەرۆکەکەی پێشانیدەدات کە کەلێنی نەوەکان زۆر بەباشیی هۆکارێکی سەربارە بۆ لێکدانەوەی هەرێمیی سەبارەت بەجیاوازیی سیاسەتەکانی حدکا و کۆمەڵە.

---

[2] ڕاکێشانی لاوانی کورد لەلایەن گروپە سیاسییە کوردییەکان هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەو نموونەی کۆچبەرییەی کە لەبەشی پێنجەمدا باسی لێوەکراوە کە لەچێوەی شارە کوردییەکاندا قەتیسبوو، هەروەها لەنێوان تەمەنی ١٥-٣٥ساڵدا.

[3] بۆنموونە، قاسملو لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران لەسەروبەندی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩دا تەمەنی ٤٨ ساڵ بوو. هەمان ڤوناغی تەمەن بۆ زۆربەی ئەوانەی لەڕێبەرایەتیی گروپە رادیکاڵەکانی ئێرانن، ئەوانەی کە بیروبڕواکانیان هاوشێوەی کۆمەڵەیە.

## رەوشی کوردستانی ئێران لەنێوان ١٩٤٦و ١٩٧٩

رووخانی کۆمارە کوردییەکە دەروازیەك بوو بۆ قۆناغێك لەخامۆشیی و تۆقاندن. جووڵانەوە کوردییەکە کەوتە قۆناغی ژێرزەمینیی و هەر بەرووداوەستانەوەیەکی رژێمی شا بەتوندیی سەرکوتدەکرا. هێمن نووسیوێتی کە لەساڵی ١٩٤٨دا، حدکا هێندێك چالاکیی نهێنی دەستپێکرد لەوانە چاپکردنی بڵاوکراوەیەك بەناوی "رێگا". هەمان کات، لە ئازەربایجانی سۆڤێت رۆژنامەیەك بەناوی "کوردستان" بڵاوکرایەوە. ئەوەی تەنیا لاپەڕەیەك بوو لەچوار لاپەڕە کەبەشێوەیەکی وەرزیی دەردەچوو، سێ لاپەڕەکەی دیکەیان بەزمانی ئازەریی و بەناوی "ئازەربایجان" بڵاودەکرایەوە. بەشە کوردییەکەی ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن ئەو لاوانەوە کە پێشتر نێردرابوونە باکۆ لەدەورانی کۆماردا پێکەوە کۆدەکرایەوە. لەنێوان ئەوانەی لە هێنانەکایەی ئەم بڵاوکراوەیەدا هەڵدەسوڕا غەنی بلوریان و عەزیز یوسفی بوون. هەرچەندە بڵاوکراوە یەك لاپەڕەییەکە نەدەگەیشتە دەستی کوردان لەئێران.[4] هەروەها بەرنامەیەکی کوردیی رادیۆیی هەبوو کە لە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە پەخشدەکرا.

لەساڵی ١٩٥٢دا، حیزبی دیموکرات رێبەرایەتیی جووڵانەوەی وەرزێرانی کرد لە بۆکان دژی موڵکدارەکان، ئەوەی کە بەتوندیی لەلایەن سوپای ئێرانییەوە سەرکوتکرا. هەرچەندە، گورزی مەزن لەجووڵانەوەکە ئەودەمە هات کە شای ئێران و مستەفا بارزانی لە کوردستانی عێراق گەیشتنە رێکەوتنێك کە لەبەرامبەر وەرگرتنی یارمەتی لە حکومەتی تاران، بارزانی رازیبوو هاوکاریی حکومەتی ئێرانیی بکات لەململانێکەیدا دژی حکومەتی عێراق و هەروەها لەگەڵ کوردانی ئێرانیشدا.

شا لەرێکەوتن لەگەڵ بارزانیدا چەند ئامانجێکی هەبوو، ئەو بڕوای وابوو کە بەم رێگەیە هەم گرفتەکانی حکومەتی عێراق زیاتر دەکات و، وادەکات جووڵانەوەکەی بارزانی پشت بە یارمەتییە ئێرانییەکان ببەستێت، بەوەش هەماهەنگیی نێوان کوردە ئێرانییەکان و عێراقییەکان لەبەیندەبات و هەروەها جووڵانەوە کوردییەکەی ئێران لاواز دەکات یان هەر دەیتوێنێتەوە. بارزانی جگەلە پارەو چەك و تەقەمەنیی، زانیاریی نهێنیشی سەبارەت بە جووڵەی یەکە سەربازییەکانی عێراق لەئێرانەوە وەردەگرت. هەمان کات، ئەو تەگەرەی خستەبەردەم جووڵانەوەی کوردەکانی ئێران و ئەندامەکانی حدکای دەگرت و دەیکوشتن. شاهەنشا لەکاتێکدا پشتگیریی بارزانی دەکرد دژی بەغدا، ناڕەزایەتییەکانی کوردی لەئێران دادەپڵۆسی. تەنیا سەرکردەیەکی کوردی عێراقیی کە بەتوندیی دژی هاوپەیمانێتیی نێوان شاو بارزانی بوو لەمەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە بوو، لەلایەن کەسانێکی وەك جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدەوە بوو.[5] هەرچەندە، لەمارتی ١٩٧٥دا، لەکۆبوونەوەی باڵای ئۆپێکدا، رێکەوتننامەی جەزائیر لەنێوان ئێران و عێراقدا مۆرکرا، کەبووەهۆی ئەوەی شا کۆتایی بەهاوکارییەکانی بۆ بارزانی بێنێت، بارزانی کە تائەوکاتەش بەتوندیی پشتی بەو هاوکارییانە دەبەست.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە، جووڵانەوەی کوردیی لەئێران لەژێر کاریگەریی جووڵانەوەی کوردیی لەعێراق بوو. لەهەمان کاتدا، رێبەرە کوردەکانی ئێران هەوڵیاندا خۆیان لەشێوە سونەتییە رێبەرایەتییەکەی بارزانی بەدووربگرن، لەبری ئەوە، خۆیان لە حیزبێکدا رێکخست کە دیدو بڕوایەکی نەتەوەیی سۆشیالیستیی هەبوو، هەروەها لەلایەن

---

[4] خاشەرەنگ، حاشیە بر مبارزە مردم کرد، لەرادیۆی "میهن پرستان"ەوە بڵاودەکرایەوە، ١٩٧٩،٢٠.

[5] هەمان سەرچاوە.

ڕێبەرایەتییەکی ڕۆشنبیرانەوە شارەکییەوە سەرکردایەتیی دەکرا. بەهەرحاڵ، چالاکییە سیاسیی و سەربازییەکانی حدکا دژی حکومەتی ناوەندیی لەحاڵەتێکی سنووردارا مایەوە.

لەساڵی ١٩٦٤دا، تاقمێك لە خوێندەوارە کوردەکانی حدکا، کە لەهەمان کاتدا ئەندامی حیزبی تودەی ئێران بوون، حیزبی تودەیان جێهێشت و ڕەخنەی ئەوەیان لێگرت کە بایەخی تەواو بە کێشەی کەمینە ئیتنییەکان نادات و خەباتی چەکداریی دژی ڕژێم لەتاران دەستپێنەکرد. لەدووەم کۆنگرەی حدکا، ئەو تاقمە دروشمی "دیموکراتی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان"یان بەرزکردەوە، هەروەها داوای خەباتی چەکدارییان دژی ڕژێم و دواجار دامەزراندنی حکومەتێکی فیدراڵی لەئێران کرد کە هاوشێوەی یۆگۆسلاڤیا بێت، بەوەی ئێرانیش وەك یۆگۆسلاڤیا کۆمەڵگایەکی فرە ئیتنییە. هەروەها ئەوان ڕەخنەیان لە حدکا گرت کە بەرنامەی دابەشکردنی زەویان لەکوردستاندا پشتگوێخستووە. ئەم هەوڵانە بووەهۆی هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینێك لە هەرێمی ورمێ کەلەلایەن حدکاوە ڕێکخرا کە بۆماوەی سێ ساڵی خایاند، لەوماوەیەدا ٥٣ ئەندامی حدکا کوژران. دەگونجێت تاڕادەیەك جێگەی سەرنج بێت تێبینی ئەوە بکرێت کە لەنێو ئەوانەدا چواریان ڕۆشنبیرو خەڵکی تاران بوون، سیانیان دوکانداربوون، پێنج کرێکار، حەوتیان مەلای خۆماڵیی بوون، هەروەها ١٨یان وەرزێرو شوان و سەرۆکخێڵ بوون.[6] هەرچەندە، بەهۆی چەند گرفتێکەوە، وردە وردە بەدەنەی سەرەکیی حدکا گۆڕانی بەسەردا هات و مەسەلەی کارو چالاکیی پێشمەرگانە بوو بە ئەندامگیریی لەنێو خوێندکارە کوردەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا. ڕێبەرانی کوردی ئێران هەرزوو درکیان بەوەکرد کە لەبەر هاوپەیمانی نێوان شاو بارزانی، ناتوانن هیچ کارێك بکەن بۆ پەلاماردانی ڕاستەوخۆی حکومەتی ئێرانیی. نموونەی جووڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لەئێران ئەو وانەیەی فێرکردبوون.

لەساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨، لەنێو حدکادا دابەشبوون ڕوویدا، بنکەی حدکا لەوکاتەدا لەعێراق بوو. دابەشبوونەکە لەسەر ئەو مەسەلەیە بوو کە داخۆ حدکا و ڕێبەرایەتییەکەی دەبێت بچێتەوە ئێران و چالاکی پێشمەرگانە دژی حکومەتی شا ئەنجامبدات. زۆرینەی حیزبەکە کەلەلایەن عەبدولڕەحمان قاسلووە ڕێبەرایەتیی دەکرائەم بۆچوونەیان ڕەتکردەوە، مشتومڕیان لەوبارەیەوە ئەوەبوو، کە بەلەبەرچاوگرتنی هاوپەیمانی شاو بارزانی، جووڵانەوەکە دەرفەتێکی لەسەرڕێ ڕاوەستانی نییە و لەماوەیەکی کەمدا تێکدەشکێنرێت. سەرەڕای ئەم ئاگادارکردنەوەیە، تاقمێك لە ئەندامانی حدکا لەوانە مەلائاوارە و عەبدوڵڵای موعینی (خوێندکار) و شەریفزادە(ئەندازیاری ئەلەکتریك) حیزبیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ ئێران. تاقمەکە ناوی خۆیان نا "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانەی حدکا" کاری بۆئەوەکرد بۆ ماوەی ساڵێك لەئێراندا بمێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵك بۆخۆی بەدەستبێنێت. لە ڕەوشێکی مەترسیدارو نالەباردا مانەوە، دواجار جووڵانەوە چەکدارانەکە لەلایەن لەشکری ئێرانەوە تێکشکێنرا و تەواوی هەرسێ سەرکردەکەی کوژران.[7]

هەمان کات، بارزانی هاوکارییکردنی ئەو کارە چەکدارییەی لەئێراندا ڕەتکردەوە. لەوەش زیاتر، تەگەرەی خستەبەردەم چالاکییەکانی ئەو چالاکوانانە لەعێراق. کاریگەریی نەرێیی کە بارزانی لەسەر جووڵانەوە کوردییەکەی

---

[6] Ervand Abrahamian, Iran between Two Revolutions (Princeton, NJ, 1982), 453.

[7] Abdul Rahman Ghassemlou, 'Kurdistan in Iran,' in Gerald Chaliand (ed.), People without a Country (London, 1980), 124–5

ئێران هەیبوو لەوماوەیەدا دەتوانرێت بەو رووداوە روونبکرێتەوە کە تێیدا فەرمانی بە تیرەبارانکردنی یەك لەسەرکردەکانی حدکا کرد کە سولێمانی موعینی بوو(برای عەبدوڵڵای موعینی) کە لەهەوڵی ئەوەدابوو بەرەو ئێران لەسنوور بپەڕێتەوە. تەرمەکەی سولێمان رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانیی کرایەوەو لەماوەی چەندین رۆژدا لەشارە کوردییەکانی ئێران بەناو خەڵکدا دەیانگێڕا.[٨] هێزەکانی بارزانی بەرپرسبوون لە گرتن‌و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حدکا.[•] پیاوەکانی بارزانی لەبۆنەیەکدا ٤٠ ئەندامی حدکایان قۆڵبەستکردو رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانیان کردنەوە.[٩] ژمارەیەکی زیاتری دیکە قۆڵبەستکران، کوژران، یان خۆیان شاردەوە.

لەم کاتەدا، هەوڵە سەرەکییەکانی رێبەرانی کورد بەئاراستەی پرۆپاگەندەکردن بۆ کێشەی کورد لەنێو جەماوەری کورد لەشارەکان‌و شاخەکان‌و هەروەها دامەزراندنی بنکە لەناوچە کوردییەکان لەئێران تەرخانکرا. ئەم هەوڵانە ویستی رێبەرانی کوردی ئێران پیشاندەدات بۆ خۆدوورکردن لە عێراق‌و پتەوکردنی جووڵانەوە سەربەخۆکەی خۆیان. لەگرتنەبەری ئەم هەڵوێستەدا، هۆکاری گرنگ بریتیبوو لە فەزای سیاسیی لەئێران. لەراستیدا، کوردان لەئێران هاوبەشییەکی زیاتریان لەگەڵ کەمینە ئیتنییەکانی ناوئێراندا هەبوو وەك ئەوەی لەگەڵ کوردانی عێراقدا هەیانبێت. کوردان لەئێران بەهەمان رادەو شێواز پشکیان لەو سەرکوتکارییە سیاسیی‌و پەراوێزخستنە ئابوورییەدا هەبوو کە بۆ نموونە، بلوچەکانی بلوچستان لەئێران تووشی هاتبوون. ئەمەش بەشێوەیەکی هەندەکیی شرۆڤەیدەکات بۆچی جووڵانەوەی نەتەوەیی لەکوردستانی ئێران ئامانجگەلێکی تایبەت‌و جیاوازو هەروەها تاکتیگەلێکی زیاتریان لەوانەی کوردی عێراق هەیە. بۆنموونە، یەك لەو جیاوازییانە لەنێوان هەردوولادا بریتیە لە ستاتیۆی کۆمەڵایەتیی رێبەرانی نەتەوەیی کوردییە لەئێران‌و لەعێراق. لەکاتی دامەزراندنی کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦ەوە، ناوەرۆکی رێبەرایەتیی نەتەوەیی کوردیی لەئێران هەمیشە رۆشنبیرانی شار بوون. لەعێراق، وێڕای بەهێزیی، رێبەرایەتیی جووڵانەوە کوردییەکە تائەندازەیەکی زۆر لەلایەن کەسایەتییە خێڵەکییە سوننەتییەکانەوە دابیندەکرا.

لەوەش زیاتر، هەمیشە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کوردو فارسەکاندا هەبووە. زمانی کوردیی نزیکایەتیی لەگەڵ زمانی فارسییدا هەیەو کوردان چەندین ئەزموونی هاوبەشی مێژوویان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەدا هەیە. ئەوەش بەشێوەیەکی هەندەکیی ئەوە روونەدەکاتەوە کە بۆچی داواکارییە سیاسییەکەی رێبەرانی کوردیی لەئێران هەمیشە خودموختاری بووە زیاتر لەوەی سەربەخۆیی کوردیی بێت.لەوەش زیاتر، هەوڵگەلێك هەبوون کە کوردان

---

[8]. Ibid., 125.

[•] دکتۆر مەحمود عوسمان لەل٢٨-٢٩ی نامیلکەی "هەڵسەنگاندنی رەوش‌و هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد، دەرس‌و پەندەکانی" لەژێر سەردێڕی "پەیوەندیە کوردستانیەکان" دەڵێت:" سەرکردایەتی بارزانی بەهۆی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی‌و کورت بینی سیاسی‌و باوەڕنەهێنانی بەگیانی نەتەوایەتی‌و توانای خۆیی گەلی کوردەوە ئەو تەکتیکەی بەجۆرێکی ترسناك تێپەڕاند. بۆنموونە ژمارەیەك تێکۆشەری نیشتیمان پەروەری کوردستانی ئێران بەداوای دەسەڵاتدارانی ئێران تەسلیم کردنەوەو بەشێکی تریان بەدەستی ئەم سەرکردایەتیە شەهیدکران، لەوانە سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبەر هەمان هۆ...هتد. لەکاتێکدا ئەوانە پەنایان بۆ شۆڕش هێنابوو. هەروەها ئەم سەرکردایەتیە چەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی رەوانەی ناو ئێران کرد تاهاوکاری هێزەکانی ئێران بکەن بۆ سەرکوت کردنی هەندێ چالاکی چەکداری خەباتگێڕانی کوردستانی ئێران. ئەم رووداوانە خاڵی وەرچەرخاندن بوون لەپەیوەندییەکانی شۆڕشدا کەلەگەڵ ئێران شێوەی نۆکەرایەتی وەرگرت.".

[9]David McDowall, The Kurds: A Nation Denied (London, 1992), 70.

رابکێشرێنە نێو دەزگای فەرمانڕەوایەتیی وڵاتەکەوە. چەند سەرۆکێکی کورد پێگەی گرنگیان لە حکومەتدا پێدراو چەندین بەرژەوەندییان بۆ دابینکردن، بۆ نموونە، ئەوانە پاش ریفۆرمی زەوی ساڵی ١٩٦٢ڕێگەیان پێدرا زەوییەکانیان بپارێزن. لەماوەی حوکمی شادا، کوردانێك لەنێو ئەندامانی پارلەمان، ئەفسەرانی بەرزی سوپا، هەروەها تەنانەت وەزیری دەرباریش. هەرچەندە، مرۆ دەبێت زێدەڕۆیی نەکات تاکو ئەو ئاستەی کە کورد بووبێتنە بەشێك لە چینی فەرمانڕەوا. ژمارەی ئەو کوردانەی پلەو پایەی بەرزیان هەبوو سنوورداربوون و کوردان بە گۆشەگیریی مابوونەوە. بەپێچەوانەوە، جێگەی سەرنجە تێبینی ئەوە بکرێت کە وێڕای ئامادەگیی بەهێزو شوناسی بەرجەستەی زمانیی لەئازەربایجان، نەتەوایەتیی ئازەریی بەشێوەیەکی رێژەیی لەئێراندا ئامادەگیی نییە. هۆکاری ئەمەش زۆرن، کە گفتوگۆ لەسەرکردنیان لەدەرەوەی بواری ئەم کتێبەیە. بەڵام ئەو راستییەی کە ئازەرییەکان هەمیشە پێکهاتەیەکی گرنگیان لە بژاردەی سیاسیی و سەربازیی و بیزنس و خاوەندارێتی زەوی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئێراندا پێکهێناوە، بەشێکی سەرەکیی ئەم لێکدانەوەیە. لەلایەکی دیکەوە، بژاردەی کوردیی بەشێوەیەکی کاریگەر رێگەی پێگە بەرزەکان و بازنەی دەسەڵات و سامانی لەئێراندا لێگیرا. کۆڵینەوە سەبارەت بە وڵاتەکانی تر ئەم هۆکارە وەك هۆیەکی سەرەکیی پشکوتن و بڵاوبوونەوەی نەتەوایەتیی دەردەخات.[10]

## نەتەوایەتیی کوردیی لەسەروبەندی شۆڕشی ١٩٧٩دا

پاش ٣٣ ساڵ چالاکیی ژێرزەمینی، حدکا لە مارتی ١٩٧٩دا، بەشێوەیەکی ئاشکرا بارەگای سەرەکیی خۆی دامەزراند. رێبەرانی حیزب لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لەمەهاباد بەرنامەی حیزبەکەیان سەبارەت بە خودموختاری کوردیی لەئێران راگەیاند. شۆڕشی ١٩٧٩ دەرفەتێکی زێڕینی خستەبەردەم نەتەوەخوازانی کورد، ئەوانەی کارو هەڵسوڕانیان لەساڵی ١٩٧٩دا، رێکخراوترو روونتر بوو لەچاو ساڵی ١٩٤٦دا. لەماوەی رۆژانی شۆڕشەکەی ١٩٧٩دا، چ هێزێکی پۆلیس و ژاندارم لەهەرێمە کوردییەکە نەبوون. لەشکر بەهۆی هەڵاتنی سەربازەکانیەوە گەڕابوونەوە نێو پادگانەکان. هێزە سیاسییەکانی نێو کوردستان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو، کاریگەرانەش هەرێمەکەیان بەڕێوەدەبرد. ئەنجومەنە شۆڕشگێڕییەکان، یەکێتییە پیشەییەکان، یەکێتییە جووتیارییەکان دامەزرێنران و شوێنی دامەزراوە حکومییەکانیان گرتەوە. کوردستان بووە بنکەیەکی سەرەکیی لەبەرهەڵستیکردنی رژێمی شادا.

لەیەنایەری ١٩٧٩دا، کوردان پادگانی سەربازیی و بارەگای ژاندارمەریان گرت و بڕێکی زۆر چەکیان دەستکەوت. حکومەتی شۆڕشگێڕیی لەتاران بەڵێنی پشتگیرییکردن و رێزلێگرتنی مافی گروپە ئیتنییەکانی لەسەراسەری وڵاتەکەدا دا. ئەمە بێگومان بۆ کوردان هاندەرێك بوو. لەئەپڕڵی ١٩٧٩دا، حدکا بەپشتگیریی رێکخراوە کوردییەکانی دیکە، بەرنامەی خودموختاری خستەبەردەم ئایەتوڵا خومەینی لە قوم. ئەم بەرنامەیە بەباشیی لەلایەن زۆربەی گروپە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانەوە پێشوازیی لێکرا، هەشت خاڵی بەرنامەکە بریتیبوو لە:

---

[10] هەروەها هۆکاری هاوشێوە سەبارەت بەلاوازبوونی نەتەوایەتیی سکوتلاندی لە بریتانیا پێشکەشکراوە لەلایەن:
T. Nairn, The Break-up of Britain (London, 1977).

١– دەبێت سنوورەکانی کوردستان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دیارییبکرێت و پێویستە هەلومەرجە مێژوویی و ئابووریی و جیۆگرافییەکان لەبەرچاوبگیرێت.

٢– لەکاروباری پێوەندار بە بەرگریی، کاروباری دەرەوە، بەرنامەدانانی درێژخایەنی ئابووریی، کوردستان پەیڕەویی لەبڕیارەکانی حکومەتی ناوەندیی دەکات. بانکی ناوەندیی ئێرانیی کۆنترۆڵی کاروباری دراو دەکات.

٣– پێویستە پارلەمانێکی کوردیی هەبێت کە ئەندامەکانی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێن، ئەوەی دەبێت ببێتە باڵاترین دەسەڵاتی شەرعیی لەهەرێمەکەدا.

٤– هەموو دەزگاکانی حکومەت لەهەرێمەکەدا بەشێوەیەکی خۆجێ بەڕێوەدەبرێن تاکو ئەوەی لە پایتەختەوە بێت.

٥– دەبێت سوپا هی گەل بێت و پۆلیس و ژاندارم هەڵوەشێنرێنەوە و گاردی نیشتیمانی شوێنی ئەو هێزانە بگرێتەوە.

٦– زمانی کوردیی دەبێتە زمانی حکومەتە خودموختارەکەو لەتەواوی قوتابخانەکاندا زمانی خوێندن و پەروەردە دەبێت، زمانی فارسیش هەروەك زمانێکی فەرمیی بەردەوام دەبێت.

٧– تەواوی کەمینە ئیتنییەکان لەکوردستاندا بەهرەمەند دەبن لەمافی یەکسان و ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی خۆیان پێدەدرێت و ڕێز لە کەلتوورو داب ونەریتەکانیان دەگیرێت.

٨– ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوەو مافی کۆڕۆ کۆبوونەوەو چالاکیی یەکێتییە پیشەییەکان زامنبکرێت. خەڵکی کورد مافی ئەوەی هەیە ئازادانە سەفەر بکات و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی دەستنیشانبکات.[١١]

هەر لەسەرتاوە کێشەی کورد حکومەتی شڵەژاند. ئایەتوڵا خومەینی بەرنامەکەی ڕەتکردەوەو وتی داواکانیان مایەی پەسەندکردن نییە. ڕێبەرانی کورد بەردەوام نکۆڵییان لەو تۆمەتە دەکرد کە کوردان هەوڵی سەربەخۆیی دەدەن. جەخت لە دیموکراتی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، کرایەوە. کوردە نەتەوەییەکان لایەنگرییان لەوەدەکرد کە کاروباری سیاسەتی دەرەوە، دارایی و هەروەها بەرگریی و سوپا لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندییدا بێت بەڵام کۆنترۆڵی سیاسەتی خۆجێی و کارگێڕی هەرێمیی بۆ کوردان جێبهێڵرێت. هەرچەندە، ڕەوشەکە بەو ئاراستەیەدا تێنەدەپەڕی کە زۆربەی ڕێبەرانی کورد هێوایان پێی بوو. فەزای سیاسیی بەخێرایی گۆڕانی بەسەرداهات، هەروەها حکومەت ڕۆژانە ڕێگەی لەچالاکییە دیموکراتییەکانی دەگرت و بورای لێ تەسکدەکردەوە. هەرزوو ڕوون بووەوە کە حکومەت مەبەستێکی نییە خودموختاری بدات بە هیچ یەك لە گروپە ئیتنییەکان، بەتایبەت کورد، شەڕ لەنێوان پێشمەرگەی کوردو پاسدارانی شۆڕشدا دەستیپێکرد.

---

[11] Times, March 4, 1979.

## نەتەوایەتیی شوانکارەیی لەئاست کۆمۆنیزمی کوردیی یان حدکاو کۆمەڵە

### وێنەیەکی گشتیی

لەسەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لەئێران، جووڵانەوەی کوردیی وەك جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی پێگەیشتوو دەردەکەوت بەگوێرەی هەموو پێودانگەکان، چ لەرووی ئامانجەکان، داواکارییەکانو هەروەها زمانو وتارەوە، لەشێوەی رێبەرایەتییکردنەکەی، بەتایبەت پەیوەندییەکەی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. جووڵانەوەکە گەیشتە قۆناغێك کە لەلایەن میرۆسلاڤ هۆرچەوە، بە دوا قۆناغ لە سێ قۆناغەکەی پرۆسەی پێگەیشتنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی وەسفکراوە. ئەو باسی لەجووڵانەوەی نەتەوایەتیی کردووە بەوە سەرەتا بەشێوەی بەئاگاهاتنەوەو هۆشیاربوونەوەی نەتەوەیی لەنێو تاکگەلێکی دیارییکراوی گروپێکی ئیتنییدا دەستپێدەکات، پاشتر پەردەسێنێت بۆ جووڵانەوەیەکی "بەئاگاهاتنەوەو هوشیاربوونەوەی" نەتەوەیی گروپە ئیتنییەکە کە لەلایەن بژاردە نەتەوەییە رێکخراوەکەوە بانگەشەی بۆکراوە، ئەوانەی چەندە بۆیان بکرێت خەڵك رادەکێشنە ناو جووڵانەوەکەوە، دواجار جووڵانەوەکە دەگاتە دواقۆناغی خۆی کە زۆرینەی کەمینە ئیتنییەکە دەگەنە تێگەیشتنێکی چالاك سەبارەت بە شوناسی نەتەوەییو بەشدارییان لە جووڵانەوە نەتەوەییەکەدا، بەوەش جووڵانەوەی جەماوەریی پێکدێت. هەروەك هۆرچ راڤەیدەکات، ئەوە تەنیا لەم دوا قۆناغەدایە کە ستراکتۆرێکی تەواوی کۆمەڵایەتیی دێتەئاراو جووڵانەوەکە بەسەر باڵە جیاوازەکانی وەك: کۆنسێرڤاتیڤو لیبراڵو هەروەها دیموکراتدا دابەشدەبێت، کەهەریەك لەوانە بەرنامەو پێڕۆی تایبەت بەخۆیان هەیە.[١٢]

لەم چەند پەڕەیەی دێت، پەرەسەندنی جووڵانەوە کوردییەکەو ئەو رووداوانەی کاریانتێکردووە دەخەمەبەرچاو، لەرێگەی شیکاریی رێکخراوە سیاسییە نەتەوەییەکان. هەوڵدەدەم راڤەی ئایدیۆلۆجییان، وتاریان، بەرنامەیان، بە بەرنامەی زەوییوزاریشیانەوە، ئامانجیان، هەروەها داواکارییە سیاسییەکانیان بکەم. لەوەش زیاتر، بۆئەوەی چەسپاوی ئارگومێنتەکەی خۆم سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان پەرەسەندنە ئابووریی و کۆمەڵایەتییو سیاسییەکان لەکوردستاندا پێشانبدەم، تیشك دەخەمە سەر ئەو پەیوەندییەی کە هەیە لەنێوان دەربڕینە سیاسییو ئایدیۆلۆجییەکانی ئەم گروپانەی وەرگیراون لەگەڵ ناوچەی جیۆگرافیی نفوزو کاریگەرییان. ئەمە گرنگە، لەبەرئەوەی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان پەرەسەندنی جیاوازی ئابووریان تەیکردووە، ئێمەش ئەوە دەبینین کە چۆن نەتەوایەتیی کوردیی بەگوێرەی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان دیدو بڕوای جیاوازی گرتۆتەبەر. رادەی فراوانبوونو پەرەسەندنی کشتوکاڵو پیشەسازیی، هەروەها پەیوەندییەکانی بازاڕ لەنێو کۆمەڵگەدا هانی پەیوەندییگەلێکی کۆمەڵایەتییو سیاسیی دەدات لەنێو کۆمەڵگەدا. شیکارییەکی رێکخراوەی سیاسییە کوردییەکان لەهەرێمە جیاوازەکاندا بەڵگەو نیشانەی ئەوەن کە چۆن ئابووریی و ئایدیۆلۆجیی پێکەوە دوو رووی تەریب بەیەکن.

ئەو رێکخراو کەسایەتییە سەرەکییانەی کەلەسەروبەندی شۆڕشدا بۆ کێشەی کورد دەجەنگان بریتیبوون لە حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدکا)، رێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە)، وکەسایەتیی ئاینیی سوننیی شێخ عیزەدین حوسەینی. هەروەها رێکخراوە سیاسییەکانی دیکەش هێندێك نوێنەریان هەبوو. لەکاتێکدا کە

---

[12] Miroslav Hroch, 'From National Movement to the Fully Formed Nation, the Nation-Building Process in Europe,' NLR, No. 198 (March/April 1993), 7.

حدکا و کۆمەڵە بەرجەستەی توێژی جیاوازیان لە جووڵانەوەی کوردییدا دەکردو ناوچەی نفوزی جیاوازی خۆیان هەبوو، من بەوردەکارییەکی زیاترەوە گفتوگۆ لەسەر ئەم دووانە دەکەم، هەروەها پێویستە ئەوە وەبیربهێنرێتەوە کە تەواوی رێکخراوە سیاسییەکان لەکوردستان بە دروشمی "دیموکراتی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" رازیبوون.[13] هەرچەندە، سەبارەت بە مەسەلەکانی وەك: ئایدیۆلۆجی سیاسیی، نوێنەرایەتییکردنی گەلی کورد، دانوسان لەگەڵ حکومەت، دابەشکردنی زەوی‌وزار دا جیاوازبوون. مەسەلەکەی دواییان بەشێوەیەکی تایبەت گرنگبوو لەپێشاندانی کاریگەریی لۆژیکیی ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی و ئابووریی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان لەسەر سیاسەتی حیزبە چالاکەکان لەم هەرێمانەدا. لەبەر ئەم هۆیە، هەوڵدەدەم هەموو ئەو بەڵگانە پێشانبدەم کە توانیومە سەبارەت بەجیاوازییەکان لە بەرنامەی دابەشکردنی زەوی و هەڵوێست لەهەمبەر چینە موڵکدارەکان لەلایەن ئەو دوو حیزبە کوردییە سەرەکییەوە کۆبکەمەوە. پێش راڤەکردنی ئەم مەسەلانە، تەماشایەکی پێشخانی ئەم گروپانە دەکەین لەگەڵ ئەو هۆکارانەی وایکردووە زیاترین پشتگیریی و کاریگەرییان هەبێت.

### دابەشبوونی جیۆگرافیی رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان

زۆربەی سەرچاوەکان دەیسەلمێنن کە قەڵای حدکا لەمەڵبەندەکانی باکوورو باکووری رۆژئاوای کوردستانی ئێرانە. ئەمە ناوچەیەکە کەمەهاباد ناوەندەکەیەتی و بەرەو باشوور تا بۆکان و سەقز درێژ دەبێتەوە. لەباشوورو باشووری رۆژهەڵات، ئێمە ئاماژە بەهەرێمێك دەکەین کەچەند شارێکی سەرەکیی وەك مەریوان و پاوەو سنەی لەخۆگرتووە. باشوورو باشووری رۆژهەڵات ئەو هەرێمەیە کە رێکخراوە کوردییە سەرەکییەکەی تر کە کۆمەڵەیە، پێگەی سەرەکیی خۆی تێدا دامەزراندووە.[14] هەروەك لەبەشی پێنجەمدا گفتوگۆمان لەبارەوە کردووە، زنجیرە چیای زاگرۆس بەتوندیی هەرێمەکانی کوردستانی لەئێران بۆ دوو بەشی لەیەك جیا دابەشکردووە. بەرەو رۆژهەڵات خاکی تەختان و کشتوکاڵیی و گەورە موڵکدارێتیی تێدا زاڵە، لە رۆژئاوەو بەرەو باکووریش، هەرمێکە زیاتر شاخاوییەو پارچە زەوی بچووکی تەختانی هەیە کە بۆتە هۆی پەرەسەندنی لۆجیکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی خۆژێن وەك چالاکییەکی ئابووریی سەرەکیی.

مەڵبەندەکانی باکوورو باکووری رۆژئاوای کوردستان قەڵەمڕەوی حدکابوو، ئەو حیزبە کوردییە لەوێ بالادەستییەکی سیاسیی و سەربازیی هەبوو.[15] ئەم ناوچەیە بەگشتیی لەرووی کشتوکاڵییەوە کەمتر پەرەسەندووە، لەرووی مێژوویشەوە کاریگەریی سیاسیی و کەلتووریی خێڵەکیی تێدا زاڵ بووە. نەتەوایەتیی کوردیی کە لەبنەڕەتدا لەم هەرێمەوە دەستپێکردووە زیاتر بەرگێکی میانەڕەوتر یان بە پێی پێناسەیەکی دیکە زیاتر کۆنسێرڤاتیڤی کردۆتەبەر.

---

[13] لەکاتێکدا بەراوردکاریی دەرکەوتنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی لەگەڵ ئەوانەی کەمینەکانی ئێراندا پێویستی بە بابەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام هێندێك نووسەر ئاماژەیان بە لێکچوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی بەدەر لەسەر بەخۆیی و لەخەباتی بۆ خودموختاری لەگەڵ ئەوەی بلوچەکان و عەرەبەکانی خوزستاندا. بڕوانە:
Fred Halliday, Dictatorship and Development (Harmondsworth, 1979), 221–5.

[14] بڕوانە ئەو بڵاوکراوەیەی لقی جووتیارانی فیداییانی خەلقی ئێران سەبارەت بە رەوشی کوردستان (١٩٧٩).

[15] ئەمە مانای ئەوە نییە کە حدکا لەباشووری کوردستان کاریگەریی نییە. حدکا وەك گەورەترین و سەرەکیترین رێکخراوی نەتەوەیی کوردیی لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا حزووری هەیە، بەڵام لەباشووری دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیکە دابەشکردووە.

سیاسەتەکانی ئەم حیزبە زیاتر بە ئاراستەی ململانێ لەنێوان گەلی کوردو حکومەتی ناوەندییدا دەڕوات. ڕێبەرایەتی حدکا بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاماژەیەکی کەمتری بە بابەتگەلێکی چەشنی دابەشکردنی زەوی‌وزار داوە، ئەوەی ململانێیەکی چینایەتیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردییدا دەگرێتەخۆ.

هەرچەندە، بەشەکانی باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ نموونە هەرێمی سنە، بابەتە سیاسییەکان، بیرۆکەی ململانێی چینایەتیی و ئایدیۆلۆجیای مارکسییان لەخۆگرتووە، ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکیی لەلایەن کۆمەڵەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا فرە بەرچاو بوو. ئەوەی کە پێویستە مشتومڕی لەبارەوە بکەم ئەوەیە کە، لەو هەرێمانەی کوردستان کە تێیدا زیاتر کشتوکاڵ و پەیوەندییەکانی بازاڕ بەربڵاوە، تێکۆشان لەپێناو دانپێدانانی مافە نەتەوەییەکان شانبەشانی خەباتی چینایەتیی لەنێو کوردستاندا بەڕێوەدەچوو. ئەوەی کە گرنگە تێبینی بکرێت ئەوەیە کە نەتەوایەتیی کوردیی بەشێوەیەکی جیاواز پەرەیسەندووە لەو شوێنانەی کەستراکتۆرێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی جیاوازیان هەیە. ئەو هەرێمەی کە ناوکی ڕێکخراوی نەتەوایەتیی کوردیی لێبووەو مێژوویەکی درێژی لە خەباتی نەتەوایەتیی هەیە هەمان ئەو هەرێمەیە کە پەیوەندییەکانی بازاڕ تێیدا لاوازو سوننەتین، تاڕادەیەك کاری بەکرێ ی کەمە، هەروەها تەنانەت گەورە موڵکدارێکی کەمیشی هەیە.

خوازیارم مشتومڕ لەوبارەیەوە بکە کە هۆکارەکانی نەتەوایەتیی کوردیی لەم هەرێمەوە ڕیشەیان گرتووە، هەروەها تایبەتمەندیی رابردووو شێوەی ئەمڕۆی بەشێوەیەکی مەزن پشت بە سروشتی شاخاویی ئەم هەرێمە دەبەستێت. لەڕووی ئابوورییەوە بەهۆی کەمی زەوییە گەورە کشتوکاڵییەکان، هەرێمەکە پشتی بە کشتوکاڵیی خۆژێنیی و ئاژەڵداریی بەستووە وەك چالاکییەکی سەرەکیی ئابووریی، لەبەرئەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەلەکە هەروەك لەبەشی پێنجەمدا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، بەئاراستەیەکی نادوژمنانەدا ڕۆیشتووە، لەبنەڕەتدا ئاژەڵداریی و کشتوکاڵیی خۆژێن پەیوەندییەکی یەکسانییتر لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەکەدا فەراهەمدەکات. لەنێو کۆمەڵگەی ئاژەڵداریی کوردستاندا، جگە لە دەستەیەکی کەمی خێزانی زۆر دەوڵەمەند نەبێت، باقی دیکەی کۆمەڵگەکە هەمان ڕەوشی ئابوورییان هەیە.[16] لەوەش زیاتر، لەڕووی سیاسییەوە، ناوچە شاخاوییەکان مانای داخراوی هەرێمەکەیە بەڕووی هێزە دەرەکییەکاندا، وەك لەشکری حکومەت، هەروەها ڕێگە بە هاتوچۆی سەربەستانەی هێزەکانی دژە حکومەت دەدا. ئەم ڕەوشە بووەهۆی هەماهەنگیی لەنێو کۆمەڵگە دژی حکومەتی ناوەندیی، ئەوەی کە وەك هۆکاری سەرەکیی گرفتەکانی کوردستان تەماشادەکرا. لەوەی کەدێت دەرکەوتەکانی ئەو چەشنە میانەڕەویە کۆنسێرڤاتیزمەی حدکا و هەروەها پێچەوانەکەی کە رادیکاڵیزمەکەی کۆمەڵەیە لێکدەدەمەوە.

---

[16] هەرکەس بەنێو هەرێمەکانی کوردستاندا گەشتێکی کردبێت، بەتایبەتی لەباکوور، زۆر بە زەحمەت جیاوازیی لە ئاستی گوزەرانی ئاژەڵدارێك یان جووتیارێکی هەژارو کەسێکی دیکەدا دەبینێت کە حاڵی باش بێت. ئەوەی من خۆم لەسەرەتای ساڵانی ١٩٨٠کاندا تێبینیمکردووە بەدڵنیاییەوە پشتگیریی لەم بۆچوونەدەکات. هەروەها بڕوانە: ویژەنامە کردستان، نشرنامە فیدایان خلق ایران، پاریس، ١٧،١٩٨٣.

**پێشخانی سیاسیی و ڕێبەراتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ( حدکا )**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) کەلەساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە، حیزبی رابەریی بوو لەماوەی ڕووداوەکانی کۆمارەکە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦ەوەو هێشتا وەك هێزێکی سەرەکیی لەکوردستانی ئێراندا ماوەتەوە. ڕابەری ئەم حیزبە هەر لە ساڵی ١٩٧٣وە تاکو ١٩٨٩ مامۆستایەکی پێشووی زانکۆ بوو کە عەبدولڕەحمان قاسملویە.[17] شایەنی سەرنجە تێبینی ئەوە بکرێت کە رابردووی قاسملو بۆ تێگەیشتن لەئاراستەی حیزبیی پێکهاتەی شارەکیی ناخێڵەکیی نەتەوایەتیی کوردیی بوو. ئەو لەساڵی ١٩٣٠دا لەبنەماڵەیەکی موڵکدار هاتبووە دنیاوە، پاش ڕووخانی کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٧دا، ئێرانی بەرەو فەرەنسا بەجێهێشت، پاش ئەوە بەماوەیەکی کەم چووە پراگ، لەوێ بە هزری سۆشیالیستییەوە پەیوەستبوو. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران لەسالآنی ١٩٥٠کانو پاش کودەتای (CIA) دژی حکومەتە مللییەکەی موسەدیق، ئەو گیراو بۆ ماوەی دووساڵ زیندانی کرا،* ئەو لەساڵی ١٩٥٧دا بۆ دووەمین جار گەڕایەوە پراگ، نامەی دکتۆرای لەبواری ئابووریدا بەدەستهێناو دواتریش لەوێ ئەو بابەتەی وەك وانە لە زانکۆ دەوتەوە، ئەو بە جووڵانەوەی "بەهاری پراگ"ەوە پەیوەستبوو، بەڵام جارێکی دیکە پاش داگیرکارییەکەی سۆڤێت شارەکەی جێهێشتەوە. ئەو لەساڵی ١٩٧٣دا بەرابەری حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا. لەتەمەنی ٤٨ساڵی، ماوەیەکی کەم پێش شۆڕش لە ١٩٧٨-١٩٧٩ گەڕایەوە بۆ ئێران بۆ ڕێبەرایەتی حدکا، کە بەشێوەیەکی خێرا لە ڕێکخراوێکی تاڕادەیەك بچووکی نهێنییەوە گۆڕا بۆ حیزبێکی جەماوەریی خاوەن ئەندامگەلێکی زۆرو بەرنامەیەکی ڕوونو ماقووڵ سەبارەت بە خودموختاری کوردیی. لەساڵی ١٩٨١دا بە (شورای ملی مقاومت/ ئەنجومەنی بەرگریی نەتەوەیی)ی موجاهیدینی خەلقەوە لەپاریس پەیوەستبوو. بەڵام لەساڵی ١٩٨٤ پاش ناکۆکییەك لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا ئەو ئەنجوومەنەی جێهێشت.

دروشمی سەرەکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەئێران هەر لەدامەزراندنییەوە بریتیبوو لە "دیموکراتی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" بیربڕوای سیاسیی قاسملو کاریگەرییەکی نکوڵیلێنەکراوی لەسەر حیزبەکە هەبوو. حدکا پشتگیریی سەرەکیی لە ڕۆشنبیرانی سەر بەچینی ناوەندی شارەکییەوە بوو(مامۆستایان، خوێندکارانی زانکۆ، بازرگانان، هەروەها کارمەندی حکومیی) لەگەڵ بژاردە خێڵەکییەکان.

حدکا زیاتر وەك هێزێکی لیبراڵ کۆنسێرڤاتیڤ بینراوە تائەوەی ڕادیکاڵ بێت، ئەو بەرنامەیەکی توندی دابەشکردنی زەویوزاری نەبوو، بەرنامەکەشی لەسەر بنەمای یەکێتیی کرێکارانو جووتیاران دژی موڵکدارنو خاوەن کارگە پیشەسازییەکان دانەنراوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە بایەخدان بەریفۆرمی زەوییەوە هەبوو، بڵاوکراوەکانی حیزبەکە ئاماژەی بەوەدەدا کە حیزب بەئاگایە لە گرنگیی ریفۆرمی نوێی زەوی، بەڵام بۆچوونێکی جیاوازی لەوەکەی ڕێکخراوە مارکسییەکان لەکوردستاندا هەبوو، ئەوانەی بڕوایان بە جێبەجێکردنی میتۆدگەلێکی ڕادیکاڵ لە بەرنامەی ریفۆرمی زەوی هەبوو، هەروەها دەرهێنانی تەواوی زەوییەکان لە دەستی موڵکدارەکان. لە بەرنامەی خودموختاری بۆ کوردستاندا، حیزب جەخت لە هەڵوێستی تاڕادەیەك میانەڕەوی خۆی دەکاتەوە:" زەوی بۆ ئەو کەسەیە کە کاری

---

[17] ئەو لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا غافڵکوژکرا.

* ئەو ماوەیە دروست نییە، ئەو ماوەیەکی زۆر لەئێران بەنهێنیی دەژیا، بەڵام جارێك لەگەڵ ئیسماعیلی ئامۆزای لەتاران گیرا، هەر شەو ڕۆژێك لەزینداندا مایەوەو بەفێڵی "قەولی هاوکاری بەساواك" لەزیندان هاتنەدەر.

لەسەردەکات" هەروەها جەختێکی زیاتر لە پێویستیی بەرنامەیەکی نوێی ریفۆرمی زەوی کرایەوە کە جووتیارە هەژارو بێزەوییەکانیش بگرێتەوە."[18] هەرچەندە، وێڕای ئەوەی لەچەند بۆنەیەکدا کاتێك مولّکدارەکان بەرگرییان لە هاوکارییکردن کردبێت، حیزبەکە لەرێگەی جووتیارانەوە لە دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانی مولّکداران تێوەگلا، بەڵام بەگشتیی لایەنگریی لەم جۆرە کارو هەنگاوە رادیکاڵانە نەدەکرد. ئەمە بەشێوەیەك نەبوو کە رێبەرانی حدکا لەهەر حاڵەتێکدا دژی دابەشکردنی زەوی بن. ئەوە تەنیا بەشێوەیەك بوو کە پێگەیان لەوبارەیەوە لەبنەڕەتدا تەمومژاویی بوو، رێگەیان بەحیزبەکە دەدا شلڕویانەو واقیعییانە بەگوێرەی هەلومەرجەکەی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکەن.

رێبەرایەتیی حدکا، وێڕای چەندین ململانێ و پێکدادان لەگەڵ سەرکردایەتییە سوننەتییە خێڵەکییەکەدا، لەدژی سەرۆکخێڵەکان نەوەستا وە"دوژمنانی گەلی کورد". سیاسەتی گشتی حدکا لەسەر بنەمای یەکێتیی تەواوی کورد کە بڕوایان بە نەتەوایەتیی کورد هەیە، وەستابوو. هەروەها هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوو پەیوەندییەکی نادوژمنانە لەگەڵ سەرکردایەتیی خێڵەکییەکان پتەوبکات. ئەمەش بەهۆی ئەو تێگەیشتنەوە بوو کە سەرکردایەتییە خێڵەکییەکان خاوەنی نفوزێکی سیاسیی و مادیی بوون، ئەو دەسەڵاتەی کە نەدەتوانرا پشتگوێ بخرێت. لەرووی مێژووییەوە، ئەم دەسەڵاتە یان یارمەتیی هێزە نەتەوەییەکانیان داوە یاخود بەرهەڵستییان کردووە. هەروەها هەڵوێستکی بەم چەشنە رەنگدانەوەی هەڵوێستێکی پراگماتیکییانەی رێبەرایەتیی حدکا بوو. بەپێچەوانەی هێندێك لە رێکخراوە زیاتر رادیکاڵەکان لە کوردستاندا، حدکا هەوڵیدا هێزە خێڵەکییەکان گۆشەگیر نەکات، بەڵکو زیاتر هەوڵیدا کاریگەرییان کەمکاتەوە.

لەماوەی رووداوەکانی شۆڕشەکە، سەرکردە خێڵەکییە کوردییەکان بەچەندین شێوەی جیاواز کاردانەوەیان هەبوو. ئەوانەی لەسایەی شادا بەرژەوەندییان هەبوو چالاکانە دژی شۆڕشەکە وەستانەوە. هێندێك سوودیان لە رەوشەکە بینی بۆئەوەی نفوزی شەخسیی بەدەستبێنن و لەگەڵ حدکاو ئەوانی دیکەدا بەشدارییان لە هێرشکردنە سەر پۆستەکانی حکومەت کرد، بەڵام هەرزوو وازیان لەجووڵانەوە نەتەوەییەکە هێنا. ئەم گروپە هەر لەبۆنەیەکی دیکەدا دژی جووڵانەوە نەتەوەییەکە هەڵسوڕان. هەرچەندە، وێڕای سیاسەتی گشتی حدکاو خۆدوورگرتن لە ململانێ لەگەڵ سەرکردە خێڵەکییەکاندا، لەماوەی هاوینی ١٩٧٩ لەهەرێمی مەهاباد، کاتێك سەرکردە خێڵەکییەکان هەوڵیاندا جووتیارەکان ناچارکەن مولّکانەی کشتوکاڵیی کۆن بدەن، حیزبەکە بەرهەڵستیان کردن.[19] سەرۆکخێڵە مولّکدارەکان دژی حدکاو کۆمەڵە (رێکخراوێکی زیاتر رادیکاڵی کوردیی) وەستانەوەو یارمەتی سەربازییان لە حکومەتی ناوەندییەوە وەرگرت. ئەم یارمەتییە لەلایەن حکومەتەوە لەبەرامبەر داواکارییەکی سەرۆکخێڵەکان پێشکەشکرا. لەبۆنەیەکی دیکەدا، هێندێك لە سەرۆکخێڵەکان هەوڵیاندا ئەو زەوییانە بگێڕنەوە کە لەماوەی بەرنامەی ریفۆرمی زەویدا لەدەستیان چووبوو، هەروەها هەوڵیاندا هەموو مولّکانەکانی پێشوو لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوە لەجووتیارەکان بسێنن. یەکێتیی نوێبنیاتی "جووتیاران" کە لە جووتیارە ناخێڵەکییەکان و مامۆستایان و

[18] مەرامنامەو پەیڕەوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی هەشتەم، یەنایەری ١٩٨٨.

[19] Van Bruinessen, ‘Kurdish Tribes and the State of Iran, the case of Simko’s Revolt,’ in R. Tapper, ed., The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan (London, 1983), 395.

خوێنـدکاران و خزمـەتگوزارە لاوەکـان و هـەروەها خوێنـدەوارەکانی دیکـە پێکـدەهاتن، کـە زۆربـەیان لەلایـەن کۆمەڵـەوە ڕێکخرابوون، دژی هێزی سەرۆکخێڵەکان وەستانەوەو تێکیانشکاندن.[٢٠] هەرچەندە، هێندێك لە ڕەگەزە خێڵەکییەکان بە ڕێبەرایەتییە ناسوننەتییەکە پەیوەستبوون و پشتگیریی خۆیان بۆ داواکاریی خودموختاری کوردیی پێشاندا.

مـارتن برونـسن، ئامـاژە بـە ڕووداوێکـی سـەرنجڕاکێش دەکـات سـەبارەت بـە گـۆڕینی وەفـاداریی لـەنێو هێـزە خێڵەکییەکان و هێندێك کەسایەتیی لەماوەی پێکدادان لەگەڵ حکومەتی نوێی ئیسلامییدا. ئەو وەسفی هاوپـەیمانێتیی شکاکەکانی کردووە کە هەڵوێستی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خۆیان پێش ئەوانی دیکە گۆڕیوە لە پێش ساڵی ١٩٧٩دا. تاهیرخـانی کـوڕی سمکـۆ، بەسـوودوەرگرتن لـە هەلومەرجـە نوێیەکـە کـۆنترۆڵی ناوچـەکەی خـۆی کـرد، بـەڵام هـەرزوو هێزەکـانی کـە دەسـتیان بەسـەر چـەند بنکەیـەکی ژاندرامەرییـدا گرتبـوو لەلایـەن هێزەکـانی حکومەتـەوە پـەلاماردران. لەماوەی چەند پێکدادانێکدا لەگـەڵ هێزەکـانی حکومەتـدا، سـەرکردە خێڵەکییـەکان ناچاربوون پەنابەرنـە بـەر حـدکا بـۆ یارمەتی سەربازیی. حدکا لەودەمەدا حیزبێکی سیاسـیی دەسـەڵاتدارو خـاوەنی هێزێکـی پێشمەرگەیی بـاش ڕێکخـراو بوو. حدکا و هێزە خێڵەکییەکان کەوتنەکارو چەند جارێك هێزەکانی حکومەتیان بەزاند.

ئەم دەستکەوتانە جەماوەرێتیی و ناوبانگی حیزبی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێرانیـان بـەرزکردەوەو حیزبەکـەی وەك ڕێکخراوێکی باڵادەست لەهەمبەر ڕێکخراوە خێڵەکییە سوننەتییەکاندا بەرزراگرت. تەنانەت تاهیرخان و هیندێکی دیکـە لـە سـەرکردە خێڵەکییـەکان هـەرزوو پـاش هاوکارییەکـەی لەگـەڵ حـدکا کردبوویـان، دۆسـتایەتیی خۆیـان لـەو حیزبـە کشاندەوەو لەراستیدا بوونە چالاکترین دوژمنـەکانی، چـەندین کەسـی دیکـە، لەنێویانـدا ئەندامـە خێڵەکییـە گەنجـەکان، حیزبەکـەیان پـێ لـە سـەرکردایەتییە خێڵەکییەکـە باشـتربوو. یـەکێك لـە سـەرکردەکانی خێڵـی مامـدی بـووە ئەنـدامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکە.[٢١] ئەمەش نموونەیەکی سەرنجڕاکێش دەخاتەبەردەست کە چۆن حدکا لانیکەم هێندێك لە بژاردە خێڵەکییە کوردییەکانیان ڕاکێشایە نێو جووڵانەوەی نەتەوەیی.

یەکێك لە پەرەسـەندنە گرنگـەکانی جووڵانـەوە کوردییەکـە بریتیـە لـە دامەزرانـدنی ڕێکخـراوی "پێشمەرگە"، کـە وردە وردە بوو بە هێزێکی سەربازیی سەربەخۆو ئەلتەرناتیڤێکی هێزە خێڵەکییە سوننەتییەکان. ئەمە بۆخۆی بەڵگەیەکە بـۆ پتـەوبوونی ڕێبەرایەتییـەکی ناسـوننەتیی و ناخێڵـەکیی. هێـزی پێـشمەرگە لـەماوەی ڕووداوەکـانی سـاڵی ١٩٤٦دا پێکهێنـراو لـەماوەی ڕووداوەکـانی سـاڵی ١٩٧٩دا زیـاتر پەرەیـسەند. بـەهێزکردنی هێزێکـی بـەم چەشـنە، لەگـەڵ زێدەبوونی وەفاداریی بـۆ حیزبەکـە، هاوکـاریی سەربەسـتیی سـەرکردایەتییە ناخێڵەکییەکـەی جووڵانـەوە کوردییەکـەی کـرد لەدەسـت نفـوزی هـەردەم ئامـادەی ڕەگـەزە خێڵەکییـەکان و پـشتبەستنی جووڵانەوەکـە بـە هێـزی سـەربازیی سەرۆکخێڵەکان.[٢٢]

---

[20] برونـسن دەڵێـت گوایـە کۆمەڵـە کـە ڕێکخراوێکـی ڕادیکاڵتری سیاسـیی کوردییـە، لـەم یەکێتیـە پیـشەیی و گروپـە چـەپە مەدەنییانـەوە پێکهاتوە. بڕوانە: Van Bruinessen, 'Kurdish Tribes and the State of Iran,395.

[21] Ibid., 394.

[22] دەمێکە بوونی هێزێکی چەکدرای میللی خۆبەخش کە ویستی شـەڕکردن و خۆبەکوشـتدانی هـەبێت لـەپێناو نیشتیماندا وەك مـەرجێکی گرنگ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دانیپێدانراوە.

هەرچەندە، پەرەسەندنی هێزی پێشمەرگە پەیوەستبوو بە پەرەسەندنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەکوردستاندا. خاڵی سەرەکیی بۆ جەختکردنەوە بریتیە لەوەی کە کوردستانی هاوچەرخ، بەتایبەت پاش ریفۆرمی زەوی ساڵانی ١٩٦٠کان، بەوەناسرابوو کە هێزی کاری زۆر بوو، کۆمەڵگەیەکی بەم چەشنەش زەمینەیەکی لەبار بۆ پەیوەستبوونی گەنجانی بێکار دابیندەکات کە ببنە بەشێك لەو هێزە چەکدارە جەماوەرییەی دژی رەوشە نالەبارەکە تێدەکۆشێت. ئەم مەسەلەیە دواتر بەشێوەیەکی چڕتر لە ئەنجامگیریی ئەم کۆڵینەوەیەدا بایەخی پێدەدرێت. هەرچەندە، ئەمێستا پێویستە سیما بنەڕەتییەکانی شیکارییەکەم سەبارەت بە کۆچکردن لە بەشی پێنجەمدا لەبەرچاوبگیرێت: کۆچکردن لە لادێ وە بۆ شار بەشێوەیەکی سەرەکیی لەنێو ئەو پیاوە رەبەنانەدا روودەدات کە تەمەنیان لەنێوان ١٥–٣٤دایە. بەشێوەیەکی سەرەکیی لەنێو کوردستان قەتیس دەبێتو پێدەچێت نموونەیەکی کۆچکردنی وەرزیی بازنەیی بێت، بەجۆرێك کۆچکار دەکەوێتە پەراوێزی ئابووریی لادێنشینی کوردستانەوە بەڵام هەر پەیوەندیی خۆی پێیەوە دەپارێزێت. هەروەك کۆڵینەوەکانی دیکە دەریانخستووە، ئەم هۆکارە ئەو چەشنە ژینگە ئابوورییە دەناسێنێت کە هێزە چەکدارە میللییەکانی وەك"پێشمەرگە"ی تێدا دژی دەوڵەت چالاك دەبن لە کۆمەڵگە لادێنشینە هەژارەکاندا.

ئەوە لەماوەی کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦دابوو کە وشەی "پێشمەرگە" بۆ جەنگاوەرانی کورد بەکارهێنرا. لەساڵی ١٩٤٦دا، پاش ئەوەی دوا دامەزراوەی حکومەتی ناوەندی کە شارەبانی بوو لەمەهاباد، دەستی بەسەرداگیرا، "سوپای میللی کوردستان"دامەزرێنرا. چەند مانگێك دواتر، ئەم هێزە ناوەکەی بە "هێزی پێشمەرگەی کوردستان" گۆڕا. بەشێوەیەکی سەرەکیی ئەوە هێزی چەکداری پێشمەرگە بوو کە ئەو هێزە جەنگاوەرییەی دابیندەکرد کە لەپشت دواکاریی سیاسیی خودموختاری کوردییەوە بوو، هەروەها ئەوە دیسانەوە ئەوان بوون کە لەپێکدادانەکاندا لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ناوەندییدا دەجەنگان. لەماوەی رووداوەکانی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٧٩و پاشتریش، پێشمەرگە بووە هێزێکی باش راهێنراوتر، بەئەزموونترو هەروەها پڕچەکتر (زیاتر لەڕێگەی ئەو چەكو تەقەمەنییەی لە ئەرتەشی شاهەنشاهییەوە دەستیان کەوتبوو). ئەمێستا ببووە هێزێکی فرە گەنجانە کەخاوەنی ئەندامگەلێکی خوێندەوار بوو. لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا، قاسملو وا هەڵیسەنگاندن کە لە ١٠٠,٠٠٠پیاوی چەکداری راهێنراو پێکدێن کەلەشەڕدا دژی حکومەتی ناوەندیی تێوەگلاون.[23] ئەستەمە کە پێکهاتەی چینایەتیی وردی هێزی پێشمەرگە بزانرێت، بەڵام وادەردەکەوێت هەر کاتێك جووڵانەوەی نەتەوەیی باڵادەستیی بەسەر هێزەکانی حکومەتدا هەبێت، گەنجانێکی زۆر لە ناوچە لادێنشینەکان پێوەی پەیوەست دەبن، بەڵام کاتێك هێزە کوردییەکان لەپێگەیەکی لاوازتردا بن، ئەندامە لادێییە چالاکەکانی کەمدەبنەوەو ئەندامە شارییەکانی بەچالاکیی دەمێننەوە، ئەمەش دەگونجێت زادەی ئەوەبێت کە ئەندامە شارییەکان راهێنراوترن، رۆڵێکی کەمتریان لە چالاکیی سەربازیی لەپاڵ جووڵانەوە نەتەوەییەکەدا دەدرێتێ و هەروەها لەقۆناغە سەختەکاندا ئەستەمترە بتوانرێت هەموو ئەندامەکانی هێزەکە بهێڵرێنەوە.

وێڕای ئەوەش، دامەزراوەی هێزی پێشمەرگە بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند، لەکۆنگرەی شەشەمی حیزبەکە لە یەنایەری ١٩٨٤دا، راپۆتدرا کە "کۆمسیۆنی پێشمەرگە لەماوەی ساڵێك بۆ دوو ساڵدا هێندێك لە ئامانجەکانی خۆی بەدەستهێناوە وەك دامەزراندنی خوێندنگای راهێنانی سەربازیی–سیاسیی بۆ هێزی پێشمەرگەو هەروەها سیستەمی

[23] The New York Times (August 26, 1979).

پێکەوەگرێدانی پێشمەرگە لەهەموو کوردستاندا. راپۆرتەکە هانی هێزەکەی داوە کە ئاستێکی باشتری سەرکردایەتیی و دیسپلین بەدەستبێنێت.[24]

جەنگی کۆماری ئیسلامی دژی کورد بووەهۆی چەندین شکستی سەربازیی بۆ حدکا، بەڵام جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد رەوایەتییەکی مەزنتری لەچاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردو هەروەها لەنێو بەرهەڵستکارەکانی دیکەی حکومەتدا بەدەستهێنا. خەبات دژی حکومەتی ئیسلامی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی خستە پێشەوەی بەرهەڵستکارییەکان دژبە رژێم. ئەمەش رەوایەتییەکی سیاسیی و دانپێدانانێکی بە جووڵانەوەکە بەخشی کە هەرگیز پێشتر ئەزموونی نەکردبوو. زۆر لە رێکخراوە سیاسییەکان پشتگیریی کێشەی کوردیان کردو دژی حکومەتی ناوەندیی وەستانەوە سەبارەت بەو مامەڵەیەی لەگەڵ کوردانی دەکرد. حیزبی تودە، کە حیزبێکی سۆڤێتخوا بوو، بەشێوەیەکی بەرچاو لەدەرەوەی ئەم ریزبەندییەدا بوو، کەوادەردەکەوت لەم ماوەیەدا هاوپەیمانیی لەگەڵ حکومەتدا هەبێت و پشتگیریی جووڵانەوە کوردییەکەی نەدەکرد. لەنێو دانیشتووانە کوردەکەدا، جەماوەرێتیی و پشتگیریی بۆ حدکا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادییکرد. نموونەیەك بۆ جەماوەرێتیی ئەم حیزبە دەرکەوت کاتێك حیزب داوای لەکوردان کرد دەنگی خۆیان نەدەنە ریفراندۆمە مللییەکەی دیسەمبەری ١٩٧٩، هەروەك لەلایەن چەندین سەرچاوەی کوردییەوە هەواڵی لەبارەوە دراوە، هەروەها لەلایەن راپۆرتە دەرەکییەکانەوە، ٨٥٪ی دانیشتووان وەڵامی ئەرێییان بە بانگەشەی بۆیکۆتەکەی حدکا داوەتەوە.

نموونەیەکی دیکەی جەماوەرێتیی حدکا بریتیە لە خۆپێشاندانەکەی ساڵی ١٩٨٠، کاتێك یەکەمین هەڵبژاردنی پاش شۆڕش لەئێران کرا. وێڕای ئەو راستییەی کە هەڵبژاردنەکە لەناوچەیەکی سنووردداردا روویدا، نوێنەرانی حدکا زۆرینەی رەهای دەنگەکانیان لەکوردستاندا بردەوە، حدکاو قاسملوی رابەری لەلایەن دانیشتووانی کوردەوە پشتگیرییەکەی بێ چەندو چوونیان بەدەستهێنا.

لەزستانی ١٩٨١دا، حدکا بە شورای میللیی مقاوەمەتەوە پەیوەستبوو کە بنکەکەی لەپاریس بوو. ئەو شورایەی کە دەبوو بەرەیەکی یەکگرتوو بووایە دژی حکومەتی ئیسلامی، هەرزوو دەرکەوت کە لەلایەن موجاهیدنی خەلقی ئێرانەوە کۆنترۆڵکراوە. کۆمەڵە رەخنەی لە پەیوەستبوونی حدکا بە شوراوە گرت و پەیوەستبوونی خۆی بەو شورایە رەتکردنەوە چ بەهۆی لایەنی ئایدیۆلۆجیی و چ بەهۆی ئەندامەتیی هێندێك کەسایەتیی دیارییکراوی وەك بەنی سەدر لە شوراکەدا. وێڕای ئەوەش، حدکا لەئەندامبوونی خۆی لەشوراکەدا بەردەوامبوو، تەنانەت لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا، گەیشتە رێکەوتنێك لەگەڵ شوراکەدا سەبارەت بە بەرنامەیەك بۆ خودموختاری لەکوردستان بەشێوەیەك: لەکاتێکدا حکومەتی ناوەندی هەموو شتەکانی پەیوەست بە پلانی نیشتیمانیی و دارایی، ئاسایشی نیشتیمانیی، بەرگریی، بازرگانی دەرەوە، هەروەها کاروباری دەرەوەی لەدەستدابێت، کوردان ئەنجوومەنێکی یاسادانیان هەبێت بۆئەوەی یاسادەربکات بۆ بابەتە هەرێمییەکان و هەروەها هێزی ئاسایش بۆ زامنکردنی ئاسایش هەرێمەکە دابمەزرێنێت. هەرچەندە، دۆستایەتیی نێوان حدکاو شوراکە زۆری نەخایاند. لەهاوینی ساڵی ١٩٨٤دا، حدکا بەباشی زانی دەرگای دانوسان لەگەڵ حکومەتی ئیسلامیدا بکاتەوە، بەڵام دانوسان نەچووەپێش و حکومەت ئەوەی رەتکردەوە سەبارەت بە شوناسی جیای نەتەوەیی کوردان گفتوگۆ بکات. کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندییدا لەلایەن

---

[24] راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمی حدکا، بڵاوکراوەی حدکا، یەنایەری ١٩٨٤.

حدکاوه بووه هۆی بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتیی لەنێو شوراکەو ئەنجامەکەشی بەپاشەکشەی حدکا لەو شورایە کۆتاییهات، بەو هۆکارەی گوایە شوراکە لەلایەن ڕێکخراوی موجاهیدینەوە کۆنترۆڵکراوە، لەکاتێکدا ڕێبەریەتیی موجاهیدین هەوڵەکانی حدکای بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لەتاراندا ڕەتکردەوە.

**سیاسەت و ئایدیۆلۆجی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە)**

ڕێکخراوە کوردییە سەرەکییەکەی دیکە بریتیە لە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە)، کە لەماوەی ڕووداوەکانی شۆڕشەکەدا چالاک ببوو. ڕێبەرانی دەڵێن گوایە یەکەمجار وەك ڕێکخراوێکی نهێنیی ژێرزەمینیی لەساڵی ١٩٦٩دا دامەزراوە.* کۆمەڵە کە فرە لە حدکا رادیکاڵتر بوو، ڕێکخراوێکی مارکسییە. ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٩٨١دا بەقۆناغێکی ڕەخنەلەخۆگرتندا ڕۆیشت سەبارەت بە ڕابردووی توندڕەوی خۆی و جەختیکردەوە کە پێویست بەیەکگرتن لەگەڵ پرۆلیتاریا دەکات. کۆمەڵە لقی کوردیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە کەلەساڵی ١٩٨٣ لەلایەن یەکێتی جەنگاوەرە کۆمۆنیستەکانەوە دامەزرێنرا.[25] کۆمەڵە بەشێکبوو لەو ریزبەندییە سیاسییەی کە لەنێو سیاسەتی ئێرانیدا بە "ڕەوتی سێیەم" ناودەبرێت کە دژی حیزبی تودەو سۆڤێتی پێشوو بوون.

پێگەی سەرەکیی کۆمەڵە هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا لە هەرێمەکانی باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، هەرێمەکانی مەریوان و سنە. لەوێ کە زیاتر زەوی تەختان و کشتوکاڵیی بەشێوەیەکی سروشتیی بۆ چالاکیی سەرەکیی ئابووریی پەرەیسەندبوو. لەم جۆرە هەرێمانەدایە کە دەتوانرێت پشتگیریی لە ئایدیۆلۆجییایەك بکرێت کەلەسەر بنەمای ململانێی چینایەتیی ڕاوەستابێت. لەبڵاوکراوەی کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکە، کۆمەڵە وتویەتی کە، پێش کۆمەڵە، جووڵانەوەی کوردیی بۆ خۆدیارییکردنی چارەنووس لەلایەن دەرەبەگ و هێزە کۆنەپەرستەکانی سەرۆکخێڵەکان و بۆرجواوە ڕێبەرایەتیی دەکرا، بەڵام لەوکاتەوە حیزب خوازیاری بەدیهێنانی ئامانجی خۆدیارییکردنی چارنووسی کوردە لەڕێگەی لەناوبردنی "چەوسێنەرانی گەلی کورد" هەروەها لەڕێگەی پێکهێنانی خودموختارییەکی کوردییەوە کە تێیدا کرێکاران و جووتیارە چەوساوەکان فەرمانڕەوایەتیی بکەن."[26]

بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاریی کوردیی فرە هاوشێوەی ئەوەکەی حدکایە، جیاوازییەکان لەوبابەتانەدایە کە سەبارەت بە مافی کرێکاران و سیاسەتی زەوییە کشتوکاڵییەکانە، کۆمەڵە بەرنامەیەکی درێژترو هەروەها رادیکاڵتری لەڕووی وتارەوە هەبوو. لەبابەتی مافی کرێکاران، هەروەك حدکا، پشتگیریی دەکات لە لانی زۆری ٤٠ سات کار لە هەفتەیەك و ٣٠ ڕۆژ پشوو لەساڵێکدا. پشووی دایکایەتیی بۆ ژنان، دامەزراندنی کۆمسیۆنێکی ڕاوێژکاریی لەلایەن کرێکارانەوە، هەروەها دامەزراندنی کۆمسیۆنێك بۆچاودێرییکردنی جێبەجێکردنی مافەکانی کرێکاران لەشوێنی کاردا. سەبارەت بە کێشەی زەوی‌وزار، جەخت لەوەکراوەتەوە لەپێناو پێشخستنی خەباتی چینایەتیی و زامنکردنی مافی کرێکاران و جووتیاراندا، حیزب پشتگیریی و هاندانی خۆی بۆ دەستبەسەراداگرتنی زەوی موڵکداران لەڕێگەی

---

* کۆمەڵە وەك بیرۆکەی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیست لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو خۆڕاگەیاندنی لەساڵی ١٩٧٩ جگەلە دوو ژمارەی "شۆڕش"و نامیلکەیەك بەناوی " بۆچی پەرژو بڵاوین، چۆن یەك بگرین" چ پەیڕەوو بەرنامەو ڕاگەیاندنێکی فەرمیی نەبووە.

[25] برنامه کومله برای خودموختاری کردستان، مصوبات کنگره چهارم کومله شاخه حزب کومونیست ایران، ١٩٨٣.

[26] هەمان سەرچاوە، ٥ .

جووتیاران‌و دامەزراندنی کۆمیتەیەکی خۆجێ‌و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی دیکە لەناوچە لادێنشینەکان رادەگەیەنێت. حیزبەکە سیاسەتی نەهێشتنی تەواوی قەرزە کۆنەکانی جووتیارانی بۆ موڵکدارەکان گرتەبەرو هەروەك حدکا بروای بە خۆماڵیکردنی تەواوی زەوییەکانی لادێ‌و شارەکان، دارستانەکان، لەوەڕگاکان، ئاوو هەروەها کانزاکان هەبوو لەلایەن حکومەتە خودموختارەکەوە.[٢٧]

کۆمەڵە، زیاتر لەحدکا ڕووبەڕووی موڵکداران‌و سەرۆکخێڵەکان بووەوە، هەروەها لەچەند ڕاپەڕینێکی جووتیاریشەوە تێوەگلا. ئەو ڕێکخراوی"یەکێتیی جووتیارانی" لەناوچەکانی وەك هەورامان‌و مەریوان‌و سنە دامەزراند، هەروەها هێندێك لە زەوییەکانیشی دابەشکرد، بەتایبەتی ئەو زەوییانەی خاوەنەکانیان گوندیان جێهێشتبوو. ئەو گوندانەی کە خاوەنەکانیان ئەندامی یەکێتیی جووتیاران بوون هێندێك هێزی سەربازییان هەبوو کە لەو پێشمەرگانە پێکدەهاتن کەئەندامی یەکێتییەکە بوون‌و ئەرکیان ئەوەبوو بەرگریی لە ماڤ جووتیارەکان بکەن‌و لەوەدڵنیابن کە موڵکدارەکان ڕێسا کۆنەکان ناسەپێننەوە.

وێڕای ناکۆکیی‌و ڕکابەرییەکان، لەکاتێکدا بەهێزترین وتار لەکوردستان‌و هەروەها ئەو وتارەی کە دەیتوانی زۆرترین ژمارە لەخەڵکی کوردستان تەیار بکات بریتیبوو لە وتاری نەتەوایەتیی کوردیی. کۆمەڵەش دەبوو زیاتر پشت بە هەمان وتاری نەتەوەیی ببەستێت تاکو وتارە مارکسییەکانی. کۆمەڵە پشتگیریی لە دروشمی دیموکراتی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان، کرد. هەروەها بۆماوەی یەکەمین ساڵە کەمەکانی پاش شۆڕش، لەبەرەیەکی یەکگرتوودا لەگەڵ حدکا دژی حکومەتی ناوەندی بەشدارییان کرد. بەڵام لەساڵی ١٩٨٤دا، کێشمەکێش لەنێوان هەردوو ڕێکخراوەکەدا ڕوویداو دژواریی نێوانیان تادەهات توندتر دەبوو، ئەوەبوو لە نۆڤەمبەری ١٩٨٥دا، شەڕێکی توند لەنێوان هەردوولا لەناوچەی هەورامان ڕوویدا کە چەند کوژراو بریندارێکی لێکەوتەوە.[٢٨] هەردوو سەرکردایەتییەکە ویستیان شەڕەکە ڕاگرن، بەڵام هەرزوو هەردوولا کەوتنە تۆمەتبارکردنی یەکتر لەسەر ڕووداوەکەو ئاگربەست شکێنراو شەڕ دەستیپێکردەوە.•

---

[27] هەمان سەرچاوە، ١٢-١٤، ١٩-٢١.

[28] بڵاوکراوەی ڕادیۆی "دەنگی کوردستان" ، نۆڤەمبەری ١٩٨٤.

• یەکەم ڕوودانی کوشتن لەنێوان هەردوولا لەشەوی ١٢ی فێبرایەری ١٩٨٠دا بوو لەناوچەی سەردەشت کە کادرێکی حدکا بەناوی "فەقێ عەلی ڕەسووی" کوژرا. شەڕی دووەم لە "گەوڕکان" لەناوچەی مەهاباد ساڵی ١٩٨١ پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی تێدا کوژرا. دواتر لەمەهابادو ناوچەی بەردەسورو پیرانشار چەند کادرێکی کۆمەڵە لەکاتی هەڵسوڕانیاندا غافڵگیرکران‌و کوژران.لەشەڕەکەی هەورامان‌و پەلامارەکەی حدکا لە ٢٥ی خەزەڵوەر ١٣٦٣ھ/١٩٨٤دا، ٣ پێشمەرگەی کۆمەڵە کوژران‌و ١٠دانەشیان بە بریندارى گیران‌و دواتر کوژران. لەپەلامارێکی کۆمەڵەدا لە ڕۆژی ٦ی ڕێبەرندانی ١٣٦٣ھ/یەنایەری ١٩٨٥دا، ١٩ پێشمەرگەی حدکاو ١٤ی کۆمەڵەش کوژران. دوای شەڕەکانی هەورامان، چەندین پێکدادانی چەکداریی نێوان ئەو دوو حیزبە لەگوندەکانی "سماقان"و"گەرماو"ی بانە قەوماو چەندین پێمەرگەی کۆمەڵە کوژرا. کۆمەڵەش بۆ تۆڵەسەندنەوە پەلاماری بنکەی "ئاژوان" حدکای دا لە:نەرمەڵاس" گرت. دواتر لەشەڕی "میشیاو"دا ١٦ پێشمەرگەی حدکاو ١٦ی کۆمەڵە کوژران. پاش ماوەیەك پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هەڵیانکوتایە سەر ئەوانەی حدکا لەگوندی "دەرەویانی شێخ"و لەهەرلایەکیان ٥ کەس کوژرا. دواتر لە ٢٦ی پوشپەڕی ١٣٦٤ھ/ ژوئیەی ١٩٨٥دا، هێزەکانی حدکا بەفەرماندەی "سەرگورد عەلیار" لەسەرشیوی سەقزەوە هێرشیانکردە سەر پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو لەوشەڕەشدا ٢٤ کە لەحدکاو ١٦کەسیش لەکۆمەڵە کوژران. ئەم شەڕانە جگەلە لەکۆماری ئیسلامی کەسی دیکە سوودی لێ نەبینی. کۆمەڵە لەدیدی خۆیەوە

لەبەهاری ١٩٨٨دا، ژمارەیەك رێكخراوو كەسایەتیی بەیاننامەیەكی هاوبەشیان دەركرد تێیدا داوای ئاگربەستیان لەنێوان كۆمەڵەو حدكادا كردبوو. بەیاننامەكە داوای چارەسەركردنی گرفتەكانی كردبوو لەرێگەی شێوازە سیاسییەكان‌و ئازادیی دەربڕین‌و ئازادیی رێكخراوبوون بۆ سەرجەم چالاكییە سیاسیی‌و سەربازییەكان. بەیاننامەكە لەلایەن شێخ عیزەدینی حوسەینیەوە ئیمزا كرابوو كە رۆحانییەكی میللی شۆڕشگێر بوو، هەروەها لەلایەن فیدایی خەلقی ئێران، راهی كارگەر، هەروەها كۆمەڵەی رزگاری كوردستانەوە. بەیاننامەكە لەلایەن حدكاوە رەتكرایەوە بەوهۆیەی كە ئەوانەی ئەو بەیاننامەیان واژۆ كردووە هەموویان بەشێك نین لە جوولانەوەی كوردیی‌و هەروەها بەگشتیی بەیانامەكەی شتێك نییە جگە لە كاری بەرەیەكە كە لەلایەن كۆمەڵەوە پێكهێنراوە. ململانێ لەنێوان حدكاو شێخ عیزەدینی حوسەینییش پەرەیگرت. توندوتیژییەكان بەردەوامبوون‌و پێكدادانە سەربازییەكان ناوبەناو لەنێوان ئەندامانی حدكاو كۆمەڵەدا دەقەومان كەتێیدا سەدەها كەس گیانیان لەدەستدا.

شەڕی نێوان كۆمەڵەو حدكا ململانێیەك بوو لەپێناو قەڵەمڕەو دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمەكەدا، لەم شەڕەشدا كۆمەڵە مەزنترین دۆڕاو بوو. لەكۆتایی ١٩٨٠كاندا، حدكا كەوتە بەدەستهێنانی نفوزو جەماوەرێتیی لەزۆر لەو ناوچانەی پێشتر لەژێر كۆنترۆڵی كۆمەڵەدا بوون. هەمان كات، كۆمەڵە هێندێك لە پێگە سەرەكییەكانی خۆی لەدەستدا، لاوازتر بووو بەدەست ناكۆكیی‌و دابەشبوونی رێكخراوەییەوە دەینالاند. رەوشەكە دابڕانێكی زیاتری لێكەوتەوەو بووەهۆی رادیكاڵیزمێكی زیاتری كۆمەڵە.[٢٩]

### شێخ عیزەدینی حوسەینی

لەنێو كەسایەتییەكاندا، دەگونجێت گرنگترینیان لەنێو جووڵانەوەی كوردیی لەئێران پاش شۆڕش بریتیبێت لە شێخ عیزەدین حوسەینی، رۆحانییەكی سوننیی نائاسایی. ئەوەی رۆڵێكی سوننەتیی شێخەكانی وەك میانگیرێك لەكوردستان‌و هەروەها لە یەكخستنی هێزەكاندا بینی. ئەو لەلایەن تەواوی تاقمە سیاسییەكانی نێو جووڵانەوە كوردییەكە جێگەی پەسەندو رێزلێنراو بوو. حوسەینی بەحدكاو كۆمەڵەوە پەیوەستبوو دژی حكومەتی ئیسلامی‌و لە پشتگیرییەكی بەرفراوانی بەهرەمەندبوو، نەك تەنیا لەلایەن رێكخراوە سیاسییەكان‌و رەگەزە خێڵەكییەكانەوە، بگرە لەلایەن كۆمەڵانی خەڵكی كوردیشەوە. هێندێك ئیدیعای ئەوەیان دەكرد كە جەماوەرێتی حوسەینی لە قاسملو زێدەترە.

عیزەدینی حوسەینی رەخنەی لە ئایەتوڵا خومەینی دەگرت كە دەست لەكاروباری حكومەت وەردەدات لەكاتێكدا ئەركی ئەو وەك رۆحانییەك دەبوو لە چێوەی كاروباری ئاینییدا سنووردارببوایە. هەرزوو پاش شۆڕش، وێڕای جیاوازیی بیروڕا لەنێوان كەسایەتیی‌و رێكخراوە سیاسییەكان لەكوردستان، ئەوان كەوتنە دروستكردنی "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی كورد" كە حوسەینی سەرۆكی بێت‌و قاسملوش قسەركەری بێت. بۆماوەیەك ئەم دەستەیە وەك نوێنەرایەتییەكی كورد لەگەڵ حكومەتی ئیسلامیدا كەوتە دانوسان. شێخ عیزەدین هەرچەندە بۆخۆی شێخیش بوو

---

نامیلكەیكی لەمبارەیەوە بلاوكردۆتەوە، بڕوانە: لێكدانەوەیەك لەسەر شەڕی كۆنەپەرستانەی حیزبی دیموكرات لەدژی كۆمەڵە، زنجیرە وتارێكی "دەنگی شۆڕشی ئێران"، خەرمانانی ٦٤.

[29] Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State (London, 1992), 42.

بەلام نوێنەری چینی سوننەتیی شێخەكانی نەدەكرد.[30] جەماوەرێتیی شێخ عیزەدین بەهۆی دەسەلاتە ئاینییەكەیەوە نەبوو بەلكو پەیوەندیی بەبۆچوونی ئەوەوەبوو سەبارەت بەمەسەلەكانی دیموكراتیو خودموختاری كوردیی.

" ئێمە لەقەناعەتی ئاینییمانەوە شەڕمان بۆ شۆڕشكە نەكردووە بەلكو لەپێناوی ئامانجە سیاسییەكاندا بووە. ئێمە خودموختارییمان دەوێت،- ئەنجوومەنی خۆمان، زمانی خۆمان، هەروەها كەلتووری خۆمان. شۆڕش ستەمكاریی لەناوبرد، بەلام كۆتایی بەهەلاواردن دژی كەمینەكان نەهێناوە."[31]

بەپێچەوانەوە، جەماوەرێتیی شێخ عیزەدینی حوسەینی تایبەتمەندیی نائاینیی جوولانەوە كوردییەكەی لەئێران خستەروو. لەراستیدا، چەندە زیاتر خۆی لە بایەخە ئاینییەكان دووربگرتایە، هێندەی تر رێزو جەماوەرێتی زیاتر دەبوو. ئەو هێزی چەكداری تایبەت بەخۆی هەبوو، بەلام هێزێكی بچووك بوو تەنیا بۆ پاراستنی شەخسیی بوو. جوولانەوەی هەرگیز جوولانەوەیەكی ئاینیی نەبووە، رێبەرانی ئاینیی لەپلە بەرزەكانی سەركردایەتیی جوولانەوەكەدا بوون، بەلام ئەوانە وەك رێبەرانی نەتەوەیی هەلسوڕاون.

بەهۆی تاڕادەیەك سەختی سروشتیی هەرێمەكەوە بۆ هێزەكانی حكومەت، نزیكەی هەر رێكخراوێك لەكوردستاندا بنكەیان هەبوو. زۆربەی گروپو رێكخراوە سیاسییەكان لقی كوردییان هەبوو. یەك لەو رێكخراوە زۆر كاریگەرانە فیداییان خەلق بوو.[32]

پاش تەواوبوون لەجیاوازیی بیروڕا سیاسییەكانی دوو حیزبە كوردییە سەرەكییەكەو پێشاندانی ئەوەی كە ئەو جیاوازییانە چۆن ریشەیان لە جیاوازیی واقیعی ئابووریی‌و جیۆگرافیی كوردستاندا گرتووە، ئێمە تەواو ماقوولی دەبینین كە تایبەتمەندیی حدكا وەك لایەنگرێكی "نەتەوایەتیی وەرزێرانی لادێنشین" دابنێین، ئەگەر لەگەل وەرزێرانیشدا چالاكیی ئاژەلداریشی لەپالدا دابنێین. دیدی ئەوان بۆ كوردستان بریتیە لە نەتەوەیەكی تاكەچین كۆمەلگەی كوردیی لادێنشین. بەركابەری نەتەوایەتییە وەرزێرییە لادێییانەكەی حدكا، نەتەوایەتیی "چینە چەوساوەكان" هەیە كە لە سیاسەتەكانی كۆمەلەدا وەك نوێنەرێكی كۆمۆنیزمی كوردیی دەردەكەوێت. لەپشت ئەم چێوە سنووردارەی نفوزو كاریگەرییەوە، كەدەشێت ئەم بیرۆكەیە هێندێك دلبەستەی خۆی هەبێا لە تەواوی كوردستاندا، زۆر ئەستەمە ببینیت كە چۆن حیزبێك كە لەسەر ئەم بیرۆكەیە راوەستابێت هەرگیز بتوانێت لە سیاسەتی كوردییدا حیزبێكی لۆكالیی زێدەتر بێت. ئەو چەقبەستنە بەردەوامەی كە لەلایەن كۆمەلەوە ئەزموونكراوە هەر لەسالی ١٩٧٩وە دەگونجێت ئەمە بسەلمێنێت. ئەوە ئەركێكی مەحالە كە حیزبێكی نیشتیمانیی لەسەر بنەمای هزرێك بنیاتبنرێت كە رەنگدانەوەیەكی هەرێمییە، باس لە رەوشگەلی لۆكالیش مەكە. هەرچەندە، لەوەدەچێت ئەمە تایبەتمەندییەكی بنەڕەتیی بەرچاوی كۆمۆنیزمی كوردیی بێت.

---

[30] ئەو ناوی "شێخی سوور"ی خرابووە سەر.

[31] The New York Times (March 1, 1979), A.3.

[32] ژمارەیەكی كەم لە ژێنراڵە شاپەرستەكان وەك پالیزبان‌و ئویسی لەكوردستان بارەگایان كردبووەوەو ئیدیعای دامەزراندنی " سوپای ئازادیی" یان دەكرد. ئەوان بایەخێكیان بە مەسەلەی كورد نەدەدا، بەلكو كوردستانیان وەك بنكەیەك بۆ چالاكییە دژە حكومەتییەكانیان بەكاردەهێنا. هەرزوو پاش شۆڕش، كوردستان بووە ناوەندی هەر ئۆپۆزسیۆنێك دژی حكومەتی ئیسلامی. هێندێك ئەفسەرانی لاو پێیانەوە پەیوەستبوون، بەلام یەكگرتنەكە زۆری نەخایاند، پێش ئەوەی حكوت هێرشی بەربلاوی خۆی بكاتە سەر كوردستان، بەهۆی گەندەلی نێوان ژێنراڵەكان خۆیانەوە، دەسپێشخەرییەكەیان هەلوەشایەوەو وازیان لە"سوپای ئازادیی"هێنا.

**داواکاریی خودموختاری کوردیی و کۆماری ئیسلامی لەئێران**

بەدرێژایی بەهارو هاوینی ساڵی ١٩٧٩، پێکدادانی چەندبارە لەنێوان هێزەکانی حکومەت و کوردەکان بەردەوامبوو. لەئوتی ١٩٧٩دا، کوردان پاش شەڕێکی قورس لەگەڵ پاسداران دەستیان بەسەر پاوەدا گرت کە شارۆکەیەکە دەکەوێتە نزیک سنووری عێراق. ئەمەش سەرەتای خولێك بوو لە شەڕو کێشمەکێش و دانوسان لەنێوان کورد و هێزەکانی حکومەتدا کەماوەی چەند ساڵێکی خایاند. شارەکە لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە لەزنجیرە پێکدادانێکی فرە خوێناوییدا لەنێوان پاسدارانی شۆڕش، سوپا و هەروەها کوردانداً، گیرایەوە. پاش شەڕی پاوە، ئایەتوڵا خومەینی جیهادی دژی کوردان راگەیاند، هەموو رێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی قەدەغەکرد، ئەندامێتی قاسملوی لە ئەنجوومەنی خیبرەگان هەڵپەساردو قاسملوو شێخ عیزەدینی وەك دوژمنانی کۆماری ئیسلامی تۆمەتبارکرد.[٣٣] حدکاشی وەك "حیزبی شەیتان"ناوزەدکرد.

فەرمانێکی ئایەتوڵا خومەینی بۆ تەیارکردن کەلە دەزگای رادیۆوە بڵاوکرایەوە، هەلومەرجەکەی کوردستانی زیاتر ورووژان. هەزاران لەخەڵك لەدەرەوەی سەربازخانەی سنە مانیانگرت.[٣٤] ئایەتوڵا بانگی پاسدارانی شۆڕشی کرد لەهەر کوێ بن بێ دواکەوتن بەرەو سنە بڕۆن. ئەو وتی:" من فەرمانی رەها بەهەموو هێزەکانی یاساپارێزو ئینتیزامی دەکەم بگەڕێنەوە بۆ بنکەکانیان و دواتر بەهێزێکی تەواوەوە بەرەو سنە بەرێکەون بۆئەوەی لێدانی یاخییبووەکان بەتوندیی."[٣٥] لەوەش زیاتر، لەبڵاوکردنەوەکەیدا، رێبەرانی حدکای بە فاسید نێوزەدکردو داوایکرد دەستگیربکرێن و بانگی خەڵکی کرد وەڵامدەری "ئەرکە پیرۆزەکەیان" بن و شوێنی خۆشاردنەوەی حدکاو رێبەرە کوردییەکان ئاشکرابکەن.[٣٦] وێڕای سوپا، ژمارەیەکی زۆر پاسدارو چەکدارانی حیزبوڵڵا رەوانەی ناوچەکە کران. هێلیکۆپتەری سەربازیی، فڕۆکەی فانتۆم، تانك و تۆپ بۆ هێرشکردنە سەر گوندو شارەکانی کوردستان بەکارهێنران. کوردان بەو چەکانەوە چوونە نێو جەنگ کەپێشتر لەکاتی شۆڕشدا دەستیان بەسەرداگرتبوو. هێرشکردنە سەر کوردانی یاخیی چەند دیمەنی خوێناویی لەشارو گوندەکانی مەهاباد، سنە، پاوە، هەروەها لە مەریوان و هەرێمی سەقز، لێکەوتەوە. دادگای شۆڕش لەلایەن خاڵخاڵییەوە راگەیەندراو چەندین کەس دەستبەجێ تیرەبارانکران.[٣٧] بڕوایەکی وا بڵاوبوو کە زۆربەی ئەوانەی دادگایی کراون جگە لەچەند خولەکێك کاتێکی وایان نەخایاندووە، هەروەها زۆرینەی ئەوانەی تیرەباران کراون خەڵکی ئاسایی بوون و پێشمەرگە نەبوون.

هەمان کات، لەهەوڵێکی ئاشتەواییدا، ئایەتوڵا خومەینی پێشنیازی پێدانی پارەی رۆژێکی داهاتی نەوتی بۆ کوردستان کرد کە نزیکەی بڕی ٧٥ ملیۆن دۆلار بوو. وێڕای ئەم پێشنیازە، تیرەبارانکردنی کوردان بەردەوامبوو، رۆژانە وێنەی دەیان تیرەبارانکراوانی کورد لە رۆژنامە گشتییەکاندا بڵاودەکرانەوە.

---

[33] لەودەمەدا قاسملو بۆیکۆتی مەجلیسی کردبوو.

[34] The New York Times (August 20, 1979).

[35] The Washington Post (August 20, 1979).

[36] The New York Times (August 21, 1979).

[37] خاڵخاڵی ئەو دەمە وەك سەرۆك دادگایەکی بەدناو بوو.

لەتارانی پایتەختدا، ڕۆحانییە فەرمانڕەواکان کۆنترۆڵی سیاسیی خۆیان بەسەر ولاتەکەدا توندکرد. هەواڵەکان باسیان لەوە دەکرد کە لانیکەم ٢٦ ڕۆژنامەو گۆڤار لەلایەن دەسەلاتدارانەوە داخراون. لەتاران، حکومەت ئەندامەکانی حیزبولڵای بەکاردەهێنا، کە زۆربەیان کەسانێکی نەخوێندەوارو گەنج بوون، بۆ هێرشکردنەسەر شوێنی کارو کتێبفرۆشە چەپەکان و نەتەوەییەکان، کتێبەکانیان دەسووتان، وێنەکانیان دەدڕاند، لەگەڵ گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان شەڕی شەقامەکانیان هەڵدەگیرساند.

لەکۆتایی ئوت، شاندێك لەتارانەوە هاتن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرە کوردییەکان. بەلام لەهەمان کاتدا، بەنی سەدری سەرۆك وەزیر، ڕێبەرایەتیی کوردی بە ڕێبەرانی کەمینەیەکی وێرانکەر ناوزەدکرد. ئەوانەی کە ویستوویانە توندوتیژیی بەسەر گەلی ئێراندا بسەپێنن، هەروەها جەختی لەوەکردەوە کە هاوکاریی برایانەی ئیسلامیی کاتێك دەتوانێت ببێت کاتێك ئەم ڕەگەزانە کارەکانیان بوەستێنن. ئەو بەرێبەرانی کوردی وت:" ئێمە خودموختاریمان پەسەندە، بەلام ئەوەی ئێمە دەتانەوێت جیابونەوەیە، بەپێچەوانەوە ئێوە نابێت بجەنگن."[٣٨] لەسێپتەمبەردا، زۆربەی شارە کوردییەکان کەوتنەدەستی هێزەکانی حکومەت، بەلام جەنگاوەرانی کورد خەریکبوون دەسەلاتی خۆیان لەناوچە لادێنشینەکاندا بپارێزن. پێشمەرگە کوردەکان بەهەموو جۆرە چەکێك دەجەنگان، بەکلاشنکۆڤ سۆڤێتیی، M16 ی ئەمەریکیی، هەروەها چەکی ئۆتۆماتیکی چیکسلۆڤاکیی.[٣٩] هەرچەندە، سوپا دوای هێزەکانی پێشمەرگە نەکەوتن بۆ نێو شاخەکان. لەوکاتەدا، کارگێڕیی کارتەر بانگیکرد:

" ...حکومەتی ئێرانیی و یاخییبووە کوردەکان دەبێت خۆ لەشەڕکردن بپارێزن، بەلام قسەکەری وەزارەتی دەرەوە ئەو تێڕوانینەی جێهێشت کە کارگێڕییەکە زیاتر بایەخ بە مانەوەی حکومەتێکی بەهێزی ناوەندیی لەئێران دەدات زیاتر لە ئامانجی کوردیی کە خودموختاری سیاسییە."[٤٠]

شەڕی توندوتیژ تاکو نۆڤەمبەر بەردەوامبوو کاتێك هێزە کوردییەکان کەوتنە ئەوەی شارە کوردییەکان بگرنەوە، هەرچەندە، گرتنەوەکە زۆری نەخایاند. لە سێپتەمبەردا، مەهاباد کە بارەگای سەرەکیی حدکا بوو، بەفڕۆکەی F4 بۆردومانکرا. پاش چەند ساتێك لە پەلامار، فەرماندە کوردەکە فەرمانیدا شارەکە بەگشتیی چۆڵبکەن و بۆ شاخەکان پاشەکشە بکەن. هەرزوو پاش ئەوە، شاری بانەش چۆڵکرا. جارێکی دیکە، سوپاو پاسداران دەستیان بەسەر شارە کوردییەکاندا گرتەوە.

لە٢ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩دا، حکومەت لەتاران بانگی ئاگربەستی کردو گروپێك لەنێردراوان بەمەبەستی دانوسان ڕەوانەی کوردستان کرا، بانگ بۆ گفتوگۆکردن لەلایەن ڕێبەرانی کوردەوە پێشوازیی لێکرا. عیزەدین حوسەینی نوێنەری بەرنامەی خودموختاریی کوردیی بوو. بەلام حکومەتی ئیسلامی ئامادەنەبوو جگە لەوەی ڕێگە بە خودموختارییەکی کەلتووریی بدات و، وەك بنەما، ئەوەی ڕەتکردەوە کە کوردان زیاتر لە کەمینەیەکی ئاینیی ئەژماربکات.[٤١] لەوەش زیاتر، حکومەت داوای چەکداماڵینی تەواوی هەرێمە کوردییەکانی وەك یەکەمین مەرج بۆ هەر

---

[38] The New York Times (August 29, 1979).
[39] The New York Times (August 25, 1979).
[40] The New York Times (August 25, 1979).
[41] "خودموختاری کەلتووریی" بەشێوەیەکی تەمومژاویی بەکارهات، وەك ئەوە گیرایەبەر کە دانپیێدانانی زمانی کوردیی و کوردان بێت وەك کەمینەیەکی ئاینیی.

چارەسەرێك كرد. تەنیا ئەم مەرجە بەس بوو بۆ كوردان كە هەر رێكەوتننامەیەك لەسەر ئەو بنەمایە رەتبكەنەوە، چونكە ئەوە مانای رادەستكردنی ئەوتوانایە بوو كە بەرگرییان پێ لەخۆیان دەكرد. ئاگربەست شكستیهێناو خولێكی دیكەی شەڕكردن دەستییپێكرد. ئەم دەورەیە لە بانگكردن بۆ دانوسانو دەستپێكردنەوەی شەڕ بووە سیمایەكی ئەم قۆناغە، ئەو دۆخەش تاكو دووسالێك بەوشێوەیە بەردەوامبوو.

لەنۆڤەمبەری ١٩٧٩دا، ئەنجوومەنی خیبرەگان دەستووری ئیسلامیی پەسەندكرد. دەستووره نوێیەكە سەبارەت بە كەمینەكانی ئێران هیوابەخش نەبوو. لەدەقی رەشنووسەكەیدا، هێندێك بەندی سەرەكیی هاتبوو سەبارەت بە كەمینە جۆربەجۆرەكان كە هێندێك ماف بۆ زامندەكردن. هەروەها هێندێك بەندیش لەدەستووردا هەیە كە دڵنیای دەبەخشییە كەمینەكان. بەندی ٢ هەژمونی هەر گروپێكی بەسەر ئەوی دیكەدا رەتدەكردەوە، بەندی ٥ی رەشنووسی دەستوورەكە ماف یەكسانی بۆ گروپە ئیتنییەكان زامنكردووە.

" هەموو خەڵك لە كۆماری ئیسلامیی ئێراندا، وەك فارس، تورك، كورد، عەرەب، بلوچ، توركمانو ئەوانی دیكە، بەتەواوی لەماف یەكسان بەهرەمەند دەبن.

لە بەندی ٢١دا بەكارهێنانی زمانی خۆجێ بەڵێنی پێدراوە:

" زمانی گشتیی و نووسین لەئێراندا فارسییە، هەموو دەقە فەرمیی و نووسراوەكان دەبێت بەو زمانە بنو بنووسرێن. هەرچەندە، بەكارهێنانی زمانی خۆجێ لە خوێندنگاكانو هەروەها بڵاوكراوەكاندا رێگەپێدراوە."[42]

هەرچەندە، دەقی دەستوورەكە لەلایەن رێبەرانی كوردەوە لەچەندین رووەوە رەخنەی لێگیراوە. یەك لە رەخنەكان سەبارەت بە پێكدژیی و تەمومژاویی رەشنووسەكە بوو سەبارەت بە مافەكانی كەمینەكان. لەلایەكەوە، دەقی دەستوورەكە یەكسانیی لەنێوان تەواوی خەڵكانی وڵاتەكە زامندەكرد ( بەندی ٢و ٥) لەكاتێكدا، لەلایەكی دیكەوە، ئاینزای شیعەی جەعفەری كردبووە وانەی ئاینیی لەخوێندنگا فەرمییەكاندا (بەندی ١٣). لەكاتێكدا كوردو زۆر لە گروپەكانی دیكە لە ئێراندا، لەسەر ئاینزای سوننین.

"ئاینی فەرمی وڵاتەكە ئیسلامەو هەروەها ئاینزای شیعە...وێڕای رێزگرتن بۆ مەسەلە كەسێكانو فێركردنی ئاینیی، هەر موسوڵمانێك بەگوێرەی ئاینزاكەی خۆی كاردەكات، لەهەر كوێیەكی ئەم وڵاتەدا بێت."[43]

رەخنەی سەرەكیی تایبەت بوو بە لابردنی وشەی "خودموختاری" یاخود "یەكێتیی بۆ گروپە ئیتنییە ئێرانییەكان"، لەكاتێكدا لە رەشنووسی دەستوورەكە ئاماژەیەك بۆئەم وشانە نەبوو، هەرچەندە، پێویستە ئاماژە بكرێت كە لەبەندی ٧٤دا بەرنامە بۆ "ئەنجوومەنە هەرێمییەكان" هەبوو. بیرۆكەی "ئەنجوومەنە هەرێمییەكان" وەك جێگرەوەیەك بۆ خودموختاری هەرێمەكان لەلایەن رێبەرانی كوردەوە دژایەتیی كرا، ئەوانەی مشتومڕیان سەبارەت بەوە بوو كە ئەو دووانە هەمان شت نینو مەبەست لەوەی پێشوویان ئەوەیە مافی خەڵكە كەمینەكانی پێ كەمبكرێتەوە.دوا دەقی ئامادەكراوی دەستوورەكە لەوەشی تێپەڕاندو ئەو ئاماژە كەمەشی لابرد كە سەبارەت بە مافی كەمینەكان لەرەشنووسی دەستوورەكەدا دانابراو. ئاماژەكەی بۆ یەكسانیی مافی گروپە ئیتنییە جیاوازەكان بوو لەدەستووردا لابرا، هیچ

[42]C. G. MacDonald, 'The Kurdish Question in the 1980s,' in Milton Esman and Itaman Robinovich (eds), Ethnicity, Pluralism, and State in the Middle East (New York, 1988), 244.
[43] Ibid.

زامنکردنێك بۆ ماڤ ئاینیی خەڵکی سوننە نەما، هەروەها ئەوەندەی پەیوەندی بە بەکارهێنانی زمانە خۆجێیەکانەوە هەبوو، دەستوور وتبووی کە دەتوانرێت زمانە خۆجێیەکان لەبواری رۆژنامەگەرییدا، ماسمیدیا و خوێندنگاکاندا بەکاربهێنرێت، بەڵام تەنیا شانبەشانی زمانی فارسیی رێگە بەبەکارهێنانی ئەو زمانانە دەدرێت، هەروەها کتێبی خوێندنگاکان دەبێت بەزمانی فارسیی بێت. ئەمە ئەو بابەتانە بوو کە نوێنەرایەتیی کوردیی لەکاتی دانوسانەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندییدا ناڕزایەتییان لەبارەوە دەردەبڕی.[44]

لەماوەی دانوسانەکە، ئەو بابەتەکەی کە مەزنترین ناکۆکیی لەسەر بوو بریتیبوو لە لێکدانەوەی جیاوازی وشەی"خودموختاری" لەلایەن هەردوو لاوە. لەکۆتایی نۆڤەمبەری ١٩٧٩دا، شێخ عیزەدین حوسەینی وەك سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، گەڵاڵەیەکی سەبارەت بە خودموختاری پێشەکەش بە نوێنەرانی حکومەت کرد. حکومەت گەڵاڵەکەی رەتکردەوەو لەجیاتی بەرنامەیەکی بۆ"خودگەردانی/خۆبەڕێوەبەری" خستەبەردەم کوردان. پێشنیازی خودگەردانی بەتوندیی لەلایەن رێبەرانی کوردەوە رەتکرایەوە، ئەوانەی رەخنەکەیان ئەوەبوو کە حکومەت وەك مەسەلەیەکی کارگێڕیی مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورددا دەکات، لەکاتێکدا ئەو مەسەلەیە بۆ کوردان کێشەیەکی نەتەوایەتیی بوو. مشتومڕی ئەوان لەوبارەیەوە بوو کە بەرنامەکە تەنانەت باسی مافە کەلتوورییەکانیشی نەکردووە، چ جای ماڤ خودموختاری سیاسیی. ئەوان وتیان کە ئاڵۆزیی و پێکدژییەکی زۆر لەنێو بەشەکانی ئەو بەرنامەیەدا هەیە. بۆ نموونە، لەبەشی ١، بەندی چوارەم، دەڵێت کە ئاسایشی ناوچەکە لەئەستۆی دەسەڵاتە خودگەردانییەکەدایە، بەڵام لەهەمان بەنددا، هەروەها جەخت لەوەکراوەتەوە کە سەرکردەی پۆلیس و ژاندارمەریی و ئەوانەی لەژێر دەستیانن، دەبێت لەلایەن حکومەتەوە هەڵدەبـژێررێن (هەرچەندە کە لەلایەن ئەنجوومەنە خۆجێیەکە پەسەند بکرێت) و لەژێر بەرپرسیارێتی وەزارەتی ناوخۆدا دەبن. لەوەش زیاتر، بەرنامەکە رێگەی بە زمانی خۆجێ دابوو لەبورای فێرکردندا بەکاربهێنرێت. هەروەها ئەم خاڵەش لەلایەن رێبەرانی کوردەوە رەتکرایەوە، نیگەرانییان لەوبارەیەوە دەربڕی کە لەنێوان پێشنیازەکەی حکومەت و گەڵاڵەکەی ئەواندا جیاوازیی هەیە(خودمگەردانی وخودموختاری)، کە جەخت لەوەدەکاتەوە زمانی خۆجێ ببێتە زمانی فەرمیی هەرێمە دیاریکراوەکە.

رێبەرانی کورد، وێڕای رەتکردنەوەی پلانەکە، ویستی خۆیان پێشاندا کە بچنە نێو دانوسانێکی زیاترەوە، بەڵام خواستەکەیان پشتگوێخراو لەبری ئەوە پێکدادانی چەکداریی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، کەچەند مانگێکی خایاند، دەستیپێکرد. حکومەت کوردانی تۆمەتباردەکرد کە خوازیاری دەوڵەتێکی سەبەرخۆن.

ناکۆکیی لەسەرئەوە پەیدابوو کە کێ دەبێت لە دانوسانەکاندا نوێنەرایەتیی کورد بکات. حکومەت جەختی لەوەکردەوە کەدەبێت حدکا وەك تاکە نوێنەری رەوای کوردان بێت و دانپێدانانی بەو حیزبە سیاسییانەی دیکە رەتکردەوە کە لەدەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردا بوون. دەگونجێت درکیان بەوەکردبێت کە (کۆمەڵەو فیدائیانی خەلق)، بەشێوەیەك لە شێوەکان، جەخت لەداواکاریی رادیکاڵتر دەکەنەوە، یاخود وایاندەبینی کە شتێکی پێکدژە بۆ

[44] نوێنەرانی حکومەت یان "دەستەی تایبەت" بۆ دانوسان لەگەڵ کورد بریتیبوون لە : داریوش فروهەر، سەباغیان، سەحابی، ژێنراڵ ئەزهاری، ژێنراڵ مەلیك، حقجو، شەکیبا. لەکوردیش : شێخ عیزەدینی حوسەینی و کەریم دانشیار لەدەفتەری شێخ، قاسملوو ئەحمەدی قازیی و غەنی بلوریان و عەزیز ماملێ و حەسەن زادەو کەریم حیسامی لە حدکا، هەروەها بهروز سلێمانی و محەمەد ئەمین شێرخانی و ئەنوەر سوڵتانی لە فیدائیانی خەلق، یوسف ئەردەلان و عەبدوڵا موهتەدی و عەبیزادەو شافیعی لە کۆمەڵە.

حکومەتی ئیسلامیی کەلەگەڵ کەسانێکی مارکسیست لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشێت. لەوەش زیاتر، ئەوە مانای پێدانی ڕەوایەتیی بوو بەو گروپانە. قاسملوی قسەکەری نوێنەرایەتییەکە هەمیشە دووپاتیدەکردەوە کە ئەو نوێنەرایەتییە لەلایەن خەڵکی کوردەوە هەڵبژێرراون، هەروەها ئەگەر حکومەت ناخوازێت لەگەڵ نوێنەری گروپە سیاسییەکاندا دابنیشێت، دەبێت ئەم نوێنەرایەتییە وەك نوێنەرایەتییەکی دەستەجەمعی خەڵکی کورد ئەژماربکات نەك نوێنەری تاکەتاکەی ڕێکخراوە سیاسییە جۆربەجۆرەکان. سەبارەت بەم بابەتە نەگەیشتنە هیچ ڕێکەوتنێك.

هەرچەندە، حدکا زۆری هەوڵدا ئیرادەی دانوسان بەردەوامبێت، بەڵام خۆی لەدۆخێکی قەتیسکراودا بینیەوە، لەلایەکەوە دەبوو حیزبەکە دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ گروپە مارکسییەکاندا بهێشتایەتەوە کە تێڕوانینێکی ڕادیکاڵانەتریان سەبارەت بە خودموختاریی هەبوو کەلەلایەن حکومەتەوە ڕەتدەکرایەوە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە دەبوو حکومەت بە گرنگیی بەردەوامیی دانوسان و چارەسەرکردنی کێشەکە ڕازیبکات. بۆ ئەو گروپانە، مەسەلەی بنەڕەتیی ئەوەبوو وەك بەشێك لە دەستەی نوێنەرایەتییەکە پەسەندبکرێن و ئەوەش مەسەلەی ڕەوایەتیی و دانپێدانانی دەسەڵاتەکەیان بوو، هەربۆیە هەر جووڵەیەك لەلایەن حدکاوە بەئاراستەی گفتوگۆ بەتەنیا لەگەڵ حکومەتدا مەسەلەیەك بوو نیگەرانییەکی مەزنی ئەو گروپانەی لێدەکەوتەوە، هەروەها دەبووە هۆیەك بۆ زێدەبوونی ناڕەزایەتییەکان و ڕکابەری لەنێوان ئەوان و حدکادا.

لەیەنایەری ١٩٨٠دا، دوای ئاگربەستێکی دیکە، ئایەتوڵا خومەینی بەڵێنیدا کە پێداچوونەوەیەك بەدەستووردا بکرێت و مافەکانی خەڵکی سوننیی لەوشوێنانەدا زامنبکرێت کە زۆرینە پێکدەهێنن. ئەو پێداچوونەوەیە هەرگیز جێبەجێنەکراو ئاگربەستەکەش زۆری نەخایاند. لەمایۆدا، دەسەڵاتی ڕۆحانییە ڕادیکاڵەکان بەخێرایی زیادیکرد. داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمرکیی لەتاران لەنۆڤەمبەری ١٩٧٩دا، بووەخۆی دەستلەکارکێشانەوەی مەهدی بازرگانی سەرۆك وەزیر، هەروەها ڕۆحانییەکان دەسەڵاتی تەواویان گرتەدەست. ئەوان ڕایانگەیاند کە چیدی بوارێك بۆ دانوسان لەگەڵ کورداندا نەماوەتەوە و هەموو ئەوەی ماوە تەنیا جەنگە بۆ پاکتاوکردنی یاخییبووان.

### جەنگی ئێران-عێراق

لەسێپتەمبەری ١٩٨٠دا، عێراق هێرشیکردە سەر ئێران بەو هیوایەی سەرکەوتنێکی خێرا بەسەر کۆماری ئیسلامیی نۆێبنیاتدا بەدەستبێنێت، ئەوەی کە سوپاکەی و هێزی ئاسمانییەکەی لەحاڵەتی هەڵوەشاندابوو، هەروەها دەوڵەتیش لەنێو ڕەوشێکی ئاڵۆزی سیاسییدا بوو. سەدام حوسێن حسابی لەسەر هێندێك هۆکار دەکرد، کە وەك ئەو دەیبینی، سەرکەوتنی حەتمیی بۆ بەدیدەهێنا: لاوازیی سەربازیی، ئێرانی شۆڕشگێڕیی دژەئیمپریالیستیی، ناڕەزایەتیی سیاسیی لەنێو خەڵکەکەدا لەئێران، دانیشتووانە عەرەبزمانەکەی باشووری ئێران، ناڕەزایەتیی دانیشتووانە کوردەکەی ڕۆژئاوای ئێران و گروپە ئیتنییەکانی دیکەی وڵاتەکە، هەروەها پشتگیریی ڕۆژئاوا و هاوکاریی سەربازیی. ئەو پشتگیریی ڕۆژئاواو یارمەتییەکی گەورەی بەدەستهێنا، بەڵام ئەو بەدخوێندنەوەی بۆ ڕادەی هەستی نەتەوەیی ئێرانیی لەنێو تەواوی گروپە ئیتنییەکاندا هەبوو. نە کورد و نە عەرەبی خوزستان هیچ کامیام پشتگیریی هێرشەکەی سەدامیان نەکرد، بەپێچەوانەوە، تەواوی وڵاتەکە دژی هێرشەکەی یەکیانگرت.

بڕوا وابوو کە جەنگی عێراق-ئێران دەرفەتگەلێك لەهەردوو وڵاتدا دەخاتەبەردەم کوردان، بەڵام ئەوە هەردوو حکومەتەکە بوون لەئێران و عێراق کە جەنگەکەیان قۆزتەوە بۆ دامرکاندنەوەی گرفتی کوردیی لەوڵاتەکەی خۆیان.

هەریەك لەو دوو حكومەتە كەوتنە پەلاماری بەرفراوان بۆسەر دانیشتووانەی كوردەكەی خۆیان، لەكاتێكدا پێشوازییان لەكوردانی ناڕازیی بەرەكەی دیكە دەكردو دەیانحەواندەوە. هەردوو وڵاتەكە لەقازانجی هێشتنەوەی كێشەی كورد بەزیندوویی لە خاكی بەرامبەرەكەیدا بەئاگابوون.

پاش هەڵگیرساندنی جەنگ لەسێپتەمبەری ١٩٨٠دا، گۆڕینێكی جدیی وەفاداریی و لایەنگریی هەبوو لە هەرێمەكەدا. لەسەرەتای پەلاماری عێراقیی بەسەر خاكی ئێران، حدكا لەگەڵ هێندێك هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسییدا، ویستی خۆیان پێشاندا بۆ چوونە نێو جەنگ دژی دوژمنكاریی عێراقیی لەبەرامبەر خودموختارییەكی سنووردار لەكوردستاندا. پێشنیازەكە لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانییەوە رەتكرایەوەو حكومەت ناوچەی جەنگەكەی بەرەو باكوور بۆ ناوچە كوردییەكان درێژكردەوە، لەهەمان كاتدا، وردە وردە بەتەواوی دەستی بەسەر تەواوی هەرێمە كوردییەكاندا گرت. لەساڵی ١٩٨٣دا، تەواوی ناوچە سنوورییەكان كە پێشتر بەدەست پێشمەرگەكانی حیزبی دیموكراتەوە بوون، لەلایەن سوپای پاسدارانەوە دەستی بەسەرداگیرایەوە. لەم هەڵمەتانەدا، ئێرانییەكان لەلایەن رێبەرانی پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراقەوە(پدك)، مەسعودو ئیدریس بارزانی، هاوكاریی دەكران. هاوكاریی بارزانییەكان بۆ كۆماری ئیسلامی دژی حدكاو كۆمەڵە، ئەوەندەی تری خستە سەر ئەو بەدگومانیی و ناحەزییەی پێشتر لەنێوان پدكو حدكادا هەبوون. ئەم دوژمنایەتییە ریشەكەی بۆ ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٨ دەگەڕێتەوە، كاتێك بارزانی لە گرتن‌و كوشتنی ژمارەیەك لە شۆڕشگێڕانی كورد بەرپرسیار بوو. ئەم رووداوانە لەو ساڵانەدا روویاندا كە مستەفا بارزانی هاوكاریی لەگەڵ رژێمی شادا دەكرد. جێگەی بایەخە تێبینی ئەوە بكرێت كە، لەسنوورەكانی باكووری نێوان كوردستان‌و ئێران‌و عێراقدا، هەرچەندە زۆربەی خێڵەكان لەئێراندا بەسەربەخۆیی مانەوە، بەڵام ژمارەیەك سەرۆكخێڵی كاریگەر پشتگیریی بارزانیان دژی حدكا دەكرد.

لەكاتێكدا مەسعودو ئیدریس بارزانی، لانیكەم لەساڵانی بەراییدا، هاوكاریی رژێمی ئیسلامییان دەكرد، پارتەكەی جەلال تاڵەبانی (یەكێتی نیشتیمانی كوردستان/ینك) پشتگیریی حدكایان دەكرد. ئاكاری ینك زادەی چەند هوكارێك بوو، لەوانە ركابەری درێژخایەنی تاڵەبانی و بارزانی. لەرووی مێژووییەوە، ئەوە ئەركێكی ئاسان نییە بۆ حیزبە كوردییەكان كەلەكاتی قەیرانەكاندا بیلایەن بمێننەوە. هەرچەندە، تائەم كاتە، حدكاو ینك زیاتر پەرۆشی ئەوە بوون سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان بنیاتبنێن تاكو پدك. پەیوەندیی نێوان ینك‌و بارزانی بووە پەیوەندییەكی دوژمنانە كاتێك چەندین پێكدادان لەنێوان هێزەكانیاندا روویاندا. بەپێچەوانەوە، حدكاو ینك پەرەیان بەپەیوەندییەكی متمانەپێكراو گەرموگوڕتردا.[45] كاتێك لەساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤، حدكا كەوتەبەر پەلاماری هێزە ئێرانییەكان‌و پارتی،

---

[45] پشتگیریی ینك لە حیزبی دیموكرات بەم دواییە گۆڕانی بەسەردا هات. ئەویش لەكاتی شەڕی ناوخۆی نەوەتەكان‌و هاتنی سوپای ئێران بوو بەسەر بارەگاكانی حیزبی دیموكرات لەهاوینی ١٩٩٦دا د.حوسێنی خەلیقی لەم بارەیەوە دەڵێت:" باسی هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر بنكەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە كۆیە، بە دەسكیسی گۆیا بەناچاری، یەكیەتی نیشتیمانی كوردستان ، لای من هێندە سەخت‌و دژوارە، كە سەروەدەرناكەم، چلۆن، بیخەمە بەرچاو؟ كام سۆزی نیشتیمانپەروەری، رێگا دەدا، دۆستێكی ستراتیژیكی، هاوخوێن‌و هاودەردو هاومێژوو و هاوخاك‌و هاوچارەنووس‌و هاوڕەگەز، وەپێشی سوپای سەرسەختی رۆڵەكانی نەتەوەكەی بكەوێ‌و ١٦٠ كیلۆمیتر بەسەر خاكی ئازادكراوی كوردستاندا، كوێركێشی بكاو بیهێنێ، كەوكوژ، وەك هێلكەی پاككراو، دۆستە هاوچارەنووس‌و تاڕادەیەك میوانەكەی، بخاتە ژێر چنگی خوێناوی‌و رێگای پێبدا بە تۆپ‌و كاتیۆشاو چەكی دیكە، هێلانەی

ئەوە یەنك بوو كە هێندێك لە مەفرەزەكانی خۆی نارد بۆ هاوكاریی حدكا. هەروەها حدكا لەساڵی ١٩٨٤دا ئاسانكاریی بۆ گفتوگۆی نێوان یەنك و رژێمی بەغدا كرد.[٤٦] كاتێك جەنگەكە خایاندی، تاڵەبانی ناچاربوو زیاتر بەرەودوا بكشێتەوە، لەساڵی ١٩٨٣دا، یەنك لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدادا كەوتە دانوسان و قاسملوش ناوبژیوان بوو. بەپێچەوانەی پارتییەوە (پدك)، حدكا وێڕای وەرگرتنی هاوكارییەكی سنوورداری مادیی لەعێراق، هەوڵیاندا مەسافەیەك خۆیان دوور لەحكومەتی بەغدا بهێڵنەوە. پێویستە تێبینی ئەوەبكرێت كە، لەچەند دەیەی دواییدا، تەواو رێكخراوە كوردییە سەرەكییەكان، لەوانەش حدكا و كۆمەڵە، دەبوو پشت بە پشتگیریی مادیی و لۆجیستی بەغدا ببەستن، بەڵام حدكا و كۆمەڵە هاوكاریی سەربازیی رژێمی عێراقییان دژی كوردانی عێراقیی نەكرد.[٤٧]

هەمان كات، لەكوردستانی ئێراندا، گوند و شارەكان كەوتنەژێر تۆپبارانێكی قورسی هەردوولاوە، تۆپەكانی عێراق لەبەرەكانی جەنگ و تۆپەكانی ئێرانیش لەبەرەی كوردییەوە. پێكدادان لەناو و هەروەها دەروبەری تەواوی شارەكانی كوردستاندا دەقەومان. جەنگاوەرانی كورد لەژێر فشارێكی گەورەدا بوون بەڵام هێشتا لەسەر داوای خودموختارییەكەیان سووربوون. حكومەتی ئیسلامیش هێندێك هەوڵیدا كەموكوڕییە سوننەتییەكانی كۆمەڵگەی كوردیی كە دژوارییی نێوان رەگەزە خێڵەكییەكان و خوێندەوارە شارەكییەكانە، بقۆزێتەوە، لەرێگەی ئەوەوە كە دەستیكرد بە رێكخستنی "پێشمەرگەی موسوڵمان" بەهۆی چەكدارگیریی كوردانس خێڵەكیی (بەشێوەیەكی سەرەكیی لە كرماشان، باختەران و ئەو هەرێمانەی كوردانی شیعەی لێن) بۆئەوەی شەڕ دژی كوردە نەتەوەییەكان بكەن.

### رەوشی حدكا لەكاتی جەنگی ئێران-عێراق دا

حیزبە كوردییەكە وێڕای شەڕكردن لەگەڵ حكومەت و هەروەها پێكدادانەكانی لەگەڵ كۆمەڵە، دەبوو رووبەڕووی ناكۆكییە نێوخۆییەكانی خۆشی ببوایەتەوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، تاقمێكی تودەخواز لەرێبەرایەتیی حدكا حیزبەكەیان جێهێشت. ئەم تاقمە دوای هەمان سیاسەتی حیزبی تودە كەوتن لە هاوكارییكردنی رژێمی ئیسلامیی، بەڵام نەیانتوانی قەناعەت بە زۆربەی ئەندامانی حیزب بكەن دوایان كەون. لەوەش زیاتر، دابەشبوون لەنێو خودی حدكا روویدا، پاش بەستنی هەشتەمین كۆنگرەی حیزب لە ئەپرڵی ١٩٨٨دا، قاسملو لەلایەن ١٥ كەسایەتیی نێو رێبەریی حدكا تووشی بەرەنگاریی بووەوە. تاقمە نوێیەكە ناوی خۆی نا (حدكا/رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) و بەیاننامەیەكی ١٠ خاڵیی بڵاوكردەوە و تێیدا كەسایەتیی قاسملویان رەخنەكرد بەوەی لەرێگەی یەكگرتن لەگەڵ "رەگەزە رۆژئاواگەرا لیبراڵ دیموكراتەكانەوە" پارتەكە بەرەو راست دەبات و خۆی لەكەمپی سۆشیالیست دووردەخاتەوە و خوازیارە لەگەڵ حكومەت لەتاران بكەوێتە گفتوگۆ.[٤٨] ئەم تاقمە هێزێكی یەكگرتوو نەبوون و هەر ئەندامێكیان هاندەرێكی خۆی هەبوو كە حیزب جێبهێڵێت هەتا ئەوكاتەی قاسملو رابەری بێت.

---

كاتی و پەناگای سازكراو بۆ ئاوارەكانی ئازادی، لە خاكی ژێر دەستی خۆیدا ، بداتە بەر هێرش؟!" بڕوانە: ژان و ژیان، لێكدانەوەی لێكدابڕان، بەرگی پێنجەم، ١٩٩١-٢٠٠٩، چاپی یەكەم، ئۆپسالا، ل ١٨١.

[46] Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State, 39.

[47] Ibid., 38.

[48] لەنێو تاقمی نوێی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا: ئەندامێكیان مەكتەب سیاسیی بوو، هەشتیان لەكۆمیتەی ناوەندی، و چواریان جێگری كۆمیتەی ناوەندیی و دووانیشیان دەستەی راوێژكاریی بوون.

هەرچەندە، پاش ئەوە سەرکردایەتیی قاسملو زۆری نەخایاند. سەرلەئێوارەی ١٣ی ژوونیەی ١٩٨٩، قاسملوو دوو کوردی دیکە لەڤیێنا کوژران لەگەرمەی دانوسان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێرانیی. دوو کوردەکەی تریش هەر کوردی ئێران بوون، یەکێکیان نوێنەری حدکا بوو لە ئەوروپا و ناوی عەبدوڵای قادری بوو، هەروەها کوردێکیش کە خەڵکی عێراق بوو بەناوی فازڵ رەسوڵ کە شوقەکەی شوێنی ئەنجامدانی دانوسانەکە بوو، ینک لەنێوان حدکا و حکومەتەکەی رەفسەنجانیدا ناوبژیوان بوو.[49]

قاسملو هیچ کاتێک خواستی خۆی بۆ دانوسان سەبارەت بە خودموختاری کوردیی لەگەڵ حکومەتی ئێرانییدا نەشاردۆتەوە، ئەو خواستەی دوژمنانێکی زۆری بۆ پەیدا کردبوو. دانیشتنەکە دووەمین خولی دانوسانەکە بوو. یەکەمیان لە ١٢ی ژوونیەدا روویدابوو، هەروەك لەلایەن حیزبەوە راگەیەندراوە، کۆبوونەوەی ١٢-١٣ خولی سێیەمی گفتوگۆکان بووە لەگەڵ حکومەتی تاراندا. دوو خولەکەی پێشووتری لە دیسەمبەری ١٩٨٨و یەنایەری ١٩٨٩دا بەئاگاداریی دەفتەری سیاسیی کرابوو.[50] بەڵام خولی سێیەم کە بووەهۆی غافڵکوژیی قاسملوو هاورێیانی، بەنهێنیی بوو تەنانەت حیزبیش لێی ئاگادار نەبوو. سەبارەت بەوەی کە کێ لەپشتی غافڵکوژییەکەوە بوو، پۆلیسی نەمسا رایگەیاند کە، بەگوێرەی بەڵگەکان، ئەوان بڕوایان بەوەیە کە ئەوکارە لەلایەن ئاژانسێك لەتارانەوە لەکاتی دانیشتنی نێوان نێردراوە ئێرانییەکانو رێبەرایەتیی کوردیی ئەنجامدراوە. ژنی قوربانییە عێراقییەکە بە پۆلیسی وت کە، شەوێك پێش غافڵکوژییەکە، لەلایەن مێردەکەیەوە پێی وتراوە کە ئێرانییەکان زۆر هاوکارنو لەسەر نزیکەی تێکڕای داواکارییەکانی کورد رازییبوون، هەروەها ئەوان گەیشتوونەتە ئەوەی پرۆتۆکۆڵێك واژۆبکەن.مرۆ ناتوانێت کە بیر لەو هاوشێوەییەی نێوان ئەم بۆسەیەو ئەوەش نەکاتەوە کە سمکۆی تێدا کوژرا.

لەنێو ئەو سێ ئێرانییەی سەر بە حکومەتدا، یەکێکیان پۆستی بەرزی هەبوو لە سوپای پاسدارانو بەرێکەوت برینداربووبوو. دەوترا کە زۆر لە رەفسەنجانی سەرۆکی مەجلیسەوە نزیکبوو. ئەو دواتر بەردراو گەڕایەوە بۆ ئێران. سەبارەت بە دووانەکەی دیکە، یەکێکیان دیارنەمابوو، ئەوی دیکەشیان پەنای بۆ باڵیۆزخانەی ئێران لە ڤیێنا بردبوو. دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لە باڵیۆزخانەکە لێپرسینەوەی پۆلیسی نەمساییان رەتکردەوە کە دەیانویست چاویان پێی بکەوێت. مەسەلەکە، وەك پۆلیسی نەمسا دەیوت، لەدەرەوەی بواری کاری پۆلیسەو بابەتێکی دیپلۆماسیی نێوان هەردوو وڵاتەکە بوو.

غافڵکوژان هەرکێ بنو پاڵنەری غافڵکوژییەکەش هەرچییەك بێت، ئەوە ئاشکرا بوو کە غافڵکوژیی قاسملوو رێبەرە پلەباڵاکانی دیکەی کورد گورزێك بوو لەخولیاکانی نەتەوایەتیی کوردیی،و هەروەها دیموکراتیش لەئێران. ئایندەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لەئێران بەستراوە بە ئایندەی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە(حدکا)، هەروەها ئەوەکەی خودی وڵاتەکە. پاش ئەم غافڵکوژییانە، حیزبەکە رایگەیاند کە ستراتیژییەتی

---

49 *Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State, 42.*
50 Le Monde (21 July 1989).

درێژخایەنی خۆی لەسەر بنەمای چارەسەری چەکداریی بۆ کوردستانی ئێران بەڕێوە نابات بەڵکو لەسەر بنەمای گەڕان بەدوای ڕێگایەکی سیاسیی بۆ هێنانەدی داواکارییەکانی کورد.[٥١]

## ئە نجامگیریی

لەم بەشەدا، سێ سیمای بنەڕەتییم لە پەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی لەئێران دا راڤەکردووە، هەر لەساڵانی ١٩٥٠کانەوە تاکو ١٩٨٠کان. تاڕادەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشترین سیما بریتیە لەوەی چۆن ستراکتۆری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردستان شەقڵی خۆی لە جیاوازییە ئایدیۆلۆجییەکان، ئامانجەکانەکان، وتارەکان و هەروەها رێبەرایەتیی هەردوو رێکخراوە کوردییە سەرەکییەکە لەئێران دەدات هەر لەماوەی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٧٩وە. یەکەمیان حدکایە، رێکخراوێکی نەتەوەیی لیبراڵ بەوتارو ئامانجگەلێکی نەتەوەیی سوننەتییەوە، دووەمیشیان کۆمەڵەیە کە رێکخراوێکی کوردیی رادیکاڵە، لقێکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە کە وتارو ئامانجگەلێکی مارکسییانەی سوننەتی هەیە. بەڵام هەروەها رێکخراوێکی نەتەوەیی کوردییشە لەبەرئەوەی خودموختاریی کوردیی لەئەجێندای خۆیدا داناوە. لەوەش زیاتر، هەوڵمداوە پەیوەندییەکانی نێوان پەرەسەندنە ئابوورییەکان لەناوچەکانی کوردستان و هەروەها پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییە–سیاسییەکان لەکوردستان پێشانبدەم مشتومڕەم لەوبارەیەوە کردووە کە بۆ کۆمەڵە ئاسانترە لەو ناوچانە نفوزو کاریگەریی هەبێت کە گەورە خاوەنداریێتیی موڵکەکان و ئابوورییەکی بازاڕی بەرفراوانترو بازاڕی کاری زیاتری تێدایە. بۆ کۆمەڵە دەگونجێت کە جەماوەرێتیی خۆی لەسەر بنەمای هاندانی جووتیاران و کرێکاران لەهەمبەر موڵکدارو خاوەن کارگە پیشەسازییەکان بەرنەپێش چونکە لەوناوچانەی دەوروبەری سنە، ئەو جۆرە بیرۆکانە لە ئەزموونی خەڵکی کوردەوە نزیکن. هەروەك لە بەشە ئابوورییەکەدا مشتومڕی لەبارەوە کراوە، کۆمەڵگە سوننەتییە ئاژەڵدارییە خێڵەکییەکە سیستمێکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی یەکسانتریان هەیە کە هاوبەستەگیی و هەماهەنگیی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگە بەگشتیی فەراهەمدەکات، بەپێچەوانەوەی کۆمەڵگە موڵکدارە– وەرزێرییەکان کە پەیوەندییەکانی بازاڕ رەگەزێکی یەکلاکەرەوەترەو هەروەها ململانێ لەنێوان ئەندامە ئاساییەکانی کۆمەڵگەو بەشە دەوڵەمەندەکەی وادەکات ئەوەکەی دواییان وەك چەوسێنەرێك بێتەبەرچاو. لەکوردستانی ئێراندا، جووڵانەوەی نەتەوەیی لە بەشی باکوورو باکووری رۆژئاوای وڵاتەکە دەستیپێکرد، لەوێ کە زەمینەی نەتەوایەتییەکی رادیکاڵ ئەگەری مانەوەی نەبوو، چالاکییەکانی حدکا لەناوچەیەك دەستیپێکرد کە بەهۆی سنووردارییی جیۆگرافییەوە (زۆربەی ناوچەکە شاخاوییە) ئاژەڵداریی سروشتیی پەرەیسەند وبووە چالاکی ئابووریی سەرەکیی. سنووردارییی ئابووریی لەم ناوچەیە کاریکردە سەر ئەو شێوەیەی جووڵانەوە سیاسییە کوردییەکە بەخۆیەوە گرت. لەم هەرێمانە، جەختکردنەوەی رێکخراوە سیاسییەکان لەسەر ململانێ بووە لەنێوان گەلی کوردو

---

[51] لەپرسەکەی قاسملو لە پێری لاچیاس لەپاریس، عەبدوڵڵای حەسەن زادە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، هێندێك وردەکاری سەبارەت بە غافڵکوژییەکەی قاسملوو ئەوانەی لەپشت ئەو کارەوە بوون روونکردەوە. ئەوانەی لەگەڵ د.شەرەفکەندی کوژران : فتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لەئەوروپا، هومایۆن ئەردەلان نوێنەری حدکا لەئەڵمانیا، هەروەها نورولڵا نوری دێهکوردی کە کەسایەتییەکی ئۆپۆزسیۆنی فرە ناسراو بوو.

دوژمنانی، بەتایبەت حکومەتی ناوەندیی.[52] پێکدادانەکانی نێوان کوردو حکومەت ئەو راستییەی دەرخست کە، لەم قۆناغەی جووڵانەوەی کوردییدا، تەگەرەی سەرەکیی بەردەم بەدیهاتنی ئامانجی خودموختاری بەشێوەیەك بوو کە حکومەتی ناوەندیی بێت.

دووەم سیمای جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی کە لەم بەشەدا راڤەکراوە بریتیە لە پلەی پێگەیشتنی کاتێك بەگشتیی سەیری دەکرێت. من مەبەستم لە پێگەیشتن بەشداری چالاکی جەماوەرە لە جووڵانەوە نەتەوەییەکە، بوون و ئامادەگیی خولیاو رێحەزە جۆراوجۆرەکان لەنێو جووڵانەوەکەدا، هەروەها بوونی میلیشیایەکی خۆبەخشی میلیی. ئەمە ئەو تێگەیشتنەیە کە هۆرچ وەك بنەمایەك بۆ پەرەسەندنی قۆناغەکانی هەر جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بەکاریهێناوە.جووڵانەوەی کوردیی لەئێران لە ساڵانی ١٩٩٠کان زۆر جیاواز بوو لەوەکەی ساڵی١٩٤٧ کاتێك کە کۆمارە کوردییەکە رووخا. حدکاو جووڵانەوەی کوردیی لەمیانەی ساڵانی شۆڕشی ١٩٧٩و دواتردا گۆڕا لە جووڵانەوەیەکی بێئەزموونی نهێنیی پشتبەستوو بە کوردی عێراقەوە بۆ هێزێکی سەربەخۆ بەشێوەیەکی رێژەیی کە نەك هەر بەتەنیا دەیتوانی چارەنووسی کوردستانی ئێران دیارییبکات بەڵکو رۆڵێکی گرنگیشی لە ئاکامە سیاسییەکانی وڵاتەکەش بەگشتیی هەبوو. ئەو گۆڕانانەشی کە حدکا بەخۆوە بینی بریتیبوو لە دەرکەوتەکانی پەرەسەندن لە کۆمەڵگەی کوردیی بەگشتیی. کاتێك کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی "رووبەڕوو" کە بەتەواویی لەسایەی هەژموونی سیاسەتکارییەکی خێڵەکییدابوو، ئەو کۆمەڵگەیە خۆی گۆڕی بۆ کۆمەڵگەیەك کە تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە-سیاسییەکەی و داواکارییەکانی لەگەڵ دۆخە ئابوورییەکەیدا هاوتەریب بوو. حدکا وەك نوێنەرێکی سیاسیی سەرەکیی کوردان لەئێران، لەگەڵ رێکخراوێکی سیاسیی بچووکتری وەك کۆمەڵە، دەریانخستووە کە کە جووڵانەوەی کوردیی رێگایەکی دووری بڕیوە هەر لەرۆژگاری ساڵانی ١٩٢٠کانو ١٩٤٦-١٩٤٧ەوە. جووڵانەوەکە لەرووی رووبەری جیۆگرافییو سەنگی سیاسییەوە جیاوازبوو. پەیامە سیاسییەکەی لەلایەن زۆرینەی دانیشتووانی کوردەوە لە نزیکەی تەواوی کوردستانی ئێراندا پشتگیرییکراوە، چارەنووسی زیاتر بەهۆی رێکخراوێکی سێکیولاری سیاسیی دیارییکراوە زیاتر لەنفوزو کاریگەریی خێڵەکیی. جووڵانەوەکە هێزی میلیشیای خۆی هەیە، ئەوەی کە وەفاداریی بنەڕەتیی بۆ کێشەی کورد دەگەڕێتەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی وەفاداریی خێڵەکیی ئەندامەکانی. ئەمە جووڵانەوەیەکە کە کوردان وەك نەتەوەیەك دەبینێتو بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لەسەر بنەمای نەتەوایەتیی کوردیی تەیاری کردوون، وێڕای ئەوەی کە داواکارییەکانی هێشتا خودموختاریو دانپێدانانی ماڤ ئیتنییە تاکو ئەوەی پێکهێنانی دەوڵەتی جیاو سەربەخۆ بێت.

دواجار، سێیەم سیمای بنەڕەتیی لەم بەشەدا راڤەکرابێت بریتیە لە پەیوەندیی نێوان جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی لەلایەكو حکومەتی ناوەندیی ئێران لەلایەکی ترەوە لەساڵانی پاش شۆڕشی ١٩٧٩. شۆڕشی ئێرانیی بەهۆی بەرهەڵستکاریی دژی رژێمی شا وەك مژدەیەکی دیموکراتی لەئێراندا پێشوازیی لێکرا، لەوەدا شکستیهێنا بگاتە ئاستی چاوەڕوانییەکانی هێندێك خەڵك. وێڕای بەڵێنێکی زۆر، کوردان رووبەڕووی مامەڵەیەکی دڵڕەقانە بوونەوە،

---

[52] بڕوانە مشتومڕی بەڵگەیی تیۆدۆر شانین لە دەروازەی ئەم کارە.

پاشتر جەنگی نێوان ئێران و عێراق لەلایەن کوردانی هەر دوو وڵاتەوە وەك دەرەفەتێکی زێڕین بینرا، کەچی لەبری ئەوە، سەلما کە دەرفەتێکی دیکە بوو بۆ سەرکوتکردنی کوردان لە هەردوو وڵاتەکەدا.[٥٣]

ئەگەر لەسەرەتای شۆڕشی ئێراندا بەدحاڵیبوونێك سەبارەت بە مەبەستی حکومەتی ئیسلامیی لەپێدانی خودموختاری بە کەمینە ئیتنییەکان هەبووبێت، ئەوە هەرزوو گۆڕا. بیرۆکەی کوردستانێکی خودموختار، یان هەر خودموختاری کەمینەیەکی دیکە لە ئێران، لەگەڵ بیرو ئایدیای جیهانگیریی ئیسلامدا نەدەهاتەوە هەروەك لەلایەن خومەینی و شوێنکەوتووانییەوە وەسفکرابوو. هەروەك ئەو چەندین جار دەربڕیبوو، لەئیسلام و وڵاتانی ئیسلامییدا، بوارێك بۆئەم جۆرە هزرە تەفرەقەئامێزە نییە کە ئامانج لێی لاوازکردنی کۆمەڵی موسوڵمانانە. هەڵوێستی ئایەتوڵا خومەینی سەبارەت بە نەتەوایەتیی کەمینەکان ئەمە بوو:

" هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەو موسوڵمانانەدا نییە کە بەزمانی جیاواز قسان دەکەن...ئەوە زۆر لەوانەیە کە گرفتگەلێکی لەم چەشنە لەلایەن ئەوانەوە دروستکرابێت کە حەزناکەن وڵاتانی موسوڵمان یەکبگرن...ئەوان مەسەلەی ناسیونالیزم و پان–عەرەبیزم و پان–تورکیزم و هەروەها ئەو چەشنە ئیزمانەی دیکە، کەلەگەڵ بنەماکانی ئیسلامییدا پێکدژە."[٥٤]

هۆکارێکی گرنگی دیکە لەم کارەدا هەیە، بەڵگەی مێژوویی تەواو هەیە دەریدەخات کە کەمینە ئۆپۆزسیۆنەکان لە گۆڕانە سیاسییەکاندا باڵادەستیی بەدەستدەهێنن کاتێك دەسەڵاتی دامەزراو لە ناوەند لاوازو لەق دەبێت. حکومەتی کۆماری ئیسلامیی لەتاران لەساڵانی ١٩٩٠کاندا هێندە لاواز نەبوو وەك ئەوکاتەی کە یەکەمجار دەسەڵاتیان گرتەدەست. گەر شتێکیش هەبێت، ئەوە پێچەوانەکەی راستە، بەبێ گۆڕان لە ڕێبەرایەتیی سیاسیی لەئێراندا، کوردان ناتوانن کێشەکەی خۆیان بەئاشتییانە پێشبخەن. پتەوبوونی کۆماری ئیسلامیی بۆتەهۆی زێدەبوونی بێهیوایی لەنێو بەرهەڵستکارەکانیدا، هەروەها دابەشبوونی ساڵی ١٩٨٨ لەنێو حدکا بەشێکی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە.

هەرچەندە، وێڕای مشتومڕ سەبارەت بە یەکێتی موسوڵمانەکان وەك یەك نەتەوەو هەروەها ئەوەی ناسیونالیزم هزرێکی شەیتانیی بێت و لەلایەن دوژمنانی ئیسلامەوە دروستکرابێت، ڕەتکردنەوەی خودموختاری کوردیی هیچ نییە بەڵکو ڕەتکردنەوەی جیابوونەوەیە لە دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە کۆماری ئیسلامییەو خاوەنی سەروەریی کە خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی خۆیەتی کە ئیسلامی پێ دەوترێت، ئەوەی دانپێدانان بە ڕەوایەتیی خودموختاری کوردیی ڕەتدەکاتەوە. ململانێی بنەڕەتیی لەنێوان جیهانگیریی ئیسلام کە حکومەتی ئیسلامیی لەئێران لایەنگریی لێدەکات، لەگەڵ نەتەوایەتیی کوردیی لەئێران، بەشێوەیەکی سەرەکیی، بریتییە لە ململانێ لەنێوان نەتەوایەتیی ئێرانیی و نەتەوایەتیی کوردیی، ئەوەی وەك هەڕەشەیەك بۆ سەروەریی خاکی وڵاتەکە دەبینرێت. ئەمەش تاکە هۆکارێکی فرە گرنگە بۆ ئەو پەلامارە سەربازییانەی دەکرێتە سەر ناوچە کوردییەکان و تیرۆرکردنی ڕێبەرانی کورد لەدەرەوە.

[53] ماکدۆواڵ نووسیویەتی: "لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٤دا، ئەو هەرێمەی بندەستی کوردەکان بەتەواویی وێرانکرا، لانیکەم ٢٧,٥٠٠ کورد کوژرا کە لەوانە تەنیا ٢٥٠٠یان چەکدرابوون. بڕوانە: MacDonald, ‘The Kurdish Question in the 1980s,’ 77.

[54] MacDonald, ‘The Kurdish Question in the 1980s,’ 245.

## پاشکۆی ژمارە( ١ ):

# سیاسەتی زلهێزەکان لەهەمبەر کۆماری میللیی کوردستان*

شورەوییەکان دەمێك بوو درکیان بە قازانجی مەسەلەی پەیوەندییبەستن بە باڵی چەپی جووڵانەوەی ئێرانیی بەتایبەتی حیزبی تودەو دواتر بە کەمینە رەگەزییە نەتەوەییەکانی وەکو کوردو ئازەر کردبوو، هەروەها لەوە حاڵییبوون کە ئەم مەسەلەیە خزمەتی بەرژەوەندیی ئامانجە تایبەتیەکانیان لەئێراندا دەکات.

شایەنی باسە، سیاسەتی شورەویی لەهەمبەر کورد دوای پێشڕەوییکردنی هێزەکانی ئەم وڵاتە دژی هێزەکانی ئەڵمانیا لەبەرەکانی جەنگدا، زیاتر ڕوونبووەوە. ئەفسەرە سیاسییەکانی شورەویی و کارمەندە نهێنیەکانی، هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٤ەوە، لە ناوچە کوردنیشینەکانی ئێراندا تەراتێنیانبوو[1]. جگەلە هەوڵەکانی شورەویی بۆ زیاتر چەسپاندنی نفوزی خۆیان لەناو کۆمەڵە* لەساڵی١٩٤٥دا. شورەوییەکان لەئێراندا ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی پەیوەندیی کەلتورییان بەناوی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران– شورەویی دامەزراندبوو.

لە شاری مەهابادیش، بەهەمان شێواز، ئەنجومەنێکیان بەناوی ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستانو شورەویی دامەزراند کە لەلایەن کۆمەڵەوە هاوکاریی و پەیوەندیی لەگەڵدا دەکرا.[2] هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگدا، هەوڵەکانی شورەویی بۆ بەرینکردنی نفوزی خۆی لەئێراندا لەچەند لاوە بەرچاوتربوون، کە یەکێك لەوانە هاندانی جووڵانەوە خودموختارییخوازەکانی ئازەربایجانو کوردستان* بوو.[3] لێرەوە دەتوانرێت ئەو ئاکامگیرییە بکرێت کە دامەزراندنی هەردوو کۆماری ئازربایجان و کوردستان کەمو زۆر لەژێر کاریگەریی سیاسەتی شورەوییدا بووە، کە لەئایندەدا بەو ئاراستەیەی دەبردن کەببنە دوو کۆماری دۆستو وابەستەی شورەویی هەروەك ئەو حاڵەتەی لەناوەراستو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا هاتەکایەوە.[4] هەندێك کۆڵەرانو بایەخداران لەم ڕووەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە کوردو ئازەرەکان لەلایەن شورەوییەوە هاندراونو وەك دەسەندەو ئامرازێکی سیاسیی بەکارهێنراون، چالاکییەکانی سوپای سوورو شێوازی دیبلۆماسییەتی کلاسیکیی شورەویی لەنێوان ساڵانی ١٩٤١–١٩٤٦دا، ڕووی ئەم دیدە دەخاتەڕوو. کاتێك هەوڵەکانی

---

" لەسوید بەناونیشانی" Lund. دواباسی بەشی حەوتەمە لە دکتۆرا نامەکەی بەڕێز د.بورهان یاسین کە لەزانکۆی "
*Vision or areality. The Kurds in the Policy of the Great Power 1941-1947,pp 174-185.*

[1] Douglas,w.(1952),strange land and friendly people, (New York Harper), p.58.

ئارچی ڕۆزفێڵت ناوی دووان لەو ئاژانسانەی بردووە کە (عبدللاۆف و حاجیۆفە) بڕوانە :

Roosvelt, a,jr (1947), "the Kurdish Republic of Mahabad" in the Middle East Journal, Vol.I, no.3,(Julay 1947), p.251.

* مەبەستی ( کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد )ە کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢ لەلایەن ژمارەیەك لە خوێندەوارانو کاسبکارانی شاری مەهابادەوە دامەزراوە.(سەردەشتی)

[2] *Doualos, op, cit, p.58.*

هەروەها کۆنسوڵی ئەمریکیی لە تەبریز لەراپۆرتێکدا بەرزیکردەوە کە نمایشێکی شانۆی پێشکەشکراوە تێدا ئافرەتێکی کورد ڕەشپۆش بەزنجیر بەستراوەتەوەو ناوی عێراق، تورکیاو ئێرانی بەسەرەوەیە، لەپڕێکدا کۆتەکەی دەپسێنرێت، ئاڵایەکی سوور دەگرێت بەدەستیەوە کە تێیدا نوسرابوو( بژی ستالین ) .

Form Ebling to the secretary of state, May 4, 1945. DSDF, 891.0015-145 OSID, NA.

[3] Kimche, j. (1976), the seven pillars: the Middle East. 1945-1952,(New york: Da Capo press), p.132.

*کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتیی قازیی محەمەد ڕاگەیەندرا.

[4] Weaver, p. (1958) , Soviet strategy in Iran 1941- 1957), (Unpublished, ph. D. Dissertation, American University), p.44.

شورەویی لەنێوان ساڵانی١٩٤٥-١٩٤٦دا، سەبارەت بە ئێران پەرەیگرت، جگەلە پیادەکردنی شێوازی کلاسیکییانەی دیبلۆماسیی شورەویی، ڕێگایەکی نوێی هەڵبژارد کە شێوازی فشارو ئاژاوەگێڕییە، بەدوای شکستی دیبلۆماسیەتی شورەویی لەبەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی باکوور لە پایزی ١٩٤٤دا، بیرۆکەی فشارخستنەسەر ئێران لەڕێگای هاندانی ڕاپەڕینی ناوچەکانی کوردستانو ئازەربایجانەوە لەمێشکی شورەوییەکاندا چەکەرەی کرد.[5]

لەڕاستییدا، ئەو دەرئەنجامەی کە کوردو ئازەر بەئامرازێکی شورەویی دەداتە قەڵەم کە خۆی لەخۆیدا بەتەواویی دیدی حکومەتی ناوەندیی ئێرانیی بۆ مەسەلەکە بەرجەستەدەکات، سەدلەسەد قایلکەر نین، هەر بۆنمونە، شای ئێران پێیوابوو کە هاندەری جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە قۆناغی جەنگی یەکەمی جیهانییدا ئینگلیزەکانو لە کاتی جەنگی دووەمیشدا کۆمۆنیستە شورەوییەکان بوونو ئەم جووڵانەوەیە پەروەردەی دەستی ئەم دووانەیە.[6]

لەوەش زیاتر، تێڕوانینێکی زانستییانەو هەمەلایەنە ئەوەمان دەدات بەدەستەوە کە شورەویی لەلایەکو کوردو ئازەریش لەلایەکی دی، لەپەیجوی سوود لە یەکتر وەرگرتن بوون ، هەریەکەو بۆچەسپاندنی شوێنپێی خۆی لەسەر شانۆی سیاسیی ناوچەکە.[7]هەربۆیە ئەوانەی لەم مەسەلەیەدا فاکتەری شورەوییان باڵادەست کردووە و ڕۆڵەکەیان زەقکردۆتەوە بەتەواویی پێشینەی مێژوویی گرفتو کێشەی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێرانو خەباتی ئەم گروپانەیان دژی ستەمی دەوڵەتی ناوەندیی و ئاواتەکانیان لەبەدیهێنانی مافەنەتەوەییەکانیان پشتگوێ خستووە.

شایەنی باسە، لەبەرامبەر ئەم بۆچوونە تاکبینیەی سەرەوەدا، دیدی واش هەن پێیانوایە کە کێشەو خواستو ئامانجەکانی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران ناکرێت لەچوارچێوەی باسێکی واداو دەرهاوێژرێنو گوێیان پێنەدرێت، بۆنمونە (باکسجەر / B*axter* ) سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەو ڕاستییەی درکاندوە کە

---

[5] Chubin, S, and S. Zabih, (1974), the foreign Relation of Iran, (Berkeley, Los Angeles, London: University of California press), pp. 37-39: fawceet, L. (1988),The struggle for Persia: The Azerbaign crisis of 1946, (Unpublished ph.D. Dissertation,University of Oxford), p.v.

شایەنی باسە، کۆڵەر (ڕوحوڵڵا ڕەمەزانی ) یش ئەم دیدەی تۆمار کردووە، بەڵام لەشوێنی خۆیدا بوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردو ئازەرو ناڕەزایەتیی ئەم دوو گروپەی دژی حکومەتی ناوەندیی باسکردووەو لەم بارەیەوە قرۆقەپی لێنەکردووە بڕوانە:

Ramazani,R. (1975), Iran's foreign policy 1941- 1973: Astudy of foreign policy in Moderinzing Nation. (Charlottesville: University press of Virginia), pp. 110-116.

[6] pahlavi, M.R. (Shahanshsh of Iran), (1961), Mission for my country, London: Hutchinson & co)p. 114.

لەڕاستییدا ئەو قسەیەی بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد هەڵدە بەسترێت گوایە بە فیتی بێگانە درووستبووە زۆرجار لە لایەن ئەوانەی هەڵوێستی دژ بە کوردیان هەیە نان و پیازی پێوە دەخورێ بەتایبەتی چینی دەسەڵاتدارو ڕاگەیاندنەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا رادەپەڕن.

[7] پەیوەندیی بەتین هەیە لەنێوان ئاڵۆزیی بارودۆخی ناوخۆیی و دەستخستنە ناوەوەی دەوڵەتان. بەتایبەت دەوڵەتە دراوسێکان، بەگشتیی هێزە دەستتێوەردەرەکان و فاکتەرە ناوخۆییەکان هەریەکەو ئەوەی تر بۆی دەقۆزێتەوە بڕوانە:

Ryan, S. (1988), "Explining Ethic Conflict: The Neglected international Dimension", in Review of International stuies, Vol. 14,No.3, 1988,p.171.

شایەنی باسە ڕابەری کوردی واهەبوون لەو قۆناغەدا درکیان بە سودوەرگرتن لەو بارو دۆخە نێودەوڵەتییە کەموێنەیە کردووە، بۆنمونە مەلا مستەفا پێی وابوو کەپێشبڕکێی نێوان هێزە مەزنەکان وایکردوە شورەویی لە ئێران هاوکاریی کورد بکات، ئەو دەیوت شورەویی کوردەکانی پێویستە تا ئامانجەکانی لەناوچەکە چنگ بخات، کوردیش دەبێت بۆ سودی خۆیان ئەم هەلە لەکیس نەدەن، مەلامستەفا ڕوونیدەکردەوە کە دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی شورەویی دەکات لە ناوچەکەدا.

بڕوانە أبو الحسن تفریشیان، قیام أفسران خۆراسان،١٣٥٥ش، ص ص ٨٠-٨٧.

به درێژایی مێژوو سیاسەتێکی هەڵاواردنو تایبەت لەلایەن حکومەتە ناوەندییەکانی ئێرانەوە لەهەمبەر کوردستانو ئازربایجان گیراوەتەبەر.[٨]

هەرچەندە، باکسجەر لەم ڕووەوە دەستبەرداری مەسەلەی بایەخی پشتگیریی شورەویی بۆ کوردو ئازەرییەکان نەبووە. ئەو واتە باکسجەر پێیوایە کە لانیکەم ئامانجێك لەپشت ئەم پاڵپشتییەی شورەوییدا هەیە ئەویش فشارخستنەسەر ئێرانو تورکیایە.[٩] هەروەها کارمەندێکی فەرمیی حکومەتی بریتانیی بە حکومەتی ناوەندیی ئێرانیی ڕاگەیاند، ناتوانرێت ئەو گرژیەی نێوان دەسەڵاتدارانی ئێران لەلایەكو کوردو ئازەریەکان لەلایەکی تر تەنیا بە چالاکییەکانی شورەوییەوە ببەسترێتەوە، لەهەمان کاتدا، ئەم کارمەندە، مێژینەی مامەڵەی تایبەتی حکومەتی ئێرانی لەگەڵ کوردو ئازەردا وەبیرهێنانەوە.[١٠]

بێگومان، کوردو ئازەر دەمێك بوو لەلایەن حکومەتی ناوەندیی تارانەوە پشتگوێخرابوون.[١١]جووڵانەوەکەشیان کاردانەوەیەك بوو دژی سیاسەتی کاربەدەستانی تاران لەهەمبەر کەمینە نەتەوەییەکانی وڵات، مەسەلەی پەیوەندیی کوردو شورەوییش لەو گۆڕانەوە سەرچاوەدەگرێت کە لەسەرشانۆی نێودەوڵەتیی هاتبووەکایەوە، گۆڕانی تەرازووی هێزەکانی نێوان دەوڵەتە مەزنەکان ئەو هەلەی بۆ کورد ڕەخسا کە بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی لە شورەویی خۆی نزیکبکاتەوە. هەروەك کارمەندێکی فەرمیی بریتانیی ئەو تێبینییەی کردووە کە لەساڵی١٩٤٦دا "هێزێکی مەزنی دی لەسەر شانۆکە پەیدا بووە، ئەم هێزە واخۆی پێشاندەدات ئەگەر بە فەرمیش نەبێت سۆزێکی تایبەتی بەرامبەر هیواو ئاواتەکانی کوردەکان هەیە، کە لانیکەم خۆی لەهاندانیان دەبینێتەوە".[١٢] لەهەمان کاتدا ئەزموونەکانی پێشوو گەواهی لەسەر ئامادەنەبوونی ئینگلیزەکان بۆ یارمەتییو پشتگیریی کوردەکان دەدەن. هەربۆیە مەسەلەی نزیکبونەوەی کوردو شورەویی لەقوڵایی ئایدۆلۆژییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەوەندەی بێ هیوایی کوردەکان دەردەخات لەئاست بێخێریی سیاسەتی بریتانیا.[١٣]لەڕاستییدا، ئینگلیزەکان چەندەهاجار لەلایەن ڕووناکبیرە

---

[8] From the Amrican Embassy in London to the department of state, Nov.21, 1945, DSDF, 891.00111-2145, NA.

[9] Ibid.

لەم ڕووەوە خاڵێکی تری گرنگ هەیە کە لە رووخاندنی دوو کۆمارە خودموختارەکەوە سەرچاوەی گرت، ئەویش ئەو دۆخەیە کە بۆ شورەویی لەسەر شانۆی ڕۆژهەڵات هاتەپێش، دوای رووخاندی هەردوو کۆماری کوردستانو ئازەربایجان. یۆنانو تورکیا کەوتنە خانەی نفوزو چاودێریی ئەمریکا، هەروەها ئەمریکا بڕیاری هاوکارییو یارمەتیی ئێرانیشی جێبەجێ دەکرد، ئەم حاڵەتە شورەویی تەنگەتاو کردو لە هەیبەتی هێنایەخوار، بەتایبەت دوای ئەوەی هەموو هەوڵەکانی لە مەڕ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێبەر بوو، ئەمەش فاکتەرێکی مەزن بوو بۆ هاندانی شورەویی تا هاوکاریی دامەزراندنی دەوڵەتی جو بکات بەمەبەستی پەیدا بوونی ڕژێمێکی دۆست بە شورەویی لە ناوچەکەدا. بڕوانە: Kimche, Op. Cit, pp. 85-86.

[10] From winant, the Amrican Ambassdor in the United Kingdom, to the secretary of state, Nov. 21, 1945, FRUS. 1945, Vol. VIII, p. 440.

[11] Ramazani, op. Cit, pp. 408-409.

[12] Deputy Assitant political Adviser, Arbil, " TourNotes Rawanduz- Rayat, 6-9 January, 1947" fo 3711 52369, Iraq 1946, pro.

[13] جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتیمان ، تەموزی ١٩٤٣– مایسی ١٩٤٤، زمان حاڵی کۆمەڵەی ژێ کافو ئایدۆلۆژیایی بۆرژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا، ستۆکهۆڵم، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ١٩٨٥،ل ل ١٩–٢٠.

کوردەکانەوە کەوتنەبەر نەشتەری ڕەخنەو ئەوەیان وەبیردەهێنرایەوە کە چۆن لەبەندەکانی پاکتی ئەتلانتیکدا مافی خودموختاریی میللەتانیان سەلماندووەو کەچی دوای جەنگ، کارێك بەم مافەناکەن‌و لەکۆڵی ئەم میللەتانە نابنەوە.[14]

ئا لەم کاتە مێژووییە ئاڵۆزەی ئێراندا، کوردەکان هاتنەسەر ئەو باوەڕەی کە لەڕێگای بەدەستهێنانی پاڵپشتیی شورەویی، ئامانجە نەتەوەییەکان چنگ بخەن، بێبەهرەیی کوردو ئازەر لەبوونی دەوڵەتی ناسیونالْ کە بتوانن چۆن بیانەوێت پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ شورەویی‌و وڵاتانی تردا بگرن، فاکتەری سێبەری شورەویی لەسەر کۆمارەکەیان زەقدەکاتەوە. بەڵام دەتوانین هەر لێرەدا ئەوە بێژین کە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردو ئازەر، دوو جووڵانەوەی مێژوویی بابەتین‌و زادەی سیاسەتی شورەویی نین، بەڵکو لەم قۆناغەدا شورەویی تاڕادەیەك هاوکارییانی کردووەو دواتر قۆستنیەوە.

ماوەیەك پێش دامەزراندنی کۆماری میلليی کوردستان قازیی محمد لەشاری تەبرێز چاوی بەنوێنەری شورەویی کەوت، لەبەرئەوەی وتووێژەکانی ئەم چاوپێکەوتنە ئاشکرانەکرا، نازانرێت تاچەند قازیی لە بەدەستهێنانی پاڵپشتیی شورەویی بۆ کۆمار سەرکەوتوو بووە.[15] لەلایەکی ترەوە، چەند ڕۆژێکی کەم پێش دامەزراندنی کۆمار، قازیی سەرقاڵی ئەوەبوو هەڵوێستی چەسپاوی شورەویی لەمەڕ دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کورد بزانێت، ئەو دوو کارمەندە شورەوییەی قازیی بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیی پێوەکردن ئاشکرایانکرد کە بەرامبەر کارێکی وا لاریان نیە.[16]

هاوکاریی سنورداری شورەویی بە چەند تفەنگ‌و چاپخانەیەك بە تەواویی پێداویستیەکانیەوە بۆ کۆماری کوردستان نکۆڵیی لێناکرێت، بەڵام هەندێجار ژمارەیەك ڕاو بۆچوونی ناڕوون باسدەکرێت کە دەبێت هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت، بۆنموونە، قوبادی ئێرانیی وا پێشاندەدات کە هەر لەگەڵ دامەزراندنی کۆمار، شورەویی بە فەرمیی دانیپێداناوە.[17] ئارچی ڕۆزفێڵت دەڵێت کە سیخوڕەکانی شورەویی بە ناوچە کوردییەکاندا وەربوون‌و هانی خەڵکیان داوە لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردەکاندا بەشداربن، جگەلەوەی سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکەیان بۆ قازانجی جووڵانەوەکە عێلجارکردوە.[18] نەسروڵای فاتمی باسی ڕۆڵی شورەویی لە کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد کردوەو دەڵێت سوپای سوور گوندە کوردنشینەکانیان گەمارۆداوەو داوایان لە سەرۆك عەشیرەتەکان کردوە تاکو هاوکاریی یاخیبووەکان بکەن. لەوەش زیاتر، نەسرولاّ پێیداگرتووەو دەڵێت ئەو کوردانەی کە لایەنگریی حکومەتی ناوەندیی بوون لەلایەن سوپای سوورەوە چەککراون‌و سەرۆکەکانیان یان زیندانییکراون یان هەڕەشەی توندیان لێکراوە.[19] ئەم وێنەیەی کە لەلایەن ئەم جۆرە نووسەرانە بۆ ڕۆڵی شورەویی نەخشێنراوە جگەلەوەی لێڵ‌و چەواشەکارانەیە، پشتیش بە هیچ بەڵگەو ماتریاڵێکی مێژوویی نابەستێت.

ڕاستییەکەی، دانپێدانانێك لەلایەن شورەوییەوە بۆ کۆماری کوردستان نەبووە، هەرچەندە، جۆرە هاوکارییەکی سنورداری کۆمارکراوە، بەڵام ئەوەی کە شورەوییەکان بە قووڵیی لە مەسەلەی کۆکردنەوەی کوردو بنیاتنانی

---

[14] Deputy Assitant political Adviser, Arbil, "TourNotes Rawanduz- Rayat, 6-9 January, 1947" fo 3711 52369, Iraq 1946, pro.
[15] Dehkordi, f(1986), the Republic of Kurdistan: Its Rise and fall, (Unpublished Ma, Dissertation, University of Oxford), pp. 62-63.
[16] Eagleton,W.Jr. (1963), The Kurdish Republic of 1946, (London: Oxford Universoity press) p.61.
[17] Irani, R. (1978), American Diplomacy: An option Analysis of the Azerbaigan crisis, 1945-1946, (strategic studies institute, U.S.Army war college), p.22.

[18] Rossvelt, op. Cit, p.256.
[19] Fatemi, N. (1954), oil Diplomacy: powderkeg in Iran, (Newyork: whiter Books), p.274.

**جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا گلابێتن قسەیەکی بێ بناغەیە، خۆ بەشێکی فراوانی ناوچە کوردنشینەکان بە مەهابادیشەوە، لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سوپای شورەوییدا نەبووە، ئەمەش زیاتر لەنرخی بۆچونەکانی نەسڕوڵا فاتمیو ئارچی ڕۆزفێڵت کەمدەکاتەوە، خودی دەسەڵاتدارانی شورەویی پێیانوابوو دامەزراندنی کۆماری کوردستان کارێکی پێشوەختەو لانیکەم کرچێتیی پێوەدیارە.[٢٠] لەبەرئەوە، مەسەلەی پەرەسەندنی چالاکییە سیاسییەکانو گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی لەنێوان کوردەکاندا پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردەوارییو ئەو گۆڕانەی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیی خولقابوو، ئەم هەلومەرجە نوێیەش ئەوەی بەسەر شورەوییدا سەپاند کەسەر بۆ کوردەکان دانەوێنێت، لەگەڵ ئەوەی دوودڵ بوو بەرامبەر ئەگەری کاریگەریی هیوای نەتەوەیی کوردەکان بەدژی ستراتیژیی وڵاتەکەیان لە ئێرانداو ئاڵۆزکردنی مەسەلەکە لە ئایندەدا.[٢١] سەبارەت بە خۆنزیککردنەوەی شورەویی خۆهەڵقورتاندن لە چالاکیی کوردەکان لەتەوای کوردستان، بیروڕای دژبەیەك هەبوو، باڵیۆزخانەی بریتانیا لە مۆسکۆ، پەنجەی بۆئەوە درێژکرد کە ئاژانسە سیاسییەکانی شورەویی، ڕابەرە کوردەکانیان لەمەسەلەی یارمەتیدانی هەموو کوردەکانی پارچەکانی کوردستانی ئێرانو عێراقو تورکیا دڵنیاکردۆتەوە تاکو بەشێوەی ئازەربایجان کۆماری خودموختاریی پێکبهێنن.[٢٢]هەرچەندە، دواتر باڵیۆزخانەی بریتانیا ئاشکرایکرد کەلەلایەن شورەوییەکانەوە پیلانێکی بەرین سەبارەت بە سەرتاسەری کوردستان لەگۆڕێدا نییە.[٢٣]**

**لەچوارچێوەی جەنگی ساردا، وادێتە پێش چاو کە سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی (ترومان /*Truman*) سەرۆکی نوێی ئەمریکا سەبارەت بە هاوکارییکردنی ئێرانو دژایەتیی شورەویی وەك پێویست نەبووە، ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکییە شورەویی زیاتر چەشەی نزیکبوونەوە لەجووڵانەوەی خودموختارییخوازەکانی کوردستانو ئازەربایجان کردو دۆخەکەی قۆزتەوە، بەتایبەت لەمانگە ئاڵۆزەکانی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥و کانونی دووەمی ١٩٤٦دا.[٢٤]بۆچوونی باوی ناوەندە فەرمییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش لەمەڕ چالاکییە سیاسییەکانی کوردستانو دامەزرادنی کۆماری میلليی کوردستان بریتیە لەوەی کە ئەم جۆرە چالاکییانە ڕیشەی کۆمۆنیستیی هەیە.[٢٥]هەروەها بەرژەوەندیی ئێران لەوەدایە ئەو ڕژێمە کوردییە بە کۆمۆنیستو کۆمارەکەشیان بە کۆمارێکی دەسەندەخۆری شورەویی بداتە قەڵەم. ئەمەش ئەو هەلە بۆ ئێران دەڕەخسێنێت کە سەرتاپای مەسەلەکە بەپلانی شورەوییو فراوانخوازییو چاوتێبڕینی بێگانە لە ئێران بخاتەڕوو.[٢٦]**

---

*20* Howell, W.N, Jr. (1965), The soviet Union and the Kurds: Astudy of National Minority problems in soviet policy, (Unpublished ph.D. Dissertation, University of Virginia), p.368.

21 Ibid.

*22* **بۆزیاتر دەربارەی چالاکیی شورەویی لە ناوچە کوردییەکاندا بڕوانە:**.Eagleton,op, Cit, pp. 64-67

23 From the British Embassy in Moscow to the foreign office. March 2, 1946 fo 371\52702, Persia 1946. PRO.

*24* **بڕوانە:**

Lawson, F (1989), " The Iranian Crisis of 1945-1946 and the spiral model of international conflict" in International Journal Middle East Studies, No. 21,1989. p.321**.**

*25* **هەندێ کۆڵەر چەواشەکارانە کۆماریان بە (کۆماری کۆمۆنیست ) ناوبردووە، بۆنموونە:**

Fuller, Graham, The center of Univers: The Geopolics of Iran, (Baullder, San Francisco. Oxford: westview press ) 1991, p.211.

*26* **بۆ نموونە بڕوانە:**

Rossow, 1956, p.17 ; Fawcett, 1988, p.278 ; Irani, q978, p.17; Pahlavi,1961, p.114-115.

ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە چالاکیی سیاسیی کوردەکان چ پێش دامەزراندنی کۆمارو چ لە کاتی دامەزراندنیدا، خواستو ئامانجی نەتەوەیی کورد بەرجەستەدەکات.[27] ڕابەرانی کۆمار کۆمۆنیست نەبوون، بەڵکو نەتەوەخواز بوون، ئەوەندەش بەتەنگ ئەوەوە نەدەهاتن کە کۆمارەکەیان بکەوێتە ژێر نفوزو چاودێری شورەویی.[28]

جگەلەوەی، کەخواستە سیاسییەکانیان کە پێشتر لەلایەن کۆمەڵەو دواتر لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، هەر لەسەر مافی نەتەوەیی کوردو هەبوونی پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان کوردی ئێرانو حکومەتی تاران قسەی کردبوو، هیچ باسێك لە گۆڕانی ڕیشەییو ڕادیکاڵانە لەخواستەکانیاندا نەهاتبووە گۆڕێ، هەربۆیە کاتی فۆڕمەڵەکردنی ئەم ئامانجانە بیروباوەڕی کۆمۆنیستانە چاولێناکرێ.

هەرچەندە، ئەمریکاییەکان خاوەنی نرخاندنی خۆیان بوون لەمەڕ کێشەی کەمینە نەتەوەییەکانی ناو ئێران، کەچی پشتگیریی حکومەتی تارانیان کرد لە دژی ئازەربایجانو کوردستان، هەر لەم کاتەدا کارمەندێکی فەرمیی ئەمریکیی ئەوەی ئاشکراکرد کە حکومەتی ناوەندیی ئێران فشاری خستۆتە سەر کەمیینە نەتەوەکان وە دەیانچەوسێنێتەوە، پەنجەشی بۆ ئەوەڕاکێشا کە داواکاریی خودموختاریی ئەم گروپە نەتەوەییانە جۆرە ڕەواییەکی خۆی هەیەو دۆخی سیاسیی ناوچەکانیشیان لەبارە بۆ ڕاپەڕین.[29] وێڕای ئەم جۆرە دیدانە هەڵوێستی فەرمیی وڵاتە یەکگرتوەکان پێداگرتن بوو لەسەر لایەنگرییو پاڵپشتیی بێ چەندوچوونی حکومەتی ناوەندیی تاران. ئەم هەڵوێستەش بێگومان لەچەند ئیعتیباراتێکی ستراتیژییو سیاسیی حکومەتی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتبوو.

(واڵتەر سمس/ ***Walter smith***) باڵیۆزی ئەمریکا لە مۆسکۆ وتی: "حکومەتی شورەویی سیاسەتێکی لێڵی لەهەمبەر ئێران گرتۆتەبەر، لەو کاتەی جەخت لەسەر پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی دەکات، هەرئەو کاتەش ئازەربایجان وەك ئامرازێك بۆ ئاژاوەنانەوە دژی حکومەتی تاران بەکاردێنێت". هەروەها سمس ئاماژەی بەوەدا کە هاوکارییکردنی شورەویی لەگەڵ حکومەتە خودموختارە خۆجێیەکانی ئازەربایجان بەو ئاراستەیە دەڕوات کەلە ئایندەیەکی نزیکدا ناوچەکە بخرێتە سەر قەڵەمڕەوی شورەوییو ببێتە بەشێکی دانەپچڕاوی ئەو وڵاتە.[30]

وەك ئاشکرایە، چاوپێکەوتنی ڕێبەرایەتیی کۆمارو لێپرسراوانی ئەمریکیی لە تەبرێز بۆ قازانجی هەردوولا بایەخی خۆی هەبوو، سەرەتا کاتێك قازیی محەمەد لەشوباتی ١٩٤٦دا، سەردانی تەبرێزی کرد، سێ جار لەلایەن (ڕۆسۆ/***Rossow***) وە ئاگادارکرایەوە تاکو چاویان بەیەکتر بکەوێت، بەڵام قازیی بەم دیدارە ڕازی نەبوو.[31] بەڵام دواتر قازیی محەمەد لەبارەگای کاتیی سەرکردایەتیی کورد لە تەبرێز کە بەرامبەر کۆنسوڵخانەی ئەمریکی بوو. چاوی بە ( دۆهەر/D***ooher*** ) کەوت، لەم دیدارەدا قازیی محەمەد هەوڵیدا هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەمریکی بەرامبەر مەسەلەکانو سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکان بەرامبەر کێشەی کورد بزانێت، هەروەها خوازیاری زانینی ئەوە بوو تاچەند ئەمریکا نفوزی خۆی بەمەبەستی چەسپاندنی دیموکراسی لەئێرانو هاتنەسەرکاری حکومەتێکی دیموکراتخواز لەو وڵاتە بەکاردەهێنێت. دۆهەر وەڵامی قازی بەوە داوە کە سروشتی سیاسەتی ئەمریکا جەختکردنە لەسەر دەستتێوەرنەدانی کاروباری ناوخۆی وڵاتان، سەبارەت بەمەسەلەی ئێرانیش مەسەلەیەکی ناوخۆییەو پێویستە لەلایەن خەڵکی ناوخۆی وڵاتەکە خۆیەوە چارەسەر بکرێت. بەپێی وتەی دۆهەر "قازیی محەمەد پێشنیارێکی سەیری هەبووە، گوایە کوردەکان پێشوازیی لەدەستخستنە ناوەوەی مەسەلەکە لەلایەن ئەمریکاوە دەکەن کاتێك حکومەتی

---

[27] Lenczowski, 1971, p.26; Ghods,1989, p.143.
[28] Eagleton, 1988, p.17.
[29] From the Department of State to certain American Missions, Dec. 12, 1946, DSDF, 891.00/12-1246,NA.
[30] Ibid.
[31] From Rossow to the Secretary of State, Feb. 20, 1946, DSDF, 891.00/2-2046, NA.

ئەمریکا بۆ لابردنی کوتەکی حکومەتی ئێرانیی کاربکات کە دژی کەمە نەتەوەکانی ئێران بەکاریدێنێت.[32] هەروەها لەم دیدارەیدا، قازیی محەمەد جەختی لەسەر گرنگیی بنیاتی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ئەمریکادا کردو ئەوەشی دووپاتکردەوە کە خواستی کوردەکانی ئێران خودموختارییە لەچوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوودا. جگەلەوەی کە قازیی خوازیاری ئاخاوتنی زیاتر بوو لەسەر مەسەلەی یارمەتیی حکومەتی ئەمریکا بۆکۆماری میللیی کوردستان بەتایبەتی لەبواری پیشەسازیی، چاندن، فەرهەنگییدا.[33] شایەنی باسە، قازیی لەم رووەوە وەڵامێکی موسبەتی لەلایەن جێگری کۆنسوڵی ئەمریکاوە بەدەست نەگەیشت. دوای ڕەخساندنی هەلی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمار لەلایەن نوێنەرانی حکومەتی ئەمریکاوە، وڵاتە یەکگرتووەکان هەلێکی لەباری بۆ هەڵکەوت تا زانیاریی چڕوپڕ لەمەڕ دۆخی سیاسیی کوردستان و ئاراستەی ڕووداوەکان خڕبکاتەوە.

ئەگونجێ خواستی قازیی محەمەد لەدیتنی جێگری کۆنسوڵی ئەمریکا لەگۆڕانی هەڵوێستی شورەویی لەمەسەلەکە سەرچاوەی گرتبێ، بە وردبونەوە لە قەیرانی ئێران لەم قۆناغەدا جۆرە نزیکبوونەوەو لێکگەیشتنێك لەنێوان حکومەتی شورەویی و دەسەڵاتدارانی تاران دێتەبەرچاو، بەتایبەت سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی قەیرانەکەو نەهێشتنی ئاڵۆزیی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولا کە ئەنجامەکەی بە کشانەوەی هێزەکانی شورەویی لە باکوری ئێران و ئازەربایجان کۆتایهات کە بێگومان جێ پەنجەی لەسەر هەڵوێستی قازیی محەمەد لەمەڕ مەسەلەی نزیکبوونەوە لە ئەمریکا دانا. ئەمەش بۆخۆی حاڵیبوونی قازیی و ڕێبەرانی کۆمارە لە کاریگەرێتیی نزیکبوونەوەی شورەویی و ئێران لەسەر مەسەلەکەیان، دۆهەر بەڕاشکاویی ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات، ئەوپێی وایە شکستی سیاسەتی شورەویی بەرامبەر کوردو هاوکاریی نەکردنی کۆمار بەچەکی قورس و پێویستییە سەربازییەکان فاکتەری نزیکبوونەوەی قازییە لە ئەمریکا.[34]

ئەوەی دەبێت تێبینی بکرێت ئەوەیە کە هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمەڕ کۆماری کوردستان دەخرێتە چوارچێوەی سیاسەت و ستراتیژییەتی ئەمریکا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی و ئێران بەتایبەتیی، بێگومان دیدی وڵاتە یەکگرتووەکان لەهەمبەر هەڵوێست و سیاسەتی شورەویی لەناوچەکەدا حسابێکی تایبەتیی بۆ دەکرا، ئەمەش کوردی دەکردە فاکتەرێك و دەیهاویشتە گێرەو کێشەی نێوان ئەمریکاو شورەویی لەم قۆناغەدا کەسەرەتای هەڵگیرساندنی جەنگی ساردە.

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٦وە، ئەمریکا بایەخی بەمەسەلەی ئەگەری بوونی پلانێکی شورەویی دەدات کە گوایە بۆهەڕەشەکردنە سەر تورکیاو زەمینە خۆشکردن بۆ هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی دۆست لە ئەنقەرە لەکاردایە، (جۆرج کینان/ ***George Kennan***) ڕاپەڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە مۆسکۆ، ئەوەی ڕوونکردەوە کە بەڵگەی بوونی پلانێکی وا لەلایەن شورەوییەوە دژی تورکیا لەبەردەستدا نییە، دواتر کینان ئاماژەی بەوەدا تەنها سەرچاوەی گرفتی پێشبینیکراو بۆ حکومەتی تورکیا (کوردە چەکدارە شورەوییخوازەکانە) لەسنووری ئێران–تورکیاوە، چالاکی ئەوان دەتوانرێت وەك زەمینەخۆشکردنێك بۆ دەستتێوەردانی ناو دەوڵەتی تورکیاوە چاولێبکرێت.[35]

کینان ئاشکرایکرد، کە مەسەلەی چالاکیی شورەویی لە عێراقیشدا بەتەواویی دیارنییە، لەگەڵ بوونی ئەو هەواڵانەی باس لە هەوڵی هەندێك کوردی چەکداری شورەوییخواز دەکەن بەمەبەستی داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ. بەپێی قسەی

---

[32] From Rossow to the Secretary of State, April. 26, 1946, DSDF, 891.00/4-2646, NA.
[33] From the British Embassy in Tehran to the Foreign Office. April. 28, 1946, 1946 FO 371\52702, Persia 1946. PRO.
[34] From Dooher to the Secretary of State, April. 26, 1946, DSDF, 891.00/4-2646, NA.
[35] From Kennan to the Secretary of State, March. 17, 1946, Vol.VII, p.363.

کینان ئەم کوردانە پێویستییەکی زۆریان بەشورەویی دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەیان، جگە لەوەش شورەویش پشتیان پێ دەبەستێت. شورەویی لە بەئەنجامگەیاندنی مەسەلەیەکی وا بریتانیا بەڕێگر دەزانێت، بەڵام ئەوان واتە (شورەویی ) واخۆیان سازداوە ئەوەی پێویست بێت دریغیی ناکەن، هەروەها کینان دەڵێت شورەویی ئامادەیە کەڕووبەڕوی توندوتیژترین دیپلۆماسییو نالەبارترین سیاسەتیش ببێتەوە تاکو بتوانێت ئامانجەکەیان بێننەدیو گرێنتی سەرکەوتنی پرۆژەکەی بکات.[٣٦] هەروەها کینان وتی ئەوان پێشبینی ئەو ئاکامانە ناکەن کە دەگونجێ لەم جۆرە خۆهەڵقورتاندنو سەرەڕۆییەدا بێتەگۆڕێ، ئەم کارەی شورەویی ئەگەری پەیدابوونی گرفتێکی سەختە کە خودی شورەوییەکان لەبنەڕەتدا چاوەڕێی ناکەن.[٣٧]

کاریگەریی سیاسەتی شورەویی لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لەناوچەکە ناوەندەکانی ئەمریکای توشی دڵەڕاوکێ کردبوو، ئەتوانرێت لێرەدا سیاسەتەکانی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١- هاندای ئێران بۆ بەستنی پەیوەندیی دۆستانە لە گەڵ وڵاتاندا بەمەرجێك چەسپاندنی سەربەخۆییو پاراستنی یەکپارچەییو سەروەریی ئێران بپارێزرێت.

٢- چەسپاندنی ئاسایشی ناوخۆی وڵات بەجۆرێك ڕێنەدات بێگانە دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵات وەردات.

٣- کارکردن بۆ گەشەپێدانی ئابووریی ناوخۆی وڵاتو ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەستنی پەیوەندیی ئابووریی لەئاستی نێودەوڵەتیدا.

٤- دواجار پتەوکردنی دەزگا دەوڵەتییەکانو دیموکراتیزەکردنیان.[٣٨]

هەربۆیە، ئاساییە کە ئەمریکییەکان نرخاندنێکی جیدیی لەسەرشوێنی کێشەی کورد لەبارودۆخە ئاڵۆزەکەی ئێرانو باری نێودەوڵەتیشدا بکەن، ئەگەرەکانی ئایندەی ئێرانیش لەلای خۆیەوە کاری گرنگی دەکردە سەر ستراتیژییەتی ئەمریکا، ئەو ئەگەرانەی لەلایەن کۆمیتەی هەماهەنگیی جەنگی دەریایی دەوڵەتەوە( ***State war-Navy Cordinating commite***) لەبیرخەرەوەیەکدا گەڵاڵەکرابوون، ئەگەرەکانیش:

أ- دابەشکردنی ئێران بۆ دوو ناوچەی نفوزی شورەویی لە باکوورو بریتانیی لە باشوور.

ب- دەستبەسەراگرتنی هەمیشەیی شورەویی بەسەر هەرێمی ئازەربایجانی ئێراندا.

ت- دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی خودموختاری شورەوییخواز کە ناوچەکای باکوری ڕۆژئاوای ئێرانو باکووری عێراق بگرێتەوە.

ج- سەپاندنی دەسەڵاتو نفوزی ئێران بەسەر تەواوی ئێراندا.[٣٩]

کۆمیتەی هەماهەنگیی دوپاتیکردەوە کە بەهەموو حسابێکی هێرشو بەرگریی، ئێران ناوچەیەکی ستراتیژیی سەرەکییو گرنگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکدەهێنێت، ئێرانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی میدیترانە لەرووی ستراتیژییەوە جەوهەری مەسەلەی ڕێگەگرتنی فراوانخوازیی شورەویین لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.[٤٠] کوردستانی مەزن

---

[36] Ibid., pp. 363-364.

[37] Ibid.

[38] Policy and information statement on Iran preperd by the Department of State, July 15, 1946, FRUS 1946, Vol.VII, p.507.

[39] بیرخەرەوەی مایۆر جەنەڕاڵ جۆن.ئێچ هیڵدرینگ یاریدەدری وەزیری دەرەوە بۆ ناوچە داگیرکراوەکان بۆ ئەی.دی رید وەزیری دەرەوە- کۆمیتەی هەماهەنگیی جەنگی دەریایی

Sep. 26. 1946, FRUS 1946, Vol.VII, p.515.

[40] بیرخەرەوەی ئەی.دی رید بۆ جۆن.ئێچ هیڵدرینگ.

کۆریدۆرێکە بۆدزەکردنە ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست. لەبەر شوێنە جوگرافییەکەی کوردستان و سروشتە تۆبۆگرافیا چیاییەکەی، شورەویی کاتی پێشڕەویان لەم ناوچەیە لانی زۆری گیروگرفت دەبینن، لەوەش زیاتر، بوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەنێو چوار دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو ئایندەی چالاکی سیاسیی کوردەکان، لەرووی سیاسیی و ستراتییژیەوە لەهەر ڕووبەڕووبونەوەیەکی داهاتوی ناوچەکەدا سوودبەخشە.

سەبارەت بە خاڵی (٤) ی سەرەوە، کۆمیتەی هەماهەنگیی ڕایگەیاند، کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی بەهاوکاری شورەویی ڕێگرێکی جیدیی دەبێت لەبەردە بەرژەوەندیەکانی ئێستاو داهاتووی وڵاتە یەکگرتوەکان، لەکاتێکدا ڕێی تێدەچێت شورەویی ئەم دەوڵەتە بەکاربهێنێت بۆ ئاژاوە لەڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا، ئەو دەوڵەتە کوردییەی سەرچاوە نەوتییەکانی بەریتانیا دەگرێتەخۆ کە ناوچەی کەرکوکە، ئەمەش ئاکامەکەی ئەوە دەبێت، هەر سوودو قازانجێکی کەئێستا دەچێتە گیرفانی عێراقەوە، ئەوسا دەچێتە گیرفانی کوردەکانەوە، کارێکی واش ئەگەری رووخاندنی حکومەتی عێراق و هێنانەکایەی حکومەتێکی تر دێنێتە پێشەوە، حوکمەتێك کەزیاتر دۆستایەتیی لەگەڵ دەوڵەتی شورەویی بەرقەرار دەکات تاکو لەگەڵ هێزە ئەوروپییەکان، ئەگەر ئەو ڕاستییەشمان خستە بەرچاو کە عێراق بەرەو کەنداوی فارس درێژدەبێتەوەو بەسەرییرە نەوتەکانی (ئابادان) دا دەڕوانێت ئەوسا بۆ مان دەردەکەوێت کە سەرچاوە نەوتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا تاکو چ رادەیەك دەکەوێتە مەترسییەوە.[41]

هەرماوەیەك پێش دامەزرادنی کۆماری کوردستان، باڵیۆزی بریتانی لە تاران دوپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی هەمان سیاسەت و بەرنامە ئەگرێتەبەر کە پێشتر لە ئۆکتۆبەری ١٩٤١دا، لەلایەن نوێنەرایەتیی بریتانیاوە لە تاران بڕیاری لەسەر دراوە. بەڵام لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی بەرینترو وردتر، مەسەلەی هاوکارینەکردنی عەشیرەتەکان و خۆتێوەگلان لە گرفتەکانیان لەلایەن بەریتانیاوە ئەزموونێك بوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ خێڵە کوردو عەرەبەکانی عێراقەوە لە ساڵانی ١٩٢٠ کانەوە بەمیرات بۆی مابووەوە، هەروەها جەختیشکرایەوە کە بەرژەوەندیی و شوێنی سەربازیی بریتانیا لەناوچەکە باشتر دەپارێزێت، کاتێك ئەم وڵاتە هاوسەنگەریی حکومەتی ناوەندیی بێت لە تاران و دەستی هاوکاریی بۆ درێژ بکات.[42]

ئاشکرایە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی پێویستی بەهاوکاریی یارمەتیی هێزە مەزنەکان بوو. لەکۆتایی دیسامبری١٩٤٥دا، قازیی محەمەد ڕێی بەچەند نوێنەرێکی کورددا، کە لەگەڵ کۆنسوڵی بریتانیا لە تەبریز بەمەبەستی بەستنی پەیوەندیی نێوان حکومەتە خودموختارە چاوەڕوانکراوەکەی و حکومەتی بریتانیاو هێزە ڕۆژئاواییەکانی دی گفتوگۆ بکەن، کۆنسوڵی بریتانیی لەم دیدارەدا وەڵامێکی دیارو روونی بە نوێنەرانی کورد نەدایەوە.[43] ئەم هەڵوێستە نەرێییەی بریتانیا جێی سەرسوڕمان نییە، هەر هەمان هەڵوێستی پێشووە کە لەکاتی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی ئەنگلۆ-شورەوییەوە لەهەمبەر کورد گرتبوویەبەر، بریتانیا کێشەی کوردی وادەپێوا کە هەڕەشەیەکی بەردەوام و سەرچاوەی ترسێکی گەورەیە، بە بۆچونی ئەو دامەزراندنی کۆمارێکی کوردیی ئایندەی گەشەکردنی کاروباری ئێران دەئاڵۆزێنێت و بەخراپیش بەسەر شانۆی نێودەوڵەتییدا دەشکێتەوە، بەریتانیا پێی وابوو، کە پێویستە بۆ دژایەتییکردنی شورەویی لەئێران پلانی خۆی سەبارەت بە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بخاتەگەڕ، لەلایەکی

---

Oct. 12 . 1946, FRUS 1946, Vol.VII, p.529-532.

[41] Ibid.

[42] From the British Embassy in Tehran to the Foreign Office. May. 17, 1945, 1946 FO 371\45448, Persia 1945. PRO.

[43] Eagleton, 1963, p.61.

تریشەوە، باس‌وخواس لەسەر ئەوە دەکرا کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردیی خێڵەکیانەیەو بیری دامەزرادنی دەوڵەتێکی کوردیی نەتەوەیی بناغەیەکی پتەوی نییە.[٤٤]

لە هەمان کاتدا، ئینگلیزەکان لە عێراقدا زۆر بەوردیی چاودێریی بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەکەی کوردستانی ئێرانیان دەکردو کاریگەرێتی ئەم دۆخەیان لەسەر کوردستانی عێراقو ئەگەری قۆزتنەوەیان لەلایەن شورەوییەوە لێکدایەوە، باڵیۆزی بریتانی لە بەغداد ئاماژەی بەوەدا کە وڵاتەکەی هەوڵدەدات سوود لەهەر دەرفەتێك وەربگرێت کە تێیدا هانی حکومەتی عێراق بدات کار بۆ نەهێشتنی بێزاریی کوردەکای عێراق بکات باری گوزەرانیان باشتر بکات، هەروەها روونیکردەوە کە کورد لە شورەوییدا هێزێکی نوێی دیوەتەوەو دەیەوێت "واز لە دڵدارە کۆنەکەی واتە (بریتانیا) بهێنێت‌وو باداتەوە بەلای ئەم هێزەدا"، هەروەها کورد لەوە تێناگات کە حکومەتی بریتانیا لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانیەوە دەڕوانێتە مەسەلەکان خۆدەبوێرێت لە هەر بەڵێن پەیمانێك دواتر ببێتە ماڵ لەسەری.[٤٥] ئەم بۆچوونانەی باڵیۆزی بریتانیا زیاتر لەسەر ئەوتێبینیانە گەڵاڵە کرابوو کە لەلایەن (ئێچ. ئێم. جاکسن/ ***H.M Gakson***) جێگری ڕاوێژکاری سیاسیی هێزەکانی بریتانیا لە هەولێر پێشکەش کراوە، جاکسۆن لەگەشتێکی سێ ڕۆژەیدا بۆ باکووری هەولێرو سنوورەکانی عێراق – ئێران ئەوەی تێبینیکرد کە هیوای کوردەکانی ناوچەی ڕەواندوز بەبرا کوردەکانیان لە ئێران ڕوولە زیادبوونە.[٤٦]ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە زۆرینەی کوردە عێراقیەکانی سەر سنوور سێ خاڵیان لە لا ئاشکرایە:

١– یەکێك لە ئاکامەکانی خەباتی ئازەربایجان بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستانە.

٢– یەکێك لە هێزە مەزنەکانی سەر شانۆی نێودەوڵەتیی کە یەکێتی شورەوییە پاڵپشتی ئەم خەباتەیە.

٣– مەلا مستەفاو هاوڕێکانی کلیلی بەدیهێنانی ئەم سەربەخۆیی‌و بەشدارییکردنەی ئەم خەباتەن.[٤٧]

لەلایەکی ترەوە، بە دەرکەوتنی ئاسۆی سەرکەوتنی هێزە هاوپەیمانەکان بەسەر نازیزمدا، پەیوەندیی بریتانیاو شورەویی لە ئێراندا رووی لە گرژیی کرد، هەردووکیان بێپەروا لە پەیجوی ئاراستەکردنی دۆخە سیاسییەکە بوون بەو جۆرەی قازانجەکانیان دەخوازێت.[٤٨] پوختەی قسە، سیاسەتی بریتانیای مەزن خۆی لە پاڵپشتیی‌و بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندیدا دێتەوە وەك هاوسەنگییەك بەرامبەر ڕوسیای شورەویی لە جووڵانەوەی خودموختاریی ئازەزبایجان‌و کوردستان لەلایەك‌و هێزە چەپەکانی ئێران بەتایبەت حیزبی تودە لەلایەکی دییەوە.[٤٩]دەتوانرێت کە سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر عەشیرەتەکای ئێران‌وو حکومەتی ناوەندیی تاڕادەیەك نەرم‌و تاڕادەیەك دژ بەیەك بوون.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا، ڕاپۆرتەکان هەواڵی ئەوەیان دەگەیاند کە (شێخ خەزعەل)ی موحەمەڕە کە ئەو کات لە عێراق دوورخراوەو پەراوێزێکی بریتانی بوو، هێزێکی لە عەرەبەکان کۆکردووەتەوەو ڕاپەڕینی لە خوزستان بەرپاکردووە، ئەمەش ئەو هاوکێشەیە دەردەخات کە ئینگلیزەکان بەرامبەر بە پاڵپشتی یەکێتی شورەویی لە جووڵانەوە خودموختارییەکانی ئازەربایجان‌و کوردستان لەسەرەوەی ئێران، خوازیاری لە باوەشگرتنی جووڵانەوەی

---

[44] From the American Embassy in London to the Department of State, May 14, 1946, DSDF, 891.00/5-1446, NA.
[45] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. Jan. 18, 1945, FO 371\52369, Iraq 1946. PRO.
[46] Deputy Assistant political Adviser, Arbil, "Tour Notes Rawanduz-Rayat. 6-9 January, 1946 FO 371\52369, Iraq 1946. PRO
[47] Ibid.
[48] Tabari, 1946, p.6.
[49] Lenczowski, 1949. p.304.

جیاخوازین لەباشووری وڵات.[50] بریتانیا دەیویست بەشێوەیەك ڕەوایی بەم کارەی بدات، بۆیە بڵاویدەکردەوە کە خواستی عەشیرەتیی لە ئێراندا هەڵقوڵاوی نەگونجانیانە لەگەڵ سیاسەتی حکومەتی ناوەندیی لە تاران، ئەو سیاسەتەی تاران کە دەرفەت دەخاتە بەردەم یەکێتی شورەویی و لایەنگرەکەی لە ئێران کە حیزبی تودەیە، خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکات.[51]

---

[50] Ibid.
[51] Bullard, 1951. p.143.

## پاشکۆی ژماره ( ٢ )

# بەدواداچوونێکی مێژووی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران•

پ/ بەم پرسیاره دەروازەی بابەتەکەمان دەکەینەوە کە باس لەکۆماری کوردستان و مەهابادە، ئێوە کەشوهەوای ئەو سەردەمەو تەعامولی سیاسی لەنێوان سەرکردەکان و توێژەکانی ئەودەمی کوردستان و مەهاباد چۆن راڤە دەکەیت؟

و/ ئاشکرایە کە هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی‌و داگیرکردنی ئێران‌و رووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی رەزاشاو هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەش‌و دەزگا سەرکوتکەرەکانی دیکەی رژێمی پەهلەویی، هەلومەرجێکی نوێی لەئێران‌و هەروەها رۆژهەڵاتی کوردستاندا هێنایەئارا کە زەمینەی بۆ کاروچالاکی سیاسیی تەختکرد، بەتایبەت لەناوچەی موکریان‌و شاری مەهابادا کە بەوهۆیەی دەسەڵاتی راستەوخۆی سۆڤێت‌و بریتانییەکانی لێنەبو، هەروەها هاتوچۆی سنووریشی لەگەڵ باشوری کوردستاندا ئاوەڵابوو، ئەمەش هاندەرێکی باشبوو بۆ دامەزراندنی چەند رێکخراوێکی کوردیی وەك: حیزبی ئازادی کوردستان و پاشتر کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد «ژ.ك» کە ئامانجیان بەدیهێنانی ئازادیی‌و مافە نەتەوەییەکان‌و دژایەتی فاشیزم‌و هەموو ئاسەوارە نالەبارەکانی سەردەمی دیکتاتۆریی‌و رەگەزپەرستیی رەزا پەهلەوی بوو.

بەم چەشنە گەلی کورد لەئێران بەو گۆڕانە لە لەناوبردنی نەتەوەیی رزگاری بوو، ئاهێکی پێداهاتەوەو هەوڵیدا سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت کە هاتۆتە کایەوەو بەهیوابوو لەپاش کۆتایی جەنگ‌و لەگۆڕنانی فاشیزم، هاوپەیمانان ئەو بەڵێنانەی خۆیان سەبارەت بەئازادیی گەلان‌و نەهێشتنی زۆرداریی نەتەوە سەردەستەکان‌و رێگرتن لەسەرهەڵدانەوەی رژێمە میلیتاریستە هارو دڕندەکان جێبەجێ بکەن‌و لەجیهان‌و ناوچەکە مۆدێلێك بۆ سیستمێکی سیاسیی بێتەکایەوە کە لەسەر بناغەی دیموکراتیی‌و دابەشکردنی دەسەڵات‌و بەشداریی سیاسیی دامەزرابێت‌و رەگی چەوسانەوەی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئابووری ریشەکێش بکات‌و لەو سایەشدا گەلی کورد بەئازادیی و مافە رەواکانی خۆی بگات‌و لەسەر خاك‌و مەرزوبومی خۆی بەشێوەیەکی ئازادو سەربەست بژی‌و جارێکی دیکە دوچاری رەشەکوژیی‌و پاکتاوی رەگەزیی نەبێتەوە کە لەسەردەمی رەزاپەهلەویدا بە بەربڵاویی ئەنجامدرا.

پاش کۆتایهاتنی جەنگ‌و دەسپێکردنی توندی ململانێی نێوان زلهێزەکان بەتایبەتی شورەویی لەلایەك‌و بەریتانیاو ئەمەریکاش لەلایەکی دیکەوە، ئەو ململانێیە کاریگەریی خۆی لەسەر ئێران هەبوو. هەرچی بەریتانیاو ئەمریکایە، دەیانویست هەمان سیستمی دیکتاتۆری‌و رۆژئاواگەرایی سەرکوتکەر لەتاراندا بخەنەوە سەرپێ‌و ئێران بکەنە پێگەیەکی خۆیان بۆ دژایەتی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی شورەویی. لەولاشەوە شورەویی کەوتبوە مانۆڕ لەپێناو فشارخستنە سەر حکومەتی تاران تاکو ئاوڕێك لەبەرژەوەندییەکانی بداتەوەو بەرەو باوەشی رۆژئاوا مل نەنێت. لەم بوارەشدا شورەویی هەوڵی قۆستنەوەی خاڵە لاوازییەکانی ئێرانی دەدا کە گرنگترینیان مەسەلەی سیستمی سەختی چینایەتی‌و نەتەوایەتی بوو لەئێران. چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران‌و حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ساڵەکانی جەنگ‌و پاش جەنگیش سەربە چینەباڵادەستە قۆرخکەرەکان بوون‌و هیچ بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەری کێشەی ستەمی نەتەوایەتیی گەلانی بندەستی ئێران‌و هەروەها بێدادی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی‌و چینایەتیی نەبوو.

---

• بررسی تاریخ حزب دموکرات کردستان ایران، " رۆژەڤ " فصلنامه سیاسیی، اجتماعی، فرهنگی، نشریه دانشجو کرد دانشگاه تهران، شماره: ٨ ، ٩، ١٠ ، ص ٤٠٣-٤١٥.

لەمیانەی بەرەوپێشچونی ئەم رووداوانە رێبەرایەتیی سیاسیی گەلی ئازەر بەپاڵپشتیی سۆڤێت، فیرقەی دیموکراتو پاشتر حکومەتی خودموختاری دیموکراتی ئازەربایجانیان دامەزراند. لەوکاتەشدا کە هەرێمی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان کە ناوچەی موکریانەو «هەر لە ئاراسەوە بۆ سەقز و سەردەشت دەگرێتەوە» ناوەندەکەی مەهابادە، بەهۆی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی سەردەمی رەزاشاو لەسۆنگەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی شێوەی بەڕێوەبەرایەتیی ئوستانەکانی ئێران، خرابووە سەر ئازەربایجان و پێی دەوترا ئازەربایجانی خۆرئاوا.

لەم هەلومەرجەدا رێبەرانی سیاسیی کورد لەکوردستانی موکریان، لەسەرو هەمووشیانەوە پێشەوای هەمیشە زیندوو قازیی محەمەد، لەبەردەم سێ رێگەدا بوون، یەکەم: بچنە بندەستی رێبەرانی فیرقەی دیموکراتو ببنە بەشێك لەحکومەتەکەی تەبرێزو بەچەند کورسییەك لە ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان رازیبن‌و ببنە بازیچەی دەستی رێبەرایەتی ئازەری شورەویخوا. دووەم: هەوڵبدەن دژی ئەو گۆڕانکاریانە بوەستن‌و ببنە قوربانی تەختی محەمەد رەزاشای تازەکارو هەیئەتی حاکمەی تاران‌و بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا لەئێران. سێیەم: پێ لەسەر سەربەخۆیی‌و کوردبونی خۆیان دابگرن‌و هەوڵی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی میللی لەو بەشەی کوردستاندا بدەن‌و حکومەتی ناوەندی بهێننە ژێرباری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی‌و دیموکراتیزەکردنی ئێران.

هەربۆیە «حیزبی دیموکراتی کوردستان» یان دامەزراندو دروشمی «دیموکراتی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»یان بەرزکردەوە، لێرەشەوە رێبەرانی سیاسیی گەلی کورد لە مەهاباد رێگەی سێهەمیان هەڵبژاردو لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا جاڕی دامەزراندنی «کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان»یاندا، ئەو بڕیارەی کە سەرکردایەتیی سیاسیی ئازەری‌و تەنانەت شورەوییەکانیش ئاواتیان بۆ دەخواستو لەناخەوە حەزیان پێدەکرد.

لە راستیدا کۆماری کوردستان دووەمین ئەزمونی حوکمڕانییەتی نەتەوایەتی گەلی کوردە لە مێژووی هاوچەرخ ویەکەمین ئەزموونە لەرۆژهەڵاتی کوردستان کەلە ماوەی تەمەنی کەمتر لە ساڵێکدا دەسکەوتی بێوێنەی بۆ کورد هێنایەدی.

بەگشتی، تێکڕای مێژوونوسە رەسەنەکان بەچاوێکی جیا لەحکومەتەکەی ئازەربایجان دەڕواننە دەسەڵاتە نەتەوایەتییەکەی کورد لە مەهاباد، دەسەڵاتە کوردییەکە دەسەڵاتێکی میللی لیبراڵ بوو، تاڕادەیەکی باش ئازادیی سیاسیی‌و ئایینی تێدا بەرقەراربوو، خەڵکی لەسایەی دەسەڵاتەکەی مەهابادا هەستی بەهێمنیی‌و ئارامییەکی کەموێنە دەکرد، بەشێوەیەك هێندێك لەو رووەوە زێدەرۆییان کردووەو نووسیویانە «گورگ و مەڕ پێکەوە ئاوی خواردۆتەوە».

ستەمی نەتەوەیی‌و مەزهەبی‌و سیاسیی لەسایەی فەرمانڕەوایەتی کوردی هەڵگیرا، سەرکوتی سیاسیی‌و دەمکوتکردنی نەیارانی کۆمارەکە هەستی پێنەدەکرا، هەمووکەس چەکداربوون کەچی لەماوەی ئەو ساڵەدا تەنها کەسێك لە مەهاباد کوژراوە کەئەویش سەرکردایەتی کورد لێی بەرپرسیار نییە، هەموو ئەو کارە سودمەندانەی کۆمار لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی خەڵکەکە ئەنجامیدان رووی پرشنگداری ئەو قۆناغەی دەسەڵاتداریێتی حیزبی دیموکراتی کوردستانن لە مەهاباد و دەوروبەری.

لەلایەکی ترەوە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە قازیی محەمەد سەرۆکی کۆماری کوردستان، مۆدێلێکی نوێی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بوو، ئەو نەك وەك شێخ عوبەیدولای نەهری و شێخ سەعیدی پیران شێخێکی تەریقەتی و خاوەن خانەقاو مورید بوو، نە وەك سمکۆش سەرۆك عەشیرەت و خاوەنی دەستە چەکداری خێڵەکی بوو. لەراستیدا قازی محەمەد بەهۆی لێهاتویی و زانایی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگی تێکۆشەرانەی بنەماڵەکەی ئەو هەلەی بۆ رەخسا کە بچێتە بەرزترین لوتکەی دەسەڵاتدارێتی.

هەربۆیە یەکەمین جارە لەکوردستانی رۆژهەلأت ئەم نۆرمە سەرکردایەتییە بێتە مەیدان و خان و ئاغا و سەرۆکە خێڵەکییەکانی وەك حەمەرەشیدخانی بانەو عومەرخانی شکاك و تەنانەت مەلا مستەفا بارزانیش سەری بۆ دانەوێنن و بەگەورەی خۆیانی پەسەند بکەن.

دیارە کەسانێکی وەك قەرەنی ئاغای مامش و مام عەزیزی کوڕی و ئەمیر ئەسعەد دیبوکری ئەو فۆرمە نوێیەی دەسەلأتداریێتی کوردیان بۆ قوت نەدەچو، ئەوان پێیان وابوو ئەو فۆرمە نوێیەو چالاکی سیاسی و پەرەگرتنی پلەو پایەی کۆمەلأیەتی بەهۆی پاڵپشتی شورەوییەکانە، بەوەش نەك هەر ئیرەییان بە پێشەوا قازی محەمەد و دەرکەوتنی خێرا و کتوپڕی دەکرد، بەڵکو لە دەسەلأتەکەشی دەسڵەمانەوەو پێیان وابوو بەردەوامبونی ئەو دەسەلأتە لە ئایندەدا بەزیانی پلەو پایەی کۆمەلأیەتی و بەرژەوەندییەکانیان دەشکێتەوە. هەربۆیە بەشێك لەو سەرخێلأنە و هێندێك لەبازرگانان و چەند کەسێکی مەزهەبی وەك مەلا خەلیلی مەنگوڕیش ئامادە نەبون پشتگیری لەو سەرکردایەتییە نوێیە و سەرکردایەتییەکەی بکەن.

تەنانەت هێندێك لەوانەشی ناچاربوون بەشێوەیەکی کاتی پشتی پێشەواو دەسەلأتەکەی بگرن، لەبنەوە بەهۆی پەیوەندییان بەتاران‌و ئینگلیزو ئەمریکییەکانەوە هێڵی پاشەکشەی خۆیان مسۆگەر کردبوو، ئەوەش ناتەباییەکی قووڵی لەریزەکانی گەلی کوردو دووڕوویيەکی لای هێندێك لەرێبەرایەتی حیزبی‌و سەرکردەیی پێکهێنابوو، ناتەواوییەکی وا کە لەگەڵ تێکڕای فاکتەرە هەرێمی‌و نێودەوڵەتی‌و نێوخۆییەکانی دیکەدا، بناغەی کۆمارەکەی مەهابادیان بنکوڵکردو دواجار پێشەوای بێنەوای کوردیان ناچارکرد لەپێناو پاراستنی خەڵکی مەهابادو رێگرتن لەوێرانکردنی شارەکە بەپەلە خۆی بەپیر ئەرتەشی شاهەنشاییەوە بڕواو دەستەوداماێنی «سەرتیپ هومایۆنی» فەرماندەی لەشکری چواربێت کە نەیەڵێت خێڵەکانی دژ بەکۆمار بچنە نێو مەهابادو لەشکر خۆی ئەو هەنگاوە بنێت. ئەوەبوو لە سەرماوەرزی ١٣٢٥دا دوای پێنج ساڵ ئەرتەش گەڕایەوە شاری مەهاباد و کۆمارە کوردییەکەش بوو بەقوربانی ململانێی زلهێزەکان‌و باڵادەستی کۆنەپەرستیی ئێرانی‌و ناتەبایی نێوخۆ.

پ/ دوای شەهیدبونی پێشەوا و هاوڕێیانی تری چ ئاڵوگۆڕێك بەسەر کۆمەڵگای کورد و بزافی کوردی لە رۆژهەلأت هات؟ رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات چۆن توانی جێگای کەسێتی کاریزماتیکی پێشەوا پڕ بکەنەوە؟

و/ رووخاندنی کۆماری کوردستان‌و گەڕانەوەی لەشکری ئێران بۆ مەهاباد گورزێکی مەزنی لە لەجوولأنەوەی دیموکراتی‌و ئازادیخوازیی لەئێرانئ خەبات‌و تێکۆشانی نەتەوەیی گەلانی بندەست، بەتایبەتی کورد لەولأتدا وەشاندو زەمینەی گەڕانەوەی دیکتاتۆریەتی ناوەندو سەرکوتی سیاسیی دەستپێکردەوە، دەسەلأتدارانی تاران کەوتنە وێزەی رێبەرایەتیی سیاسیی کوردو بەشێکی بەرچاوی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان هەڵواسی‌و لەچەندین شوێن سێدارەو دادگای سەرپێییان دامەزراند، کەوتنە گرتن‌و راوەدونانی ئازادیخوازانی کوردو زیندانییەکانیان لێ پڕکردن. هەموو ئەوانەیان دوورخستەوە کەگومانی ئەوەیان لێدەکرا لایەنگریی کۆمارو قازی محەمەد بووبن‌و رژێمێکی سەربازیی سەرکوتکەریان لە مەهاباد دامەزراند.

ئەم گۆڕانە مەنفییە لەناکاوە، جوولأنەوەی کوردی توشی قەیرانێکی مەزنکرد، حیزبی دیموکرات بەتەواوەتی هەڵوەشا، ئەوانەشی لەکوشتن‌و دورخستنەوە رزگاریان ببوو، یان هەلأتبوون، یاخود لەماڵی خۆیان دانیشتون‌و وازیان لەچالاکی سیاسیی‌و نەتەوەیی هێنابوو، پاشماوەی نەسلی یەکەمی حیزبی دیموکرات گەشتبوونە ئەو بڕوایەی کە لە سایەی ئەو هەلومەرجە نێوخۆیی‌و نێودەوڵەتییەی پاش روخاندنی کۆمار، ناتوانرێت کار بۆ تێکۆشانی سیاسیی و نەتەوایەتی بکرێت.

لەلایەکی ترەوە، ئەو فەزای سەرکوت و توندوتیژیەی دەسەلاتی ناوەندی لەکوردستان خوڵقاندی، بۆ لاوان و گەنجانی کورد قوت نەدەچوو، ئەوانەی لەسەردەمی ئازادییدا پەروەردە ببوون و رەفتاری فەرماندە شۆڤێنیستەکانی ئەرتەش بێزاری دەکردن و دیمەنی هەڵواسینی سەرکردەکانی کوردیان لەبەرچاو گوم نەدەبوو، هەربۆیە ئەم دەستەیە ئامادەی ملکەچکردن نەبوون و ئامادەبوون سود لە هەر دەرفەتێك وەربگرن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دژی دەسەلاتی رەگەزپەرستی ناوەندی و نۆکەرو چڵکاوخۆرەکانی، تێکۆشانی سیاسیی نهێنیی دەستپێبکەنەوەو حیزبی دیموکرات زیندو بکەنەوە، لاوە زیندوکەرەوەکانی حیزبی دیموکرات: «رەحیم سوڵتانیان، عەبدوڵا ئیسحاقی، عەزیزی یوسفی، عوبەیدوڵای ئەیوبیان» بوون. ئەمانە ساڵێك پاش روخاندنی کۆمارەکە، کەوتنەوە جموجوڵ و دامەزراندنەوەی حیزبیان راگەیاندەوە، بەڵام یەکێك لە کەموکورتییەکانی ئەم قۆناغە، نەبونی سەرکردایەتییەکی تۆکمەو ئەو بۆشاییە بوو کە لەبەینچونی رێبەرانی «نەسلیٚ» یەکەمی حیزب دروستی کردبوو، هەربۆیە بۆ رزگاربوون لەم قەیرانە ئەندامانی رێبەرایەتی نویٚ بڕیاریاندا پەنا بۆ حیزبی تودەی ئێران بەرن، ئەو حیزبی تودەیەی کە لەسەرەتادا ئاوڕی لەو رێبەرایەتییە نەدایەوە، بەڵام پاشتر لەگەڵ پەرەگرتنی جووڵانەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران، حیزبی تودەش بڕیاریدا نەك هەر ئاوڕ لەکوردستان و حیزبە دیموکراتەکەی بداتەوەو هاوکارییان بکات، بەڵکو هەوڵیدا حیزبی دیموکرات بکاتە شانەیەکی خۆیی و لەرووی سیاسیی و تەشکیلاتییەوە بەخۆیەوە گرێی بدات و ماندووبون و تێکۆشانی لاوانی کورد بخاتە راژەی سیاسەتە ناجێگیرو هەڵوێستە دژ بەیەکەکانی خۆی لە تاران. ئەوەش زیانێکی مەزنی بەحیزبی دیموکرات گەیاندو بووە هۆی پاشەکشەی خواستی نەتەوایەتی کوردو تەسلیمکردنی ئالای نەتەوایەتیی بەژمارەیەك کۆلکە مارکسیستی شۆڤێنیستی فارس لەتاران، ئەوانەی لەبەر زۆر هۆ لە رەهەندە راستەقینە سیاسیی و مێژووییەکانی کێشەی کورد نەدەگەیشتن. ئەوەش زەمینەیەکی رەخساند تاکو رێبەرە لاوەکانی دیموکراتی کورد لەتێکۆشانی نەتەوایەتیی دووربکەونەوەو بەرەو چەپ ئەویش بەشێوازە تودەییە شورەویخوازەکەی ملبنێن.

پ/ کارەکەی ئێوە لەسەر «ئەحمەد تۆفیق» کارێکی شاز و جێگای رێزە بۆ مێژووی کورد، بەڕای ئێوە «ئەحمەد تۆفیق» لەبزافی کوردی رۆژهەلات خاوەن چ پێگەیەکە؟ رۆڵی ئەم کەسایەتییە لەچرکەساتەکانی روخاندنی کۆمار چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

و/ من بۆخۆشم تا بەقووڵیی لەژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق نەمکۆڵیبوەوە، لەژێر کاریگەریی نووسراوی نەیارەکانیدا، وێنەیەکی شێواوم لەو کەسایەتییە وەرگرتبوو، تەواو وەك ئاغایەکی دڵرەقی خۆپەرست و دژ بەکەسانی دڵسۆزو حازرخۆری سەرخوانی رازاوەی مەلا مستەفام دەهاتە پێشچاو، ئەوەش جێگەی سەرسوڕمان نییە. چونکە دەگونجێت هێندێك جار مێژوونوس بەهۆی سەرچاوەی ناراست و زانیاری هەڵبەستراوەوە بەهەڵەدا بچێت، بەڵام پاش ئەوەی وردتر کۆڵینەوەم لە ژیان و خەباتی ئەو کەسایەتییە کرد، ناڕاستیی هێندێك لەو سەرچاوانەو نەزەری پێشوی خۆشم بۆ دەرکەوت.

هەرحاڵ، بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە عەبدوڵای ئیسحاقی «ئەحمەد تۆفیق»، کوردێکی نەتەوەپەروەری ئازادیخوازو مرۆڤێکی تێکۆشەری دڵسۆزو راستگۆو دڵپاك و دەسپاك و خەمخۆری گەلەکەی بووە، هەموو ژیانی لەپێناوی نەتەوەکەی و ئازادی کوردو دژی دوژمنانی گەلەکەی و ناپاکان بەختکردووە، تەنانەت پاش گرتن و ئەشکەنجەدانیشی لەلایەن بەعسییە فاشستە عەرەبەکانەوە، هێندەی مویەك لە رابردوو و تێکۆشانی خۆی پەشیمانی دەرنەبڕی و سەربەرزانە رووبەڕووی مەرگ بۆوە. لەراستیدا، «ئەحمەد تۆفیق» پێشمەرگەیەکی

قارەمانی گومناوی نەتەوەکەیەتی، هەوڵێکی زۆریدا بۆ سەرلەنوێ زیندوکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پاشتر تارادەیەکی زۆر تێکۆشا بۆ ئەوەی پرستیژ بۆ ئەو حیزبە پەیدا بکاتو لەژێر باڵی حیزبی تودەی بێنێتەدەر و بیری کوردستانی شۆڕشگێڕانە لەناو حیزبدا بەرێتەپێش، نەك هەرئەوە، بەڵکو ئەحمەد تۆفیق یەك لەو رابەرە کەموێنانەی کوردە کە خولیای دامەزراندنی بەرەیەکی لەهێزە سیاسییو رێکخراوەکانی سەراسەری کوردستانی لەسەردا بوو و کاری بۆ دەکرد.

ئەحمەد تۆفیق، لەو لاوانە بوو کە لەسایەی چالاکییە سیاسییەکانی کۆمەڵەی «ژ.ك»و پاشتر کۆماری میللی کوردستاندا پەروەردە ببوو، کاریگەری سەید محەمەدی براگەورەی بەسەرەوە بوو، کە لەهێزی پێشمەرگەی دیموکراتدا ئەفسەر بوو. روخاندنی کۆمارو لەسێدارەدانی رێبەرانیو گرتنو زیندانیکردنی براگەورەکەی برینێکی قوڵی لەدڵی ئەحمەددا کردو رقێکی ئەستوری بەدژی رژێمی شاهەنشاهی کوردکوژو داگیرکەرەوەی کوردستان لەلا دروستکرد. هەربۆیە کەمتر لەساڵێك بەسەر روخاندنی کۆماردا تێپەڕی بوو کە لەگەڵ چەند لاوێکی خوێنگەرمدا، حیزبی دیموکراتیان ژیاندەوەو لە تەواوی خۆپیشاندانو میتنگەکانی سەردەمی پەرەگرتنی بزاڤی میللی دیموکراتیکی بەرەی نیشتیمانی ئێرانییدا، دژی رژێمی شاهەنشاهیو دەربارچییە فاشیزمەکان جەماوەریان ئاراستە کردو هاتنە مەیدان.

پ/ دژایەتییەکانی دکتۆر قاسملو و کاك کریم حسامی دژ بە «ئەحمەد تۆفیق» بەڕای ئێوە ئەنجامی رەنگدانەوەی دوو ئایدۆلۆژی چەپ و راست بوو یان دەسەڵاتخوازی لایەنەکان؟ پارتی و مەلامستەفا بارزانی چ رۆڵێکیان لەم ناوەندەدا هەبوو؟

و/ گومانی تێدا نییە، کە کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق لەنووسینو لێدوانە جیاوازەکاندا توشی شێواندنو هێندێك جار بەدناوکردنیش بۆتەوە، هێندێك لەو نوسینانە لەلایەن کەسانێکەوەن کە باش ئاگاداری هەڵسوڕانو تێکۆشانی ئەو کەسایەتییە نەبوون، هێندێك لەوانەش نەیارانی سیاسیی و بەشێك لەو کادیرە حیزبیانەن کە پاش پەیدابوونی ناکۆکییەکانی نێو بزاڤی نەتەوایەتی کوردستانی بندەستی عێراق، قۆڵیان بۆ دەرپەڕاندنی ئەحمەد تۆفیق لەرێبەرایەتی حیزبی دیموکرات هەڵماڵی، راپۆرتەکانی ساواکیش رۆڵی ئەو دەزگا بەدناوە لە بەناهەق بەدناوکردنی ئەحمەد تۆفیقدا دەردەخەن، جگەلەوەی کە شیوعییەکانی عێراقو تودییەکانی ئێرانیش لەو بوارەدا رۆڵی خۆیان هەبووە.

سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێوان ئەحمەد تۆفیقو هاوڕێ حیزبییەکانی وەك عەبدولرەحمانی قاسملۆو کەریمی حیسامیو ئەوانەی دوای بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی حیزب رێبەرایەتییان گرتەدەست، هۆکاری جۆراوجۆر هەبوون، راستە ئەو کەسایەتییانە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەبووەو شێوازی بیرکردنەوەو کارکردنیان لەیەکتری جیاوازبووە، بەڵام رەوتی رووداوەکانو ئەو هەلومەرجە نالەبارەی حیزبی دیموکراتی تێکەوت ئەو تایبەتمەندیو جیاوازیانەی گۆڕی بۆ ناکۆکیو ناتەباییەکی توند. سەرەتای ئەو ناکۆکیانە، لەدوای رووداوی گەلاوێژی ١٣٣٢و رووخاندنی حکومەتەکەی دکتۆر موسەددیق و رۆڵی مەنفی حیزبی تودە دەستپێدەکات. پاش گرتنی ئەندامانی رێبەرایەتی حیزبی تودەو دانپێدانانەکانیان بەخەتاباریو کاری سیخورییان بۆ شورەویی، کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بڕیاریدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ حیزبی تودە بچڕێتو سەربەخۆیانە کاری خۆی بکات. هەر لەو ماوەیەدا ئەحمەد تۆفیق سەردانی باشووری کوردستان دەکات، لەوێ گەرمەی ململانێی نێوان پارتیو شیوعییەکان بوو، رێبەرایەتی شیوعییەکانی عێراق لەو دەمەدا لەدەست چەند عەرەبێکدا بوو کە پارتییان بەحیزبێکی کۆنەپەرستو نەتەوەخوا لەقەڵەمدەدا. دیارە ئەو مەسەلەیە کاریگەری

فیکریی خۆی لەسەر عەبدولڵای ئیسحاقی هەبوو کە هەرلەوێ ناوی «ئەحمەد تۆفیق»ی وەك ناوی حیزبی بۆخۆی دانابوو.

پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی عێراق‌و رووخاندنی رژێمی پاشایەتیی‌و دامەزراندنی کۆماری عێراق بەرێبەرایەتی قاسم، فەزای سیاسیی لەعێراق گۆڕانێکی لەناکاوی بەخۆیەوە بینی کە گرنگترینیان پەرەسەندنی شەپۆلی نەتەوایەتیی کوردیی پاش دانپێدانانی حکومەتی نوێ بەمافەکانی گەلی کوردو پاشتر گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی‌و دەسپێکردنی چالاکییە سیاسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و رێکخراوی «کاژیك» بوو. نزیکی‌و پەیوەندی بەردەوامی ئەحمەد تۆفیق بە مەلا مستەفاو ئەندامانی کاژیك، هێندەی تر شوێنی خۆیان لەسەر فیکری ئەحمەد داناو وایانلێکرد کوردستانیانە بیر بکاتەوەو بەچاوێکی دۆستانە نەڕوانێتە ئەو کۆمۆنیست و خۆبەمارکسیزانانەی کە نەتەوایەتییان بەشەرمەزاریی ناودەبردو کێشەی گەلی کوردیان پێ مەسەلەیەك نەبوو.

هەر لەو ماوەیەدا بوو کە عەبدولرەحمان قاسملو، بڕیاری حیزبی دەشکێنێت‌و پەیوەندی بەحیزبی تودە دەگرێتەوە، لەسەردانێکیدا بۆ تاران لەگەڵ ئامۆزایەکی بەناوی سمایل قاسملو دەگیرێن، پاش بەربونیان بۆماوەیەك، دەزگای ساواك کە تازە لەکوردستان دادەمەزرێت، کار بۆ لێدان‌و هێرشێکی سەرتاسەری بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات. پێش ئەوەی پەلامارەکە دەستپێبکات، سمایلی قاسملو کە ناوی «حوسێن»ی لەخۆی نابوو، لەگوندی «نێزەرۆ»ی بانە دەکەوێتەوە داوی ساواکەوە، ناوبراو بەهۆی هاندانی تودەییەکانی زیندانەوە بێت یان بەهۆی توڕەبوونی لە عەبدولرەحمانی ئامۆزای، کە پێشتر بەڵێنی ناردنە دەرەوەی پێداوەو بەڵێنەکەی بەجێنەهێناوە، هەرچی هەیەو نییە لەسەر تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات، دەیداتە ساواك، ئەوانیش پاش وەرگرتنی ئەو زانیاریانە پەلامارەکەیان ماوەیەك دوادەخەن، تاکو خۆیان بۆ گورزێك ئامادە دەکەن کە حیزب لەبنەوە ریشەکێش بکات، ئەوەشیان لەخەزەڵوەری ١٣٣٨دا بۆهاتە دی، هەربۆیە ئەو ساڵە ناوی «حیزبی قڕانی» چووە سەر.

پاش پەلامارەکەی ساواك، شاڵاوی پەنابەرانی کورد بۆ باشووری کوردستان دەستپێکرد، خەمخۆری یەکەمی ئەو پەنابەرانە لەوێ «ئەحمەد تۆفیق» بوو، کە دەبوایە جێگاو رێگەو نان‌و حەوانەوەیان بۆ دابینکات، هەلومەرجێکی وا کە دۆخەکەی تەواو نالەبارو ئاڵۆز کردبوو. ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردەیی حیزب لەباشووری کوردستان تەنیا «ئەحمەد تۆفیق»یان مابووەوە. عەبدولڕەحمانی قاسملو کە پێشتر چوبوە ئەورووپا، لەگەڵ ژمارەیەك لەرێبەرانی حیزبی تودە هاتنە بەغداد، تودەییەکان دەیانویست سوود لەهەلومەرجەکە وەرگرن‌و کار بۆ زیندوکردنەوەی تەشکیلاتەکانی خۆیان لەئێران بکەن، لەو رووەشەوە دەیانویست سوود لەو تودەییخوایانەی کورد بکەن بۆ راکێشانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ژێر رکێفی حیزبی تودە. بۆ ئەم مەبەستەش دەرپەڕاندنی ئەحمەد تۆفیق‌و بێکاریگەرکردنی لەناو ئەندامانی حیزبدا پیلانێکی حیزبی تودە بوو، عەبدولرەحمانی قاسملۆو کەریمی حیسامی، دەبووایە جێبەجێکەری ئەو پیلانە بن، ئەوان لەبەغداوە بیریان لەدەرکردنی بەیاننامەیەك کردەوە کە تێیدا بەناوی حیزبی دیموکراتەوە ئەحمەد تۆفیق وەك کەسێکی دەرکراو لەحیزب بناسێنن، ئەم ململانێیە تەنیا پەیوەندی بە ئێرانەوە نەبوو، چونکە مەیدانی کاری حیزبی دیموکرات‌و ئەندامەکانی پەڕیبونەوە عێراق‌و باشووری کوردستان. لەوێش ململانێی هێزە جیاوازە سیاسییەکان لەوپەڕی توندوتیژیدا بوو. شیوعییەکانی عێراق لەبنەوە هەوڵی بنکوڵکردنی پارتی دیموکراتیان دەداو دەیانویست لەرووی تەشکیلاتییەوە رێگە لەپەرەسەندنی بگرن. مەلا مستەفا بارزانی‌و باڵی نەتەوایەتیی پارتی کەوتنەخۆ بۆ رووبەروبونەوەی مانۆڕی شیوعییەکان، لەپێشدا لەنێو پارتییەوە دەستیان پێکردو باڵی هەمزەیان قرتاندو ئیبراهیم ئەحمەد کرایە سکرتێری پارتی، پاشتر مەلا مستەفا پلانەکەی تودەییەکانی دژ بە ئەحمەد تۆفیق بە پیلانێك دژ بە کوردو کوردایەتیی دایە قەڵەم. چونکە بۆخۆی ئومێدێکی گەورەی بەرێبەرایەتی چالاك‌و بزۆزو دڵسۆزی کوردانەی

ئەحمەد تۆفیق بوو، نەیدەخواست جڵەوی ئەو حیزبە بکەوێتەوە دەستی تودە، هەربۆیە مەلا مستەفا راستەوخۆ بەقازانجی ئەحمەد تۆفیق هاتە مەیدانو پیلانەکەی حیزبی تودەی هەڵوەشاندەوەو نەك هەر هەڕەشەی راستەوخۆی لە قاسملوو حیسامی کرد، بەڵکو بۆخۆی هەستا چووە بەغداو سەرەتا قاسملوو پاشتر حیسامی لەعێراق وەدەرنا.

زۆرجار هەوڵدراوە بەدەر لەپەرەسەندنی هەلومەرجە مێژووییەکە جیاوازی ئاکارو هەڵسوڕانو هەروەها ناکۆکییەکانی نێو رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لێکبدرێتەوە، هێندێك بێ وردبوونەوە یەکسەر تۆمەتی بەرچاوتەنگیی و راستڕەوییو بەستراوەییان خستۆتە ئەستۆی ئەحمەد تۆفیقو عەبدولڕەحمانی قاسملوشیان بە سەربەخۆخوازو چەپێکی نموونەیی داناوە. لەراستیدا، مەسەلەکە هێندە بەئاسانیی قەزاوەتی لەسەر ناکرێ، لەهەلومەرجێکی بەو چەشنە نالەبارەی حیزبی دیموکرات لەباشووری کوردستان، بەبوونی ئەو هەموو ئاوارەیەو نەبوونی فەزایەکی سالم، سەربەخۆیی حیزبی کارێکی سەخت بوو، هەرچی ئەحمەد تۆفیق بوو دۆستایەتی و هەماهەنگی و هاوسەنگەری لەگەڵ مەلا مستەفاو رێکخراوە نەتەوەییەکانی باشووری کوردستانی وەك پارتی و کاژیك، پێ بەجێ بوو، لەبەرامبەردا قاسملوو حیسامی هاوبیرانیان، هاوکاری و هاوسەنگەرییان لەگەڵ کامبەخشو کەیانوری و رادمنیشدا پێ راستبوو. ئەحمەد تۆفیق بڕوای بەخەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە بۆ سەربەخۆیی کوردستانو رووخاندنی رژێمی شاهەنشاهی هەبوو، مەرجیش نەبوو ئەو خەباتە ببەسترێتەوە بە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی شورەوییو دژ بە دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی رۆژئاوا بێت.

ئەحمەد تۆفیق کە پێشتر لەژێر کاریگەریی کەسایەتیی قازیی محەمەددا بوو، پاشتر بەهۆی پەرەسەندنی کاری پێشمەرگانەو بەشدایکردنی حیزبی دیموکرات لەسەنگەری کوردایەتیی شۆڕشی ئەیلولدا، ئەحمەد زیاتر کەوتبووە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی سمایل خانی سمکۆو مەلا مستەفاو رێبەرە جەنگاوەرەکانی کوردەوە.

لەراستیدا، کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق بێ کەموکورتی نییەو بۆچوونی سیاسییو حیزبییەکانیشی شایەنی رەخنە لێگرتنن، هەڵسوڕانی لەگەڵ نەیارانی حیزبەکەیدا دەگونجێت وەك تەواو یان زۆربەی رێبەرە حیزبییەکانی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی گەلانی بندەستی رۆژهەڵاتو ناوچەکە رەخنە هەڵبگرێت، بەڵام ئەوە نابێتە پاساو بۆ پەسەندکردنی هەموو ئەو هەولانەی بۆ بەدناوکردنی ئەو کەسایەتییە لەلایەن نەیارانی سیاسییەوە دراوە، جگە لەوە رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی پاش ئەحمەد تۆفیق، نەك هەر خوێندنەوەیەکی وردو مێژوویی زانستیانەی بۆ ئەو قۆناغەی ژیانی حیزبەکەیان لەسەردەمی ئەحمەد تۆفیق دا نییە، بەڵکو بێ پاساوێکی شیاو ئەو قۆناغەیان، کە نزیکەی دەیەیەکە لەمێژووی حیزبەکەیان، سڕیوەتەوە. لەکاتێکدا ئەو قۆناغە لاپەڕەی پرشنگداری تێدایە کە درەوشاوەترینیان بەشداری کوردی رۆژهەڵاتە لەشۆڕشی نەتەوەیی باشوری کوردستانو بوژاندنەوەی گیانی نەتەوەییو هەماهەنگی نەتەوەییە لەنێوان بەشە داگیرکراوەکانی کوردستاندا.

وێڕای ئەوەش، هێشتا مەسەلەی تەسلیمبوون بەو لێکدانەوەیەی «ئەحمەد تۆفیق»ی بە راست و «قاسملو»ی بە چەپ لەقەڵەمداوە، تەواو چەسپاو نییەو مەسەلەیەکی رێژەییە، چونکە هەر ئەوکاتەی بەشێك لە ئەندامانی رێبەرایەتی کاژیك «ئەحمەد تۆفیق»یان بەچەپ ئەزانی، کەیانوریو بەشێك لە رێبەرایەتی حیزبی تودە، قاسملویان بە «ناسیۆنالیست و منحرف» نێوزەد دەکرد. دیارە هیچ ناکۆکیو ململانێیەکی نێو رێبەرایەتیی حیزبە سیاسییەکان بێ بوونی خواستی دەسەڵاتخوازیی دەستەو لایەنە ناکۆکەکان بەڕێوە ناچێت، بەڵام ئەو دەسەڵاتخوازییە چ گوتارێکی سیاسییو فکریی دەگرێتە خۆو لەپێناو چ ئامانجێکدا هەڵپەی دەسەڵاتێتی و چ ئامرازێك دەگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئەوەیان جێگەی بایەخە.

ئاشکرایە، هەر لەنیوەی یەکەمی دەیەی چلەکانی هەتاویدا، دووجار ناکۆکییەکانی نێو رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات ناتەباییو جیابونەوەو دابڕانیان لێکەوتۆتەوە: یەکەمیان بەناوی « کۆمەڵەی رزگاری کوردستان»

لەکۆتایی پوشپەڕی ١٣٦٢، دووەمیش بەناوی « کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان» لە خەرمانانی ١٣٦٢دا. ئەم جیابونەوەو دابڕانانە لە هەلومەرجێکی مێژوویدا قەوما کە ناکۆکییەکانی نێوان مەکتەبی سیاسیی‌و سکرتێرەکەی کە ئیبراهیم ئەحمەد بوو، لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی لەگەرمەیدا بوو، مەکتەبی سیاسیی بۆ لاوازکردنی مەلا مستەفا رۆڵیان لەم جیابونەوەو دابڕانانەدا هەبوو، مەلامستەفاش بەهەموو توانایەوە پشتی ئەحمەدی دەگرت دژبە نەیارە شەخسیی‌و سیاسیی‌و حیزبییەکانی. بەپێی بەڵگەیەکی ساواک، مەلا مستەفا پاش شەڕە بەناوبانگەکەی پێرس‌و ئەو قارەمانیەتییەی ئەحمەد لەو شەڕەدا نواندبووی‌و بارزانییەکانی سەرسام کردبوو، وتویەتی: «ئەگەر چەند کەسێکی وەك عەبدوڵای ئیسحاقیم هەبایە تاکو ئێستا توانیبوم سەربەخۆیی بۆ کوردستان بەدەست بهێنم». شایەنی باسە لە تێکڕای ئەو ناکۆکیی‌و جیابونەوەو دابڕانانەی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەردەمی رێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق دا، وێڕای چەکداربوونی لایەن‌و دەستە ناکۆکەکان، کەچی گوللە لە تفەنگی هیچ دەستەیەکەوە ئاراستەی ئەوی دیکە نەکراو بێ خوێنڕشتن تێپەڕی، ئەوەش شایستەی رامان‌و بایەخدانەو پێویستە ئیستێکی لەسەر بکرێت.

پ/ دوای لەناوچونی ئەحمەد تۆفیق سیاسەتی حیزبی دیموکرات رووی کردە چ ئاقارێکی نوێوە؟ جیاوازی لەگەڵ سەردەمی پێشوو چۆن و چی بوو؟ پاشان جووڵانەوەکانی ١٩٦٧ کە چەکدارانە بوو چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

و/ یەکێك لە ئاکامە مەنفییەکانی ئەو دابڕان‌و دەستەبەندییانەی نێو حیزبی دیموکرات، زیادبوونی دەستێوەردانی دەرەکیی‌و لاوازی سەربەخۆیی سیاسیی‌و لەدەستدانی هەماهەنگیی‌و یەکگرتویی ریزەکانی تەشکیلاتی حیزب‌و کەمبونەوەی پرستیژی سیاسیی بوو. پاش گۆڕانی هاوکێشەی پەیوەندییەکانی باڵە جیاوازەکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی لەباشووری کوردستان‌و زەمینەخۆشبون بۆ دامەزراندن‌و خێرا بەرەوپێشەوەچونی پەیوەندییەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لەباشوور بەرژێمی شاهەنشاهی‌و ئاوەڵابوونی دەستی ساواك‌و سیخوڕانی لەناوچەکە، پیلانەکانی ساواك بۆ لێدانی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات‌و ئیفلیجکردنی، بەخەستیی دەستپێکرد. مەلامستەفا بارزانی، ئەحمەد تۆفیقی لە بەهاری ١٣٦٥ بۆ سنورەکانی عێراق– تورکیا دوورخستەوە. پاش ئەوە «سەدیقی ئەنجیری» شوێنەونکرا،و فشار بۆ سەر کادرو پێشمەرگەکانی دیموکرات لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەستپێکرد. لێرەشەوە، بەشێوەیەکی کرداریی، قۆناغی رێبەرایەتیی ئەحمەد تۆفیق کۆتایی دێت‌و قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات کە فرە ئاڵۆز و نالەبارە.

بەشێك لەو رێبەرایەتییەی حیزبی دیموکرات کە مابونەوە، سەرکردایەتییەکی «٢١»کەسییان پێکهێناو ئامادە نەبوون داوای سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان جێبەجێ بکەن‌و دوور لە سنورەکانی ئێران دابنیشن، بەڵکو ئەمانە لەژێر تیشکی رێبازی «ماویزم»و جووڵانەوە چەکدارییە شۆڕشگێڕەکانی پەرەگرتوی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بڕیاریاندا بگەڕێنەوە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و جووڵانەوەیەکی چەکدارانە بە مەبەستی لێدانی گورزێکی توند لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی شاهەنشاهی نۆکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکایی بوەشێنن‌و هەلومەرج برەخسێنرێت بۆ ئەوەی کوردستان بکرێتە پێگەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ خەباتی چەکداریی هەموو هێزە ماوییەکانی ئێرانی‌و گەمارۆدانی شارەکان لەگوندەکانەوە، بەپشتبەستن بەهێزی جوتیارانی شۆڕشگێڕو تاکو رووخاندنی رژێمی پەهلەویی نەوەستن. ئەم دەستەیە ناوی خۆی نا «کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان» و بڵاوکراوەیەکیان بەناوی «تیشك»ەوە بڵاوکردەوەو هێزێکی سەد پێشمەرگەییان بەسەر سێ قۆڵدا دابەشکردو رەوانەی کوردستانی بندەستی ئێرانیان کردنەوە.

شایەنی باسە، پاش پەرتبونی جووڵانەوەی کوردستانی عێراق بۆ دوو باسکی «مەلایی» و «جەلالی» و پاڵدانەوەی باسکی جەلالی بەحکومەتی عێراقەوەو دامەزراندنی بنکەو بارەگاکانیان لە «بەکرەجۆ»ی نزیك شاری سلێمانی، ئەم باسکە هەوڵێکی زۆریدا پاشماوەکانی حیزبی دیموکرات بەلای ئەم جووڵانەوەدا رابکێشێتو پەیوەندیشی بە ماوییە ئێرانییەکانی دەرەوە کردبوو تا کارئاسانییان بۆ بکەن بێنە عێراقو لەوێوە رەوانەی کوردستانو ئێرانیان بکەنەوە. لەراستیدا، بەڵێنی هاوکاریی حکومەتی عێراقیشیان لەم رووەوە وەرگرتبوو، هەرچی حکومەتی عێراقە مەبەستی ئەوە بوو کە بیسەلمێنێت ئەویش وەك شاهەنشا دەتوانێت یاری بەکارتی کورد بکاتو ئێران بشڵەژێنێت، هەرچی باسکی «جەلالی»شە، خوازیاربوون کاربکەنە سەر پشتی جەبهەی شۆڕشی کوردستانو سەرکردایەتی مەلامستەفا بارزانی لاوازو بێکاریگەر بکەن. هەر لەم سەروبەندەدا بوو «د.رادمنش»ی سکرتێری حیزبی تودەو عەبدولڕەحمانی قاسملوو کەریمی حیسامی خۆیان گەیاندە بەغدادو دوای ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات دانیشتن، زانیاریی وردیان لەمەڕ مەبەستو ئاراستەی جووڵانەوەکەیان وەرگرتو هەوڵیاندا بەمەبەستی سەرنەگرتنی هاوکاریی و هەماهەنگی ئەو جووڵانەوەیەو سازمانی ئینقلابی حیزبی تودە کە ماوییە ئێرانییەکان بوون، بەڵێنێکی زۆرو زەوەندیان بۆ رێبەرانی جووڵانەوەکە هەڵڕشتو لەخانەی چاوەڕێیدا هێشتیاننەوە، بێئەوەی هیچ یەك لەو گفتانەی خۆیان بێننە دی. بگرە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت ئەو زانیاریانە لەلایەن سەرانی تودەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆ گەیشتبێتەوە دەزگای ساواك، ئەوەش لەباربردنی ئەو جووڵانەوەیەی بۆ دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی شاهەنشاهی ئاسانکرد. ئاکامەکەشی بەتێداچونی پۆلێك لەقارەمانترین کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات کۆتاییهات. لەراستیدا، رێبەرایەتی ئەو کۆمیتەیە کەوتنە هەمان ئەو هەڵەیەوە کە جیڤارای شۆڕشگێڕ لە پۆلیڤیا تێیکەوت، ئەویش نەڕەخساندنی زەمینەی شۆڕشو نەبوونی پاڵپشتی چینی جوتیاران، دژایەتی شورەویی و کۆمۆنیستەکانی سەر بە دەوڵەتە لەهەمبەر پەرەگرتنی نفوزی ماوییەکان، نەخوێندنەوەی وردی هێزی دوژمن و توانای سەرکوتکاری رژێمی شاهەنشاهیو زیاتر بەدوای ئیحساسات کەوتن. وێڕای ئەو هەڵوێستە مەنفییەی کە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لەو جووڵانەوە گرتیانە بەر، چونکە ئەوان جووڵانەوەکەیان بەپیلانی باسکی جەلالیو لەبەرژەوەندی حکومەتی عێراقو دژبە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانی. هەربۆیە ئەوانەشی وەك سولەیمانی موعینیو خەلیل شەوباشو هاشمی حەق تەڵەب، کە نەچوبونەوە ئێرانو وەك سمایلی شەریفزادەو عەبدوڵای موعینیو مەلا ئاوارە...هتد، بەدەستی ژاندرامو جاش نەکوژرابوون، لەلایەن ئەو سەرکردایەتییەوە لەنێوبران.

جووڵانەوەی ساڵانی (١٣٤٦-١٣٤٧/١٩٦٧-١٩٦٨) سەلماندی، کەئێران هیچ کاتێك ئەو دورگە ئارامە نییە کە دەسەڵاتدارانی ئیدیعایان دەکرد، سەلماندی کە ئەگەری رووبەڕووبونەوەی دامودەزگای سەرکوتکەری شاهەنشاهی کارێکی مەحاڵ نییەو ئەوەش بەردی بناغەی بۆ جووڵانەوە چەکدارییەکانی دیکە لەناوچە جیاوازەکانی ئێرانو لەقۆناغێکی پاشتر لەلایەن چریکەکانەوە رەخساند، جگەلەوەی ناوەکانی شەریفزادەو ئاوارەو موعینی بوونە سیمبولو لەشیعرو دەقە ئەدەبییەکاندا رەنگیاندایەوە.

پ/ مێژووی رەسمی چ لەدوای کۆنگرەی سێیەم تا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، بەڕای ئێوە کەشوهەوای سیاسی کوردستانی رۆژهەڵات توشی چ بۆشاییەك ئەبێتەوەو چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

و/ ئەو هۆیەی لەدوای رژێمی پاشایەتی لەعێراق تاکو رووخاندنی رژێمی پاشایەتی لەئێران «١٣٣٨-١٣٥٨/١٩٥٨-١٩٧٩» واتە بۆ ماوەی بیست ساڵ، رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان مەیدانی کارکردنی

گواستراپەوە بۆ عێراق، هەربۆیە رووداوەکانی ئەو وڵاتە بە توندی کاریگەریی لەسەر پەرەسەندنی رەوتی کارو چالاکییەکانی ئەو حیزبە هەبوو. لەم رووەشەوە دەتوانرێت ئەم قۆناغەی دوای شکستی جووڵانەوەکەی ١٣٤٦-١٣٤٧ بکرێتە دوو بەش: یەکەمیان لەدوای ئەو جووڵانەوەیە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لەکوردستانی عێراق، واتە «١٣٣٧-١٣٥٣»، ئەوی دیکەیان لەدوای رێکەوتننامەی ئەلجەزائیرەوە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، واتە «١٣٥٣-١٣٥٨».

لەراستیدا، شکستی جووڵانەوە ماوییەکەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ گورزێکی مەزنی لەپەیکەری حیزبی دیموکرات دا، بە لەنێوچونی بەشێکی مەزن لەکادیرو پێشمەرگەکانی، توانای مرۆیی‌و تەشکیلاتی تاکو دواپلە هاتەخوارو ئەوانەی مابوونەوە تووشی پەرشوبڵاوی‌و سەرگەردانییەکی کەموێنە بوون‌و «حیزب قڕانێك»ی دیکە بوو. ئەوەی تارادەیەك بارودۆخەکەی گۆڕی رێککەوتننامەی ئاداری ١٣٤٨ی نێوان شۆڕشی کوردستان‌و حکومەتی عێراق‌و داننان بە خودموختاری کوردستانی عێراق بوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی حیزبی بەعس لەبەغداد. چونکە بە راگەیاندنی ئەو رێککەوتننامەیە هەلومەرجێکی تارادەیەك ئاوەڵا هاتەگۆڕێ کە تێیدا ئەندامە کوردە تودەییەکانی وەك قاسملوو حیسامی گەڕانەوە بەغداو توانییان بەشێك لەکادیرە پەرشوبڵاوەکانی جووڵانەوە ماوییەکە، لەرێگەی حەمەدەمینی سیراجییەوە، لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو بەرێبەرایەتی خۆیان‌و بەو ئاراستە فیکری‌و سیاسییەی لەگەڵ خۆیان هێنابویان، توانییان حیزبی دیموکرتی کوردستان رێکبخەنەوەو رووخاندنی رژێمی شاهەنشاهی‌و بەدیهێنانی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران‌و دۆستایەتی وڵاتانی سۆسیالیست‌و دژایەتیی ئیمپریالیزمیان وەك دروشم هەڵگرت. هەر لەم قۆناغەدا بڕیاری دەرکردنی ئەحمەد تۆفیقیان لەرۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاوکردەوە. بەکوشتنی ناوبراو چەند مانگ دواتر بەدەستی جەلادەکانی رژێمی بەعس، بەتەواوی کۆتایی بە ململانێ‌و ناکۆکییە کۆنەکەی نێوان دوو جەمسەرە سەرەکییەکەی حیزبی دیموکرات هات‌و کۆمیتەیەکی یەکدەست‌و هەماهەنگ بۆ رێبەرایەتی نوێ هاتەئاراو سەردەمی لایەنگرانی ئەحمەد تۆفیق لەو حیزبەدا پێچرایەوە. بگرە بەشێك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی سەردەمی ئەحمەد تۆفیق، بەبەرچاوی هاوڕێیانی حیزبی ئەمرۆیانە لەلایەن رژێمی بەعسەوە رادەستی ئێران دەکرانەوە بێ ئەوەی کەسێك هەبێت لەو رێبەرایەتییە نوێیە هەوڵێکیان بۆ بدەن یان خۆیانیان تێبگەیەنن.

بەهەرحاڵ، رێبەرایەتی نوێی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پاش کۆنفرانسی سێیەم پاشکۆی «ئێران»یان بۆ ناوی حیزبەکەیان گێڕایەوە، بەهۆی ئەو پەیوەندییە تاڕادەیەك فراوانەی د.قاسملو بەلایەن‌و هێزە سیاسییە چەپەکانەوە هەیبوو، توانییان بناغەیەك بۆ پەیوەندییەکی باش بۆ حیزبەکەیان بێننە ئاراو هەوڵیاندا لەنێوخۆی کوردستانی ئێرانیشدا تەشکیلاتی حیزبی ببوژێننەوەو لەو رووەوە چەند ئەندامێکیشیان لە سنەو بانە لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتی شاهەنشاهی خرانە دواوەو تیرەباران کران. بەڵام ئەم هەوڵ‌و بۆپێشەوەچونە زۆری نەخایاند، بەهۆی رێککەوتننامەی ئەلجەزائیرەوە ئاستەنگێکی گەورەی هاتە پێش، چونکە بەعسییەکان ئازادیی کاروچالاکی حیزبی دیموکراتیان لەعێراق کۆتایی پێهێناو سنوری «عێراق-ئێران»یان بەروودا داخستن‌و تەنانەت جۆرە سانسۆرێکیان خستە سەر هاتوچۆی ئەندامانی رێبەرایەتی ئەو حیزبەو پەیوەندییان بەدنیای دەرەوە. ئەمەش پاشەکشەیەکی ئاشکرای بۆ حیزب لەگەڵ خۆیدا هێنا.

لەکاتێکدا هەلومەرجی ئێران‌و نارەزایەتییەکانی گەلانی ستەمدیدەی ئەو وڵاتە دژبە رژێمە شۆڤێنیست‌و درەکەی شاهەنشاهی پەهلەوی بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراو لە پەرەسەندندا بوو بەرەو شۆڕشێکی بەرفراوانی ئاشکرا ملی دەنا. شایەنی باسە هەر لە دووەمین ئەو قۆناغەی باسکرا، ناکۆکی کەوتە نێوان رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات‌و رێبەرایەتی حیزبی تودەوە. د.قاسملو لە ئەنجامی ئەزمونێکی درێژ لەنێو حیزبی تودەو ژیانی ئەوروپای رۆژهەڵات‌و قوڵبونەوەی تیۆریی‌و ئابووری خۆی، گۆڕانێکی سیاسیی‌و ئایدۆلۆژیی لەلا دروستبوو،

کەوتبووە ڕەخنە لەشێوە ژیانی سیاسیی و ئابووری ولاتانی سەر بەشورەویی و ڕەخنەو گازندەی لەشێوەکاری سیاسیی و هەڵسوڕانی حیزبی تودە دەستپێکردبوو. ئەو زیاتر بەرەو سۆسیال-دیموکراتی دەڕۆیی، حیزبی تودەش کە کەیانوری ڕێبەرایەتی باڵی توندڕەوی دەکرد، توانیبوی شوێن بە باڵی میانڕەو، کە ڕابەرەکەی «د.ڕادمنش» بوو، لێژبکات و خۆی بسەپێنێت. ئەوان لەقاسملوو هاوبیرانی کەوتبونە تەقەو بەسەختیی بەربەرەکانێیان دەکردن تاکو دواییەکەی بە ناتەبایی و دورکەوتنەی د.قاسملو لەڕێبەرایەتی کەیانوری و حیزبی تودە کۆتایی پێهات، ئەو ناتەباییەی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بەئاقارێکی توندوتیژدا تێپەڕی.

پ/ دووەمین لێکترازان لەنێو ریزەکانی «ح.د.ك» لەکۆنگرەی چوار دێتە ئاراوە، هۆکارەکانی ئەمە چۆن دەستنیشان دەکەن؟

و/ وەك دیارە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی پەهلەویی لەکۆتایی ١٣٥٧دا، هەلومەرجی ئێران و کوردستانی گۆڕی، بەوەی جووڵانەوەی ڕێکخراوەیی ئازادیخوازی و نەتەوەیی لەو پارچەیەی کوردستاندا بەرادەیەك بوژایەوە کە سەرەتای قۆناغێکی نوێی بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هێنایە کایەوە. ڕێبەرایەتی و کادیرەکانی حیزبی دیموکرات لەعێراق و ئەوروپاوە خۆیان گەیاندەوە کوردستانی ئێران و پاش سی و دوو ساڵ ژیانی ئاوارەیی خۆیان لەنێو دۆست و کەس و لایەنگرانیاندا بینییەوەو بەشێوەیەکی ئاشکرا خەباتی خۆی بۆ دیموکراتی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان ڕاگەیاند.

هەر لەو سەروبەندەشدا، حیزبی تودەو ڕێبەرایەتییەکەی لە ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە گەڕانەوە ئێران و سەرلەنوێ چالاکی سیاسیی و ڕێکخراوەییان دەستپێکردەوەو لەهەوڵی ئەوەدا بوون لەسایەی تێزی «ڕێگای ناسەرمایەداری گەشەکردن» و بەپشتبەستن بە تاکتیکی «کۆکردنەوەی تەواوی هێزە دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکان لەپشتی ئیمام خومەینی»یەوەو لەبەر تیشکی بەرژەوەندی بلۆکی سۆسیالیستی، بەبەرزکردنەوەی دروشمی:"چەسپاندن، قوڵکردنەوەو فراوانکردنی شۆڕش" پایەی سیاسیی و نفوزی کۆمەڵایەتی لەدەستچوی چەند ساڵەیان قەرەبوو بکەنەوە.

حیزبی تودە هەوڵی نەدا لەکوردستان ڕێکخراوێکی سەربەخۆ دابمەزرێت، بەڵکو ئەو حیزبەو ڕێبەرایەتییەکەی هەمان شێوازە کۆنەکەیان گرتبووەبەرو گرەویان لەسەر ڕاکێشانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرایەتییەکەی دەکرد بۆ ژێر چەتری تودەو ئامادەنەبون وەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ حیزبی دیموکرات بکەن. لەم قۆناغەشدا فراوانبونەوەی جەماوەری حیزبی دیموکرات و د.قاسملوی ڕێبەری، کەیانوری و ڕێبەرایەتی تودەی بێتاقەتکردبوو. هەربۆیە کاتێك هەوڵەکانیان بۆ دەرپەڕاندن و بێکاریگەرکردنی د.قاسملۆ سەرکەوتوو نەبوو، هەربۆیە کەوتنە پیلانگێڕان بۆ کەرتکردنی حیزبی دیموکرات لەڕێگای کەسانێکەوە وك «غەنی بلوریان و هاوەڵانیەوە» کە بە دروشمە بریقەدارەکانی تودە هەڵخەڵەتابوون و پێیان وابوو گەر قاسملوو هاوبیرانی بێکاریگەر بکەن و جڵەوی حیزب بگرنە دەست و جەماوەرەکەی لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، دەسەڵات بۆخۆیان مسۆگەر دەکەن و «خودگەردانیش» دەکەنە نەخشەیەکی ڕێگای چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی و پێکەوە هەڵکردن لەگەڵ باڵی توندڕەوی ئایینی دەسەڵاتبەدەست لە تاران.

دیارە پیلانی حیزبی تودە بۆ جیابونەوەی «تاقمی حەوت نەفەرە» بەناوی «حیزبی دیموکراتی کوردستان-پەیڕەوی کۆنگرەی چوار» لە حیزبی دیموکراتەکەی د.قاسملۆ، کەیانوری و ئیحسان تەبەری دانیان پێدا ناوەو لەڕێگەی عەلی گەلاوێژەوە بۆیان هاتەدی. ئەو تاقمەی لەئەنجامی پوچەڵبونەوەی خەونەکانیان و خۆشخەیاڵییان بەحیزبی تودە، نەیانتوانی حیزبەکەی د.قاسملو بێکاریگەر بکەن و نەك هەر شەرعیەتێکی جەماوەرییان

بەدەستنەهێنا، بەڵکو ناوو ناوبانگی سیاسیی خۆشیان لەدەستداو لەبەرچاوی خەڵکەکە سوك بوون، ئەوانەی پاشتر دەسەڵاتدارانی تارانیش ئامادەنەبوون رایانگرن‌و کەوتنە بەر گورزی پاسدارانی ئینقلاب.

پ/ ئێوە وەك مێژوونوسێك پاش ئەم دابڕانانە کە لەناو حیزبی دیموکراتدا روویانداوە، هەر لەسەرەتا تاکو ئەمڕۆ ئەم دژایەتیانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

و/ گەر راشکاوانە سەبارەت بە پەرتبوون‌و جیابونەوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان بدوێین، دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵێك هۆکاری خۆیی‌و بابەتیی لەپشت ئەو پەرتبوونانەوەن. وێڕای ئەو راستییەی کە ئەو دیاردەیە تەنیا پەیوەندیی بەحیزبی دیموکراتەوە نییە، بەڵکو سەرجەم رێکخراوو حیزبە سیاسییە ئێرانی‌و کوردییەکان، بەوانەی دەسەڵاتی سیاسیشیان لەوڵاتانی ناوچەکە گرتۆتەدەست، لەمێژووی خۆیاندا کەم‌و زۆر لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا رووبەڕوو بونەتەوەو هەرکامێکیان وەربگرین چەندینجار توشی پەرتبوون بوون‌و دەستەو تاقمی جیاوازیان لێ جیابۆتەوە، بەتایبەتی ئەو رێکخراوو حیزبانەی لەرووی ستراکچەری بونیادیی‌و سروشتی ژیانییەوە هاوشێوەی حیزبی دیموکرات بوون.

سەرەتا پێویستە درك بەو راستییە بکەین کە حیزبی دیموکرات وەك حیزبێکی نەتەوەیی دیموکراتخوازو ئازادییخواز لەماوەی تەمەنی زیاتر لە٦٣ساڵەی خۆیدا، زیاتر لە شەست ساڵی لەهەلومەرجێکی ناسروشتی‌و لەسایەی فەزایەکی نائازادو بەشێوەیەکی نهێنیی درێژەی بەتێکۆشانی خۆی داوە، رێبەرایەتی ئەو حیزبە زیاتر لە شەست ساڵە لەدەرەوەی مەیدانی هەڵقوڵاوو راستەقینەی خۆیدا بەشێوەیەکی تاراوگەنشین دەگوزەرێنێ. لەکۆی ١٤ کۆنگرە تەنیا کۆنگرەی یەکەم‌و چوارەمی لەو مەیدانە هەڵقوڵاوەی خۆیدا ئازادانە بەستووە، هەربۆیە لەو رەوتە ژیانە ناسروشتی‌و نائاساییە پڕئاستەنگ‌و تەنگوچەڵەمەو پیلانگێڕییەی رووبەڕوی بۆتەوە، دیاردەی پەرتبوون و پەیدابوونی دژوارییی لەنێو ئەو حیزبەکەدا شایەنی روودانە.

بوونی دیاردەی ناکۆکیی‌و بیری جیاوازو ململانێ لەپێناوی دەسەڵات‌و خۆچەسپێنی لەنێو تێکڕای حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان مەسەلەیەکی ئاساییە، بەڵام ئەو ناکۆکیی‌و ململانێیە گەر میکانیزمێکی دروست‌و گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوەو لەفەزایەکی ئازادو تەواو دیموکراتدا گەنگەشەی لەبارەوە نەکرێت‌و بەئاراستەو ئاقارێکی ئەرێنی‌و عەقڵانیدا دوور لەخۆپەرستیی‌و دەستێوەردان رێگای خۆی تەی نەکات، زۆر ئاساییە شتی زۆر لاوەکیی ئەو ململانێیانە بۆ ناتەبایی‌و دووبەرەکیی‌و هەروەها دوژمنایەتییەکی توندو لەئاشتیینەهاتوو بگۆڕێت کە غەیری پەرتبوون‌و دژواریی‌و تەنانەت سەنگەر لەیەکترگرتنیش رێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا نەمێنێتەوە. نەبوونی ئەو میکانیزمە وادەکات پاش کۆنگرەکان رێبەرایەتییەك بێنە سەرکار کە نە لەلایەن هەموو ئەندامان‌و کادرانی حیزبەکەوە جێگای قبوڵکردنەو نە ئەو رێبەرایەتییەش بەیەك چاو دەڕوانێتە خوارەوەی خۆی، بەڵکو پاداشتی لایەنگرانی رەهای خۆی دەکات‌و نزیکیان دەکاتەوەو کەسانێکیش دەتۆرێنێت کە گومانی لایەنگرنەبوون یاخود جیابیری لێدەکات کە لەکۆنگرەدا دەنگی پێنەداوە یان رەخنەی لێگرتووە یان... دیارە، تۆران و دڵرەنجان بۆ گۆشەگیری‌و پاشتر وازهێنان یان دابڕان و جیابونەوە ملدەنێت. لەراستیدا، ئەو میکانیزمە لەحیزبی دیموکراتدا نەبووە، چونکە هەم ستراکچەری حیزب کەهاوشێوەی حیزبە کۆمۆنیستییەکان بووەو هەم کارکردن بە ئەسڵی «مرکزیت دیموکراتیك» کە مەرکەزیەتێکی ئێجگار توندو دیموکراتییەکی زۆر لاواز بووە، هەروەها خەباتی نهێنی فەزای ناسالم‌و نائازادیی ژیانی ئەو حیزبە ئەگەری هاتنەکایەی میکانیزمێکی بەوشێوەی ئەستەم کردووە.

دیاره ڕەوتی هزری سیاسیی و شێوازی بیرکردنەوە لەقۆناغی ژیانی حیزبی دیموکراتدا بەکاریگەری بۆچوون و ئایدیا سیاسییەکانی باوی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئاساییە لەسایەی کاریگەری ئەو ئایدیانەدا، باڵ و دەستەبەندی ناکۆك بێتەئارا، یاخود دەسەڵاتخوازەکانی حیزب بۆخۆچەسپاندن ئەو هزرو ئایدیانە بگرنەخۆو گەر نەیانگەیەنێتە پلەی ڕێبەرایەتی ئەوا پەرتبونی خۆیان ڕاگەیەنن. وەك دەزانین حیزبی دیموکرات وەك حیزبێکی نەتەوەیی و لیبراڵ و مەدەنی لەلایەن پێشەوا قازییەوە دامەزرا، پاش ڕوخاندنی کۆمار ئەم حیزبە بووە شانەیەکی حیزبی تودەو تودەییانەو چەپ دەڕۆیی، پاشتر لەسایەی ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق دا حیزب بەرەو نەتەوایەتی شۆڕشگێڕ وەرگەڕاو تودەییەکانی لەخۆی دابڕاند، پاش ئەوە بەرەو «ماویزم» و دواتر چەپی دیموکرات و پاشتر سۆسیال دیموکرات. هەربۆیە بەشێکی پەرتبوون و دژوارییەکان لەو ساتەوەختانەدا ئەگەری ڕوودانیان لەبارتر بووە، ئەگەرچی کەمجار ئەو پەرتبوونانە ئاکامی مشتومڕێکی زیندوو چالاك سەبارەت بەو ئایدیاو ڕەوتە سیاسییانە هاتونەتە ئارا، بەڵام بێکاریگەریش نەبوون.

کاریگەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ناوچەکە یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکییانەی بەشێوەیەکی مەنفی شوێنی لەسەر دژواریی و جیابونەوەکانی حیزبی دیموکرات داناوە، ئەو حیزبە وەك ڕێکخراوێکی کوردیی ئێرانیی تارادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری هێندێك لە ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانیی و کوردییەکاندا بووە، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە زۆرجار نەیتوانیوە سەربەخۆیی سیاسی خۆی بپارێزێت، هەلومەرجی نهێنیی و ئاوارەیی خەباتیشی ئەم دەستێوەردانەی زێدەترکردووە، بۆنموونە، حیزبی تودە یەکێکە لەو حیزبە ئێرانیانەی زۆر مەنفیانە لەقۆناغە جیاوازەکاندا نەك هەر زەمینەی دووبەرەکیی و پەرتبوونی لەنێوحیزبی دیموکراتدا خۆشکردووە، بەڵکو درزێویشی لەنێو حیزبدا زەقکردۆتەوە، موجاهیدینی خەلقی ئێران بەهەمان شێوە. ئەمەو جگەلەوەی هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق لەو ڕووەوە بێکاریگەر نەبوون، بۆنموونە پشتگیری مەلا مستەفا لە ئەحمەد تۆفیق و دەرکردنی تودەییەکان، پشتگیری مەکتەبی سیاسیی و دواتر باسکی جەلالی لەجیابونەوەی «کۆمەڵەی ڕزگاری» و «کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات». دواتر دۆستایەتی پارتی و «تاقمی حەوت نەفەرە» لەبەرامبەر هاوپەیمانی یەکێتی نیشتیمانی و ڕێبەرایەتی د.قاسملۆدا، تەنانەت لەو پەرتبونەی بەم دواییەشدا هێزە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور بێکاریگەر نەبوون.

یەکێکی دیکە لەو فاکتەرە شاراوانەی هاندەری پەرتبون و دژوارییەکانی نێو حیزبی دیموکرات بوون، بریتییە لە ڕۆڵی دەزگا سیخوڕییەکانی دەوڵەتی ئێران لەهەردوو سەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، ئاشکرایە ئەو دوو سیستمە فەرمانڕەوایەی ئێران حیزبی دیموکراتیان وەك دوژمنی خۆیان ناساندووەو لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، هەموو ڕێگایەکیان گرتۆتەبەر بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی ئەو دوژمنەیان. یەکێك لەو شێوازانە جگە لەکوشتن و تیرۆری ئەندام و سەرکردەکانیان، باوەشێنکردنی پشکۆی ناکۆکییەکانی نێو حیزب و هاندانی دووبەرەکی و دژواری و پەرتبونەکانیەتی تا حیزب لەنێوخۆیدا خۆی بخوات و نەتوانێت لەئاستی ڕژێمدا سەربەرزبکاتەوەو جەماوەرەکەشی لێبڕەوێتەوەو نائومێدی لەدڵی لایەنگرانیدا بچێنێت. دیارە ئەحمەد تۆفیق یەك لەوانە بوو کە زۆربەی جار داخی خۆی لەو دەستێوەردانانەی ساواك دەربڕیوە.

دیارە جگە لەم هۆکارە سەرەکییانە دەتوانرێت چەند مەسەلەی دیکە ئاماژەیان پێبدرێت کە کەم یان زۆر لەکات و ساتی جیاوازدا زەمینەیان بۆ ئەو دژوارییانە خۆشکردووە، وەك: ململانێی نەسڵەکان، قەیرانی نەبوونی ڕێبەرایەتی لێزان و کارا، بۆشایی فیکری، تەنانەت هەرێمگەرایی و شارچێتیش، بەڵام ئەمانە بەپلەی کەم بایەختر دێن لەو فاکتەرانەی لەپێشەوە قسەیان لەبارەوە کراوە.

بەڕای ئێمە پێویستە بۆ دیارییکردنی هۆکاری ئەم دژواریی و دژایەتییانە لەهەر قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی حیزبدا بەشێوەیەکی سەربەخۆو لەڕێگەی کۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسیی-سۆسیۆلۆژیی شیکارییەوە بەوردیی رونبکرێتەوەو ئاماژە بەوە بدرێت کە لەو قۆناغەدا کام لەو فاکتەرانەی باسکران بەشی شێریان لەو ناکۆکیانە بەردەکەوێت، پاشتر بەشێوەیەکی گشتگیر تێکڕای قۆناغەکان ئەنجامگیرییان لەبارەوە بکرێت.

**پاشكۆی ژماره ( ٣ )**

# بیبلیۆگرافیایەك سەبارەت بە هۆشیاربوونەوەی سیاسیی و كەلتووریی و چەكداریی جووڵانەوەی نەتەوەیی كوردیی لەئێران

**نووسینی: پرۆفیسۆر گاریت ستانسفیلدو هاشمی ئەحمەدزادە**

ئامانجی ئەم وتارە تیشك خستنە سەر مێژووی هاوچەرخی كوردانە لەئێران، وێڕای ئاماژەیەكی تایبەت بە جووڵانەوەی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی كوردیی لەسەدەی بیستەمدا لەپاش یەكەمین جەنگی جیهانیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێرانەوە. مۆدێرنیزاسیۆن و بەناوەندییكردنی دەوڵەتە نوێبنیاتەكە، گروپە ئیتنییە غەیرە فارسەكانی بێبەشكرد، بەتایبەتیی كورد، لەدەربڕینی خولیا نەتەوایەتییەكانیان بەشێوەیەكی دیموكراتی. ئاكامی ئەم سیاسەتەو خەباتی كورد لەدژی، لەماوەی باقی سەدەكەداو تاكو ئێستا، ئەو بابەتە سەرەكییانەن كەلەم وتارەدا گفتوگۆیان لەبارەوە كراوە.

پەرەسەندنی سیاسیی كوردیی لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بەرچاو بووە، نموونەش بۆ ئەمە، زێدەبوونی بەردەوامی ژمارەی ئەو كتێبانەیە كە سەبارەت بەو بابەتە بڵاودەكرێنەوە، هەروەها ئەو وتارانەی لە رۆژنامە جیهانییە سەرەكییەكاندا دادەبەزێنرێن، هەروەها بەئاگاهاتنەوەی ئاشكراتری كۆمەڵی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە بوونی كۆمەڵێك بابەت بەناوی كێشەی كوردەوە كە پێویستی بە ئیستیك لەسەر كردن و تێڕامانە. هەرچەندە، بەتێڕوانین لەو ماتریالانەی لەمەڕ كوردەوەن دەریدەخات كە بەرژەوەندیی لەكاروباری كورداندا بەئاراستەیەكی گێڕیدا بردووەو بایەخێكی زۆر بە كوردانی عێراق و توركیا دراوە بەبەراورد بەو راڤەكارییانەی سەبارەت بەكوردان لەئێران و سوریا چڕكراونەتەوە.

ئەوە كوردانی ئێرانن كە ئێمە لەم وتارەدا بایەخیان پێدەدەین. لەوەی كە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا سەنتەرێكی رۆشنبیریی جووڵانەوەی نەتەوەیی كوردیی بووە، كوردانی ئێران لەچاوی چاودێرانی نێودەوڵەتییدا تەریك كەوتن لەكاتێكدا دەوڵەتی ئێران لەپاش دووەمین جەنگی جیهانیی خەریكی زیاتر پەرەپێدانی دەسەڵاتی كاریگەرانەی خۆی بوو لەناوچەكەدا. لەپاش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، ئەو بایەخەی بە كوردانی ئێران درا هێندە كەم بوو كە خۆی لەژمارەیەكی دەگمەنی كاری ئەكادیمیی و هەندێك نووسینی رۆژنامەنووسە بوێرەكاندا بینیەوە.[1] هەرچەندە، ئەمێستا زۆر گرنگە، بایەخ بە رەوشی كوردانی ئێران بدرێت بەهۆی زێدەبوونی بایەخی كوردان لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی و بۆ كاروباری ئێرانیی بەتایبەتیی.

خولیای دەسەڵاتدارە یەك لەدوایەكانی ئێران ئەوەبووە كە دەوڵەتێكی نەتەوەیی دابمەزرێنن ئامانجی تواندنەوەی گروپە ئیتنییە غەیرە فارسەكان بێت لەبۆتەیەكی فراوانتری ئێرانییبووندا، ئەوەش پرۆسەیەكی سەرنەكەوتوو بووە،

---

[1] لەنێو ئەو كارە ئەكادیمییانەی بەگشتیی لەسەر كورد نووسراون، یەك یان دوو بەشیان لەسەر كوردانی ئێرانە. مرۆ دەتوانێت ئاماژە بە دوو كاری سەرەكیی بدات، نامەی دكتۆراكەی وەدیع جوەیدە "جولانەوەی نەتەوەیی كورد: بنەماو پەرەسەندنی، كەلەساڵی ١٩٦٠ نووسراوەو لەلایەن چاپەمەنی زانكۆی سارەكۆسە لەساڵی ٢٠٠٦ بڵاوكراوەتەوە(ئەم كتێبە لەساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن وەرگێڕەوە كراوە بەكوردیی و هەر لەسەر ئەركی خۆشی لەسلێمانی چاپیكردووە)، ئەوەكەی تریشیان كتێبەكەی جیرارد چاڵیاندە: گەلێكی بێ وڵات: كوردو كوردستان، كەلەساڵی ١٩٨٠دا بڵاوكراوەتەوە.

ئەم شکستەی پرۆژەی نەتەوەیی ئێرانیی و هەروەها نەرمڕەویی ئەجێندای کوردییە کە بۆتە چەقی ئەم وتارە. ئێمە تێیدا تیشك دەخەینە سەر ئەزموونی کوردیی لەئێران هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران لە ساڵانی ۱۹۲۰کاندا، تاکو باسکردنی چڕی ئەو سێ دەیەیەی کە لە پاش شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ۱۹۷۹ هات.

## کوردو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێران

هەردوو دەوڵەتی قاجارو ئیمپراتۆریی عوسمانیی لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەیەی لەلایەن دەوڵەتە پیشەسازییە ئەوروپییەکانەوە رووی تێکردبوون، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە کەوتنە پەیڕەویی لە سیاسەتێکی مۆێرنەی بەرفراوان. رەگەزی سەرەکیی ئەم سیاسەتە بریتیبوو لە پتەوکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی و دامەزراوە کارگێڕییەکان لەسەر حسابی ئەو دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییانەی لەلایەن گروپەکانەوە دامەزرێنرابوون کە لەناوچە هەرێمییەکاندا دەژیان. لەئاکامدا، میرنشینە کوردییە نیمچە سەربەخۆکان وەك قەوارەیەکی مانابەخش بەکردارییی لەناوبران. هەرچەندە، حکومەتە ناوەندییەکانی قاجارو عوسمانییی هێندە بەهێزنەبوون دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەیەکی بەرفراواندا بچەسپێنن. لەئێراندا، ستراکتۆری باڵادەستی کۆمەڵایەتیی فیوداڵیی کە لەشێوەی سەرکردایەتیی خێڵەکیی خۆجێیدا خۆی بەرجەستەدەکردو ناوچەکانی بەڕێوەدەبرد وەك دەسەڵاتێك لەچێوە جیۆگرافییە تایبەتەکەی خۆیاندا دەردەکەوتن.[2] کوردستانی ئێران، بەتایبەت بەشەکەی باکووری، بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم شێوە فەرمانڕەوایەتییانەی تێدا بوو.

ئەم ستراکتۆرە سیاسییە سەلماندی کە بۆتە سیماو تایبەتمەندییەکی بەردەوامی تابلۆ سیاسییەکەی ئێران، ئەوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن چەندین مێژوونووسەوە راڤەکراوەو فۆکوسیان لەسەر ساڵە بەراییەکانی دەوڵەتی ئێران کردووە. لەراستییدا، تەنانەت شۆڕشی دەستووریی ئێران (۱۹۰٦–۱۹۱۱) وێڕای دەستکەوتە گرنگەکانی، نەیتوانی سیستمێکی سیاسیی دیموکراتی لەئێراندا دابمەزرێنێت ئەو ناوچە خێڵەکییە بەرفراوانە بگرێتەخۆی، ئەو ساڵانەی پاش یەکەمین جەنگی جیهانیی لەئێران بەوە دەناسرایەوە کە رادەیەك لە پشێویی لەحکومەتدا هەبوو، ئەوەش زەمینەی بۆ پتەوبوونی دەسەڵاتە خێڵەکییە کوردییەکان خۆشکردبوو. وێڕای ئەو هۆکارە نێوخۆییانەی کەلەسایەی ئەم پشێوییەدا بوون، دەستێوەردانی دەسەڵاتە بیانییەکانیش، بەتایبەت بریتانیاو روسیا، ئێرانیان بەفیعلی لەنێوان خۆیاندا دابەشکردبوو. یەکێك لەئاکامەکانی ئەم دەستوەردانە ئیمپریالییە بریتیبوو لە سەرهەڵدانی نەتەوایەتیی ئێرانیی و هاتەنەکایەی دەرفەتێك بۆ سەرکردەیەکی بەهێز کە سوود لەو رەوشە پشێوە سیاسییە وەربگرێت. ئەو سەرکردەیەش رەزاخان بوو، کە لەساڵی ۱۹۲۱دا وەك وەزیری جەنگ دەرکەوت و لەساڵی ۱۹۲۵ بوو بە شا. لەسایەی رەزاشادا، دەوڵەت بەئاراستەی پتەوکردنەوەی دەسەڵاتە لاوازەکەی بزووت، ئەوەش دەرەبەگە کوردەکان و سەرکردە خێڵەکییەکانی لەگەڵ حکومەتدا خستە مەیدانی رووبەڕووبوونەوە.

لەنێو سەرکردە کوردە خێڵەکییەکاندا، ئیسماعیل ئاغای سمکۆی سەرۆکخێڵی شکاك هەبوو، کە سەلماندی بەرهەڵستکارێکی سەرەکیی سیاسەتی ناوەندگەرایی رەزاشایە. بەهەموو پێودانگەکان، سمکۆ لە یەکخستنی ژمارەیەك سەرۆکخێڵی ناوچە کوردییەکاندا دژی حکومەتی ناوەندیی سەرکەوتووبوو، بەڵام ئامانجەکەی نادیاربوو، چونکە

---

[2] لەنێو گروپەکانی دیکە کە پەیوەندیی خێڵەکیی بەهێزیان هەیە مرۆ دەتوانێت ئاماژە بە : بلوچ، بەختیاری، قاشقایی، تورکمان و خێڵە بایەخدارە ئازەرییەکان و عەرەبەکانی خوزستان بکات.

بەڵگەیەکی کەم هەیە دەریخەن کە هاندەرەکانی سمکۆ دیدێکی نەتەوەیی کوردیی بووە. دێڤید ماکدۆواڵ راستی وتووە: " تەگەرەی کوشندەی شۆڕشەکەی سمکۆ تاکۆتایی بریتیبوو لە سروشتی سیاسەتە خێڵەکییەکانی."[3] سمکۆ، بێبەش لە بەرنامەو دیدێکی روونی نەتەوەیی و هێزێکی مانابەخش بۆ هێنانەکایەی هەماهەنگییەکی کۆمەڵایەتیی، بێهیوا هەوڵی هاوپەیمانیدا لەگەڵ هێزە هەرێمیی و لۆکاڵییەکان بۆئەوەی بانگەشە بۆ بەرژەوەندیی و بۆچوونە بەرتەسکەکانی خۆی بکات.[4] لەکاتێکدا لەسەرەتای شۆڕشەکەدا لەوەدا سەرکەوتووبوو کە هاوکاریی لەگەڵ ژمارەیەك سەرکردەی کوردی خێڵەکیی لەنێو ئیمپراتۆریی عوسمانییدا بکات، وەك شێخ تەها. هەروەها بۆماوەیەك سەرنجی شێخ مەحموودی حەفیدی لە کوردستانی عێراق بەلای خۆیدا راکێشا، کاتێك ئەو بۆماوەیەکی کەم کارگێڕییەکی کوردیی دامەزراندبوو. ئەو لەبۆنەیەکی دیکەدا پشتی بە دەسەڵاتدارانی تورك بەست بەئەوەی بەرگریی خۆی دژی حکومەتی ئێران بەڕێوەبەرێت، تەنانەت وێڕای ئەوەی، کە هەمان ئەو دەسەڵاتدارانە لەسنووری خۆیاندا کوردیان کردبووە ئامانج. پاش چەندین ساڵ شەڕکردن لەگەڵ رەزاشادا، سمکۆ لەلایەن ئێرانییەکانەوە بانگشێتی شنۆ کرا، بەڕواڵەت بۆئەوەی لێی خۆشبن و فەرمانڕەوایەتی شارەکەی بدەنێ، بۆ بەدبەختی سمکۆ، ئێرانییەکان هیچ مەبەستێکیان نەبوو سازش لەگەڵ ئەم کەسایەتییە بەهێزەدا بکەن، دەرکەوت کە بانگێشتکردنەکە بەشێك بووە لە تەڵەیەك، کەتێیدا سمکۆ لەساڵی ١٩٣٠ غافڵکوژکرا.

هاندەری سمکۆو پاساوی شۆڕشەکەی هێشتا جێگەی مشتومڕن. لەکاتێکدا هێندێك لەکوردان سەرسامن بەو ئازایەتییەی لەبەرگرییکردندا دژی رەزاشا پێشانیداوە، نەیارەکانی بەوە تۆمەتباریانکردووە کە سەرکردەیەکی دڵڕەق بووەو یەکێتیی خاکی ئێرانی خستۆتە مەترسییەوەو هەڕەشەی لە خولیا مۆدێرنیزاسیۆنە رەواکانی ئێران کردووە.[5] وادەردەکەوێت کە سمکۆ لە هەر ئەجێندایەکی نەتەوەیی بێبەشبووبێت و بەرگرییەکەی بەشێوەیەکی سەرەکیی زادەی خولیا خێڵەکییەکانی بێت و تەنیا بەشێکی بەهۆی هۆشیاریی ئیتنیی و نەتەوەییەوە بووبێت. هەرچەندە، وێڕای ئەو راستییەی کە شۆڕشەکەی سمکۆ لەوتارێکی رۆشنبیرانەی نەتەوەیی بێبەشبووە، بەڵام شۆڕشەکەی بەردی بناغەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی لەئێران دانا. ئەوەی کە زادەی دیالۆگێکی نێوان رۆشنبیران لەئێراندا نەبوو، زیاتر کاردانەوەیەك بوو لەحاست سیاسەتی فارسگەرایی و یەکرەنگکردنەکەی رەزاشابوو، کە دەیویست نەتەوەیەك لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە کەلتووریی و زمانییەکانی فارس وەك گروپێکی ئیتنیی باڵادەست بنیاتبنێت.

---

[3] David McDowall, A Modern History of the Kurds (London: I.B. Tauris, 2005), p. 219.

[4] سمکۆ لەشوناسی ئیتنی خۆی بەئاگابوو، دەیویست ناوچەیەکی لەبن کۆنترۆڵی خۆیدا هەبێت. نائارامیی سیاسیی هەرێمەکە هانیدا پەیوەندیی لەگەڵ ئەکتەرە سیاسییەکانی دەرەوەی سنووری ئێران دابمەزرێنێت وەك ئەوناوچەیەی لەبندەستی شێخ مەحموود بوو لەکوردستانی عێراقی ئەمڕۆکە، دەسەڵاتدارانی تورك کە دژی بیانییەکان شەڕیاندەکرد، بەتایبەت بریتانیەکان، ئەیانویست سمکۆ دژی دوژمنەکانیان بەکاربێنن.

[5] عەلیرەزا نازم ئەفشار سەرۆکی "کۆمسیۆنی دپلۆماسی ئازەربایجانی رۆژئاوا" وەك پیاوکوژێك و چەتەیەك ئاماژەی بەسمکۆ داوە. بەلای حوسێنی مەدەنیەوە کە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حدکایە، سمکۆ بیرێکی نەتەوایەتی بەهێزی هەبووە. هەروەها محەمەد رەسوڵ هاواریش لەکتێبەکەکەیدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش سمکۆی وەك قارەمانێکی نەتەوەیی ناساندووە کە تەواوی ژیانی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی تەرخانکردووە. بڕوانە:

حوسێنی مەدەنی ، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ، بەرگی دووەم ، ب.ش ، خاکەلێوەی ١٣٨٠ی هەتاوی ـ، محەمەد رەسوڵ هاوار، سمکۆو جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد). هەروەها:

www.renesans.info/articles.php?id=1603 ; Martin van Bruinessen, "Kurdish tribes and the State of Iran: the case of Simko's revolt," in Richard Tapper, ed., The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan (London: Croom Helm, 1983).

## دووەمین جەنگی جیهانیی و پشکوتنی وتاری نەتەوایەتیی کوردیی مۆدێرن

ڕەزاشا لە بەزاندنی یاخیبوونە لۆکاڵیی و هەرێمییەکان سەرکەوتووبوو، هەروەها لەکۆتایی ١٩٣٠کاندا، سیاسەتەکەی سەبارەت بە پتەوکردنی یەکڕەنگیی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی و بەناوەندییکردنی دەسەلات بەباشیی بەڕێوەدەچوو. هەرچەندە، دەستپێکردنی دووەمین جەنگی جیهانیی کاریگەریی قووڵی بۆ ئێران و کوردان هێنایەئارا. ئێران لەلایەن هێزەکانی بریتانیی و سۆڤێتییەوە داگیرکرا بەهۆی هاوسۆزیی ڕەزاشا بۆ بەرەی وڵاتانی ناوەند، ئەوەش کاریگەرانە دۆخی سیاسیی لەئێراندا گۆڕی و تەگەرەی لەبەردەم پێشکەوتنی سیاسەتەکانی ڕەزاشا دانا. پاش دەستلەکارکێشانەوەی ڕەزاشا لەساڵی ١٩٤١دا، کوردستانی ئێران– هەرچەندە لەلایەن سوپای سۆڤێتییەوە داگیرکرابوو– بۆشاییەکی دەسەلاتی بەخۆوە بینی، خێڵە بەهێزەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە تێدەکۆشان، لەبەرامبەر ئەمە، ئەو سیاسەتە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەی لەلایەن ڕەزاشاوە گیرابووبەر بەقووڵی کاریگەریی لە کارەکتەری کۆمەڵگەی کوردیی لەئێران کردبوو، لەگەڵ پێکهاتنی چینێکی ناوەنجیی نوێ و خوێندەوارانی شارەکیی کەتازە دەرکەوتبوون. ئەوە کەسایەتییگەلێکی نێو ئەم چینە خوێندەوارە نوێیە بوو کە سوودیان لەبۆشایی دەسەلات بینی. ڕێکخراوێکی مۆدێرنی نوێ بەناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" لە سێپتەمبەری ١٩٤٢دا لەمەهاباد دامەزرا. ڕێکخراوەکە بەگشتیی بە "کۆمەڵە" ناوی دەبرا،[6] هەرزوو ناوبانگی دەرکرد و پاش ساڵێك لەدامەزراندنی دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێك بەناوی "نیشتیمان".[7] وتارەکانی نیشتیمان ئەوەی ڕووندەکردەوە کە دامەزرێنەرانی ژ.ك سەبارەت بە جیایی ئیتنیی خۆیان بەئاگان. هەروەها ئەوان پاڵنەریان هەبوو نەك هەر نیشتیمانێکی کوردیی لە کوردستانی ئێران پەرەپێبدەن بەڵکو هەرێمە کوردییەکانی دیکەی تورکیا و عێراق بگرێتەخۆ. هەرچەندە، پەرەسەندی ژ.ك کورتیهێنا بەهۆی بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە کە هێشتا فرەڕەنگ بوو، گەر لەلایەن دابی خێڵەکیشەوە نەتەنرابێت. ئەم بەربەستە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییە لەگەڵ دەستێوەردانی سۆڤێتییە داگیرکەرەکان ئاوێتەبوو کە لەساڵی ١٩٤٥دا بووەهۆی داپۆشینی ژ.ك لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە "حدك".[8] حدك لەژێر

---

[6] سەبارەت بە سەرەتای کۆمەڵەی ژ.ك لەلایەن کۆڵەرانەوە مشتومڕێکی زۆر هەیە، بۆ زیاتر سەبارەت بو بیروڕا جیاوازانەی لەمەڕ ناوی ڕێکخراوەکە هەن بڕوانە:

Hashem Ahmadzadeh, Nation and Novel: A Study of Persian and Kurdish Narrative Discourse (Uppsala: Uppsala University Press, 2003), pp. 148-49.

[7] لە یەکەم ژمارەی "نیشتیمان"ی زمانحاڵی کۆمەڵەی ژ.ك دا، دامەزراندنی کوردستانی گەورە وەك ئامانجی ژ.ك ڕاگەیەندراوە، بڕوانە: نیشتیمان، ژمارە١، ژووئیە ١٩٤٣.

[8] حیزبە دامەزرێنراوەکە بە فەرمیی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"ی پیێدەوترا، بەگوێرەی جەلیل گادانی لەکۆنفرانسی یەکەمدا لەساڵی ١٩٥٥دا وشەی ئێرانی بۆ زیادکراوەو دوای داشێك لەپەنا ناوی حیزب دانراوە. هەرچەندە عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێت لەکۆنفرانسی سێیەمی حیزبدا لەساڵی ١٩٧١بووە کە وشەی ئێران لەدوای دانانی داشێك بۆ ناوی بۆ حیزب زیاد کراوە، لەکۆنگرەی چوارەمی ساڵی ١٩٨٠ داشەکەلابراوی ناوی حیزب بەفەرمی بووە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)(حدکا).

جەلیل گادانی ،٥٠ ساڵ خەبات . کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ،ب،م، ل ٩٨ .، عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان ، ئاوڕێك لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوە کۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، گەلاوێژی ١٣٧٤ی هەتاوی، ل٦٨–٩٠ .

ڕێبەرایەتیی قازیی محەمەددا، دامەزراندنی کۆماری کوردستانی لە ٢٢ی یەنایەری ١٩٤٦ لەمەهاباد ڕاگەیاند. کۆمارەکە، جگەلە پشتگیریی کرداریی یەکێتیی سۆڤێت، لەلایەن هیچ وڵاتێکەوە دانیپێدانەنرا. ئەو ناوچەیەی لەسایەی کۆمارەکەدا بوو لە ورمێ وە تا سەقز درێژ دەبووەوە، هێندێك لەشارە گەورەکانی وەك سنەو کرماشان لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی کۆمارەکەدا بوون.

بەهۆی پەرپوتی نێوخۆیی و لاوازیی پشتگیریی نێودەوڵەتیی(سۆڤێتیی) لەکۆتایی جەنگەدا، کۆمارەکە لەلایەن لەشکری ئێرانییەوە لەناوەڕاستی دیسەمبەری ١٩٤٦دا، تێکشکێنراو ڕێبەرایەتییەکەی لەسێدارەدرا. وێڕای ئەوەی، هەرچەندە، کۆمارەکە کەمتر لەساڵێکی خایاند، بەڵام دامەزرانی ئەو کۆمارە کوردییە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە هاتنەدی نەتەوایەتیی کوردییدا.

## کوردستان پاش مەهاباد

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی لەئێران بەقۆناغێکی درێژو سەختی هەستانەوەسەرپێدا تێپەڕی. هێزە سیاسییە ڕێبەرییەکە لەنێو کوردان، حدك، ڕابەرە ئەفسانەییەکەی خۆی لەدەستدا لەگەڵ ژمارەیەك لەکەسایەتیی خاوەن خولیای دیکە. کوردستانی ئێران لەلایەن لەشکری ئێرانەوە داگیرکرایەوە، حدك لەڕووی ڕێکخراوەییەوە تا ئەو ئاستە تێکشکابوو کەلەپێناو مانەوەی خۆی دەستی بەدامێنی حیزبی تودەوە گرت.[9] بەڵام لەناوەڕاستی ساڵانی ١٩٥٠کاندا حدك دووبارە هەوڵی هەستانەوەیدا کە وەك ئەکتەرێکی سەرەکیی بێتەوە سەر شانۆ. لەدوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٣و کەوتنی حکومەتەکەی محەمەد موسەدیق، ڕێبەرایەتیی نوێی حدك هەوڵیدا حیزبەکە ڕێکبخاتەوە. یەکەمین کۆنفرانسی حیزبەکە، کە لەساڵی ١٩٥٥دا گیرا، هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو ئەمە. ژیانەوەیەکی نوێی پشتگیریی بۆ حدك ڕووندەکاتەوە، کۆنفرانسەکە جەختی لەسەر سەربەخۆیی حیزبەکە لەڕێکخراوەکانی دیکە کردەوە، کاریگەرانە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تودەدا قرتاند.[10]

حکومەتی ئێرانیی درکی بەو هەڕەشە نوێیە کرد کە بەهۆی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی حدك دوور لە تودە هاتبووەئارا، هەربۆیە سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی خۆی برەوپێداو هەلومەرجی ئەندامەکانی ح دك ی سەختترکرد. لەساڵی ١٩٥٩دا، ڕێکخراوی ئێرانیی نهێنیی حدك پاش گرتنی ئیسماعیلی قاسملو کە ئەندامێکی حدك بوو لەلایەن پۆلیسەوە ئاشکرابوو. نزیکەی ٢٥٠ کەس لەئەندامانی حدك دەستبەسەرکران و چەندین کەسایەتیی سەرەکیی حیزبەکە بە زیندانیی درێژخایەن سزادران.[11] ئەم ڕووداوانە ژمارەی ئەو چالاکە سیاسییە کوردانەی زێدەکرد، ئەوانەی پاش کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم دژی پاشایەتیی لەعێراق لەساڵی ١٩٥٨دا، لەکوردستانی عێراقدا پەناگەیەکی

---

[9] پەیوەندییەکانی نێوان حدك و حیزبی تودە هێندە نزیکبوون کە بەشێوەیەکی کرداریی حدك وەك لقی تودە بوو لە کوردستاندا، بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندیی بە حیزبی تودەوە لەکۆنفارنسی یەکەمی حیزبدا بوو، وێڕای ئەوەش هێشتا تاکو ساڵی ١٩٨٠کان کاریگەریی تودە بەسەر حدك وە بووە.

عبدالرحمن قاسملو ،چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی ، کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، ١٩٨٨، ل ١٠٤.، عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان ،ل ١٥

[10] جەلیل گادانی ،٥٠ ساڵ خەبات ، ل ٩٩.

[11] عبداللە حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل ٢٢.

ئارامیان بۆ خۆیان دۆزییەوە. ئەم پەناگە ئارامە نەیتوانی زۆر بخایەنێت بەهۆی ئەو جەنگەی لەنێوان رژێمی عێراق و کوردانی ئێراقدا دەستییپێکرد، وێڕای پشتبەستنی سەرکردەی کوردانی عێراق مستەفا بارزانی بە رژێمی ئێرانیی.

لە سالآنی ١٩٦٠کانـدا، وزەی حـدك ی ئێـران بەشێوەیەكی سـەرەكیی لـە كێشمەكێشێكی قـووڵی نێوخۆیی لەنێوان کەسـایەتییە جۆربەجۆرەکانـدا چـڕکرایەوە، ئـەو حاڵەتـەی کـەتاکو سـەدەی بیـست و یەکـەمیش درێـژەی هەیـە.[12] دابەشـبوونەکە هێنـدە جـدیی بـوو کـە ئـەو حـدك ەی پێکهـاتبوو نـەیتوانی یـەکگرتوو بمێنێتـەوە، ئـەوەی بـووە هـۆی پێکهێنانی گروپێکی نوێ کە ئالەنگاری دەسەڵاتی سەرکردایەتییە فەرمییەکەی کرد.

لەساڵی ١٩٦٧دا، گروپێك لـەکادران کـە دژی سیاسـەتی بارزانیـچێتییەکەی ئەحمـەد تـۆفیقی سـەرکردەی حـدك بـوون، کۆمیتەیـەکی شۆڕشگێرانەیان دامەزراند، کـە ئامـانجی بـەڕێوەبردنی خـەباتێکی چەکداریی بـوو دژی رژێمـی ئێرانیـی. لەماوەی بوونی ١٨ مانگیدا، کۆمیتە شۆڕشگێڕییەکە لەدەرخستنی رەوشی کوردان و پتەوکردنی هەستێکی بەرفراوانی نەتەوایەتیی سەرکەوتووبوو، لەکاتێکدا لەرووی لۆکاڵیشەوە گورزی سەربازیی گرنگیان لە هێزی سەربازیی ئێرانـی دا. بـەڵام رووبـەڕووی ناکۆکییـەکی گـەورە بوونـەوە، دواجـار جووڵانەوەکـە شکستیخوارد و چـەندین ئەندامـە فـرە کاراکـانی حدك کوژران .[13]

راگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەمارتی ١٩٧٠ لەلایەن دەسەڵاتدارانی حـدك لەکوردسـتانی عێراق بەگەرمیی پێشوازیی کرا، ئەوانەی بەهیوابوون ئەو رەوشە کۆمەك بە خەباتەکەیان لەکوردستانی ئێراندا بکات.[14] هەرچـەندە، کاتێـك دەسـتەیەك لـە ئەنـدامانی حـدك چـاویان بـە بـارزانی کـەوت بۆئـەوەی پیرۆزبـایی ئـەو دەسـتکەوتە مێژوویـیـەی لێبکـەن و هـەروەها داوای پاڵپـشتیی لێبکـەن، بێهیوابـوون لـەوەی کـە سیاسـەتی بـارزانی لەهەمبـەر ئێـران

---

[12] لەماوەی ئەم قۆناغەدا، ئەحمەد تۆفیق، سەرکردەی حیزبی دیموکرات، پەیوەندییەکی نزیکی بە مستەفا بـارزانی سـەرکردەی پـارتی دیموکراتەوە پدك هەبوو، بەشێوەیەك ئەم کاریگەرییەی بارزانی بەسەر ئەحمەد تۆفیقەوە رۆڵی لەو بڕیارەدا هەبوو کە لـەکۆنگرەی دووەمـی حدك لەساڵی ١٩٦٤، بارزانی کرا بەسەرۆکی حیزبی دیموکرات. حەسەن زادە سەرسامی خۆی لەمە دەربڕیوە بـەوەی کـە بـارزانی سـەرۆکی پدك بووە. لەسەرەتای حەفتاکاندا باڵی قاسملو توانیان ئەحمەد تۆفیق پـەراوێز بخـەن و سـەرکردایەتیی حیزبیـان بەدەسـتەوە گـرت. لـە کۆنفرانسی سێیەمی حیزب لەساڵی ١٩٧١ هێندێك لەکادران بە سەرەکردەیی مەلاسەید رەشید دژی ئـەو بڕیـارەی حیـز وەسـتان لەهەمبـەر ئەحمـەد تۆفیـق، ئـەم کادرانـە سـەرەتا سـەرکردایەتیی کـاتیی حـدك یـان پێکهێنـا و پاشـتر نـاوی خۆیـان گـۆڕی بـە "کۆمەڵـەی یەکسانی". لەهاوینی پاش ئەوە، ئەحمەد تۆفیق لەلایەن حکومـەتی عێراقـەوە گیراو بەشـێوەیەکی گومانـاوی لـەناوبرا. عبـدالله حسـن زادە ، نیـو سـەدە تێکۆشان، ل٤١ .، جەلیل گادانی ،٥٠ ساڵ خەبات ، ل١٧١.

دوژمنایـەتیی نێـوان قاسـملو ئەحمـەد تۆفیـق زۆر تونـد بـوو بەشـێوەیەك نـاوی ئەحمـەد تۆفیـق لـە مێـژووی حیزبـی دیمـوکرات بـەکردار سڕایەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا، هێندێك لەدەرەوەی حیزبی دیموکرات هەوڵیانداوە ئەم تێڕوانینە فەرمییەی حدك لەسەر رۆڵی ئەحمەد تۆفیق و بیروبڕواکانی راستبکەنەوەو بیگۆڕن. بۆ زیاتر سەبارەت بەدیدێکی هاوسۆزئامێزانە لەبارەی ژیان و هزری ئەحمەد تۆفیق، بڕوانە:

د.یاسین سەردەشتی، ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق " عەبدوڵڵا ئیسحاقی " ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

[13] عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل ٤٨.

[14] یاسای ئۆتۆنـۆمی سـاڵی ١٩٧٠ رووداوێـك بـوو کـە بایـەخێکی گرنگـی لـە پەیوەندییـەکانی نێـوان حکومـەتی عێـراق و کـوردان عێراقـدا هـەبوو. یەکـەمجار بـوو دان بـە مافـەکانی کوردانی عێراقدا بنرێت کـە دەسـەڵاتیان بەسـەر ناوچـەیەکدابڕوات کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکیی ناوچەیەکی کوردییە، جگە لەکەرکوك، کە بۆ دانوسـانی ئاینـدە جێهێڵـرا. شکستی ئەم دانوسانە بوو بووە هـۆی هەڵگیرسـانەوەی جـەنگ لـەنێوان کـوردو حکومـەتی عێراقدا، دواجار جووڵانـەوەی کـوردی عێـراق لـەمارتی ١٩٧٥دا بـەزی، کاتێـك رژێمـی ئێـران پـشتگیریی خـۆی لەکوردان کێشایەوە. جووڵانـەوەی چەکداریی کـوردی عێـراق تـاکو بـەزینی سـەدام لەسـاڵی ١٩٩١ لـەپاش داگیرکـاری کوێـت لەفەزایـەکی داخراودا مایەوە.

نـەگۆڕاوە، هـەروەها ئـەو ڕێگریـەی کـە دژی خـەباتی حـدك لـەدژی حکومـەتی ئێـران هـەبوو وەك خـۆی مـابووەوە.[15] هەرچەندە، لەم کاتەدا حدك پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا دامەزراند، لەگەڵ ئەو ئاکامەی کە کوردانی عێراق و ئێران هەرزوو خۆیان لە دۆخێکدا بینیەوە کە وەك ئامرازێك لەدژی یەکتر بەکارهێنران.[16]

لە ژوونی ١٩٧١دا، سێیەمین کۆنفرانسی حدك لەکۆیەی کوردستانی عێراق بەسترا. لەم کۆنفرانسەدا د.عەبدولڕەحمان قاسملو بەسکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێررا، کە تاکو غافڵکوشتنی لە ڤیێنا لە ساڵی ١٩٨٩دا لەلایەن ئۆپەراسیۆنێکی ئەمنیی حکومەتی ئیسلامیی، لەو پۆستەدا مایەوە.

هەرچەندە، بوون بە بریکارێك لە ململانێی نێوان عێراق و ئێراندا هەلومەرجێکی بەردەوام نەبوو، و دەبووە قوربانیی ئەو گۆڕانانەی لەپەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و تاراندا ڕوویاندەدا. لە ٦ی مارتی ١٩٧٩دا، ڕێکەوتننامەیەك لەنێوان عێراق و ئێران لە جەزائیر مۆرکرا. بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتننامەیە، ڕژێمی ئێران پشتگیریی خۆی لە کوردانی عێراق بڕی، عێراقیش کۆنترۆڵی شەتولعەرەبی دابە ئێران. لەئاکامی ئەم ڕێکەوتننامەیە، بەرگریی کوردان دژی عێراق هەرەسیهێنا و لەناوەڕاستی مارتدا جەنگاوەرانی کورد یان خۆیان ڕادەستی سوپای عێراق کردەوە یاخود پەنایان بردە بەر ئێران. لەبەرامبەریشدا، ڕژێمی عێراق چالاکییەکانی حدك لەعێراق سنووردار کرد و ئەوەی لەحیزبەکە قەدەغەکرد کە ڕۆژنامەکەی خۆی "کوردستان" لەعێراق بڵاوبکاتەوە.

لەکۆتایی ١٩٧٠کاندا، ڕژێمی ئێران ڕووبەڕووی نائارامییەکی سیاسیی نێوخۆیی جدیی ببووەوە. لەناوەڕاستی پاییزی ١٩٧٨ دا، کۆمیتەیەك بەناوی "زاگرۆس" کە لەلایەن حدك دامەزرابوو بۆئەوەی ئەندامە ڕێبەرییەکانی بنێرێتەوە بۆ ئێران بۆئەوەی لە بەشداری لەتێکۆشانی خەڵکدا دژ بە ڕژێمی ئێران بکەن. بەوەش، کوردانی ئێران، شانبەشانی خەڵکی ئێران نارەزایەتیی توندی خۆیان بۆ ڕژێمی پەهلەوی پێشاندا لەڕێگەی خۆپێشاندانی ئاشکراوە. لەماوەی کۆتایی دوا مانگەکانی ڕژێمدا، کۆمیتەی زاگرۆس هەوڵیدا نارەزایەتییەکانی جەماوەر دژی ڕژێم بەشێوەیەکی کاریگەرتر ڕێکبخات. هەرچەندە، نە حدك، و نە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردیی دیکە هێندە ئامادەبوو کە سوودی تەواو لەو دەرفەتە ببینێت کە کەوتنی ڕژێم خستیە بەردەم کورد. حەسەن زادە ڕاشکاوانە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەکاتی ڕووخانی ڕژێم، حدك بەئاسانیی نەیتوانی بەشێوەیەك کاربکات کە بەرژەوەندیەکانی کورد پاش شۆڕش لەهەر نەزم و تەرتیبێکی نوێدا پتەوبکات.[17]

## کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەجێندای کوردیی

شۆڕشی ئیسلامیی کۆتایی بە قۆناغی درێژخایەنی تاراوگەیی حدك هێنا و ڕێبەرانی حیزب هیواخواز و گەشبین بوون بەدەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ وەك حیزبێکی سیاسیی یاسایی. تەنیا سێ هەفتە پاش شۆڕشەکە، حدك بەبۆنەی کۆتاییهاتنی ژیانی نهێنیی و سەردەمێکی نوێ لە چالاکیی سیاسیی و ئاشکرا لەکوردستانی ئێراندا کۆبوونەوەیەکی لە

---

[15] عبدالله حسن زاده ، نیو سەدە تێکۆشان،ل ٥٩.

[16] دوای گەڕانـەوەی د.قاسملو لـە ئـەوروپا و پـاش سـەرلەنوێ بنیاتنانـەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی لەسـاڵی ١٩٧٠دا، حـدك بەفـەرمیی پەیوەندیی بە حیزبی بەعسی عێراقەوە کرد و پاشتر ڕێکەوتننامەیەکی هاوکاریی هاوبەشیان مۆرکرد. بڕوانە: عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل ٦٤.

[17] عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل١٢٣ .

شاری مەهابادا ڕێکخست. نزیکەی ۱۰۰,۰۰۰–۱۵۰,۰۰۰ کەس لەکۆبوونەوەکەدا بەشدارییانکرد، هەروەك د.قاسملو ڕایگەیاند کە حیزبەکەی ئامادەیە هاوکاریی لەگەڵ ڕژێمی نوێ بکات ئەگەر بێتو مافەکانی کورد زامنبکرێت.[18]

بەپێچەوانەی باقی شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە، کە حکومەتە کاتییە نوێیەکە توانی ستراکتۆری نوێی خۆی دابمەزرێنێت، کوردستان لەسایەی هەژموونی حدك و ئەو کۆمیتە شۆڕشگێڕییەدا بوو کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەست نەبوو بە حکومەتە نوێکەو بنەما ئیسلامییەکانی.[19] لەکاتێکدا کوردان بەگشتیی لەهەمبەر ڕژێمی نوێ ئەرێیی بوون و هەوڵیاندەدا دەسەڵاتدارانی ئێرانیی ڕازیبکەن کە مافە دیموکراتییەکانی کور پەسەندبکات، ئەوەش دۆخێك بوو کە زۆری نەخایاند. توندوتیژیی بەخێرایی دەرکەوت کاتێك لە ۱۹ی فێبرایەری ۱۹۷۹دا، پادگانی سەربازیی لەمەهاباد، زیاتر بەهۆی کاریگەریی هێندێك لە ئەفسەرانی کورددا، خۆی ڕادەستی دەسەڵاتدارانی کوردی ئەو شارە کرد. ڕژێمی ئێران ئەم ڕووداوەی بۆ تۆمەتبارکردنی کوردان بەکارهێنا بەوەی دژی شۆڕش کاردەکەن. لەهەوڵێکدا بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکە، هێندێك نوێنەری کورد سەردانی دەسەڵاتدارانی ئێرانییان کرد، لەوانە ئایەتوڵا ڕوحوڵا خومەینی. هەرچەندە، هەرگیز نەگەیشتنە ڕێکەوتنێك و لەئاکامی شکستی دانوسانیشدا بارگرژییەکان بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی پەرەیانسەند.[20]

بەڵام حکومەتی نوێ هێندە بەهێز نەبوو کە کۆنتڕۆڵی شارە کوردییەکان بکات. چالاکیی کوردان و کۆنتڕۆڵی کردارییان بەسەر زۆربەی بەشەکانی کوردسانی ئێراندا وایکرد سەختبێت کوردان سەرکوتبکات و خواستەکانیشیان پشتگوێبخات. هەرچەندە، نیشانەیەکی ئەوتۆ نەبوو کە حکومەت بایەخ بەدۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانە دەدات. لەراستییدا، وادەردەکەوت ڕوون بێت کە حکومەتە تیۆکراتییەکە تێگەیشتنێکی لەبارەی کێشەی تایبەتی ئێتنییەوە نییە کە جیامەندیی وڵاتە فرە ڕەنگە ئێتنییەکەی بوو، ململانێیەکەش بەخێرایی پەرەیگرت. تەنیا پێنج هەفتە پاش شۆڕش، لەماوەی ئاهەنگی نەورۆزدا، پەلامارێکی سەربازیی خوێناوی دژی سنە ئەنجامدرا کە یەکێك بوو لەشارە سەرەکییە کوردییەکان. لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا، کە ئێستا بە نەورۆزی خوێناوی ناودەبرێت، ٤٥٠ کەس کوژران.[21]

یەکەمین ڕکابەری فەرمیی کوردیی بۆ حکومەتە نوێکە پاش دوومانگ لە شۆڕشەکە هات کاتێك لە ۱ی ئەپرلی ۱۹۷۹دا، ریفراندۆمێك لەئێران کرا بۆ دیارییکردنی ناوو فۆرمی حکومەتە نوێکە.[22] تاکە بژارە بۆ سندوقەکانی دەنگدان "بەڵێ" یان "نەخێر" بوو بۆ "کۆماری ئیسلامیی". کوردان، بە گوێرەی ئەو هەڵوێستەی کە لەلایەن حیزبە سیاسییە سەرەکییەکانیەوە پەیڕەوی گیرابووەبەر، بۆیکۆتی ریفراندۆمەکەیان کرد. وێڕای ئەمەش، "کۆماری ئیسلامیی" بە زۆرینەی دەنگ سەرکەوت. وێڕای ئەوەی کوردان لەڕووی چەندایەتییەوە هێندە نەبوون کە بتوانن

---

[18] عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل ۲٥٩ .

[19] کارەکتەرە سیاسییە کاریگەرەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا بریتیبوون لە حدکا، کۆمەڵە، شێخ عیزەدین حوسەینی، فیدائیانی خەلق، ئەحمەدی موفتی زادە.

[20] پاش شۆڕش، کوردان بەکردار کۆنتڕۆڵی کوردستانیان کرد، ڕژێمی نوێی ئێران کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بەسەر کوردانەوە نەبوو، ئامادەگیی ڕژێم تەنیا خۆی لەو پادگانە سەربازییانە دەبینیەوە کە لەشارە سەرەکییەکانی کوردستان بوون، ئەوە بۆماوەی سێ ساڵی خایاند تا ڕژێم توانی وردە وردە لەرێگەی دەستێوەردانی توندی لەشکرەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە کوردییەکاندا بسەپێنێت.

[21] عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل١٤٠ل.

[22] پێویستە ئاماژە بۆئەوەبکرێت کە ئەم ڕۆژە لەمێژوودا ڕۆژی لەسێدارەدانی ڕێبەرانی کۆماری مەهابادە لەساڵی ۱۹٤٧، هەروەها حیزبە سیاسییە کوردییەکان بۆیکۆتی رفراندۆمی نیشتیمانیان سەبارەت بە دەستووری کۆماری ئیسلامی کرد کە لە۲–۲ی دیسەمبەری ۱۹۷۹ بەڕێوەچوو. ئەوەش کێشمەکێشی نێوان ڕژێم و کوردانی قووڵتر کردەوە.

تەگەرە بۆ پرۆژەی حکومەت و ریفراندۆمەکەی پێکبهێنن، بەلام هێندەیان پێکدەهێنا کە هەڕەشەیەکی لۆکالی بۆ حکومەتە سەرپێکەوتووەکە دروستبکەن.

کوردان درکیان بە بێسوودیی بۆیکۆتەکەی خۆیان کرد و لە١٨ی ئوتی ١٩٧٩دا، لەهەلبژاردنی ئەنجوومەنی خیبرەگاندا بەشدارییانکرد. ئەم ئەنجوومەنە ئەرکی نووسینەوەی دەستووری نوێی لەئەستۆ بوو. د.قاسملوی سکرتێری گشتیی حدك، بە ١١٣,٧٧٣ دەنگ بۆ ئەندامێتیی ئەو ئەنجوومەنە هەلبژێردرا. هەرچەندە، کە هەرگیز نەیتوانی بەشداریی لەئەنجوومەنەکەدا بکات.[23] ئەنجوومەنەکە لە ١٩ی ئوتی ١٩٧٩دا دەستبەکاربوو، دروست لەورۆژەدا کە خومەینی جیهادی دژی کوردان راگەیاند، واپێدەچێت بۆ چالاککردنەوەی توانای هێزە ئێرانییەکان بێت دژی کورد. جەنگەکە لە ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩دا کۆتاییهات، پاش ئەوەی ژمارەی قوربانییەکان لەنێو یەکە سەربازییە ئێرانییەکاندا بەرزبووەوە. پێشمەرگەکانی کورد دەسەلاتیان بەسەر شارە کوردییەکاندا گێڕایەوە، هەروەها د.قاسملو لەکۆبوونەوەیەکی گشتییدا لەمەهاباد پێشوازیی لەپەیامەکەی ١٧ی ئوتی خومەینی کرد سەبارەت بە چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەی کورد. هەرزوو پاش ئەمە، دەستەیەکی نوێنەرایەتیی کە لە عیزەدین حوسەینی، حدك، کۆمەلە،[24] هەروەها فیداییەکانی خەلق بەمەبەستی دانوسان لەگەل حکومەتدا پێکهات. دەستەکە گەلالەیەکیان لە ٢٦ مادە سەبارەت بەخواستەکانی کورد و جێبەجێکردنی پرسی خودموختارییەکەیان ئامادەکرد. داواکاریی سەرەکیی خۆی لەفێرکردن و پەروەردە بەزمانی کوردیی، دامەزراندنی هێزە کوردییە ئاسایشییە خۆجێییەکان، دانانی کارگێڕییەکی خۆجێدا، چڕکردبووەوە. وێڕای ئەمەش چ چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد لەئێران نەبینرایەوە، بەلکو کات و دەرفەتی خستەبەردەم ئەکتەرە سیاسیە کوردییەکان تاکو حیزب و پێشمەرگەکانیان پتەوبکەن. لەکاتێکدا دانوسانێکی نارێکوپێك بەرێوەدەچوو، حیزبە سیاسییە کوردییەکان بنەی سیاسیی و کۆمەلایەتیی خۆیان بەهێزدەکرد. ئەوە لەم رەوشەدا بوو کە حدك کۆنگرەی چوارەمی خۆی لە ١٩ی فێبرایەری ١٩٨٠دا، لەمەهاباد بەست. دوای ٣٤ سال ئەوە یەکەمین جار بوو کە حدك لەکوردستانی ئێراندا بتوانێت ئازادانە کۆنگرە ببەستێت. ٣١٠ نوێنەر لەکۆنگرەدا ئامادەبوون، ئەوانەی نوێنەری ٣٠,٠٠٠ ئەندامی حدك بوون.[25]

## لە هەلبژاردنەوە بۆ یاخیبوون

کوردان لەهەلبژاردی پارلەمانی ئێرانیدا لە١٤ی مارتی ١٩٨٠دا بەشدارییانکرد و زۆرینەی زۆری کاندیدە هەلبژێردراوەکان لەشارە کوردییەکانی ئێران ئەندامی حیزبە سیاسییە کوردییەکان بوون. هەرچەندە، رژێمی ئێرانیی

[23] چەند هەفتەیەکی کەم پاش هەلبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان، چەند ئەندامێکی هەلبژێرراو سەردانی خومەینیان کردبوو، ئەویش بەراشکاویی وتبووی: خۆزگە بهاتیایە ، تەمام بوو گەر بهاتبایا هەر لێرەدا قۆلبەستی بکەم. عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل١٦١.

[24] کۆمەلەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوونی خۆی وەك رێکخراوێکی چەپی رادیکال، لەچەندی رۆژێکی کەمی پاش شۆڕش راگەیاند. کۆمەلە سالی ١٩٦٩ لەلایەن ژمارەیەك خوێندکارانی زانکۆوە دامەزرا. لەسالی ١٩٨٣دا، لەگەل چەند گروپێکی چەپی ئێرانییدا حیزبی کۆمۆنیستیی ئێرانیان دامەزراند. لێرە بەدواوە کۆمەلە وەك شاخەیەکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ناودەبرا. بۆزیاتر: حوسێن مورادبیگی، تاریخ زندە: کوردستان، چەپ و ناسیونالیزم، نسیم، ٢٠٠٤.

[25] بەگوێرەی بەیاننامەیەکی کۆنگرەی چوارەم لەسالی ١٩٨٠، حیزب ٣٠,٠٠٠ئەندامی هەیە، ژمارەی ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرە ٣١٠ کەس بوون. جەلیل گادانی ،٥٠ سال خەبات ، ل٢٢٨ . بەگوێرەی حەسەن زادە، ئەندامانی حیزب ٦٠,٠٠٠کەس بووە. نیو سەدە تێکۆشان، ل٢٠٦.

هەرزوو رایگەیاند کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەشارە کوردییەکاندا پوچە، هەروەها کاندیدە هەڵبژێردراوەکان هەرگیز رێگەیان پێنەدرا برۆنە پارلەمان.[٢٦] لەماوەی هاوینی ١٩٨٠دا، پێکدادانی چەکداریی لەنێوان کوردو هێزەکانی حکومەتدا قەومان. هەرچەندە، کوردان هێشتا کۆنترۆڵی بەشی زۆری کوردستانیان لەدەستدابوو، لەوانە شارەکان. تاکو کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠کان، هێشتا ناوبەناو دانوسان لەنێوان کوردو،بەتایبەت حدك، دەسەڵاتدارانی ئێرانییدا هەبووە. کاتێك عێراق لە ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠دا، پەلاماری ئێرانیدا، ئەو دەمە پێکدادانی چەکداریی توندوتیژ لەنێوان کوردو هێزەکانی حکومەتدا هەبوون.[٢٧] حدك رایگەیاند کە ئەگەر حکومەت داواکاریی کورد سەبارەت بەر خودموختاری قبوولْ بکات، ئەوا کوردان شانبەشانی ئێران دژی عێراق شەڕدەکەن.[٢٨]هەرچەندە، حکومەتی ئێرانیی،گوێی بە حدك نەداو پەلامارەکانی خۆی بۆسەر کوردان توندتر کرد.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨١دا، قوربانییەکانی ئەم جەنگە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەزێدەبووندابوو. لەبەیاننامەیەکدا کە لەلایەن حدك لەساڵی ١٩٨١دا بلاْوکراوەتەوە، زیاتر لە ١٠,٠٠٠کەس کوژۆاون کە ٨٠٪یان منداڵو پیرن.[٢٩] لەنۆڤەمبەری ١٩٨١دا، هێزە ئێرانییەکان خەریکبوون بۆکان بگرنەوە کە دوا شاربوو لەبندەستی پێشمەرگەکاندا مابووەوە، بەوەش کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر زۆربەی دانیشتووانی ناوەندە سەرەکییەکان لەکوردستاندا زامنکرد. هەرچەندە، پیشمەرگە کوردەکان هێشتا لەناوچە لادێنشینەکاندا تەواو بەهێزبوون کە دەیانتوانی لەنێو شارەکاندا هێرشبکەنە سەر بنکەو بارەگاکانی هێزە ئێرانییەکان. بەلاْم فشاری هێزە ئێرانییەکان لەسەر کوردان وردە وردە پێشمەرگەکانی کوردی ناچارکرد بەرەو سنوورەکانی عێراق بکشێنەوەو لەساڵی ١٩٨٣دا، بارەگای سەرکردایەتییان بردە نێو خاکی عێراقەوە.

...ململانێی نێوخۆیی نێوان باڵە جیاوازەکانی حکومەتی ئێران بووە هۆی لابردنی یەکەمین سەرۆك کۆماری هەڵبژێرراوی ئێران کە ئەبولحەسەن بەنی سەدر بوو لە ژوونی ١٩٨١دا، لە ژوونی ١٩٨٢دا، سەرۆك کۆماری لابراوو مەسعود رەجەوی سەرکردەی رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران، دامەزراندنی "شورای ملی مقاومت/ئەنجوومەنی بەرگریی نەتەوەیی"یان لەپاریس راگەیاند، هەرزوو پاش ئەمە، حدك بووە بەم شورایەوە پەیوەستبوو، ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٣دا رازیبوونی خۆی لەسەر خودموختاری کوردیی لەئێران دەربڕی. پەیوەستبوونی حدك بە شوراوە دوژمنایەتیی حکومەتی بۆ حیزبە کوردییەکان تارادەیەکی چاوەڕواننەکراو دژوارترکرد. هەرچەندە، شوراکە حدك ی لەساڵی ١٩٨٥دا لەرێکخراوەکەی دەرکرد بەهۆیەوە کە حدك خۆی لەوە لادەدا کە هەر دانوسانێك لەگەڵ تاراندا ریسوابکات. بە ناکۆکیی نێوان حیزبە کوردییەکان ببووە هۆی لاوازیی بەرگریی کوردیی دژی رژێم. ساڵانی ١٩٨٠کان لەم رووەوە ساڵانێکی پڕکێشە بوو بۆ کوردان. لەم ماوەیەدا، هێزە کوردییە عێراقییەکان دژی رژێمی عێراق شەڕیاندەکردو بارەگاکانیان لەئێران بوو، ئەوەی بووەهۆی کێشمەکێشێك بەوەکالەت لەنێوان پارتی دیموکرات (پدك)کە ئێرانییەکان

---

[26] رژێم نەیدەتوانی کاندیدە هەڵبژێرراوەکان پەسەند بکات، چونکە لەلایەکەوە هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر کوردستاندا نەبوو، دواتریش ئاکامی هەڵبژاردنەکە بوو، ئەوەی وایکرد پوچی هەڵبژاردنەکە راگەیەنێنن. پاش ئەوەی شارە کورییەکان گیرانەوە، رژێم هەڵبژاردنێکی تری لەساڵی ١٩٨١دا ئەنجامدا کە بووە هۆی هەڵبژاردنی ئەوانەی خۆی پێی باشبوون. ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە بۆیکۆتکرا.

[27] ئێران چوار لەشکری لەو حەوت لەشکرەی کوردستان بەکارهێنا لەماوەی جەنگی ئێران–عێراق دا. جەلیل گادانی ،٥٠ ساڵ خەبات ، ل٢٥٥.

[28] عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل٢٥٩.

[29] جەلیل گادانی ،٥٠ ساڵ خەبات ، ل٢٦٠.

پشتگیرییاندەکرد، لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدك) کە عێراقییەکان پشتیگیرییاندەکرد.[30] گورزێکی کوشندەی دیکە لەکوردانی ئێران بریتیبوو لە ئەو جەنگە نێوخۆییەی لەنێوان حدك و کۆمەڵەدا لە ساڵی ١٩٨٤دا بەرپابوو. دوای کەرتبوونی حدك لەپاش کۆنگرەی هەشتەمی حیزب لەساڵی ١٩٨٨دا، حدکا (رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) نوێبنیاتەکە ئاگربەستێکی یەکلایەنەی لەگەڵ کۆمەڵەدا راگەیاند. هەرچەندە، شەڕ لەنێوان کۆمەڵەو حدکا دا چەند ساڵێکی دیکەش بەردەوامبوو.[31] کەرتبوونەکەی حدك لەساڵی ١٩٨٨دا سەرکردایەتیی حیزبەکەی کردە دوو لەتەوە.[32] وەیشوومەی گەورە، کۆتایهاتنی جەنگی عێراق-ئێران لە ٢٠ی ئوتی ١٩٨٨دا کاریگەریی لەسەر هاوکێشەی ناهاوسەنگی دەسەلات هەبوو لەنێوان حکومەتی ئێران و کورداندا. غافڵکوشتنی د.قاسملوی رابەری حدکا لەماوەی کەمتر لەساڵێك پاش کۆتاییهاتنی جەنگەکە، واتە لە١٣ی تەموزی ١٩٨٩دا، پێداگیریی حکومەتی پێشاندا سەبارەت بە بێدەنگکردنی هەر بەرهەڵستکارییەك بۆ دەسەلاتەکەی .تەنیا سێ ساڵ دواتر لە غافڵکوژییەکەی قاسملو، شوێنگرەوەکەشی، د. سادق شەرەفکەندی، لە١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ لە بەرلین کوژرا، ئەوەش گورزێکی قورسی دا لە حدکا.

## دەرفەت و بەربەستەکان لە پاش جەنگی کەنداو ١٩٩٠-١٩٩١

ئاکامەکانی جەنگی کەنداو لەساڵی ١٩٩٠دا، رەوشگەلی سیاسیی لەهەرێمەکەدا زیاتر گۆڕی. دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان(ح هـ ك) لەکوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٩١ ئەو پێگریمانەی کوردانی ئێرانی گۆڕی کەلەکوردستانی عێراق جێگیربوون. پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ئێران نەیدەتوانی چاو لە هیچ خەباتێکی چەکداریی دژی ئێران بپۆشێت لەلایەن حدکا و کۆمەڵەوە کە رێگەی خەباتی چەکدارییان دژی ئێران لێگیرا. هەرچەندە، رژێمی ئێران هێشتا لەسەر غافڵکوژیی ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکانی ئێران بەردەوامبوو، ئەوانەی لەوناچانەدا بوون کە لەبندەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بوو. هێندێك سەرچاوە ژمارەی ئەوکوردە ئێرانیانەی کە لەسەرەتای ١٩٩٠کانەوە لەلایەن پیاوکوژانی حکومەتی ئێرانییەوە لەکوردستانی عێراق کوژراون بە زیاتر لە ٢٠٠کەس مەزەندەکردووە.[33]

---

30 ململانێی چەکداریی لەنێوان هەردوو حیزبەکە لەساڵی ١٩٨٤دا دەستپێکردو بەدرێژایی ماوەی باقی دەیەکە بەردەوام بوو. دەستەی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کەساڵی ١٩٨٨ بەحدکا جیابوونەوە، ئاگربەستیان راگەیاند کە لەلایەن کۆمەڵەوە پێشوازیی لێکرا، ململانێی چەکدار بەکردار لەساڵی ١٩٩١دا کۆتاییهات. لەساڵی ١٩٩١ەوە پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوان هەردوو حیزبەکەدا هەیە. عبداللە حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل ٢٧٧-٨٠.

31 بۆ وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە جەنگی نێوان کۆمەڵەو حدکا بڕوانە:

ئەیوب ئەیبوبزادە، چەپ لە رۆژهەڵاتی کوردستان: کۆمەڵەو دۆزی ناسیونالی کورد. هەرچەندە ئەیوبزادە وردەکاریی رووداوەکانی جەنگی نێوان ئەم حیزبانەی پێشکەشکردووە بەڵام نەیتوانیوە خۆی لەرووداوەکان جیابکاتەوەو نەیاریی ئایدیۆلۆجی بۆ کۆمەڵە وایکردووە بابەتێتی کتێبەکەی بکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

32 دوای دە ساڵ کارکردن وەك دوو حیزبی جیا، سەرئەنجام لەساڵی ١٩٩٧دا هەردوولا یەکیانگرتەوە. لە دیسەمبەری ٢٠٠٦دا، لەتبوونێکی دیکەی گەورەتر روویدا کە کەمو زۆر ئەم تاقمەی پێشووی تێدا بوون.

33 جەلیل گادانی ،٥٠ ساڵ خەبات ، بەشی دووەم، رانیە، ٢٠٠٤ ل ٢٧٣-٢٧٧، حەسەن زادە باسی وردەکاریی تۆپبارانەکانی ساڵانی ١٩٩٠کانی کردووە. عبداللە حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی سێیەم، ل ٣٠٦-٣١٦. لەهاوینی ٢٠٠٧ەوە ئێران ناوبەناو بەبیانووی لێدانی گەریلاکانی پژاکەوە ناوچە سنوورییەکانی دەوروبەری قەندیل بۆردومان دەکات.

لەهەمان کاتدا، گۆڕانکاریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەئێران روویاندا، کە نموونەکەی لەهەڵبژاردنی محەمەد خاتەمی وەك سەرۆك کۆماری ئێران لە ساڵی ١٩٩٦دا خۆی دەبینییەوە. لەماوەی سەرۆکایەتیی خاتەمیدا، سیاسەتەکەی فەزایەکی کەلتووریی و سیاسیی کراوەی هێنایەئارا کە هیچ کات کۆماری ئیسلامیی بەخۆیەوە نەبینیبوو. کوردانی ئێران، کە دەستکەوتەکانی کوردانی عێراق و هەروەها پەرەگرتنی چالاکییەکانی پەکەکە دژی تورکیا هاندەریان بوو، ئەم ئازادییەیان قۆزتەوەو بەشێوەیەکی بێوێنە کەوتنە بەهێزکردنی چالاکییە کەلتوورییەکانیان. ژمارەیەکی زۆر گۆڤاری کوردیی لەزانکۆکانی ئێراندا بڵاودەکرانەوە، و هەروەها نزیکە لەتەواوی شارە کوردییەکاندا، کۆمەڵگەی ئەدەبیی و کەلتووریی رێکخران. ئەندامە پارلەمانە کوردەکان خۆیان لە بەرەیەکدا رێکخست، هەروەها ژمارەیەك لە گەنجە چالاکە نوێکان لە مشتومڕە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارییان کرد. شاندە کەلتوورییە کوردییەکان سەردانی کوردستانی عێراقیان دەکردو کتێب و تارەکانی خۆیان لەوێ بڵاودەکردەوە، هەروەها ژمارەی زێدەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران و بەشداریی چالاکیان لە چالاکییە کەلتوورییە جۆربەجۆرەکاندا گەیشتنی نەوەیەکی پێشاندا کە خاوەنی پلەیەکی بەرزی هۆشیاریی سیاسیی و نەتەوەییە. کوردانی ئێرانیی کەناڵەکانی سەتەلایتیان بەسەردەکردەوە، ئەمەش بەشداریی لە پێکهێنانی وتارێکی نەتەوەیی نوێدا کرد. بەڵام، جێگەی بایەخە، ئەو گۆڤارو کتێب و بڵاوکراوانەی لەکوردستانی ئێران دەرچوون جیاوازییەکی بەرچاوی پێشاندا لەوتاری حیزبە کوردییەکان، ئەوەش بەڵگەی ئەوە بوو کە حیزبە کۆنبنیاتەکانی وەك حدکا و کۆمەڵە خەریکن لەنێو نەوە نوێیە خاوەن عەقڵە سیاسییەکانی کورددا جەماوەرێتی خۆیان لەدەستدەدەن.[٣٤]

## لە ریفۆرمەوە بۆ کاردانەوە

شکستی خاتەمی لە جێبەجێکردنی بەرنامە ریفۆرمکارێکەیداو هەڵبژاردنی محەمەد ئەحمەدی نەژاد وەك سەرۆك کۆماری ئێران لە ٢٠٠٥دا، دەرکەی لەسەر قۆناغێکی ئاڵۆزی دیکە بۆ کوردان کردەوە.[٣٥] لەودەمەدا کە ئەحمەدی نەژاد خەریکبوو دەستی بەکارەکانی خۆی دەکرد، شارە کوردییەکان هەرایەکی جەماوەریی دژی حکومەت بەخۆوەبینی. لە ٩ی ژووئیەی ٢٠٠٥دا، هێزە ئێرانییەکان لاوێکی چالاکوانی کوردیان بەناوی "شوانە سەید قادری" لەمەهاباد کوشت. هەواڵی کوشتنی شوانەو بڵاوکردنەوەی وێنەی جەستەی ئەشکەنجەدراو لەخوێناگەوزاوی بووە هۆی هەرایەکی گەورە لەنێو شاری مەهابادو هانی خۆپێشاندانی لەشارە کوردییەکانی دیکەشدا. هێزە ئەمنییەکان بەوپەڕی دڵڕەقی خۆپێشاندانەکانیان سەرکوتکردو لانیکەم ٢٠کەس کوژراو سەدەها کەسیش گیران و بۆ لێپێچینەوە راپێچکران.

---

[34] لەماوەی سەرۆك کۆماری خاتەمیدا(١٩٩٧-٢٠٠٥) چەندین رۆژنامەو گۆڤار لەلایەن خوێندکارانی کوردی زانکۆکانەوە چاپ و بڵاودەکرانەوە، ستایل و نێوەرۆکی بابەتەکانی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە لە وتاری حیزبە کوردییە سوننەتییە سیاسییەکان جیاوازبوو. زۆربەی وتارەکانی سروشتێکی بەهێزی تیۆریکیان هەبوو، کە زادەی ئەدەبی رۆژئاوایی و پەرەپێدانی فەلسەفیی و زانستە کۆمەڵناسییەکان بوو. لەهەمان کاتدا، ژمارەیەك رۆمان لە ئێران و کوردستانی ئێران بڵاوکراونەتەوە کەلەلایەن کوردانی ئێرانەوە نووسراون. بۆ ئەم نەوەیە لە خوێندکارو ئەکادیمیست و نووسەران، حیزبە سیاسییەکان کاریگەرییەکی کەمیان بەسەر ئەم نەوە خوێندەوارانە یان چالاکوانانەوە هەیە، ئەگەر هەر کاریگەرییشی هەبێت.

[35] جێگەی سەرنجە لەو هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەی کە ئەحمەدی نەژاد دەرچوو، رێژەی بەشداریی شارە کوردییەکان کەمترین بوو کە: ٩٪ لەمەهاباد، ١١٪ لە بۆکان، ٢٠٪ لە سنە، ١٥٪ لەمەریوان بوو. بڕوانە:

www.dw-world.de/popup_printcontent/0,3118311,00.html.

لەماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژارد، قەدەغەکردنی رۆژنامە کوردییەکان و گرتنی چالاکوانانی کورد سیاسەتێکی چەسپاو باو بوو.[36]

لەماوەی ئەم قۆناغەی چالاکییدا، بزوانی کەلتووریی و سەرکوتکاری لەئێران، حیزبە کوردییە ئێرانیەکان کە لەسەر شانۆکە رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووو لەکوردستانی عێراق کزۆڵە بوون، لەناکاو جۆشیان تێکەوتەوە، کاتێك سیاسەتی ئەمریکا کەوتە ئەوەی هەڵوێستێکی روون لە دژ عێراق و ئێران وەربگرێت. بەوەی سەرۆك دەبلیو جۆرج بۆش "میحوەری شەڕ"ی راگەیاند کە کۆریا و عێراق و ئێرانی لەخۆگرتبوو. لەگەڵ داگیرکردنی عێراق و رووخاندنی دەسەڵاتەکەی سەدام حوسێن، سەرکردایەتیی کوردیی ئێران لەعێراقدا هاتنەسەر ئەو باوەڕەی کە زۆرنابا دەسەڵاتدارانی ئێرانیش لێدەخرێن و ئەوانیش وەك براکوردەکانیان لەعێراق لەریزی پێشەوەی هەڵمەتی "گۆڕانی رژێم"دادەبن. هەرچەندە، رووداوەکانی پاش کەوتنی عێراق و ئەو گرفتانەی کە لەعێراقدا رووبەڕووی ئەمەریکا بوونەوە، ئەم هیوایانەیان کاڵکردەوە. لەکاتێکدا ئەمریکا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ نوێنەرایەتیی حدکا و کۆمەڵەدا پەرەپێدا، هەروەك لەرێگەی سەردانی ئەندامانی پلەبەرزی هەردوو حیزبەکەوە بۆ ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٦دا دەبینرێت، هێشتا ئەو مەسەلەیە دەمێنێتەوە کە سیاسەتێکی ئەمەریکیی دژی ئەمەریکا نییە حیزبە کوردییە ئێرانییەکان ببوژێنێتەوە.[37]

قۆناغی فرە درێژخایەنی تاراوگەیی حیزبە سیاسییە کوردییە ئێرانییەکان لەکوردستانی عێراقدا بووە هۆی قەیرانی زۆر لە ژیانی رێکخراوەییاندا.[38] ئەوە مەسەلەیەکی رەمەکیی و سەرپێیی نییە کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا کەرتبوونی سەرەکیی لەنێو هەریەك لە حدکا و کۆمەڵەدا روویانداوە. لەدیسەمبەری ٢٠٠٦دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامەکانی حدکا خۆیان وەك حدك راگەیاند (ئێرانیان لەناوی حیزبەکە کردەوە) و ئیدیعای ئەوەیانکرد کە باڵی زۆرینەی نێو مەکتەب سیاسیی حدکا بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتی پشتگوێخستووە.[39] لەئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا، کۆمەڵەش کەرتبوو، ژمارەیەك لە کەسایەتییە رێبەرییەکانی مەکتەی سیاسیی کۆمەڵەیان بەوە تۆمەتبارکرد کە

---

[36] لەماوەی سێ ساڵی دواییدا، گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکانی وەك: رۆژهەڵات، ئاسۆ، ئاشتی، و پەیام قەدەغەکراون.

[37] لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی نێۆرۆك سەن، موهتەدی گلەی لە سیاسەتی ئەمریکا دەکات لەهەمبەر کوردو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو هێشتا نازانێت ستراتیژی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران چییە. بۆ زانینی بڕوای موهتەدی سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران و چاوەڕوانی ئەو لە ئەمریکا بڕوانە:

Michael J. Totten's exclusive report and interview with the leaders of Komala published in "The next Iranian revolution: how armed exiles are working to topple Tehran's Islamic government," Reason, October 2007, http://findarticles.com/p/articles/mi_m1568/is_5_39/ ai_n21053007.

هەروەها مستەفا هجری سکرتێری گشتی حدکا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە حیزبەکەی پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، هەرچەندە، ئەو لەوبڕوایەدایە کە ئێران ستراتیژییەکی روونی لەهەمبەر رژێمی ئێران نییە. بڕوانە:

http://www.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=78&cat=2, March 31, 2008.

[38] حدکا تەنیا دوو ساڵ بە ئاشکراو فەرمی لەئێراندا هەڵسوڕاوە، بەواتایەکی دی ، حیزبەکە ناچاربووە چالاکییەکانی خۆی بەنهێنیی بکات. بڕوانە: عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، ل٦.

[39] لەپاش کۆنگرەی ١٣ی حدکا، ململانێی ئەندامانی رێبەراتیی حیزب پەرەیگرت و ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب پێکهێنانی حیزبێکی نوێیان راگەیاند. لە مارتی ٢٠٠٨دا، ئەم دەستەیە کۆنگرەی ١٤هەمی حیزبیان بەست لە کۆیە لەکوردستانی عێراق. خالیدی عەزیزی کە لەناوەڕاستی ١٩٩٠کانەوە لە سوید دەژی بە قسەکەری پارتەکە هەڵبژێررا. بڕوانە:

http://www.Kurdistanukurd.com/kurdi/news.php?extend.172. In September 2009, his title was changed to General Secretary.

ديموكرات نييە، ئەوانيش دامەزراندنی رێکخراوێکی نوێيان راگەياند بەناوی "كۆمەڵە-باڵی ريفۆرم" كە دواتر ناوی خۆی گۆڕی بە "كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستان".[40] لەهەردوو حاڵەتەكەدا، چارەسەركردنی ناڕەزايەتييەكان لەنێوان باڵەكاندا لەديموكراتييەوە دوور بووو لەزۆربەی حاڵەتەكاندا بەرەو توندوتيژيی ملينا. ئەگەر دەستێوەردانی حكومەتی هەرێمی كوردستان نەبووايە دەگونجا ئەم كێشمەكێشە بەئاسانيی بەرەو توندوتيژيی بڕۆشتايە، ئەوە تەنيا لەرێگەی دەستێوەردانی سەركردە كوردەكانی عێراقەوە بوو كە ئەو باڵانە توانيان كە كێشەكانيان- كە زياتر ماديی بوو- لەگەڵ يەكتردا چارەسەر بكەن.

## هێزی سەتەلايت تيڤی

لەماوەی چەندين ساڵی دواييدا دياردەيەكی نوێ ژيانی سياسيی كوردانی ئێرانی گرتۆتەوە. پێشتر حيزبە كوردييەكان لەڕێگەی بەرنامە راديۆييە سنووردارەكانيانەوە كە لە كوردستانی عێراقەوە پەخشدەكرا دەنگی خۆيان دەگەياندە جەماوەر. ئەمێستا هاتنی تەلەفيزيۆنی سەتەلايتی ديجيتەڵ شۆڕشێكی لە توانای حيزبەكاندا لەبواری كۆميونيكاسيۆن لەگەڵ جەماوەرەكانياندا هێنايەئارا.[41] هەرچەندە، بەكارهێنانی تەلەفيزيۆنی سەتەلايت لەلايەن حيزبە كوردييەكانەوە بۆ ساڵی ١٩٩٥ دەگەڕێتەوە كاتێك يەكەمين تەلەفيزيۆنی سەتەلايتی كورديی لە ئەورووپا دانرا، ئەوە تەنيا لەساڵی ٢٠٠٦دا بوو كە حيزبە كوردييە ئێرانييەكان دەستيان بەبەكارهێنانی ئەو بوارە كاريگەرەی ميديا كرد. ئەمڕۆ هەريەك لەحيزبە كوردييەكان كەناڵی تەلەفيزيۆنی سەتەلايتی تايبەت بەخۆيان هەيە. "تيشك تيڤی" كە بنكەكەی لەپاريسە زمانحاڵی حدكايە، "كورد چەناڵ" كە لە لەندەنە زمانحاڵی (حدك)ە، "رۆژهەڵات تيڤی" كە لە سويدە زمانحاڵی كۆمەڵەيە، "كۆمەڵە تيڤی" كە لەسويدە زمانحاڵی كۆمەڵەيە( رێكخراوی كوردستانی حيزبی كۆمۆنيستی ئێران)، "نەوروز تيڤی" لە سويدەو زمانحاڵی پارتی ژيانی ئازادی كوردستانە(پژاك)، "ئاسۆ سات" زمانحاڵی

---

[40] كۆمەڵە پێشتر لەتبوونی ديكەی ئەزموونكردوە. لەساڵی ١٩٩١دا، كەسايەتی سەرەكيی حيزبی كۆمۆنيستی ئێران، مەنسوری حيمەت، لەگەڵ گروپێكی سەرەكيی بەسەركردەو كادرانی حيزبی كۆمۆنيست لە حيزبەكە وازيانهێناو "حيزبی كۆمۆنيستی كرێكاری ئێران"يان پێكهێنا. لەماوەی ساڵەكەمانی ئەم حيزبە لانيكەم چوار لەتبوون روويداوە، هەروەها حيزبی كۆمۆنيستيش چەند لەتبوونێكی ديكەی بەخۆوە بينوە. چەند سەركردەيەك لەژێر سەركردايەتيی عەبدوڵڵا مەهتەدی لەساڵی ٢٠٠٠دا لە حيزبی كۆمۆنيست جيابوونەوەو كۆمەڵە كۆنەكەيان پێكهێنايەوە. ئێستا پێنج رێكخراو هەيە كە بە هەمان ناوی "كۆمەڵە"وە چالاكييان هەيە: ١- ئەوەكەی ئيبراهيمی عەليزادە كەشاخەی حيزبی كۆمۆنيستی ئێرانە، ٢- رێكخراوی شۆڕشگێڕانی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران لەسايەی سەركردايەتيی عەبدوڵڵای موهتەدی. لەكۆنگرەی ١٢هەم لە ئوتی ٢٠٠٧، كۆمەڵە ناوی خۆی بەفارسيی گۆڕی بە "حزب كوملەی كردستان ايران" ، ناوە كوردييەكە وەك خۆی مايەوە. ٣- رێكخراوی زەحمەتكێشانی كوردستان لەلايەن عومەر ئيلخانيزادەوە سەركردايەتيی دەكرێت. ٤- كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی ئێران/رەوتی يەكگرتنەوە لەلايەن عەبدوڵڵا كۆنەپۆشی يەوە سەركردايەتيی دەكرێت، ئەم تاقمە لە ٢٩ی ئەپر~ێلی ٢٠٠٨دا لە كۆمەڵەكەی عەبدوڵڵای موهتەدی جيابوونەوە بەو بيانووەی كە موهتەدی ناديموكراتەو لەگەڵ شاپەرستو هۆگرانی خانەوادەی پەهلەوييدا لەئێران سەروسەودای هەيە. ٥- لە ١٥ی ژوئيەی ٢٠٠٩، گروپێك لەكادرانی حيزبی كۆمۆنيستی ئێران جيابوونەوەو بەناوی "رەوتی سۆشياليستی كۆمەڵە" خۆيان ناساند. بڕوانە:

http://www.komala.org/farsi/asnad/konge12/071003Asasnameh.pdf; .
http://www.komalaorg org/Direje_K.aspx?Cor=Rageyandin&Jimare=23;
http://www.4rojhelat.org/files/print.php/2009/07/16/2510-2.phtml.

[41] حدكا دەزگای راديۆيی خۆی لە ئوتی ١٩٨٠ بەنای "دەنگی كوردستانی ئێران" دامەزراند. لەبەر باری ئەمنی ئێزگەگە تاكو ساڵی ١٩٩٥ پازدەجار گوێزراوەتەوە. دوای حدكا، كۆمەڵەش ئێزگەی راديۆيی خۆی دانا.

کۆمەڵەیە(باڵی ریفۆرم) کە دواتر ناویان گۆڕا بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان. ئەو بەرنامانەی لەم کەناڵە تەلەفیزۆنیانەوە بڵاودەکرێنەوە زۆربەیان سیاسیین و ئامانج لێی تەیارکردنی لایەنگرە کوردەکانیانە لەئێران دژبە رژێم.

## دەرکەوتنی پارتە نوێیەکان

لەماوەی سالانی ۱۹۸۰کان و ۱۹۹۰کاندا، حیزبە کوردییە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستانی ئێران بریتیبوون لە حدکا و کۆمەڵە. هەرچەندە، هەر لە سەرەتای ۱۹۸۰کانەوە حیزبی سیاسیی کوردیی تر دامەزراون. لە ۲۱ی ژوونی ۱۹۸۰دا، "رێکخراوی خەباتی نەتەوەیی و ئیسلامی" سوننیی لەلایەن گروپێك لە چالاکوانە مەدەنیی و ئاینییەکان دامەزرێنرا کە پێشتر لە مەکتەبی شێخ عیزەدین چالاکبوون. کەسایەتیی سەرەکیی ئەم رێکخراوە بریتیە لە شێخ جەلالی حوسەینی برای شێخ عیزەدینی حوسەینی، ئەوەی ئیمامی بانە بوو لە کوردستانی ئێران. رێکخراوەکە لە ساڵی ۱۹۸۷دا، لەگەڵ سەرکردایەتیی وەختداو نەیارەکانی خۆیان بەوە تۆمەتبارکرد کە کاریگەریی ئاژانسەکانی حکومەتیان بەسەرەوەیە. لەکۆنگرەی سێیەمی حیزبەکە لە ۲۰۰٦دا، رێکخراوەکە ناوی خۆی گۆڕی بۆ "رێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران" لەژێر سەرکردایەتیی کوڕەکەی شێخ جەلالدا، کە بابەشێخ حوسەینیە، رێکخراوەکە خەبات بۆ خودموختاریی کوردیی لەئێراندا دەکات، لەکاتێکدا ئیسلام وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاسادانان بەکاربهێنرێت. رێکخراوەکە گۆڤاری "تێکۆشان"ی وەك نامیلکەیەکی سەرەکیی پاگەندەکردن بلاوکردەوە.[٤٢]

لە مایۆی ۱۹۹۱دا، "یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان" لەکوردستانی عێراق دامەزرا. دامەزرێنەری ئەم رێکخراوە سەعیدی یەزدانپەنایە، ئەندامێکی پێشووی رێکخراوی فیداییان بووە. پاش غافڵکوشتنی دامەزرێنەری ئەم رێکخراوە لە سێپتەمبەری ۱۹۹۱دا لەسلێمانی لەکوردستانی عێراق، حوسەینی یەزدانپەنای برای بووە سەرکردەی رێکخراوەکە. ئەوەی رایگەیاند کە ئامانجەکانی بریتین لە مافی چارەنووس و دیموکراتی و سۆشیالیزم. لە ۱۰-۱۲ی ئۆکتۆبەری ۲۰۰٦دا، لەکۆنگرەیەکدا لەهەولێر لەکوردستانی عێراق، رێکخراوەکەی ناوی خۆی گۆڕی بۆ "پارتی ئازادی کوردستان(پاك)" و عەلی قازیی کوڕی قازیی محەمەدی وەك سەرۆك و حوسێنی یەزدانپەناشی وەك جێگری سەرۆك هەڵبژێران. پارتە نوێکە دامەزراندنی کۆماری کوردستانی کردە ئامانجی سەرەکیی خۆی.[٤٣] لە۷ی ژوئیەی ۲۰۰۷دا، ژمارەیەك لە ئەندامانی پاك، لەنێویشیاندا سمکۆی یەزدانپەنای برای حوسێن، لەپارتەکە جیابوونەوەو لە ۱۲ی ئوتدا رێکخستنەوەی "یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان"یان راگەیاند. رێکخراوەکە سەربەخۆیی کوردستانی ئێرانی کردە بەشێك لەئەجێندای خۆی. رێکخراوەکە ئامینە خانمی(دایکی سمکۆو حوسەین) کردە سەرۆك و سمکۆی یەزدانپەناشی کردە سکرتێری گشتیی خۆی.[٤٤]

## خەتی پەکەکە

لەماوەی سالانی ۱۹۹۰کاندا، کاتێك حیزبە کوردییە دامەزراوەکان بەشێوەیەکی سەرەکیی لە چالاکییە سیاسیی و کەلتوورییەکان لەکوردستانی ئێراندا ئامادەگییان نەبوو، هێندێك لە چالاکوانە کوردەکان پەکەکەیان وەك رێکخراوێك بینی کەدەتوانێت خولیا شۆڕشگێڕییەکانیان بەدیبهێنێت. لەسەرەتای سالانی ۲۰۰۰کان، پەکەکە گۆڕانکارییەکی

---

[42] ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەم رێکخراوەیە وەرگیراوە لە: http://www.khabatmedia.com

[43] http://www.pazadik.com/pages.php?pakid=11.

[44] http://www.rukurdistan.com/index.php?id=46.

ستراكتۆریی و ئایدیۆلۆجیی لەرێکخراوەکەی خۆیدا کرد. بڕیاریدا ئەندامەکانی خۆی لەسەر بنەمای ریشەیان لەپارچە جیاوازەکانی کوردستاندا لە پارتی سیاسیی سەربەخۆدا رێکبخات. "پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاك)" کە بەشێوەیەکی فەرمیی لە ٢٠٠٤دا دامەزرا، زادەی ئەم سیاسەتە بوو.[٤٥] حیزبە کوردییە دامەزراوەکان، بەگومانەوە لە پژاکیان دەڕوانی، هەرچەندە، بەشێوەیەکی نافەرمیی، بەوە تۆمەتباریانکرد کە دەستنێژی حکومەتی ئێران بێت، هەروەها لە مشتومڕی دامەزراندی بەرەیەکی کوردییدا، زۆربەی حیزبە کوردییەکان پژاکیان لەبەرنامەی خۆیان دەرهاویشتووە.

لەلایەکی ترەوە، رژێمی ئێران پژاکی بە بەکرێگیراوی ئەمەریکا و ئیسرائیل تۆمەتبار دەکرد. ئەم هەڵوێستە لە پژاك ئەو نیگەرانییەی بەرجەستەدەکرد کە لەدەوری توانای پژاك دەسوڕا سەبارەت بە هەڵگێڕانەوەی نموونەی پەیوەندییەکانی کوردیی-ئێرانیی. پژاك بەخێرایی دەریخست کە توانایەکی گرنگی هەیە لەرێکخستنی چالاکییە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکان لەکاتێکدا خەباتێکی چەکداریی دژی بنکەکانی رژێمی ئێران لەنێو سنووری ئێراندا بەڕێوەدەبرد. بۆ زۆربەی چاودێران، ئەم توانایە بەڵگەی پشتگیریی هێزە دەرەکییەکانە. کاتێك لەم بارەیەوە پرسیار لە رەحمانی حاجی ئەحمەدی کرا(سەرۆکی پژاك)، وەڵامێکی تەمومژاویی دایەوە بەوەی حیزبەکەی ئامادەیە پەیوەندیی لەگەڵ هەرلایەکدا دابمەزرێنێت کە بیەوێت پشتگیریی کوردان و خەباتیان بۆ ئازادیی بکات.[٤٦]

## کوردانی ئێران لەتاراوگە

هەروەها دەیان هەزار کوردی ئێرانی تاراوگەنشین کە لە ئەوروپا دەژین لەدامەزراندنی حیزبی سیاسییدا چالاکبوون. ئەمێستا سێ حیزبی سیاسیی لە ئەوروپا دامەزراوە، هەروەها هەموو ئەمانە داوای دامەزراندنی کوردستانێکی ئێرانی سەربەخۆ دەکەن. لە وێناکردنی ئەو حاڵەتە هەڵوەشاوەی رێکخراوە سیاسییە کوردییە ئێرانییەکاندا، ئەم حیزبانەش هەروەها لەدەرەوەی مشتومڕێکی نێوخۆ و دابەشبوون لەدایکبوون. ئەمیری قازیی، کۆنە ئەندامێکی حیزبی دیموکرات شانبەشانی گروپێك لە چالاکوانە کوردەکان، لەساڵی ١٩٨٩ لەسوید، هەستان بەدامەزراندنی "پارتی سەربەخۆیی کوردستان". لەسێیەم کۆنگرەی پارتەکەدا لەساڵی ١٩٩٤، گروپێك لەکادرو ئەندامە رێبەرییەکانی ئەم پارتە وازیانهێنا و پێکەوە "پارتی سەربەستی کوردستان(پسک)"یان دامەزراند.[٤٧] لە ١٧ی فێبرایەری ٢٠٠٦دا، عارف باوەجانی کە لە نەرویج دەژی و پێشتر ئەندامی حدکا بووە، سەرۆکی پارتەکە بووە. دواجار "پارتی سۆشیال دیموکراتی کوردستان/رۆژهەڵات" لەساڵی ٢٠٠٨دا، لەلایەن گروپێکی کۆنە کۆمەڵەوە دامەزرێنرا.

هەروەها کوردە ئێرانییەکان لەدامەزراندنی هێندێك رێکخراوی سیاسیی نائیتنیی لەنێو ئێراندا چالاکبوون. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، گروپێك لە چالاکوانە کوردەکان، لەوانە هێندێك لە ئەندام پارلەمانە ئێرانییەکان، "بەرەی یەکگرتووی کورد"یان لەتاران پێکهێنا. بەرە ئامانجی یەکسانی مافە کەلتووریی، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و هەروەها ئابووریی بوو

---

[45] دوای دامەزراندنی پژاك گروپێك لەئەندامەکانی حیزبەکەیان جێهێشت و چوونە سلێمانی لەکوردستانی عێراق. گروپەکە لەبنەڕەتدا ناوی " کۆمیتەی رێکخستنەوەی پژاك" ی لەخۆی نا، لەکۆنگرەیەك کە لە ٢٠٠٥دا لەدوکان لەکوردستانی عێراق بەسترا، رێکخراوێکی نوێ بەناوی "یەکێتی دیموکراتی کوردستان" پێکهێنرا. لەهەمان ساڵدا، هێندێك لە ئەندامەکانی ئەم گروپە "هاوپەیمانی کوردستان"یان راگەیاند، کەپاش چەند مانگێکی کەم هەڵوەشایەوە.

[46] بڕوانە چاوپێکەوتنی ئەوڕەحمانی حاجی ئەحمەدی لە :رۆژنامە، ١١ سێپتەمبەر ٢٠٠٧ لە:
http://www.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=13&cat=2&title=2.

[47] http://www.psk90.com/manifest.htm.

بۆ هەموو ئێرانییەکان. هەرچەندە، بەرە بڕوای وابوو کە هێندێك بەند لە دەستووری ئێرانییدا هەن پێویستیان بەپێداچوونەوەیە، ئەوان جێبەجێکردنی دروستی ئەو دەستوورەی هەیە دەتوانێت بەشداریی لە چارەسەریی کێشەی ئیتنیی ئێرانییدا بکەن.[48] گروپێك لە کوردانی ئێرانیی کە لەهاوپەیمانی ریفۆرمیستانی کوردییدا چالاکبوون، رێکخراوێکی چەتر لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا پێکهێنرا. هاوپەیمانیەتییەکە لە نۆ گروپی سیاسیی پێکدەهاتو پەیوەستبوو بە رێکخراوە ریفۆرمیستە جۆربەجۆرەکانی ئێرانەوە کە لەماوەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا دەستیان بەچالاکییەکانیان کرد.[49]

## ئه نجامگیریی

پێشبینییکردنی ئایندەی کوردانی ئێران سەختە. ئەو گۆڕانکارییانەی کار لە رەوشەکە دەکەن جیاوازو بزۆزن. هەرچەندە، دەتوانرێت دوو جووڵەی چەسپاو بناسێنرێت، لانیکەم لەقۆناغی ئێستادا، ئەوانەش بریتین لە تایبەتمەندیی پەرتبوونی قووڵی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و نەخواستنی رژێمی ئێران بۆ کردنەوەی دەرکەی مشتومڕێك سەبارەت بە پێگەی کوردان، یاخود هەر کەمینەیەکی ئیتنیی دیکە لە نێو دەوڵەتی ئێراندا. ئاکامەکەشی زێدەبوونی کوشتار لە لەهێندێك بەشی کوردستانی ئێران، نموونەکەشی چالاکییەکانی پژاکە. هەرچەندە، وەڵامی ئێران فرە وەحشییانە بووەو بەشێکی بەرفراوانی کوردستانیشی گرتۆتەوە. ئەم چالاکییە چەکدارییە سنووردارەی حیزبە کوردییە ئێرانییەکانی لەعێراقن، لەبەرامبەر سوپای ئێرانیی و بێ پشتگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاریگەرییەکیان نابێت.[50]

بوونی گروپە سیاسییە کوردییەکانی وەك "بەرەی یەکگرتووی کورد" و "کوردە ریفۆرمیستەکان" لەنێوخۆی ئێران پێشانیداوە کە ئەوان لەبەرئەوەی زۆر لاوازن و پاڵپشتییان سنووردارە، لەوە دوورن بتوانن سەرکەوتووانە بانگەشە بۆ مافەکانی کورد بکەن.[51] لەراستییدا، نەبوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی کوردیی لەنێوان ئەو رێکخراوە سیاسییە کوردییانەی هەن، دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدا کەمکردوونەوە کە بەشێوەیەکی مانابەخش کاریگەرییان لە بواری

[48] http://www.kurduf.com/fa/shownews/news301002.aspx.

[49] هاوپەیمانی ریفۆرمیستانی کورد کاندیدەکانی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی هەشتەم خولی پارلەمان لە مارتی ٢٠٠٨دا دەستنیشانکرد. هەرچەندە، ٧٠٪ی کاندیدەکانیان رێگەی ئەوەیان پێنەدرا بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. هەر دوای هەڵبژاردنەکەش، گروپی رۆژنامەنووسانی "هاوار" قەدەغەکران. بڕوانە:

http://www.dw-world.de/dw/article/0,2144,3048803,00.html.

[50] لە ئوتی ٢٠٠٩دا، ١١ پێشمەرگە لە حدکا، حدك، هەروەها کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەچەند ناوچەیەکی جیاوازی کوردستاندا کوژران، پاش ئەوەی لەسنووری ئێرانەوە دزەیانکردبووە ناوەوە. بڕوانە:

http://www.kurdistanukurd.com/kurdi/news.php?extend.3676.

[51] حیزبە کوردییە ئۆپۆزیۆنە سیاسییەکان کەبەشێوەیەکی سەرەکیی لەتاراوگە دەژین کاریگەریی تایبەتی خۆیان لە کوردستاندا هەیە. بەرەی یکگرتووی کوردو کوردە ریفۆرمستەکان لەبەر ئەو راستییەی کە ئەوان رێکخراوی نوێ بوون و هەروەها پشتگیریی تەواویان نەبوو نە لەلایەن حکومەت و نە لەلایەن حیزبە کوردییە سیاسییەکانەوە، ئەوان نەیانتوانی پشتگیریی جەماوەریی لەئێران بەدەستبێنن. پێویستە ئەوەش زێدەبکەین کە مامەڵەی حکومەت لەگەڵ کورد وەك مەسەلەیەکی ئەمنیی، ئەوانی بێبەشکرد لەو دەرفەتەی کە بەرنامەکانیان ئازادانە پێشکەش بکەن. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیی پێکدەهێنێت لەوەدا کە بۆچی ئەم رێکخراوە کوردییە سیاسییانە لەنێو ئێراندا لاوازن.

سیاسیی لەئێراندا هەبێت.[52] بەڵام، ئەو راستییەی کە بەرگریی کوردان دژی حکومەتی ئێران هەر لەبەرایی سەدەی بیستەمەوە بەردەوامە دەریدەخات کە کێشەی کورد لەئێران تەنیا بەرێگەی دیموکراتی چارەسەر دەکرێت کە بتوانێت مافە سیاسیی و کەلتوورییەکان بۆ کورد دابینبکات. هەروەها بەردەوامیی بەرگریی کوردان پێشانیدەدات کە سیاسەتی نکۆڵیی و سەرکوتکردن لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە لەوە دوورە کە کاریگەربێت. هەروەك عێراق، فاکتەری کوردیی لەئێران ناتوانرێت چیدی پشتگوێبخرێت، لەکاتێکدا کوردان وەك ئەکتەرێکی گرنگ بەڵام تازەکار لە حاڵەتە بایەخدارە دژوارەکاندا دەمێننەوە.

[52] بەو دواییە هێندێك نیشانەی هاوکاریی لەنێوان چەند رێکخراوێکی سیاسیی کوردیی هەیە. لەدەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی ئێران، کە لە ١٢ی ژونی ٢٠٠٩دا ئەنجامدرا، حدك، پاكو پژاك بۆیکۆتی هەڵبژاردنەکەیان نەکرد. حدكو پاك لەبەیاننامەیەکدا پشتگیریی بەرنامەکەی مەهدی کەروبیان کرد کە یەکێك بوو لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتیی. حیزبە کوردییە سیاسییەکانی تر بۆیکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کرد. لەنێو کوردستاندا، بەرەی یەکگرتووی کوردو کوردانی ریفۆرمیست سەردانی خەلچکیان کرد بۆئەوەی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکەنو دەنگ بدەن بە مەهدی کەروبیو میر حوسەین موسەوی، ئەوەی لە بەرنامەی هەڵبژاردنەکەیدا بەشێوەیەکی تەمومژاویی بەڵێنی ئەوەی دابوو کە پشتگیریی لەمافەکانی کەمینە ئیتنییەکان دەکات.

# Bibliography

Abrahamian, E., Iran, Between Two Revolutions, (Princeton: Princeton University Press, 1982).
Adamson, D., The Kurdish War, (London: Allen & Unwin, 1964).
Afshar-Naderi, Khanivade va Tuse'eh-i 'Ashayer, (Family and Development among Tribes), (Tehran University, 1976).
Afshar Sistani, Iraj, Ilha, Chadurnishinan, va Tavayif-i 'Ashayeri-i Iran, (Tribes, Tent-dwellers and Nomads of Iran), (Tehran, 1987).
Ahmed, F., The Turkish Experiment in Democracy, 1950–1975, (London: Hurst & Co., 1977).
''Agah'' Publication, ed., Ilat va 'Ashayer, (Tribes and Nomads), (Tehran, 1983).
Aghajanian, A., ''Ethnic Inequality in Iran: An Overview'', International Journal of the Middle Eastern Studies, 15 (1983).
'Ajami, I., Shishdangi: Pazhuhish-i dar Zaminai-yi Jama'shnasi-yi Rustai, (Six Dongs: An Inquiry in the Field of Rural Sociology), (Shiraz: Pahlavi University, 1969).
Alavi, H., ''Peasant Classes and Primordial Loyalties'', Journal of Peasant Studies, Vol. 1, No. 1, (October 1973).
Al-Khalil, S., The Republic of Fear: The Politics of Modern Iraq, (London: Radius, 1989).
Amnesty International, Iraqi Kurds: At Risk of Forcible Repatriation from Turkey and Human Rights Violations in Iraq, IA Index: MDE 14/06/90, (London, 1990).
Anderlini, L. and Sabourian, H., ''Some Notes on the Economics of Barter, Money and Credit'', in Humphrey, C. & Hugh-Jones, S., eds, Barter, Exchange and Value, (Cambridge, Cambridge University Press, 1992).
Anderson, B., Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism, (London: Verso Editions and NLB, 1983).
Appadurai, A., ''Introduction, Commodities and the Politics of Value'', in Appadurai, A., ed., The Social Life of Things, Commodities in Cultural Perspective, (Cambridge, Cambridge University Press, 1986).
Arfa, H. The Kurds, (London: Oxford University Press, 1966).
Ashraf, A., '' Dehqanan, Zamin va Inqlab'', (Peasants, Land and Revolution), in ed., Masayl-i Arzi va Dehqani, (Issues of Land and Peasantry), (Tehran: ''Agah'' Publication, 1982).
Azkia, M., Khushnishinan-i Kurdistan, (Landless Peasants of Kurdistan) (Tehran University, 1976).
Badal, S., Tarikche-i Junbashha-yi Melli-i Kurd, (The History of the National Movements of Kurds), (Paris: KDPI Publication, 1984).
Banani, A., The Modernization of Iran. 1921–1941, (Stanford University Press, 1961).
Barth, F., Principles of Social Organization in Southern Kurdistan, (Oslo, 1953).
Barth, F., Nomads of South Persia: The Basseri Tribe of Khamseh Confederacy, (London: Allen & Unwin, 1961).
Batatu, H., The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq, (Princeton: Princeton University Press, 1978).
Bird, I., Journeys in Persia and Kurdistan, (London: Virago Press, 1988). Chaliand, G., ed. People without a Country: The Kurds and Kurdistan, (London: Zed Press, 1980).

Chatterjee, P., Nationalist Thought and the Colonial World – A Derivative Discourse, (Delhi: Oxford University Press, 1986).
Eagleton, W., The Kurdish Republic of 1946, (London: Oxford University Press, 1963).
Edmonds, C. J., Kurds, Turks and Arabs, (London: Oxford University Press, 1957).
Edmonds, C. J., ''The Place of the Kurds in the Middle Eastern Scene'', JRCAS XLV/2, (April 1958).
Edmonds, C. J., ''The Beliefs and Practices of the Ahl-i Haqq of Iraq'', Iran 7, (1969), 89–106.
Edmonds, C. J., ''Kurdish Nationalism'', Journal of Contemporary History, 6/1, (1971), 87–106.
Elphinston, W. G., ''The Kurds and the Kurdish Question'', Journal of the Royal Asian Society, Vol. XXXV, (1948).
Encyclopedia of Islam ''Kurds, Kurdistan'', 2nd edn Vol. V., 438–86. Entessar, N., ''The Kurds in Post-Revolutionary Iran and Iraq'', Third World Quarterly, Vol. 6, (1984), 911–33.
Esman, M. S., and Robinovich, I., Ethnicity, Pluralism, and State in the Middle East, (New York: Cornell University Press, 1988), 233–52.
Firuzan, T., ''Darbari-yi Tarkib va Sazman-i Ilat va A'shayer-i Iran'', (The Composition and Organization of Iranian Nomads and Tribes), in ed., Ilat va 'Ashayer, (Tribes and Nomads), (Tehran: Agah Publication, 1983).
Frelick, B. & others, Mass Exodus, Iraqi Refugees in Iran, published by ''US Committee for Refugees'' (Washington, July 1991).
Furugh, J., 'Ashayer va Damdari, (The Tribes and Herding), (Tehran: The Plan and Budget Organisation, 1976).
Gellner, E., Nations and Nationalism, (Oxford: Basil Blackwell, 1983).
Ghareeb, E., The Kurdish Question in Iraq, (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 1981).
Ghassemlou, A. R., Kurdistan and the Kurds, (Prague: The Czechoslovak Academy of Sciences, 1965).
Ghassemlou, A. R., ''Kurdistan in Iran'', ed. G. Chaliand, People without a Country : The Kurds and Kurdistan, (London: Zed Press, 1980).
Ghassemlou, A. R., Chehel Sal Mubariz-i Dar Rah-i Azadi, (Forty Years Struggle for Freedom), Vol. I, (Publication of Democratic Party of Kurdistan of Iran, 1985).
Gunter, M.M., The Kurds in Turkey: A Political Dilemma, (Boulder, Westview Press, 1990).
Gunter, M.M., The Kurds and the Future of Turkey, (New York, St. Martin's Press, 1997).
Gunter, M.M., The Kurdish Predicament in Iraq: A Political Analysis, (New York, St. Martin's Press – now Palgrave Macmillan, 1999).
Hami, K., Jumhuri-yi Demokrat-i Kurdistan ya Khud-Mukhtari, (Democratic Republic of Kurdistan, or Autonomy), (n.p., September 1985).
Helsinki Watch, Destroying Ethnic Identity: The Kurds in Turkey, (Washington, March 1980, updated September 1990).
Hoare, Q. and Smith, G. N., trans, ed., Selections from Prison Notebooks of Antonio Gramsci, (London: Lawrence & Wishart, 1986).
Hobsbawm, E. J., Primitive Rebels: Studies in Archaic Forms of Social Movement in the 19th and 20th Centuries, (Manchester University Press, 1959).
Hobsbawm, E. J., Bandits, (Penguin Books, 1969).
Hobsbawm, E. J., The Age of Revolution 1789–1848, (London: ABACUS, 1977).

Hommand, T. T., ed., The Anatomy of Communist Takeovers, (New Haven: Yale University Press).
Hooglund, E., Land and Revolution in Iran 1960–1980 (Austin, 1982).
Hourani, A., A History of the Arab Peoples, (Cambridge: Harvard University Press, 1991; London: Faber, 1991).
Hroch, Miroslav, ‘‘From National Movement to the Fully Formed Nation: the Nation-Building Process in Europe’’, New Left Review, No. 198, March/April 1993.
Iliffe, John, A Modern History of Tanganyika, (Cambridge: Cambridge University Press, 1979).
Iskandari, N. I., Sakhtar-i Sazman-i Ilat va Shivei-yi Ma’ishat-i A’shayer-i Azerbaijan-i Gharbi, (Social Structure and Economic Activities of the Tribes in Western Azerbaijan), (Urmiyeh, 1987).
Issawi, C., ed., The Economic History of Iran 1800–1914, (London: The University of Chicago Press, 1971).
Jawad, S., Iraq and the Kurdish Question, 1958–1970, (London: Ithaca Press, 1981).
Johnson, C., Peasant Nationalism and Communist Power: The Emergence of Revolutionary China: 1937–1945, (Stanford University Press, 1962).
Kahn, M., Children of the Jinn, (New York: Seaview Books, 1980).
Katouzian, H., The Political Economy of Modern Iran 1926–1979, (London: Macmillan Press – now Palgrave Macmillan, 1981).
Kazemi, F., ‘‘Ethnicity and the Iranian Peasantry’’, in Esman, M. J. and Robinovich, I., ed., Ethnicity, Pluralism and the State in the Middle East, (New York: Cornell University Press, 1988).
KDPI publications, The Central Committee’s Report to the Sixth Congress of KDPI, a publication of the KDPI, January 1984, and The Constitution and Programs of the Democratic Party of Kurdistan of Iran, the 8th Congress of KDPI, (January 1988).
Keddie, N., ‘‘The Iranian Power Structure and Social Change 1800–1969: An Overview’’, International Journal of Middle East Studies 2 (1971).
Khaseh Rang, Hashi-yi bar ‘‘Mubarizat-i Mardum-i Kurdistan, (Some Notes on the ‘‘Struggle of the Kurdish People’’), broadcast on ‘‘Radio Mihanparastan’’ (The Patriot Radio), (?, 1977)
Kinnane, D., The Kurds and Kurdistan, (London: Oxford University Press, 1964).
Kishavarz, A. H., ‘‘Nezam-i Iqtesad-i va Sakht-i Ijtima’-i dar A’shayer-i Iran’’, (Social and Economic Structure of Iranian Tribes), in Chashmandaz, 3 (Paris, Autumn 1987). 39–53.
Komala publication, Barname-i Komala baray-i Khudmukhtari-i Kurdistan, (Komala’s Program For the Autonomy of Kurdistan), the fourth congress of ‘‘Kurdish Organisation of the Communist Party of Iran’’, (?, 1983).
Kreyenbroek, P. G. and Sperl, S., eds The Kurds, a Contemporary Overview, (London: Routledge, 1992).
Kutschera, C., (1981), Kurdistan, reprint from Ketab-i Jumeh, Nos. 19, 20 and 21, (Tehran, 1981).
Lambton, A., Landlord and Peasant in Persia, (London: Oxford University Press, 1953).
Lambton, A., The Persian Land Reform 1962–1966, (Oxford: Clarendon Press, 1969).
Laslett, P., ‘‘Face-to-Face Society’’, in Laslett, P., ed., Philosophy, Politics and Society, (Oxford: Basil Blackwell, 1967).
Laslett, P., The World We Have Lost, (New York: Charles Scribner’s Sons, 1973).
Leach, E. R., Social and Economic Organisation of the Rowanduz Kurds, (London:

The London School of Economics and Political Science, 1940).
Lenczowski, G., Russia and the West in Iran, 1918–1948, (New York: Cornell University Press, 1949).
Mahdavy, H., ‘‘The Coming Crisis in Iran’’, Foreign Affairs, (October, 1965).
MacDonald, C. G., ‘‘The Kurdish Question in the 1980s’’, in Esman, M. J. and Robinovich, I., ed., Ethnicity, Pluralism, and State in the Middle East, (New York: Cornell University Press, 1988).
Machiavelli, N., trans by Bull, G., The Prince, (Penguin Books, 1971).
Malek, M., ‘‘Kurdistan and the Iran-Iraq War’’, New Left Review, No. 175, (1989), 79–94.
Mardin, S., ‘‘Bediuzzaman Said Nuri (1873–1960): ‘‘The Shaping of a Vocation’’, in Davis, J., ed., Religious Organisation and Religious Experience, (London, 1982).
Mardin, S., Religious and Social Change in Modern Turkey: The Case of Bediuzzaman Said Nuri, (Albany: State University of New York Press, 1989).
McDowall, D., The Kurds, The Minority Rights Group, No. 23, (London, 1989).
McDowall, D., The Kurds, a Nation Denied, (London: Minority Rights Group, 1992).
McDowall, D., A Modern History of the Kurds, (London, I.B. Tauris, 1996).
Middle East Watch, Human Rights in Iraq, (New Haven: Yale University Press, 1990).
Nairn, T., The Break-up of Britain, (London: NLB., 1977).
Moore, B., Social Origins of Dictatorship and Democracy, (Stoke Newington, Bucks.: Beacon Press,1981).
Najmabadi, A., Land Reform and Social Changes in Iran, (Salt Lake City: University of Utah Press, 1987).
O'Ballance, E., The Kurdish Revolt 1961–1970, (London: Faber & Faber, 1973).
Olson, R., Emergence of Kurdish Nationalism, 1880–1925, (Austin: Texas University Press, 1989).
Owen, R., State, Power & Politics in the Making of the Modern Middle East, (London: Routledge, 1992).
Pelletiere, S. C., The Kurds: An Unstable Element in the Gulf, (Boulder: Westview Press, 1984).
Tapper, R., ed., The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan, (London, 1983).
The Plan and Budget Organization, Statistical Center, Amargir-i Kishavarz-I Ostan-i Kurdistan, (Agricultural Statistics of Province of Kurdistan), (Tehran, 1960).
The Plan and Budget Organization, Moqadimeh-i bar Shenakht-i Masayl-i Iqtesad-I va Ijtima'-i Jama'-i 'Ashayer-i Kurdistan, (Introduction to the Economic and Social Problems of Tribal Society of Kurdistan), (Tehran, 1979).
The Plan and Budget Organization, Statistical Center, Amarnami-yi Ostani Kurdistan, (Statistics of Province of Kurdistan), (Tehran, 1985).
The Plan and Budget Organisation of Iran, Majmu'i-i Barisi va Shenakht-i Vaz'e Moujoud dar Ostan-i Kurdistan, (Collection of the Studies on the Current Conditions in the Province of Kurdistan), vol. I, (Tehran, 1987).
Pasyan, N., Az Mahabad-i Khuniyn Ta Karanihay-i Rud-i Aras, (From Bloody Mahabad to the Shores of Aras River), (Tehran: n.p., 1949).
Pasyan, N., Marg Bud Bazgasht Ham Bud, (There Was Both Death and Retreat), (Tehran: n.p., 1947)
Public Record Office, London: Some two hundred files dealing with Kurdistan between 1941 to 1947 have been consulted.

Rafi'y, S. and Vajdi, S., Sharkat-i Sahami-i Zera'-yi Farah: Sanandaj, (Farah Farm Corporation: Sanandaj), (Tehran University, The Institute of Social Study and Research, 1969), pp. 111–12. The second stage of this research was carried out by Babayi-Hamati, G. H. in 1971.
Ra'uf Tavakuli, M., Joghrafiya va Tarikh-i Baneh; Kurdistan, (Geography and History of Baheh; Kurdistan), 2nd edn (Tehran, 1984).
Razmara, A., Joghrafiya-i Nazami-i Iran: Kurdistan, (Military Geography of Iran: Kurdistan), (Tehran, 1984).
Roberts, A., A History of Zambia, (London, 1976)
Roosevelt, A. Jr., ''The Kurdish Republic of Mahabad'', Middle East Journal, Vol. I, No. 3, (1947).
Runciman, W. G., Relative Deprivation and Social Justice, (London: Routledge & Kegan Paul, 1966).
Samadi, S. M., Tarikhcheh-yi Mahabad, (History of Mahabad), (Mahabad: n.p., 1984).
Samadi, S. M., Negah-i Digar Be Zh. Kaf, (Another Look at J.K.), (Mahabad: n.p., 1984).
Sarkar, S., ''Popular'' Movements and ''Middle Class'' Leadership in Late Colonial India: Perspective and Problems of a ''History from Below'', (Calcutta: K. P. Bagchi, 1983).
Sen, A., ''Capital, Class and Community'', Subaltern Studies, Vol. 5, section III, (1987).
Seton-Watson, H., Nations and States, (London: Methuen, 1982).
Shanin, T., The Awkward Class: Political Sociology of Peasantry in a Developing Society: Russia, 1919–1925, (London: Clarendon Press, 1972).
Shanin, T., ed., Peasants and Peasant Societies, 2nd edn (Oxford: Basil Blackwell, 1987).
Short, M. and McDermott, A., ''The Kurds'' Minority Rights Group, No. 23, Fourth edition, (London, 1975).
Siddiqi, J., Melliyat va Inqlab dar Iran, (Nationalism and Revolution in Iran), (Tehran, 1979).
Smith, A. D., Nationalism in the Twentieth Century, (Oxford: Martin Robertson, 1979).
Studia Kurdica No. 1, (Paris: Centre de Recherche de L'Institut Kurde, 1984).
Tamadun, M., Tarikh-i Rezaiyeh, (History of Rezaiyeh), (Tehran: n.p. 1971).
Tabibi, H., Tuhfi-yi Naderi, dar Tarikh va Jughrafiya-yi Kurdistan, (On History and Geography of Kurdistan), (Tehran, 1987).
Tapper, R. (ed.) The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan, (London, 1983).
Tehran University, Barisi-i Natayj-i Islahat-i Arzi dar Haft Mantaqi, (Study of the Results of the Land Reform in Seven Regions), (The Institute of Social Study and Research, Tehran University, 1969).
Toulmin, C., Economic Behavior among Livestock-Keeping People, Development Studies Occasional Paper No. 25, (University of East Anglia, 1983).
Van Bruinessen, M., ''Kurdish Tribes and the State of Iran: The Case of Simko's Revolt'', in Tapper, R., ed., The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan, (London: Croom Helm, 1983).
Van Bruinessen, M., ''The Kurds in Turkey'', MERIP reports, No. 121, (February 1984), 6–12.
Van Bruinessen, M., ''Popular Islam, Kurdish Nationalism and Rural Revolt: The Rebellion of Shaykh Said in Turkey (1925)'', in Bak, J. M. & Benecke, G., eds, Religion and Rural Revolt, (Manchester: Manchester University Press, 1984).
Van Bruinessen, M., ''The Kurds between Iran and Iraq'', The Middle East Report, (July-August 1986), 14–27.

Van Bruinessen, M., ‘‘Between Guerrilla War and Political Murder: The Workers’ Party of Kurdistan’’, Middle East Report, No. 153, (1988), 40–6.
Van Bruinessen, M., Agha, Shaikhs and State, 2nd edn (London: Zed Press, 1992).
Van Wagenen, R. W., United Nations Action: The Iranian Case, 1946, (New York: Carnegie Endowment for International Peace, 1952).
Westermann, W. L., ‘‘Kurdish Independence and Russian Expansion’’, Foreign Affairs, vol. 24, (1945–1946).
Wolf, E. R., Peasant Wars of the Twentieth Century, (New York: Harper & Row, 1969).
Zubaida, S., ‘‘An Islamic State? The Case of Iran’’, Middle East Report, 153 (July/ August, 1988), 100.

I have used some of the numerous websites on Kurdish issues:

Kurdish Language and Linguistics (Kurd_lal): Excellent academic source for linguistics, language engineering, literature, reference materials, magazines. In English.
Kurdish Worldwide Resources Growing collection of links. Categories include:
Politics, Culture, Academic, Networks, Language, Folklore, Music, Pictures, Personal Homepages and Upcoming Events.
Kurdish Study Group Very informative Australia-based academic site. Links to articles, a newsletter, a photo gallery, language and grammar info and links.
Kurds & Kurdistan Homepage with links to general information, a basic language course, Kurdish proverbs, songs (with audio), and pictures, including the Kurdish national bird (Kev).
Kurdistan Web (Information & Documentation Database) Large multilingual site with links to History, Politics, Culture, Music, News (Kurdish newspapers and publications) and intl. human rights documents.
Kurdish library/books Multilingual bibliography of publications. Visit the homepage for cultural links, music, poetry, a new magazine ‘‘Rojbas’’ and a mailing list form. Also link to biographies of famous Kurds.
StudentInnengruppe Kurdistan Student network site with literature, a Kurdish–English dictionary, and excellent links to newsgroups, media, archives and other Kurd-related sites. (mostly German language) Kurdistan Observer Useful site with daily news in English and Kurdish, and submitted opinions.
Badlisy Center for Kurdish Studies U.S.-based scholarly/research organization which publishes Namah newsletter and sponsors academic conferences.
Mario’s Cyberspace Station: Kurdistan Mixed language site (mostly English) with links to intl. news services and major newspapers at top. Links to organizations, articles and sites in countries where Kurds live.
Kurdish Culture Network Sweden-based site (mostly Kurdish language) with links to literature, poetry, art, magazines, Kurdish publishing houses and some human rights information.
American Kurdish Information Network (AKIN) Washington, D.C.-based site (English) with daily updated newswire stories, press and academic articles. ‘‘Quote of the Week’’ contest. (Win a T-shirt).
Kurdish Information Network European site with general data, cultural information, songs (with audio), ‘‘national liberation movements’’, and large link list to other Kurdish sites. English and Dutch versions.

Patriotic Union of Kurdistan (PUK) Homepage of Iraqi Kurdish political party of Jalal Talabani.
Kurdistan Democratic Party (KDP) Homepage of the Iraqi Kurdish political party of Masoud Barzani.
Kurdish InfoTech Association Sweden-based site (English, Kurdish, Turkish language) with excellent photographs, Amnesty International reports, and a Kurdish map with clickable cities!
ROJBAS homepage of new, non-political magazine (mostly Kurdish language).
Asking for contributions.
Kurdish Students Association of North America Homepage of Kurdish students association.
established ‘‘to facilitate the unity of Kurdish students in Diaspora.’’ Kurdistan Homepage of Bijan, with links to political groups and other networks and institutions.
Kurds, Turks, Human Rights Norway-based site of researcher Erik Sauar, mostly English. Links to Turkish Government sites, Kurdish sites and international human rights.
Kurdish Learning & Language Resources ‘‘growing collection of on-line language learning resources: language lessons; socio-cultural studies and language learning references; fonts and productivity tools.
Kurdistan Report Online U.K.-based journal (by subscription) with variety of articles on Turkey, other Kurdish issues and a link to some English translations of Ozgur Politika articles.
Virtual Kurdish Consulate Links include Kurdish Studies Program (Florida State Univ) and site of the Kurdish Parliament in Exile.
Kurdish Links Regularly updated alphabetized sites (multilingual) include KURDL news archive, and collection of Sorani poetry.
Kurdistan’s Homepage Links to Kurdish Socialist Party (PSK) bulletin, ‘‘The Kurdish Question – Its History and Present Situation’’ by PSK leader Kemal Burkay, and a German language bulletin with current info.
Komala Homepage of the Communist Party of Iran (Kurdish branch) which actively opposes Iranian regime. Information about its political agenda and relations with Iraqi Kurdish parties.
MED-TV Europe-based Kurdish language satellite television station. Operational info and background on broadcast efforts. Contains some general info, links to Kurdish and news sites. (English language).
Kurdistan Women’s Society In Europe Info on struggle of Kurdish women, Beijing UN Conference on Women, a Kurdish womens’ publishing house and the situation of Kurds in Syria
Kurdish Poetry Page by Ciran. Kurdish and Turkish poetry beautifully presented. Riddles and other cultural expressions. Good selection of links to organizations and individual pages.
Forum of Yezidism Multilingual. Dengeˆ Eˆzidiyan homepage provides information on often misinterpreted yezid-kurds, who live in Iraq, Turkey, Syria, Georgia and the diaspora in Germany.
Kurdistan Undernet homepage. Interactive discussion forum. (IRC). Instructions
to install software provided. Format allows real time communication on Kurdish issues with an ever wider group of people.
Newsgroup: soc.culture.kurdish Interactive discussion forum focused on Kurdish and related issues.

Infoseek : Kurds Search engine set for ‘‘Kurds’’ with more than 1000 relevant returns. Enter any topic at bottom of the page.